# ئەحمەد تۆفیق

**سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا**

**نوسینی: حامید گەوهەری**

هەولێر: ٢٠١٥

# ئەحمەد تۆفیق

**سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا**

**نوسینی: حامید گەوهەری**

**هەولێر: ٢٠١٥**

ناوی کتێب : ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا
نوسین : حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەبڕ: کەمال گروێسی
دیزاین : هەژار گەوهەری
ڕازاندنەوە و دیزاینی بەرگ: هەولێر ، دەزگای ڕێژیار ، سەیوان سەعیدیان
چاپی یەکەم : ٢٠١٥
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
بڵاوکراوەی: هەولێر ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات
ژمارەی سپاردن :

# پێرست


پێرست 5
پێشەکی 7
پێناسەیەکی سەرەتایی لە ژیان و خەباتی ئەحمەد تۆفیق 13
گەشەسەندنی چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان 24
دامەزرانی پێوەندیی نێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی توده 27
کرانەوەی سیاسیی لە ئێران و کوردستان 33
ئەحمەد تۆفیق لە پرۆسەی خەباتی نهێنی حیزبی دیموکرات دا 42
کۆبوونەوەی تاران 46
فیستڤاڵی لاوان لە مۆسکۆ و چەند ڕووداوی نەخوازراو 53
گەڕانەوە بارزانی بۆ عێراق و خەباتی سیاسی بە ئاشکرا 64
بیرۆکەی شەڕی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 68
پەلاماری دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران بۆسەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات و ... 75
ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە بەرامبەر پارتی دیموکرات و... 83
کۆمونی سلێمانی و دۆخی خراپی پەناهێنەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان 87
ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان 103
بەردەوامیی کێشەکان و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول 111
حیزبی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول 118
بڵاوکراوەی دیسان بارزانی بە نهێنی 123
ڕۆڵی ئەحمەد تۆفیق لە ناساندنی شۆڕشی ئەیلول بە گەلانی جیهان 132
بەرەو پاککردنەوەی ناوچەی سۆران لە هێزەکانی دوژمن 144
پلانی نهێنیی ئێران بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان 154
بوژانەوەی دووبارەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات 159
کۆبوونەوەی ژمارەیەکی تری کادیر و پێشمەرگە لە حیزبی دیموکرات د 164
شەڕ لە ناوچەی بارزان و کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان 172
دوو بنکەی نوێی حیزبی دیموکرات لە زینوێی شێخی و سونێ 182
لێکدابڕان لە حیزبی دیموکرات دا 187
پەلاماری دووبارەی ڕژێمی ئێران بۆسەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات 195
چارەنوسی ئاوارەکانی ئەم جارەی حیزبی دیموکرات لە باشوری کوردستان 199
کۆنفرانسی ماوەت و کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان 207
کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات و کاریگەرییەکانی لەسەر حیزبی دیموکرات 235
چارەنوسی کۆمیتەی ساخکەرەوە و ئەندامانی 239
کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان 250
حیزبی دیموکرات و ئەحمەد تۆفیق بە دوای کۆنگرەی دووەمدا 275
حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دوای ئەحمەد تۆفیق دا 283

*بێسەر و شوێن بوونی سدیق ئەنجیری* 290
*بنکەی دێرێ و پلانی نوێ* 297
*کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان* 307
*حیزبی دیموکرات لەبەردەم گەڕانەوە بۆ ژێربالّی حیزبی تودە* 320
*کۆنفرانسی دووەم و ڕاکردنی ئەحمەد تۆفیق بۆ بەغدا* 325
*کۆنفرانسی سێیەم و بەستراوەیی سەرلەنوێی حیزبی دیموکرات* 335
*ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا* 342
*دوا مەنزڵ لە خاک یان تیزاب دا* 350
*دوا وتە* 360
*پاشبەند* 368
*وێنەکان* 449
*بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر* 458

# پێشەکی

کۆبوونەوەی نەتەوە، ئایین و کولتووریی زۆر و زۆر جیاواز لەیەک، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێکەوە هەڵنەکردنیان بەهۆی بەکۆڵۆنی ڕاگیرانی بەشێکیان لەلایەن دراوسێیەکانیانەوە لە لایەک و دواکەوتوویی ئەو هەرێمەی جیهان لە بوارەکانی سیاسیی، ئابووریی و فەرهەنگیدا، مێژووی دانیشتوانی ئەو هەرێمەی بە ڕادەیەک شێواندوە کە ڕاستکردنەوەیان ڕەنگە دەیان ساڵی بوێت. یەکێک لەو نەتەوانەی مێژووەکەی شێوێندراوە، نەتەوەی کوردە کە لە شەڕی چاڵدیران لەنێوان ئیمپڕاتۆرەکانی سەفەویی و عوسمانیی لە ١٥١٤/٨/٢٣دا، خۆی و خاکەکە داگیرو لەنێوان ئەو دوو ئیمپڕاتۆرانەدا بەشکرا و کەوتە نێو قەیرانی چەواشەکاریی و شێواندنەوە.

کاتێک لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، ڕێکخراوی کوردیی دامەزران و دواتریش لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، سەرلەنوێ بەشە داگیرکراوەکەی تورکیا بەسەر دوو وڵاتی تازە دامەزراوی سوریا و عێراقدا بەشکرا، ئاڵۆزییەکانی فەرهەنگ، زمان، ئابووریی و شێواندنی سیستماتیکی مێژووی کورد پتر پەرەی سەند و سەرئەنجام بەجۆرێک کاری کردە سەر مێژووی کوردستان کە ئیتر نەک هەر دەوڵەتە داگیرکەرەکان، بەڵکوو ئەوانەش کە دژی ئەو شێواندنە مێژووییە بوون، خۆیان هەندێک جار لە ڕووی بێئاگایی و هەندێک جاریش بە ئەنقەست بەهۆی کێشەی سیاسیی و شەڕ کردنیان بۆ دەسەڵات، مێژووی بزوتنەوەکانی نەتەوەی کوردیان شێواندوە. لەگەڵ ئەوەشدا داگیرکەرانی کوردستان و دەستوپێوەندەکانیان تا ئێستا لە هەوڵی چەواشەکارییو شێواندندا بەردەوامن.

ڕژێمی بەعسی سوریا نزیک بە نیوسەدە کوردی ڕۆژئاوای کوردستانی بە هاووڵاتی سوریا نەناسیو چاوی لە خاکو دانیشتوانی نوقاند، لە هەمانکاتدا سەرکردەی بەناو کوردیش هەبوون کە دەیانگوت کوردی ڕۆژئاوا لە ترسی پەلاماری ڕژێمی تورکیا ڕایانکردوە و ئێمە هەوڵدەدەین بیانگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان!!! ڕژێمی تورکیا تا ساڵی ١٩٩١، نەتەوەی کوردی لەسەر خاکی خۆی لە باکوری کوردستان بە تورکی کێویی دەناساند و قسەکردنی بە زمانی کوردی لە باکوری کوردستان یاساخ کردبوو. ساڵی ١٩٧٥، ڕژێمی عێراق بۆ شێواندنی جوغرافیا و مێژووی باشوری کوردستان و تێکشکاندنی شۆڕشی ئەیلول، تەنازولی لە شەتولعەرەب کرد و ئەوی دا بە ئێران.

بەشێک لە ئێوەی بەڕێز کە ئەم دێڕانە دەخوێننەوە، ڕەنگە پێشتر چاوتان بە کتێبی **"پس از شصت سال- زندگی و خاطرات جلال طالبانی"** کەوتبێت و وەڵامەکەی منیشتان لەژێر ناوی **"تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد"** بە زمانی کوردی و فارسی خوێندبێتەوە. دوژمن لەو کتێبەدا نە تەنیا بزوتنەوەکانی کوردستان، بەڵکوو مێژووی ژیانی سیاسیی کەسایەتییەکان و سەرکردەکانیشی شێواندوە. شێواندنی ڕاستییەکانی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول و دەستکەوتەکانیان و بە پارێز دوان لە کردەی جاشەکانی ئەو دوو سەردەمە کە دژی ماف و پێشمەرگەی کوردستان پاڵیان بە ڕژێمەکانی ئێران و بەعسی عێراقەوە دا، بەشێکن لەو شێواندنانەی مێژووی کوردستان و سڕینەوەیان.

لە قۆناخێکی ژیانی حیزبی دیموکرتی کوردستان دا کە عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" سکرتێری بووە، شێواندنەکان لەو حیزبەدا حاڵەتی ونکردن و نەفی کردنی لێکەوتووەتەوە، بەجۆرێک بەشێکی گرنگ لە قۆناخێکی زۆر گرنگ و هەستیاری مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ونکراوە. نمونە بۆ دەرخستن و سەلماندنی ئەو وتەیەم زۆرە و لە ڕەوتی ئەم کتێبەدا بەشێکیان دەخەمە بەرچاو.

گوتم بەشێک لەو شێواندنانە لە رووی بێئاگاییەوە کراون نەک بە ئەنقەست. بۆ نمونە دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە بەرگی یەکەمی کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"، لاپەڕەی ٤٣ دا، سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەڵێت: **(کارێکی سەمبولیک کە لە ٢ی ڕێبەنداندا لە مەهاباد کرا و لە پاشان لە شارو گوندەکانی دیکەی کوردستانیش دووپات کرایەوە، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوو.)**

ئەوە لە کاتێکدایە کە ئاڵای کوردستان ڕۆژی ١٣٢٤/٩/٢٤- ١٩٤٥/١٢/١٧ هەڵکراوە و هیچ پێوەندیی بە ٢ی ڕێبەندان، واتە ١٣٢٥/١١/٢- ١٩٤٦/١/٢٢وە نییە. یان لە فەسڵی سێیەم ١٣٣٢- ١٣٣٦ی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، لاپەڕە ١٤دا، سەبارەت بە گۆڤاری ڕێگا بەبێ ئەوەی کە ئاماژەی بۆ ناوی نوسەران و بڵاوکەرەکانی بکات، دەڵێت: **(ئەو گۆڤارە چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.)** لە کاتێکدا گۆڤاری ڕێگا تەنیا یەک ژمارە و ئەویش لەلایەن غەنی بلوریان، حەسەن قزلجی و عەبدولڕەحمان زەبیحی یەوە بڵاوکراوەتەوە.

سەبارەت بە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، گۆڤاری کوردستان بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لاپەڕەی ١١ ی ژمارە یەکی خۆیدا کە ڕۆژی ١٣٢٤/٩/١٥- ١٩٤٥/١٢/٦ بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:

**- (لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر "آبان"ی ١٣٢٤- ١٩٤٥/١٠/٢٣ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مهاباد دانرا و بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە.)** کەچی لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا کە بەسەر دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا تێدەپەڕێت، ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات دەڵێن حیزب ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤- ١٩٤٥/٨/١٦ دامەزراوە و هیچ پاساوێکیان بۆ ئەو دوو مێژووە جیاوازە نییە کە ئەندامانی خۆیان و خەڵکی کوردستانی پێ ئاگادار بکەنەوە. پێویستە بۆ زانیاریی لەسەر ئەو دوو مێژووە جیاوازە بڕواننە وتاری سەید محەمەد حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستان کە لە لاپەڕەی یەکی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٧٩، سێ شەممە ٢٩، گەلاوێژی ١٣٢٥ بڵاوکراوەتەوە یان وتاری **"مبارزەی آزادی و دیموکراسی ئێمە پێ دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا."** بخوێننەوە.

دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی ١٩٧٧ نامیلکەیەکی لەژێر ناوی "کردستان ایران" بە زمانی فەرەنسی بڵاوکردەوە. لەو نامیلکەیەدا باس لە دامەزرانی حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات. نامیلکەکە لەلایەن "سەپان، تەشکیلات حزب دمکرات کردستان ایران در اروپا" وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی فارسی و لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٠، لە ٢٠ لاپەڕدا بڵاوکراوەتەوە. دوکتۆر قاسملوو لە لاپەڕەی ١٨ی ئەو نامیلکەیەدا دەڵێت:

**- (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ لە مهاباد دامەزراوە. دوای یەک ساڵ لەژێر نفوز و ناسراویی کۆماری مهاباد، ڕۆشنبیرانی کوردی عێراق لقی حیزبی دیموکراتیان لە عێراق پێکهێنا. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بە هیچ شێوەیەک بیرلەوە نەکرابووەوە کە ئەو ڕێکخراوە وەک لقیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بمێنێتەوە. بەڵام ئەو ناوەی بۆخۆی هێشتەوە و لەبەر ئەوەیە کە هەردوو حیزب یەک ناوی هاوبەشیان هەیە، بەبێ ئەوەی کە پرۆگرامێکی هاوبەشیان هەبێ، یان ڕێکخراوێکی هاوبەشیان هەبێت.**

تەنیا لەنێوان سالآنی بەرلە ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستی لە ڕەوتی پێشکەوتنخوازانەی خۆی بەردا و بوو بە حیزبێکی ناسیۆنالیست و بەستراوە و ژێر فەرمانی بارزانی و لەمپەری خستە سەر ڕێگای چالاکییەکانی لە ئێران و تەنیا چەند نامیلکەیەکی لەژێر ناوی کۆمیتەی ناوەندیی بڵاوکردەوە کە پتر سەبارەت بە کوردستانی عێراق بوو و هیچ چەشنە سەرنجێکی بە کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران نەدەدا. دووەمین کۆنگرەی حیزب کە ساڵی ١٩٦٤ کە بەپشتیوانی بارزانی پێکهات لەو چوارچێوە تەنگەدا مایەوە و چەند نوێنەر لە بەشداریی کردنی لە کارەکانی حیزبدا خۆیان پاراست. بە گۆڕانی بارودۆخ، دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کۆنفرانسی حیزب لە ژوئینی "یونی- حوزێران"ی ساڵی ١٩٧١دا کۆمیتەی ناوەندیی نوێی هەڵبژارد و پرۆگرامی نوێ و یاسا و ڕێسای نوێی حیزبیی پەسەند کرد و کۆنگرەی سێیەمی حیزب لە سپتێمبەری ١٩٧٣دا گۆڕانەکانی لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا تۆمار کرد.)

ئەو نوسینانەی دوکتۆر قاسملوو لە یەکەم دێڕییەوە تا دوا دێڕی هەڵەیە! و بێگومان خوێنەرانی بەڕێز زانیاریان لەسەر ئەو دوو حیزبە هەیە و دەزانن کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە پشتبەستن بە ئەزموونی نەتەوەیی، نیشتمانیی و دیموکراتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ١٩٤٦/٨/١٦ لە کۆنگرەی بەغدا دامەزراوە و دوو حیزبی برا و هاوئامانجن. دوکتۆر قاسملوو کۆمەڵێک نوسینی بەم جۆرەی هەیە، بۆ نمونە لە لاپەڕە ١٦ی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی فەسڵی سێیەم ١٣٣٢- ١٣٣٦دا سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت:

- (پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر لقێک بوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕاست ساڵێک پاش دامەزرانی ئەم حیزبە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥دا وەک حیزبێکی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراق دامەزرابوو، لاوان لەبەر هەستی کوردایەتی یا بۆ وەرگرتنی یارمەتی یا بۆ مشوەرەت دەچوون بۆلای ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستاندا چالاکیان هەبوو.)

لە ڕێگای ڕاستکردنەوەی ئەو شێواندنانەدا کە سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕەوانشاد ئەحمەد تۆفیق و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات کراوە، دوکتۆر یاسین مەلا خالید ناسراو بە یاسین سەردەشتی لە پێشەکی کتێبی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق ١٩٣١- ١٩٧٣دا دەڵێت:

- (ئەحمەد تۆفیق "عەبدوڵا ئیسحاقی"، ڕابەری ڕاستەقینە و سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تێکۆشەرێکی ناسراو و سەرکردەیەکی ئازا و پێشمەرگەیەکی قارەمان و سەربازێکی ونی جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستانە. ئەم کەسایەتییە



ڕۆڵێکی مەزن و دڵسۆزانەی لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیی و سەربەخۆییدا هەبووە. ئەو مێژووەی تا ئێستا زۆری ماوە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بابەتییانە و کاری ئەکادیمییەوە ڕاستی و دروستییەکەی بۆ خەڵکی بخرێتە پێش چاو و چەواشەکارییەکانی لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی جیا بکرێنەوە. ئەحمەد تۆفیق یەکێکە لە گەورەترین غەدرلێکراوانی مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردمانە. مێژووی پڕشنگدار و خەباتی سیاسیی ئەم کەسایەتییە بە دەستی نەیارانی تووشی شێواندن و فەوتاندن بووە. بە قەولی مامۆستا عومەری عەسری "دە ساڵ ڕێبەرایەتییەکەیشی بەتەواوی کوژاوەتەوە! و لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی ناهێندرێ!

ئەحمەد تۆفیق تەنانەت بە دانپێدانانی نەیارە سەرسەختەکانیشی، سەرکردەیەکی ئازا و قارەمان و رابەرێکی دەستپاک و داوێنپاک بوو. دیارە ئەحمەد بێ بەرامبەر هەموو ژیانی لە ڕیزی پێشەوەی بەرگریی و تێکۆشان لە ڕێگەی ڕزگاریی کوردستاندا بەختکرد و گرتن و ئەشکەنجەکێشان و کوشتنیشی لەلایەن جەللادەکانی ڕژێمی فاشیستی بەعس هەر لەو ڕێگە و پێناوەدا بوو. هەربۆیە گەر هەلومەرجی مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەو سەردەمە لەبەرچاو بگیرێت، دەتوانرێت ئەحمەد تۆفیق بە یەکێک لە تێکۆشەرە مەزنەکان و سەرکردە قارەمانەکان و ڕابەرە دڵسۆز و دەستپاک و داوێنپاکەکانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد دابنرێن، کە بەداخەوە نموونەیان زۆر نین.)

ڕۆژێک لە خزمەت عەبدوڵا حەسەن زادە یەکێک لە سەرکردە ناودارەکانی حیزبی دیموکراتدا بووم، لە ڕەوتی قسەکانماندا سەبارەت بە مێژووی حیزبی دیموکرات و نوسینەکانمدا، ناوبراو ڕووی لەمن کرد و گوتی:

**- (ئەو برادەرانەی ئێمە نازانم بۆ دوژمنایەتی تۆ دەکەن؟ من پێمگوتوون: "بابە ئەوەی ئێمە بۆمان ناکرێ یان ناتوانین بۆ مێژووی حیزب و گەلی کورد بیکەین، ئەو بۆمانی دەکات و ئێوە لەخۆوە دژایەتی دەکەن.)**

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا، پڕبەدڵ سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لە نوسینی ئەم کتێبەدا زانیارییان پێگەیاندوم و لە وتووێژەکاندا وەڵامی پرسیارەکانیان داومەتەوە. سوپاس بۆ دوکتۆر یاسین سەردەشتی، مامۆستا مومتاز حەیدەری و مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە کە بەشێک لە بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبەیان داومێ. هەروەها سوپاس بۆ کاک کەمال گروێسی و کاک هەژار گەوهەری کە وەک هەمیشە لە هەڵەگرتن و مۆنتاژ کردنی کتێبەکەمدا هاوکارییان کردوم. هیوادارم ئەم کتێبەم بەبێ دەمارگرژیی بخوێندرێتەوە و یارمەتی بکات بە ساخکردنەوەی بەشێک لە ڕووداوە ونبوو و شێوێندراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

حامید گەوهەری
٢٠١٥/٦/٢٠

## پێناسەیەکی سەرەتایی لە ژیان و خەباتی ئەحمەد تۆفیق



عەبدوڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق" ساڵی ١٣١٠-١٩٣١ لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیی، لە گەڕەکی ئەرمەنیانی شاری مهاباد لەدایک بووە. سەید محەمەدئەمینی باوکی لە سەرەتادا چێودار بووە و دواتر لە میدانی مەنگوڕانی شاری مهاباد دوکانی قەسابیی هەبووە. عەبدوڵا ئیسحاقی سێ برا و دوو خوشکی بەناوەکانی سەید محەمەد، سەید حوسێن، سەید مستەفا، سەیدزادە خونچە و سەیدزادە کولسوم هەبوو. سەید محەمەد و سەید حوسێن براگەورەی سەید عەبدوڵا بوون. سەید محەمەدی برای لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ئەفسەری سوپای نەتەوەیی و سەرۆکی ستادی میاندواو بووە[١].

ساڵی ١٩٣٨، عەبدوڵا ئیسحاقی لە خوێندنگەی پەهلەوی خراوەتە بەرخوێندن، ناوبرا لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بوو کە ڕۆژی ١٩٤١/٨/٢٥-١٣٢٠/٦/٣ سوپاکانی ئینگلیز، ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت سێ هاوپەیمان لە جەنگی دووەمی جیهانییدا، ئێرانیان داگیر کرد[٢]. بەهاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئازەربایجان و مهاباد، بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی دەزگا ئەمنی، ئیداریی و سەربازییەکانی ڕژێمی داگیرکەری ئێران لە مهاباد ڕایانکرد و بۆ ماوەیەک خوێندنگەکانی مهاباد داخران. یەکیەتی سۆڤیەت لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا ئیزنی بە ڕژێمی ئێراندا کە شارەبانی، فەرمانداریی و دەزگا مەدەنییەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ مهاباد[٣] و سەرلەنوێ خوێندنگەکان کرانەوە. عەبدوڵا ئیسحاقی ئەمجارە لە دوو خوێندنگەی ڕۆژانەی پەهلەوی "بە زمانی فارسی" و شەوانەی گەلاوێژ بە زمانی کوردی کە وانەیان تێدا دەگوتراوە و لەلایەن سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە دانرابوو، پۆلەکانی سەرەتایی خوێند. لەو بارەیەوە جەلیل گادانی لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەخۆدا پێی گوتم:

- (لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٤٤- ١٩٤٥ ڕۆژانە لە خوێندنگەی پەهلەوی زمانی فارسی و شەوانەش لە خوێندنگەی گەلاوێژ کە مەلا عەبدوڵا داودی یەکێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە ماڵی باوکم لە گەڕەکی "قولەقەبران" دایناببوو، زمانی کوردیمان دەخوێند. من لەو دوو خوێندگەیەدا لەگەڵ سەید عەبدوڵا ئیسحاقی و سەید مستەفا ئیسحاقی "قولە" ئاشنا بووم و دواتر لە کۆبوونەوەکانی حیزبی دیموکراتدا پتر لێیان نزیک بوومەوە.) عەبدوڵا ئیسحاقی ساڵی ١٩٤٤ لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا چووەتە ڕیزی سازمانی جەوانانی کورد[٤].

هەروەکوو گوتم، بەهاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئازەربایجان و مهاباد لە ڕۆژی ١٩٤١/٨/٢٥، بەرپرسانو بەڕێوەبەرانی دەزگا ئەمنی، ئیداریی‌و سەربازییەکانی ڕژێمی داگیرکەری ئێران لە مهاباد ڕایانکرد. خەڵکی مهاباد بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و ڕاگرتنی ئەمنیەت و ئاسایش لە شاردا، شورایەکیان بە سەرۆکایەتی محەمەد قازی[٥] پێکهێنا و سەید خدری سەید نیزامی "سەید پیرە"یان[٦] کرد بە بەرپرسی ئاسایشی شار. ناوبراو کۆمەڵێک لاوی لە ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژێکاف و خەڵکی مهاباد هەڵبژارد کە هەموویان کەسانی شیاو و باوەڕپێکراو بوون و لەگەڵ ئەو لاوانە ئەمنیەت و ئاسایشی شاری مهابادی دەپاراست.

حکومەتی ئێران نۆ مانگ دوای چۆلکردنی مهاباد، لەگەڵ ڕێبەرانی مۆسکۆ ڕێککەوت و بەنامەی ژمارە ١٤٢م- ٣١ /١٩٤٢/٨ مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ سیمیرنۆڤ باڵیۆزی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران و کۆنسۆلگەرییەکان و فەرماندەکانی لەشکری ٤٧ ی سۆڤیەت لە ئازەربایجان توانی پۆلیسەکانی بگێڕێتەوە بۆ مهاباد و ورمێ و سەرلەنوێ شارەبانی ئەو دوو شارە بکاتەوە، بەڵام ئەم جارەیان پۆلیسەکان جگەلە ئاژاوەنانەوە و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاست لەنێو خەڵکی مهاباددا بۆ شێواندنی بارودۆخی ئەو شارە، دەستیان لە ژیانی خەڵک وەرنەدەدا. سەرئەنجامی ئەو پیلانگێڕییە، بەوە گەیشت کە کۆمەڵەی ژێکاف ناچاربوو بەهۆی دەستێوەردانی پۆلیسەکانی شارەبانی لە کاروبار و ژیانی خەڵک، ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦- ١٩٤٥/٢/١٥ ئەو دەزگایە چەک بکات. جگەلە حوسێن فروهەر و عەزیزخانی کرمانج کە لەلایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە بۆ ئەو مەبەستە دیاریی کرابوون، ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژێکافیش دەستیان هەبوو لە

هاندانی خەڵکی مهاباد بۆ چەککردنی ئەو دەزگایە و عەبدوڵا ئیسحاقی یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە بوو لەو چالاکییەدا و دواتریش شاربەدەر کردنی عەلی ئاغای دێبوکری "ئەمیر ئەسعەد" کە بە ٣٠٠ چەکداری عەشایریی، لەژێر ناوی فەرماندار، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕژێم لە مهاباد جێگیر کرابوو(٧).

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦/١/٢٢دا و هەڵبژاردنی محەمەد قازی سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرکۆمار، عەبدوڵا ئیسحاقی یەکێک لەو لاوانە بوو کە پێشەوا لە نزیکەوە دەیناسی. ناوبراو بە بەردەوامی لە خزمەت پێشەوا و سەرکردایەتی حیزبی و کۆماری کوردستاندا بوو، نامەکانی پێشەوای دەگەیاند و لە دانانی ئارمی حیزبی دیموکراتدا هاوکاریی پسپۆڕانی دانانی ئارمی کردوە. بە نوسینی دانا ئادەمز شمیدت، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی لە کتێبی **"گەشتێک بۆلای پیاوانی ئازا"**دا ئەرکی عەبدوڵا ئیسحاقی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا تەتەری تایبەتی پێشەوا بووە و نامەکانی سەرکۆماری گەیاندوە و دووجاریش لەلایەن سەرکۆمارەوە دەستخۆشی لێکراوە. جاری یەکەمیان چونکە نەیهێشتووە کابرایەکی نەناسراوی بێ پێناس بچێتە نێو بارەگای حیزبی دیموکرات و ئەویتریان بەهۆی هاوکاریکردنی لە دانانی ئارمی نیشتمانیی کوردیدا. ئەو ئارمەی کە تا ئێستاش بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات، بە هەڵە بە ئاڵای کوردستانی دەناسن.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦/١٢/١٧دا، بەنوسینی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی لادانی شەش ئەندامی حیزب و پێکهێنانی "کۆمیتەی ساخکەرەوە"، چل و نۆ ئەندامی "دەستەبژێر" و کارامەی حیزب لە ساڵی ١٩٤٧دا لە سێدارە دراون. لە ڕاستیدا بەو کوشتارە بەکۆمەڵە و گیرانی ژمارەیەکی زیاتر لەو سەردەمە و زەبروزەنگی ڕژێمی ئێران لە کوردستاندا، حیزبی دیموکرات لە پشوو کەوت و تا گەڕانەوەی غەنی بلوریان لە یەکیەتی سۆڤیەت، هیچ چالاکییەکی نەما. ناوبراو یەکێک بوو لە خوێندکارە ڕەوانەکراوەکانی کۆماری کوردستان بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەت و لە زانکۆی باکۆ دەیخوێند. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان گەڕایەوە بۆ مهاباد و بە هاوکاریی محەمەد شاپەسەند، قادر مەحموودزادە "دوکتۆر ئاسۆ"(٨)، عەزیز فەرهادی(٩) و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنی حیزبی

دیموکرات، توانی سەرلەنوێ حیزبی دیموکرات ببوژێنێتەوه[١٠]. لەو بارەیەوە بلوریان لە لاپەڕەی ٧٨ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

**- (بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست بە هەڵسوڕانی سیاسی بکەمەوە، لە چەند دۆستی نزیک و جێی باوەڕم گێڕاوە تا بەڵکو پێکەوە هەوڵ بدەین حیزبی دیموکرات زیندوو بکەینەوە. بەم مەبەستە من و قادر و عەزیز کە خوێندکاری سۆڤیەت بووین، هەروەها من لەگەڵ محەمەد شاپەسەندیش لەوکاتەوە دۆستایەتیم هەبوو کە ئەو لێپرسراوی چاپخانەی ژ.ک بوو. دەمزانی کەسێکی سیاسیکارە و زمانی کوردییش باش دەزانێ و دەتوانێ هاوکارێکی باش بێ. ئەو سێ کەسە، ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٢٦- ١٩٤٨ هاتن بۆ ماڵی ئێمە و پێکەوە کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵیمان پێکهێنا. پاش هەندێک باس و گفتوگۆ لەسەر خەباتی سیاسیی بەتێکڕایی پێشوازیان لە پێشنیازی من بۆ زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکرات کرد.)**

دواتر سدیق خاتەمی، عەزیز یوسفی و چەند کەسی تر لەگەڵ ئەو تێکۆشەرانە کەوتن و پێکەوە کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەرایی حیزبیان پێکهێنا و بۆ بوژاندنەوەی حیزبی دیموکرات دەستی هاوکارییان بۆ هەموولایەک درێژکرد. بە نوسینی غەنی بلوریان لەلاپەڕەی ٧٨ی ئاڵەکۆکدا سەرەتا چاویان بە ئیحسان تەبەری یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی تودە کەوتووە، بەڵام حیزبی تودە ئامادە نەبووە یارمەتیان بکات. دواتر غەنی بلوریان و محەمەد شاپەسەند چوون بۆ باشوری کوردستان و چاویان بە شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید کەوتوە و لەوێ بەیارمەتیی شێخ لەتیف و هاوکاریی حەسەن قزڵجی و عەبدولڕەحمان زەبیحی توانیویانە ڕۆژی ١٣٢٧/٨/١- ١٩٤٨/١٠/٢٣ یەک ژمارە گۆڤار لەژێر ناوی گۆڤاری ڕێگا و بانگەوازێک سەبارەت بە چالاک بوونەوەی حیزبی دیموکرات بەنهێنی بڵاوبکەنەوه[١١]. دوای بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ڕێگا و بانگەوازی چالاکبوونەوەی حیزبی دیموکرات بە نوسینی غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٩٧- ٩٩ی ئاڵەکۆکدا، مستەفا سوڵتانیان و جەعفەر کەریمی بە دوو ساڵ، سدیق خاتەمی و عەزیز یوسفی بە چوار ساڵ و غەنی بلوریان بە سێ ساڵ زیندانی مەحکوم کراون. بلوریان لە دادگای دووەمدا لە زیندان ئازاد و ڕەوانەی خزمەتی سەربازیی کراوە و تا ساڵی ١٣٢٩- ١٩٥٠ سەرباز بووە. هەروەها سەید خدری نیزامی "سەید پیرە" و سەید محەمەد ئیسحاقی برای

عەبدوڵا ئیسحاقی بۆ "بەندەر عەباس" دوور خراونەتەوە کە لە چوون خۆیان پاراستوە و ڕایانکردوەتە ناوچەی مەنگوران و بەنهێنی ژیاون.

لە ماوەی زیندانی بوونی ئەو تێکۆشەرانە و سەربازبوونی غەنی بلوریان دا، عەبدوڵا ئیسحاقی، ڕەحیم سوڵتانییان، کەریم وەیسی و ڕەحیم خەڕازی ئەندامانی هەڵسوڕ و چالاکی حیزبی دیموکرات بوون. عەبدوڵا ئیسحاقی لەنێو خوێندکاران و خوێندنگەکاندا خەباتی کردوەو ژمارەیەک ئەندامی لاوی بۆ ڕیزی حیزب و بەربەرەکانی دژی ڕژێمی پەهلەوی ڕاکێشاوە. لەو بارەیەوە جەلیل گادانی لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا پێی گوتم:

- (دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە پۆلی یەکەمی دەبیرستانی "ئێران شار" کە دواتر ناوی کرا بە محەمەد ڕەزا شا، لەگەڵ سەید عەبدوڵا هاوپۆل بووم. ساڵی ١٣٢٧- ١٩٤٨ سەید عەبدوڵا گوتی دەکرێ هەندێک پێکەوە قسە بکەین؟ چووم و پێکەوە دانیشتین. پرسی: پێتخۆشە کوردایەتی بکەی؟ گوتم بۆچی نا، ئەگەر کەسی جێ باوەڕ و سادق هەبن، زۆرم پێخۆشە. ڕۆژی دوایی لە خوێندنگە هات و داوای کتێبەکەمی کرد، من کتێبەکەم دایە و ئەو لەگەڵ خۆی بردی و دوای ماوەیەکی کورت گەڕایەوە و بەرنامەی حیزبی دیموکراتی لە هەشت خاڵدا لەنێو لاپەڕەی کتێبەکەم نابوو. من پرۆگرامەکەم چەندجار خوێندەوە و وەڵامی سەید عەبدوڵام بە ئەرێنی دایەوە[١٢].)

هەروەها غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٠٧ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت: (پاش ئازادبوونم لە زیندان "١٩٥١" لەگەڵ ڕەحیم سوڵتانی، کەریم وەیسی، ڕەحیم خەڕازی، عەزیز حیسامی و عەبدوڵا ئیسحاقی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتمان بوژاندەوە. ئەوکاتە سەدیق خاتەمی و عەزیز یوسفی لە زیندان ڕاگیرابوون، دوای ئازادبوونی - عەزیزی یوسفی- لە زیندان لە مانگی مای ١٩٥٢ – ناوبراو- هاتە نێو کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات. هەروەها لەگەڵ کۆمیتەکانی سەردەشت، سەقز، نەغەدە و ژمارەیەک لە گوندەکان کە کۆمیتەی حیزبییان مابوو، پێوەندیمان گرتەوە. کۆمیتەی مهاباد سەرەڕای بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆی، ڕێبەرایەتی گشت کۆمیتەکانی حیزبی لە ئەستۆ بوو.)

لێرەدا ڕاستییەک دەبیندرێ کە شا و ڕژێمەکەی سەرەڕای زەبروزەنگی توند و گرتن و زیندانی کردنی ئازادیخوازان، نەیانتوانی ڕژێم لە مەترسیی ڕێکخراوە سیاسییە چالاکەکانی ئەو سەردەمە وەک جبهەی میللی، حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕزگار بکەن و هەروەک غەنی بلوریان ئاماژەی

بـۆ دەکـات کـۆمیتەی مهابـادی حیزبـی دیموکراتیـان کـردوە بە کـۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبـی دیمـوکرات کە هەنگـاوێکی ئەرێنـی بـووە بـۆ پێشـەوە لە خەبـاتی حیزبـی دیموکراتـدا. لەو بـارەیەوە دوکتـۆر عەبـدولڕەحمان قاسملوو لە چـل سـاڵ خەبـات بـۆ ئـازادی، لاپەڕەی ٤٠- ٤٢ی فەسڵی سێیەم ١٣٢٦- ١٣٣٢دا دەڵێت:

- (... ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٩ ڕەزم ئارا کوژرا. لە دوایی دەرکەوت هەرنەبێ دوو دەستەی سیاسی پێیان خۆش بوو ڕەزم ئارا بکوژرێ یا ڕاستەوخۆ دەسـتیان لە کوشـتنی ڕەزم ئـارادا هەبـوو. یەکیـان مەزهەبییەکـان بە ڕێبەرایەتی ئایەتوڵا کاشانی بـوون کە دوژمنـایەتیی خۆیـان لەگەڵ ڕەزم ئـارا نەدەشاردەوە. ئەوی دیکەیـان حەمەڕەزا شـا بـوو کە پێـی نـاخۆش نەبـوو ڕەزم ئارا بکوژرێ. چونکە بەرە بەرە ئەو شەخسیەت و نفووزەی کە ڕەزم ئارا لەنێو ئەرتەشی ئێران دا و هەروەها لەنێو وڵات دا پەیدای کردبوو، مەترسییەک بوو بۆ دەسەڵاتی شا و پاشایەتی. پاش کوژرانی ڕەزمئارا "حوسێنی عەلا" کە دەست پەروەردەی ئینگلیس بـوو، ڕۆژی ٢١ی ڕەشـەمەی سـاڵی ١٣٢٩ بـوو بە سـەرۆک وەزیر، بەڵام عەلا نە ئەو نفووز و شەخسیەتەی هەبوو و نە لە هەل و مەرجی ئەوکـاتەدا دەرەتـانی ئەوەی هەبـوو کە بتـوانێ پێشگیری لە پەرەئەستاندنی جووڵانەوەی خەڵکی ئێران بۆ میللی کردنی نەوت بکا. پاش نەمـانی ڕەزمئـارا ڕێگا بۆ میللی کردنی نەوت خۆشتر بوو و جبهەی میللی و بەتایبەتی شەخسی دوکتۆر موسەدیق لەو هەلومەرجە باشترین کەڵکی وەرگرت. و...)

---

١- سـەید مـحەمەد ئیسـحاقی دوای هەرەسـهێنانی کۆمـاری کوردسـتان، لە لایەن ڕژێمـی پەهلەوییەوە گیرا و بۆ مـاوەی پێنج سـاڵ زیندانی کـرا. پاش ئـازادبوونی لە زیندان دووبـارە کەوتەوە بەر ڕاوەدوونانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم، لەبەر ئەوە چەند ساڵ لە ناوچەی

مەنگوڕانی مهاباد خۆی شاردەوە. لە پەلامارەکانی دوای کودەتای ساڵی ١٩٥٩، لەگەڵ سەید حوسێنی برای و سەید ڕەحمانی برازای دەستگیر کرایەوە. سەید محەمەد حەوت ساڵی‌تر لە زیندان ڕاگیرا و بەهۆی ئەشکەنجەوە هەردوو قاچی فەلەج بوون، پاش ئازاد بوونی لە زیندان، سەرلەنوێ شەش ساڵی‌تر دوورخرایەوە و سەرئەنجام ساڵی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کرد.



لەو وێنەیەدا سەید محەمەد و نۆ لە زیندانیکراوەکانی کۆمار لە بەهاری ساڵی ١٩٤٧دا دەبینن. دانیشتوان لە باسکی چەپەوە: سەید محەمەد ئەیوبیان، ئیبراهیم نادری، محەمەد ئەمین شەڕەفی، ئەحمەد ئیلاهی. ئەوانەی ڕاوەستاون لە باسکی چەپەوە: کەریم ئەحمەدین، مەناف کەریمی، حوسێن فروهەر، عەزیز کرمانج، سەید خدری نیزامی و سەید محەمەدی ئیسحاقی. وێنە لە لاپەڕەی ٤١٥ی کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧ نوسینی حامید گەوهەری وەرگیراوە.

٢- سێ وڵاتی ئاڵمانیا، ئیتالیا و ژاپۆن یەکیانگرت و کاتژمێر ٠٤:٤٥ ڕۆژی یەکی سپتێمبەری ١٩٣٩، بە هێرشکردنی سوپای ئەڵمان بۆسەر پۆڵۆنیا "لهستان" جەنگی دووەمی جیهانیی هەڵگیرسا. لە شەڕەدا بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا، ئافریقا و ئاسیا کەوتە دەست ئەو سێ وڵاتانە. لە بەرامبەر، سەرەتا ئینگلیز و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا و دواتریش یەکیەتی سۆڤیەت بەشداریی ئەو هاوپەیمانییەی کرد و ئەوانیش ڕۆژی ١٩٤١/٨/٢٥ ئێرانیان داگیرکرد. ئامانجی ستراتیژیی هاوپەیمانان لە داگیرکردنی ئێراندا، دەگەڕایەوە بۆ چوار خاڵ، وەک:

- بەدەستخستنی ڕێگاکانی ئێران بەرەو دەریای خەزەر بۆ گەیاندنی چەک و کەرەستەی سەربازیی بە یەکیەتی سۆڤیەت.

- داگیرکردنی بیرە نەوتییەکانی باشوری ئێران بۆ پارێزگارییکردن لێیان و ڕێگەنەدان بە نازییەکان کە بیانتەقێننەوە. **(لە هەموو ماوەی جەنگدا نەوتی ئێران پێویستییەکانی سەربازیی هاوپەیمانانی دابینکرد، بەتایبەتیی دوای تێوەگلانی ژاپۆن لە شەڕدا.)**

- دەرکردنی کارگەران و پسپۆڕانی ئەڵمانی، بۆ بەرگرییکردن لە کاری تێکدەرانەیان لە ڕێگاکانی هاتووچۆ و بیرە نەوتییەکاندا و ڕێگرتن لە کودەتا کە نەتوانن بە یارمەتی ئێرانییەکانی لایەنگری ئەڵمانیا، گروپی فاشیستیی پێکبهێنن و کودەتا بکەن.

- لە کاتی نزیکبوونەوەی سوپای ئەڵمان لە سنوری ئێران، هێزەکانی ئینگلیز پێشیان لێ بگرن.

بەو مەبەستانە، ئینگلیز لە خانەقینەوە خزایە نێو خاکی ئێران و بە کرماشان و هەمەداندا خۆی گەیاندە قەزوێن و لە بەسرەوە هات و ناوچەی باشوری خوزستانی داگیرکرد. سەرەڕای جێگیربوونی لە ناوچە نەوتییەکانی ئێراندا، باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە ئیلامەوە تا

دەگاتە سەقز، خستە دەست خۆی و ڕێی بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە نەدا کە سەرپێچیی بکەن لە فەرمانەکانی ڕژێمی ئێران و هاوکاریی ڕژێمی ئێرانی کرد کە لەو ناوچانەدا درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. هەروەها بە هێڵی دەریادا بەرەو بەندەر شاپور چوو کە ٦٥٠ مەلەوان لە هێزی دەریایی ئێران بە فەرماندەیی دەریادا "غوڵامعلی بایندور" لە بەرامبەریدا ڕاوەستا کە ئەوانیش دوای ٢٤ کاتژمێر لەناوچوون. سوپای سۆڤیەت دوای بۆمبارانکردنی سەربازگەکانی قەزوێن، ڕەشت، تەورێز، مەشهەد، گورگان، ئەردەوێل، ورمێ و مهاباد، بە جوڵفادا خۆی گەیاندە تەورێز و لە ئاستاراوە بەرەو بەندەر پەهلەویی و ڕەشت چوو. پەلاماری سنوری باکوری ڕۆژهەڵاتی خۆراسانی دا و لە ئاکامدا سوپای ١٢٧ هەزار کەسیی ڕەزاشا بەچۆکدا هات. هەموو خۆراسان، مازندەران، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەشێک لە شارەکانی کوردستان وەک: خۆی، ماکۆ، شاپور، ورمێ، شنۆ، نەغەدە، مهاباد، میاندواو، هەوشار و بۆکان، کەوتنە دەست سۆڤیەت. بەهاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئەو ناوچانە، فەرماندەکانی لەشکری خۆراسان و ورمێ ڕایانکرد. فەرماندەکانی لەشکری خۆراسان خۆیان گەیاندە بەندەر پەهلەویی و فەرماندەکانی لەشکری ورمێ ڕایانکرد بۆ سنوری دەستکردی تورکیا و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای سپی، خۆیان دایە دەست تورکەکان، هەروەها سەربازانی سەربازگەی مهابادیش، چەکەکانیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ شارەکانیان و لە ئەنجامدا چەکێکی زۆر کەوتە دەست خەڵک و خێڵەکان و حکومەتی ئێران لەو ناوچانەدا لە دەسەڵات کەوت. سۆڤیەت بەپێچەوانەی ئینگلیزەکان هەڵسوکەوتی لەگەڵ سوپای ئێران کرد و نەیهێشت سوپای ئێران لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، حوکمڕانیی بکات. دوای هێوربوونەوەی دۆخەکە، سوپای ئێران ویستی بگەڕێتەوە بۆ ورمێ، بەڵام سوپای سۆڤیەت پێشی لێگرت. سەرۆک خێڵە کوردەکانی ناوچەی ورمێ بە کەڵکوەرگرتن لەو بۆشاییە، پەلاماری بنکەکانی ژاندارمەریی و شارەبانیی و ژمارەیەکماڵی کاربەدەستانی حکومەتیانداو تاڵانیان کردن. کردەوەی ئەو سەرۆک خێڵانە و لەمپەر خستنەبەر گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ورمێ لە لایەن فەرمانبەرە سیاسی و سەربازییەکانی سۆڤیەتەوە لە ورمێ، ڕێبەرانی مۆسکۆی توڕە کرد، بە چەشنێک کە مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، نامەیەکی توند و ڕەخنەگرانەی دژی گەلی کورد و سەرۆک خێڵە کوردەکان ئاراستەی باڵیۆز و کۆنسوڵگەرییەکان و فەرماندەکانی لەشکری ٤٧ ی سۆڤیەت لە ناوچەکە کرد. لە هەمان کاتدا، محەمەد عەلی فروغی کە لەجێی ڕەجەبعەلی مەنسور، پۆستی سەرۆکوەزیرانی پێدرابوو، لە هەموو دەرەتانێک بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکیی لە نێوان ئێران و یەکیەتی سۆڤیەت و بریتانیا سودی وەردەگرت. ڕۆژی ١٩٤١/٩/٨ ڕێککەوتنامەیەکی دەربارەی داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت و بریتانیا مۆرکرد. ڕۆژی ١٩٤١/٩/١٤ باڵیۆزەکانی سۆڤیەت و ئینگلیز هەڕەشەیان لە ڕەزاشا کرد کە تا ڕۆژی ١٩٤١/٩/١٧بە سودی محەمەد ڕەزای کوڕی، تاج و تەختەکەی بەجێبهێڵێت. ڕۆژی ١٩٤١/٩/٢١ ڕەزا شا و بنەماڵەکەی جگەلە محەمەد ڕەزای کوڕی، ڕەوانەی بەندەرعەباس کران و بە پاپۆڕێکی بریتانیایی بۆ دورگەی مۆریس لە ئەفریقای باشور دورخرانەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەو ڕووداوە بڕوانە کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧ نوسینی حامید گەوهەری.

٣- بەرلە داگیرکردنی ئێران لە لایەن سوپای هاوپەیمانان، لە مانگی یونیساڵی ١٩٣٨ **(١١ی جۆزەردان تا ٩ ی پوشپەڕی ١٣١٧)** کۆمەڵەیەکی سیاسی بە ناوی کۆمەڵەی

ڕزگاریخوازیی کوردستان لە مهاباد دامەزرابوو. هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕاپۆرتەکانیدا ئاماژە بۆ چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە دەکات و ئەوانی بە ناوی خۆی تۆمار کردون، تەنانەت لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیدا سەبارەت بە هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ نێو خاکی کوردستان، بۆ "مۆلۆتۆڤ" وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی نوسیوە: **(بەبۆنەی هاتنی لەشکری سورەوە بۆ مهاباد، حیزبی ئێمە بەیاننامەیەکی نوسی و دەست بە دەست بڵاویکردەوە و ڕایگەیاند هەر کەس ئەم بەیاننامەیەی پێدەگات، دانەیەکی لەبەر بنوسێتەوە و بیدات بە کەسێکی تر. حیزبی ئێمە لەو بڵاوکراوەیەدا لەشکری سوری بە ناوی لەشکری ئازادکەری نەتەوەی کورد ناساند. دوای هاتنی لەشکری سوری سۆڤیەت بۆ ئێران، دەرکەوت حیزبی ئێمە لە ناو حیزبەکانی تردا، حیزبی هەرە پێشکەوتووی دژ بە فاشیست بووە)**

کۆمەڵەی ئازادیی‌خوازیی کوردستان دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ کوردستان و بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیەی سەرەوە، بەهۆی کێشەی ناوخۆیی ئەندامانی، هەڵوەشا. سەرۆکی کۆمەڵە عەزیز زەندیی لەگەڵ غەفور مەحمودییان ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە حیزب دوورکەوتنەوە. عەزیز زەندیی مهابادی بەجێهێشت، بۆ ماوەیەک لە تەورێز مایەوە و دواتر لە تاران نیشتەجێ بوو. ناوبراو ڕۆژی ٢٤ ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٥١- ١٩٧٢/٧/١٥ لە تەمەنی ٧٤ ساڵییدا بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. تەرمی عەزیز زەندیی لە گۆڕستانی "بەهەشتی زەهرا"ی تاران بە خاک سپێردرا.

غەفور مەحمودییان دوو ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لە گەڕەکی جولەکانی شاری مهاباد لەبەر دەرگای ماڵی "باباجو"ی بازرگان تێرۆرکرا. لەشکری چواری ورمێ لە ڕاگەیانراوی ژمارەی ١٩١٢٤- ١٣٢٦/١/١٠ - ١٩٤٧/٣/٣١ یدا کە بەبۆنەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، سەیف و سەدری قازی بڵاویکردەوە، کوژرانی مەحمودییانی خستە ئەستۆی پێشەوا قازی محەمەد.

نزیکەی ساڵێک دوای هەڵوەشانی کۆمەڵەی ئازادیی‌خوازیی کوردستان، حوسێن فروهەر "حوسێنی زێڕینگەران" و چەند هاوڕێیەکی لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕوناکبیرانی شاری مهاباد یەکیان گرت و ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١-١٩٤٢/٨/١٦ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان بە نهێنی دامەزراند، بەڵام لە بەڵگەنامەکانیاندا، چالاکییەکان و مێژووی کۆمەڵەی ئازادیی‌خوازیی کوردستانیان بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە تۆمارکرد. بە نوسینی سەید محەمەدی سەمەدی لە (تاریخچە مهاباد، کۆکراوەی پاییزیی ١٣٦٣- ١٩٨٤) دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بریتی بوون لە: حوسێن فروهەر، عەبدولرەحمان زەبیحی، محەمەد نانەوازادە، عەبدولرەحمان ئیمامی، قاسم قادری قازی، مەلا عەبدوڵا داودی، محەمەد یاهو، مەلا قادری مودەرسی، سدیق حەیدەری، عەبدولرەحمان کیانی، محەمەد شاپەسەند، محەمەد ئەسحابی، نەجمەدین تەوحیدی، حامید مازوچی، عەلی مەحمودی و محەمەد سەلیمی.

هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕاپۆرتێکدا کە بە ژمارەی ٤٤٤- ١٣٢٣/١٠/٧ - ١٩٤٤/١٢/٢٨ ئاراستەی مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی کردوە، دەڵێت: **(حیزبی ئێمە لە مانگی جونیی ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە، بەڵام بەهۆی کۆنترۆڵی توندی حکومەتی ئێران، چالاکییەکی زۆری نەبووە.)** کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەگوێرەی پرۆگرامەکەی، دەیویست **(هەموو پارچەکانی کوردستان یەکبخاتەوە و نەتەوەی کورد ئازادبکات. هەروەها یارمەتی**

**کۆمـــەڵگای مرۆڤایـــەتی و شارســـتانیی گـــەلان بـــدات کـــە گەشـــەبکات.)** کـۆمەڵە لـــە ڕۆژی دامەزراندنیەوە، ١٩٤٢/٨/١٦ تا ١٩٤٣/٥/١٣، بۆ ماوەی هەشت مانگ، هیچ چەشنە چالاکییەکی لـە دەرەوەی ئەنـدامانی خۆیـدا نـەبوو، تەنانـەت خۆشـی ئاشـکرا نـەکرد. ڕۆژی ١٣٢٢/٢/٢٢ - ١٩٤٣/٥/١٣، ٢٥ ئەنـدامی کۆمەڵـە لـە چیـای "قـەڵای سـارمێ" کـە دەکەوێتـە ڕۆژهـەڵاتی شـاری مهاباد، کۆبوونەوە و پرۆگرامی کۆمەڵەیـان لەگـەڵ پرۆگرامـی یەکیـەتی سۆڤیەت هەڵسـەنگاند و بڕیاریانـدا بـۆ بەرەوپێشبردنی ئامـانجی حیزبەکـەیان، لەگـەڵ یەکیـەتی سۆڤیەت پەیوەنـدیی دابمەزرێنن. یەکەم ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان" ئۆرگـانی کۆمەڵـەی ژێکـاف، دوو مانگ دوای ئـەو کۆبوونەوەیـە، لـە مـانگی پوشـپەڕی ١٣٢٢ (جـولای ١٩٤٣) دا بڵاوکرایـەوە. لـە چالاکییـەکانی کۆمەڵـــە، دوای بڕیـــاری کۆبوونـــەوەی قـــەڵای ســـارمێ، دەردەکـــەوێت کـــە کۆمەڵـــە جگەلـــە پەسەندکردنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ یەکیـەتی سۆڤیەت و دەرکردنـی گۆڤـاری نیشـتمان، بڕیـاری بـەرفرەوانکردنی حیـزب، دامەزرانـدنی بەڕێوەبەرایـەتییـە ناوخۆییـەکان، نیـوە ئاشـکرا کردنی حیزب و کۆکردنەوەی کەسایەتییەکانی لەنێو حیزبدا پەسەندسکردوە. بۆ زانیاریی زیـاتر لەو ڕووداوە بـــڕوانە کتێبـــی کۆمـــاری کوردســـتان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧ نوسـینی حامیـد گەوهەری

٤- سـازمانی جەوانـانی کـورد لـە مـانگی خـاکەلێوەی سـاڵی ١٣٢١ (مـارس- ئـاپریلی سـاڵی ١٩٤٢) لەلایەن غەنی بلوریان، سدیق سیاسـەری، عەبـدوڵا حەکیم زادە، سدیق خـاتەمی، عەلـی مەولەوی، ئەحـمەد سـاڵحیان، قـادر مەحمـودزادە، سـەید عەبـدوڵا زەکـی، عەزیـز فەرهـادی و مســـتەفا ســـاجبلاخچی دامەزراوە و لـە مـــانگی خەزەڵـــوەری ١٣٢٣- ١٩٤٤، دوای بـە ئەنـــدام وەرگیرانـــی مـحەمەد قـازی "پێشـەوا" لـە کـۆمەڵەدا، ئەو ڕێکخـراوەش بـە ئەنـدامی کـۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەرگیرا و ناوی کرا بـە "ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان".

٥- خـەڵکـی مهابـاد مـحەمەد قازیـیـان بـە شـیاوی سەرپەرشـتی کردنـی شـاری مهابـاد زانـی. ناوبراو کوڕی قازی عەلی بوو. قـازی عـەلـی لـە تەمەنـی لاوییەتیـدا "قـازی شـەرع"ی مهاباد بـوو. مـحەمەد قـازی سـەردەمێک سـەرۆکی ئیـدارەی پەروەردەی مهابـاد بـوو و بـە هەڵسـوکەوتی نیشتمانپەروەرانەی و لێوەشاوەیی لـە بەڕێوەبردنـی ئەرکەکانیدا، خەڵکی مهاباد ئەو ئەرکەیـان پێسپارد.

٦- سەید خدر نیزامـی کەسـایەتییەکی ناسراو، نیشـتمانپەروەر و هێمنـی شـاری مهابـاد بـوو. ناوبراو لـەلای خـەڵکی مهابـاد ڕێزی زۆری لێدەگیرا و بڕیـار و داخوازەکانییـان جێبـەجێ دەکرد. نـاوبراو لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردستانیشـدا ئـەرکـی پاراسـتن و ئاسایشـی شـاری مهابـادی پێسپێردرابوو.

٧- دوای نـەمـانی شـارەبانی لە مهابـاد، ڕژێمـی ئێـران عەلـی ئاغـای دێبـوکری "ئەمیـر ئەسعەد"ی بـە ٣٠٠ چەکداری عەشایری بۆ پاراستنی دەسـەڵاتی خـۆی لـە مهاباد جێگیـر کـرد کـە دیسانیش ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ڕۆڵی گرنگی گێڕا لـە شـاربەدەرکردنی عەلی ئاغـا و چەکدارەکانی. بـۆ زانیـاریی زیـاتر لـەو ڕووداوە بـڕوانە کتێبـی کۆمـاری کوردسـتان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧ نوسینی حامید گەوهەری.

٨- قادر مەحمودزادە ساڵی ١٩٥١ بۆ درێژەدان بە خوێندن گەڕایەوە بـۆ یەکیەتـی سۆڤیەت و بڕوانامەی پزیشکیی وەرگرت. ناوبراو دواتر بۆ ماوەیەک لـە هەولێـر کـاری پزیشکیی کـرد و دوای

سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ١٩٧٩دا، گەڕایەوە بۆ مهاباد و لەوێ لە بواری پزیشکیدا خزمەتی خەڵکی مهابادی کرد.

٩- عەزیز فەرهادی گەڕایەوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت، بەڵام روون نەبووەوە بۆچی لە باکۆ خۆی بە تەناف هەڵواسی و خۆی خنکاند. ئاڵەکۆک لاپەڕەی ١٠٦.

١٠- محەمەد شاپەسەند یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و لە چاپخانە و بەشی ڕاگەیاندنی کۆماردا خەباتی دەکرد، قادر مەحمودزادە و عەزیز فەرهادی خوێندکاری باکۆ بوون و گەڕابوونەوە بۆ مهاباد.

١١- لە گۆڤاری ڕێگادا دوو وتار بڵاوکراوەتەوە. وتاری یەکەم مامۆستا حەسەن قزڵجی "پێناو" لەژێر ناوی "هدف ما- ئامانجی ئێمە" بە زمانی فارسی نوسیویەتی و وتاری دووەم غەنی بلوریان "تەیمور" لەژێر ناوی "حربە دیکتاتۆری یا ارتش ایران".

١٢- ئەو هەشت خاڵەی جەلیل گادانی ئاماژەی بۆ دەکات بریتین لە:

- میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسوراندن و پێکهێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێت و لە سنوری دەوڵەتی ئێرانداخودموختاریی ببێ.

- بتوانێ بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە ناوچەکانی کوردیدا کاروباری نوسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا هەربە کوردی بێ.

- ئەنجومەنی ویلایەتی کوردوستان کە وەکو قانونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێکردنی هەموو کارەکانی ئیجتیماعی و دەوڵەتیدا چاودێری بکا و پێرابگا.

- مەئمورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی محەل بن.

- بەبوونی قانونێکی کوللی لە مابەینی رەعیەتو ئەربابدا سازیشت بەجێ بێت کە دوارۆژی هەردوکیان تەئمین بێت.

- بەتایبەتی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان سەعی دەکات لە مابەینی میللەتی ئازەربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە ئازەربایجاندا دەژین (ئاسوری، ئەرمەنی و غەیرە) لە موبارزەدا یەکیەتی و برایەتی تەواو بەرقەرار بێ.

- کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان بە بۆنەی ئیستیفادە لە سەرچاوە و کانگایەکانی تەبیعی زۆری کوردوستان و سەرکەوتنی اموری جوتیاری بازرگانی و پەرەپێدانی اموری فەرهەنگی و لەشساغی بۆ چاکی حاڵی اقتصادی و مەعنەوی میللەتی کورد ملەی- بەربەرەکانی- دەکا.

- ئێمە دەمانەوێ ئەو نەتەوانەی کە لە ئێراندا دەژین بتوانن بە ئازادی بۆ سعادەت و سەرکەوتنی نیشتمانی خۆمان کوشش بکەین.

## گەشەسەندنی چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕەوتی ڕووداوەکان بەوە گەیشت، لە کاتێکدا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئێران لایەنگری محەمەد ڕەزا شا بوون، پەرلەمان بەپێچەوانەی ویستی خۆی، لەژێر گوشاری کرێکارانی کۆمپانیای نەوت و پشتیوانیی خەڵکی ئێران لە خۆماڵیکردنی نەوت، ناچار بوو ڕۆژی ١٩٥١/٣/١٥ یاسای خۆماڵیکردنی نەوت پەسەند بکات و مەجلیسی "سەنا"ش بەهەمان شێوە ڕۆژی ١٩٥١/٣/٢٠ ملی بۆ ئەو پەسەندکراوەی پەرلەمان ڕاکێشا و لەو ڕۆژەدا نەوتی ئێران خۆماڵیکرا.

خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران کە دوکتۆر محەمەد موسەدیق[1] و جبهەی میللی پێشڕەو و خوازیاری بوون، زەمینەی پەرەسەندنی جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەری بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکان و بەتایبەتی جبهەی میللی ڕەخساند کە چالاکتر لە جاران بێنە مەیدان و داخوازەکانیان بەگوێی حکومەت و خەڵک بگەیەنن و بەرەو وەرگرتنی دەسەڵات هەنگاو بنێن. جبهەی میللی لێوەشاوانە کەڵکی لەو هەلومەرجە وەرگرت، شا و پەرلەمان و مەجلیسی سەنای ناچار کرد دوکتۆر محەمەد موسەدیق سەرۆکی لیستی هەشت کەسەی جبهەی میللی لە پەرلەماندا، ڕۆژی ١٩٥١/٤/٢٨ بە سەرۆکوەزیرانی ئێران هەڵبژێرێن. دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران، دوکتۆر موسەدیق سیاسەتی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و ڕزگارکردنی نەوتی ئێرانی لەژێر دەستی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز گرتەبەر و ڕۆژی ١٩٥١/٦/٢٠، مافی خاوەندارییەتی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی لە نەوتی ئێران "خلع ید" وەرگرتەوە.

خۆماڵیکردنی نەوت لە ئێران، ڕێگای بۆ بەدەستەڵات گەیشتنی دوکتۆر محەمەد موسەدیق خۆشکرد و کۆمەڵێک ئازادیی بۆ ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دەستەبەر کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستان توانی لە حاڵەتی نهێنی بێتەدەر و بۆ یەکەم جار بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستاندا یەکەم خۆپێشاندانی ئاشکرای سیاسیی لە چوارچرای شاری مهاباد بەڕێوە بەرێت. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٠٨- ١١٢ی ئاڵەکۆکدا ئاماژە بۆ خەباتی حیزبی دیموکرات دەکات کە لە حاڵەتی تەواو نهێنی هاتووەتەدەر و کۆمیتەکەیان ڕۆژی ١٩٥١/٥/١ خۆپیشاندانێکی جەماوەریی سەبارەت بە خۆماڵیکردنی نەوت، لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد بەڕێوەبردوە کە یەکەمین خۆپێشاندانی سیاسیی و جەماوەریی ئاشکرای حیزبی دیموکرات بووە

لە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان. ئەحمەد تۆفیق چ لە ئامادەکردن و چ لە ڕێبەرایەتی کردنی ئەو خۆپیشاندانە کە زیاتر لە سێهەزار کەس بەشدار بوون تێیدا، ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە. ناوبراو بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندان سەرەتا لەگەڵ غەنی بلوریان چووهتە لای سەرگورد "پەنبە بەگوش" سەرۆکی شارەوانی و دواتریش لەگەڵ عەزیز حیسامی چووەتە لای سەرهەنگ وەفا فەرماندەی تیپی مهاباد و توانیویانە چاوپۆشی کاربەدەستان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە مسۆگەر بکەن. پاش ئەوەی خۆپێشاندان دەستیپێکرد، ئەحمەد تۆفیق لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بووە. بلوریان لە درێژەی نوسینەکەیدا لە لاپەڕەی ١١١ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

- (دوای ئەو خۆپیشاندانە، کە بەبێ گیروگرفت کۆتایی پێهات. حیزبی تودە زانی حیزبی دیموکرات لەنێو خەڵکدا ڕیشەی هەیە و ئەندامانی بە نهێنی خۆیان ڕێکخستۆتەوە، داوای پێوەندی لێکردین کە وەک دوو حیزبی پێشکەوتووخواز لەمەڕ دروشمە هاوبەشە سەرانسەرییەکانمان دژی ڕژێم هاوکاری بکەین.)

١- دوکتۆر محەمەد موسەدیق ڕۆژی ١٨٨٢/٥/١٩ لە تاران لەدایک بووە، کوڕی میرزا هیدایەت ئاشتیانی ناسراو بە "وەزیر دەفتەر" یەکێک لە گەورە پیاوانی سەردەمی ناسرەدین شای قاجار بوو. ساڵی ١٩٠٨ بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە وڵاتی فەرەنسا و دوای تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆی نۆشاتل لە وڵاتی سویسرا بڕوانامەی دوکتۆرای یاسای وەرگرتووە.

لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان، دوکتۆر محەمەد موسەدیق گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و لە وەزارەتی دارایی کاری وەرگرتووە. لە خولی پێنجەم و شەشەمی پەرلەمانی ئێراندا، نوێنەری خەڵکی تاران بووە و لە سەردەمی بەدەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شادا، خانەنشین کراوە و دواتر بۆ ماوەی چەند مانگ زیندانی بووە.

ساڵی ١٩٤١ کە هاوپەیمانانی جەنگی یەکەمی جیهان، ئێرانیان داگیر کرد و ڕەزا شا لە حوکم کەوت و موسەدیق لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشادا گەڕایەوە بۆ تاران و بەشداریی خولی ١٤ی پەرلەمانی ئێرانی کرد و بە نوێنەرایەتی خەڵکی تاران پۆستی ئەندامیەتی پەرلەمانی وەرگرتەوە. لەو خولەی پەرلەماندا لە بەرامبەر گوشاری سۆڤیەت بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی ئێران لایەحەیەکی ئاراستە کرد. لەو لایەحەیەدا، دوکتۆر موسەدیق داوای لە پەرلەمان کرد تا چۆلکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانانەوە، ئیمتیازی نەوتی ئێران بە وڵاتانی بێگانە نەدرێت. لە خولی ١٥ی پەرلەماندا، دوکتۆر موسەدیق بە پیلانی شا و قەواموولسەلتەنە نەیتوانی پۆستی پەرلەمانتاریی وەربگرێتەوە، بەڵام لە خولی ١٦دا سەرلەنوێ بە ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردرایەوە. لەو خولەی پەرلەماندا، پرۆژەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێرانی پێشکەش بە پەرلەمان کرد. دوای دەست لەکارکێشانەوەی حوسێن عەلا کە بەدوای تیرۆرکرانی ڕەزمئارا بۆ ماوەیەکی کورت سەرۆکوەزیری ئێران بوو، دوکتۆر موسەدیق بە سەرۆکوەزیرانی ئێران هەڵبژێردرا. موسەدیق یاسای نەوتی هەموارکرد و یاسای خۆماڵیکردنی نەوتی ئێرانی ڕاگەیاند و دوای کێشەیەکی زۆر لە دادگای لاهە، مافی یاسایی نەوتی ئێرانی لە دەوڵەتی ئینگلیس بۆ خەڵکی ئێران گەڕاندەوە.

## دامەزرانی پێوەندیی نێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی توده

هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە کە هێشتا حیزبی دیموکراتی کوردستان دانەمەزرابوو، حیزبی تودەی ئێران پێوەندیی بە بزوتنەوەی کورد و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە هەبووە. بەڵگەنامەکان پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە یەکیەتی سۆڤیەت و میرجەعفەر باقرۆف سەرکۆماری ئازەربایجان ساڵی ۱۹٤٥ دەستیان هەبووە لە هەڵوەشاندنی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا. حیزبی توده دژی سەربەخۆیی ئەو دوو ڕێکخراوانە و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد و ئازەریی بووە، بەڵام ویستوویەتی ئەوان بخاتە ژێربالی خۆی و لەژێر ناوی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودەدا کاریان پێبکات بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران و بەدەستهێنانی خودموختاریی لە چوارچێوەی خاک و دەوڵەتی ئێراندا. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، حیزبی توده لە کۆنگرەی دووەمی خۆیدا لە ئاپریلی ۱۹٤٨ دروشمی "بژی جوڵانەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان و نەمان بۆ هەموو شێوازێکی چەوساندنەوەی نەتەوەیی" بەرزکردەوە و لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا پشتگیریی لە مافی خودموختاری نەتەوەی کورد و ئازەربایجان کرد[1]. لەبەر ئەوە، غەنی بلوریان و ئەو دەستە لاوانەی کە حیزبی دیموکراتیان بوژاندەوە، بەرەو نزیکبوونەوە لەو حیزبە کێشیان پەیداکرد. ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لەوکاتەوە هەتا هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، حیزبی تودەیان بە نوێنەر و چاوساغی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێراندا دەبینی و ڕایان وابوو کە حیزبی توده کلیلی دامەزراندنو پێکهێنانی پێوەندییە لەنێوان بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد و یەکیەتی سۆڤیەتدا.

ڕێبەرانی حیزبی تودەش کە دوای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مهاباد لە ڕۆژی ۱۹٥۱/٥/۱دا، تێگەیشت بەبوونی حیزبی دیموکرات لە مهاباد و شارەکانی دەوروبەری، جێیەک بۆ چالاکیی ڕێکخراوەکانی لەو ناوچانەدا نابێت، ئەم جارەیان بە ڕێگەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان[2] و دواتریش بە ڕێگای سدیق ئەنجیری ئازەر[3] و سارمەدین سادق وەزیرییەوە[4] پێوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات دامەزراند. لەو چوارچێوەیەدا، حیزبی توده کۆمیسیۆنێکی بە ناوی "کاک" بە واتای کۆمیسیۆنی ئازەربایجانی و کوردستان، لە تاران بۆ کوردستان و ئازەربایجان دامەزراند. نوێنەرێکی ئازەریی بۆ فیرقەی دیموکراتی

ئازەربایجان دانا و سارمەدین سادق وەزیریشی کرد بە نوێنەری کوردستان. کومیسیۆنی "کاک" کاری ئەوە بوو کە فەرمانەکانی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی تودە بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و فیرقەی دیموکرات بگەیەنێ و جێبەجێیان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی توانا یارمەتیماڵیشی دەدا بەو دوو ڕێکخراوەیە. هەروەها دوای ساڵی ١٩٥٤ یارمەتی بە حیزبی دیموکرات دا کە لە چاپخانەی تەورێز رۆژنامەی "کوردستان" چاپ بکات(٥). لە کوردستاندا بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بۆ نمونە ڕەوانشاد کەریم حیسامی و سەعید کاوە لە نوسراوەکانیاندا "کاک"یان بەهەڵە بە کۆمیتەی حیزبی دیموکرات ناساندوە. لە یەکەم هەنگاودا، مەکتەبی سیاسیی حیزبی تودە عەبدولڕەحمان قاسملووی ناردوە کە لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات کۆبێتەوە و گوێ لە داخوازەکانیان بگرێت. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١١٣ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

- (حیزبی تودە کە دیتی خاوەن هێزین لە کوردستاندا، پێوەندیی پێوە کردین. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە عەبدولڕەحمان قاسملوو تازە لە ئەوروپا گەڕابۆوە و لە چیکوسلواکی کلاسی مارکسیست لێنیستی تەواو کردبوو. حیزبی تودە ڕەحمان قاسملووی نارد بۆ مهاباد. ئەو بەشداریی کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کرد کە لە ماڵی ئێمە بەسترا. لەو کۆبوونەوەیەدا قاسملوو پەنجەی بۆ پێوەندیی نێوان حیزبی تودە و حیزبی دیموکرات ڕاکێشا و دوای چەند پرسیارێک لە ئێمە، گوتی: "حیزبی تودە پێی خۆشە هەر کارێکی لەدەست بێ بۆ ئێوەی بکا." لەو کۆبوونەوەیە مەسەلەی پێوەندیی نێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە، مەسەلەی چاپی بەڵگەی یارمەتی کە لە جیاتی تەمر "پوول"یان بۆ چاپ کردین و مەسەلەی چاپ و ناردنی رۆژنامە کەوتە بەرباس. ئێمە داوای چاپخانەمان لێکردن و گوتمان ئەگەر حیزبی تودە ناتوانێ چاپخانەمان بداتێ، داوا دەکەین ڕۆژنامەمان بۆ چاپ بکات. هەروەها داوامان لە حیزبی تودە کرد کادیرێکمان بۆ بنێرێ تا لە بواری شێوە کاری نهێنی حیزب و کاری ڕێکخستندا یارمەتیمان بکات. .... دوای گەڕانەوەی قاسملوو بۆ تاران، حیزبی تودە کادیرێکی بۆ ناردین بە ناوی "ئیحسانوڵا" کە بەهایی و ئەندازیاری شەریکەی نەوتی ئابادان بوو. .... دوای ئیحسانوڵا، حیزبی تودە کەسێکی تری بۆ ناردین کە ناوی "جەوهەری" بوو. ناوبراو کرێکار و کوردی خەڵکی سنە بوو، دواتر قاسملوو هاتەلامان و ئەو بەهەموو شێوەیەک هاوکاریی دەکردین. هەروەها لە کوردەکانی دانیشتووی تارانیش جگەلە قاسملوو، "سارمەدین سادق وەزیری" قازی دادگا و سدیق

**ئەنجیری ئازەر کارمەندی باڵای ئیدارەی فەرهەنگ هاوکارییان دەکردین، سدیق ئەنجیری ساڵی ١٣٣٣- ١٣٣٤ لە نوسینی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش یارمەتی دەداین.)**

دامەزرانی پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران، لەگەڵ ئەوەدا کە لە بواری دەرکردنی ناوی حیزبی دیموکرات لە وڵاتانی سوسیالیستی و حیزبە کۆمونیستەکانی سەربە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو و چاپەمەنیدا هەندێک ئاسانکاریی و دەستکەوتی بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات هەبوو، بەڵام سەربەخۆیی لەو حیزبە ستاندو کۆمەڵێک زیانی پێگەیاند کە حیزبی دیموکرات هەتا ئێستا نەیتوانیوە لە چنگیان ڕزگار بێت و قەرەبوویان بکاتەوە. لە ڕاستیدا کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق تا ڕادەیەک تەنانەت ئەگەر لەسەر کاغەزیش بێت، هێڵی سووری بەسەر ئەو پێوەندییەدا کێشا، بەڵام داکوتانی ڕیشەی فیکریی حیزبی تودە لەنێو ئەندامانی حیزبی دیموکراتدا و ڕووداوەکانی پاش کۆنگرەی دووەم، سەرلەنوێ حیزبی دیموکراتی توشی هەمان کارەساتی فیکریی و ئایدیۆلۆژی کردەوە. حیزبی تودە لە سەرەتای دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات، بیری نەتەوەیی و کوردستانی بوونی لە مێشکی ڕێبەران، ئەندامان و لایەنگران و ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات سڕییەوە. سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی حیزبی دیموکراتی خستە ژێرپێ. ئاڵای ئینتەرناسیۆنالیزمی پێ بەرز کردەوە و ئاڵای کوردستانی پێداکشاند. خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دروشمی میللی دیموکراتییان لە ئەدەبیات و مێشکی ڕێبەران و ئەندامانی حیزبی دیموکرات خزاند و دروشم و بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناسیۆنالیزم و "ناسیۆنالیزمی تەنگ نەزەر" و شەرمەزاریی ناساند. ڕزگار بوونی نەتەوەی کوردیان بە کێشەی سەراسەریی ئێران بەستەوە و وەک نەتەوەیەکی کۆلۆنی لە ئێراندا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەتەوەی کورد نەکرد. ئەوانە دەستپێکردنێکی هەڵە بوون کە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توشی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتیان کرد. لەو بارەیەوە نمونەیەکتان لە کەریم حیسامی بۆ دەهێنمەوە کە لە کتێبی "لە بیرەوەریەکانم- بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٢٤٨ دەڵێت:

**- (دووی ڕێبەندان نیزیک دەبۆوە. بۆ شکاندنی سامی کودیتاچیەکان و زیندووبوونەوەی ورەی خەڵک دەبوایە بەبۆنەی دووی ڕێبەندانەوە چالاکییەک نیشان بدەین. هاوڕێ یانی کومیتەم بانگ کرد کە لەسەر چونیەتی چالاکی**

دووی ڕێبەندان قسە بکەین. پاش باسێکی زۆر هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە ئاڵای کوردستان ساز بکەین و شەوی دووی ڕێبەندان لەسەر داشامەجید و قولقولاخ و کیوەکانی دەوروبەری مەهاباد بیچەقێنین. لە دیوارەکانی نێو شاریش شوعار بنووسین. برادەری کرماشانی کە حیزبی تودە بۆ کاری ڕێکخراوی لاوان ناردبووی، وەدەنگ هات و گوتی: "دووی ڕێبەندان فیکرەیەکی ناسیونالیستی یە. ئیمە گشتمان ئیرانیین و نابێ بیری جیوازی خوازی بلاوبکەینەوە. لەم بارەوە لە لایەن حیزبی تودەوە شتیک بۆمن نەنووسراوە." زۆرمان قسە لەگەڵ کرد فایدەی نەبوو. گوتم: تۆ وەک یارمەتی دەر بە ڕێکخراوی لاوان هاتوویە ئیرە. لێرە کومیتەی حیزبی دیموکرات بریار دەدا. گوتی: "حیزبی دیموکرات چەس؟ من هەوەڵ جارە ئەم قسەیە ئەبیسم. من تەنیا حیزبی تودە ئەناسم". ....)

هەرلەو بارەیەوە سەید عەلی ڕەحمانی لە کتێبەکەیدا "بەشێک لە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ژیانم" لە لاپەڕەی ١٩٠دا دەڵێت: (لە فێربوونی ئەو دەورەی پێش و پاش کوودیتا تا بەهاری ١٣٣٤ شتگەلێکم لەبیرە. پێم وایە ئێرە جێگای ئیشارە پێ کردنە. گشتمان باش دەزانین کە ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی خاوەنی پیاوانی بلیمەت و بەناوبانگی زۆرە. تا ئەو کاتە فێر نەکرابووین کە ئەوانە کێ بوون و چییان کردووە! بەڵام دەمانزانی کە دایکی ماتیاس ڕاگووشی، سەرۆکی ئەوکاتەی مەجارستان لیباس شۆری دێ یەکەی خۆیان بووە! ماوتسەتۆنگ و لیوشاوچی کرێکاری کانی خەلووزی بەردی وڵاتی خۆیان بوون! بەچاکی دەمانزانی مۆریس تۆرێز، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە، کرێکاری شیرینی پەزی بووە!! بەڵام نەماندەزانی ئەمارەتە کوردییەکان چی و کێ بوون!؟ یان شێخ سەعیدی پیران کێ بوو و چی کردوە؟ یان کۆماری ئازەربایجان و کوردستان ڕیشە و ماهیەتیان چ بووە؟ چونکە ئەوکاتە لایان وابوو ئەوانە قسەی ناسیونالیستین نابێ باسیان لێ بکرێ.)

---

١- بیرەوەرییەکانی دوکتۆر نورەدین کیانوری سکرتێری پێشوی حیزبی تودەی ئێران، لاپەڕەی ٦٧، ساڵی ١٣٧١- ١٩٩٢، بنکەی لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەی "دیدگا".

٢- دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان و کوردستان، سەرکردەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پیلان و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوانەی کە گومان دەکرا بە کشانەوەی سوپای سۆڤیەت سەرهەڵبدەن و هاوهەڵوێستیی لەنێوان هەر دوو حکومەتدا، لە بواری

وتوویژکردن لەگەڵ تاران و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە، ڕۆژی ۱۳۲۵/۲/۳ (۱۹٤٦/٤/۲۳) لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و ئەندامیەتی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەید عەبدوڵا گەیلانی، عومەرخانی شەریفی، ڕەشید بەگی جیهانگیریی، زێرۆ بەگی بهادوریی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و قازی محەمەد خزری نوێنەری خەڵکی شنۆ، چوون بۆ تەورێز و لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی میللیی ئازەربایجان سەید جەعفەر پیشەوەری سەرۆکوەزیران، حاجی میرزا عەلی شەبستەری سەرۆکی پەرلەمانی میللیی ئازەربایجان، سادق پادگان جێگری سەرۆکی فیرقەی دیموکرات، دوکتۆر سەلاموڵا جاوید وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئازەربایجان و محەمەد بێریا وەزیری فەرهەنگی حکومەتی میللیی کۆبوونەوە و بە نوسینی ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٤، لاپەڕەی ۱، دوشەممو ۱٦ بانەمەر ۱۳۲۵، ٦ مە ۱۹٤٦، لەسەر حەوت خاڵ بۆ هاوکاریی ڕێککەوتن.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ۱۱۲ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت: **(بەپێی نزیکایەتی پێشووی حیزب لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، من و ڕەحیمی سوڵتانیان و ڕەحیمی خەرازی دیارییکراین بەناوی لیژنەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات بچین بۆ تەورێز و داوا لە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات بکەین کە لە بواری تیۆرییەوە یارمەتیمان بکەن. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە نامەیەکم نووسی و لەگەڵ ڕەحیم سوڵتانیان و ڕەحیم خەرازی بردمان بۆ تەورێز و چووینە لای ئەندازیار "ئیرانشەری" کە لێپرسراوی کۆمیتەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بەناوی "هومام" بوو. ئێمە داوامان لێکرد کادیرێکمان بۆ بنێرن تا کۆمیتەی حیزب پەروەردە بکات. لە ڕاستیدا ئێمە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات، هەرچەندە کتێب و ڕۆژنامەمان دەخوێندەوە، بەڵام هیچکامەمان لە پلەیەکی بەرزدا نەبووین و پێویستمان بە کەسێک هەبوو کە بارمان بێنێ و ڕێنوێنیمان بکات.)**

۳- سدیق ئەنجیری ئازەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵان"ی لە بۆکان بڵاودەکردەوە. دوای هەرسهێنانی کۆمار چوو بۆ تاران و لە ئیدارەی فەرهەنگ دامەزرا. ئەندامی حیزبی تودەی ئێران بوو، ساڵی ۱۹۵۵ پێوەندیی لەگەڵ حیزبی توده پچڕی و هاوکاریی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کرد. ساڵی ۱۹٦٤ ئێرانی بەجێهێشت و بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات کە ڕۆژی ۱۹٦٤/۱۱/۱۹ لە سونێ پێکهات، چووە بۆ باشوری کوردستان. لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا. ناوبراو ساڵی ۱۹٦٦ بەشێوەیەکی گوماناوی وەک چەندان تێکۆشەری تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوری کوردستان لەلایەن پیاوانی سەربە دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" دزرا و هەتا ئێستا نە تەرمەکەی دۆزراوەتەوە و نە چۆنیەتی تیرۆر کردنی ئاشکرا بووە.

٤- سارمەدین سادق وەزیری ساڵی ۱۹۲۱ لە سنە لەدایک بووە. بەشی یاسای لە زانکۆی تاران خوێندوە و لە دادگای تاران دامەزراوە. ساڵی ۱۹٤٦ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا چووەتە تاران و لەوێ کۆمەڵەی کوردەکانی نیشتەجێ لە تاران "جمعیت کردهای مقیم مرکز"ی دامەزراند و تا ساڵی ۱۹۸۰ وتەبێژی ئەو ڕێکخراوەیە بوو. ساڵی ۱۹٤۹ بووەتە ئەندام لە حیزبی تودەدا و ساڵی ۱۹۵۰ یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی نەتەوەیی خەبات دژی داگیرکەر "جمعیت ملی مبارزه با استعمار". دوای کودەتای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲، لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە گیراوە. سەرەتا بە ئیعدام و دواتر بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکوم کراوە، بەڵام دوای چوار ساڵ و چەند مانگ وەبەر بەخشینی گشتی

کەوتــووە و لـە زینــدان ئــازاد کــراوە. ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢١، ســارمەدینی ســادق وەزیــری نوێنــەری کوردەکــانی نیشــتەجێی تــاران لــەگەڵ لیژنــەیــەکی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران بــە ســەرۆکایەتی ئایــەتوڵا تاڵــەقانی و ئەندامــەتی دوکتــۆر حــاج ســەید جــەوادی وەزیــری نــاوخۆی وڵات، ئایــەتوڵا بەهشتی، دوکتۆر بەنیسەدر، حوجەتولئیسلام ڕەفسنجانی، و شوکروڵا پاکنژاد نوێنەری بەرەی دیموکراتی نەتەوەیی و چەند کەسی تر لە تارانەوە هاتنە سنە لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین، غەنـی بلوریـان، عەبـدوڵا حەسـەن زادە و کۆمەڵێـک کـوردی شـاری سـنە کۆبـوونەوە بـۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد و شەڕی سنە. سارمەدین سادق وەزیری لەگەڵ دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، غەنی بلوریان، محەمەدئەمین سیراجی، ئەمیر قازی، جەلیل گادانی، نەبی قادری، سنار مامەدی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢٨بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەگەڵ نەتەوەی کورد چوون بۆ قوم و بۆ ماوەی ٤٥ خولەک لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی وتووێژیان کرد. هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ساڵی ١٩٨٠ لە یەکەم هەنگاویدا داوای لە سارمەدین سادق وەزیری و عەزیز ماملێ کرد کە پرۆژەیەک بۆ خودموختاریی گەلی کورد گەڵاڵە بکەن تا هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت بیکات بە بنەمای داخوازییەکانی کە ناوبراوان ئەو پرۆژەیان ئامادە کرد. مامۆستا سارم ساڵی ١٩٨١ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ئێرانی بەجێهێشت و ئیتر نەگەڕایەوە بۆ ئێران و ئێستا لە سوید دەژی.

٥- دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کۆبوونەوەی گشتی کادیرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨- مارس ئاپریلی ١٩٨٩دا. بڕوانە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧.

# کرانەوەی سیاسیی لە ئێران و کوردستان

لە سەردەمی دوکتۆر محەمەد موسەدیقدا (١٩٥١- ١٩٥٣) خەباتی ڕێکخراوەیی و مەدەنی لە ئێران ئازاد بوو. حیزبە سیاسی و مەدەنییەکان بەئاشکرا خەباتیان دەکرد و یاسا پارێزگاری لە گردبوونەوەکان و خۆپێشاندانەکان دەکرد. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمەوە تا کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢- ١٩٥٣/٨/١٩، لە بواری چالاکیی سیاسی و مەدەنیدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند. ئەوکاتە ئەحمەد تۆفیق ئەندامی هەرە لاوی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات بوو. ناوبراو لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە پابەند بە بیری حیزبی تودە نەبوو و پتر خۆی بە خەباتی بە کردەوە خەریک دەکرد تا خوێندنەوەی کتێبە دەسنیشانکراوەکانی حیزبی تودە بۆ ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١١٣- ١١٤ ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

- (ئیحسانوڵڵا، کتێبی بۆ دیاری دەکردین کە بیخوێنینەوە... لەنێو هەمووی ئێمەدا تەنیا عەبدوڵڵای ئیسحاقی ئامادە نەبوو کتێب بخوێنێتەوە و هەمیشە وەبەر ڕەخنەی ئیحسانوڵڵا دەکەوت... بەڵام بەو حاڵش ئینسانێکی کاری بوو و هەمیشە لە خۆپیشاندانەکاندا نەخشی بەرچاوی هەبوو. هەمیشە خەریکی دروشم نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوەکانی حیزب بوو. ئێمە گەلێک جاران ڕەخنەمان لێدەگرت و دەمانگوت: بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوەکانی حیزبی ئەرکی تۆ نییە و بەرپرسی خۆی هەیە، بەڵام گوتنی ئێمە هیچ فایدەی نەبوو. ئەو کە دەیدیت ئەندامێکی حیزب خەریکە دروشمێک لەسەر دیوار دەنووسێ، خامەکەی لێوەردەگرت و بۆخۆی دروشمەکەی بۆ دەنووسی. عەبدوڵڵای ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" بەڕاستی ئاشقی کار بوو. زۆر ئازا و نەترس بوو، لە هیچ خەتەرێک نەدەپرینگایەوە و لە کارەکانیدا سادق و سالم بوو.)

سەبارەت بە خەباتی بە کردەوەی ئەحمەد تۆفیق لە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتدا ئاماژە بە چەند نمونە و ڕووداوی ئەو سەردەمە دەکەم:

ڕووداوی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥١ی مهاباد کە سێڵاوێکی بە تەوەژم بەشێک لە شاری مهابادی گرتەوە. زۆربەی باوک و بەتایبەتی دایکەکانی ئێمە لە ساڵانی دوای سێڵاودا کە دەیانویست باس لە بیرەوەرییەکی

ئەو سەردەمی مهاباد، یان ژیانی خۆیان و بنەماڵەکەیان بکەن، ڕووداوی سێڵاویان بەبیر دەخستەوە کە لەودا ئاوی سێڵاو لانکی منداڵان و ئاژەڵ و حەیوانی لەگەڵ خۆی بردوە و دەیانگوت بەرلە سێڵاو، یان دوای سێڵاو، فلان شت ڕوویداوە، یان کوڕەکەم لە ساڵی سێڵاو، یان ساڵێک پێش سێڵاو، یان ساڵێک پاش سێڵاو لەدایک بووە و ....تد. بەهاری ساڵی ١٩٥١ دوای باران بارینێکی بە تەوەژم، سێلاو شەقام و گەڕەکەکانی شاری مهابادی داگرت و لە هەندێک جێدا، بەتایبەتی لە گەڕەکی شوانان کە گەڕەکێکی فەقیرنشینی سابلاخ بوو، ئاوی سێڵاو چوو لە ماڵەکانەوە و زیانێکی زۆری گیانی و ئابووریی بە خەڵک گەیاند. ئەحمەد تۆفیق لەو ساڵانەدا کە بەکردەوە پێشڕەوی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات بوو، زۆر بە پەلە بە فریای خەڵکە زیاندیتووەکان کەوت و بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات یارمەتییەکی باشی بۆ ئەو خەڵکە کۆکردەوە. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١١٨ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

**- (کاتێک ساڵی ١٩٥١ سێڵاو گەڕەکی "شوانان"ی داگرت کە گەڕەکێکی فەقیرنشینی مهاباد بوو، ئێمە ئەندامانی حیزبمان کۆکردەوە و ئەوانمان نارد تا یارمەتی بەو خەڵکە هەژارە بکەن. ... تا فەرمانداری مهاباد خۆی کۆبکاتەوە، ئێمە نزیکەی ٨٥ هەزار تمەنمان کۆکردەوە، بە کۆمەڵ پارەکەمان لەگەڵ سەید عەبدوڵا ئیسحاقی کە نوێنەری حیزب بوو بەرەو گەڕەکی شوانان چووین و سەری ماڵی سێڵاوگرتووەکانماندا و لەو پارەیە یارمەتیماندان(١).)**

ڕووداوی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ١٩٥٣/٦/٦ کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گردبوونەوەیەکی بەشکۆدا لە باخی میکایلی شاری مهاباد، پێشوازیی لە چوارەمین فێستیڤاڵی لاوانی جیهان کرد. فێستیڤاڵی لاوانی جیهان بە دەسپێشخەریی وڵاتانی سۆسیالیستیی لە بوخارێست پایتەختی وڵاتی ڕۆمانیا پێکدەهات و بڕیاربوو کەریم حیسامی ئەندامی کۆمیتەی نەغەدەی حیزبی دیموکرات، لەسەر ناوی حیزبی تودەی ئێران و بە نوێنەرایەتی لاوان و خوێندکارانی شاری مهاباد بەشداریی ئەو فێستیڤاڵە بکات. ئەحمەد تۆفیق بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکرات، بەرپرسی پێکهێنانی گردبوونەوەکە بوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگران حیزبی دیموکرات، ڕێکخراوی لاوان و خەڵکی شاری مهاباد و دەوروبەری بەشداریی گربوونەوەکەیان کرد. پۆلیسی مهاباد بە بیستنی هەواڵی

ئەو گردبوونەوەیە، داوای لە سەرتیپ زەنگەنە فەرماندەی تیپی مهاباد کرد کە بۆ بڵاوەپێکردنی گربوونەوەکە یارمەتی پۆلیس بدات. زەنگەنە هێزێکی لە سوپای ئێران لە مهاباد بە فەرماندەیی سەرگورد ڕادپوری نارده سەر بەشدارانی گردبوونەوەکە. ناوبراو بۆ بڵاوە پێکردنی خەڵکەکە فەرمانی تەقە کردنی هەوایی بە سەربازەکانیدا و لە ئاکامی ئەو تەقە کردنەدا کوڕێکی نۆ ساڵانە بە ناوی "حەسەن ڕەمەزانی" شەهید بوو(٢).

دوای شەهیدبوونی حەسەن ڕەمەزانی، ئەحمەد تۆفیق نوێنەری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات، تابوتێکی بەتاڵی کە بە قوماشی سپی خوێناویی داپۆشرابوو و پێشانیدەدا تەرمی حەسەن ڕەمەزانیی تێدایە لەسەر شانی خۆی و ژمارەیەک لە بەشدارانی گردبوونەوەی باخی میکایلی گەیاندە نێو شاری مهاباد و لە نزیک نەخۆشخانەی شێروخورشید کەوتنە نێو شەقامی پەهلەوی. خەڵکی مهاباد بە بینینی ئەو دیمەنە لە دەوری تابوتەکە کۆبوونەوە و بە دروشمدان دژی ڕژێمی پەهلەوی بەرەو چوارچرا هاتن. ئێمە منداڵانی خوێندنگەی خەیام و هاوپۆلی حەسەن ڕەمەزانی، خوێندنگەمان بەجێهێشت و بەشداریی خۆپێشاندانەکەمان کرد. یەکێک لە کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی خۆپێشاندانەکە، عەزیز فەلاحی مامۆستای پۆلی ئێمە بوو کە شانبەشانی ئەحمەد تۆفیق لەپێش خەڵکەکە دەڕۆیشت و ئێمەش دەورمان گرتبوون و دروشمەکانمان دووپات دەکردەوە.

خۆپێشاندان گەیشتە گۆڕەپانی چوارچرا کە نوسینگەی بەڕێوەبەرایەتی سوپای ئێرانی لێ هەڵکەوتبوو. ئەحمەد تۆفیق بەڕێوەبەری ئەو خۆپێشاندانە، بۆ ئەوەی کە لەوێ کارەساتێکی تر ڕوونەدات، دروشمەکانی ڕاگرت و داوای سزای تاوانباری کرد و ڕێنمایی ڕێپێوانەکەی کرد کە بە شەقامی شاپووردا بەرەو مزگەوتی هەباس ئاغا بچێت. هاوینی ساڵی ١٩٩٥ لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ مامە غەنی بلوریان باسمان لەو خۆپێشاندانە دەکرد، گوتی:

**- (بڕیار بوو لەبەر مزگەوتی هەباس ئاغا، من و ئەحمەد تۆفیق قسە بۆ خەڵک بکەین و تاوانبارانی هێرش بۆسەر گردبوونەوەی باخی میکایلی مەحکوم بکەین کە سەرباز و پۆلیس پەلاماری خەڵکەکەیاندا و بڵاوەیان پێکردن، جگەلە من و ئەحمەد تۆفیق و دوو سێ کەسی تر، هەموو ڕایانکرد.)**

من خۆم لەبیرمە کە بە تەقەی هەوایی چەکدارانی ڕژێم ڕامانکرد و چووین بۆ مەیدانی مەنگوڕان و کۆڵانی شاتری.

ڕووداوی سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی خولی حەڤدەیەمی پەرلەمانی ئێران لە کۆتایی مانگی سەرماوەز تا ١٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣٣٠- دیسێمبەری ١٩٥١ تا ڕۆژی ١٩٥٢/١/١. ئەو هەڵبژاردنە لە پرۆسەی کێشەیەکی بەردەوام لەنێوان دوکتۆر محەمەد موسەدیق و لایەنگرانی لەلایەک و محەمەد ڕەزاشا و دارودەستەکەی لەلایەکەی تریدا ئەنجامی گرت. خەڵکی مهاباد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاڵێوراویان بۆ هەڵبژاردن نەبوو. لایەنگرانی شا، مەلایەکی عەجەمیان بە ناوی ئیمام خۆیی بە نوێنەری خەڵکی مهاباد پاڵاوتبوو و سەرتیپ موزەفەری فەرماندەی سوپای ئێران لە مهاباد، ئاغا و دەرەبەگەکان و شاپەرستەکان پشتیان دەگرت. لە بەرامبەردا حیزبی دیموکرات پشتی سارمەدین سادق وەزیری پاڵێوراوی حیزبی تودەی گرت و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب بڕیاریدابوو دەنگ بۆ سادق وەزیری کۆبکاتەوە. لەو ڕووداوەشدا ئەحمەد تۆفیق ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا، ئەو هاوکات لەگەڵ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ سادق وەزیری، پێشی بە فرۆفێڵی چەکدارانی ڕژێم لە ناوچەی بەرپرسایەتی خۆیدا گرت. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان سەبارەت بە ڕۆڵی ئەحمەد تۆفیق لە هەڵبژاردنە لە ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

- (دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن دەرکەوت کە خەڵکی مهاباد بە تێکڕایی دەنگیان بە سادق وەزیری دابوو. لەنێو مەنگوڕاندا سندوقی دەنگیان لەکن پاسگای ژاندارمەری "گوێچکە دەرێ" دانابوو. هەرچەندە سندوقەکە لێپرسراوی خۆی هەبوو، بەڵام بەپێی ژمارەیەک وێنە کە عەبدوڵڵای ئیسحاقی لەو جێیە گرتبوونی، دەرکەوت کە ژاندارم و ئاغاکان وەرزێرەکانیان ناچار کردبوو دەنگ بە سادق وەزیری نەدەن... عەبدوڵڵای ئیسحاقی چەند وێنەی هێنابۆوە کە پیشانیاندەدا ئاغا و ژاندارمان لە وەرزێرەکانیان داوە و تەنانەت بە زۆری ڕیخیان دەرخوارد داون. ئەو هەروەها چەند پێناسەی منداڵی تەمەن ١٢-١٣ ساڵەشی وەچنگ کەوتبوو کە مۆری دەنگدانیان پێوە بوو. عەبدولای ئیسحاقی گشت ئەو بەڵگانەی کردبووە سوڕەت مەجلیس و بە دانی بەرتیل ئەوانی بە ئیمزای پاسگای گوێچکە دەرێ گەیاندبوو. سادق وەزیریش ئەو بەڵگانەی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ تاران کە عەبدوڵڵای ئیسحاقی کۆی کردبوونەوە و لە ڕۆژنامەکاندا چاپی کردن. بەم جۆرە ئەگەر ئەو بەڵگانە ڕوون نەکرابایەن لەوانەبوو حکومەت ئیمام خۆیی بکات بە نوێنەری خەڵکی مهاباد[٣].)

هەروەهــا لـە ڕیفراندۆمی ڕۆژی ١٣٣٢/٥/١٩- ١٩٥٣/٨/١٠دا کە بە بڕیـاری دوکتـۆر موسـەدیق و بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی پەرلـەمـان ئـەنجـامی گـرت و ٩٩/٩% دەنگیان بە هەڵوەشانەوەی پەرلـەمـان و هەڵبژاردنـی نوێدا، ئـەحـمـەد تۆفیـق لـە ڕێفراندۆمی شـاری مهابـاددا ڕۆڵـی بـەرچـاوی گێـڕا. غـەنـی بلوریـان لـە لاپـەڕەی ١٢٥ی ئاڵەکۆکـدا سـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئـەحـمـەد تۆفیـق دەڵێـت: **(چـونکە زۆربـەی ئەنـدامانی پەرلـەمـان سـەربـە بنەمـاڵەی پەهلـەوی بـوون و داکۆکیـان لـە شـا دەکـرد، دوکتـۆر موسـەدیق نەیـدەتوانی پێشـنیازەکانی بـە دەنگــی زۆریـنـەی پەرلـەمـان بگـەیـەنێـت.... ناچـار بـوو ڕۆژی ٥ی گـەلاوێـژی ١٣٣٢ بـەپێـی یاسـای بنـەڕەتـی ئێـران داوای هەڵوەشـاندنـەوەی پەرلـەمـان بکـات. .... ڕیفراندۆمیان ڕێکخست تـا لـە خـەڵک پرسیار بکرێ کە پەرلـەمـان هەڵوەشـێ یـان وەک خـۆی بمێنـێ. ... بـۆ داکـۆکی کـردن لـە دوکتـۆر موسـەدیق خـەبـاتێکی نـەپسـاوە و شـێلگیرمان دەسـت پێکـرد. گشـت ئـەنـدامان و لایـەنگرانمـان لـەنێـو خـەڵکـدا بڵاوکـردەوە کـە دژی شـا بـوەسـتن و دەنگـی "بـەڵـێ" لـە سـندوق هـاوێژن، مـن و عەبدوڵا ئیسحاقی و هاشم حوسێن زادە لەلایەن حیزبەوە دیاریکراین بچین لـە شـوێنە جیاوازەکـانی شـاری مهابـاد خـەڵک کـۆ بکـەینـەوە و ڕای خـەڵک بـەرەو هەڵوەشاندنـەوەی پەرلـەمـان ڕاکێشین. ... عەبدوڵا ئیسـحاقی لـەبـەر مزگـەوتـی هـەبـاس ئاغـا قسـەی بـۆ خـەڵـک دەکـرد و هاشـم حوسـێن زادە لـە مـەیـدانی "حـەمـەخـرچـە" و "سـەربـەرداش". سـەرئـەنجام کۆبـوونـەوە بچووکـەکانمـان لـە کۆبوونـەوەیـەکی گـەورەی بـەر مزگـەوتی هـەباس ئاغا تێکخستـەوە و ....)**

شـایانی باسـە لـەو ڕیفراندۆمـەدا هەمـوو خـەڵکـی مهابـاد دەنگیـان بـە هەڵوەشاندنـەوەی پەرلـەمان و هەڵبژاردنـی نوێی پەرلـەمان دا[٤].

ڕووداوی چـوارەم دەگـەڕێـتەوە بـۆ کودەتـای ١٣٣٢/٥/٢٨- ١٩٥٣/٨/١٩ کـە سـەرچاوەکـەی دەگـەڕایـەوە بـۆ بیـر جیـاوازیی لـەنێـوان شـا و دوکتـۆر مـحـەمـەد موسـەدیق دا. کردەوەکانی دوکتۆر محـەمـەد موسـەدیق سـەرۆکوەزیرانی ئێـران کـە دەیویست لـەلایـەک شا لـە بـەرامبـەر حکومـەتدا بـە ئـەرکی خـۆی ئاشـنا بکـات و لـە لایـەکەی تـردا ڕژێمـی ئێـران پارێزگـاریی لـە سـەربـەخۆیی ئێـران بکـات و لـەژێـر فـەرمانی ئـەمریکا ڕزگـار بێ و نـەخشی وڵاتێکی بێلایـەن لـە جیهانـدا بگێڕێت، شـا دوو زلهێـزی ئینگلیـز و ئـەمریکـا تـەواو تـوڕە کردبـوو. هەروەهـا سـەرکـەوتنـەکانی موسـەدیق لـە بـەڕێـوەبردنی حکومـەتـدا نـاکۆکی خسـتبووە نێـو ئـەنـدامانی پەرلـەمان و کاربـەدەستانی ڕژێم. لـە پرۆسـەی ئـەو کێشـانـەدا، محـەمـەد ڕەزاشـا

بە پلانێـک کە ئەشـرەف پەهلـەوی خوشـکی لـە وڵاتـی سـویس "سویسـرا" بـە هاوکـاریی کاربەدەسـتانی ئینگلیـز و ئەمریکـا و بـە هاوکـاریی ئەرتەشـبود فەزلولڵا زاهیدی ئامادەی کرد بوو، دەبووایە ڕۆژی ١٣٣٢/٥/٢٥- ١٩٥٣/٨/١٦ بە کودەتـایەکی سـەربازیی دوکتـۆر موسـەدیق لـە حکـومەت بـخەن و ئەرتەشـبود فەزلولڵا زاهیدی لـە جێی ئەو دانێن، بەڵام بەهۆی ئاشکرابوونی ئەو پلانە، شا نەیتوانی لە ئێران بمێنێتەوە و لەو ڕۆژەدا ڕایکرد بۆ بەغدا و لـەوێوە چوو بۆ ئیتالیـا، بەڵام سـێ ڕۆژ دوای ڕاکردنـی شـا، پلانەکەیـان بە خۆپێشـاندانێکی خەڵک بە پشتیوانی هێزە چەکدارەکانی لایەنگریی شا، لە ڕۆژی ١٣٣٢/٥/٢٨- ١٩٥٣/٨/١٩ بەڕێوەچوو[٥].

ڕاکردنی شا خۆشیی و شادمانیی گەلی کوردی بەدواوە بوو. بەم بۆنەیەوە حیزبـی دیموکراتی کوردستان بۆ پیرۆز کردنی ئەو ڕۆژە، لـە زۆربـەی شـەقام و گۆڕەپانەکانی شاری مهاباد کۆبوونەوەی جۆراوجۆری ڕێکخست و ڕاکردنـی شـای پیرۆز کرد. مامۆستا هێمن لـە یەکێک لەو کۆبوونـەوانەدا کـە لـەپێش مزگـەوتی هەباس ئاغا کرا، شیعری لەبیرنـەکراوی **"بـڕۆ ئـەی شـای خـایین بـەغدا نیـوەی ڕێیـەت بـێ"**ی خوێندەوە. لـە پێکهێنـان و بـەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانـدا حوسێن فروهەر "زێڕینگـەران"، ئەحمـەد تۆفیـق، غـەنی بلوریـان، عـەزیز یوسفی، سدیق خاتەمی، خاتوو گوڵە ڕێحان ڕۆڵی سەرەکیی و زۆر بەرچاویان هەبوو.

سـێ ڕۆژ دوای ڕاکردنـی شـا، ڕۆژی ١٩٥٣/٨/١٩ کودەتـایەکی سـەربازیی دژی دوکتـۆر موسـەدیق لە ئێـران بەڕێوەچـوو و نـاوبراو لە حـوکم کەوت. ڕۆژی ١٩٥٣/٨/٢٠، شا لە ئیتالیاوە گەڕایەوە بۆ تاران و دوکتۆر موسەدیق و هەزاران ئـازادیخوازتر گیـران و لـە زیندانەکانـدا کـۆ کرانـەوە، ئەشکەنجەیان دان و کـۆمەڵێکی زۆریـان گوللـەباران کـرد و هـەزارانیش ناچـار بـوون بـۆ پاراسـتنی گیانیـان ئێـران بـەجێبهێڵن. کودەتـای ٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٣٢، دەسـتپێکی گەڕاندنەوەی دیکتاتۆریەتی هەمەچەشنەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئـابووریی و فەرهـەنگیی بـوو بـۆ ئێـران و محەمـەد ڕەزا جگەلـە تێکۆشـانی ئـایینی هەمـە جـۆرە تێکۆشـانێکی سیاسیی و کۆمەڵایـەتی لە ئێران یاساخ کرد. لە مهابـاد، پۆلیس و سوپا شـاریان گەمـارۆدا. حوسێن فروهـەر، عەبـدوڵا ئیسحاقی، خـاتوو گوڵە ڕێحان و چەند کەسی تریان دەستگیرکرد. غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، سدیق خاتەمی و ژمارەیەکی تر لە مهاباد ڕایانکردە ناوچەی نێوان مهابـاد و سەردەشـت و پەنایـان بـۆ گونـدەکانی مەنگـوڕان و گەورکـان بـرد. لەوێ

کۆمیتەیەکیان پێکهێنا کە ناوی کۆمیتەی بڵباس بوو[٦]. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٣٨ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت: **(عەبدوڵا ئیسحاقی، حوسێن فروهەر، گوڵەڕیحان و ... سێ مانگ لە بەندیخانەدا مانەوە.)** ئیسحاقی چونکە لە خوێندنگەدا زمانی فەرەنسی خوێندبوو، بە وتەی ڕئوف حافزلقورئان "ڕئوفی مەلا حەسەنی" کە لە تەورێز لەگەڵ ناوبراو زیندانی بووە، ئیسحاقی لە زیندانیدا بە بەردەوامی خەریکی خوێندنی زمانی فەڕەنسی بووە. ناوبراو دوای ئازادبوونی لە زیندان، خۆی گەیاندوەتە ناوچەی مەنگوڕان و بۆ ماوەیەک لەلای قادر شەریف و غەنی بلوریان و کادیرە ڕاونراوەکانی حیزب مایەوە و دواتر جگەلە قادر شەریف بەرپرسی کۆمیتەی بڵباس، ئەوانی تر گەڕانەوە بۆ مهاباد.

١- بەرلەو سێڵاوە، پێشتر لە ساڵی ١٣١٥- ١٩٣٦ز، دوای بارانێکی توند، سێڵاوێکی وێرانکەر لە مهاباد هات و بەشێکی زۆر لە ماڵ و دوکان و باخەکانی مهابادی وێران کرد و زیانێکی زۆری بە خەڵک گەیاند. کاتی هاتنی ئەو سێڵاوە قازی محەمەد بە فریای خەڵک دەگەیشت و منداڵانی لە مەرگ ڕزگار دەکرد. ئەو ئەو ساڵە بە ساڵی سێڵاوی مهاباد دەناسرێت و بەتەمەنەکانی مهاباد، مێژووی بیرەوەرییەکانیان بۆ ئەو سێڵاوە دەگەڕاندەوە.

٢- لەسەر شێوەی شەهیدکردنی حەسەن ڕەمەزانی تا ئێستا هەواڵی جۆراوجۆر بڵاوبووەتەوە و دەگوترێ ئەو ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات بووە. دەبێ بڵێم ئەو هەواڵانە دورن لە ڕاستی. ئەوکاتە من لە پۆلی دووەمی خوێندنگەی "خەیام"ی شاری مهاباد هاوپۆلی حەسەن ڕەمەزانی بووم. ناوبراو هێشتا تێکەڵاوی خەباتی سیاسی نەببوو، لەو ڕۆژەدا لەگەڵ بنەماڵەکەی لە باخی میکایلی، لەسەر دارقەیسییەک خەریکی قەیسی لێکردنەوە دەبێ کە گوللەیەکی وێڵ دەیپێکێ و دڵە بچکۆلەکەی لە لێدان دەخات.

٣- بەهۆی دەستێوەردانی سوپا لە هەڵبژاردنی خولی ١٧ دا، دوکتۆر موسەدیق نەیهێشت هەڵبژاردنەکە بە کۆتا بگات و هەڵبژاردنی لە شارەکاندا ڕاگرت. لە ئەنجامدا تەنیا ٨٠ نوێنەر توانیان بگەنە پەرلەمان و شارەکانی شیراز، ئیسفەهان، مەشهەد، هەموو پارێزگای خوزستان، بەشێک لە پارێزگای مازندران، کوردستان، هەمەدان، لورستان نەیانتوانی نوێنەر بۆ خولی ١٧ی پەرلەمان بنێرن، پەرلەمان لە ١٣٥ نوێنەر، بە ٨٠ نوێنەر پێکهێنا و ٥٥ کورسی پەرلەمان بە بەتاڵی مایەوە. موسەدیق بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ داوای متمانەی لە پەرلەمان کرد، ناوبراو بە ٥٢ دەنگ لە بەرامبەر ٣ دەنگی دژ و ١٠ دەنگی سپی، متمانەی پێکهێنانی کابینەی نوێی وەرگرت. لە کۆڕی سناشدا، ڕۆژی ١٣٣١/٤/١٨- ١٩٥٢/٧/٩، لە ٣٦ سناتۆری ئامادەی دەنگداندا، دوکتۆر موسەدیق لە بەرامبەر ١٩ دەنگی سپیدا، تەنیا ١٤ دەنگی وەرگرت، بەڵام دواتر سناتۆرەکان بەبێ دەنگدانی نوێ، بە ڕاسپاردەی شا، دوکتۆر موسەدیقیان بە سەرۆک وەزیران هەڵبژارد. لە پێکهێنانی کابینەی نوێدا، دوکتۆر موسەدیق دەیویست هاوکات بەرپرسایەتی وەزارەتی جەنگی ئێرانیش وەرگرێت کە شا قبوڵی نەکرد و لە ئاکامدا موسەدیق ڕۆژی ١٣٣١/٤/٢٥- ١٩٥٢/٧/١٦ دەستی لەکار کێشایەوە. شا دەست لەکار کێشانەوەکەی قبوڵ کرد و پۆستی سەرۆک وەزیرانی بە قەواموسەلتەنە بەخشی. قەوام لایحەی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتی پێشنیاز کرد کە پڕۆژەکەی لە هەموو لایەکەوە وەبەر ڕەخنە کەوت و لەلایەن پەرلەمانەوە وەرنەگیرا و لە ئەرکەکەشی دوور خرایەوە. دوای خۆپێشاندانی ڕۆژی ١٣٣١/٤/٣٠- ١٩٥٢/٧/٢١ کە ژمارەیەک خەڵکی مەدەنی لە تاران تێدا کوژرا، پەرلەمانی ئێران سەرلەنوێ بە دەنگی ٦١ پەرلەمانتار لە ٦٤ پەرلەمانتار، بۆ جاری دووەم متمانەی دایەوە بە دوکتۆر موسەدیق و ئەو ڕۆژی ١٣٣٢/٥/٥- ١٩٥٣/٧/٢٧ کابینەیەکی نوێ ڕاگەیاند و ناوی وەزیری جەنگی گرد بە وەزیری بەرگریی.

٤- موسەدیق کە نەیدەتوانی پرۆژەکانی بە دەنگی کەمی نوێنەرانی پەرلەمان جێبەجێ بکات، داوای هەڵوەشاندنی پەرلەمانی کرد و ویستی تا هەڵبژاردنی نوێ حکومەتەکەی بەبێ پەرلەمان کاروباری ئێران بەڕێوەبەرێت کە ژمارەیەک لە بیرمەندانی لایەنگری دژی وەستان و گوتیان تەمەنی پەرلەمان تەنیا ساڵێکی ماوە، بەڵام ئەو گوێی بە لایەنگرانی نەدا و پەنای بۆ ڕیفراندۆم برد. ڕیفراندۆم ڕۆژی ١٣٣٢/٥/١٢ – ١٩٥٣/٨/٣ لە تاران و ڕۆژی ١٣٣٢/٥/١٩- ١٩٥٣/٥/١٠ لە شارەکان ئەنجامی گرت و لە ئەنجامدا لە ١٨ ملیۆن دەنگدەر، ٩٩/٩% دەنگیان بە هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی نوێدا. ڕۆژی ١٣٣٢/٥/٢١- ١٩٥٣/٨/١٢ دوکتۆر موسەدیق فەرمانی هەڵوەشاندنی پەرلەمانی ڕاگەیاند و داوای لە شا کرد کە فەرمانی هەڵبژاردنی نوێ ڕابگەیەنێ کە شا گوێی بۆ دەنگی گەل شل نەکرد.

٥- کودەتای ١٣٣٢/٥/٢٨- ١٩٥٣/٨/١٩ی ئێران کە بە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ دەناسرێ، لەلایەن ئەرتەشبود فەزلولڵا زاهیدی و بە هاوکاریی دەزگای هەواڵگریی بریتانیا و ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا دژی دوکتۆر محەمەد موسەدیق بەڕێوەچوو. لە شەشەمین ساڵڕۆژی ئەو کودەتایەدا، ئەرشیوی "ئەمنیەتی میللی ئەمریکا" بەڵگەیەکی بڵاوکردەوە کە لەودا ڕۆڵی ئەمریکا لەو کودەتایەدا پێشاندەدات. پیلانی کودەتا لەلایەن ئینگلیز و ئەمریکا داڕێژرابوو. ڕۆڵی شا لەو کودەتایە ئیمزاکردنی فەرمانی لێخستنی دوکتۆر موسەدیق لە حکومەت و سپاردنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران بە ئەرتەشبود فەزلولڵا زاهیدی بوو. ئەشرەف پەهلەوی خوشکی محەمەد ڕەزاشا کە بە فەرمانی دوکتۆر موسەدیق چوو بوو بۆ ئەوروپا، لە وڵاتی سویس

چـاوی بـە کاربـەدەسـتانی ئینگلیـز و ئـەمریکـا کـەوت و بـە کـەڵکـوەرگرتن لـە پاشـناوی مێـردەکـەی گـەڕایـەوە بۆ ئێران و شای لـە پـیلانـەکە ئاگـادار کـردەوە و سـەرلـەنوێ گـەڕایـەوە بـۆ ئـەوروپـا. شـا فـەرمـانـەکـەی لـەسـەر دوو لاپـەڕە کاغـەزی سپی واژۆ کـرد. کـاتژمێر ١:٠٠ی ١٣٣٢/٥/٢٥ سـەرلـەشکر نـەسیری فـەرمـاندەی گـاردی سـەڵتـەنـەتی بـە تـانـک و زرێپـۆش لـە کـاخـی سـەعدئـابـادەوە دەچـێ بـۆ ماڵـی دوکتـۆر موسـەدیق کـە فـەرمـانـەکـەی پێڕابگـەیـەنێت. موسـەدیق کـە پێشـتر بـە تـەلـەیفـون لـەو پـیلانـە ئاگـادار کرابـوو، بـەهـۆی پاسـەوانـەکـانی نـەسـیری و هـاوڕێیـانـی دەسـتگیر کـرد. شـا بـە بیستنی ئـەو ڕووداوە بـەیـانی ڕۆژی ١٣٣٢/٥/٢٥- ١٩٥٣/٨/١٦ بـە فڕۆکـە ڕایکـرد و چـوو بـۆ بـەغدا و لـەوێوە خۆی گـەیـاندە ئیتالیا.

سـەرلـە بـەیـانی ڕۆژی ١٩٥٣/٥/١٩ لـە کـاتێکـدا زاهیـدی لـە تـاران پـەنـای بـۆ ئـەمریکاییـەکـان بردبـوو و ژمـارەیـەکی زۆر لـە فـەرمـاندەکـانی سوپای ئێران خۆیـان حـەشار دابـوو، کۆمـەڵێک خـەڵـک لـە باشـوری تـارانـەوە بـەرە ناوەنـدی شـاری تـاران بـەڕێکـەوتـن و بـە دروشـمی "بـژی شـا"، دژی دوکتـۆر موسـەدیق دروشـمیـانـدا و لـە ئـەنجـامـدا خـەڵکێکـی زۆریـان لـە دەور کۆبـووەوە. موسـەدیق فـەرمـانیـدا سـوپا بـەرگریـی لـە خۆپێشـاندانـەکـە بکـات، بـەڵام ئـەنـدامانی سـوپاش لـەگـەڵ خۆپێشـاندەران کـەوتـن. تـانکـەکـان نوسـینگـەی نزیکـانی موسـەدیق و ڕۆژنـامـەکـانی لایـەنگرانـی دوکتۆر موسـەدیق و نوسینگـەی حیزبی تودەیان تاڵان کرد. بـە تـانک و دۆشکە هێرشیان کردە سەر ماڵی موسـەدیق و ئـەو بـە نـاچـار پـەنـای بـۆ مـاڵـی دراوسـێیـەکی بـرد و خۆپێشـاندەران مـاڵـەکـەیـان تـاڵان کـرد. هـاوکـات خۆپێشـاندەران بینـای ڕادیـۆ تارانیـان داگیرکـرد و میرئـەشـرافی فـەرمـانی لێخستنی دوکتۆر موسـەدیق و بـەدەسـەڵات گـەیشـتنی زاهیـدی لـە ڕادیـۆ خوێنـدەوە و لـە ئـەنجـامـدا کـودەتـای ١٩٥٣/٨/١٩ لـە تـاران و شـارەکـانی تـردا بـە ئاکـام گـەیشـت. ڕۆژی ١٩٥٣/٨/٢٠ دوکتـۆر موسـەدیق و ژمـارەیـەکی زۆر دەستبـەسـەر کـران و شـا لـە ئیتالیـاوە گـەڕایـەوە بـۆ تـاران و لـەو ڕۆژەوە دیکتـاتۆریـەتی پـەهـلـەوی ئێرانـی داگـرت. شـا فـەرمـانیـدا دوکتـۆر موسـەدیق لـە دادگـای سـەربازییدا موحـاکمە بکـرێ. دادگـا سـێ سـاڵ زینـدانی بـەسـەر موسـەدیق دا سـەپاند و دوای ئازادبوونیشی لـە زینـدان لـە موڵکـەکـەی خوێدا لـە ئـەحمـەدئـاوای تـاران خـرایـە ژێـر چـاودێریی و ساڵی ١٩٦٧ لـە تـەمـەنی ٨٤ ساڵیدا بـەهـۆی شێرپـەنجـە کۆچی دوایـی کـرد. و لـە ئـەحمـەدئـاوا بـە خاک سپێردرا. ناوبراو دوو کوڕ و سێ کچی لـە پاش بـەجێما.

٦- ئـەرکـی کـۆمیتـەی بڵبـاس ڕێکخسـتنی ڕێکخراوەکـانی حیـزب لـە گونـدەکان، پێوەنـدیی ڕێکخراوەکانی حیـزب لـەگـەڵ کـۆمیتـەی بـەڕێوەبـەرایـەتی حیـزب، هـاوکـاری و ئاسـانکاریی لـەگـەڵ ئـەو ئـەنـدامانـەی حیـزب بـوو کـە لـە مهابـاد و شـارەکانـدا مـەترسـی گرتنیـان هـەبـوو و پـەنـایـان بـۆ گونـدەکان دەبـرد و دواتـریش لـە سـاڵی ١٩٥٨ و دوای کودەتـای ١٤ی تـەمـوز "ژوئـێن" پێوەنـدیی نێـوان ئـەحـمـەد تۆفیـق و کـۆمیتـەی حیـزب بـوو لـە مهابـاد. هاشـم ئـەقـەلـەتـولاب "قـادر شـەریف" ئـەندامی بـەڕێوەبـەریی حیزب ئـەرکی سەرۆکایـەتی ئـەو کۆمیتـەیـەی لـە ئـەستۆ بوو.

## ئەحمەد تۆفیق لە پرۆسەی خەباتی نهێنی حیزبی دیموکرات دا



هەروەکوو گوتم، کودەتای ۱۹۵۳/۸/۱۹، شکانی بزوتنەوەی دیموکراتی و گەڕانەوەی دیکتاتۆریەتی رژێمی پەهلەوی بە دواوە بوو. یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی شا و زاهیدی لەو کودەتایەدا، نەجولان و دەستەوەستانی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندەکانی سوپا، شارەبانی، ژاندارمەریی، کاربەدەستانی بالای حکومەت و زۆربەی کرێکاران، ڕۆشنبیران، خوێندکاران و خەڵکی هەمەجۆرەی لە تاران و شارەکانی ئێران لەگەڵدا بوو، ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە کودەتادا دژ کردەوەیان پێشان نەدا و لە ئاکامدا کودەتا سەرکەوت و بە فەرمانی شا و زاهیدی نوسینگەکانی حیزبی تودە و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکانی تری ئێران کۆکرانەوە و ژمارەیەکی زۆریان لە کادیرانی حیزبی تودەیان گرت. بەشێک لە ڕێبەرانی ئەو حیزبە کە پێیان گەیشتە زیندان، پەشیماننامەیان لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە و هەندیکیشیان لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" کەوتن و دوای کودەتا هاوکاریی ساواکیان کرد.

بەپێچەوانەی حیزبی تودە، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دوای کودەتای ۱۹۵۳/۸/۱۹دا چالاکییەکانی نەوەستا. هەرچەندە ئەحمەد تۆفیق و چەند کەسی تری لێ گیرا و ژمارەیەک لە کادیران و دوو ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بە ناوەکانی ڕەحیم سوڵتانیان و کەریم وەیسی وازیان لە خەبات هێنا، بەڵام ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات خۆی ڕاگرت و بۆ پاراستنی ئەندامان و ڕێکخراوەکانی، پەنایان بۆ گوندەکانی نێوان مهاباد و سەردەشت برد و لەوێ درێژەیان بە کاری ڕێکخستندا و دواتر بە ئارام بوونەوەی بارودۆخ، بەرە بەرە گەڕانەوە بۆ شارەکان. ئەحمەد تۆفیقیش دوای ئازادبوونی لە زیندان لە سەرەتای مانگی نۆڤێمبەری ۱۹۵۳ چوو بۆ ناوچەی مەنگوڕان و لەگەڵ قادر شەریف تێکەڵاوی خەباتی نهێنی بوو. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ۱۸۳ی ئاڵەکۆک دا دەڵێت:


**- (دوای کودەتای ١٩٣٢/٥/٢٨- ١٩٥٣/٨/١٩ی شا و زاهیدی، ڕێبەرایەتی حیزب گۆڕانی بەسەردا هات، ڕەحیم سوڵتانیان و کەریم وەیسی حیزبی دیموکراتیان بەجێهێشت و لە سیاسەت دوورکەوتنەوە و خەریکی ژیانی خۆیان بوون و تەنیا عەزیز یوسفی، ڕەحمەتوڵا شەریعەتی، عەبدوڵا ئیسحاقی و من لە کۆمیتەی ناوەندییدا مابووینەوە. دوکتۆر عەلی مەولەوی مشاویری کۆمیتەی ناوەندیی بوو و قادر شەریف، ئەسعەد خودایاری و چەند کەسی تر ئەندامی کۆمیتەی بڵباس بوون و لە هەندێک کۆبوونەوەی تایبەتی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدارییان دەکرد.)**

بەرلە ئازادبوونی ئەحمەد تۆفیق، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات بڕیاریدابوو غەنی بلوریان بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ حیزب بچێت بۆ باشوری کوردستان. دوای ئازادبوونی ئەحمەد تۆفیق و جێگیربوونی لە ناوچەی مەنگوڕان و دواتریش لە گوندی سیسێر، ئەسعەد خودایاری بەرپرسی پێوەندیی نێوان ئەحمەد تۆفیق و غەنی بلوریان و ئەندامانی تری حیزب بووە. ئەوکاتە عەزیز یوسفی لە تاران بەنهێنی ژیاوە و لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملوو پێوەندییان بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە گرتوە کە بە یارمەتی ئەوان ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپخانەی فیرقەی دیموکرات لە تەورێز چاپ بکەنەوە. بلوریان بە هاوکاریی پارتی دیموکرات کوردستان نزیکەی بیست هەزار تمەنی بۆ حیزب کۆکردوەتەوە و بە ئەسعەد خودایاریی دا پارەکەی بۆ ئەحمەد تۆفیق ناردوەتەوە. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٤٢ی ئاڵەکۆک دا دەڵێت:

**- (بە یارمەتی پارتی، نزیکەی بیست هەزار تمەنم کۆکردەوە و ئەوم بە ئەسعەددا ناردەوە بۆ حیزب. ئەسعەد پارەکانی تەسلیمی عەبدوڵڵای ئیسحاقی کردبوو. عەبدوڵڵا نامەیەکی بە ئەسعەددا بۆ ناردبووم کە بەپەلە بگەڕێمەوە بۆ ناوچەی مەنگوڕان. ئەو نوسیبووی حیزب بڕیاری داوە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆڕگانی حیزب، دەربکات.)**

دوای ئاگاداربوونی لە بڕیاری حیزب بۆ بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، غەنی بلوریان لە مانگی شوبات "فیبرواریی" ١٩٥٤ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی مەنگوڕان و لەوێوە چووە بۆ تەورێز و لەگەڵ عزیز یوسفی و ڕەحمان قاسملوو یەکی گرتوەتەوە و سدیق ئەنجیرییش[1] لە تارانەوە چووەتە تەورێز و لەگەڵ غەنی بلوریان لە ماڵی "مادام مەروسیا" لە

گەڕەکی ئەرمەنیان ژیاون. ئەحمەد تۆفیق هاوکاریی بەرپرسانی کۆمیتەی شاری سنەی لە ئەستۆ گرتوە و چووە بۆ شوێنی بەرپرسایەتییەکەی و لەوێ لە ماڵی عوبێد خالەقی بە نهێنی ژیاوە. بەگشتی جگەلە قادر شەریف کە بەرپرسی کۆمیتەی بڵباس بوو، لەگەڵ ئەسعەد خودایاری و ژمارەیەکی تر، ئەندامانی کۆمیتەی ڕێبەرایەتی حیزب لە مهاباد و دەوروبەری دوور کەوتونەتەوە. سەبارەت بەبوونی ئەحمەد تۆفیق لە ماڵی عوبێدی خالقی لە سنە، سەید عەلی ڕەحمانی[٢] لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: (ساڵی ١٣٣٤ من سەرباز بووم و لەگەڵ ماشاڵا ئەفشاری بە ڕەگەز جولەکە و دوکتۆر داریوش دوورئەندیشی خەڵکی



ئیسفەهان لە شانەیەکی حیزبیدا بووم لە هەنگی تەعلیماتی سەربازگەی سنە. ئەحمەد تۆفیق لەو ساڵەدا لە ماڵی عوبێد خالەقی بوو، دیارە غەنی بلوریانیش بۆ ماوەیەک لەوێ بوو و هەندێک جاریش دەهات و سەردانی کۆمیتەی حیزبی دەکرد. لەو ساڵەدا حیزب بڕیاری پساندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی تودە دا. ئەوکاتە ئێمە نەماندەتوانی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی حیزب و شانەکان بناسین، بەڵام دواتر من دوو لە ئەندامانی کۆمیتەی سنەم بە ناوەکانی سەید ڕەحمەتوڵا شەریعەتی کارمەندی دارایی سنە و بەرپرسی ڕێکخراو و هاشم لوتفوڵا شێخانی ئەندامی کۆمیتەی سنەم ناسی کە ئەحمەد تۆفیق و غەنی بلوریان هاوکاریی ئەوانیان دەکرد.)

دوای جێگیربوونی غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، سدیق ئەنجیری، ڕەحمان قاسملوو لە تەورێز، ئەوان توانیان تا ئاشکرابوونی چاپخانەی فیرقەی دیموکرات، پێنج ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپ و بە هاوکاریی "مەحمود مەنگوڕی"ی خەڵکی مهاباد و فیرقەی دیموکرات بڵاوبکەنەوە، بەڵام دواتر بە وتەی غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٣ی ئاڵەکۆک دا کە جەعفەر قەوسی سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئازەربایجانی سەربە فیرقەی

دیموکرات گیرا و چاپخانەکەیان ئاشکرا بوو، ئەوانیش جگەلە عەزیز یوسفی کە دوای بڵاوبوونەوەی دوو ژمارەی کوردستان گیرا و نزیکەی ساڵێک زیندانی بوو، عەبدولڕەحمان قاسملوو، غەنی بلوریان و سدیق ئەنجیریی[1] چوون بۆ تاران. لەو بارەیەدا غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٣ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت: **(عەزیز یوسفی بە دوای دەرچوونی دووهەمین ژمارەی کوردستاندا لە مسافیرخانەی "شەبستەری" گیرا و نزیک بە ساڵێک لە زیندان مایەوە.)**

---

١- سدیق ئەنجیریی ئازەر یەکێک لە تێکۆشەرانی شاری مهاباد بوو. لە کۆماری کوردستاندا سەرنووسەری گۆڤاری «هاواری نیشتمان» ئۆرگانی یەکیەتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان بوو کە ژمارەی یەکەمی ڕۆژی ١٣٢٥/١/١- ١٩٤٦/٣/٢١ بڵاوکرایەوە. لەو ژمارەیەدا، ئەنجیریی وتووێژێکی ڕاستەوخۆی سەبارەت بە کێشەی کورد لە وڵاتە داگیرکەرەکانی عیراق، ئێران، تورکیا و سوریا و شەڕی دووەمی بارزان ١٩٤٣- ١٩٤٥ لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی ئەنجامدا. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ناوبرا چوو بۆ تاران و لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی تاران دامەزرا و هاوکات لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران کەوت، بەڵام دواتر لەو حیزبە دابڕا و ساڵی ١٣٣٣- ١٣٣٤ هاوکاریی غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی و عەبدولڕەحمان قاسملووی کرد لە بڵاوکردنەوەی پێنج ژمارە کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، دەورەی دووەمدا. ساڵی ١٩٦٤ لەسەر بانگهێشتی ئەحمەد تۆفیق چوو بۆ باشوری کوردستان و بەشداریی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کرد و لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات هەڵبژێردرا. ناوبرا لە نێوان ١٩٦٦/٥/١- ١٩٦٦/٥/٦دا بەهۆی دەستێکی ناپاکەوە لە باشوری کوردستان بێسەروشوێن کرا.

٢- سەید عەلی ڕەحمانی ساڵی ١٩٣٥ لە سنە لەدایک بووە لە تەمەنی ١٤- ١٥ ساڵیدا چووەتە ڕیزی یەکێتی لاوانی حیزبی تودەی ئێران. ساڵی ١٩٥٣ ئەو ڕێکخراوەی بەجێهێشتوە و لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بووە بە ئەندام و چەندان پلەی حیزبیی بڕیوە. لەنێوان کۆنگرەکانی ٤ و ٥ی حیزبی دیموکراتدا ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی بووە. بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی لە کتێبی ٢٥٦ لاپەڕەیدا بڵاوکردوەتەوە و ئێستا لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا، لە کۆمەڵگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە دەژی.

## کۆبوونەوەی تاران

لە جۆزەردانی ١٣٣٤- کۆتایی مای ١٩٥٥، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات لەسەر داوای غەنی بلوریان کۆبوونەوەیەکی لە ماڵی سدیق ئەنجیری ئازەر لە تاران پێکهێنا. غەنی بلوریان، ئەحمەد تۆفیق، قادر شەریف، سلێمان موعینی، عەبدلڕەحمان قاسملوو، محەمەدئەمین ڕاتبی، ئەسعەد خودایاری و سدیق ئەنجیری بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد. مەبەست لەو کۆبوونەوەیە پساندنی پێوەندیی حیزبی دیموکرات بووە لەگەڵ حیزبی تودە لە ئێران کە بەهۆی بێهەڵوێستی ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە کودەتای ١٩٥٣/٨/١٩، ڕێکخراوەکانیان هەڵوەشابوون و پۆلیس ڕەگاژۆیی کردبووە ڕیزی ئەندامان و ڕێکخراوەکانیانەوە. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٥-١٥٦ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

- (من داوام لە برادەران کرد، بێن لە تاران کۆبینەوە، سلێمان موعینی، هاشم ئەقەلەتولاب، حەمەدەمین ڕاتبی، عەبدوڵا ئیسحاقی و ئەسعەد خودایاری هاتن بۆ تاران. ڕەحمان قاسملوو و سەدیق ئەنجیریش بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد، سەدیق ئەنجیری لە حیزبی تودە بڕابوو و زۆر بەجیددی هاوکاریی ئێمەی دەکرد. ... لەو کۆبوونەوەیە کە بەهاری ساڵی ١٣٣٤- ١٩٥٥ بەسترا ئەو خاڵانەی خوارەوە کەوتنە بەرباس و لێکۆڵینەوە:

١- پساندنی پێوەندیی لەگەڵ حیزبی تودە، بەهۆی ڕەگاژۆیی کردنی پۆلیس لەنێو ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەدا، هەرچەشنە پێوەندییەک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حیزبی تودە، لەوانە بوو ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش تووشی گیروگرفت بکا. لەبەر ئەوە داوامان لە ڕەحمان قاسملوو کرد و گوتمان ئەگەر پێتخۆشە هاوکاریی لەگەڵ حیزبی دیموکرات بکەی، دەبێ پێوەندیی خۆت لەگەڵ حیزبی تودە بپچڕی. من بە قاسملووم گوت بەو گرفتەی کە بۆ حیزبی تودە خوڵقاوە، ئەگەر تۆ پێوەندیی بە ئەوانەوە بگرێ و بێیەوە لای ئێمە، لەوانەیە ڕێکخراوی ئێمەش ئاشکرا بێ. قاسملوو کە لەبیر و بۆچوونی ئێمە گەیشت، بەڵێنی پێداین کە لەگەڵ حیزبی تودە پێوەندیی ناگرێتەوە و دەبێتە ئەندامی حیزبی دیموکرات.)

٢- شیکردنەوەی کارەساتی ٢٨ ی گەلاوێژ. لە لێکۆڵینەوەی کارەساتی ٢٨ ی گەلاوێژدا بەو ئاکامە گەیشتین کە ئەو کارەساتە بەهۆی نەبوونی وورەی

شۆڕشگێڕانە لەناو ڕێبەرایەتی حیزبی تودەدا و هەڵوێست وەرنەگرتنی خورت و جددیی و بە پەلە لە لایەن ڕێبەرانی حیزبی تودەوە، "شا و زاهیدی" توانییان کودیتا بکەن. لەبەرئەوە بڕیارماندا بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نامەیەک بۆ ڕێبەرانی حیزبی تودە لە دەرەوەی ئێران بنوسین و لە هەنگاوی لاواز و بێورەیی ڕێبەرانی حیزبی تودە لە سەرهەڵدانی کارەساتی ٢٨ ی گەلاوێژ، ڕەخنە بگرین. بڕیار ئەوە بوو قاسملوو ئەو نامەیە ببات بۆ ئەورووپا و بیدات بە ڕێبەرانی سۆڤیەت و کۆپییەکیشی بدات بە سەرۆکایەتی حیزبی تودە لە دەروەی وڵات و ڕێگەیەک بکاتەوە بۆ پێوەندیی ڕاستەوخۆی حیزبی دیموکرات لەگەڵ سۆڤیەت[١].)

هەرلەو بارەیەوە، دوکتۆر قاسملوو بەبێ ئاماژە کردنی بە کۆبوونەوەی تاران، سەبارەت بە پساندنی پێوەندیی لەگەڵ حیزبی تودە و گەیاندنی ئەو دوو نامەیەی کە غەنی بلوریان پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە، دەڵێت: (وەزعی داخڵیی حیزبی توودە تێک چوو، ئەفسەرەکان گیران و زۆر کەس ئیعدام کرا. دەرکەوت حیزبی توودە "پولیس زدە" بووە، بۆیە ئێمە ئەو دەم کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا کە لەوانەی ئێستا لەم جەمعەدا هەن کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور و ئەمن تێیدا بەشدار بووین. ئەو کۆبوونەوەیە کە پاشان ناومان نا "کۆنفرانسی یەکەمی حیزب" لە گوندی "کەوتەر"ی مەنگوڕانی مەهاباد بەنهێنی پێک هات. لەوێدا ئێمە بڕیارمان دا لەگەڵ حیزبی توودە قەتعی رابیتەی تەشکیلاتی بکەین و حیزبی دێموکرات بۆخۆی سەربەخۆ فەعالییەتی خۆی بکا. چونکە هەم نەزەرمان ئەوە بوو حیزبی توودە لەسەر مەسەلەی "مصدق"و هەم لەسەر کودیتای ٢٨ی مورداد چەوت ڕۆیشتوە، هەم نەزەرمان ئەوە بوو کە پولیس زەدە بووە و هەر تەماسێک لەگەڵ حیزبی توودە لە تاران بگیرێ، نەتیجەی ئەوە دەبێ گیری پولیس بکەوین. ئەوە بوو کە قەتعی رابیتەمان کرد. لەو وەختەوە ئیعلانمان کرد کە حیزبی دێموکرات خۆی سەربەخۆ فەعالییەت دەکا. بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەم ئەوەی لە بیرم بێ غەیری خۆم و کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور، بریتی بوون لە: عەزیز یوسفی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، ئەسعەد خودایاری، هاشم ئەقەلەتوللاب "قادر شریف"، پێم وایە هەموومان حەوت هەشت کەس زیاتر نەبووین. ئێمە ئەو وەختە لەبەر خاتری ئەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو تەماسمان لەگەڵ حیزبی توودە هەبوو، بیروباوەڕی توودەییمان تێدا زۆر بەهێز بوو. بۆیە پێمان وابوو ئەو تەشکیلاتەی حیزبی توودە کە لەنێو خۆی

وڵاتدا فەعالییەت دەکا، چەوت ڕۆیشتوە. بەڵام ئەوانی دەرەوە وەک "رادمنش"و "اسکندری"و ئەوانی دیکە باشترن. لەسەر ئەو ئەساسە کومیتەی کوردستان بڕیاری دا کە ئێمە لە دەرەوە پێوەندییان لەگەڵ بگرین و من بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەئمووریەتە چوومە عێراق و لەوێڕا چوومە دەرەوە. لە دەرەوە پێوەندیم گرت، هەم لەگەڵ حیزبی توودە و هەم لەگەڵ سۆڤیەتی‌یەکان. لەو تەماسەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٤ یانی ٣٤ ساڵ لەوە پێش و بە دوور و درێژی قسەم دەگەڵ کردن، ئەوان گوتیان: "بەڵێ داخوازەکانتان راست و ڕەوایە و جێبەجێیان دەکەین، تۆ بگەڕێوە داخلی وڵات و بە هاوڕێیانیش بڵێ[٢].)

ئەو کۆبوونەوەیەی دوکتۆر قاسملوو ئاماژەی بۆ دەکات، بە دوای کۆبوونەوەی تاران و کۆبوونەوەی گوندی "بێنگوین" لە ناوچەی مەنگوڕان، لە هاوینی ١٣٣٤، "سپتێمبەری ساڵی ١٩٥٥" پێکهاتووە، واتا دوای چوونی غەنی بلوریان بۆ سنە و گەڕانەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ ناوچەی مەنگوڕان و هیچ پێوەندیی بە بڕیاری پساندنی پێوەندیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حیزبی توده نەبووە و هەرگیز ناوی کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دیموکراتیشی لێ نەنراوە. هۆی پێکهاتنی کۆبوونەوەکە، گەڕانەوەی ئەحمەد تۆفیق و بەدەست گرتنی ئەرکی سەرکردایەتی حیزب و چوونی عەبدولڕەحمان قاسملوو بووە بۆ ئەوروپا. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٧ی ئاڵەکۆک دا دەڵێت:

- (دوای تەواوبوونی کۆبوونەی تاران، ئەحمەد تۆفیق گەڕایەوە بۆ سنە. ... ئەوکاتە لە ماڵی عوبێدی خالەقی کە ئەندامی حیزبی دیموکرات بوو، بەنهێنی دەژیا. ڕۆژێک مەزهەر خالەقی نامەیەکی بۆ عوبێدی برای بۆ تاران ناردبوو و گوتبووی عەبدوڵڵا ئیسحاقی لە مەترسی ئاشکرابووندایە. بۆ ئەوەی ناوبراو لە مەترسیی گرتن ڕزگاری بێ و ئەندامانی حیزب بتوانن لە سنە درێژە بە کاری خۆیان بدەن، لە کۆبوونەوەیەکی کتوپڕدا کە لە گوندی "بێنگوین" پێکهات، منیان دیاریی کرد بەجێی ئەحمەد تۆفیق بچم بۆ سنە. بەپێی ئەو بڕیارە من ئەرکی بەرپرسایەتی سنەم قبوڵ کرد و لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٤-ئاگوستی ساڵی ١٩٥٥ چووم بۆ سنە و ئەحمەد تۆفیق گەڕایەوە بۆ ناوچەی مەنگوڕان.)

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڕێگەی چوونی بۆ عێراق و ئەوروپا، لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، قادر شەریف، عەبدوڵا عیزەتپوور و

ئەسعەد خودایاری چوونەتە گوندی سەیدئاوای بابی گەورە و میوانی سەید ڕەسوڵی بابی گەورە بوون. لەوێش بە هەلیان زانیوە، لە چیای قەڵاتەڕەشە لە پشت گوندی سەید ئاوا لەنێوان مهاباد و پەسوێ، بە مەبەستی زانیاریی گەیاندن لەگەڵ ئەندامانی حیزب لەو ناوچەیەدا کۆبنەوە. لەوێش بە پەیڕەویی کردن لە کۆبوونەوەی تاران، جەختیان لەسەر پساندنی پێوەندیی لەگەڵ حیزبی توودە کردوەتەوە. لێرەشدا عەبدوڵا حەسەن زادە[٣] و جەلیل گادانی[٤] بەهەڵە ناوی کۆنفرانسیان لەو کۆبوونەوەیە ناوە کە ئەویش کۆبوونەوەیەکی ئاسایی حیزب بووە نەک کۆنفرانس.

بە پێچەوانەی نوسینی دوکتۆر قاسملوو. عەبدوڵا حەسەن زادە و جەلیل گادانی، عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان و ڕەحمەت شەریعەتی بەشداریی ئەو دوو کۆبوونەوەیان نەکردوە، چونکە عەزیز یوسفی لە زیندانی ڕژێمی ئێراندا بووە، غەنی بلوریان لە سنە و ڕەحمەت شەریعەتی لە تاران و تەنیا ئەحمەد تۆفیق لەو کۆبوونەوەیەدا پلەی ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی هەبووە و هیچ هەڵبژاردنێکیش لەو دوو کۆبوونەوانەدا نەکراوە. هەردوو کۆبوونەوەی کەوتەر لە ناوچەی مەنگوڕان کە دوکتۆر قاسملوو ئاماژەی بۆ کردوە و کۆبوونەوەی چیای قەڵاتەڕەشە کە عەبدوڵا حەسەن زادە و جەلیل گادانی لە زمانی سەید ڕەسوڵی بابی گەورەوە باسی لێدەکەن، کۆبوونەوەی ئاسایی زانیاریی گەیاندن بووە لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی بڵباس لەسەر بارودۆخی حیزب و بڕیاری پساندنی پێوەندیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حیزبی توودە. ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات پێشتر لەو شێوە کۆبوونەوانەیان لە ناوچەکانی سەردەشت، بانە و نەغەدەدا کردبوو و سەید ڕەسوڵیش گوتوویەتی کۆبوونەوە بووە. بەگشتی هۆی ئەو جۆرە کۆبوونەوانەش بۆ ئەو کێشانە دەگەڕانەوە کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات لە بڕیارداندا کەمتر دیاردە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی لەبەرچاو دەگرت و پتر بەرەو بیری چەپ و ئینتەرناسیۆنال دەچوو. لەو بارەیەوە سەعید کاوە "کوێستانی" لە پێوەندییەکی تەلەیفونیدا ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٧ ئاماژەی بۆ یەکێک لەو کۆبوونەوانە کرد کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات دوای کودەتای ١٩٥٣/٨/١٩ لە گوندی ئاڵیاوا لە نزیک گوندی قاڕنێ لەنێوان نەغەدە و جەڵدیان بەڕێوەی بردوە، ناوبراو لەو بارەیەوە گوتی:

- (دوای کودەتــای ۲۸ی گەلاوێـژی ۱۳۳۲ مـحـەمەد بەحرلعلـوم لـە فیـرقەی دیمـوکرات دابڕابـوو لـە نـەغـەدە لـەگەڵ حیزبــی دیمـوکرات کەوتبـوو. کــاکم ئـەندامی کۆمیتـەی نـەغـەدە بوو و کۆبوونـەوەیەکی لـە گوندی ئاڵیاوێ لـە نزیک گونـــدی قـــاڕنێ لـەنێـــوان نـەغـەدە و جەڵـــدیان بـــۆ حیـــزب ڕێکخســـتبوو. محەمەدەئەمین راتبی، قادر شەریف، ئەسعەد خودایاری، عەبدوڵا ئیسحاقی، ســولـەیمانی مـــوعینی و وەک لـەبیـــرم بـــێ، دوو ســـێ کەســـی تـــریش لـەو کۆبـوونـەوەیەدا بەشـداربوون. مـن هێشـتا منـداڵ بـووم و خـزمەتم دەکـردن. کۆبوونـەوەکە سەرەتا زۆر بەگەرمی و بە ڕێزگرتن لـە یەکتر بەڕێوەچوو، بەڵام کاتێک گەیشتنەسـەر بەشـی ڕەخنـە و پێشـنیاز و بڕیـاردان، دوو ڕۆژی تـەواو پێکەوە چەقەیان کرد و هەندێک جار کێشەکەیان توند دەبـوو. چونکە ئەوان لـە بواری فیکرییدا ناتەبا بوون، بەناچار بۆ داسەپاندنی فیکری خۆیان بەسـەر یەکتـردا، پەنـایـان بـۆ سـوێند خـواردن دەبـرد. مـن بینـیم یـەکێ بـە کـورد و کوردستانی سوێند دەخوارد و ئەویتریان بە مارکس و لێنین.)

هەرلـەو بـــــارەیەوە دوکتـــــۆر عەبـــــدولڕەحمان قاســـــملوو دژی هـــــێڵـە نـەتەوەیـــیەکەی حیزبـــی دیمـوکرات کە ئەحـــمەد تۆفیـــق و ژمـــارەیەکی تـــر نوێنـەرایەتیان دەکرد، بە ڕاشکاوی پشتی لایەنەکەی تر دەگرێ و دەڵێت:

- (... دوو جەرەیان هەم فیکری و هەم لـە شێوەی کاردا، لـەو کومیتـەیەدا کە ڕێبەرایەتی بوو بەرچاو دەکەوت: یەکێکیان پاشماوەی جەرەیانی ژ. کاف بوو. "بۆیە دەڵێم ژ. کاف، چونکـە حیزبـی دیموکرات لـە واقیـعدا مـاوەی ئیمکـانی فەعالییەتی یەکجار کەم بوو، لـە حاڵێکدا ژ. کاف پێشتر تەقریبەن زەمینـەی دوو ساڵ، سی ساڵ فەعالییەتی هەبوو." شێوەی فیکرکردنـەوەی ژ. کاف لـەباری بیروبـاوەڕەوە دوو شـتی تێـدا بـوو: یەکـەم ناسـیۆنالیزمێکی تـۆخ کـە داوای ڕزگاریی هەموو میللـەتی کوردی دەکرد کە ئەو شێوە بۆچوونە لـە چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی ئەو وەختەشدا دیارە، دووهەم، لـەباری کارەوە شێوەیەکی عەشایری هەبوو کە ئەم شێوە کارە لـە کۆمـەڵی کوردەواری خۆمان هەڵقوڵابوو و فەردی بوو نـەک دەستەجەمعی[٥].)

بەهەر حاڵ، عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەرکی خـۆی سـەبارەت بە گەیانـدنی دوو نامەکەی کۆمیتـەی بەڕێوەبەریی حیـزب کە لـە کۆبـوونـەوەی تـاران بڕیـاری بۆ درابوو، بە ئەنجام گەیاندوە، بەڵام غەنـی بلوریـان لـە لاپەڕەی ١٥٥- ١٥٦ی ئاڵەکۆک دا دەڵێت:

- (ڕەحمان قاسملوو نامەی ئێمەی نەدابوو بە بەرپرسانی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت، بەڵکو هەردوو نامەکانی لە عێراق دابوو بە ڕادمەنیش کە ئەوکاتە سکرتێری حیزبی تودە بوو.)

١- بلوریان هەروەها لە لاپەڕەی ١٥٥- ١٥٦ی ئاڵەکۆک دا سەبارەت بە کۆبوونەوەی تاران هەروەها دەڵێت: (هێشتا پەرویز حکمەتجو لە ئێران نەڕۆیشتبوو و لە ماڵی سەدیق ئەنجیری دەژیا کە من داوام لە برادەران کرد، بێن لە تاران کۆببینەوە. ... دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە، حکمەتجو چووە ماڵی ڕەحمان قاسملوو و پاش دوو ڕۆژ گەڕایەوە بۆ ماڵی سەدیق. ناوبراو لە باسەکانیدا گوتی: "من هەستم کرد کیانوری هاتە ماڵی قاسملوو و ناوبراو ئاکامی کۆبوونەوەی ئێوەی پێڕاگەیاند." گوتنی حکمەتجوومان پێسەیر بوو، لەبەر ئەوە هەمووومان بەتوندی ڕەخنەمان لە ڕەحمان قاسملوو گرت و من گوتم: چونکە قاسملوو بیرلە پاراستنی ئێمە ئەندامانی حیزبی دیموکرات ناکاتەوە و لەگەڵ بەڵێنی پساندنی پێوەندیی لەگەڵ حیزبی تودە، دیسان لەگەڵ کیانوری دانیشتووە، من قبوڵ ناکەم لەگەڵ ئێمە پێوەندیی هەبێ و تەنانەت هەستام و کۆبوونەوەکەم بەجێهێشت. سلێمان موعینی، قادر شەریف و ئەحمەد تۆفیق زۆریان هەوڵدا بمێنمەوە، بەڵام نەمامەوە و گوتم دەچم بۆ "پارکی شار". لە پارکی شار بووم کە سلێمان موعینی، قادر شەریف و ئەحمەد تۆفیق هاتن و گوتیان قاسملوو بە توندی ڕەخنەی لەخۆی گرتووە و گوتوویەتی چیتر پێوەندیی لەگەڵ حیزبی تودە ناگرێ. ئەوان داوایان کرد بگەڕێمەوە و گوتیان قاسملوو کوردێکی دڵسۆزە و ئێمە دەتوانین کەڵکی لێوەرگرین و نابێ بە بڕیاری ئاوا توند پاڵی پێوەنێین. ئەوان بەمنیان سەلماند کە توند و تیژیم کردوە و لە

**ئەنجامدا لەگەڵیان گەڕامەوە. قاسملوو ئەمجارە بە بەشداریی هەمووی ئێمە ڕەخنەی لەخۆی گرت و گوتی ئیتر پێوەندیی بە حیزبی تودەوە ناگرێتەوە.)**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، پەرویز حکمەتجو ساڵی ١٩٢٧ لە تاران لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شارەکانی مەشهەد و تاران خوێندوە و دواتر چووە بۆ خوێندنگەی سەربازی "مدرسه نظام" و بووە بە فرۆکەوان. ساڵی ١٩٥٢ چووەتە ڕێزی ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی تودەی ئێران. ساڵی ١٩٥٣ هاوسەرگیریی کردوە و بە دوای کودەتای ١٩٥٣/٩/١٩ و گیرانی بەشێکی بەرچاو لە ئەفسەران و پلەدارانی ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی تودە. ناوبراو ژیانی نهێنی گرتووەتەبەر و بۆ ماوەیەک لە ماڵی سدیق ئەنجیریی لە تاران بووە و دواتر ڕایکردوە و بۆ ماوەی دە ساڵ لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات بووە. ساڵی ١٩٦٠، لەگەڵ ڕادمەنیش لە بەغدا جێگیر بووە. ساڵی ١٩٦٤ بۆ چالاکیی سیاسی بە نهێنی بە سنوری ئاستارادا گەڕایەوە بۆ ئێران و لە مانگی سپتێمبەری ساڵی ١٩٦٥، ساواک لەگەڵ ژمارەیەک تودەیی تر دەستگیری کردوە و ساڵی ١٩٦٦ لە دادگای سەربازیی ئێراندا حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپا و ڕۆژی ١٩٧٤/٦/٤ کوشتیان.

٢- وتاری دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کۆبوونەوەی گشتیی کادیرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨- مارس ئاپریلی ١٩٨٩دا. بڕوانە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧.

٣- حەسەن زادە لە لاپەڕەکانی ١٦ و ١٧ی نیوسەدە تێکۆشاندا دەڵێت: **(ئەوەی لەبیرم ماوە ئەوەیە کە لە بەشی دووهەمی بەهاری ١٣٣٤دا پێک هاتووە، شوێنی کۆنفرانسەکە ناوچەی سەری مەیدان لە نیزیک مەهاباد بووە و خوالێخۆشبوو سەید ڕەسوڵی دهقان "سەید ڕەسووڵی بابی گەورە" میوانداری بووە. بەشدارانی کۆنفرانس ٢٠ تا ٢٥ کەس بوون و لە بڕیارەکانی کۆنفرانسیش یەکەم چەسپاندنی بچڕینی پێوەندی تەشکیلاتی لە حیزبی توودەی ئێران و وەدەست هێنانەوەی سەربەخۆیی تەشکیلاتی بۆ حیزب بووە و دووهەمیش هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری. ئەندامانی ئەو کۆمیتە بریتی بوون لە عەزیز یوسفی، غەنی بلوریان. ڕەحمت اللا شریعتی. عبداللە اسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" و دوکتۆر قاسملو، دوکتۆر مەولەوییش وەک مشاویر دیاری کرابوو.)**

٤- گادانی لە ٥٠ ساڵ خەبات لاپەڕەی ٩٨دا دەڵێت: **(لە هاوینی ١٣٣٤دا بە هاوکاریی بێدریخی سەید ڕەسوڵ دهقان کە یەک دوو ساڵ پێشتر ببووە ئەندامی حیزب، لە کێوی قەڵاتەڕەشی پشت گوندی سەیدئاوای بابی گەورە لە ناوچەی پیرانشار بە بەشداریی ١٥- ٢٠ کەس کۆنفرانسی یەکەم پێکدێ. بەپێی ئەو یادداشتە کورتەی لە شەهید سەید ڕەسوڵ بەجێ ماوە، لە بەشداران ئەو چەند کەسەی ژێرەوە بۆ ئەو ناسراون: ١- کاک ڕەحمان قاسملوو بە نێوی نهێنی حەسەن ٢- کاک ئەسعەد خودایاری بەنێوی نهێنی مەلا عەلی ٣- سەید عبداللە اسحاقی و ٤- کاک عەزیز یوسفی و .... لەم کۆنفرانسەدا کە سەید ڕەسووڵ بە کۆبوونەوەی نێودەبا، هێندێک بڕیاری گرینگ دەدرێ.)**

٥- وتاری دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کۆبوونەوەی گشتیی کادیرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨- مارس ئاپریلی ١٩٨٩دا. بڕوانە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧.

## فیستڤاڵی لاوان لە مۆسكۆ و چەند ڕووداوی نەخوازراو

دوای گەیاندنی نامەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات، عەبدولڕەحمان قاسملوو بە وتەی خۆی لە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارەی ٢٧دا، گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بەنهێنی چووە بۆ ئێران. لە تاران بەهۆی "ئەرسەلان پوریا" کادیری نهێنی حیزبی تودەی ئێران کە لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی ڕژێمی شا "ساواک"، کەوتبوو، لە داوی ساواک کەوتووە و نەیتوانیوە ڕاسپاردەکانی حیزبی تودە بەجێبگەیەنێت و بە ناچار تارانی بەجێهێشتوە. لەو بارەیەوە دوکتۆر قاسملوو لە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧ دا ئاماژە بۆ چوونی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات و گەڕانەوەی بۆ ئێران و هەروەها چوونەوەی دووبارەی بۆ دەرەوەی وڵات دەکات، بەڵام ناڵێت لە تاران لە داوی ساواک کەوتووە و چی بەسەر هاتووە و دەڵێت:

- (... من بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەئموورییەتە چوومە عێراق و لەوێڕا چوومە دەرەوە. لە دەرەوە پێوەندیم گرت، هەم لەگەڵ حیزبی توودە و هەم لەگەڵ سۆڤییەتییەکان... و ئەوان گوتیان: بەڵێ داخوازەکانتان ڕاست و ڕەوایە و جێبەجێیان دەکەین، تۆ بگەڕێوە داخڵی وڵات و بە هاوڕێیانیش بڵێ. ... بەهەر حاڵ هەتا من گەڕامەوە "کیانوری"و هەموو ئەوانەی دیکەی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودە کە لە نێوخۆی وڵات بوون، چووبوونە دەرێ و ئەوەی کە مابوو وەک "یزدی"و "علوی" گیرابوون. لە نەتیجەدا بڕیارمان دا کە ئێمە بۆخۆمان فەعالییەتی خۆمان درێژە پێ بدەین. لە جەرەیانی ئەم فەعالیەتەدا، بۆ یەکەم جار لە عێراق پێوەندیمان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراق گرت کە ئەو وەختە سێ چوار دەستەش بوو و دەگەڵ هەر سێ چوار دەستەکە پێوەندیمان گرت. دەگەڵ پارتی پێوەندیمان گرت کە ئەویش دوو دەستە بوو. بەم چەشنە و بەرەبەرە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراقیش ئاشنا بووین و لەگەڵ عێراق ئاشنا بووین. ئەو بەڕێوەبەرییە بەو شێوەیە مابوو تا ساڵی ١٣٣٧ کە بەداخەوە کاک عەزیز یووسفی و پاشان لە ساڵی دوایی کاک ڕەحمەت شەریعەتی و غەنی بلووریان کە ئەویش ئەندامی کومیتەی کوردستان بوو، گیران و بەدوای ئەواندا تەشکیلاتی حیزب لێک هەڵوەشا. منیش کە ماوەیەک پێشتر چووبوومە دەرێ لەوێ مامەوە.)

قاسملوو لە وتەکانیدا باس لە گیران و رزگاربوونی خۆی لەدەست ساواک و وەرگرتنی ئەو بڕیارە ناکات کە وەک کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات، بە چ شێوازێک درێژە بە خەبات بدەن، بەڵام غەنی بلوریان ئاماژە بۆ هاتنەوەی و گیران و دەربازبوونی ناوبراو لە چنگ پۆلیس دەکات و لە لاپەڕەی ١٩١- ١٩٢ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت

- (.... من لە زیندانی تەورێز بووم کە قاسملوو لە ئوروپا گەڕابۆوە بۆ ئێران. ئەوکات عەزیز یوسفی ئازاد بوو. ڕەحمان چاوی بە عەزیز کەوتبوو و پێی ڕاگەیاندبوو نامەکانی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت و ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی گەیاندوە. ئەو ١٥٠٠ تمەنی دابوو بە عەزیز و گوتبووی: "ئەوە برادەرانی سۆڤیەت ناردوویانە." پاشان بۆمان دەرکەوت قاسملوو کاربەدەستانی سۆڤیەتی نەدیتووە و هەردوو نامەکانی دابوو بە ڕادمەنیش کە ئەوکاتە سەرۆکی حیزبی تودە بوو و پارەکەش ڕادمەنیش ناردبووی نەک حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت....

حیزبی تودە هەروەها قاسملووی مەئمور کردبوو، بچێتە تاران و "ئەرسەلان پوریا" ببینێ و پێوەندی بەدەنەی حیزبی دیموکرات لە تاران بە ئەرسەلانەوە گرێ بدات کە ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات و گیرانی ١٢٠ ئەندامی نهێنی حیزب. ئەرسەلان پوریا ئەندامی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودە بوو. ناوبراو پاش ئاشکرابوونی "ڕێکخراوی نهێنی سەربازیی حیزبی تودە" لە داوی پۆلیس کەوتبوو و بەڵێنی هاوکاریی بە ساواک دابوو و بە فەرمانی "تەیمور بەختیار" سەرۆکی ساواک و سەرهەنگ "زیبایی" جەلادی ساواکی شا هەڵدەسوڕا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە دەرەوەی وڵات بوو، و ئەرسەلان پوریا پێوەندیی نێوان ڕێبەرانی حیزبی تودە و ڕێکخراوەکانی حیزبی تودە لەنێو ئێران بە ملەوە بوو. ڕێبەرایەتی حیزبی تودە ئاگاداری خۆبەدەستەوەدان و خۆفرۆشتنی ئەرسەلان پوریا نەبوو و نەیدەزانی ئەو خۆی بە ساواک فرۆشتووە.

قاسملوو کە پێوەندیی بە ئەرسەلانەوە دەگرێ، ناوبراو داوای لێدەکات، بچێ لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی تودەدا بەشداریی بکا. قاسملوو پێیڕاگەیاندبوو کە چاوەڕوانی عەزیز یوسفی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دیموکراتە و پەیامی ناردوە لە مهابادەوە بچێ بۆ تاران. لێرەدا ناوی عەزیز یوسفی بۆ ئەرسەلان و ساواک زەق بووەوە و زانیبوویان عەزیز یوسفی بە دوای ئازادبوونی لە زیندان

دەستی لە خەبات هەڵنەگرتووە. ئەرسەلان داوای لە قاسملوو کردبوو، عەزیزیش بەشداریی کۆبوونەوەکە بکات. قاسملوو هەوڵدەدا، بەڵام عەزیز یوسفی دەرەتانی چوونی بۆ تاران نابێ.

قاسملوو کە دەبینێ عەزیز ئامادەی چوون بۆ تاران نییە، بۆ ئەوەی وەدرۆ نەکەوێتەوە بەناچار داوا لە خزمێکی خۆی بەناوی سمایل قاسملوو دەکات کە بە ناوی عەزیز یوسفی لەگەڵی بچێ و بەشداریی بکات لەو کۆبوونەوەیەدا. سمایل قاسملوو ئەوکات لە ساڵی دووەمی بەشی تێکنیکی زانکۆی تاران دەیخوێند و ئەندامی سادەی حیزبی دیموکراتیش بوو. ڕەحمان قاسملوو و سمایلی قاسملوو دەچن بۆ کۆبوونەوەی حیزبی تودە کە سەرهەنگ "زیبایی" بەناوی بەدەڵی "سالاری" بە ڕەواڵەت بازرەسی حیزبی تودە، تێیدا بەشدار دەبێ. سالاریی "زیبایی" لە قاسملوو دەپرسێ: "ئایا ئێمە بە تەنیا ئاغای عەزیز یوسفیمان لە کوردستان هەیە، یان کەسی تریشمان هەیە کە ناسراو بێ و خەڵک ڕێزی بگرێ و حیسابی لەسەر بکەن و کاری حیزبی بکات؟" هەروەها ئەو دەڵێ: "ناسینی ئەو جۆرە ئینسانانە خاوەن ڕابردووانە بۆ ئێمە زۆر پێویستە." ڕەحمان قاسملوو لە وەڵامیدا ڕادەگەیەنێ: "لە حاڵی ئێستادا کەسێکی وام بەمێشکدا نایە، پێویستە بەدوای کارکردندا ئەو جۆرە کەسانەمان بۆ ڕوون بێتەوە." دیارە قاسملوو ئاگادارییەکی زۆری لەسەر بەدەنەی حیزبی دیموکرات نەبوو. ئەو بۆ ماوەیەکی کەم بەرپرسی پێوەندیی حیزبی تودە لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بوو و تەنیا هاوکاریی ئێمەی دەکرد و شناختێکی ئەوتۆی لەسەر بەدەنەی حیزب نەبوو.)

بلوریان لە درێژەی نوسینەکەیدام دەڵێت: (دوای تەواوبوونی ئەو کۆبوونەوەیە، ساواک پشوو بە ڕەحمان و سمایل قاسملوو نادات و دەستبەجێ هەردووکیان دەگرێ و دەیانباتە سەربازگەی "تیپی زرەیی" تاران. لەوێ سەرهەنگ زیبایی دەچێتە لایان و پێیان دەڵێ: "من دەناسن؟" ئەوان وەڵامدەدەنەوە و دەڵێن "تۆ ئاغای سالاریی"، دەڵێت: "نەخێر من سەرهەنگ زیبابیم." دواتر سەرهەنگ زیبایی ڕوو لە ڕەحمان قاسملوو دەکات و دەڵی: "بڵێ بزانم، من دوێنێ پرسیارم لێکردی، بۆچی وەڵامی دروستت نەدامەوە و درۆت لەگەڵم کرد؟" قاسملوو دەڵێ: "من درۆم نەکردوە، من کادیری حیزبی تودەم و تازە لە ئەوروپا گەڕاومەتەوە و تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم لە ساڵی ١٣٣١- ١٣٣٢دا بەرپرسی پێوەندیی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دیموکرات بووم.

من لەنێو کوردەکاندا جگەلە عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان کەسێکیتر ناناسم و ئەو کەسەش کە من بەناوی عەزیز یوسفی هێناومە بۆ کۆبوونەوە، عەزیز یوسفی نییە و سمایل قاسملوویە کە لە ماڵی ئەو میوان بووم و بە تکا هێناومە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە. سەرهەنگ زیبایی بۆی دەردەکەوێ کە ڕەحمان قاسملوو ئاگای لە وەزعی نێو حیزبی دیموکرات نییە، بەڵام پێیڕادەگەیەنێ، ئەگەر ئامادە نەبی هاوکاریی ساواک بکەی، دە ساڵت زیندانی دەکەین. ڕەحمان بۆ ئەوەی خۆ ڕزگار بکا، ئامادە دەبێ بۆ ساواک بنوسێ: ئامادەیە هاوکارییان لەگەڵ بکا و بەم جۆرە پاش چەند ڕۆژ لە زیندان ئازادی دەکەن. ڕەحمان قاسملوو لە نامەیەکی چەند لاپەڕەییدا ڕووداوی گیران و چۆنیەتی ئازادبوونەکەی بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە نووسیوە کە من دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ نوسراوەکەی قاسملووم چنگ کەوت.)

غەنی بلوریان لە کۆتاییدا دەڵێت: (سمایل قاسملووش هەربەم شێوەیە لە زیندان ئازاد بوو. دوای ئازادبوونیان، ڕەحمان بە سمایل دەڵێ: "من بەڵێنی هاوکاریم بە ساواک داوە، بەڵام ئامادە نیم هاوکارییان لەگەڵ بکەم و ناچارم ئێران بەجێبهێڵم." سمایل لە بەرامبەریدا دەڵێت: "تۆ بۆچی منت لەو گێژاوە هاویشت، ئێستا من چ بکەم؟" ڕەحمان، سمایل ڕازی دەکا بەو مەرجەی ژن و منداڵەکەی بە سەقز و بانەدا بۆ بگەیەنێتە سلێمانی و ماڵی نژادی ئەحمەد عەزیز ئاغای، لەوێوە ڕەحمان ئەو دەبات بۆ چێکوسلاڤیا کە لەوێ درێژە بەخوێندن بدات.)

کاتی گیران و ئازاد بوونی عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئەحمەد تۆفیق لەلای قادر شەریف و ئەندامانی کۆمیتەی بڵباس بووە و بەهۆی زیندانی بوونی غەنی بلوریان، ئەو ئەرکی هاتووچۆی بۆ باشوری کوردستان هەبووە. عەزیز یوسفی، ڕەحمەتوڵا شەریعەتی و ئەحمەد تۆفیق سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ قادر شەریف، ئەسعەد خودایاری و سلێمان موعینی بڕیار دەدەن بەشێک لە سەنگەریی خەباتی حیزب بۆ باشوری کوردستان بگوێزنەوە و ئەوێیان وەک شوێنی ئەمن بۆ ئەندامان دیاریی کردوە تا ئەگەر گیانی کادیر و ئەندامانی حیزب لە مەترسی کەوێت، خۆیان بگەیەننە باشور و لەوێ بەنهێنی بمێننەوە. لەگەڵ ئەوەدا، ئەگەر لە ڕابردوودا غەنی بلوریان بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ حیزب سەردانی باشوری کوردستانی دەکرد، بەگیرانی ناوبراو لە سنە، ئەو ئەرکە خراوەتە سەرشانی ئەحمەد

تۆفیق. هەروەها بڕیاریانداوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەلانی ئازادیخوازی جیهان و یەکیەتی سۆڤیەت سەبارەت بە دۆخی نالەباریی نەتەوەی کورد لە ئێران، ئەحمەد تۆفیق بە ناوەی بەرپرس و ڕەحمانی قاسملوو بە ناوی ڕاوێژکار لە مانگی پووشپەڕی ١٣٣٦- جولای- ژوئیەی ١٩٥٧ بچن بۆ دەرەوەی وڵات و بەشداریی فیستڤاڵی لاوانی جیهان لە مۆسکۆ بکەن.

ڕەحمان قاسملوو بە کەڵکوەرگرتن لەو دۆخە، بەبێ ئەوەی کە لە چۆنیەتی گیران و ئازادبوونی، هاوڕێیانی ئاگادار بکاتەوە، هاوسەر و کچەکەکانی بۆ ئیسماعیل قاسملوو بەجێدێڵێ کە بە ناچەی بانەدا بیانگەیەنێتە سلێمانی و خۆشی دەچێتە لای ئەحمەد تۆفیق و لەوێوە لەگەڵ قادر شەریف دەچن بۆ ناوچەی بانە و تا گەیشتنی هاوسەر و منداڵەکانی قاسملوو، لە گوندی کیوەڕۆ میوانی ڕەشید ئەحمەدی ناسراو بە ڕەشیدخانی کیوەڕۆ دەبن. لەو بارەیەوە ڕەشیدخان لە لاپەڕەی ٣٥ی کتێبەکەیدا "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم بەرگی یەکەم ١٩٥٠- ١٩٨٢"، ئاماژە بۆ چوونی ئەحمەد تۆفیق، ڕەحمان قاسملوو و قادر شەریف بۆ ناوچەی بانە و گوندی گیوەڕۆ، لە جۆزەردانی ١٣٣٥- مای، یونی ١٩٥٦دا دەکات و دەڵێت:

**- (لە کۆتایی مانگی جۆزەردانی ١٣٣٥دا ڕۆژێک نەمران دوکتۆر قاسملوو کە لە ناوچەی بانە بە کاک حەسەن دەناسرا لەگەڵ کاک عەبدوڵا ئیسحاقی کە ئەویش لە بانە بە ئەحمەد تۆفیق دەناسر، لەگەڵ قادر شەریف هاتن بۆ ماڵی من لە کیوەڕۆ. پێشتر دوو جار کاک ئەحمەد تۆفیقم لە کۆبوونەوەی کۆمیتە لە نەمەشیر دیبوو و قادر شەریف هەموو جارەکان لەگەڵیدا بوو. شەوی یەکەم هاوڕێیان هەموویان مانەوە. بۆ بەیانییەکەی قادر شەریف ڕۆیشت و کاک حەسەن و کاک ئەحمەد مانەوە..... دوکتۆر قاسملوو ئەو ڕۆژە- ڕۆژی دووەم- بە زمانێکی سادە کە لێی تێبگەین، باسی ئابووری بۆ کردین کە زۆر سوودمان لێوەرگرت. .... ئەو ڕۆژە- ڕۆژی سێیەم- کاک ئەحمەد تۆفیق بەکورتی باسی دامەزراندنی کۆمار هەتا تێکچوونی بۆ کردین. ڕوونکردنەوەیەکی زۆر باش و تایبەت بوو بۆ ئێمە، چونکە هیچ یەک لە ئێمە بەو شێوەیە ئاگامان لە دامەزراندن و نەمانی کۆمار نەبوو.)**

بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەو بابەتە، ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١ بە تەلەیفۆن پێوەندیم بە ڕەشیدخانەوە کرد. ناوبراو لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە ئەحمەد تۆفیق و ڕەحمان قاسملوو دوای ئەو کۆبوونەوانە چیان بەسەرهات؟ گوتی:

**- (سمایل قاسملوو هاوسەر و کچەکانی قاسملووی هێنا و کاتێک ئەوان گەیشتنە کیوەڕۆ، هەموویان پێکەوە کیوەڕۆیان بەجێهێشت.)**

دوای بەجێهێشتنی ناوچەی بانە، ڕەحمان قاسملوو لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی چووە بۆ بەغدا و بۆ ماوەیەک میوانی حیزبی شیوعی و نژادی ئەحمەدی عەزیزئاغا و هەمزە عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکرات بووە و دواتر هاوسەر و منداڵەکانی ناردوەتەوە بۆ پڕاگ و خۆی چاوەڕوان ئەحمەد تۆفیق بووە کە بۆ بەشدارییکردن لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان لە مۆسکۆ، بێت و بچن بۆ دەرەوە. ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ئەسعەد خودایاریی یەکی گرتوەتەوە و پێکەوە چوون بۆ قەڵادزێ کە هەندێک پارمەتی بۆ حیزب کۆبکەنەوە. لەو بارەیەوە پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە وتووێژێکی تایبەتدا لە ماڵی خۆی لە سلێمانی ڕۆژی ٢٠١٥/٣/١٦ پێیڕاگەیاندم:

**- (ساڵی ١٩٥٥ من بەرپرسی حیزبی شیوعی بووم لە قەڵادزێ کە ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ئەسعەد خودایاری هاتن بۆ قەڵادزێ و بە هاوکاریی حیزبی شیوعی عێراق پارەیەکی باشیان کۆ کردەوە.)**

ئەحمەد تۆفیق دوای کۆکردنەوەی ئەو پارەیە و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، چووەتە بەغدا و لەگەڵ ڕەحمان قاسملوو، بە دوو ناوی خوازراوی ئەنوەر و موراد لە عێراقەوە چوون بۆ شام و لەوێوە بە ڤیزای چێکوسلاڤاکی خۆیان گەیاندوەتە پڕاگ. بەرلەوەی کە بەغدا بەجێبهێڵن، ڕەحمان قاسملوو ئەم نامەیەی خوارەوەی سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و چالاکییەکانی بە ڕێگەی نژادی ئەحمەدی عەزیزئاغا و هەمزە عەبدوڵا[1] سکرتێری ئەوکاتی پارتی دیموکرات ئاراستە مەلا مستەفا بارزانی کردوە. قاسملوو لەو نامەیەیدا کە دوای ساڵێک دووریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسیویەتی، دەڵێت:

چەند اطلاعیک لەسەر حزبی دیموکراتی کوردستان "ایران"

کاری حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەتی پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٣ پەرەیگرت چونکو حیزب دەستی پی کرد بەوە کە سەربەخۆ کار بکات و کاری کوردستان هەر خوی بەریتە پێش. ئەو ناوچەیانە کە زۆرتر حزبی دیموکراتی کوردستان نفوذی تێدا هەیە ئەمانەن: شاپور "سلماس"، ئورمیە "رضائیە" و دەوروبەری مهاباد و سەردەشت و شنۆ و سندوس و تەواوی ناوچەی دەوروبەری ئەم شارانە، سەقز و بانە و دێیەکانی دەوروبەری بانە، شاری سنە و دەوروبەری و شاری کرماشان کە تازە حزب خەریکە تێیدا تێ بکۆشێ.

ئەو ناوچانەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی زۆر تێدا بەهێزە ئەوانەن: ناوچەی جەلالی و شکاکان، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ، ناوچەی مەنگوران و پیران و لاجان، دێیەکانی دەوروبەری شنۆ و مهاباد و ناوچەی پشدەریان تا حدودی عراق. ناوچەی بانە و دەوروبەری ناوچەی جوانرۆ و هەورامان. بزووتنەوە لە حدودی عراق و ایران لە شنۆوە هەتا کرماشان زۆر بەهێزە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زۆربەی ئەو دێیانە سازمانی "منظمە"ی هەیە و چەند سازمان کۆمیتەیەکی بەخش تەشکیل دەدەن. چەند کۆمیتەی بەخش، ییک کۆمیتەی محلی تەشکیل ئەدەن و لە شارەکانیش کۆمیتەی شارەکان هەیە. لەسەر کۆمیتەی شارەکان کۆمیتەی مەرکەزییە کە خەبات رینوێنی ئەکات. ئەو سێ نەفەرەی کە ئێستا لە کوردستانی ایران کاری حزبایەتی بە دەستەوەیە و ئەفرادی کۆمیتەی مەرکەزین ئەوانەن:

١- عبدالله اسحاقی

٢- عزیز یوسفی

٣- رحمت اله شریعتی

ژمارەی ئەندامانی حزب بە چاکی لێم مەعلووم نیە، چونکو ئێمە جارێ لەبەر نهێنی بوونی کارەکە ژمارەمان کەمە. لە پاشان ئەوە ساڵێک زیاترە من لە کوردستان دوورم لە حاڵێکدا لەو یەک ساڵەدا زۆر گۆڕانی گەورە لە ژیانی سیاسی کوردستاندا هاتۆتە پێش کە بە قازانجی بزووتنەوەی حزب بووە، بەڵام هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێستا دەبێ بە هەزاران بیان ئەژمێری[٢].) (پاشبەندی ١)

بەهەر حاڵ، ئەحمەد تۆفیق کە موڕادی ناو بووە، لە چیکوسلاڤاکییەوە ڕێگەی چوونی بۆ مۆسکۆ پێنەدراوە و ناچاربووە دوای نزیکەی سێ مانگ مانەوە لە پراگ بگەڕێتەوە بۆ عێراق. بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەو دیاردەیە و نەچوونی ئەحمەد تۆفیق بۆ مۆسکۆ، چاوم بە پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ کەوت. ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٣/١٦ پێی گوتم:

- (من لە سوفیا، لە ڕادیۆ دەنگی گەلی عێراق ئیشم دەکرد. بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ کاک حەسەن قزڵجی و عەلی گەلاوێژ پێکەوە لە ماڵێکدا کارمان دەکرد. ئێمە پەیکی ئێران نەبووین و هەندێک کەس بەهەڵە بە ئێمەیان دەگوت پەیکی ئێران، ئێمە ڕادیۆ دەنگی گەلی عێراق بووین. من زۆرجار بۆ وتووێژ و

چاوپێکەوتن و ئاهەنگ تەسجیل کردن دەچووم بۆ پراگ. بۆ نمونە تەسجیل کردنی گۆرانی قادر دیلان و وتوویژ لەگەڵ ئەو کوردانەی لەوێ بوون، یان دەهاتن بۆ پراگ. لە یەکێک لە سەفەرەکانمدا چاوم بە رەحمان قاسملوو کەوت. لە زۆر دەمێکەوە خۆی و نەسرین خانمی هاوسەریم دەناسی. بە رێگەی رەحمان قاسملووەوە چاوم بە ئەحمەد تۆفیقیش کەوت. ئەوم لە ساڵی ١٩٥٥وە کە بەرپرسی حیزبی شیوعی بووم لە قەڵادزێ، دەناسی و ئەو لەگەڵ ئەسعەد خودایاری بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی هاتبوون و "تەمر"یان پێبوو و پارەیان پێ کۆدەکردەوە. رەحمان بەناوی ئەنوەریی و ئەحمەد بەناوی موراد ڤیزایان لە شام وەرگرتبوو بۆ پراگ و لەوێوە نەیاندەهێشت ئەحمەد بپەرێتەوە بۆ سۆڤیەت. لەبەر ئەوە دوای هەوڵێکی زۆر و بەئەنجام نەگەیشتنی، ئەحمەد گەرایەوە و نەسرین خانم لە جیاتی ئەو چوو بۆ مۆسکۆ و بەشداریی فیستیڤاڵی لاوانی کرد.)

هەرلەو بارەیەوە دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە وتوویژێکی تایبەتدا سەبارەت بەو سەفەرەی ئەحمەد تۆفیق لە باشوری کوردستانە بۆ پراگ دەڵێت: (ئەوەندەی من ئاگاداری هەندێک نوسینە مێژوویەکان بم، ئەحمەد تۆفیق لە باشوری کوردستانەوە سەفەری ئەوروپای کرد و لە ئەوروپای شەرقی نەیتوانیوە سەفەرەکەی تەواو بکات و پێیوابووە حیزبی تودە و ئەوانەی لایەنگری حیزبی تودە بوون لە حیزبی دیموکراتدا، رێگر بوون لە سەفەرکەی و چوونی بۆ کۆنفرانسی مۆسکۆ. ئەو بە باشوری کوردستاندا گەراوەتەوە و گەرانەوەکەشی هەندێک نائومێدی بۆ دروست کردوە.)

جگەلەوە، جەلیل گادانی لە کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات دا ئاماژە بە چوونی ئەحمەد تۆفیق بۆ چێکوسلاڤیا دەکات و لە لاپەرەی ١٠٦ی دەڵێت: (سەید عەبدوڵا ئیسحاقی دیاری کراوە و نێردراوە، بەڵام پاش چەند مانگ مەحتەلی لە چێکوسلواکی، نەیتوانیوە بچێ بۆ مۆسکۆ.)

کەریم حیسامیش لە کتێبی "بیرەوەریەکانم ١٩٥٧- ١٩٦٥ ، بەرگی دووەم لاپەرەی ٢٧دا دەڵێت: (بەهاری ساڵی ١٣٣٧- ١٩٥٨ سەید عەبدوڵا ئیسحاقی نامەیەکی بۆ نووسیم و داوای کردبوو بچم لە دەوروبەری سیاقۆڵ لە شاخی چاوم پێی بکەوێ. ئێوارەیەک کەوتمە رێ و پاش پێنج ساڵ لە چیاکانی نیزیک سیاقوڵ چاومان بە یەکتر کەوتەوە. ... کاتێک وەزعی رەحمان قاسملۆم لێ

پرسی لە وڵامدا گوتی: ئەو خەریکی کاری خۆیەتی پێوەندی بە حیزبەوە نەماوە. بەفێڵ منی بردبووە ئوروپا کە بە حیزبی تودەم بفرۆشێ.)

دوای گەڕانەوەی لە چیکوسلاڤیا، ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ١٩٥٧وە لەنێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکانی ژێردەستی کۆمیتەی بڵباسدا لە هاتۆچۆدابووە. لە سلێمانی، ڕانیە، قەڵادزێ، ڕەواندز و هەندێک جاریش لە هەولێر و سەرسنورەکانی بانە، سەردەشت، پیرانشار، شنۆ، ورمێ و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دزەی مەرگەوەڕ بە نهێنی ژیاوە و باشوری کوردستانی کردوەتە ناوەندێکی نوێی خەبات و حەوانەوەی کادیرە مەترسی لەسەرەکانی حیزبی دیموکرات. ناوبراو لە هاتوچۆیەکانیدا بۆ باشوری کوردستان لە ناسنامەی یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە ناوی "ئەحمەد تۆفیق سلێمان بەگ" کەڵکی وەرگرتووە[٣].

بەرلە جێگیربوونی ئەحمەد تۆفیق لە باشوری کوردستان، حیزبی دیموکرات پێوەندیی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکرات و کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆشنبیر، ئاغا و دەرەبەگی نیشتمانپەروەر هەبووە. سەبارەت بەو بنکە نوێیەی حیزبی دیموکرات لە باشوری کوردستان، غەنی بلوریان دوای ئازادبوونی لە زیندان لە ١٩٥٨/١٠/٩، لە لاپەڕەکانی ١٨٠ و ١٩٧ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

- (دوای ئازادبوونم لە زیندان سەرلەنوێ گەڕامەوە گۆڕەپانی خەباتی حیزب، بەڵام ئەمجارە زۆر بەنهێنی کارم بۆ حیزب دەکرد و تەنیا لەگەڵ دوو ئەندامی کۆمیتەی شاری مەهاباد بەناوەکانی کاک "یوسف ریزوانی" و "هاشم حوسێن زادە" پێوەندیم هەبوو و بە کردەوەش لەگەڵ کۆمیتەی بڵباس هەڵدەسوڕام کە لە کادیرە جێگیربووەکانی لادێ پێکهاتبوو و قادر شەریف لێپرسراوی بوو. ... ماوەیەکی کورت دوای گیرانی کاک جەلیل گادانی و هاشمی جەلالی، ڕەحمەتی شەریعەتی و دوکتۆر عەلی مەولەوی لە تاران گیران، چونکە هەڤاڵانی گیراو لە تاران پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە یوسف ریزوانی و "هاشم حوسێن زادە لێپرسراوانی کۆمیتەی حیزب لە مەهاباد هەبوو، لەگەڵ هاشم و یوسف بڕیارماندا ئەوان بچنە لای ئەحمەد تۆفیق لە باشوری کوردستان. ئێمە لامان وابوو ئەگەر ئەو دوو هەڤاڵانە بپارێزرێن لەوانەیە کۆمیتەکەمان لە مهاباد لە داوی پۆلیس نەکەوێ.)

هەروەها دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە هەن، هاتنی ئەحمەد تۆفیق بۆ باشوری کوردستان بەرلە شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ی عێراق، لە ساڵی ١٩٥٧ بووە.)**

---



١- هەمزە عەبدوڵا و نژاد ئەحمەد عەزیزئاغا باڵی چەپی پارتی دیموکرات و لایەنگری حیزبی شیوعی عێراق بوون و ئیبراهیم ئەحمەد و ژمارەیەکی تر دژی حیزبی شیوعی بوون. ئیبراهیم ئەحمەد هەڵگری بیری ماو تستۆنگ بوو. بە پێی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمزە عەبدوڵا، حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نژاد ئەحمەد و خەسرەو تۆفیق کە هەوڵیاندەدا، پارتی دیموکرات لە ڕێبازی حیزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بگۆڕن بۆ حیزبێکی ئایدیۆلۆژی چەپ و مارکسی، لە ڕیزەکانی حیزب دەرکران. لەو بارەیەوە پێوەندیم بە مامۆستا عەزیز محەمەد سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی عێراقەوە گرت، ناوبراو گوتی:

**- (هەمزە عەبدوڵا، ساڵح حەیدەری، نژادی ئەحمەدی عەزیزئاغا کە دەبێتە خەزوری کچەکەم و خەسرەو تۆفیق و دوو سێ کەسی تر کە لە حیزبی شێوعی نزیکبوون، وابزانم ئەوکارەی کردیان باش نەبوو، ئەوە ڕەئی ئێستام نییە و هێ ئەوکاتەیە. داوای کۆنگرەیان کرد**

و مەلا مستەفا گوتی دەریان دەکەم و ئەوکارەشی کرد. ئێمە چ لە هەمزە عەبدوڵا بکەین کە سکرتێری پارتی دیموکرات بوو، بیبەینە کۆمیتەی ناوەندی، نابێت، بیکەین بە ئەندامێک، نابێت، هەیئەتێکمان لێ پێکهێنان و ناومان لێنان "مەکتەبی مەرکەزی بۆ شئونی کوردی" و جار جارە من و جەمال حەیدەری لەگەڵیان کۆدەبووینەوە. دیارە من ڕێزێکی زۆرم بۆ مامۆستا هەمز عەبدوڵا هەبوو. بە ڕاستی کام حیزبی شیوعی ئەو پێوەندییەی بۆ پێکدێ لەگەڵ حیزبێکی تر کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی لایەنگری بێت؟ ئەوان دەبووایە ئەو پێوەندیە وەک گلێنەی چاو بپارێزن، بەداخەوە دۆستایەتی پارتی دیموکراتیش کەوتە مەترسی و تاوانی ئەوەمان لێدرا کە ئێمە لە پشت هەڵوێستی ئەوانەین کە دژی کۆنگرەکە بن، لە ڕاستیدا تەسەوڕ ناکەم لەلایەن برادەرانی ئێمەوە ئەوە ڕوویدابێت، ئەگەر ئەوەمان کردبێت هەڵە بووە و نەدەبووایە ئەوە بکەین.)

٢- مەسعود بارزانی دەقی نامەکەی لە کتێبی بارزانی و بزووتنەووەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی دووەم ١٩٥٨- ١٩٦١، لە لاپەڕەکانی ٢٥٩- ٢٦٢دا بڵاوکردوەتەوە.

٣- لەو بارەیەوە "حەسەن تۆفیق- مەلا حەسەن نسرەت زادە" یەکێک لە براکانی ئەحمەد تۆفیق لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢٧ پێی گوتم: (ئێمە چوار برا بووین بە ناوەکانی محەمەد، ئەحمەد، مەجید و حەسەن و لە ڕاستیدا بە بنەماڵە خەڵکی ڕەواندزین. سلێمان بەگی باپیرمان و تۆفیق بەگی باوکمان لەگەڵ ماڵی سەید تەهای شەمزینی ساڵی ١٨٨٠ لەگەڵ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا نەهری کەوتون و دوای شکانی شۆڕشی شێخ عەبەیدوڵا، چوون لە دەوروبەری ورمێ نیشتەجێ بوون. بەرلە شەڕی یەکەمی جیهان، ڕوسەکان لە "باڵاو" لە دەوروبەری ورمێ، باپیرم و دوو لە کوڕەکانیان ئیعدام کرد. تۆفیق بەگی باوکم لەنێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا لەگەڵ ماڵی سەید تەها گەڕاوەتەوە بۆ ڕەواندز، بەڵام نەیتوانیوە زۆر دەوام بێنێ و لە ڕەوتی شەڕی دووەمدا، ساڵی ١٩٤٢ سەرلەنوێ هاتۆە بۆ ناوچەی ورمێ و لە دزەی مەرگەوەڕ نیشتەجێ بووە و لەوێ پێناسی ئێرانیی بۆ وەرگرتوین.

ساڵی ١٩٥٦ ئێمە بە بنەماڵە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بووین، عەبدوڵا ئیسحاقی هاتوچۆی ماڵی حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی و ماڵی ئێمەی دەکرد و لە یەکەم سەفەریدا بۆ عێراق کەڵکی لە پێناسی کاک ئەحمەدی برام وەرگرت و هەر بەو پێناسەیە پاسپۆرتی عێراقی بۆخۆی وەرگرت. دوای گیرانی ئیسماعیل قاسملوو، جگەلە مەجیدی برام، ئێمە هەرسێ برا گیراین و پێناسی ئەحمەدی برام لەلای عەبدوڵا ئیسحاقی مایەوە و ئەو لە عێراق ناوی ئەحمەد تۆفیقی بەسەردا بڕا.)

## گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق و خەباتی سیاسی بە ئاشکرا

ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤، ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، بە کودەتایەکی سەربازی ڕووخا و عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە لە ڕادیۆ بەغدا بڵاوکرایەوە، دەوڵەتی کۆماریی عێراقی ڕاگەیاند و بەڵێنی ماف و ئازادیی بە خەڵکدا. دوای سەرکەوتنی ئەو کودەتایە کە بە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ناسراوە، مەلا مستەفا بارزانی دوای ١٣ ساڵ دووریی لە عێراق و بەشداریی کردنی لە کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەڕینەوەی لە ئاراس و مانەوە لە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران، ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ گەڕایەوە بۆ بەغدا و بەشێوەیەکی ڕەسمی پێشوازیی کرا.

بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، پارتی دیموکراتی کوردستان کە مەلا مستەفا سەرۆکی بوو، جگەلە کۆنگرەی یەکەمی، دوو کۆنگرەیتریشی پێکهێنابوو. کۆنگرەی دووەم ساڵی ١٩٥١ لە بەغدا و کۆنگرەی سێیەم ساڵی ١٩٥٣ لە کەرکوک، بەڵام پارتییەکی قەدەغەکراو و نهێنی بوو. چالاکییەکی بەرچاوی نەبوو، لە گۆڕەپانی خەباتی کوردستان و عێراقدا خاوەنی ناو و دەنگی فرەوان نەبوو، بەچەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەنێوان ساڵی ١٩٥٠- ١٩٥٤، ئەویش لە خزمەت حیزبی شیوعیدا بوو و بەرنامەکانی ئەو حیزبەی جێبەجێ دەکرد. بە سەرهەڵدانی شۆڕشی تەموز و گەڕانەوەی بارزانی، هەل بۆ ئەندامانی پارتی ڕەخسا کە حیزبەکەیان ببێتە حیزبێکی جەماوەریی، خۆی ئاشکرا بکات، بنکە و بارەگا لە بەغدا و شارەکانی کوردستان دانێ و بەناوی مەلا مستەفاوە ئیزنی بڵاوکردنەوی ڕۆژنامەی خەبات وەرگرێت و دوای گەڕانەوەی هەڤاڵانی بارزانی لە سۆڤیەت لە ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦دا پارتی دیموکرات بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند.

بە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، ئەحمەد تۆفیق خۆی ئاشکرا کرد و لە ڕوانگەی ڕژێمی عێراقەوە پێویستی بەخۆ شاردنەوە نەبوو، بەڵام لە ڕوانگەی ئێرانەوە، بەنهێنی مایەوە. ناوبراو سەرەتا بەشێوەی ڕەسمی لقی یەکی پارتی دیموکراتی لە هەولێر بەسەر کردەوە و دواتر چوو بۆ بەغدا و بە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی گەیشت و وەک ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، لەگەڵ بارزانی بوو. لەو بارەیەوە مومتاز حەیدەری لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٦ پێی گوتم:

- (شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەرگایەکی فرەوانی لەبەردەم گەلانی عێراق کردەوە کە بەوپەڕی ئازادییەوە چالاکیی سیاسی، کلتوری، کۆمەڵایەتی هەمەلایەن بکەن. بە واتایەکی دیکە، شۆڕشی ١٤ی تەموز وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە مێژووی نوێی عیراقدا و یەکەم جاربوو لە مێژووی خەباتی سیاسی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا کە ئەو سەردەمە پارتی دیموکراتی کوردستان لە تەک لقی کوردستانیی حزبی شیوعی عێراق، سەرکردایەتی جوڵانەوەکەمان دەکرد. هاوکات ڕژێمی پەهلەوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سیاسەتی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی- نەتەوەیی بەتوندی بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵات دەکرد.

دیارە، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهید کرانی قازی و هەڤاڵانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان تووشی شکستێکی گەورە هات. بۆیە شۆڕشی ١٤ی تەموز دەرگایەکی نوێی لە بەردەم گەلی کوردستان لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لەبەردەم حزبی دیموکراتی کوردستان کردەوە. لەم سەروبەندەدا، ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات هاتە هەولێر. لە هەولێر پرسیاری شوێن و بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی کردبوو. من بەرپرسی لاوانی دیموکرات بووم، بارەگاکەی ئێمە چایخانە "گازینۆی لاوان"ی تێکۆشەری ناسراو سەید مەجید بەرزەنجی بوو. وابزانم مانگی ئاب- ئاگۆست بوو کە پیاوێک بە جلوبەرگی کوردی "مرادخانی" هات و فەرمووی من لەودیوەوە هاتووم و دەمەوێ هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان ببینم. من



یەکسەر پەیوەندیم بە برادەرانی لیژنەی محەلی هەولێری پارتییەوە کرد و گوتم کەسێکی غەریب هاتووە، خۆی بەوە دەناسێنێ کە سەربە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە و دەیەوێ برادەرانی پارتی ببینێت. برادەرانی لیژنەی محەلی پارتی گوتیان یەکسەر بیبە بۆ ماڵی هەڤاڵ شەمسەدین موفتی لەسەر قەڵای هەولێر. من ماڵەکەیم دەناسی، داوام لێکرد لەگەڵم بێت بۆ ماڵی

کاک شەمسەدین موفتی و ئەویش هات و لە ڕێگەدا خۆی بەمن ناساند و گوتی ناوم ئەحمەد تۆفیقە. پێکەوە ڕوومان لە قەلات کرد و گەیشتینە ماڵی کاک شەمسەدین موفتی. لە دەرگام دا، کاک شەمسەدین هات، مەسەلەکەم تێگەیاند و کاک ئەحمەدم تەسلیمی جەنابی کرد. پاشان بۆم دەرکەوت ژمارەیەک کارتی پیتاکی ئامادە کراوی پێیە. کارتەکان سێ وێنەی شەهیدان جەنابی قازی، سەیفی قازی و سەدری قازییان لەسەر بوو و نرخەکانیان ۲٥۰ فلس، ٥۰۰ فلس و یەک دینار بوو. ئێمەش بەشبەحاڵی خۆمان ژمارەیەک لەو کارتانەمان بڵاوکردەوە و پارەیەکی باشمان بۆ کۆکردەوە.

پاش چەند ساڵ زانیم ئەو برادەرە ناوی ئەسڵی عەبدوڵا ئیسحاقی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو سەردەمەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. ساڵی ۱۹٦٤ لە مەیدانی ڕزگاری "ساحةالتحریر" لە شاری بەغدا توشی هاتم. چاک و چۆنییەکی گەرمی لەگەڵم کرد و دوو ژمارە تەلەیفونی دامێ و گوتی حەز دەکەم برادەرانی حیزبی شیوعی ببینم کە منیش ئاگاداری سەرکردایەتی حزبی شیوعیم کرد، گوتیان: "خۆتی لێ دوور کەرەوە و تەلەیفونی بۆ مەکە." ئیتر من جارێکی دیکە نەمدیتەوە و دواتر دەرکەوت کە شەهید کراوە کە ئەوەش چیرۆکێکی دیکەیە بۆ مێژووی سیاسی کورد گرنگە زانیاریی لەسەر چۆنیەتی مردنەکەی هەبێت.)

هەرلەو بارەیەوە ئەحمەد فەقێ ناسراو بە ئەحمەد بێکەس لە بیرەوەرییە دەستنوسەکەیدا دەڵێت: (شەمسەدین موفتی، ئەحمەد تۆفیقی بەمن ناساند و گوتی پێناسەکی بۆ جێبەجێ بکەن کە بچێت لە بەغدا بە خزمەت مەلا مستەفا بگات کە من دەفتەر نفوسی خۆم دایە کە ئەو سەفەرەی پێبکات و دوای گەڕانەوەی دەفتەر نفوسەکەی هێنایەوە.)

بەم جۆرە، ئەحمەد تۆفیق چووە بۆ بەغدا و لەوێ بە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی گەیشت و پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی پێکەوە گرێدا و ئیتر بە شێوەیەکی نیوە ئازاد خەباتی حیزبی دیموکراتی بەرەوپێشەوە برد. دەربارەی چوونی ئەحمەد تۆفیق بۆ بەغدا و بەخزمەت گەیشتنی بارزانی، عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری "عەوڵاغای پشدەری" یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی سەفین و باڵەک لە شۆڕشی ئەیلولدا، دەڵێت:



- (ساڵی ١٩٥٩، لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تر چووین بۆ بەغدا و لە هۆتێل ڕەشید بووین کە بابەکری مەحمود ئاغای، ئەحمەد تۆفیقی هێنا بۆ بەغدا. ئەوە یەکەم دیدارم بوو لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و چوونکە بەشداریی کۆماری کوردستانم کردبوو، کۆمەڵێک پرسیاری لێمکرد و بە درێژی لەسەر پێشەوا قازی، سەدر و سەیفی قازی قسەمان کرد. گوتی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانە. پرسیم کۆنگرەتان بەستوە؟ گوتی لە هەوڵی بەستنیداین. گوتم ڕای مەلا مستەفا چییە؟ گوتی کەریم قاسم دژی ڕژێمی ئێرانە و بێگومان مەلا مستەفاش ڕازییە.

ئەحمەد لای مەلا مستەفا مایەوە. بارزانی پارەی دەدایە و ئەویش دەیدا بە جەماعەتەکەی کە لە لای سونێ و قەڵادزێ بوون. ساڵی ١٩٦٠ پێوەندیی کەریم قاسم و بارزانی تێکچوو و مەلا مستەفا بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان و ئەحمەد تۆفیقیش لەگەڵی گەڕایەوە و خۆت ئاگاداری کە دواتر لە ١٩٦١/٩/١١ شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا و ئیتر شەڕەکە بە مل مەلا مستەفادا سەپا. کاتێک بارزانی چوو بۆ بادینان، ئەحمەد تۆفیقیشی لەگەڵ چوو.)

## بیرۆکەی شەڕی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کودەتای سەربازیی لە عێراق، دژی مەلیک فەیسەڵ و دەسەڵاتدارییەتی ئینگلیز بەڕێوەچوو. بەم بۆنەیەوە مەلا مستەفا بارزانی، حیزبی شیوعی عێراق و یەکیەتی سۆڤیەت پشتی کودەتای عەبدولکەریم قاسمیان گرت و مەلا مستەفا لە سۆڤیەتەوە گەڕایەوە و هاوکاریی کەریم قاسمی کرد. ئەو ڕەوتە، ئەحمەد تۆفیق و هەڤالانی لە باشوری کوردستان لە فیکری ئەو بیرۆکەیە خست کە هاوکات لەگەڵ چالاک کردنی پتری ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات، بە پشتیوانی سەرۆک بارزانی و دەوڵەتی عیراق، بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خودموختاریی بەدەستبخەن. ئەحمەد تۆفیق و هەڤالانی باش تێگەیشتبوون کە کەریم قاسم و دەسەڵاتدارانی عێراق خاوەنی کێشەی سنوری زەویی و ئاوین[1] لەگەڵ ئێران و دژی ئەو هەنگاوەی حیزبی دیموکرات ڕاناوەستن و تەنانەت پێشوازیشی لێدەکەن. ئەوەی دەمایەوە سەرۆک بارزانی بوو کە ئەحمەد تۆفیق بە وردی حیسابی بۆ دەکردو بارزانییش لە ڕوانگەی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بەو مەرجە ڕازی بوو کە بە شێنەیی و پلانی دروست بۆ ئەو مەبەستە بچن. سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە کە لە ساڵی ١٩٥٩وە لە مێشکی ئەحمەد تۆفیق و هەڤالانیدا چەکەرەی کردبوو، غەنی بلوریان لە لاپەڕەکانی ١٨١ و ١٨٢ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

- (ماڵی ئەسعەد مەکۆی پێوەندیی ئەو کادیرانە و حیزب بوو کە شاریان بەجێهێشتبوو و بەنهێنی دەگەڕانەوە مەهاباد و من پێوەندیم دەگەڵ دەگرتن. شەوێک ئەسعەد هات و گوتی: "کاک عەبدوڵا عیزەت پوور لەلایەن قادر شەریفەوە هاتووە و دەیەوێ چاوی بەتۆ بکەوێ." لەگەڵ ئەسعەد چوومەلای کاک عەبدوڵا. ناوبراو پاش باس و گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی حیزب گوتی: "قادر شەریف کاری پێتە و دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ." بریاردرا کاتێک قادر شەریف هاتە ناوچەی مەهاباد، ئەسعەد ئاگادار بکات و من بچمەلای. ماوەیەک پێچوو، ڕۆژێک ئەسعەد پێیڕاگەیاندم بۆ دیتنی قادر شەریف بچمە ئاوایی "دێبوکر" لە چەند کیلۆمیتری مەهاباد. ئێوارەیەکی ساردی مانگی خەزەڵوەر - مەبەست خەزەڵوەری ١٣٣٨- تۆکتۆبەر نوڤێمبەری ١٩٥٩- سواری ئەسپ بووم و بەرەو ڕۆژئاوای مەهاباد و گوندی دێبوکر وەڕێکەوتم و خۆم گەیاندە ماڵی سەید "عەبدوڵا موورادی" کە مجێوری مزگەوت و لێپرسراوی حیزب

لە دێبوکر بوو. قادر شەریف و عیزەت پوور لەوێ چارەڕوانم بوون. دوای سڵاو و چاک و خۆشی، بە دوور و درێژی لەسەر کاروباری حیزب دواین. قادر شەریف بە نهێنی و بە دوور لە چاوی سەید عەبدوڵا گوتی: "ئەحمەد تۆفیق ڕاسپاردەیەکی ناردووە و دەڵێ بارزانی رای وایە کە ئێمە لە کوردستانی ئێران دەست بە جموجۆڵی چەکدارانە بکەین. ناوبراو لە قەولی بارزانییەوە گوتویەتی بەدانی بەڵێنی ئوتۆنۆمی بە کوردستانی عێراق لەلایەن کەریم قاسمەوە زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی ژێردەستی ئێران ڕەخساوە. ئەحمەد تۆفیق هەروەها ڕایگەیاندبوو: "ئێمە دەتوانین بۆ ئەو بزووتنەوەیە پێوەندیی بە ئەمریکاوە بگرین." .... لە کوردستانی ئێران برایم ئاغای عەلیاری بۆ کۆکردنەوەی عەشیرەتەکانی کورد هەڵبژاردبوو. ژمارەیەک لە کۆنە دیموکراتەکانی هاوڕێی پێشەوا قازیش وەک برا گەورەکەی من "وەهاب". محەمەدئەمینی موعینی. سەدیق حەیدەری، مستەفا سوڵتانیان، سەید مستەفا سەیدی کە پێشتر لە کۆماری کوردستاندا بوون، هەرچەندە باوەڕیان بە ئەمریکا نەبوو، بەڵام گوێیان بۆ ئەو گوتنە شل کردبوو و لەگەڵ برایم ئاغا کەوتبوون و هاودەنگییان پێشاندابوو.)

ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ۱۹۵۹وە هەوڵیدەدا زەمینەیەک بۆ ئەو بیرۆکەیە و شەڕی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆش بکات کە گیرانی ئیسماعیل قاسملوو و دواتریش کارەساتی ئاشکرا بوونی ڕێکخراوەکانی حیزب و گیرانی غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، ڕەحمەت شەریعەتی سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دوکتۆر عەلی مەولەوی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی و هەڵوەشانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گیران و پاشەکشەی کادیرەکانی حیزبی بۆ باشوری کوردستان بە دوادا هات. بەو حاڵەش ئەحمەد تۆفیق، قادر شەریف، سلێمان موعینی و مەلا باقی بە هاوکاریی ژمارەیەکی تر لە کادیرانی حیزب کە لە باشوری کوردستانەوە، حیزبیان بەڕێوە دەبرد، لەسەر ئەو سیاسەتە ڕۆیشتن، بەڵام ئەم جارەیان هەڵگیرسانەی شەڕی ئاغا و دەرەبەگەکانی باشوری کوردستان دژی عەبدولکەریم قاسم و یاسای دابەشکردنی زەوی لە عێراق و دواتریش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ۱۹٦۱/۹/۱۱دا، پرۆژەکەی لێ تێکدان. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی بۆی ئامادە کردوە، دەڵێت:

- (کەموکوڕیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گۆڕان و کاری جددیی لە ساڵی ١٩٦١دا چووە قۆناغێکی تازەوە و چاوەڕوانی دەکرا، ئەوەی لە ١١ی ئەیلول لە کوردستانی عێراق روویدا، لە کوردستانی ئێراندا بکرێت و بۆ جێبەجێکردنی ئەم قۆناغە تازەیە، حیزب دەستی بە گورجوگۆڵیی و جوڵانی نوێ کرد، بەمجۆرەی لای خوارەوە:

١- نووسینی نامەیەک بۆ بارزانی و دانیشتن و قسەکردن لەسەر ئەم بەرنامەیەی حیزب کە بەدەستەوە بوو، بە ئیمزای زۆر لە برادەران کە منیش بەناوی بڵێسە سنە بە دژی یەوە ئیمزام کرد.

٢- پەیوەندییکردن بەزۆر کەسەوە لە کوردستانی ئێران لە مانگی شوباتی ١٩٦١دا بۆ بیرۆکەیەکی وەها.

٣- ئامادەکردنی ڕای گشتیی لە کوردستانی عێراق بۆ ئەم مەبەستە.

.... لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦١دا، بارزانی ڕای لەسەر بیرۆکەی جوڵانەوەی چەکداریی لە کوردستانی ئێران بوو، بەمەرجێک هەنگاوی ورد و لەسەرخۆ و عاقڵانەی بۆ بنرێت. ... زەمینە خۆشکردن بۆ جوڵانەوەی چەکداریی: لەبەرئەوەی من و عومەر نگڵی بەناوی فەقێ لە خورماڵ بووین، هەربۆیە هاوڕێیانمان لە سلێمانی جێهێشت و گەڕاینەوە بۆ خورماڵ. دوای دە رۆژ لەگەڵ عومەر سەردانی مەریوانمان کرد و لەگەڵ برادەران باسی ئەو سەردانەمان کرد بۆ لای بارزانی و ئەوەشمان درکاند کە لەگەڵ بارزانی بیرۆکەی جوڵانەویەکی چەکداریمان لە کوردستانی ئێران هێناوەتە گۆڕێ و وتمان براینە ئەگەر کاری خراپ ڕوونەدات بەم زووانە حیزب خەباتی چەکدارانە دەستپێدەکات. ئەو کاتە مەلا عەلی و مەلا شێخ عوسمان مەردۆخی بەڕێوەبەری کۆمیتەی مەریوان بوون و ئەم هەواڵەیان زۆر پێخۆش بوو. پاش ئەوەی لە مەریوان گەڕاینەوە، لە خورماڵ ئیزنیان داین و دەریانکردین، هەرچەندە مامۆستامان زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام ناچارکرا بەتایبەت کاتێک دەرکەوت کە حوجرە وەک بارەگای حیزبیی لێهاتووە. ناچار لەگەڵ عومەر شانمان دایە کرێکاریی لەسەر جادەی سەیدسادق- هەڵەبجە و ژیانی سادەی ئاسایی خۆمان پێ دابیندەکرد، پاش مانگێک سلێمانی موعینی هات بۆلام و پێیوتم نامەیەک سەبارەت بە بیرۆکەی جوڵانەوەی چەکداریی بنووسم بۆ شێخ موعتەسەم حیسامی بۆ ئەوەی بێتە سەر سنوور و ئێمەش دەچین لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا دەکەین. هەر لە خورماڵ نامەکەم نووسی و بەهۆی شەریف رەزاییەوە ناردم بۆ مەلا ئەمین نوینی لە

هەورامان، شەریف دوای دوو ڕۆژ هاتەوەو وتی مەلا ئەمین نامەکەی بردووە بۆ سنە و وتویەتی هەر بە گەڕانەوەم وەڵامەکەیت بۆ دەنێرمەوە بیبەرەوە بۆ برادەران. منیش لەگەڵ سلێمان چووم بۆ سلێمانی، دوای دوو ڕۆژ مەلا ئەمین خۆی هاتبوو بۆ سلێمانی و منی بینیەوە و وەڵامی شێخ مەعتەسەمی هێنابوو، شێخ وای دانابوو کە بۆ قسە کردن بێتە گوندی"کراویە دۆڵ"، نامەکەم پێشانی هاوڕێیانداو دوای بەرێکردنەوەی مەلا ئەمین و تێپەڕینی چەند ڕۆژێک، بەناوی سەیرانی زەڵم و ئەحمەد ئاواوە، ئۆتۆمبێلێکمان پڕکرد لە خواردەمەنی و جل و نوێن و لەژێرەوەی چەند تفەنگ و دەمانچەمان شاردەوە، ئێمە خۆمان بۆ ئەوە کۆدەکردەوە لە کوردستانی ئێران شۆڕش بکەین، بەهیچ شێوەیەک بەبیری کەسماندا نەدەهات لەم ساڵەدا و لە ئەیلولدا شۆڕش لە کوردستانی عێراق هەڵگیرسێت!! کاتێک گەیشتینە ئەحمەدئاوا، چەکەکانمان دەرهێنا و خۆمان بەست، من وەک شارەزا و چاوساغ کەوتمە پێش ئەم هاوڕێیانەی حیزب کە دەتوانم بە یەکەم مەفرەزەی چەکداری حیزبیان بناسێنم لەپاش کەوتنی کۆماری کوردستانەوە کە پێکهاتبوون لە:

١- عەبدوڵڵای ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"
٢- سلێمانی موعینی "فایەق"
٣- هاشمی حەق تەڵەب "قادر شەریف"
٤- مەلا باقی "سادق شەریف"
٥- ڕەشەی قاچاخچی
٦- قادر تەگەرانی
٧- حەمەی مینە عەولا بانەیی
٨- سەعید بانەیی
٩- کویخا کەریم
١٠- تۆفیقە سوور بانەیی

دەمەو عەسر ڕوومان لەچیا سەرکەشەکانی سنوور کرد و لەکاتی تاریکبووندا گەیشتینە گوندی "هانەنەوە"، دوای ئەوەی کەمێک لەژێر دارگوێزەکان وچانێکماندا و چایەکمان خواردەوە، برادەران وتیان ئێمە لەوە زیاتر نایەین و دەترسین شێخ موعتەسەم هەر نەهاتبێت و پلانێک هەبێت، مشتومڕ لەنێوانمان پەیدا بوو، من وتم متمانەم بە شێخ هەیە و چۆنی بۆ نووسیوین ئاوا دێتە شوێنی خۆی، ئەوان وتیان ئێمە لێرە دەبین و تۆ بڕۆ کراویە دۆڵ، منیش ناچار

شەو بەرێکەوتم و بۆ چێشتەنگاو گەیشتمە نزیک باخەکانی کراویە دۆڵ. کە گەیشتم لە دوورەوە جەنجاڵییەکی زۆر دیار بوو، شێخ بەناوی سەردانی موڵکو باخ و مرید و مەنسوبانەوە هاتبووە ئەوێ و قەرەباڵغییەک بوو هەر مەپرسە، منیش خۆم پیاکرد و پاش ئەوەی مەلا ئەمینم بینی هەموو باس و خواسێکم تێگەیاند، وتی بابچینە لای شێخ، کە چووین شێخ وتی: من ئامادەم ئەوان کوێیان پێ خۆشە لەوێ بیانبینم، بەڵام من بەم هەموو خەڵکەوە ئەگەر روو بکەمە سەرسنوور گومانی لێ پەیدا دەبێت، وتم ئەی چارە، وتی برۆ پێیان بڵێ با بێن بۆ ئێرە، ناچار گەرامەوە بۆ هانە نەوە و نزیک بە بانگی عیشا گەیشتمەوە، برادەران هەر یەکە و لەپشت بەردێکەوە سەنگەریان گرتبوو، ئیشارەتم پێدان و هاتنەدەر، چیم دیبوو بۆم گێرانەوە و ئەوانیش کە زانیان شێخ هاتۆتە ئەوێ، بڕیاریاندا هەر شەو بکەونەرێ و هێشتا رۆژ نەببۆوە چووینە ئەوێ. دوای حەوانەوە و یەکتر ناسین، دوو رۆژی تەواو قسە لەسەر مەسەلەی جوڵانەوەی چەکداریی کرا لە کوردستانی ئێران، شیخ موعتەسەم ئامادەیی خۆی دەربڕی و وتی من ئێستا حازرم نەگەرێمەوە بۆ سنە، ئەگەر ئێوە راتان لەسەر بێت. لەم سەفەرەدا چۆنمان ویست ئاوا کارەکان بەرێوەچوون بێئەوەی کەسی دیکە بزانێت، هەربۆیە بەدڵخۆشیی گەراینەوە بۆ سلێمانی، پاش ئەوە برادەران، من و عومەر نگڵییان دەستنیشانکرد تاکو سەردانی مەریوان بکەین، سلێمانی موعینی و مەلا عەبدولرەحمان و تۆفیقە سوور و حەمەی مینە عەولایان دانا بۆ سەردانی ناوچەی موکریان و قسەکردن لەگەڵ عەشائیری ئەو مەڵبەندە. من و عومەر بەرەو مەریوان کەوتینەرێ و یەکەم شەومان لەماڵی شێخ ئەحمەد کانی میران بەسەربرد، ئەو بۆخۆی لێپرسراوێکی حیزب بوو، دواتر سەردانی کانی سانانمان کرد، بەهۆی مەلا عەلی و مەلا شێخ عوسمانیشەوە پەیوەندیمان بە هەندیک لە عەشائیرەکان کرد وەک حەمەخانی مەحموودخان و شێخ لەتیفی شێخ الاسلام، داوامان لە دۆستان و لایەنگرانی حیزب کرد لە ئامادە باشیدابن، کاتێک گەراینەوە سلێمانی، برادەران لە سەفەرەکەی موکریان و چاوپێکەوتنی عەشائیرەکان بەدڵخۆشیی گەرابوونەوە، ئەم خۆئامادە کردنانە نزیک بە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٦١ تەواو بوو، کەچی پێش ئەوەی ئێمە جوڵانەوەکەمان لە کوردستانی ئێران دەستپێبکەین، عەشائیرەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەخۆ کەوتبوون و جموجۆڵێکی بەرفراوانیان دەستپێکرد،

لە دەوروبەری ڕانیە، هەباس ئاغای سەرکەبکان و لە پشدەر شێخ حسێنی بۆسکێن و لە سورداش حاجی برایمی چەرمەگا، لە شارەزوور عەشائیرەکانی ترخانی و رۆخزایی و گەڵاڵی و جاف و وردە تیرەکانی دیکە، لە شلێر و پێنجوێن حەمەرەشید خان، و شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم و شێخ قادری چوێسە کەوتبوونە جوڵە. دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان دەورێکی بەرچاوی لەمەدا هەبوو، ئێمەش کە زانیمان وەزعەکە خەریکە بەجۆرێکی دیکە دەگوزەرێ، بۆئەوی وەک کوردەی لە هەردوو جەژنە بوومان بەسەر نەیەت، بڕیاری دواخستنی جوڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستانی ئێرانماندا و بەوریاییەوە لەگەڵ ئەو جوڵانەوەیەی کوردستانی عێراقدا بۆ پێشەوە هەنگاومان نا. وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە، ئێمە مانگی شەش بارزانیمان بینی و ئەوەی کە بیری لێ نەدەکردەوە شۆڕش بوو، ئێستا ئەم جموجۆڵە ناکاوە چییە و کێ لە پشتیەوەیەتی نازانین، دەستیشمان بە بارزانیدا نەدەگەیشت هەتا شتێکمان بۆ ساغ ببێتەوە، هەربۆیە بەناچاریی و بەهۆی هەستی نەتەوەییەوە پشتیوانی پارتی و عەشائیرەکانمان کرد و پشتگیریی جموجۆڵەکەمان کرد و بە حەقمان زانی. ئەم جوڵانەوەیە وەستایانە بوو، لەبری ئەوەی لە کوردستانی ئێران بێت لە کوردستانی عێراق قەوما، لە دەوڵەتێکدا کە "لانیکەم"ی بەمافەکانی کوردی دانپێدانابوو، ئەم راپەڕینە بوو بە کۆسپ لە رێگای بیرۆکەی هەستەی چەکدارییی لە کوردستانی ئێران و پەکی خست و کوردستانی عێراق بووە جێگەی حەوانەوەی ساواک و سیخوڕەکانی ئێران و ئێمەیان بە برا کوردەکانمان دەورەدا و رێگای جوڵانەوەیان لێداخستین. لەسەرەتاوە بڕیارماندا برادەرانمان لەناوەوە لەم رووداوە تازانە ئاگادار بکەین و هۆکاری دواخستنی بیرۆکەی راپەڕینی چەکدارییان لە کوردستانی ئێران بۆ روون بکەینەوە. من سەفەری سنەم کرد و چاوم بە شێخ موعتەسەم کەوت و دواخستنی بڕیارەکەی کراویە دۆڵم پێراگەیاند، لە مەریوانیش برادەرانی حیزبیمان ئاگادار کردەوە. لەو ماوەیەدا، حیزب لە ئاوارەییدا لە کوردستانی عێراق، هەروەها لە ناویشەوە، لەگەڵ زۆر کۆسپ و تەگەرە بەرەوروو بوو، بەڵام ئەم کارانەی کردووە:

١- زیندوو راگرتن و بەرز کردنەوەی ئالای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەیرکردنی لەلایەن حیزبەکانی سەردەمەوە بەچاوی رێزو خۆشەویستییەوە.

٢- هێشتنەوەی یەکپارچەیی ریزەکانی حیزب.

٣- دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزب.

٤- دەربڕینی هەڵوێست و روونکردنەوەی بۆچوونی حیزبمان سەبارەت بە رووداوەکانی ناوچەکە و فرتوفێڵی داگیرکەران لە بۆنە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکان لەرێگەی دەرکردنی بەیاننامەوە.

٥- ئەنجامدانی هەڵمەتێک بۆ ئاشکراکردن و ریسواکردنی سیاسەتی سەرکوتکاری رژێمی شاهەنشاهی و داواکردنی ئازادیی بۆ گیراوانی دیموکراتی کورد وەک: غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، رەحمەتی شەریعەتی، دکتۆر عەلی مەولەوی و ئەوانەی دوای پەلامارەکەی ساواک بۆ سەر رێکخراوەکانی حیزب خرابوونە زیندانەوە.

٦- بەدەنگەوە چوونی ئاوارەکانی کوردستانی عێراق و دابینکردنی شوێن و جێگەی حەوانەوە بۆیان بەهاوکاری خەڵکی بەشەرەفی کورد.

٧- بەرێکردنەوەی کادری رێکخراوەیی بۆ کوردستانی ئێران و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی شانەکانی حیزب و ئامادەکردنیان بۆ خەبات.

٨- بەستنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ پارت و هێزو کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەرەکانی کوردستانی عێراق و دوورکەوتنەوە لە حیزبی تودە کە بەبیری ئێرانچێتیی خۆی مێشکی لاوانی کوردی شوشتبووەوە.)

---

١- کێشەی عێراق و ئێران لەسەر هێڵی سنوری ئاویی ئەو دوو وڵاتە، بەدوای جەنگی یەکەمی جیهان و پێکهاتنی حکومەتی عێراق سەریهەڵدا. بە درێژایی ئەو ماوەیە، نە رژێمی پاشایەتی عێراق و نە حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق کە هەموویان بەرهەمی کودەتای سەربازیی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بوون، چاویان لە بستێکی خاکی عێراق نەپۆشی و ئامادە نەبوون لەو مافەیان دەستهەڵگرن. تەنانەت نوری سەعید بەشداریی کۆبوونەوەیەکی پەیمانی ناوەندیی نەکرد کە لە تاران پێکهات و باسیان لە ناکۆکی هێڵی سنور کرد. لە ساڵی ١٩٦٠ وەزارەتی دەرەوەی عێراق "شط العربی" بە خاکی جیانەبووەی خۆی ڕاگەیاند و لە ئێرانی ویست ئالای خۆی لەسەر کەشتییەکان داگرێت. بە دوای ئەو وتانەی دەسەڵاتدارانی عێراق، دەوڵەتی ئێران پەیماننامەی سنورەکانی هەڵوەشاندەوە کە ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ عێراق مۆری کردبوو و لاگریی خۆی بۆ پەیمانێک دەربری کە بگەڕێتەوە بۆ هێڵی تالوگ. "هێڵی تالۆگ لە مافی نێودەوڵەتیدا بەو هێڵە دەگوترێ کە سنوری نێوان دوو دەوڵەتی پێ دیاریی دەکەن. لە ڕێککەوتنی جزائیردا، ساڵی ١٩٧٥ سەدام حوسێن بۆ تێکدانی شۆڕشی ئەیلول دەستی لە مافی گەلی عێراق هەڵگرت و بەشەکەی خۆی لە شەتولعەرب بە ئێران بەخشی.

## پەلاماری دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران بۆسەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات و کۆمونی سلێمانی

دوای گەیشتنی بۆ باشوری کوردستان، ڕەحمان قاسملوو لەگەڵ هاوسەر و کچەکەی چوونەوە بۆ چێکوسلاڤاکی و ئیسماعیل قاسملوو لە باشوری کوردستان مایەوە و چاوەڕوانی وەرگرتنی ڤیزا بوو کە لە عێراق دەرکەوێت. ئەحمەد تۆفیق کە دەبینێ ئیسماعیل قاسملوو ماوەیەکە بێکار دەسوڕێتەوە، داوای لێدەکا تا جێبەجێ بوونی سەفەرەکەی، بچێ بۆ ناوچەی بانە و ڕێکخراوەکانی حیزب بەسەر بکاتەوە. ناوبراو بەگوێی ئەحمەد تۆفیق دەکا و دەچێتە ناوچەی بانە و لەوێوە ئەندامانی حیزب بەسەر دەکاتەوە کە لە مانگی ئادار "مارس" ساڵی ١٩٥٩، لە گوندی نێزەرۆ دەکەوێتە داوی ساواک و دەیگرن.

دوای گیرانی ئیسماعیل قاسملوو، ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی ١٩٥٩/٨/٤ بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی **"دوو تەقەلا لەلایەن حکومەتی تارانی داگیرکەر و ئیمپریالیستەکان بۆ پشێوی و گێرەشێوێنی دەڕیزی خەباتی نەتەوەکەماندا"** بەناوی کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژمارەکانی ٤٩- ٥٢، ٧- ١٩٥٩/١٠/١٠ دەقی بەیاننامەکەی بڵاوکردەوە. کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بەیاننامەیەدا ئاماژەی بۆ گیرانی ئیسماعیل قاسملوو نەکرد، بەڵام مێژووی حیزبی دیموکرات و پیلانەکانی ڕژێمی ئێرانی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بەدژی نەتەوەی کورد خستە بەرچاوی خەڵک و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و هوشیاری کردنەوە. بۆ بینینی ئەو بەیاننامەیە کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی دەقەکەی لە لاپەڕەی ٣٣- ٤٠ی کتێبی "ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق"دا بڵاوکردوەتەوە، بڕوانە (پاشبەندی ٢)

کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق، هەرلەو مانگەدا دووهەمین بەیاننامەی خۆی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٣٨- ١٩٥٩/٨/١٧ چواردەیەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەژێر ناوی "بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی تێوەرسورانی تەمەنی چواردە ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەلاوێژی ١٣٣٨- ١٩٥٩" بڵاوکردەوە. کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات لەو بەیاننامەیەشدا

هەروەکوو بەیاننامەی ڕۆژی ١٩٥٩/٨/٤ ئاماژەی بۆ بەشێکی گرنگی مێژووی حیزبی دیموکرات لە ڕۆژی دامەزرانییەوە کرد. ئەو بەیاننامەیە لە مێژووی بەڵگەنامەکانی حیزبی دیموکراتدا جێگەی تایبەتی هەیە. (پاشبەندی ٣)

بەهەر حاڵ غەنی بلوریان و جەلیل گادانی لە زیندانەکانی شادا لەگەڵ ئیسماعیل قاسملوو بوون و لە زاری ناوبراوەوە دەگێڕنەوە کە ئەو دوای گیرانی هەموو زانیارییەکانی خۆی لەسەر ئەندامان و لایەنگرانی حیزب خستوەتە دەست دوژمن. هەروەها غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٩٥ی ئاڵەکۆکدا لە زاری ئیسماعیل قاسملووە دەڵێت: -

**(سمایل لە داوی مەئمورەکانی مەرزبانی کەوت و بەهۆی گەنجی و کەمئەزموونی و توڕەبوونی لە حیزب تەواوی زانیارییەکانی دەدات بە ساواک. ناوبراو لەوە توڕە بوو کە کوڕە مامەکەی واتا ڕەحمان قاسملوو بێقەولی دەگەڵ کردبوو و دەیگوت: ڕەحمانی ئامۆزام ژن و منداڵەکەی پێگەیاندمەوە سلێمانی و لەوێوە خۆی و ژن و منداڵەکەی دەربازی چێکوسلاڤیا بوون و ئاوڕی لەمن نەدایەوە و منی تووشی ئەم ڕۆژە کردوە، کەوا لە زیندانم و منیش لە ڕقی ئەو هەموو زانیارییەکانی خۆم لەسەر وەزعی حیزب داوە بە ساواک.)**

لە ئەنجامی شکانی ئیسماعیل قاسملوو لە زیندانی ڕژێمی شادا، ساواک بەدواداچوونێکی بەپەلەی کرد و دوای نزیک بە سێ مانگ، جەلیل گادانی لە ناوچەی بۆکان، هاشم جەلالی لە ناوچەی هەوشار و دواتریش ڕەحمەت شەریعەتی و عەلی مەولەوی لە تاران گرت. دوای گرتنی ئەو کادیرانە، لە پەلامارێکی سەرتاسەریی هێزە ئەمنییەکانی ڕژێم بە فەرماندەیی چەند ئەفسەری بالای ڕژێم وەک: سەرهەنگ زیبایی، ئەمجەدی، ئەردەڵان و مودەریسی و بە هاوکاریی هێزەکانی ژاندارمەریی لە شارەکانی مهاباد، سەقز، بۆکان، سەردەشت، خانێ، شنۆ، ورمێ و شاپور و گوندەکانی سەر بەو شارانە لە ڕۆژی ١٩٥٩/١١/٢ تا ١٢/١٠/ ١٩٥٩ زیاتر لە ٢٥٠ ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکراتیان قۆڵبەست کرد و لە زیندانی تەورێز و شارەکانی تردا کۆیان کردنەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەرلەو سەروبەندەدا فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیش ئاشکرا بوو و کۆمەڵێک ئەندام و لایەنگری ئەو ڕێکخراوەش زیندانی کران. عەزیز یوسفی، غەنی بلوریان و ڕەحمەت شەریعەتی حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپا، بەلام دواتر بەهۆی گوشاری ڕێکخراوە مرۆڤ

دۆستەکانی جیهان و ڕێکخراوی لێبوردەیی زیندانییە سیاسییەکانی جیهان، حوکمەکەیان بۆ کرا بە زیندانی هەتا هەتایی. بەرلەو پەلاماردانە کە نزیکەی هەشت مانگ دوای گەڕانەوەی هەڤاڵانی بارزانی لە سۆڤیەت بەڕێوەچوو، ژمارەیەک کادیری حیزبی دیموکرات وەک: یوسف ڕیزوانی، هاشم حوسین زادە، عەزیز فەلاحی، کەریم حیسامی لە مهاباد و ژمارەیەکیش لە شار و گوندەکانی نزیک سنوری دەستکرد لە هەورامانەوە تا ورمێ و سەلماس، چوو بوون بۆ باشوری کوردستان. هاوکات لەگەڵ پەلامارەدانەکەی ساواکیش زیاتر لە ٣٠٠ ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکرات پاشەکشەیان کردە باشوری کوردستان، بەشێکیان لە سلێمانی و ئەوانی تریش لە خورماڵ، ڕەواندز و شار و گوندەکانی دیکە گیرسانەوە.

هاشم ئەقەلەتولاب- حەق تەلەب "قادر شەریف"، قاسم سوڵتانیان "کەمال ئەحمەد"، سلێمان موعینی "فایق ئەمین"، مەلا باقی "سادق شەریف"، هاشم حوسێن زادە "قادر حەسەن"، ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی"، مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی سەقزی، ڕئوف حافیزلقورئان "ڕئوفی مەلا حەسەنی" و ....تد، گەیشتنە لای ئەحمەد تۆفیق. هەروەها پێویستە بڵێم کاتی پەلاماری ساواک بۆسەر ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، حیزبی دیموکراتی کوردستان نزیکەی حەوت هەزار ئەندام و لایەنگری هەبووە و ئەم کەسانەی خوارەوەش لە کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزب دا بوون:

١- عەزیز یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی، چاوەڕانی حوکمی ئیعدام.
٢- ڕەحمەتوڵا شەریعەتی = = = =
٣- سەید عەبدوڵا ئیسحاقی = = کادیری نهێنی و حرفەیی کۆمیتە.
٤- غەنی بلوریان مشاویری کۆمیتەی ناوەندیی، چاوەڕانی حوکمی ئیعدام.
٥- هاشم ئەقەلەتولاب = =، کادیری نهێنی و حرفەیی.
٦- هاشم حوسێن زادە = =، کادیری نهێنیو حرفەیی.
٧- دکتۆر عەلی مەولەوی = =، زیندانی هەتا هەتایی.
٨- قاسم سوڵتانیان = =، کادیری نهێنیو حرفەیی. (پاشبەندی ٤)

لەو ٣٠٠ ئەندام و لایەنگرانەی حیزب کە ئاماژەم بۆ کردن، لە سەرەتادا بەشێکیان لە بارەگای ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەمانەوە[1] و دواتر لە دوو ماڵدا کۆکرانەوە کە پێیاندەگوت "کۆمۆن". هەرچی ئەندامە ئاساییەکان بوو لە گەڕەکی "ئەسحابە سپی" لە ماڵی "سەعەی مارف"

کەماڵێکی گەورە و چۆڵ بوو، نیشتەجێ کران و بەشەکەی تر کە کادیرەکانی حیزب بوون لە خانووەکانی سەرچنار جێگایان بۆ کردنەوە. سەبارەت بە ژیان و گوزەرانیشیان، پەنابەرەکان حاڵێکی زۆر دژوار و ناهەمواریان هەبوو و شارەوانی سلێمانی پەنجا دیناری بۆ تەرخانکردن، دواتر لیژنەیەکی پێتاک کۆکردنەوەیان لە مامۆستا عەبدوڵا ئەژدەر، عوسمان سەعید و جەمال شاڵی بۆ پێکهێنان کە لە خەڵکی کوردپەروەری شاری سلێمانی یارمەتیان بۆ کۆکردنەوە(٢). سەبارەت بە دۆخی نالەباری ژیانی ئەو پەناهێنەرانە و جێگیربوونیان لە سلێمانی، ڕئوف حافیزلقورئان "ڕئوفی مەلا حەسەن" لە بیرەوەرییە دەستنوسەکەیدا دەڵێت:

- (ئێمە جەماعەتێک لە مەسئولینی حیزب بە براگەورەیی سکرتێر کاک ئەحمەد تۆفیق و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب وەک سلێمان موعینی، هاشم حوسێن زادە "کەمال ئەحمەد"، مەلا باقی، قادر شەریف، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، مەلا ڕەحمان، ڕەشید ئەحمەدی و مەلا ڕەحیم وێردی کەوتینە ڕێکخستن و تەنزیمی ئەندامەکان. خانوویەکمان لە سلێمانی بەکرێ گرت و ناوی کۆمیتەمان لێنا و جەماعەتێکیشمان لە سەرچنار نیشتەجێ بووین. لە بارەی ژیان و گوزەرانمان بە یارمەتی خەڵکی سلێمانی و ئیشی من کە شەو ڕۆژێک ٢٢ سەعات ئیشم دەکرد تەنها نانی وشک و چای خواردنەوەمان بۆ جەماعەت بۆ ساز دەکرا.)

هەرلەو بارەیەوە کەریم حیسامی لە لاپەڕەکانی ٥٨ و ٥٩ی بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو پەنابەرانە لە کۆمونی سلێمانی دەکات و دەڵێت: (لەو بەینەدا هاتینە سەر ئەو فیکرە کە یارمەتییەک بۆ حیزب کۆبکەینەوە. ئەحمەد تۆفیق پرسی بە مەلا مستەفا کردبوو. کارتێکی سازکردبوو وێنەی مەلا مستەفا و قازی محەمەد و شێخ رەزا و شێخ سەعید و شێخ مەحمودی لە دیوێک چاپ کرابوو... پاشان کارتەکەی بردبوە لای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. ئەو دەم هەمزە عەبدوڵا، نیژاد ئەحمەد عەزیز، خسرەو تۆفیق، ساڵح حەیدەری ئەو دەستەیە ڕێبەری پارتی بوون. ئەگەر بە جۆرێکی دیکە بیڵێن باڵی چەپی پارتی لەسەر کار بوو. هەمزە عەبدولا و مەکتەبی سیاسی ئەو کارەیان بە کردەوەیەکی ناسیونالیستی دانابوو و پەسەندیان نەکردبوو. تەنانەت نامەیەکیشیان نەدابویە کە لە کوردستان ڕێکخراوەکانی پارتی یاریدەمان بدەن.)

هەروەها ڕەشید ئەحمەدی سەبارەت بە ژیانی پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە کۆمونی سلێمانی، لە لاپەڕەی ٦٣ی کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم بەرگی یەکەم ١٩٥٠- ١٩٨٢"دا دەڵێت:



(کۆمەڵێک لە هاوڕێیان بە مەبەستی فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی چووبوونە قوتابخانە و لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی شەوانە دەیانخوێند. من و میرزا- عەبدوڵا ناڵبەندی- دوو لەو قوتابیانە بووین. مامۆستاکانمان زۆر ڕێزیان دەگرتین و هەوڵیان ئەدا لەگەڵماندا فێری نووسین و خوێندنی زمانی کوردی بین. هەرچەندە بەهۆی بڵاوکراوەکانی حیزبەوە هێندێک کوردی فێر بووبووین، بەڵام ئەوە زۆر کەم بوو. ناوی دوو مامۆستام لەبیر ماون، مامۆستا عەبدوڵڵا ئەژدەر و مامۆستا عوسمان سەعید. مامۆستاکان هەردووکیان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. ئێمە ڕۆژانە بێکار بووین، ئەو بێکارییە ڕێوشوێنی خراپی لەسەرمان دانابوو. لەبەر بێتاقەتی و بێوازی هەریەک لە بیری ماڵ و منداڵ و ژیانی وڵات لەلایەکیش پاشەڕۆژی نادیار ڕۆژانە دەچووین بۆ چایخانەیەک بەناوی چایخانەی جومعە کە هەندێک لە خەڵکی سلێمانی ناویان نابوو چایخانەی ئێرانییەکان. بەشی زۆری هاوڕێیان بە ڕۆژ لەوێ کۆدەبوونەوە. لەلایەکی دیکەش هاوڕێیان کلاسێکی سیاسییان لە یەکێک لە ژوورەکانی کۆمون بۆ ئەو کەسانەی کە تازە هاتبوون بۆ سلێمانی بۆ پێکهێنابووین. مامۆستاکەی هاشمی حوسێن زادە بوو، واتە قادر حەسەن. لە جیاتی مێژووی کوردستان ئینقلابی حیزبی کۆمۆنیستی چینی بە قەڵەمی "ماوتستۆنگ" بۆ باس دەکردین و بە دەرس پێی دەگوتین. ئەو کلاسە و ئەو دەرسە بۆ ئەوکات و زروفەی کوردستانی عێراق زۆر باوی نەمابوو، بەڵام هاوڕێیان هەر بەگەز و ڕبەی کوردستانی ئێران دەیانپێوا.

بەڕاستی کەمتر لە هاوڕێیان تاقەتی گوێگرتنیان هەبوو، بۆیە زۆرتر ڕوومان کردبووە چایخانەی جومعە کە یەک لەوان بۆخۆم بووم، بەڵام ئێستا کە ئەم بیرەوەرییە دەنوسم بۆم پرسیارە ئاخۆ ئەحمەد تۆفیق ئاگای لێ نەبووبی یان

چۆنە کە هیچ فێربوون و کلاسێکی دیکە نەبوو کە پێمان بڵێن، یان کەس نەبوو لە هاشمی حوسێن زادە زیاتر؟ ئەوەی من بزانم کاک هاشم هەر ئەو دەرسانەی بە کەیف بوو بیانڵێتەوە و هەر ئەوەشی ئەزانی. یان ئەحمەد تۆفیق هاوڕێیانی دەناسی و نەدەکرا کتوپڕ هەڵوێست بگرێت لە بەرامبەد بیری تودەییدا و نەیدەتوانی بیری نەتەوەیی پەرەپێبدات چونکە من دڵنیام کە ئەحمەد تۆفیق ئەوکاتە باوەڕی بەشتی وانەبوو.)

بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نالەباری پەناهێنەرەکان، ڕۆژی دووشەممە ١٩٥٩/١٢/٧، عەبدولموتەلب ئەمین پارێزگاری سلێمانی و حوسێن علی موختار بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی لەگەڵ یارمەتیدەری بەڕێوەبەرایەتی نێوخۆ چوون چاویان بە پەنابەرەکان کەوت، دڵخۆشیان دانەوە و پێیان گوتن "ئێوە لە ماڵی خۆتاندان و ئەم وڵاتە، وڵاتی خۆتانە." جگەلەوەی بەڵێنی ئەوەیان پێدان کە کارئاسانییان بۆ بکەن تا وەک پەنابەری سیاسی وەربگیرێن[3].

ماوەیەکی کورت دوای جێگیربوونی ئەو پەنابەرانە، یەکێک لە پەناهێنەرەکان بە ناوی عەبدوڵا مارف بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەیەوە ئەحمەد تۆفیق و هەڤاڵانی بە هاوکاریی جەمال شالی پاریزەر کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لە چلەی ڕەوانشاد عەبدوڵا مارف لە سلێمانی پێکهێنا. لەو بارەیەوە گۆڤاری ژین نوسی:

- (ڕۆژی ١٩٦٠/١/٥ لە شوێنی پەناهینەرە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران کوبونەوەیەک کرا بەبۆنەی رابوردنی چل رۆژ بەسەر کۆچی دوایی هەڤاڵ عبداللە مارف ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ایران، شوێنەکە بە وێنەی پێشەوای مەزن کاکە کەریم- عەبدولکەریم قاسم- و تێکۆشەر مصطفی بارزانی و شەهیدانی نەمر شێخ مەحمود و قاضی محمد و چوار ئەفسەرەکە و هەڤاڵ عبداللە مارف رازابۆوە و گەلیک دروشمی بەنرخ هەڵواسرابوو وەکو بژی تۆڵەسێنی شەهیدان کاکە کەریم، "پێی ناوی بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین، نامرن ئەوانە وا لە دڵی میلەتا ئەژین"، "بژی تیکۆشانی گەلی کورد لە پێناو ئاشتی و دیموکراسی و سەربەخۆیی دا" و هتد.



لە سەعات سێ و نیوی پاش نیوەرو بەرێوەبەری کۆبونەوەکە کاک جەمال شالی پاریزەر بە دانیشتوانی راگەیاند کە دەقیقەیەک بوەستن بە پێوە بۆ گیانی پاکی "هەڤال" عبداللە مارف و شەهیدەکانی رێگەی رزگاری... نوینەری ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ایران هەڤال احمد تۆفیق هاتە بەر میکروفونەکە وە بە دور و دریژی باسی تیکوشانی گەلی کوردی کرد لە کوردستانی بە زۆر بە ایران بەستراوە وە بۆ خەلکەکەی روون کردەوە کە کورد زۆر جار لە ایران خەڵەتاوە و کاربەدەستانی ایران گەلیک جار تەفرەی داون هەر لە کاتی قاجارەوە تا رەزاشا و تا هەتیوەکەی و وتی زۆر جار رەزاشا پەیمانی داوە بە سەردارەکانی کوردستان کە خۆیان بدەن بە دەستەوە و هیچیان لی ناکەن وە ئەم پەیمانەی لای سەرەوەی قورئانی پیرۆز نوسیوە بەڵام کاتیک ئەو سەردارە کوردە هاتوە همایونی شاهەنشای گەندەل ئەو سەردارەیان بە نامەردی و ناپیاوی کوشتووە، احمد تۆفیق یەکە یەکە باسی شەهیدەکانی رێگەی ئازادی کوردستانی کرد لە ایران دا و لە کونەوە تا ئەمرۆ باسی کوردستانی ایرانی کرد.

ئەمجا هاتە سەر باسی ایستگەی تاران و شارەکانی تر کەوا فرمیسک هەلئەرێژنن بۆ کوردی عیراق و باش بۆ دانیشتوانی روون کردەوە کە ئەم فرمیسک هەلرشتنە فروفیل و تەلەکەبازی و درو و دەلەسەی هەیئەتی حاکمەی ایرانە، وە ئەبیت زۆر باش بزانن کە گەلی کورد ئیتر هەرگیزاوهەرگیز بەو قسە پروپوچ و درۆیانە ناخەڵەتێ و گەلی کورد ریگای رزگاری خۆی دۆزیوەتەوە. لە پاشان هەڤال احمد تۆفیق هاتە سەر باسی کۆماری عیراق، کۆماری کورد و عەرەب وتی ئەمرو کۆماری عیراق بۆتە مۆڵگە و بنکەی أزادی خوازانی کورد و بۆتە قەڵایەکی سەخت و پتەوی دیموکراسی و أشتی و أزادی... ئەمجا بەرێوەبەری کۆبونەوەکە وینەی ئەو بروسکەیەی خوێندەوە کە بۆ کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەی مافی مرۆڤ و پێشەوا عبدالکریم

نێراوە لە بارەی ئەو چەرمەسەری و ئازار و چەوسانەوەیەی کە ئەکرێتە سەر کۆمەلانی خەلکی کوردستان لە ایران دا لە لایەن کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ایرانەوە"[٤].)

١- "ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق"، لاپەڕەی ٤٢، نوسینی دوکتۆر یاسین سەردەشتی، لە گۆڤاری ژین ژمارە ١٤٤٨- ١٩٥٩/١١/١٩ وەرگیراوە.

٢- هەمان سەرچاوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا ئەژدەر، سلێمانی ٢٠٠٦/٣/١٥.

٣- گۆڤاری ژین، لاپەڕەی ٤٣، ژمارەی ١٤٩٣- ١٩٥٩/١٢/١٠.

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤٣ و ٤٤، ژمارە ١٥٠١- ١٩٦٠/١/١١.

# ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە بەرامبەر پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا

بەرلە گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەت، پارتی دیموکرات باڵێکی چەپی لایەنگری حیزبی شیوعی عێراق و باڵێکی تێکەڵاو بوو لە بیری نەتەوەیی و چەپی ماوویی. باڵی لایەنگری حیزبی شیوعی بەچەشنی لایەنگرانی حیزبی توودە لە حیزبی دیموکرات دا، بە بەردەوامی پارتی دیموکراتیان تووشی ئاڵۆزیی دەکرد و هێزێکی کارامەش نەبوو کە بتوانێ بەرپەرچی ئەو لایەنە بداتەوە. هەمزە عەبدوڵا کەسی یەکەمی ئەو باڵە، سکرتێری پارتی دیموکرات بوو، ئەو بە ڕاشکاوی دەیویست سیاسەتەکانی حیزبی شیوعی لەناو پارتیدا پیادە بکات و لە ڕاستیدا پارتی دیموکراتی وەک لقێکی حیزبی شیوعی لێکردبوو. ناوبرا، ئیبراهیم ئەحمەد کەسایەتی دووەمی نێو پارتی بەوە تاوانبار دەکرد کە ڕاستڕەوە و بەشوێن بورژوازیی عەرەب کەوتووە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە خودی ئیبراهیم ئەحمەدیش کەسایەتییەکی چەپ و هەڵگریی تیۆریی ماوتستۆنگ بوو. ئەو لە چلەکانی سەدەی پێشودا، چەندان وتاری لەسەر ولاتی چین و کەسایەتی ماو لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردبۆوە[1]، بەڵام دژی خەباتی نەتەوەیی نەبوو.

لەلایەکی ترەوە، دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، سەرەتا عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دواتر ڕەزا ڕادمەنیش سکرتێری یەکەمی حیزبی تودەی ئێران لەگەڵ پەرویز حیکمەتجو کە پێشتر لەگەڵ ناوی ئاشنا بووین، گەڕانەوە بۆ بەغدا و لە پەنای حیزبی شیوعیدا لە بەغدا، سەرلەنوێ خەریکی دامەزراندنەوەی پێوەندیی حیزبی توودە لەگەڵ حیزبی دیموکرات و زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوی حیزبی تودە بوون لە ئێران، بەڵام ئەحمەد تۆفیق بواری دووبارەی بە قاسملوو نەدا کە لە حیزبی دیموکراتدا چالاک بێتەوە. لەو بارەیەوە ڕەحمان قاسملوو دەڵێت:

- (پێویستە ئەوە بڵێم کە پاش شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٨- ١٣٣٧ مەلا مستەفا بارزانی کە خەریک بوو بگەڕێتەوە عێراق، زۆر ئیسراری کرد کە منیش کە ئەوکات لە پراگ بووم بگەڕێمەوە. لە نەتیجەدا پێکەوە گەڕاینەوە عێراق. ئینجا عەبدوڵڵای ئیسحاقی کە مابوو وەک بەڕێوەبەری ئەسڵی هات و پێکەوە کۆبووینەوە. دیسانەکە هەوڵی ئەوەمان دا

کە بەڕێوەبەریی حیزب زیندوو بکەینەوە. جموجۆڵێکیش لەنێو خۆی ئێران پێک هاتبوو. بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵە سەرنەکەوت. چونکە پاش ماوەیەک ئەو شێوە عەشیرەتی‌یە کە پێشتر باسم کرد و مەلا مستەفاش پێی خۆش بوو، لەنێو ئێمەدا جێگیر بوو. عەبدوڵڵا ئیسحاقی "احمد توفیق" کە تێگەیشتنی زۆرکەم بوو و زۆریش لە خۆڕازی بوو، هیچ موتالیعەی نەدەکرد کە شت فێر بێ. لە نەتیجەدا ئەو شێوە عەشایریەی پێ باش بوو و کەوتە ئەو خەتە. ئێمەش کە موخالیف بووین ئاخرەکەی لە عێراق پێیان گوتین لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا دەبێ بڕۆن و سەرئەنجام لە ماوەی هەفتەیەکدا لە عێراق وەدەریان ناین. ئەوە ساڵی ١٩٦٠ بوو[٢].)

هەرچەندە لێرەدا دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو دوو ڕووداوی لێک جیاوازی ساڵی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ی تێکەڵ کردوە، بەڵام لایەنگرانی حیزبی توده وەک یوسف ڕیزوانی، عەبدوڵا عیزەت پوور و ...تد، بە ڕاسپاردەی ڕەحمان قاسملوو، ساڵی ١٩٦٠ دەستیان لە هاوکاریی کردنی ئەحمەد تۆفیق هەڵگرت و چوون لە بەغدا نیشتەجێ بوون. دیارە بەرلەو ڕووداوەش ئەوان بەشێوەی جۆراوجۆر بەربەرەکانی ئەحمەد تۆفیقیان دەکرد. دەربارەی ڕووداوی یەکەم کەریم حیسامی لە لاپەڕەکانی ٧٠- ٧١ی بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

- (قاسمی سوڵتانیان هاتەلام و گوتی: "ئێمە بۆ کوێ دەچین؟ ڕێبازی حیزبی ئێمە کەی ئەوە بوو؟ ئەگەر فیکرێک نەکەیەوە توشی خەیانەتێکی گەورە دەبین" گوتم لێرە هیچ ناکرێ نامەیەک بۆ غەنی بلوریان دەنوسم تۆ لەگەڵ خۆت بیبەوە، کارێکی وا بکە بە دەست غەنی بگا، دیموکرات ئێستا خەریکن تۆ لێرە گل دەنەوە، بەڵام نابێ قبوڵ بکەی، ئەگەر لەبەر خاتری نامەکەش بێ هەردەبێ بگەڕێیەوە. ناوبراو لە نامەکەیدا دەڵێت: کەریم حیسامی، دوکتۆر قاسملوو، قادر شەریف، قاسم سوڵتانیان دەیانەوێ ئەحمەد تۆفیق لە بەرپرسایەتی حیزبی دیموکرات بخەن.

١- ساڵێک مەسئولیەتی حیزبی لێ بستێنرێتەوە.

٢- بەیاننامەیەک بڵاوبکەنەوە و بیروباوەڕی ناسیونالیستی وشک و بەرچاوتەنگی ئەحمەد تۆفیق مەحکوم بکەن.

٣- پێوەندیی نزیک و دۆستانە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی کۆمونیستی عێراق دامەزرێنن و پێوەندییەکە دەبێ بێلایەن و دۆستایەتی خۆی بپارێزێ.

٤- پێوەندی نزیک و هاوکاری لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران دامەزرێنن.
٨- وەزعی سیاسی ڕەحمان قاسملوو ڕوون بکەنەوە.
کەریم حیسامی لە نامەکەیدا بۆ غەنی بلوریان داوا دەکات بلوریان بێتە باشوری کوردستان یان سەرسنوور کە لەوێ کۆبنەوە و چارەسەری وەزعەکە بکەن.)

بارزانی لە بەرامبەر ئەو دوو گروپەی نێو پارتی دیموکرات دا، سەرەتا هەڵوێستی نەرم و مامناوەندیی گرتەبەر و ویستی کێشەکانی ئەو دوو باڵە لەنێو پارتی دیموکراتدا بە ئارامیی چارەسەر بکات، بەڵام هەمزە عەبدوڵا ملی نەدەدا و لای وابوو ژیان و مانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، ڕێگا بۆ بۆچوونەکانی خۆشدەکات و بەسەر ئیبراهیم ئەحمەددا زاڵ دەبێت کە لێکدانەوەکەی پێچەوانە دەرچوو. بارزانی ناچاربوو سنورێک بۆ ئەو بارە ناخۆشە دابنێ. ئەوە بوو لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا کە ڕۆژی ١٩٥٩/٦/٣٠ لە ماڵی خۆی بەغدا پێکی هێنا، هەندێک بڕیاری بۆ بنەبڕ کردنی ئەو کێشەیە پەسەند کرد و بەم جۆرە هەمزە عەبدوڵا، خەسرەو تۆفیق، نژاد ئەحمەد، ساڵح ڕوشدی، حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری واتە لایەنگرانی حیزبی شیوعی لە پارتی دیموکرات و دۆستانی دوکتۆر قاسملوو لە کاری حیزبی سڕ کران و لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکرات دا کە ڕۆژی ١٩٥٩/١٠/٣ لە ماڵی کاکە زیاد ئاغای کۆیە لە بەغدا پێکهات، مەلا مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی و ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، عومەر مستەفا "دەبابە"، جەلال حیسامەدین "تاڵەبانی"، ئەحمەد عەبدوڵا، عەونی یوسف، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، دوکتۆر موراد ڕزمئاوەر و مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردران و ئەوانیش لە کۆبوونەوەی خۆیاندا ئیبراهیم ئەحمەدیان بە سکرتێر و عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، دوکتۆر موراد، جەلال تاڵەبانی، نوری ئەحمەد تەها و سەید عەزیز شەمزینی یان بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی هەڵبژارد کە هەموویان سەربە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد بوون. بە دەرچوونی لایەنگرانی حیزبی شیوعی عێراق لە پارتی دیموکراتدا، بۆ ماوەیەکی کاتی کێشەکانی نێو پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکرات چارەسەر بوو و دەستی ئەحمەد تۆفیق و هەڤالانی لە خەباتدا کرایەوە، بەڵام زۆری نەگرت کە ئەو ئاڵۆزییە سەرلەنوێ لە پارتی دیموکراتدا سەری هەڵدایەوە کە لە لاپەڕەکانی دواییدا دەیبینین.

بەهەرحاڵ دوای سڕکردنی هەمزە عەبدوڵا و هەڤاڵانی لە پارتی دیموکراتدا و بەرلەوەی کە کۆنگرەی چوارەمی پارتی پێکبێت، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٩٥٩/٩/٢٦، بە نامەیەک بۆ پارتی دیموکرات کە کۆپییەکەی ئاراستەی بارزانی کراوە، ڕوونکردنەوەیەکی دەربارەی دۆخی چوار ئەندامی حیزب کە پەنایان بۆ باشوری کوردستان هێنابوو، بە ناوەکانی: "کەریم ئەنوەری، کەریم حیسامی "سالْح تۆفیق"، جەلال ئەحمەد و جەمال تۆفیق"- ناوی کەسی سێیەم و چوارەم ناوی نهێنییە و ناوی ئەسڵیی ئەوانم نەدۆزیەوە- ئاراستە کردوە. مەسعود بارزانی لاپەڕەکانی ٢٦٥- ٢٦٦ی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی دووەم ١٩٥٨- ١٩٥٩دا، دەقی نامەکەی بڵاوکردوەتەوە.(پاشبەندی ٥).

١- ئیبراهیم ئەحمەد زانیاری تایبەتی لە مێژوو و سیاسەتی کۆمەڵگای چین "سین" هەبوو و بە ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی وڵاتی چین دا بوو. پێیوابوو و تەنانەت هەندێک جاریش دەیگوت ئەگەر مارکسیزم لە چینەوە بگاتە کوردستان، لەگەڵ ژیان و بارودۆخی ئێمە دەگونجێ و یەکدەگرێتەوە، تا ئەوەی لە ڕوسیا بۆ ئێمە هاتووە. زانیاری زۆری سەبارەت بە ڕاپەڕین و مێژووی وڵاتی چین هەبوو و تەنانەت لە دەیەی ١٩٤٠دا کە گۆڤاری "گەلاوێژ"ی بڵاودەکردەوە، زنجیرە بابەتێکی دەربارەی وڵاتی چین وەردەگێڕایەوە سەر زمانی کوردی و بڵاویدەکردەوە. ... لەو ڕێیەوە زانیاری زۆری سەبارەت بە وڵاتی چین بە خوێنەرانی گۆڤارەکەی دەگەیاند و پەنجەی بۆ دیاردەی دیموکراسی نوێ و بزاڤی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕادەکێشا و بۆ ئەوەی کە گوندییەکان و جوتیاران ببن بە هێزی ئەسڵی خەباتو کرێکاران هێزی بنەڕەتی و خوێندکارانی زانکۆ ڕۆڵی مۆتۆڕی بزاڤەکە بەڕێوەبەرن، لە مێشکی خۆیدا خەریکی گەڵاڵە کردنی بوو. پس از شصت سال زندگی و خاطرات جلال طالبانی، ص ٧٥٢- ٨٥٣.

٢- دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کۆبوونەوەی گشتی کادیرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨- مارس ئاپریلی ١٩٨٩دا. بڕوانە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧.

# کۆمونی سلێمانی و دۆخی خراپی پەناهێنەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەدا کە ئاماژم بۆیان کرد، ژیانی پەناهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆمونی سلێمانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ناخۆشتر دەبوو. بێدەرەتان بوونیان لە ژیانی ڕۆژانەدا و بە پەنابەر وەرنەگرتنیان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لەلایەک و کێشە و بەربەرەکانیی ناوخۆی کادیرەکانی حیزبی دیموکرات لەلایەکی تردا مێشکی پەناخوازەکانی تێکدا بوو. ڕژێمی عێراق لە نێوان نزیکەی ٣٣٠ پەناخواز، تەنیا ژمارەیەکی کەمی بە پەنابەری سیاسی وەرگرتبوو و ژمارەیەکیشی لە کوردستانەوە دوورخستبووەوە بۆ باشوری عێراق. یەکێک لەو دوورخراوانە بە ناوی عەبدولقادر محەمەد کە ڕەوانەی شاری ناسرییە کرابوو، لە سکاڵانامەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەی "دەنگی کورد"، بەتوندی نارەزامەندیی خۆی دژی دوورخستنەوەکەی دەربڕی و نوسی:

**- (ئەو بەندیخانەیەی لە دەستی ڕایکردوە خۆشترە تا ئەم ژیانە ڕزگارییەی[1]. دەنگی کورد نوسی مەسەلەیەکی وا کە بەشێکی زۆری ئەو پەناهێنەرانەی گرتەوە، ناچاری کردن بۆ ڕزگاربوون لەو ژیانە سەخت و دژوار خۆیان تەسلیم بە ڕژێمی شاهەنشاهی بکەنەوە[2].)**

ئەحمەد تۆفیق کە خەمخۆری ڕاستەقینەی ئەو پەناهێنەرانە بوو، بۆ چارەسەر کردنی کەموکوڕییەکانی ژیانیان، دەستی بۆ هەموولایەک ڕادەکێشا و داوای یارمەتی لێدەکردن و سەرئەنجام بە هاوکاریی مەلا مستەفا بارزانی توانی بۆ بەشێک لەو کادیرانەی بە پەنابەر وەرگیرابوون، دە تفەنگی برنو و ١٥ دەمانچە و لە ١٩٥٩/١/٧وە موچەی مانگانە بۆ ٢٨ کادیری حرفەیی حیزب لەنێوان ٧ تا ١٤ دینار ببڕێتەوە(پاشبەندی ٦).

هەروەها ناوبراو ڕۆژی ١٩٦٠/٤/٢٩ لە سلێمانی پێشوازی لە وەفدێکی زانستیی وڵاتی چیکوسلۆڤاکی کرد کە لە پرۆفیسۆر میرۆسلاڤ زیکمانە و پرۆفیسۆر بیری هاتزلکاد پێکهاتبوو. ئەو دوو کەسە سەردانی کۆمونی پەناهێنەرە سیاسییەکانیان کرد. ئەحمەد تۆفیق لەو دیدارەدا بۆ وەفدەکە دوا و ئاماژەی بۆ مێژوو و ئاکاری میللی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و مێژووی تێکۆشان و خەباتی عادیلانەیان بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ڕزگاری و ئازادیی و حاکمیەتی میللی کرد. ناوبراو بەتایبەتی لە

تایبەتمەندییەکانی بزوتنەوەی کورد کە جەوهەرێکی شۆڕشگێڕی و پێشکەوتووی هەیە و لەسەر ویستی ژیانی چینی چەوساوەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە تێکەڵاوە لە بەرهێنانی چارەنووسی نەتەوایەتی و حاکمیەتی سەربەست، بە بەرینی دوا. لەو چاوپێکەوتنەدا گەلێک ئاکار و کردەوەی جوانی نەتەوەکەمان و مێژووی خەباتی چوارده ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکەم کۆماری میللی و دیموکراتی کوردستانی بۆ وەفدەکە ڕوون کردەوە و نیشاندرا کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی پاک و دۆستی هەموو نەتەوەیەکی سەرزەوییە[٣].

ئەحمەد تۆفیق هەروەها ڕۆژی ١٩٦٠/٥/٥ نامەیەکی ئاراستەی مەلا مستەفای بارزانی کرد و لەودا باری نالەباری پەناهێنەرەکان و بارودۆخی شێواوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ سەرۆک بارزانی ڕوون کردەوە. ناوبراو سەبارەت بە وەزعی پڕئێش و ئازاری پەناهێنەرەکان لە بەشێکی نامەکەیدا دەڵێت: (مامۆستای بەڕێز و دڵسۆز هاوڕێ مەلا مستەفا بارزانی بەڕاستی گەیشتومەتە حاڵێکی گەلەک چەتوون. بەقەد سەری دەرزی کەرامەتی سیاسی و ئینسانیان پێوە نەهێشتووین حاڵێکی پر پەرۆش و سوتێنەر باڵی بەسەردا کێشاوین هەر ئەوەندە بەسە کە بزانن برا جگەرەخۆرەکانمان، قادر بە کڕینی جگەرە و تووتن بۆیان نین، لەبەر سەرئیشەی نەکێشانی جگەرە بەدایم لۆچی دەستیان پڕە لە حەبی سەرئێشە و ئاسپرین، کە لە دەرمانخانەی سەرچنار بەخۆرایی دەیان دەنێ. بۆخۆشم کەلێنم لە خۆم بریوە هەتا ئێستا لە شاری سلیمانی زیاتر لە ١٥٠٠ دینار قەرزدارم و لە بەغدا ٦٠٠ دینار، نازانم چی بکەین، نایەڵن دابەشیان بکەم لە دێهات و شارۆچکەکانی دەوروبەری سلێمانی فەلاحەت و کاربکەن، ئێستاش تەنیا ٢٠ ڕۆژی تر ماوە فەلاحەکان دەستبەکار بن وە ماوەی ئەوە نەماوە دانەوێڵە بچێنن تەنیا ماوەی چاندنی تووتن و نۆک و کارکردن لە باخچەکان ماوە، لە برادەرانی پارتیش گەڕێ. مامۆستا گیان نەک بە پێخۆش بوونی خۆم بەڵکو بە واجبێکی قەومی و حزبی ئەم وەزعە دەخەمە بەر نەزەری ئیوە، دەزانم دەرد و نارەحەتی ناوچە زۆر دەورەی داون بەڵام سەرەڕای ئەوەش داخوازم ڕێگایەکمان بۆ بکێشن تیدا هەنگاو هەڵێنین چونکو ئەگەر وەزع بەو حاڵە کە ئیستا هەیە بڕوات، وا بزانم شتی وا بخوڵقیت کە ببێتە هۆی نارەحەتی هەر کوردیکی دڵسۆز.) (پاشبەندی ٧)

سەبارەت بە ئاکامی ئەو نامەیەی ئەحمەد تۆفیق و کێشە و ڕاوەدونانی پەناهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، شێخ

جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی بۆی ئامادە کردوە، دەڵێت: (ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦١، پاش ئەوەی لەلایەن بارزانیەوە بانگ کراین، هەر زوو نانمان خواردوخۆمان کۆکردەوە.... شارەزایەک بەناوی "زەکی کامل" پێشمان کەوت و بەرەولای بارزانی کەوتینە ڕێ. .... بارزانی سەبارەت بە راوەدونانی ئاوارەکان لە عێراق، زۆری پێناخۆشبوو، بڕیاریدا بە چوونەوەی بۆ بەغدا لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا قسە لەو بارەیەوە بکات. لە بارەی پێویستی ماڵیشەوە، بارزانی یارمەتی ٥٠٠ دیناری بە حیزب کرد و ناونیشانی چەند کەسێکی لە بەغدا دا بە ئەحمەد تۆفیق، تاکو بڕوات لەوێ بەناوی بارزانییەوە داوای یارمەتی بۆ ئاوارەکان و برادەرانی حیزب بکات.)

لەو سەروبەندەدا هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد دوکتۆر ڕەزا ڕادەمنیش سکرتێری گشتی حیزبی تودەی ئێران، چەند ئەندامی حیزبی تودەی هێنابوو بۆ بەغدا و بەنیاز بوو ڕێکخراوەکانی حیزبی تودە لە ئێران زیندوو بکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا هەوڵیدەدا لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش ڕێک بکەوێتەوە. لەو بارەیەوە کەریم حیسامی لە لاپەڕەی ٦٥ی، بەرگی دووەمی کتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: (لەم بەینەدا دوکتۆر رادمەنیش سکرتێری حیزبی تودەی ئێران چەند ئەندامێکی حیزبی تودەی هێنابوە بەغدا بەو نیازە بەڵکو بتوانن لە ئێران تەشکیلاتی حیزبی زیندو کەنەوە. هەرلەو کاتەشدا هەوڵیان دەدا لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بگەنە یەک، بەو مانایە بە بیروباوەڕی ئەوان دەبوایە حیزبی دیموکرات ببێتە ڕێکخراوی حیزبی تودە لە کوردستان. یەک دوو کەسیان لە باکۆوە هاتبوون بە داخەوە بەهیچ جۆر لە مەسەلەی نەتەوایەتی تێ نەدەگەیشتن. .... نێوانی ئەحمەد تۆفیق و قاسملۆ تا دەهات ناخۆشتر دەبوو ئەحمەد تۆفیق دیگوت ڕەحمان لەگەڵ حیزبی تودەیە و دەیەوێ حیزبی دیموکرات لەبەین بەرێ. دیارە هێندێک هەڵوێستی قاسملۆ ئەو فیکرەی لەنێو برادەرانی دیکەدا بەهێز کردبوو. قاسملۆ زۆر کەم دەهاتە لای ئێمە، پتر لەگەڵ تودەییەکان یا لەگەڵ نیژاد و هەمزە عەبدوڵا بوو. لە راستیدا پەیوەندی بە حیزب و تێکۆشانەوە نەبوو. بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەیگوت بڕیارمان داوە "دیار نەبوو کێ بڕیاری داوە" کە ئەحمەد تۆفیق بچێتەوە بۆ ئێران لە ناوچەی سنە کاری حیزبی بکا. بەڵام یاخی بووە و ناگەڕێتەوە.)

دوکتۆر یاسین سەردەشتی سەبارەت بە کێشەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی دیموکرات و ناکۆکی لەنێوان ئەحمەد تۆفیق و ڕەحمان قاسملوو، لە لاپەڕەکانی ٥٥- ٥٦ی کتێبی "ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق" دا دەڵێت: (لە ڕاستیدا مەسەلەکانی پابەندنەبوون بە بڕیاری حیزبی و پێوەندیکردنەوە بە تودە، گیرانەکەی تاران و پەیمانی هاوکاری بە ساواک، ناکۆکی سەفەرەکەی ئەوروپا و ڕێگری لە بەردەم چوونی ئەحمەد بۆ فێستیڤاڵی لاوان لە مۆسکۆ، وەک حیسامی- لە لاپەڕەی ٣٧ی، بەرگی دووەمی کتێبی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ دەکات- و لە دەمی ئەحمەد تۆفیقەوە نەقڵی کردووە "رەحمانی قاسملو... بە فێڵ منی بردبووە ئوروپا کە بە حیزبی تودەم بفرۆشێ." هەروەها شالاوەکەی ساواک و خیانەتی سمایلی قاسملو، گەڕانەوەی قاسملو و هەڵسوکەوتی هەمیشەیی لەگەڵ د. رادمنیش و شیوعییەکان و نێوان گەرمی لەگەڵ باڵی کۆمۆنیستی پارتی. تێکڕای ئەوانە ئەحمەد تۆفیقی لە بەرامبەر رەحمانی قاسملودا زیاتر تیژ دەکرد. وەک بلوریان- لە لاپەڕەی ١٠٦ ئاڵەکۆکدا- دەڵێت: "کە ئەحمەد تۆفیق و قاسملو لە باشووری کوردستان ناکۆکیان لێ پەیدا بوو، ئەحمەد تۆفیق بەچاوی قاسملووی دادابۆوە و گوتبووی "غەنی ڕاستی دەکرد و ئێمە لە بارەی تۆدا بە هەڵە چووین." مامۆستا عبداللە حسن زادە لە کتێبی "نیو سەدە تێکۆشان ئاورێک لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لاپەڕەی ٢٧- ٢٨، گەلاوێژی ١٣٧٤دا" هەوڵیداوە لەژێر سەردێڕی "ڕاست و چەپ، یان سەربەخۆ و بەستراوە"، جەوهەری ناکۆکی ئەودەمی نێوان ئەحمەد تۆفیق و قاسملوو ڕوون بکاتەوە. بەڕێزی بە پێچەوانەی داڕشتنی سەردێڕەکە کە دەبێت ڕاست سەربەخۆ بێت و چەپ بەستراوە بێت، قاسملووی بە لایەنگری سەرسەختی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناساندوە و ئەحمەد تۆفیقیشی بە کلکایەتی بۆ پارتی و مەلا مستەفای بارزانی لەقەڵەمداوە، کە لە بنەرەتدا وا نییە. چونکە نە قاسملووی تودەیی سەربەخۆخواز بوو و نە ئەحمەد تۆفیقیش ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ.)

هەروەها دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق و کێشەکانی لەگەڵ ناوبراو دەڵێت: (عەبدوڵلا ئیسحاقی نفووزێکی عەجایبی هەبوو. یانی سانترالیزمێکی بوروکراتیک لە حیزبدا پێک هاتبوو کە زۆر دژی دێموکراتیک بوو. هەروەها دەروێش سیفەتی بەرامبەر بە یەکیەتیی سوڤیەتی و

وڵاتانی سوسیالیستی پێک هێنابوو. لە لایەکەی دیکە نفووزی سوونەتەکانی بارزانی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگی دامەزراندبوو. هەروەها ماکیاولیزمی کردبووە باو؛ بەو مانایە کە لە سیاسەتدا لەگەڵ هەموو کەس دەتوانێ رێککەوێ و کڵاو لە سەر هەموو کەس بنێ و فێڵ لە هەموو کەس بکەی. لەوانەش خراپتر دوو شتی دیکە بوو، یەکیان ئەوە بوو کە: بۆ ئەندامانی حیزبی ئێمە کە مابوونەوە گرنگترین شت بریتی بوو لە چەک و پارە، کاریان بە هیچ شتێکی دیکە نەبوو. تەشکیلات و سیاسەت و نووسین و ئەوانە هیچ ئەهەمییەتێکی نەبوو! ئەمە دیارە لە خودی بارزانییەوە هاتبوو کە زۆرجار تەوهینی بە زۆر رووناکبیر دەکرد و قسەی خراپی پێ دەگوتن و ئەمە چووبووە مێشکی زۆر کەسانەوە. ئەوی دیکەشیان دامەزرانی سلسلە مەراتبی عەشیرەتی بوو. یانی ئەوەی مەسئوول بوو هەمە کارە بوو کەس هەقی نەبوو لێی بپرسێ چ دەکەی؟ ئەوەی مەسئوولییەتی نەبوو وەک نۆکەر رەفتاری لەگەڵ دەکرا[٤].)

ئایا ئەوانەی دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق ئاماژەیان بۆ دەکات، پروپاگەندە سیاسی نیین؟ ئایا ئەوە ڕاستە کە ئەحمەد تۆفیق جگەلە چەک و پارە، کاری بە هیچ شتێکی دیکە نەبووە؟ ئایا تەشکیلات، سیاسەت و نووسین لەلای ئەحمەد تۆفیقەوە هیچ ئەهەمییەتێکی نەبووە؟ ئایا ئەوە ڕاستە کە ئەحمەد تۆفیق کەسێکی ماکیاولیست بووە و خەڵکی فریو داوە؟ بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییانە پێویستە ئاوڕێک لەو ڕۆژانە بدەینەوە کە ئەحمەد تۆفیق بە ناوی ئەسڵی خۆی واتا "عەبدوڵا ئیسحاقی" ساڵی ١٩٣٧ لە ناوچەی مەنگوڕانەوە خۆی گەیاندە باشوری کوردستان کە شوێنێک بۆ ئەو کادیرانەی حیزبی دیموکرات بدۆزێتەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گیانیان لە مەترسیی دەکەوت کە شوێنێکیان بۆ کشانەوە هەبێت. ئەو بە گیرفانی بەتاڵ خۆی گەیاندە باشوری کوردستان و بە زیرەکیی خۆی لە ژمارەیەک ڕۆشنبیر و کەسانی پاک و نیشتمانپەروەر نزیک بووەوە. بە پیتاک و پارەی کۆکردەوە، خۆی ژیاند و هەندێکیشی بە ئەسعەد خودایاریدا بۆ قادر شەریف و غەنی بلوریان ناردەوە کە سەرفی کارەکانی حیزبی بکەن. ناوبراو تا ساڵی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی بارزانی بەو جۆرە بە نهێنی لە باشوری کوردستان ژیا و دوای گەڕانەوەی بارزانی و ئاشکرابوونی پارتی دیموکرات، خۆی ئاشکرا کرد. لە پەلاماری دەزگاکانی هەواڵگریی ئێرانی بۆسەر ئەندامان حیزبی دیموکرات لە

ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و ئێـران، بـوو بـە مەکـۆیـەک بـەهێـز بـۆ ئـەو کـادیرانـەی بـەناچار ماڵی خۆیان بـەجێهێشت و گـەیشتنـە باشوری کوردستان.

ئـەحـمـەد تۆفیـق بـە دەسـت پـانکردنـەوە، درۆزەگـەریـی و دواتـریش بـەهـۆی لیژنـەی پیتاک کۆکردنـەوە کە لـە مامۆستا عەبدوڵا ئـەژدەر، عوسمان سـەعید و جـەمال شـاڵی پێکهـات، لـە خـەڵکی کوردپـەروەری شـاری سلێمانی یـارمـەتی بـۆ کادیران و ٣٣٠ پەناهێنـەر کۆکردەوە و بـەگوێرەی توانا لـەگەڵ سلێمان موعینی، قادر شەریف و قاسم سوڵتانیان و ئـەو ژمارە کـادیرانـەی لـە دەوریـان بـوون و بـە هاوکاریی ڕاستەخۆی سەرۆک مستەفا بارزانی، ئەو کێشانەیان خستە پشتسەر.

دوای خۆئاشکرا کردنی، لەگەڵ هەموو ئەو گورزانەی کە لـە جـەستەی حیزبـی دیمـــوکرات کـەوتبـــوو، بـە نوســـین و بڵاوکـــردنـەوەی وتـــار و بـەیاننـــامـە لـە ڕۆژنامەکـانی ئـەو سـەردەمی کوردسـتان، بڵاوکـردنـەوەی ڕۆژنـامەی کوردسـتان ئۆرگـانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان "دەورەی سێیەم" و کـاری دیپلۆمـاتی و پێکهێنانی هاوپەیمانیی لـەگەڵ پارتی دیموکرات، کۆمەڵـەی ئـازادی و ژیـانـەوە و یـەکسـانی کـورد "کاژیـک" و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی سـوریا، حیزبـی دیمـوکراتی گـەیانـدە ڕیـزی یـەکێـک لـە حیـزبـە چالاکـەکـانی ئـەو سـەردەمی کوردستان لـە باشور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا و نـەیهێشت خزمـەتی شـەهیدانی گەل بە فیرۆ بچێت و بفەوتێ.

لـە ڕەوتی نوسینـەکانمدا بـە بـەشێک لـەو چالاکییانـە دەگەن، بـەڵام بـۆ ئـەوەی بـزانین ئـایـا ئـەحـمـەد تۆفیـق چـەنـدە بـە کـاری نوسین، ڕێکخستن و سیاسـەتـەوە ســەرقاڵ بــووە، بــڕواننـە لاپـەڕەکــانی ڕۆژنـامـەکــانی ئـەو ســەردەمی باشــوری کوردسـتان، وەک: خـەبـات ئۆرگـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ژمـارە ١٦- ١٩٥٩/٧/٢٢. ژیـن ژمـارە ١٤٤٩- ١٩٥٩، ژیـن ژمـارە ١٦- ١٩٥٩/٧/٢٢، ژیـن ژمـارە ١٥٢٢- ١٩٦٠/٤/١٤، ژیـــن ژمـــارە ١٥٢٤- ١٩٦٠/٤/٢١، ژیـــن ژمـــارە ١٤٩١- ١٩٥٩/١١/٣٠، ژین ژمارە ١٥٣٧- ١٩٦٠/٦/٢٠، ژین ژمارە ١٥٣٨- ١٩٦٠/٦/٢٣، ژین ژمـارە ١٥٣٩- ١٩٦٠/٦/٢٧ و دەنگـی کـورد ژمـارە ٣١- ٣١ی ئـاب ١٩٦٠ و دەنگـی کـورد ٢٨- ١٤ی ئـەیلـول ١٩٦٠ و هیـوا ژمارەکـانی ٦ و ٧ کـانونی دووەمـی سـاڵ ١٩٥٩ و هـەروەهــا ڕۆژی نــوێ ژمــارە ٤- تـەمــوزی ١٩٦١ و ڕۆژی نــوێ ژمــارە ١ نیســانی ١٩٦٠ و...هتـد. لە بـەشـی دواییـدا ئـامـاژە بـۆ ڕۆژنـامەی کوردسـتان ئۆرگـانی حیزبـی دیمـوکرات "دەورەی سێیەم" دەکەم کە نـە تـەنیـا لـە مێـژووی حیزبی دیموکراتدا ونە و هەتا ئێستا نـاوی نییە، بەڵکوو بە ڕاشکاوی حاشا لە

بوونی دەکەن. لە وەڵامی بەکارهێنانی وشەی "ماکیاولیزم" بۆ ئەحمەد تۆفیق لەلایەن دوکتۆر قاسملووەوە سەرنج بدەنە ئەم نوسینەی "دانا ئادامز شمیدت" ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی لە کتێبی **"گەشتێک بۆلای پیاوانی ئازا"**دا کە دەڵێت: **(ئەحمەد تۆفیق وتاربێژ، قسەزانی مەزن و دەکرێ بڵێم وەزیری ڕاگەیاندن بوو.)**

ئەحمەد تۆفیق بڕوایەکی پتەوی بە پێشکەوتنی حیزبی دیموکرات هەبوو، ئەو لە حیزبی دیموکراتدا بۆ یەکەم جار باسی سەربەخۆیی کوردستان و ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی کردوە[٥]. وتار و بەیاننامەکانی لەو سەردەمدا، بەڵگەی گرنگ و بە نرخی حیزبی دیموکراتن و پشتگوێ خستنیان خسارە بۆ حیزبی دیموکرات و مێژووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ساڵی ١٩٦٠ لە وتارێکیدا کە گۆڤاری ڕۆژی نوێ بڵاویکردەوە، ناوی زۆربەی شەهیدانەی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانی بڵاوکردەوە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان بەدەست داگیرکەرانی کوردستان شەهید کراون[٦]. ناوبراو لە وتارێکی دیکەیدا لەژێر ناو و نیشانی "ڕێگای ڕزگاری کوردستانی بە ئێران بەستراوە"دا دەڵێت:

- **(کڵپە و بڵێسەی بزووتنەوەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات لەم چەند ساڵەی دواییدا تین و تاشی داوەتە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردمان و ناوی نەتەوەکەمان هاتۆتە کۆی سیاسەتی جیهانەوە و باسی نەتەوەی کورد لە ناو ڕۆژنامەکان و شوێنەکانی سیاسی عالەمدا جێگای تایبەت و بەرچاوی خۆی بۆ کردوەتەوە[٧].)** بڕوانە (پاشبەندی ٨)

لە وتارێکی دیکەیدا، ئەحمەد تۆفیق ڕوو لە دوژمنانی کورد دەکات و دەڵێت: **(ئەی کورد کوژینە، داگیرکەرینە، چنگ خوێناوینە، ئەی دڵ ڕەقی ڕوو ڕەشینە، زۆرتان کورد سەربڕی، زۆرتان زیندە بەچاڵ کرد، زۆر منداڵتان گۆشاوگۆش وەک بەرخ سەربڕی.**

**سەدان ساڵە بێوچان سامان و پیتی کوردستان بەتاڵان دەبەن نەک بە دزی بە ئاشکرا، بە ئاشکرا بەژێر سێبەری سەرنێزەکانی تک تک خوێن لێ تکاومان. ئەی دوژمنینە: ئێمە هەمیشە لەبەر چاومانە: ستەمی ئێوە...، گوللە و قورقوشمی داخی بە خوێنی دڵی کورد سارد کراوتان.**

**فرت و فێڵی زۆر نزم و سەرشۆڕانەتان. زیندان و گرتووخانەکانتان.**

**هەموو... هەموو کردەوەکانتان لێمان بۆتە تاوتین، کڵ و کۆ، هەستی گەرم و سووری وەک پشکۆ.**

هەموو نەتەوەی کورد بێجگە لەو چەند نۆکەرانەت ئەی دوژمن لە ڕیزێکدا تێک پەسیو، نەبەزیو، زۆرجار بە دەستی تۆ تەزیو، بوونە بەردی سماتە. سەرسەخت و بەسام، هەموو کەوتوونە ڕێی خرۆشاو بەرەو جیهانی ڕووناک و درەوشاو. ڕێگەمان زۆر خۆشکراو و پتەوە، بەپای پەتی کورد کوتراو... وا بەسەر ئەو ڕێگەوە ڕێ ڕەوین، بۆ تۆڵە، بۆ خوێن خوازی، خوێن ڕشتن.

دوژمن دەزانین خەریکی پێمان وەبەر پێ دەی و دیسان سەرەنگریمان کەی، تا کەی گێل بین!

نا... نا کوردکوژ ئیتر بەسمانە.

نۆرەمانە، کات و سەرودەمی چاوکرانەوەمانە.

تۆڵەمان لێ نابێتە ژیانی لەش کوشتنت، تۆڵەمان کوشتنی ڕژێمتە.

ڕمانی قەڵای داگیرکەریتە، تەفروتوناکردنی داب و دەزگای کوردکوژیتە.

ئەدی، ئیتر دەبێ بمری و نەمێنی.

چونکە ئیتر بەسمانە، کات و دەوری بزوتنمانە.

وەرە گوێ گرە. لۆکەت لە گوێت دەرێنە: گوێت بۆ ئەو دەنگە پڕسام و بەگوڕە هەڵخە لە ئارارات دا بانگ دەکات تۆ هەر لە پاڵەوە گوێ بۆ ساسۆن- قەندیل- پیرەمەگروون- هەڵگورد و کەوەرو هەڵخە دەنگ دەدەنەوە بزانە ئەو دەنگە دەڵێ چی! دەڵی چی: هۆی کوردینە، پاڵە، جوتیار، کرێکار، پیشەساز، ڕووناک بیر، بازرگان، عەشیرەتی نیشتمان پەروەر، لە ڕیزێک دا بەری یەکدا "یەکگرن".... نۆرەمانە[٨].)

دیاردەیەکی تر کە کار بۆ کردنی لەو سەردەمدا گرنگایەتی زۆری هەبوو، هەوڵدان بوو بۆ ئازاد کردنی گیراوە سیاسییەکانی کورد کە ساواک لە پەلاماری ڕۆژی ١٩٥٩/١١/٢ تا ١٩٥٩/١٢/١٠دا قۆڵبەستی کردن. بە هەوڵی ناوبراو و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات بوو کە عەزیز یوسفی، ڕەحمەتوڵا شەریعەتی و غەنی بلوریان کە دادگای سەربازیی ڕژێمی شا حوکمی ئیعدامی بەسەریاندا سەپاندبوون، لە مەرگ ڕزگار کران. بۆ بەرگریی کردن لە کردەوەکانی دوژمن لە بەرامبەر ئەو گیراوانەدا، جگەلە پەنابردنی بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکانی جیهان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ پەنابەرە سیاسییەکان پەنای بردە بەر سەرجەم هێزە سیاسی و خاوەن نفوزەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق بۆ وەستاندنی ئەو حوکمانە. هەرلە "کەریم قاسم" سەرۆک کۆمارەوە تا بارەگای "انصار السلام" و عەزیز شەریف و

هەتا "حزب وطنی دیمقراطی"ی کامل چادرچی و هتد. هەوڵەکانیان بە چەشنێک بوو کە مەسەلەی ناڕەزایی دەربڕین و وەستان دژی ئیعدام کردنی ئەو ئەندامانە، ببووە مۆدێلێکی ڕۆژ و تەنانەت خوێندنگە سەرەتاییەکانی کچانیشی گرتبووە(٩).

هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە یادی دووی ڕێبەندان چواردەیەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و ڕێزگرتن لە گیانی پاکی پێشەوا قازی محەمەد و ئەو شەهیدانەی کە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦- ١٩٤٧/٣/٣١ لە چوارچرای شاری مهاباد و دواتریش لە شارەکانی تری کوردستان و عێراق لە سێدارە دەران، دوو وتاری جیاوازی بڵاوکردەوە. بۆ بینینی ئەو دوو بەیاننامەیە بڕوانە (پاشبەندی ٩) و (پاشبەندی ١٠) و بەم جۆرە بەشێک لە هەوڵەکانی ئەحمەد تۆفیقتان لە حیزبی دیموکراتدا بۆ دەردەکەوێت.

بەهەرحاڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا و لەلایەن چەپڕەوەکانی لایەنگریی حیزبی تودەوە بۆسەر ئەحمەد تۆفیق و سەرکردایەتی ئەوکاتی حیزبی دیموکرات دەهات، شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی بۆی ئامادە کردوە، دەڵێت:



- (کاتێک لە ساڵی ١٩٥٩وە، لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژەم بە تێکۆشاندا هەتا ساڵی ١٩٦١ و بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ بەڕێزان: ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، قادر شەریف، مەلاباقی، قاسم سوڵتانیان، رئوف مەلا حەسەن، مەلا رەحمانی سێفە تاڵەیی، مەلا سەید رەشید، ڕەشەی قاچاخچی، شێخ موعتەسەم، عەبدوڵڵای شێخ موعتەسەم، عومەر نگڵی، مەلا عەلی لێوی، شێخ عوسمان مەردۆخی، مەلا ئەمین نوینی، عەلی عەجەم، کوێخا کەریم، تۆفیقە سور، شێخ ئەحمەد فەزڵیو لەتیفی شێخولئیسلامی و چەند لە تێکۆشەرانی تر کاروچالاکیی حیزبییمان لە هەردوو پارچەی کوردستانی ئێران و عێراق ئەنجامداوە و ئەرکی نەتەوەییمان بێ هیچ چاوێک لە پاداشت و بەرژەوەندییەکی تایبەت ئەنجامداوە، بەڵام بەداخەوە

کەسانێکی بێئاگـا و هەنـدێکیش بە ئەنقەست چـاو لـەم قۆنـاغەی تێکۆشـانی حیزب دەپۆشن و خۆبەختکارانی ئەم قۆناغە لـە نـەوەی نوێ دەشارنـەوە.

هەرلـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٠ەوە، کە بـوومە ئەنـدامی حیزبـی دیمـوکرات، ئەوەم زانی لەناو ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبدا دووبەرەکییەکی قـووڵ لـە ئـارادابوو. دەستەیەک لـەگەڵ ئەو بۆچوونەدابـوون کە حیزبـی دیمـوکرات وەک دەورانی جبهەی میللی و سەردەمی موسەدیق ڕێکخراوێکی سەربە حیزبی تودە بمێنێتەوە و یارمەتی مادیی و بارهێنانی تیۆریی لەوەوە وەربگرێت. لەناو ئەم دەستەیەدا هەبـوون جیابوونەوەی حیزبـی دیموکراتیـان لـە تـودە بەخیـانەت و نۆکەرایەتیی ئیستیعمار دەزانی.

دەستەیەکی تر کە تاقم و لایەنگرانی ئەحمەد تۆفیق بوون، لایان وابوو چۆن پـارتی دیمـوکرات لـە باشـووری کوردسـتان لـە حیزبـی شـیوعی عێـراق جیـایە، دەبێـت حیزبـی دیمـوکراتی کوردستانیش لـە حیزبـی تـودەی ئێـران جیابێـت و سـەربەخۆ بێـت. ئەم دووبەرەکییە بەشێوەیەک پەرەی سـەند کە ئـاڵۆزییەکی گەورەی لـەنێـو حیزبـدا پێکهێنـا، هەتـا کـار گەیشـتە ئەوەی ئەحـمەد تۆفیـق و هاوڕێ کەمـال ئەحـمەد -قاسم سوڵتانیان- چوونە بەغدا بـۆلای مەلا مستەفا بـــارزانی و داوایـــان لێکـــرد ئەو تاقمەیـــان لـە کـــۆڵ بکـــاتەوە کە لەلایەن عەبدولڕەحمانی قاسملووە ڕێبەرایەتیی دەکران. مەلا مستەفا زیرەکانە پێیوتن وەک ئێوە باس ئەکەن ئەبێت عەبدولڕەحمان و هاوڕێکانی خیانەتیان لە حیزب کردبێت، ئەگەر وایە پێویستە حیزب ئەوان وەدەرنێت، جا لەبەرئەوە مـادام ئێـوە حیزبتـان هەیە، بـڕۆنەوە سلێمانی و کۆبـوونەوەی خۆتـان لەسـەر ئەم مەسەلەیە بکەن، ئەگەر حیزب بەناوی خیانەت ئەوی دەرکرد، ئەوە چارنیە من بـۆ دەرەوەی ڕەوانە دەکەم. ئەوان هەر ئەوەنـدەی لە بەغـدا گەڕانەوە خێـرا دەســـتبەجێ کۆبوونەوەیەکیـــان کـــرد و بە ئیجمـــاع بڕیـــاری دەرکردنـــی عەبدولڕەحمانی قاسملویان دا و بە بەیان بڵاویانکردەوە. ئەوەبوو دوای بڕیاری حیزب، بارزانی قاسملووی لە عێراق وەدەرنا، مایەوە ئەحـمەد تۆفیـق و بەشـە نیـوە تـودەییەکەی حیـزب، هەتـا گەیشـتە ئەوەی کەمـال ئەحـمەد- بەرپرسـی پەنابەرانی کورد لـە عێراق- و تاقمێکی تریان گەڕانەوە ئێران.)

هەرلەو بارەیەوە ڕئوف حافزلقورئان "ڕئـوفی مەلا حەسـەنی" یەکێکـی تـر لـە کادیرەکانی حیزبـی دیموکرات کە سـەردەمێک لـە ئێـران لەگەڵ ئەحـمەد تۆفیـق

زینـدانی بـووە و دوای پەلامـاری سـاواک بۆسـەر ئەنـدامانی حیـزب، خـۆی گەیاندووەتە سلێمانی، لە بیرەوەرییە دەستنوسەکەیدا دەڵێت:

- (.... ئـێمە لـە سـلێمانی تەنهـا نـانی وشـک و چـای خواردنەوەمـان بـۆ ئاوارەکان بۆ ساز دەکرا. لە عەینی کاتدا ڕەحمان قاسملوو لە بەغدا داوای سکرتاریەت و بەرپرسـایەتی یەکەمـی حیزبـی دەکـرد. کێشـەکەمان گەیشـتە بارزانی. جەنابی بارزانی گوتی ئێوە حیزبتان هەیە، لە سلێمانی کۆنفرانسێکی حیزبی ساز بکەن و لەو کۆنفرانسەدا وەزعی ئەحمەد تۆفیق و ڕەحمان قاسملوو ڕوون بـکەنەوە و قەراری لەسـەر بـدەن. ئەوە بـوو بە فەرمـانی بـارزانی ئەو کۆنفرانسـە بە حـزوری ئەحـمەد تۆفـیق و ڕەحمـان قاسـملوو لـە سـلێمانی گیـرا. کۆنفرانسـەکە دەوری ٣٠ کـادیر و ٧٠ ئەنـدامی حیزبـی تێـدا بەشـدار بـوو. بە ئیتفاقی ئارا ڕەحمان قاسملوویان بە خیانەتکار دانا و داوایان کرد کە بەناوی خائینەوە لە حیزب دەربکرێ، بۆ نموونە لەو کۆنفرانسەدا یەک نەفەر لایەنگری قاسملوو نەبوو، ڕەئـیەکە بە ئیتفـاقی ئـارا بـوو. بەیـانی حیـزب دەرچـوو بە دەرکرانی قاسملوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەناوی خائین بە حیـزب و کوردسـتان. جەماعەتێـک لـە سـەرکردایەتی حیـزب نەتـیجەی کۆنفرانسـەکە و بەیانی کۆتایی حیزب لەسەر دەرکردنـی قاسـملوویان بـرد بـۆ بەغدا و دایـانە دەستی سەرۆک بارزانی. بارزانی داوای قاسملووی کرد و پێیڕاگەیاند نابێ تـا ٤٨ سەعاتی دیکە لە بەغدادا بمێنێ. ئەوجار قاسملوو ناچاربوو خۆی کۆ کاتەوە و بەرەو ئەوروپا بڕوا.)

هەرلـەو بـارەیەوە ڕەشـید ئەحـمەدی لە لاپەڕەی ٦٣- ٦٤ی کتێبـی "چەنـد لاپەڕەیەک لـە ژیانم"دا دەڵێت: (ژیـانی کۆمـون هەردەهـات و بەهـۆی زۆربـوونی هاوڕێیانەوە زەحمەتتر دەبوو. گیروگرفت، نـاڕەزایی و پرتەوبـۆڵەی لە هەموو لایەکەوە سەریهەڵدابوو. ئا لەو کاتانەدا د. قاسملوو هات بۆ سلێمانی کە من تا ئەودەم نەمدەزانی لە کوێ دەژی و پلەوپایەی لە حیزبدا چییە. دیاربوو بە خێزانەوە لە بەغدا دەژیا. کاتێ هات بۆ سلێمانیی قسە و قسەلۆک زۆربوون. وا دەرکەوت ئەحـمەد تۆفیـق سـەردانی د. قاسـملووی بـۆ کۆمـون پـێ خـۆش بـوو. تەنـانەت چەنـد هـاوڕێیەک قسـەی ناخۆشـیان بە د. قاسـملوو گوتبـوو. ئەو ئێـوارەیە کە دوکتـۆر هـات بـۆ کۆمـون مـن لەوکـاتەدا لەگەڵ کۆمەڵێـک لە هاوڕێیانی دیکە لە فێرگە بووم و دەرسی کوردیمان دەخوێند. کاتێک هاتینەوە هاوڕێیان وەزعەکەیان بۆ گێڕاینەوە و گوتیان بڕیاردراوە کۆبوونەوەیکی بەرین

پێکبێت بۆ هەموان و هەردوو هاوڕێیان کاک ڕەحمان و کاک ئەحمەد بەشدار دەبن و قسەمان بۆ دەکەن. هەر شەو پێمانگوترا بۆ بەیانییەکەی کەس نەچێتە دەرەوە و هەموو حازر بین. لە گەورەترین ژووری کۆمونددا کۆبووینەوە. هەر چۆنێک بێ بە پاڵەپەستۆ دامەزراین. دەوروبەری پەنجا هەتا شەست کەس ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووین. نەمران جیا بە جیا هاتنە ژووریێ. دیاربوو بەیەکەوە نەهاتبوون و لەوە دەچوو هەریەک لە شوێنێکەوە هاتبن. لە سەرەتاوە دوکتۆر قاسملوو قسەی کرد و لە قسەکانیدا ئەحمەد تۆفیقی بە پیاوێکی سەرەڕۆ و تەکڕەو ناساند و گوتی ئەحمەد تۆفیق ئەو ماوە هیچ پرس و ڕایەکی نەکردووە و تەنیا وەکو خۆی هەستاوە بە ئەنجامی کارەکان و ناتەواوی زۆرە لە کارەکانیدا کە بە زیانی حیزب تەواو بوون. ...

ئەحمەد تۆفیق گوتی ڕەحمان قاسملوو ڕاست ناکات، ناوبراو بە هۆیەکەوە کە جێگای گومانی حیزب بووە، هەڵپەسێردراوە و نێردراوە بۆ وڵاتێکی دەرەوە بۆ ماوەیەک تاکو بزانین ئەو گومانەی لەسەر دەرەوێتەوە یان نا. دیارە من وەکو کەسی یەکەمی ئەم حیزبە مەسئولیەتم لە ئەستۆ بووە و بە باشی ئەرکی خۆم ئەنجام داوە. ئەحمەد تۆفیق لە درێژەی قسەکانیدا گوتی قاسملوو تودەیی یە، لێرەش دژبە پارتی دیموکراتی کوردستانە و هاوکاری حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی تودەی ئێران دەکات لە بەغدا .... و من کەسێکی وام وەک حیزبی دیموکرات قبوڵ نییە و بەو شێوە بیرکردنەوە زیانی گەورە بە حیزبەکەمان دەگەیەنێ. ... بە دوای قسەکانی دوکتۆردا دەنگە دەنگ زۆر بەرز بۆوە لە هەردوو لا و خەریک بوو کۆبوونەوەکە تێکبچێت.....)

هەروەها ڕەشید ئەحمەدی لە پێوەندییەکی تەلەفونی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١دا ڕوونی کردەوە کە عەبدولڕەحمان قاسملوو کاتی هاتنی بۆ سلێمانی، دوو ئەندامی حیزبی شیوعی لەگەڵ بووە، بەڵام ئەو دوو ئەندامەی حیزبی شیوعی بەشداریی کۆبوونەوەکەیان نەکردووە.

بەهەر حاڵ، شێخ جەمیل مەردۆخی لە درێژەی نوسینەکەیدا ڕاپۆرتێکی لەسەر چالاکییە سیاسی، فەرهەنگی و ڕێکخراوەکایی حیزبی دیموکرات لەو قۆناخەدا بڵاوکردەتەوە کە جێگەی سەرنجە، ناوبراو دەڵێت: (لەو ماوەیەدا، حیزب لە ئاوارەییدا لە کوردستانی عێراق، هەروەها لە ناویشەوە، لەگەڵ زۆر کۆسپ و تەگەرە بەرەو روو بوو، بەڵام ئەم کارانەی کردووە:

١- زیندوو راگرتن و بەرزکردنەوەی ئالأی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەیرکردنی لەلایەن حیزبەکانی سەردەمەوە بەچاوی رێز و خۆشەویستییەوە.
٢- هێشتنەوە یەکپارچەیی ریزەکانی حیزب.
٣- دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزب.
٤- دەربرینی هەڵوێست و روونکردنەوەی بۆچوونی حیزبمان سەبارەت بە رووداوەکانی ناوچەکە و فرتوفێڵی داگیرکەران لە بۆنە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکان لە رێگەی دەرکردنی بەیاننامەوە.
٥- ئەنجامدانی هەڵمەتێک بۆ ئاشکراکردن و ریسواکردنی سیاسەتی سەرکوتکاری رژێمی شاهەنشاهی و داواکردنی ئازادیی بۆ گیراوانی دیموکراتی کورد وەک: غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، رەحمەتی شەریعەتی، دکتۆر عەلی مەولەوی و ئەوانەی دوای پەلامارەکەی ساواک بۆ سەر رێکخراوەکانی حیزب خرابوونە زیندانەوە.
٦- بەدەنگەوە چوونی ئاوارەکانی کوردستانی عێراق و دابینکردنی شوێن و جێگەی حەوانەوە بۆیان بەهاوکاری خەڵکی بەشەرەفی کورد.
٧- بەرێکردنەوەی کادری رێکخراوەیی بۆ کوردستانی ئێران و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی شانەکانی حیزب و ئامادەکردنیان بۆ خەبات.
٨- بەستنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ پارت و هێز و کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەرەکانی کوردستانی عێراق و دوورکەوتنەوە لە حیزبی تودە کە بەبیری ئێرانچێتیی خۆی مێشکی لاوانی کوردی شوشتبووەوە.)

سەبارەت بە کارە دیپلۆماتییەکانی ئەو قۆناخەی حیزبی دیموکرات کە ئەحمەد تۆفیق لە کۆمیتەیەکی چوار کەسییدا لەگەڵ قادر شەریف، سلێمان موعینی و قاسم سوڵتانیان حیزبی دیموکراتیان بەرێوەدەبرد، ئەحمەد تۆفیق بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی **"بەیاننامەی حزبی دیموکراتی کوردستان بە بونەی شەهیدبوونی پێنج نەفەر لە ئەندامانی تێکۆشەری فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە دەستی حکومەتی خائین و کۆنەپەرستی تاران"** بڵاوکردەوە و لەودا سەرەرای ئاماژە کردنی بۆ مێژووی خەڵکی ئازەربایجان، گوللەباران کردنی پێنج ئەندامی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی لەقاودا کە رۆژی ١٣٣٩/٢/١٤- ١٩٦٠/٥/٤ گوللەباران کران.(پاشبەندی ١١)

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، بانگهێشتی سەرۆک مستەفا بارزانی کرد کە بۆ بەشداریی کردنی لە ساڵیادی شۆرشی ئۆکتۆبەر

بچێت بۆ مۆسکۆ. هاوکات لەگەڵ ئەو بانگهێشتکردنە، بڕیار بووە لیژنەیەکیش لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتی ئەو یادە بکرێت. لەو چوارچێوەیەدا ئەحمەد تۆفیق لە نامەیەکدا بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت دەڵێت:

هاورێیانی ئازیز

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت

سڵاوی گەرم و هاورێیانەی خۆمان پێشکەش دەکەین.

لە پێوەندی لەگەڵ نامەی پێشوومان کە لە ڕێی هاورێیانی ئێوە لێرە ( ) ناردبوومان سەبارەت بە سەفەری لێژنەیەکی نوێنەرایەتی حیزبمان بۆ یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی، بە پێویستمان زانی ئەم خاڵانە ڕوون بکەینەوە:

الف- پاش لێکدانەوە و پرس و ڕا بڕیار درا دەستەی نوێنەر بریتی بن لە:

١- قاسم سوڵتانیان "لە عێڕاق ناسراوە بە کەمال ئەحمەد".

٢- سلێمان موعینی.

٣- عەبدوڵا ئیسحاقی "لە عێراق ناسراوە بە ئەحمەد تۆفیق".

داوا دەکەین ڤیزاکان بەو ناوانە بن.

ب- باشتر وایە و بەهەلیشی دەزانین کە سەفەری دەستەی حیزبمان هاوکات بێت لەگەڵ هاورێی سەرکردە مستەفا بارزانی بێ لە یەکێتی سۆڤیەت.

ج- بەهۆی کزیی باری ئابووریی حیزبمان، پێویستمان بە یارمەتی ئێوە بۆ ئەو سەفەرە هەیە.

لەگەڵ سڵاو و ڕێزمان لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان "زاگرۆس"

٩٢ س- ١٩٦٠/١١/١ (پاشبەندی ١٢)

بارزانی ڕۆژی ١٩٦٠/١١/٥چوو بۆ مۆسکۆ و نیکیتا سەرگیویچ خرۆشۆف خرۆشۆف خۆی پێشوازیی لێکرد، بەڵام دیار نییە کە بۆچی ڤیزایان بۆ ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات نەنارد کە ئەو سەفەرە بکەن. لەبەر ئەوە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات ڕۆژی ١٩٦٠/١١/١٠ ئەم نامەیەی خوارەوەی بە ئیمزای ئەحمەد تۆفیق و ناوی خوازراوی "زاگرۆس"، بە زمانی فارسی ئاراستەی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت کردوە. دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەکانی ٩١- ٩٢ کتێبی ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق دا ئاماژە

بەو نامەیە دەکات و من دەقی هەردوو نامەم لە لاپەڕەکانی ٢٧٩ و ٢٨١ی بەرگی دووەمی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٥٨-١٩٦٢" وەرگرتووە:

هەڤاڵانی ئازیز

کۆمیتەی نێوەندی "حیزبی کۆمونیستی یەکێتی شورەوی"

دوای پێشکەشکردنی سڵاوی دۆستانە.

بە بۆنەی هاتنی جەژنی مەزنی ئۆکتۆبەر، سەرەتای وەرزێکی نوێ لە ژیانی ڕەنجبەرانی جیهان، دەرکەوتنی دەسەڵاتی سۆڤیەت و سەرکەوتنی بەسەر دامودەزگاکانی تزاری و بۆرژوازی ڕزیودا، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان جوانترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکات و لە ڕێی ئێوەشەوە بۆ هەموو گەلانی یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت.

نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی چەوساوە و بەشخوراوە، زۆر باش لە گەورەیی و گرنگیی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ئازادی و ڕزگاربوونی گەلانی سۆڤیەت دەگات و بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانین شادی و بەختەوەریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و بەتایبەتی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هاتنی جەژنی مەزنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرتان دەربڕین.

بەختەوەرین کە ڕابەری گەلی کورد. تێکۆشەر هاوڕێ مستەفا بارزانی بە ناوی نەتەوەی کوردەوە لە جەژنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەردا بەشداری بکات.

پیرۆز بێ جەژنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

سەرکەوتو بێت یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی، قەڵای خۆڕاگری.

سڵاو لە گەلی کوردەوە بۆ گەلانی یەکێتی سۆڤیەتی دۆست و بەوەفای هەموو گەلان. بژی ئاشتی پایەدار

لەگەڵ پیرۆزبایی و ڕێزی دووبارەمان:

لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

"زاگرۆس" ١٩٦١/١١/١ (پاشبەندی ١٣)

هەروەها لە چوارچێوەی هەوڵە دیپلۆماتییەکانیدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، جگەلە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی، پەیمانێکی هاوکاریی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا مۆر کردوە. دەقەی ئەو پەیمانە بە زمانی عەرەبی نوسراوە و ئەحمەد تۆفیق بە

نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و عەبدولحەمید سلێمان دەروێش بە نوێنەرایەتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا واژۆیان کردوە. پەیمانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا یەکەم پەیمان و دوا پەیمانی حیزبی دیموکرات بوو لە مێژووی ئەو حیزبەدا، چونکە ڕێبەرانی دوایی حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی سێیەمەوە، ئەو حیزبە برایانەیان بە ناسیونالیست ناسیوە و دووریيان لێکردون.(پاشبەندی ١٤)

بەهەرحاڵ. پرۆسەی ئەو کێشانەی سەرەوودا، ڕەحمان قاسملوو دوای وەرنەگیرانی بە پەنابەر لە عێراق، ڕۆژی ١٩٦٠/٣/١ بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ چیکوسلاڤاکی و دواتریش بە هەوڵی ئەو، کەریم حیسامی بە پەنابەری سیاسی وڵاتی چێکوسلاڤاکی وەرگیرا و بە نوسینی خۆی، ڕۆژی ١٩٦٠/٤/٣٠ پاش ١٣ مانگ مانەوە لە عێراق لەگەڵ هاوسەر و کوڕەکەی چوو بۆ ئەو وڵاتە و بە وتەی شێخ جەمیل لە بیرەوەرییەکانیدا، ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ژمارەیەک نیوە تودەیی کە پێیان دەگوتن "تودەکرات" لە باشوری کوردستان مایەوە و درێژەی بە خەباتی حیزبیی دا.

١- ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق، لاپەڕەی ٥١، نوسینی د. یاسین سەردەشتی. ئەویش لە دەنگی کورد، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆیە، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٦-١٩٦٠/٨/١٨وەرگرتووە.

٢- هەمان سەرچاوە ژمارە ٢٣- ١٩٦٠/٨/٢٩

٣- "ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق"، لاپەڕەی ٤٤ و ٤٥، نوسینی دوکتۆر یاسین سەردەشتی، ئەویش لە گۆڤاری ژین ژمارە ١٥٢٧- ١٩٦٠/٥/٥ وەریگرتوە.

٤- دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کۆبوونەوەی گشتی کادیرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨- مارس ئاپریلی ١٩٨٩دا. بڕوانە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧.

٥- ژیان و خەباتی سیاسی ئەحمەد تۆفیق، لاپەرەی ٦٣.

٦- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٦٦.

٧- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٦٤.

٨- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٦٦- ٦٧. ئەویش لە ا. ت. سوارە، کاروانی شەهیدان، ڕۆژی نوێ، ساڵی ٢، ژمارە ٤، تەموزی ١٩٦١، ل ٩٢- ٩٣ی وەرگرتووە.

٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٨.

## ڕۆژنامەی کوردستان "ئۆڕگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان"

نوسین و بڵاوکردنەوەی زانیاریی و خەباتی بە کردەوەی سیاسیی و دیپلۆماسییو هوشیارکردنەوەی گەل یەکێک لە خسڵەتەکانی ژیانی سیاسیی و ڕێکخراوەیی ئەحمەد تۆفیق بوو. ناوبراو لەو هەلومەرجە دژوار و ناهەموارەدا، ساتێک لە نوسین و خەباتی بە کردەوەی سیاسی دوور نەدەکەوتەوە. لە بەشی پێشوودا ئاماژەم بۆ بەشێک لە وتار و بەیاننامەکانی حیزبی دیموکرات کرد کە لە ساڵی ١٩٥٩ و شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە. ئەحمەد تۆفیق وەک سەرکردەیەکی کارامە و بە ئەزموون بە بەردەوامی بە ڕێگەی نوسیندا هەوڵی پەروەردەکردنی ئەندامانی حیزبی دەدا و هەروەکوو دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەی ٦٣ی کتێبەکەیدا "**ژیان و خەباتی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق**"دا ئاماژەی بۆ دەکات، یەکەم کەس بووە لە سەردەمی خۆیدا مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان، خەباتی شۆڕشگێڕانە و ڕووخاندنی ڕژیمی شاهەنشاهی پێکەوە گرێداوە و هەرئەو هەوڵ و بۆچوونانەشی، ئەوی لە تودەییەکان جودا کردوەتەوە.

دەنگی کورد، ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆ، لە ژمارە ٢٣ ڕۆژی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٦٠دا دەقی یەکەم ژمارەی دەورەی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆڕگانی حیزبی دیموکراتی بڵاوکردوەتەوە. دوکتۆر یاسین سەردەشتی بە پشتبەستن بەو بڵاوکراوەیە، ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٧ وتارێکی لەژێر ناوی "**لاپەڕەیەکی ون لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی سیاسیی کوردی**"دا بڵاوکردەوە و لەودا دوای چل و شەش ساڵ پەردەی لەسەر ڕاستییەک لادا کە تا ئێستا لەلایەن هەردوو باڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان ونە. نابراو لە بابەتەکەیدا کە "**پێشکەش بە یادی ڕابەری قارەمان و سکرتێری شوێنبزرکراوی پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەڤاڵ ئەحمەد تۆفیق**"ی کردوە، دەڵێت: **(چل و شەش ساڵ لەمەوبەر لە حەوتووی یەکەمی چلەی هاوینی ساڵی ١٩٦٠دا لە شاری سلێمانیی میوانپەروەر یەکەمین ژمارەی دەورەی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆڕگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوکرایەوە. لە ڕاستیدا چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم دەورەیەی کوردستان لە هەلومەرجێکدا بوو کە شەپۆلی هەستی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستاندا لە پەرەگرتندا بوو؛ بە چەشنێک سەنگی باڵی نەتەوەیی و کوردستانی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی**

کوردستاندا تا دەهات زیاتر لەسەر شانۆی سیاسیی کوردستان پێی دەچەسپاند و باڵی کۆسمۆپۆلۆتی نانەتەوەییش تا دەهات پاشەکشەی دەکرد.)

هەموومان دەزانین یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی لە مێژووی نەتەوەی کورددا ڕۆژنامەی کوردستان بوو کە ساڵی ١٨٨٢ لەلایەن میقدات مەدحەت بەدرخانەوە لە قاهیرە بڵاوکرایەوە. ئەوەش دەزانین کە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لەو دەستکەوتە مەزنەی نەتەوەی کورد، ساڵی ١٩٤٥ ناوی کوردستانیان لەسەر ئۆرگانەکەی خۆیان دانا، سەرەتا بە ناوی گۆڤاری کوردستان و دواتریش لەژێر ناوی ڕۆژنامەی کوردستان، ١٦٠ ژمارەیان لێ بڵاوکردەوە. زۆربەی نوسەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەچەشنی نوسەرانی تر، ساڵانە بۆ ڕێزگرتن لە ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردیی و یادکردنەوەی کوردستان وتار بڵاودەکەنەوە و ڕێز لەو ڕۆژە دەگرن و هەموو جاریش کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکرات بە ڕۆژنامەیەکی ڕاستبێژ دەناسێنن کە هەوڵی زانیاریی گەیاندن و پەروەردە کردنی داوە، بەڵام بە تێکڕا چاویان لە ڕاستیی ئەو قۆناخەی ژیانی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە حیزبەکەی خۆیاندا نوقاندوە! و تەنانەت حاشا لەوەش دەکەن کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ئەحمەد تۆفیقدا حیزبی دیموکرات، ڕۆژنامەی کوردستانی بڵاوکردبێتەوە.

لە سەردەمی بەرپرسایەتی ئەحمەد تۆفیقدا ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکرایەوە. لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیەدا - لەسەر لاپەڕەکە - بە گەورەیی نووسراوە **"کوردستان"** و لەژێر کوردستاندا نوسراوە **"ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان"**، لە دەستی ڕاستیدا نووسراوە **"بەرەی یەکگرتووی نیشتیمانی، نێوان حیزبەکانی شۆڕشی نیشتیمانی بەرامبەر ئیمپریالیزم و داگیرکەری ئالای خەباتمانە. ئازادی ئێران و پێکهێنانی کۆمەڵێکی نیشتیمانی و دیموکرات و دیاریکردنی لانیکەمی مافی نەتەوایەتی و بەرەی ئاشتی و ئاسایش لە جیهان"**. لە دەستی چەپی ڕۆژنامەکە نوسراوە **"حاکمیەتی میللی و دیموکراتی ژیانی خۆش و بەختیاری نەتەوەی کورد ئامانج و دروشمی خەباتمانە. خەبات و سەرکەوتنمان بۆ قایم بوونی دۆستایەتی نێوان نەتەوەکانی ئازادیخواز و پشتگری بزووتنەوەی گەلانی وڵات داگیرکراو زیدی ئیمپریالیستی لە سەرانسەری جیهانە"**.

دواتـر لـەژێر ناونیشـانی ڕۆژنامەکـەدا نووسـراوە "بـەروار- ١ی گـەلاوێژی ١٣٣٩ی"، لەژێر ئەویشدا نوسراوە "بـەروار ٢٣ی ژوئیـەی ١٩٦٠"، لـەلای ڕاستی نووسـراوە "ژمـارە -١-" و لـەژێریـدا "دەورەی سـێهەم". لـە دەسـتی چەپەشـیدا نوسراوە "لـە شار دانەی ٥ قڕان" لـەژێر ئەودا نوسراوە "لـە لادێ دانەی ٣ قڕان"

دەنگـی کـورد لـە لاپـەڕەی یەکـەمی ژمـارە ٢٣ی ٣١ی ئـابی ١٩٦٠دا لـەژێر ناونیشانی "دیمەنت بەخێر ڕۆژنامەی کوردستان"دا نووسیویەتی: (کوردستان لە ٢٥ی بـەفرانباری سـاڵی ١٩٤٦ لــە ئاسـمانی شـاری مەهابـادی خوێناویــەوە هەڵهات. ئەو سـەردەمە کوردستانی موکریـان بنکـەی بزوتنـەوەی هێزی گـەلی کورد بوو... لـەپاش ماوەیـەکی مامناوەنـدی توانـی کـە ١٦٠ جـار تیشکی بیر و بـاوەڕی کوردایـەتی بـە ناوچـەی کوردەواریـدا بڵاوبکاتـەوە...، بـەڵام نۆکـەر و داردەسـتەکانی ئیمپریـالیزمی ئــەنگل و ئــەمریکی بــە هاوکــاری حکومـەتـە خوێنمژەکەی ڕەزاخان- محـەمەد ڕەزا- توانیان کە هەورێکی چڵکن بخـەنە ڕووی ئاسمانی کوردەواری لە ناوچەی موکریان بۆ ئەوەی ئەو ئەستێرە گەشەمان لێ بشارنەوە. سەرەڕای کوشتن و دەسوەشـاندنێکی جانـەوەرانـەی پڕلـە بێبـەزەیی بــەڵام بـۆ جـاری دووەم لــە سـاڵی ١٩٥٤دا- ڕۆژنـامەی کوردسـتان- کەوتــەوە پڕشنگدان بـە ئاسـمانی نەتەوەکەمانـەوە. دوبـارە تـەنگوچەلەمـەی ڕۆژگـاری ناپاکی پڕلـە وەیشومە مـاوەی نـەدا کـە لـە پێـنج ژمـارەی تـر بـە نیشـتیمانە بەشبەشکراوەکەمانا پڕشنگ بوەشێنێ. بەڵام وا ئێستا کە لـە سـەرەتای جـاری سێیەما لە ڕۆژی ١ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٠دا قارەمانانـە بـازووی خـەباتی لێ هەڵکردۆتـەوە بـۆ خرۆشـاندنی هـەموو چینـەکـانی گـەلی کـورد بـۆ هەڵسـان و خۆڕاتەکانـدن لــە دەس دوژمنـان و داگیرکـەرانی کوردسـتان جـا لــەم ڕۆژەدا "دەنگی کورد" سڵاوی پڕ لـە شۆڕشـی خـۆی نـاو زنجیرەی ڕەشـی ئیمپریالیست، سـڵاو لـە ڕۆڵـەکانی شـێخ مـەحمودی نـەمرەوە بـۆ ڕۆڵـەکانی قـازی محـەمـەد.) (پاشبەندی ١٥)

هـەروەها لـە بەشـی خـوارەوەی لای چـەپی هـەمان لاپـەڕەی دەنگـی کـورددا، لەژێر ناونیشانی "پیرۆزبایی نووسراوە: (دەنگی کورد پیرۆزبـایی پێشکەش بـە حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتان ئــەکات بەبۆنــەی دەرچــوونی ڕۆژنامـــەی کوردستان ـەوە کـە زمـانی چینـی چەوسـاوە و ڕەنجبـەرانی گـەلی کـوردە لـە کوردستانی بە زۆر بە ئێران بەستراوەوە لەژێر ئاگر و چەپـە دوکـەڵی بێدادی شاهانەی ئێرانا... و هەروەها پیرۆزبایی لە هەموو گەلی کورد ئەکەین هەر لە کوردسـتانی ڕزگـاری عێراقــەوە هــەتا نـاو کـونجی تـاریکی بەندیخانــە


پیروز بایی

( دەنگی کورد ) پیروزبایي پیش کەش بە (« حیزبي دیموکراتي کوردستان ») ئەکات بە بونەي دەرچووني روژنامەي (« کوردستان ») ەوە کە زماني چیني چەوسا وەو رەنجبەراني گەلی کوردە لە کوردستاني بەزور بە ئیران بەستراوەوە لە ژیر ئا گر و چەررە دووکەلی بیدادي شاهانەي ئیرانا ... وە هەروەها پیروزبایيَ لە هەموو گەلی کورد ئەکەین هەرلە کوردستاني رزگاري عیراقەوە هەتاناوکونجي تاریکی بەندیخانە سامناکەکاني ئیران و سوریاو تورکیا ئیتر با هەر بژی خەباتي سەختي نەتەوەکەمان ( نەتەوەي کورد ) لە پیناوي رزگاری کورد و کوردستانا .

سـامناکەکانی ئێـران و سـوریا و تورکیـا، ئیتـر بـا هـەر بـژی خـەباتی سـەختی نەتەوەکـەمان، نەتـەوەی کـورد، لـەپێناوی ڕزگـاری کـورد و کوردستاندا.)

دەنگی کورد لـە ژمارەی ٢٨ی ١٤ی ئـەیلولی ١٩٦٠ خۆیـدا جـارێکی تـر دەڵێت: (لـە ڕۆژنامـەی کوردستانەوە سـڵاوی گـەرم و پیرۆزبـایی دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامـەی کوردسـتان، ئۆرگـانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بەبۆنـەی کـۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لـە ٢٢ی ئـابی ١٩٦٠ لـە بەرلینی ڕۆژئاوا بـەستیان بڵاوکردۆتەوە.)

وەک دەردەکەوێ ڕۆژنـامەی کوردسـتان لـەو دەورەیـەدا چـوار ژمـارەی لـێ بڵاوکـراوەتە. ساڵی ١٩٦١ ڕۆژنامـەیەکی تـر بەهەمـان نـاوی کوردستان لـەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوبووەتەوە و ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان خاون ئیمتیاز و جەلال تاڵـەبانی سەرنووسـەری بـووە. لەو ڕۆژنـامەیەدا بابـەتێـک لە ڕۆژنـامەی کوردسـتان، ژمـارە ٤، ئۆرگـانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، ڕۆژی ٢٣ی ئـەیلولی ١٩٦٠ وەرگیـراوە کـە نـامەی تێکۆشـەرێکی ئـازەرییە و لـەژێر نـاو نیشـانی "ئـا- ١" بـۆ ڕۆژنـامەی کوردستان ئۆڕگانی حیزبی دیموکراتی نوسیوە و لەودا دەڵێت:

- (هاوڕێیانی بەڕێز

نوسـراوەی پـڕ هەسـتی ئێـوە کـە بـەهۆی منـەوە بـۆ ئەنـدامانی "فرقـەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان" برایـانی ئازەریتـان نـاردبوو، بـوو بـە هـۆی شـادی و پێخۆشێکی زۆری ئێمە، مەسەلێکی مەنشورە دەڵێت: خۆشبەخت ئـەو کەسـەیە کە لـە ڕۆژەکانی ڕەشدا گـەل پشـتیوانی بـێ، دۆستایەتی و برایـەتی نەتـەوەی قارەمانی کورد و ئازەربایجان لـە مەیدانی تەقەلای ژیان و ڕێگای پڕ هەوراز و نشـیوی تێکۆشـان و خـەبات بـە جـۆرێکی پتـەو و یـەکگرتوو بـووە و بەسـەر زۆر قۆناغی سەختدا تێپەڕیوە کە هیچ پێویستی بـە بەڵگـە و سوورکردنەوە نییـە.

ئەگەر ئەو حەقیقەتە لە زار بوێژی سەرناسی کورد "هەژار" بگێڕنەوە باشترە، هەژار لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەدەبی ئێمەدا گوتی: کورد و ئازەربایجان گیانێکن لە دوو لەشدا. لەسەر ئەو بنچینەیە کە ئێمە لە شادی و خەمدا باشترین شەریکی یەکترین. لە پاش ساڵی ١٩٤٦ زۆر برینی ناسور بە دەست کۆنەپەرستی ئێران وەگیانی نەتەوەی ئازەر کەوت. لەو ساڵانەی پڕ لە مەترسی و تیرۆردا نەتەوەی کوردیش زۆر قوربانی داوە. لەو برینانەی کە دوژمنی زۆردار دەگیانی نەتەوەکانی ئێمەی کردووە ئێستاش خوێنی لێ دەتکێتەوە. بە جۆرێک کە ئێمە شەهیدبوونی "قازی محەمەد" و قارەمانانی کوردمان لەبیر نەکردووە. ئێوە خۆبەخت کردن و لەخۆبوردنی "ئیبراهیمی" و "کبیری"تان لەبیرە. هێشتا برینی جەرگی پڕ لە ئاواتی ئێمە ساڕێژ نەبووە کە بە ئیعدامی ٥ کەس لە هاوڕێیانی قارەمان و رەشیدی ئازەری ئێمەی داخدار کرد، لەو رۆژە ماتەمینەدا هاودەردی ئێوەی برایانی کورد لەگەڵ برایانی ئازەر جارێکی تر ئاڵقەی دۆستایەتی ئێمەی پتەوتر کرد و برینی ساڕێژ کردین. وا ئێستاش ئێمە بە دڵێکی پڕ لە نیگەرانی لە مەترسی ئیعدام کەوا باڵی بەسەر چوار تێکۆشەری نیشتیمانپەروەری کوردا کێشاوە دەپەرۆشی داین. لەو کاتە پڕ ئازار و ناڕەحەتیدا ئێمە ئازەربایجانیەکان هیچ کات برایانی کوردی خۆمان لەبیر نەکردووە. دەمانەوێ بڵێین کە ئێمە لە رژێمی پاشایەتی هەر ئەو کردەوانە چاوەڕوان دەکەین چونکو دیوارەکانی ئەو رژێمە رەشە لەسەر ئێسکی لەشی شەهیدان و نیشتیمانپەروەرانی قارەمانی ئێمە داندراوە. تەنانەت شا و نۆکەرەکانی دڵنیان کە ڕۆژانی دوایی عومری خۆیان رادەبوێرن.

ئێستا ئێرانیش وەک تەواوی جیهان لە زستانی بەدبەخت بەرەو بەهاری بەختیاری دەچێتە پێش ئەو بەهارەی کە تروسکی رۆژی ئازادی لە کێوی "سەهەند" هەتا کێوەکانی بەرزی کوردستان هیوای کامەرانی و خۆشی دەدا و سەهۆڵی زوڵم و ئەسیری بە یەک جار دەتوێنێتەوە. ئەو بەهارەی کە کووزی تاریکی جوتیاری بەدبەخت و چەوساوەی کورد و ئازەربایجانی بە نوری خۆشبەختی روناک دەکاتەوە. دەسەڵاتی فیوداڵی مفتەخور تێک دەڕوخێنن ئەو بەهارەی کە بەخۆشییەوە ئەندامانی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" و "فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" لە مەهاباد و تەورێز یەکتر لە باوەش دەگرن و بە شانازی و خۆشیەکی بێ هاوتا لاپەڕەی نوێ لە مێژووی پڕ شانازییان هەڵدەدەنەوە. ئێمە لەو رۆژەدا بە گوشینی دەستی برایانەی ئێوە دڵنیایی

تــەواومان هەیــە. سـڵاوی گــەرم و برایانــەی ئەنــدامانی "فرقــەی دیمــوکراتی ئازەربایـنجـان" بـۆ ئەنـدامانی "حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان" تێکۆشـان هـەر بەردەوامـە هاوڕێتان ئا- ١)

هەریـەک لـە کـەریم حیسامی، عەبدوڵا حەسەن زادە و شێخ جەمیل مەردۆخـی و هەروەها ڕاپۆرتـی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبـی دیمـوکرات بـۆ کـۆنگرەی سـێیەم، ئاماژەیـان بـۆ ڕۆژنـامـەی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٦٠دا کـردوە. کـەریـم حیسـامی ئامــاژە بــۆ هــەوڵی ئـەحمــەد تۆفیــق ســەبارەت بـە بڵاوکــردنـەوەی ڕۆژنــامـەی کوردسـتان دەکـات و لاپـەڕە ٥٩ی بـەرگی دووەمـی بیرەوەرییـەکانیـدا، دەڵێـت: (عەولای ئیسحاقی لەگەڵ من نێوانی زۆر خۆش بوو، هەمیشە پێکەوە دەگەڕاین. منیش لـە کـەریم حیسامیەوە ببومـە ساڵح تۆفیق. هەوەڵـی زسـتانی ١٩٥٩ مـن و ئـەحمەد تۆفیق و قادر شەریف و سمایلی قاسملۆ چوینـە سولێمانی لـە ماڵـی قادر تـەگەرانی میوان بوین. ناکرێ بڵێم میـوان لـە راستیدا مـاڵـەکەی بـۆ ئـێمـە وەک بنکەی حیزبی بوو. هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە ژمـارەیـەک ڕۆژنـامـە کوردسـتان دەرکەین. وتارەکانمان نووسی و بە رۆنیو چاپمان کرد. ئەحمەد تۆفیق دەیبردە نێو شار دەیدا بـە خـەڵکی و دەیگوت لـە کوردستانی ئێرانـەوە هاتوە.)

هەروەکوو لـە بـەشی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، کەریـم حیسـامی بـە وتـەی خـۆی ڕۆژی ١٩٦٠/٤/٣٠ لـەگـەڵ هاوسـەر و کـوڕەکەی عێراقـی بـەجێهێشـتووە و ژمـارەی یـەکـەمـی کوردسـتان نـزیکـەی سـێ مانـگ دوای دەرچـوونـی نـاوبراو لـە عێـراق و چــوونـی بــۆ چێکوسـلاڤاکی لـە ڕۆژی ١٣٣٩/٥/١- ١٩٦٠/٧/٢٣ بڵاوکـراوەتـەوە. بـۆ ڕاسـتکردنـەوەی ئەو نوسـینـەی حیسـامی دەکـرێ بڵێـین ئـەو لـە ئامــادە کردنــی بـەشێک لـە کارەکـانی ژمارە یەکـەمی کوردستاندا بـەشدار بووە، بـەڵام کـاتی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی لـەوێ نـەبووە.

عـەبـدوڵا حـەسـەن زادە ئـامــاژە بــۆ بڵاوکــردنـەوەی ڕۆژنــامـەی کوردســتان لـەو دەورەیـەدا نـاکـات، بـەڵام لـە پـەڕاوێزی یـەکـەمـی لاپـەڕەی ٢٨ی کتێبـی "نیـو سـەدە تێکۆشــان"دا دەڵێــت: (تــەنیا بڵاوکــراوەی حیزبــی دیمــوکرات کــە ئیســحاقی دەریدەکرد، نـاوی "دیسـان بـارزانی" بـوو و نێوەڕۆکەکـەشـی دیفـاع لـە بـارزانی بـەرامبـەر بـە موخالیفانی بوو کە ژانـە سـەرێکی کـەمی بۆ حیزب بـەدواوە نـەبوو.) پێویستـە بڵێم حیزبی دیموکرات ساڵی ١٩٦٢ دیسـان بـارزانی بڵاوکردوەتـەوە کـە ئاوازەی شۆڕشـی ئـەیلـولی ئـابلۆقەدراو لـە بـارزان و بادینـانـەوە بـەگـوێ خـەڵکـی ناوچـەکــانی تــری باشــور و بـەشــەکانی تــری کوردســتان بگـەیـەنێـت کـە دواتــر

ئامـاژەی بـۆ دەکەم. هەروەهـا لـە لاپەڕەی ٢٢ی ڕاپـۆرتـی کـۆمیتەی ناوەنـدیی هەڵبـژێردراوی کۆنفرانسی بـەناو سێیـەمی حیزبی دیموکراتـی کوردستان (ئێران)، لـە ڕەزبـەری ١٣٥٢- سپتێمبـەری ١٩٧٣دا هـاتووە: (لـەگـەڵ ئـەو هـەمـوو ئیمکانـاتـە مادیـیەی کە لـەژێر دەستـی سـەرۆکایـەتی حیزبـی دیمـوکرات دا بـوو، تـەنیـا بـۆ جـارێکیش ئۆرگـانـی ناوەنـدی حیزبـی دیمـوکرات دەرنـەچـوو. جـاری هـەرنـاوی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە میراتی کۆماری دیموکراتی کوردستانە و حیزبی ئێمە شانازی پێوە دەکات، وەلانرابوو.)

لایەکـی تـردا، شـێخ جـەمیـل مـەردۆخـی لـە بیرەوەرییـەکانیـدا دەڵێـت: (لـە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا، بـەمـەبـەستی ڕێکخستن و بڵاوکردنـەوەی یـەکەم ژمارەی دەورەی سـێیـەمی ڕۆژنـامـەی "کوردسـتـان"، لـەگـەڵ هـاوڕێ کـەمـال ئـەحـمـەد ڕۆیشـتین بـۆ مـەریـوان. ... دوای چـاوپێکـەوتنی ئـەو کـەسـانـەی کە بـە باشـمان زانین، لـە دەشت و پێچو پەناکاندا و شەو لـەناو "کا" دەنووستین. ئـەم سـەفـەرەی ئـێمە دەنگـی دایـەوە و گـەنـج و لاوانـی مـەریـوان بـە بڵاوبـوونـەوەی ڕۆژنـامـەی کوردستان لـە شارەکـەیاندا فرە خۆشـحاڵ بـوون. بـەتـایبـەت ئـەو دەنگوباسـە کە یـەکێتی قوتابیانی ئاینی و مـەدەنی، تێکـەڵ بـە حیزبی دیموکرات بووە، ئـەوەش وایکرد زۆر لـەو لاوانـە داوای هاتنـە نـاو حیزبـی دیمـوکرات پێشکـەش بـکـەن. بـە ڕاستیی، ئـەم سـەفـەرە تـەلیسمی بێدەنگی شکاندبو نـاوچـەکـەی خستـە جـووڵـە، وایکرد دواتر لاوان خۆیان پەیوەندییان دەکرد و خۆشیان سەربـەخۆ کۆمیتـەکانی حیزبیـان پێکـدەهێنا. لـە گـەڕانـەوەدا کـەمـال ئـەحـمـەد ڕۆشتـەوە بـۆ سلێمانـی و منـیش ڕووم کـردەوە حـوجرەکـەم لـە خورمـاڵ، ئـەو حـوجرەیـەی بـێ ئاگـاداریی مامۆستا و قوتابییـەکانی، ببووە بارەگایـەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لـە ڕێـگـەی مـنـەوە گۆڕابـوو بـۆ خـاڵـی پەیوەنـدیی کـارە حیزبییـەکـانی نێـوان سەرکردایـەتیی لـە سلێمانی و ڕێکخستنـەکانی مـەڵبـەندی مـەریوان و هـەورامان و تـەنانـەت شاری سنـەش. شایـەنی باسە، هـەر لـەم ماوەیـەدا کـاری زۆربـاش کـرا، وەک دابـەشکردنی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و بـەیـان و وێنـەی ئـەندامـە گیراوەکانی حیزب، بـەتایبـەت وێنـەی عـەزیز یوسفی، غـەنی بلوریان، ڕەحمـەتی شـەریعـەتی و دکتۆر عـەلی مـەولـەوی و زۆر پڕۆپاگـەندەی بـەکـەڵکی نـەتـەوەیی.

ساواک بۆ پوچـەڵکردنـەوەی هـەوڵـەکانی ئێمە و ڕێگرتن لـە پەیوەندیی لاوانی کورد بـە حیزبی دیموکراتـەوە، هـەستا بـە دروستکردنی حیزبێک بـەناوی "حیزبی شـۆڕش"و هـانـی خـەڵکـانی خوێنـدەوار و عـەشـائیرەکان و جووتیـارانی دەدا کە

پەیوەندیی بکەن بە شۆڕشەوە، تەنانەت پرۆپاگەندەی ئەوەشی بۆ دەکرد گوایە ئەم حیزبە هەڵدەستێت بە شۆڕشێک کە سەراسەری کوردستان بگرێتەوە!!. حیزبی دیموکراتی کوردستان بەهۆی برادەرانەوە هەر زوو بەم پیلانەی زانی، ئەوەبوو بەیانێکی لەسەر ئەم حیزبە دەکرد و شێخ ئەحمەدی فەزڵی بردی لە مەریوان بڵاویکردەوە و دەست بەدەست گەیشتە سنە و دەوروبەری و شۆڕش بووە بڵقی سەرئاو و بە بەیانێک هەڵوەشا. دەکرێت بوترێت کە دەنگوباسی حیزبی شۆڕش، کوردستانی عێراقیشی گرتبووە و زۆر لە هەلپەرستان و بێبەند و باری لەدەور کۆببووەوە، ئەگەر ئەو بەیانەی حیزبی دیموکرات نەبایە هەر ئەو دەمە ساواک بەهۆی شۆڕشەوە دەستی دەگەیشتە زۆر جێگا.)

لە وتووێژێکی تایبەتمدا لەگەڵ شێخ جەمیل مەردوخی کە ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٦ لە ماڵی خۆی لە سلێمانی کردم، ناوبراو ڕوونی کردەوە کە لەگەڵ کەمال ئەحمەد "قاسم سوڵتانیان" ڕۆژنامەی کوردستان- ژمارە یەکەمیان- بردوە بۆ ناوچەی مەریوان. هەروەکوو گوتم ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا چوار ژمارەی لێ دیارە. ژمارە یەکەمی لە ١٩٦٠/٧/٢٣ و ژمارە چوارەمی لە ١٩٦٠/١٠/٢٣دا بڵاوکراوەتە. شێخ جەمیل سەبارەت بە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) بۆ کۆنگرەی سێیەم کە دەڵێت: (لەگەڵ ئەو هەموو ئیمکاناتە مادییەی کە لەژێر دەستی سەرۆکایەتی حیزبی دیموکرات دا بوو، تەنیا بۆ جارێکیش ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دیموکرات دەرنەچوو.) ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٦ گوتی:

- (ئێمە لە کاتێکدا بێ پارە و بێ جلوبەرگ و خۆراک بووین و بە پارەی مەلایەتی و کرێکاریی خۆمان و هەڤاڵانمان بەخێو دەکرد، ڕۆژنامەی کوردستانمان لە ماڵی قادر تەگەرانی لە سلێمانی بڵاوکردەوە. بۆ مێژوو دەبێ بڵێم من ماوەیەکی زۆر لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩وە تا ١٩٦٤ لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کارم کردوە. لەو ماوەیەدا هیچ نوشەستێکم لە ناوبراو نەبینی. بۆ هاوڕێیانی دڵسۆز بوو. دەست پاک و داوێن پاک بوو. ئیحترامی زۆری بۆ مەلا مستەفا هەبوو. تەنیا لاوازییەک کە ئەو هەیبوو، بێ پارەیی و بێ جلوبەرگیی و بێ خوراکیی ڕەفیقەکانی بوو. ئەو لەو وەزعەدا توانی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوبکاتەوە لەگەڵ زۆر خەبات و چالاکیی تر کە لە حیساب نایەت.)

## بەردەوامیی کێشەکان و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول

پێشتر ئاماژەم بۆ چوونی مەلا مستەفا بارزانی بۆ مۆسکۆ کرد و گوتم، سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ بەشدارییکردن لە ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕۆژی ١٩٦٠/١١/٥ چوو بۆ مۆسکۆ[١] و ڕۆژی ١٩٦١/١/١٣ گەڕایەوە بۆ بەغدا. لە نەبوونی بارزانی لە کوردستاندا کێشەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبێ چارەسەریی مابوونەوە. بەهۆی ئەو کێشانەوە کە حیزبی دیموکرات هەیبوو، ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی ١٩٦١/٥/٣١، نامەیەکی بەناوی خوازراوی "ئەحمەد کوێستانی" پێشکەش بە کاک "شەریف" واتە بارزانی کرد. مەسعود بارزانی دەقی نامەی ئەحمەد تۆفیقی لە لاپەڕەی ٢٨٥- ٢٨٦ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان"دا بڵاوکردوەتەوە. ناوبراو لە نامەکەیدا دەڵێت:

مامۆستای خۆشەویست و بەڕێز کاکە شەریف

زیاتر لە پێنج مانگە کە لە دیدارتان بێبەشم، جا بۆیە بە هەلی دەزانم باشترین سڵاوی کوردانەت پێشکەش کەم وە لە بارەگای خوای تەعالا ساغی و سەربەرزیی خودان و ئێوە داخواز کەم. نەک من بەڵکو ئەوانی ئاواتەخوازی ساغی و سەربەرزیتانن، هەموو کوردی خاوەن شەرەف و هەستە. چونکە بڕیارە لە بەغداڕا بگەڕییەوە- دەمانەوێ- لەگەڵ هاوڕێکانم بێینە خزمەت، جا بۆیە زۆری درێژە پێ نادەم، بە کورتی کابرای ئاشنامان بەهۆی کاکە عوبەیدوڵڵا و کاکە سەید عەزیز بە پەلە ویستبوومی، هاتم دیتم زۆری وت، لە دیدارتدا بۆتان ئەگێڕمەوە، پاشی ساڵێ وا ٣٥٠ دینار قەرزی ئێوەی داوە بەمن، وا بەهۆی هەڵگری ئەو نوسراوە پێشکەشە. دیارە ئەوەی دابوو بۆ وەی کە من و باب و براکانم کاسپی و معامەلەی پێوە بکەین، بەڵام من وام بەباش زانی کە لەگەڵ براکانم دێینە خزمەتی ئێوە، هەر بەناوی خۆتان ئەو دراوە بە ئێمە بە قەرز بدەن.

من وام پێ پەسەند و باش بوو، دوایەش هۆیەکەی عەرز دەکرێ. ئەوەندش ئاگەدار بن کە من و هاوڕێکانم بۆ هێندێ ئیختلافی فیکری لەسەر ڕێڕەوی حزب دێینە خزمەتتان، دیارە بۆ زۆر کاری تریش زۆر پەسەند بوو بەحورمەت و زۆر ڕێز لە برادەران بگرن، چونکە زۆر لاون و حورمەت ئەویش ئی ئێوە لەسەر ڕوحیەیان زۆر تەئسیر دەکا، بۆیە کە بە کورتیش لە حەزیان خەبەردار بن

"قـادر حەسـەن" - هاشـم حوسـێن زادە- کەوتـووەتە سـەربار و بـاوێکی خـوار و نزیکی لـە شیوعییەکان و بە نووسراوە شتی بـۆ نووسیون و .... زۆر پەلـەقـاژەی کرد تا هاوڕێ کەمالیشی- قاسم سوڵتانیان- برد، ئێستا ناوبراویش زۆر بە چەپە چەوتی بیردەکاتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر لەبار بـوو لـە هـاوڕێ کەمـال ڕێز بگرن، چونکە ئەو زۆر ڕابردوو خاوێن و پاک و شـەرەفە. ئەوەش بـزانن کە قادر حەسەن-مان ئێستا وەلا ناوە و لە کاراندا تەداخلی نادەین و ئەگەر بێین بۆ خزنەتتان، ناوبراومان لەگەڵ نابێ.

هیوام وایە ئەو دراوەی بەجێگەی ئەو دراوەی کە قەولتـان دابـوو بمانـدەنێ دای نەنێ.

وا بـزانم پەسـەندە کە هـاتین بۆلاتـان، بـاس لەسـەر ئەم نووسـراوە نەیەتە گۆڕێ باشترە بە تایبەتی لەسەر دراوەکەی، چونکە من لەلای بـرادەران دەڵـێم کابرای ئاشنامان گوتویەتی ئێوە دەبێ مامۆستا شەریف ببینن.

ئیتر دەستی بەڕێزی مەزن خودان ماچ دەکەم و ساغی و سەربـەرزیی لە خوا دەخوازم.

بە حورمەتەوە ئەحمەد کوێستانی

١٩٦١/٥/٣١ (پاشبەندی ١٦)

ڕۆژی ١٩٦١/٦/١٥، ئەحـمەد تۆفیـق لـەگەڵ سـلیمان مـوعینی، قـادر شـەریف، ڕەشید فەلاحی، جەمیل مەردۆخی و عـارف قەرەچەتـانی لـە سلێمانییەوە چوون بۆ هەولێر و ڕۆژی ١٩٦١/٦/١٦ بۆ گوندی ڕێزان و لە هەوارگەی چالوێ لە چیای شیرین چاویان بە بارزانی و شێخ ئەحمەد کەوت. لەو بارەیەوە ڕەشید فەلاحی لە کتێبـی "بیرەوەرییەکـان لـە شۆڕشـی ئەیلـول"، لاپەڕەی ١٣- ١٤دا دەڵێت: (لە ڕۆژی ١٩٦١/٦/١٥ وەفدەکەمان بریتی بوو لە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان مـوعینی ناسـراو بە فـایق و قـادر شـەریف ناسـراو بە هاشـمی ئەقلوتـولاب- هاشـم ئەقلوتولاب ناسراو بە قادر شەریف ڕاستە- و شێخ جەمیل مەردۆخـی و بەنـدە ڕەشیدی فەلاحی ناسراو بە ڕەشەی قاچاخچی لە شاری سلێمانی بەرێکەوتین بـۆ شارەزایی و زیـاتر تـۆکمەکردنی وەفـدەکە عـارف قەرەچەتانیشمان لەگەڵ خۆمان بردبوو ئەو کوردێکی نەتەوەیی بوو سەرۆک بـارزانی دەیناسـی و ڕێـزی لێ ئەگرت.)

دوای گەڕانەوەیـان لەلای بـارزانی، لە دەوروبەری مـانگی هەشـتی سـاڵی ١٩٦١، ئامادە کارییەکانیان بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان نزیک بە تەواو کردن بوو کە دەرەبەگەکانی باشوری کوردستان دژی یاسای دابەشکردنی زەوی لە عێراق، لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم هەڵگەڕانەوە و ڕاپەڕین و بەو هۆیەوە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە هەڵویستی خۆی بۆ دەستپێکردنی بزوتنەوەی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاشگەز بۆتەوە. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی بۆی ئامادە کردوە، دەڵێت: (ئەم خۆئامادە کردنانە نزیک بە مانگی هەشتی ساڵی ۱۹٦۱ تەواو بوو، کەچی پێش ئەوەی ئێمە جوڵانەوەکەمان لە کوردستانی ئێران دەستپێبکەین، عەشائیرەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەخۆ کەوتبوون و جموجۆڵێکی بەرفراوانیان دەستپێکرد، لە دەوروبەری ڕانیە هەباس ئاغای سەرکەبکان و لە پشدەر شێخ حسێنی بۆسکێن و لە سورداش حاجی برایمی چەرمەگا، لە شارەزوور عەشائیرەکانی ترخانی و ڕۆخزایی و گەڵاڵی و جاف و وردە تیرەکانی دیکە، لە شلێر و پێنجوێن حەمەرەشید خان و شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم و شێخ قادری چوێسە کەوتبوونە جوڵە. دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان دەورێکی بەرچاوی لەمەدا هەبوو، ئێمەش کە زانیمان وەزعەکە خەریکە بەجۆرێکی دیکە دەگوزەرێ، بۆ ئەوەی وەک کوردەی لە هەردوو جەژنە بوومان بەسەر نەیەت، بڕیاری دواخستنی جوڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستانی ئێرانماندا و لەگەڵ ئەو جوڵانەوەیەی کوردستانی عێراقدا بۆ پێشەوە هەنگاومان نا[٢].)

ڕاپەڕینی دەرەبەگەکان و پشتگیریی بالی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکراتدا لە ڕاپەڕیوەکان و شکانی ڕاپەڕینەکە لە ماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژەدا، دوو گرفتی سەرەکی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بارزانییەکان پێکهێنا. یەکەمیان، پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆمونی سلێمانی، هەرچەند بەشێکیان لەگەڵ گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ بارزان کە ڕژێم دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەسەر سلێمانیدا بسەپێنێ، لە ترسی گرتن، دوورخستنەوە و تەسلیم کردنەوەیان بە ئێران، کەمپەکەیان بەجێهێشت، بەڵام دوای شکانی ڕاپەڕینەکە، بەتاک و بەکۆمەڵ لەو کەمپە دەرچوون و بڵاوبوونەوە. بەشێکیان گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێکیشیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات کەوتن و ژمارەیەکیشیان پەنایان بۆ گوندەکانی سەرسنوری ڕۆژهەڵات برد. لەو بارەیەوە

ڕەشید خانی ئەحمەدی لە پێوەندییەکی تەلەیفونیدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١ پێیگوتم:
**(دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ بارزان، حکومەت خەریکبوو دەسەڵاتی سلێمانی بەدەستەوە بگرێ. بەو بۆنەیەوە، بەشێک لە پەنابەرەکان لە ترسی گرتن و دوورخستنەوە گەڕانەوە بۆ ئێران.)**

گرفتی دووەم پەلاماری ڕژێمی عێراق بوو بۆسەر ناوچەی بارزان. سوپای عێراق بە پشتیوانیی فڕۆکەی بۆمبهاوێژ، یەکەکانی تانک، تۆپخانە و خۆمپارە و بە هاوکاریی جاشەکانی، بە زەویدا پەلاماری ناوچەی بارزانی دا و مەلا مستەفا بارزانیی ناچارکرد ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ شۆڕشی ئەیلول ڕابگەیەنێت[٣]. شێخ جەمیل مەردۆخی ڕاپەڕینی دەرەبەگەکان بە پلانێک دژی حیزبی دیموکرات دەزانێ کە ئەو حیزبە لە بڕیاری بزوتنەوەی چەکدارانە لە ئێران پاشگەز بێتەوە و لەو بارەیەوە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

**- (... ئەم جوڵانەویە وەستایانە بوو، لەبڕی ئەوەی لە کوردستانی ئێران بێت لە کوردستانی عێراق قەوما، لە دەوڵەتێکدا کە "لانیکەم"ی مافەکانی کوردی دانپێدانابوو، ئەم ڕاپەڕینە بوو بە کۆسپ لە ڕێگای بیرۆکەی هەستەی چەکداریی لە کوردستانی ئێرانو پەکی خست و کوردستانی عێراق بووە جێگەی حەوانەوەی ساواک و سیخوڕەکانی ئێران و ئێمەیان بە برا کوردەکانمان دەورەدا و ڕێگای جوڵانەوەیان لێداخستین.)**

هەروەکوو گوتم، شۆڕشی ئەیلول لە ئەنجامی پەلاماری سەربازیی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بۆسەر خەڵکی نارازی کوردستان بەو ڕاپەڕینە چەکدارانەیە دەستیپێکرد و وەک دیاردەیەکی نامۆ بەبێ ئەوەی کە ئامادەکاری و بەرنامەڕێژی بۆ کرابێت، بەسەر جوڵانەوەی سیاسی گەلی کوردستاندا سەپا. سەرەتایەک بوو بۆ لە خۆبایی بوونی حکومەتی کەریم قاسم کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە بە چەندڕۆژ بارزان کاول دەکەن و بە لەناو بردنی مەلا مستەفا، ئیرادەی گەلی کورد بەتەواوی تەسلیمی دەکەن و جگەلە ملکەچی شانسێکی دیکە لەبەردەم کورددا نامێنێت. دوکتۆر یاسین سەردەشتی لەو ئیرادەیە دەدوێ و دەڵێت:

**- (ئەو ئیرادەیەی کە تا ناوەڕاستی دوامانگی ئەو ساڵەش لەوپەڕی ناهومێدی و بێ هیواییدا بوو. بەرگریی لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو. مەکتەبی سیاسی پارتی تا کۆتایی ئەو ساڵەش لەنێو خۆیاندا سەبارەت بە بڕیارێکی تێکڕایی بۆ شۆڕش و بەرگری ساخ نەببوونەوە. چونکە بەشێکی ئەندامانی**

هێشتا بەو هومێدە بوون قاسم بگەڕێتەوە سەر ڕێگای "دیموکراسی". ئا لەم هەلومەرجە ئاڵۆز و ناهەموارەدا، کەبێ هیوایی بەتەواوی باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا کێشابوو، ئەحمەد تۆفیق و ژمارەیەک لە گەنجە خوێن گەرمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دیموکرات، بڕیاریاندا بەهەموو توانایەکیانەوە کار بۆ زیندووکردنەوەی ورەی داڕوخاوی خەڵکی باشوری کوردستان بکەن و بیری بەرگری و خەبات لەنێو جەماوەردا بڵاوبکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەحمەد تۆفیق کە پێشتر خولیای ڕاپەڕینی چەکدارانەی لە کوردستانی ئێران لەسەردا بوو، دەیویست ئەم دەرفەتە لە باشوری کوردستان بقۆزێتەوە و گیانی بەرگریی ببووژێنێتەوە و بەتوندی باوەش بە جوڵانەوەکەدا بکەن. بەچەشنێک بەرەو جوڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازی سەرتاسەریی کە ئامانجی سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بێت ئاراستە بکەن(٤).)

کە شۆڕشی ئەیلول ڕاگەیەندرا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەو کێشانەی کە لەناو خۆیدا هەیبوو، دەستی لە کاری ڕێکخستن و خەباتی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرنەدا و بەرە بەرە لەگەڵ بوژاندنەوەی بزوتنەوەی نهێنی کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی و بەردەوامی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدڵ و گیان هاوکاریی شۆڕشی ئەیلول کرد و هاوکاری کردنەکەی بە ئەرک بۆ حیزب ناسی. شێخ جەمیل مەردۆخی سەبارەت بە ڕاپەڕینی دەرەبەگەکان و دواترش شۆڕشی ئەیلول دەڵێت:

- (کە جوڵانەوە حیزبی و عەشائیرییەکان لە کوردستانی عێراق لە ئەیلولی ١٩٦١ دەستیپێکرد، ئەرکەکانی حیزبی دیموکرات لە ڕووی نەتەوەییەوە زیادیکرد. بەرلە شۆڕش، حیزب بە تەنزیمی ئاوارەکان و ڕاگرتنی قەوارەی حیزب لە چوارچێوەی سەربەخۆیی و تەنزیمی ناوخۆی کوردستانی ئێران تێدەکۆشا، بەڵام هەرلە یەکەم ڕۆژی جوڵانەوەی ئەیلولەوە، برادەرانی سەرکردایەتییمان لە ناوچەکانی کوردستان بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلولدا کرد و بە هەموو توانایانەوە کەوتنە هاتوچۆ بۆلای عەشائیر و پیاوە ناسراوەکانی شۆڕش. لە ناوچەی ڕانیە، ئەحمەد تۆفیق بەدەم هەباس ئاغاوە چوو، لە پشدەر مەلا باقی خۆی گەیاندە شێخ حسێنی بۆسکێن، لە پێنجوێن و شلێر من و سلێمانی موعینی هاوکاری شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم و شێخ عەبدولقادر و عەشایری وێنە و داروخانمان دەکرد، هاشمی حەق تەڵەب و

چەند کەسێکی تریش لە شاربازێر هاوکاری عەشایری ئەو ناوەیان دەکرد، بەمجۆرە نیوەی ئیشی حیزبی خۆمان بەخشی بەو جموجۆڵە.)

هەرلەو بارەیەوە دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەکانی ١٠٤ی کتێبەکەیدا "ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق"دا دەڵێت: (ئەحمەد تۆفیق کە لە باشووری کوردستاندا پێوەندییەکی بەرینی بە کەسایەتییە نیشتمانپەروەر و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە هەبوو، بێ وەستان جموجۆڵێکی چالاکانەی دەستپێکرد بۆ پێوەندیکردن بەو کەسایەتییانە و هاندانیان بۆ پشتگیریکردنی مەلا مستەفا و پێشکەشکردنی یارمەتی لە پێناو هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی چەکدارانەی سەرتاسەریی دژی ڕژێمی دیکتاتۆری قاسم. لەو پێناوەشدا جەولەیەکی فرەوانی بەناو باشووری کوردستان دا کرد. هەرلە پێنجوێنەوە بۆ شاربازێر و لەوێوە بۆ پشدەر و بێتوێن و لەوێشەوە بەرەو ڕەواندز و بەرەو شەقڵاوە و چیای سەفین کە مۆڵگەی ئەو هێزە نەبەزیوانە بوو کە مەحمود کاوانی فەرماندەیی دەکردن. لێرەشەوە بەرەو چیای "پیرس" هەڵگەڕا و خۆی گەیاندە لای مەلا مستەفا بارزانی و بە دوور و درێژی هەلومەرجی گشتی ئەو ناوچانەی خستە بەرچاو.)

---

١- دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا، بارزانی داوای دیتنی کەریم قاسم کرد. کەریم قاسم هەفتەیەک خۆی لەو دیدارە دزییەوە. لەو دیدارەیدا بارزانی زۆری هەوڵدا کەریم قاسم بهێنێتەوە سەر دۆخی پێشوی و گومانەکانی بڕەوێنیتەوە، بەڵام نەیتوانی و بارزانی بەناچار بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان. دوای ڕۆیشتنی بارزانی لە بەغدا، حکومەتی کەریم

قاسم دەستی کرد بە دەرکردنی ئەفسەر و کارمەندە کوردەکان لە دەزگا حکومییەکان و پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ ئەو سەرۆک هۆز و هەڵخەڵەتاوانە کە دژی بزوتنەوەی دیموکراتی و ڕزگاریخوازانەی کورد بوون. پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر ئەو توندڕەوییانەی حکومەتدا زنجیرەیەکی وتار لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاوکردەوە و ئەو کردارە ڕەگەزپەرستانەیەی بە زیانی برایەتی کورد و عەرەب لە قەڵەمدا، بەڵام هەوڵەکانی پارتی و بارزانی سودی نەبوو. لەبەر ئەوە لە پرۆسەی کێشەیەکی بەردەوامدا بارزانی ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ دژی حکومەتی ناوەندیی عێراق، شۆڕشی ڕاگەیاند و چوونکە بەرپاکردنی شۆڕشەکە لە مانگی ئەیلولدا بوو، لە مێژووی کوردستاندا بە شۆڕشی ئەیلول ناسراوە.

٢- مەبەست لە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی و لایەنگرانییەتی لە مەکتەبی سیاسییدا کە ئەوکاتە خۆیان بە پارتی دیموکرات دەناساند.

٣- بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول، پارتی دیموکرات جگەلە هەبوونی کێشە لەگەڵ بەغدا، لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتیی خۆشیدا توشی ناکۆکیی و لێکدابڕان ببوو. مەلا مستەفا کەمتر بیری لە شێوازی بیرکردنەوەی وشکی حیزبایەتی دەکردەوە و ئامانجی ڕزگاریی کوردستان و نەتەوەی کورد بوو بەهەمووو چین و توێژەکانییەوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، ئیبراهیم ئەحمەدی تووشی هەڵە کردبوو، گوایە مەلا مستەفا کاری حیزبیی نازانێت. ئەو دەیویست حیزب سەروەر بێ و هەموو کارەکانی گەلی کورد لەدەست حیزبدا بێت و لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بە ئەنجام بگات کە مەلا مستەفا خۆی توشی ئەو هەڵەیە نەدەکرد. ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ کە شۆڕش ڕاگەیندرا بەپێچەوانەی خواستی بارزانی، خەڵک لە سەرتاسەری کوردستان دەستی بەسەرهەڵدان کردو هێرشیان بردە سەر بنکە سەربازییەکانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم، زوربەی بنکە سەربازییەکانیان گرت، بەڵام دوای هەفتەیەک حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم توانی هێرش بکات و بنکە سەربازییەکان بەدەست بێنێتەوە و جارێکی دیکە هەموو کوردستان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و ڕاپەڕینەکە بپوکێنێتەوە.

٤- ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق، نوسینی دوکتۆر یاسین سەردەشتی، لاپەڕەکانی ١٠٢- ١٠٣.

## حیزبی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول

هەروەکوو ڕەشید فەلاحی، شێخ جەمیل مەردۆخی، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، ڕئوفی مەلا حەسەنی، دوکتۆر یاسین سەردەشتی و ....تد ئاماژەیان بۆ کردوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەمەوو هێزییەوە و بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کرد. ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب کە سەردەمێک ئومێد و ئارەزووەکانی خۆی لە بزوتنەوەی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینییەوە، بەڵام بۆی نەڕەخسا کە دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا شۆڕش ڕابگەیەنێت، بە تەواوی خۆی خستە خزمەتکردن بە شۆڕشی ئەیلول و وەک فەرماندەیەکی ئازا و چاونەترس، ڕۆڵی داهێنانی تاکتیکیی پێشمەرگایەتی گرتەبەر. بە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی خۆی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، هەرلە ناوچەی هەڵەبجەوە تا دەگاتە ناوچەی پشدەر و باڵەک هەوڵی بەرزکردنەوەی ورەی دانیشتوانی باشوری کوردستانیاندا. دواتر ئەحمەد تۆفیق بەشوێن بارزانی کەوت و چوو بۆ ناوچەی شیروانی مەزن و لەوێ تێگەیشت کە بارزانی چووەتە ناوچەی بادینان، لەبەر ئەوە بەبێ وەستان بەرەو بادینان چوو و لە گوندی "کەمەک" لە پشت لەمپەری دهۆک خۆی گەیاندە بارزانی و پێشمەرگەکانی هاوڕێی. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە بەرگی سێیەمی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" ئەحمەد تۆفیق بارودۆخی سیاسیی و سەربازیی ناوچەکانی سۆران، هەولێر و سلێمانی بە مەلا مستەفا ڕاگەیاند. سەبارەت بە چوونی ئەحمەد تۆفیق بۆ ناوچەی بادینان، ئەحمەد حاجی تاتکی یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (ساڵی ١٩٦١ لە ناوچەی بادینان بووم کە ئەحمەد تۆفیق بەتەنیا چوو بوو بۆ گوندی تاتکێ لە شێروانی مەزن. لەوێ چاوی بە بنەماڵەی من کەوتبوو و نامەیەکی لەوانەوە بۆ من هێنا بۆ گوندی "کەمەک" کە گوندی حەمە کەمەکی بوو لە نزیک گەلی زاویتەی دهۆک. من لەگەڵ بارزانی بووم و ئەو هاتبوو بارزانی ببینێ و چەند نامەشی بۆ بارزانی هێنابوو. لە نامەکەی مندا بنەماڵەکەم باسیان لە تەندروستی خۆیان کردبوو، بەڵام من نەمزانی لە نامەکانی بارزانیدا چ نوسرابوون و نهێنی بوون. ئەحمەد تۆفیق زۆر زیرەک و

**چاونەترسانە بە گوندەکاندا هاتبوو، بەڵام چونکە لە گەڕانەوەدا شتی پێنەبوو، بەناو حکومەتدا گەڕایەوە بۆ ناوچەی باڵەک.)**

دوای ئەو دیدارەی لەگەڵ بارزانی و ئاگادارکردنی لە بارودۆخی ناوچەکانی سۆران، سلێمانی و هەولێر، ئەحمەد تۆفیق تێگەیشت کە شۆڕش پێویستی بە دوو دیاردەی بە پلە و زۆر گرنگ هەیە. یەکەمیان دەرمان و جلوبەرگ و پێڵاو و پارە و ئەویتریان بڵاوکراوەیەک کە دەنگی شۆڕش لە بازنەی بەستراوی ناوچەکانی بارزان و بادینان ڕزگار بکات و هەرچی زیاتر بەگوێی خەڵک بگات. بەو مەبەستە، دوای بینینی بارزانی، بەپەلە گەڕایەوە بۆ ناوچەی سلێمانی و لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کۆبووەوە و بڕیاری بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک و کۆکردنەوەی پارە، دەرمان، جلوبەرگ و پێداویستییەکانی شۆڕشیان بە ڕێگای ڕێکخراوەکانی حیزب لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئێران و تەنانەت لە بەغدا دا. لەو بارەیەوە عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی "هەژار موکریانی" لە لاپەڕەی ٣٦٦ی چێشتی مجێورەدا دەڵێت:

**- (.... شەڕی بارزانی و قاسم گەرم بو، ئەحمەد تۆفیق هاتە بەغدا پێم سەیر بو چۆن توانیویە لەو ڕێگە دژوارە خۆی دەرباز بکا. گوتی هاتوم جلک و دەرمان بۆ بارزانی بەرم کە هیچیان نیە. وێکەوتین جلک و دەرمانی زۆرمان پەیدا کرد. ئێستاش نازانم چۆنی گەیاندەوە بارزان کە بەڕاستی کارێکی ئازایانە بوو.)**

هەرلەو بارەیەدا سالار حەیدەری یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی تەورێزی حیزبی دیموکرات لەو سەردەمدا، لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا لە ستۆکهۆڵم کە دەنگی لای من پارێزراوە، ڕۆژی ٢٠١٥/١/١٦ گوتی: **(ساڵی ١٩٦٢، لەگەڵ جەعفەر ئەبریشمی، محەمەد حەبیب زادر، شەریف شاکری و ژمارەیەکی تر کوردی بەگزادە وەک شێرزاد و شکارچی لە دەوروبەری بۆکان کە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، چەند کەسێکیان لێ ئیعدام کرابوو و دوکتۆر عەبدولا مەولەوی کۆمیتەیەکمان لە تەورێز دروستکرد. کاری ئێمە لەو کۆمیتەیەدا کۆکردنەوەی پارە و جلوبەرگ و پێڵاو بوو بۆ شۆڕشی ئەیلول. کۆکراوەکانمان بە هاوکاریی حاجی قادری دەباغی کاراژدار لە تەورێزەوە ڕەوانە دەکرد. خەڵکی تەورێز یارمەتی زۆریان دەکردین، زۆربەی کارەکان من دەمکرد، بازرگانەکانی تەورێز کە پێشتر لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجاندا لە فیرقەی دیموکراتدا بوون، دۆستی باوکم بوون و بەبێ ترس یارمەتیان دەکردین.)**

لە درێژەی ئەو باسەدا ئەمیر قازی لە وتووێژێکی جیاوازدا دەڵێت: (ساڵی ١٩٦٢، وەک کۆمیتەی خوێندکاران و دواتریش ڕێکخراوی حیزب لە تاران دەمانزانی حیزب لە باشوری کوردستان بوژاوەتەوە. قادر تەگەرانی خەڵکی باشور، قاچاخچی بوو، هات و ئێمە چاومان پێی کەوت، پرسی بۆچی پێوەندییان پێوە ناکەن؟ لەوێ ڕۆژنامەی "دیسان بارزانی"یان بڵاودەکردەوە و بۆ ئێمەشیان دەنارد. نامەمان نوسی و بە قادر تەگەرانیدا پێوەندیمان بە سلێمان موعینییەوە کرد. سلێمان موعینی هات بۆ گوندی قەرەگوێز و لەوێ چاومان پێی کەوت. نزیکەی ٥٠٠ ئەندامەمان هەبوو، پارە و جلوبەرگمان کۆدەکردەوە و ڕەوانەی شۆڕشمان دەکرد.)

ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، قادر شەریف، شێخ جەمیل مەردۆخی، مەلا باقی، ڕەشید فەلاحی، مەلا سەید ڕەشید، عومەر نگڵی، ڕئوفی مەلا حەسەنی و بەگشتی کادیر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە ورەیەکی بەرز، بەدڵ و بە گیان هاوکاریی شۆڕشی ئەیلولیان دەکرد. لە هەمان کاتدا، مەلا مستەفا بەبێ هاوکاریی کردنی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی، بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی پارتی بەرینتر بکاتەوە، تا مانگی ئاپریل "نیسان"ی ١٩٦٢، هەموو ناوچەکانی بەرواریی باڵا، مزوری خوارو، "نەهلە"، بادینان، سەری ئاکرێ و گەلی بێخمەی لە جاش، پۆلیس و سوپای عێراق پاککردەوە[1].

دوای چوونی ئەحمەد تۆفیق بۆلای بارزانی، مەحمود کاوانی بەگوێرەی بڕیار، ڕۆژی ١٩٦٢/٣/١٩ لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە لە ناوچەی هەولێرەوە گەیشتە لای مەلا مستەفا و بارودۆخ و ستراتیژیی ناوچەی هەولێری بۆ مەلا مستەفا شیکردەوە، مەلا مستەفا بڕیاری ئازادکردنی ناوچەی سۆرانیدا[2]. بۆ ئەو مەبەستە، مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاگادار کردەوە کە بێن بۆ بێخمە تا پێکەوە پلانی ئازادکردنی ناوچەی سۆران دابڕێژن کە جگەلە عەلی عەسکەریی کە هەرلە ناوچەی بادینانەوە لەگەڵ مەلا مستەفا بوو، ئەندامانیتری مەکتەبی سیاسیی بەدەنگ بارزانییەوە نەهاتن و بڕیارەکەیان پاشگوێ خست. بە نەهاتنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بۆ بێخمە، مەلا مستەفا ناچاربوو بەو زانیارییانەی کە خۆی لەسەر ناوچەکە هەیبوو، بەرەو سۆران بچێت[3]. بەرلە چوونی بۆ ناوچەی سۆران، مەلا مستەفا بەپلانێک مەحمود کاوانی و پێشمەرگەکانی ناردەوە ناوچەی خۆیان و کاتژمێر ١٨:٠٠ی ڕۆژی جەژنی نەورۆز ١٩٦٢/٣/٢١ فەرمانی بە هێزەکانیدا بەرەو بواری مەیدان بەڕێکەون.

دەیویست بەرلە خۆرهەڵات هێزەکانی بگەنە چیای برادۆست و ئەوێ بکەن بە پێگەی خۆیان. تیپێکی سوپای عێراق لە دەوروبەری سپیلک و تیپێکیش لە نزیک ڕەواندز موڵ درابوون. مەبەستی مەلا مستەفا لە پەڕینەوە بۆ ناوچەی سۆران گرێدانی ناوچەی سۆران بوو بە ناوچەی بادینان و بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە نەکەونە بەرچاوی جاش و سوپای مۆڵدراو، ناچاربوو هێزەکانی بە شەو لە زێ بپەڕێنێتەوە. لەبەر ئەوە ناوچەیەکی شاخاوی هەڵبژارد کە دوژمن بە ئاسانی نەتوانێ ڕاگیریان بکات[٤].

١- لە ماوەی حەوت مانگ و بیست ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی ئەیلولدا، شەڕی زۆر دژوار لە ناوچەی بادیناندا ڕوویدا. لەو شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆر کوژران و بریندار بوون. مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لاپەڕەی ٦٧ی بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا، ئاماری زەرەر و زیانەکانی حکومەت و پێشمەرگەی لەو ماوەیەدا، بەشێوەی خوارەوە بڵاوکردۆتەوە:

لە ١٩٦١/٩/١١ سەرەتای شۆڕشی ئەیلول تا ١٩٦٢/٤/٣٠:

١- پێشمەرگەکان: ٤٠ شەهید و ٧٨ بریندار.

٢- سوپا، پۆلیس و جاشەکان: ١٢٢٥ کوژراو، ١٤٥٠ بریندار و ١٣٢٦ دیل کە دیلەکانیان ئازاد کردوە.

دوای ئازادکردنی ناوچەی بادینان، مەلا مستەفا بڕیاریدا بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی و سۆران بچێت.

٢- مەحمود کاوانی جگەلەو ١٠٠ پێشمەرگەیە، عوبەیدوڵا بارزانی کوڕی سەرۆک بارزانیشی لەگەڵ بوو. ڕژێمی عێراق لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول، فەرمانی گرتنیدابوو و بەنهێنی لە بەغدا دەژیا.

٣- لەو بارەیەوە زەکی ئاکرەیی یەکێک لە باوەڕپێکراوانی مەلا مستەفا کە لەو پێشڕەوییەدا لەگەڵ مەلا مستەفا بوو، لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(بارزانی پێش ئەوەی بگاتە بێخمە نەخشەی شەڕەکانی دەڤەری سۆرانی دارشتبوو، سێ بەشی لەشکرەکەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی بادینان بەجێهێشت کە لەگەڵ پاراستنی ناوچەکە، برەو بە سەرکەوتنەکان بدەن. بۆخۆشی بە گرۆپێکی بچووکەوە هاتە بێخمە، بەو نیازە برادەرانی مەکتەبی سیاسیی لە نەخشەی داهاتووی ئاگادار کردبوو. بڕیار بوو ئەوان هێزەکانی خۆیان لە دەڤەری سۆران تەیار بکەن و لە بنکە دیاریکراوەکان کۆیان بکەنەوە و خۆشیان لە کاتی دیاریکراودا بگەنە بێخمە و لەوێ بگەنە بارزانی کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەهاتن و هیچ کارێکیان لەسەر تەگبیر و نەخشەی بارزانی نەکرد. بارزانی لە نەخشەکەیدا بەتەما بوو جارێ تخوونی "گەلی عەلی بەگ" تا حاجی ئۆمەران نەکەوێ، بەڵکوو لە پشتەوەی ئەم هێزانە، لە بێخمەوە چیای سەفین و هەیبە سوڵتان بگرێت و بەم جۆرە زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، شێخان، ئاکرێ، دینارتە و گەلی بێخمە دەکەوتنە دەست پێشمەرگە و دواتریش بەم نەخشەیە هەموو حەوزی ڕەواندز "باڵەکایەتی و سیدەکان" لە دەست پێشمەرگەدا دەبوو، بەڵام ئەوان نەهاتن و نەخشەکە سەری نەگرت و بەهۆی کۆتایی کردنی مەکتەبی سیاسیی فەشەلی هێنا.)**

٤- هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٢ گەیشتنە گەلی "سورانگێ" و بەکن کانیاوی "کێنەدەلا"دا تێپەڕین و ڕوویان لە بەرزاییەکان کرد. لەوێ مەلا مستەفا بەرپرسی پێشمەرگەکانی کۆکردەوە و سێ ڕۆژ پشووی بۆ ڕاگەیاندن. دوای حەسانەوەیان سەرکردایەتی ناوچەی باڵەکی هەڵبژارد. مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای کوردستان لەو پەڕینەوەیەدا تفەنگی پێشمەرگایەتی لە شان کرد و چووە ڕێزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوە. بە وتەی زەکی ئاکرەیی پێشمەرگەکان نزیکەی ٣٠٠ کەس بوون. دوای حەوت ڕۆژ، هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٨ گەیشتنە "سەری بەردی" لە نزیک سیدەکان. لەوێ سۆفییە جاشەکانی برادۆست پێشیان پێگرتن کە پێشمەرگەکان شکاندیانن و ڕایانکرد. لەو شەڕەدا بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٧٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" پێشمەرگەیەکی نێروەیی شەهید بوو و کەلاکی چوار جاشیش لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێما.

# بڵاوكراوەی "دیسان بارزانی" بە نهێنی

لە بەشی پێشوودا گوتم كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكرات، بڕیاریدا بۆ گەیاندنی هەرچی زیاتری دەنگ و باسی شۆڕش بە ڕای گشتی و ئاگاداركردنیان لە بارودۆخی كوردستان، بڵاوكراوەیەك بڵاوبكاتەوە. لە كۆتایی ساڵی ١٩٦١دا كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكرات سەبارەت بەو بڵاوكراوەیە لەژێر ناوی "دیسان بارزانی" ساخ بۆوە. ئەوە لە كاتێكدا بوو كە ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە مەكتەبی سیاسیی پارتیدا، هەواڵەكانی شۆڕش و ڕووداوی شەڕەكانی ناوچەی "بادینان"یان بە كپی هێشتبووەوە و هەوڵیاندەدا پێشمەرگەكان و دانیشتوانی پارێزگاكانی هەولێر، كەركوك و سلێمانی كە دوور لە شەڕەكان بوون لە بێئاگاییدا ڕابگرن. لەبەر ئەوە حیزبی دیموكراتی كوردستان، بڵاوكراوەی دیسان بارزانی بەنهێنی لە سلێمانی چاپ و بڵاوكردەوە. یەكەم ژمارەی دیسان بارزانی بە ئامانجی بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی شۆڕش و پەیداكردنی دۆست و لایەنگر بۆ شۆڕش، لە مانگی شوبات "فیبروواری" ساڵی ١٩٦٢ لە شەش لاپەڕەدا بڵاوكرایەوە. دیسان بارزانی لە ژمارەی یەكەمیدا دەڵێت:

**"دیسان بارزانی" لاپەریكی دەنگوباسی یە.**

**"دیسان بارزانی" نیشاندەری قارەمانیەتی ئەو سەردەمەی قارەمانانی كوردە.**

**"دیسان بارزانی" نوێنەر و دەرخەری زانایی و پسپۆری مەزنی قارەمانی كورد "مصطفی بارزانی" كۆڵنەدەرە.**

**"دیسان بارزانی" پێمان ئەلیت بە وینەی "مصطفی بارزانی" رابین و كۆڵنەدەرانە هەموو پردی مەسلەحەتی خۆییمان لە پشتەوە بروخێنین و نەبەزانە و سەربەرزانە بە وریایی بۆ پێشەوە بچین و ئاگری راپەرینی كورد ئەوەندە پەرە پێ بدەین كە ماف پێ شێل كەرانی كوردی تێدا بسوتێنین.**

**"دیسان بارزانی" داواتان لێ ئەكا مەبەزن. مەیدان بۆ دڵرەشانی خویی بەجی مەهیلن وە یەكیەتی و یەكگرتویی ریزی تێكۆشان و پێشرەوی خەبات و تێكۆشان دیسان زیاتر و پتەوتر كەین تا بە دەستێكی بەهێز لەشی تێكۆشان لە ناپاكان خاوێن كەینەوە. بۆ سەركەوتنی یەكجاری بە سەربەرزی بە راپەرینەكەمان دوایی بێنین.**

"دیسان بارزانی" داوا لە تێکۆشەران و چەکدارانی کورد ئەکا کە "تەلیسمی" "خولقاو"ی وەستانی هێزی چەکدار و هەڵپەساردراوی لە چیاکانی لیوای "سلیمانی" "هەولیر" "کەرکوک" بشکێنن وە بە وێنەی رابەری بەحەقی ڕاپەرینەکەمان "مصطفی بارزانی" ئەرکی نیشتمانی و خەباتکاری خۆمان بەرانبەر بە نەتەوەکەمان بەجی بێنین.

"دیسان بارزانی" پیمان ئەلیت ریگەی سەلماندنی مافی نەتەوەیەکی کە سەدان سالە بەدیلی ماوەتەوە هێشتا زۆری بەبەرەوەیە وە سەرەتای خەبات و گیان بازیمانە. داوان لی ئەکا قولتر بروانین. بە هێزتر خۆ بۆ خەبات بڕازینینەوە وە بە وریایی و زانایی سیاسیەوە ریگەی راپەرینی چەکدارانەمان بە پتەوی بەهێزتر لە جاران بە یەکگرتوویی ریزی خەباتمان لە دەوری ئالای شەرەفی نەتەوەکەمان سەرۆکی خەباتی گشتی نەتەوەی کورد "مصطفی بارزانی" کۆکەینەوە بۆ چۆک دادان بە کورد کوژی کوردستان ویرانکەر عبدولکەریم قاسمی دیکتاتۆر، بۆ سەلماندنی مافی پێشیل کراوی کورد بۆ سەرخستنی راپەرینە پیرۆزەکەمان بە سەرۆکایەتی "مصطفی بارزانی" قارەمان.

"دیسان بارزانی" ئەلیت: سەربەرزی بۆ چەکدارە تێکۆشەرەکان و خەباتکارانی نەبەزیوی کورد. شەرەف وە سەربەرزی زیاتر بۆ چەکدارانی کورد کە رەشیدانە لە لیوای "موصل" لەژێر "فەرماندەیی" ڕابەری خەبات و "پیشەوا"ی نەتەوەی کورد "مصطفی بارزانی" کۆلنەدەرانە و قارەمانانە ئەجەنگین بۆ کوردستان.

شانازی بە گیانی گیانبازان و شەهیدانی تازەی راپەرینی سەلماندنی مافی نەتەوەکەمان.

روورەشی و نەمان بۆ بەزیوانی سەرشۆرکەر بۆ خائینی ناوخۆ
تەفروتونا بی دیکتاتوریەتی عبدولکەریم قاسم. (پاشبەندی ١٧)

هەرلەو ژمارەیەدا، "دیسان بارزانی" باس لە ناڕێکیی خێڵە چەکدارەکانی دەربەندی بازیان، دەربەندیخان، ئەزمەڕ، خەلەکان و چۆلکردنی مەیدانی بەرگریی لەو ناوچانەدا دەکات کە بە پلان و پێدانی دەرفەت بە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، ڕێگە بۆ پەلاماردانی پێشمەرگەکانی پاریزگای موسڵ لە ناوچەی بادینان بکرێتەوە و پارێزگاکانی تری عێراق لە بێدەنگیدا ڕابگیرێن. پاشان دێتە سەرباسی پەلامار و پێکدادانەکانی ناوچەی برادۆست، بەرواریی

باڵا، تەروانیش، جوم جهان، عاسی و سەرئەنجام شەڕی گەلی زاویتە لە نزیک دهۆک کە پێشمەرگەکان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا زەبری کوشندەیان لە جاش و سوپای دوژمن وەشاند و زیاتر لە هەزار چەکداریان لێ کوشتن و بریندار کرد و سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا.

ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی" لە لاپەڕەی ٣٠- ٣٢ی کتێبەکەیدا "بیرەوەرییەکان لە شۆڕشی ئەیلولدا" ئاماژە بۆ دیسان بارزانی دەکات و دەڵێت: (بریاریاندا بوو ئەو قورسایی شەڕە لە مەڵبەندی بادینان نەمێنێ و دابەش بێت بەسەر هەموو کوردستان دا لەم ناوچەیەش شۆڕش دەست پێ بکات، بۆ بەکارهێنانی خەڵکی بەشەرەف و کوردپەروەری شاری سلێمانی بڵاوکراوەیەک بەناوی "دیسان بارزانی" بڵاوکرایەوە، کە شەڕەکانی گەلی زاویتە و مەڵبەندی بادینانی تێدا تۆمار بکەین، بەڕاستی دیسان بارزانی تەئسیری زۆری هەبوو، خەڵکی تێکۆشەر و کوردپەروەر داوایان دەکرد شەوانە بڵاوکراوەی دیسان بارزانیان لە درزی دەرگاکانەوە بۆ بخەینە حەوشەکانیان. بڵاوکراوەی دیسان بارزانی "٦" ژمارەی لە سلێمانی و شارەکانی دەوروبەر و بەغدا بڵاوبۆوە وە عەزیز ماڵتای کوڕێکی لاوی خوێن گەرم بوو، هەموو جارێ دەهات بۆ سلێمانی وەردیدەگرت و دەیبرد بۆ شارەکانی "دهۆک و موسڵ و هەولێر" بڵاوی دەکردەوە.... سێ ژمارەی لە دەرەوە دەرچوو چاپەمەنیەکەشمان بردبوو بەدەم ڕێگاوە دوو ژمارەی تر دەرچوو لە گوندی "گەناو" و لە گوندی "نورەدین" ئاخر ژمارەی لێدەرچوو. بە هەمووی "٩" ژمارەی لێدەرچوو لەبەر ئەوە پارتی دەستی دابوو چەک و سەرۆک بارزانیش سەرکەوتووانە مەڵبەندی بادینانی لە جاش و جەیش پاک کردبۆوە، لە لۆلان بەرەو لای سلێمانی دەهات فەرمانیدا بە ئەحمەد تۆفیق "دیسان بارزانی" ڕاگیرێت.)

ڕەشید فەلاحی لە کۆتایی ئەو بەشە نوسینەیدا ئاماژە بۆ ڕۆڵی کادیرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی دیسان بارزانی و شۆڕشی ئەیلولدا دەکات و دەڵێت: (ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، قادر شەریف، مەلا باقی "سادق شەریف"، مەلا عەبدولڕحمانی سەرشیوی سەقز، مەلا سەید ڕەشید سەقزی، شێخ جەمیل مەردۆخی، ڕئوفی مەلا حەسەنی، عومەر سادق نگڵی، عەلی قوتبی و ڕەشید فەلاحی، بە نوسین و بەچەک و بە دەم- بە ڕێگای ڕوونکردنەوەی سیاسیی- ، ڕۆڵی گەورەیان لە شۆڕشی ئەیلولدا هەبووە.)

لە جێیەکی تردا، شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکاندا ئاماژە بۆ ستافی بڵاوکراوەی دیسان بارزانی دەکات و دەڵێت: (ئێمە بڵاوکراوەی "دیسان بارزانی"مان لە گەڕەکی قەزازەکانی شاری سلێمانی دەرکرد، ئەم بڵاوکراوەیە حەوت ژمارەی لێ دەرچوو کە لە کوردستان و ئەوروپادا بڵاودەکرایەوە، سەروتاری یەکەم ژمارەی بە قەڵەمی ئەحمەد تۆفیق نووسرا بوو، باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە چۆلکردن و ئاشبەتاڵی جەبهەی دەربەندیخان و دەربەندی بازیان بوو، ئۆباڵی شکستەکەشی خستبووە سەر سەرانی پارتی و نووسیبووی: "ئەو سنگ شێرانەی شۆڕشیان بەتاڵکرد و چوونەوە باوەشی عەبدولکەریم قاسم"، ژمارە هەشتی دیسان بارزانی پاش ٤ مانگ لە گوندی "گەناو" و ژمارە نۆش لە گوندی "نورەدین"ی ناوچەی پشدەر دەرکرا کاتێک بەڕێوە بووین بۆ لای مەلا مستەفا بارزانی. ئەوانەی ئەرکی نووسین و چاپکردن و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی دیسان بارزانیان لە ئەستۆ گرت: ئەحمەد تۆفیق نووسەر، سلێمان موعینی نووسەر، مەلا سەید رەشید رێکخەری دەنگوباس، مەلا رەحمان سیفەتاڵەیی تایپیست، عەلی سەرشیوی پاسەوان، جەمیل مەردۆخی بەرپرسی پەخشی بەغدا، عومەر نگڵی بەپرسی پەخشی پشدەر. هەروەها ئەحمەد تۆفیق بەرپرسی پەخشی شەوانە بوو کە لە باخچە و حەوشەی ماڵەکاندا دایدەنا، پارتی بەفەرمانی سەرکردایەتیی هەوڵی کۆکردنەوەی ئەم بڵاوکراوەیەی دەدا و پاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە دەزگای ئەمن ئەم بڵاوکراوەیە پەخش دەکات، جارێکیان عومەری نگڵیان لە "دڕی" بە بەستەیەک دیسان بارزانیەوە گرتبوو، لەلایەن هەرە ناودارترین کەسی سەرانی پارتیەوە فەلاقە کرا.)

هەروەها عوسمان ڕئوف سەبارەت بە شوێنی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیسان بارزانی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٢٣ لە هەولێر پێی گوتم: (شەش ژمارەی یەکەمی دیسان بارزانی لە ماڵی ئێمە لە سلێمانی بەنهێنی چاپ و بڵاوکرایەوە و دواتر باوکم لە ترسی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی، ئەوەی لای ئێمە مابۆون، سوتاندنی و سێ ژمارەکەی تری لە دەرەوە بڵاوکرایەوە.)

هەڵگەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکرات لە بارزانی و هاوکاریی نەکردنی بۆ تێکشکاندنی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕژێمی عێراق لە ناوچەی بادینان و ڕێگرتنی لە زەبر وەشاندنی پێشمەرگەکانی پارێزگاکانی

سلێمانی، هەولێر و کەرکوک لە چەکدارەکانی ڕژێم و واڵا کردنی دەستی دوژمن لە پەلاماردانەکانیدا بۆسەر ناوچەی بادینان، لە نیەتێکی ناپاکەوە سەرچاوەی دەگرت. ناوبراو بەو هیوایە بوو کە بارزانی لە شەڕەکانی بادینان دا بشکێ و خۆی دەسەڵاتی پارتی بە دەستەوە بگرێت، بێئاگا لەوەی کە زیانی قەرەبوو نەکراوی بە گەلی کورد و ناوچەکانی بارزان و بادینان و هەروەها دانیشتوانی ناوچەکانی سۆران، گەرمیان و بەتایبەتی سلێمانی گەیاند. ئەو تەنیا بەوە نەوەستا کە پێشمەرگان لە شەڕ دوور ڕابگرێ، بەڵکوو بەبێ ئاگاداریی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی، هەوڵی دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ ڕژێمی ئێران دەدا[١].

پێوەندیی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی پارتی لەگەڵ ڕژێمی ئێران لە دوو بواردا زیانی گەورەی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب گەیاند. یەکەمیان پێوەندیی حیزبی دیموکراتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنگتر و دووەم کێشەی نێو ڕیزەکانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی قووڵتر کردەوە. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی بۆی ئامادە کردوە دەڵێت: **(ئێمە حەقی نەتەوەیی خۆمان بوو دەبوو پشتی شۆڕشی ئەیلول بگرین، بەڵام ئەم بەشدارییەمان لە شۆڕشی ئەیلولدا زۆر گران لە سەرکەوت، بەتایبەت، کاتێک سەرانی پارتی لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٦١ و بەهاری ١٩٦٢دا بە پەیوەندییگرتن لەگەڵ شا و دەزگای سازمانی ئەمنیەت "ساواک" سەرگەرم بوون و تەنیا دەستمایەیان ئێمە بووین کە لەگەڵ شا و رژێمی ئێراندا ساتوسەودامان پێوەبکەن!)**

ئەو هەلومەرجەی کە ئیبراهیم ئەحمەد بۆ حیزبی دیموکراتی دروستکرد، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەتەواوی دڵگران کردبوو. لەبەر ئەوە بوو کە سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات بە ڕاشکاوی لە دیسان بارزانیدا قسەی خۆیان دەکرد و خەڵکیان لە مەبەستی مەکتەبی سیاسی ئاگادار دەکردەوە. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: **(حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا کە سەرانی پارتی بۆ ماوەی چەندین مانگ خۆیان لەو شۆڕشە بەدوور گرت کە بارزانی ڕێبەری بوو، بە ئیعلامیە و دەرکردنی بڵاوکراوەی دیسان بارزانی، پشتگریی گەرمی جووڵانەوەکە بوون و هێرشی توندیان دەکردە سەر بێهەڵوێستی سەرانی**

پارتی و تەنانەت سلێمانی موعینی "فایەق" لە وتارێکدا ئەو هەڵوێستەی سەرانی پارتی بە خیانەت لەگەڵ کورد و شۆڕش نێوزەد کرد و پێی وتبوون"سنگ شێر"!)

هەرلەو بارەیەوە، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی "مامۆستا هەژار موکریانی" لە لاپەڕەی ٣٧٤ چێشتی مجێوردا سەبارەت بەو کێشانە و بڵاوکراوەی دیسان بارزانی دەڵێت: (دەستەی ئەحمەد تۆفیق کە لە زەمانی قاسم دا هاتبونە دیوی عێراق، لە سنوری لای بانە گیرسابوونەوە کە لە ئێران دور نەکەونەوە. پارتی بۆ تێک نەدان دەگەڵ ئێران مەنعیان کردبون. چەند کەسێکیان لێ گرتبون کە تەحویلی ئێرانیان دەدەینەوە. بارزانی دورلە وڵاتی بادینان بو. هەرچۆنێک



هاواریان گەیاندبویە. ئەحمەد دەگەڵی تێکدابون. نەشرەیەکی بە پۆلی کۆپی بە ناوی "دیسان بارزانی" دەردەکرد. پارتی زۆر لەوە تورە بون. جارێک کورێکیان بەو نەشرەیەوە گرتبو، ناوی "عومەر نگڵی" لاوێکی سنەیی بو، زۆریان لێدابو، نازانم چۆن بەردرابو. بەو حاڵەش بە هەمو ترس و لەرزی ڕێگەوە، نەشرەیەکانی هێنا بەغدا. لە بەغدا زۆرم بە ئەحمەد گوت: "هەر شتێ کەمترین کێشە و دوبەرەکی بنێتەوە زۆر زەرەرە". دیارە ئەویش کاری خۆی بەباشی دەزانی و دەیگوت: "تۆش ئەگەر وەک من لەناو جەرگەی کارەکەدا بای، حەقت بەلاما دەدا...". جا کە گەیبونە بارزانی، دیسان پارتی و ئەحمەد یەکتریان دەدزا. پارتی لای وابو ئەحمەد بوختان و درۆیان بۆ هەڵدەبەستێ و بارزانییان لێ تیژ دەکا. نازانم تا کوێ ڕاستیان دەکرد، بەڵام وەک چەند شتێکم لێ گێڕانەوە، لە زۆر جێدا حەق بە ئەحمەد بو.

ئەحمەد تۆفیق دەستە پیاوێکی باڵاباریکی جوان چاک، سپیلکەڵە، موی لە ڕەشیان بریقەی دەهات. قەت لە کارکردن ماندو نەدەبو. زۆر پاک و خاوێن و موڕەتەب بو. کەس بە پێ دەگەڵی دەرنەدەبرد. ڕۆژ و شەو بێوچان بە شاخ و کێو هەڵگەڕابا نەفەسی تەنگ نەدەبو. نەیدەهێشت بەردەستانی ساتێک بێکار و تەنبەڵ ڕاببوێرن. لە غاردان دا پێم وابو کەروێشکی لەبەر دەرناچێ. جارێک

جاشێکی دیل هەڵاتبو. جاش وەک تازی ڕای دەکرد، ماوەیەکی زۆریش دور کەوتبو. ئەحمەد کەوتە سەری و گرتی. تفەنگچی چاک بو، نەیدەزانی ترس چیە. هەمو گیانی هونەر بو. عەیبی ئەوە بو، زۆر سەختگیر و خەتایەکی چکۆڵەی لە ژێردەست قبوڵ نەدەکرد، نەی دەبەخشی. بە چاوی بەدبینی دەیڕوانیە زۆر لە هەواڵەکانی ئێرانی، زۆر دەترسا کە ساواک ناردبنی کە لەسەر ئەو وردە عەیبانەی من لۆمەم دەکرد.)

جەلال تاڵەبانی بوونی ئەحمەد تۆفیقی بە یەکێک لە هۆیەکانی کێشەی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی دەزانێ و لە لاپەڕەی ٧٦٥ی کتێبی "بعداز ٦٠ سال" دا دەڵێت: (کوردێکی ئێرانی بوو بە ناوی عەبدوڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق کە بەرلە دوکتۆر قاسملوو ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە ئەستۆ بوو. بەڕاستی ئەو مرۆڤێکی ئاژاوەگێڕ، بەڕەڵا و حەسود و قسەگێڕەوە بوو. کاریگەرییەکی زۆرخراپی لەسەر مێشکی بارزانی هەبوو. لەژێر ناوی خۆشەویستیی بۆ بارزانی، هەموو هەواڵ و قسەیەکی خراپی بۆ دەگێڕاوە کە بە دژی ئێمە کەڵکی لێوەربگیرێت. دەیگوت ئەوانە دژی تۆن و ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندی حیزب بە دژی تۆن و نایەنە سەر ڕێگای ڕاست. تەنانەت لە گۆڤارێکدا کە بڵاوی دەکردەوە، نوسی ڕاپەڕین تەنیا بەبوونی بارزانی بەستراوەتەوە و ئەگەرنا کۆمیتەی ناوەندی پارتی هیچ بوونێکی نییە. بە ڕاستی کاریگەریی خراپی لەسەر پێوەندی ئێمە هەبوو.)

ئەحمەد تۆفیق هاوکات لەگەڵ ئەو کێشانەی کە لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد بۆیان دروست دەکرد، لە هاندانی خەڵک و دۆزینەوەی دۆست و پشتیوان بۆ شۆڕشی ئەیلول نەدەوەستا. ناوبراو بە دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکسانی کورد "کاژیک" لە سلێمانی توانی ڕای ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە بۆلای شۆڕش و بارزانی ڕابکێشێت و ئەوان بکێشێتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول. لەو بارەیەوە دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەکانی ١١٢ و ١١٣ی کتێبی ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق دا دەڵێت:

- (لە درێژەی هەوڵەکانی ئەحمەد تۆفیق بۆ پەیداکردنی دۆست و لایەنگر و پێشمەرگە بۆ شۆڕشی کوردستان و بەهێزکردنی بە خەڵکی خاوەن بڕوا و ڕێبازی کوردایەتی، ڕاکێشانی ئەندامانی ڕێبەرایەتی "کاژیک/کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکسانی کورد" لە شاری سلێمانی یەوە بۆ شاخ و ناساندنیان بە مەلا مستەفا بوو. دیارە پەیوەندی ئەحمەد تۆفیق بە ڕێبەرانی

ئەو ڕێکخراوە کوردستانییە وەک: حەمەی عەزیز و شێخ محەمەدی هەرسین بۆ ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە. ئەو پەیوەندییە ئەوەندە بەهێز بوو بە چەشنێک لێپرسراوە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق وایان دەزانی کە ئەحمەد تۆفیق دامەزرێنەری "کاژێک"ە

خەلیل الحیانی" کە بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی سلێمانی بووە، لە ڕاپۆرتێکی نهێنی دا کە سەبارەت بە کاژیک بۆ موتەسەریفی سلێمانی ناردوە، ناوی ئەحمەد تۆفیق وەک ڕۆشنبیرترین کەسایەتی کاژیک و دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە دەبات. ئەو لە ڕاپۆرتەکەیدا وا باس لە ئەحمەد تۆفیق دەکات کە مرۆڤێکی جیاخوازە و لە بنەڕەتدا پیاوی ئێرانە و دەیەوێت بە پاڵپشتی ئیستیعمار دەوڵەتێکی کوردی لە تێکڕای پارچەکانی کوردستانی عێراق، ئێران، تورکیا دابمەزرێنێت. هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە ئەحمەد تۆفیق لە ساڵەکانی ٥٩- ١٩٦٠دا، بە هاوکاری حەمەڕەشید خانی بانە و شێخ لەتیفی حەفید ڕێکخراوێکی نهێنیان بەناوی "شۆڕش"[٢] دامەزراندوە و...)



ئەو پێوەندییەی کە ئەحمەد تۆفیق لەنێوان ڕێبەرانی کاژیک و بارزانی پێکیهێنا، ئاکامەکەی بەوە گەیشت کە محەمەد عەزیز قادر "حەمە عەزیز" ببێت بە یەکێک لە هاوکارە نزیکەکانی ئیدریس بارزانی و لە زۆربەی مەئموریەتەکاندا هاوڕێ و هاوکاریی ئیدریس بارزانی بێت. ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە بە ڕوونی ئاماژەی بەو نزیکایەتییە و ڕووداوی تەقەکردن لە ئوتۆمبیلی کاک ئیدریس لە بەغدا لە ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٦ و بریندار بوونی حەمید بەرواری کرد.

بە هەرحاڵ ئەو هەڵوێستانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و پێوەندیی بەهێزیان بە شۆڕشی ئەیلول و بارزانییەوە، ژیانی ئەوانی لە سلێمانی لە مەترسی خست، بەچەشنێک کە نەیانتوانی لە ناوچەی سلێمانی

بمێننەوە و بە ناچاری ڕوویان لە ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی بارزانی كرد. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی دەڵێت:

- (پاش مانەوەی چەند رۆژ لە چەمی تەگەران، تێكڕا بەرەو لای بارزانی بەرێكەوتین. كاك محەمەد عەزیزمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ چاوپێكەوتنی بارزانی. لەڕێی قامیشەوە، بە دۆڵی سەفرە و زەروندا شۆڕبوینەوە، یەك دوو شەو لە گەناو بۆ پشوودان ماینەوە، هەر لەوێ ژمارە ٧ و ٨ ی دیسان بارزانیمان چاپ و بڵاوكردەوە، ئنجا چووینە پشدەر و لەگوندی نورەدین دوا ژمارەی ئەم بڵاوكراوەیەكان چاپكرد كە ژمارە ٩ بوو.)

---

١- ئەو پێوەندییە دوو ئامانجی سەرەكی لە پشت بوو، یەكەمیان: ئیبراهیم ئەحمەد دەیویست بە یارمەتی و دەرەتانێك كە ئێران بۆی دەڕەخسێنێ، دەسەڵاتی پارتی لە دەست بارزانی دەربێنێت و دووەمیان: شای ئێران دەیویست مەترسییەكانی ڕژێمی كەریم قاسم و یەكێتی سۆڤیەت كە لایەنگری كەریم قاسم بوو، تێكبشكێنێت و بگەڕێنێتەوە بۆ سیستمی پاشایەتی و ڕەوتی بزوتنەوەی كوردیش بخاتە دەست خۆی و بۆ ئامانجەكانی كەڵكیلێوەرگرێ و مەترسییەكانی لە ڕژێمەكەی دوور بكاتەوە. بەو دوو ئامانجە لە كۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا پێوەندیی لەنێوان مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكرات و ڕژێمی شا دامەزرا. مەكتەبی سیاسیی بنكەیەكی پێوەندیی لە گوندی "شابادین" لە ناوچەی بانە بۆ ئەو پێوەندییە كردەوە و بە وتەی عەبدوڵا ئاغای پشدەریی، عەبدولرەحمانە ڕوتەی ئامۆزای كەمال محیەدین كە كادیرێكی پارتی بوو، كرا بە بەرپرسی ئەو بنكەیە.

٢- حیزبی شۆڕش ساڵی ١٩٦٠ لە شاری سنە بە هاوكاریی ساواك و بە ڕێبەرایەتی شێخ نەسرەدین نەقشبەندیی دامەزرا. ئامانجی كۆكردنەوەی تێكۆشەرانی كورد و كەڵكلێوەرگرتنیان بوو بۆ ڕژێمی شاهەنشاهی و ئەحمەد تۆفیق هیچ پێوەندییەكی بەو حیزبە كارتۆنییەوە نەبووە. بە وتەی شێخ جەمیل مەردۆخی، عەلی قوتبی بێسارانی و عومەر سادق نگڵی پێشتر ئەندامی ئەو حیزبە بوون. بێسارانی گیرا و دوای لێدان و ئەشكەنجەیەكی زۆر نەیانتوانی چۆكی پێدابدەن و ئیرادەی تێكبشكێنن. ئەو مەردانە لە زیندان هاتەدەرو پەیوەندیی بە حیزبی دیموكراتەوە كردو یارمەتی شۆڕشی ئەیلولیدا. عومەر سادق نگڵی یەكێكی تر لە ئەندامە كارامەو دڵسۆزە راستینەكانی كورد، لەناو حیزبی شۆڕشدا بوو، بەڵام دواتر نەیتوانی لە ئێراندا بمێنێتەوەو ئاوارەی كوردستانی عێراق بوو و بە رێگەی مەردۆخییەوە بە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی ناسێنراوە.

# ڕۆڵی ئەحمەد تۆفیق لە ناساندنی شۆڕشی ئەیلول بە گەلانی جیهان

شۆڕشی ئەیلول لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری عێراقەوە ئابلۆقەی سیاسی و ڕاگەیاندنی بەسەردا سەپابوو و هەواڵەکانی کەمتر لە دەرەوەی سنورەکانی بارزان و بادینان دەبیستران. دیسان بارزانی وەک یەکەم بڵاوکراوەی ئەو سەردەمە کە ئەحمەد تۆفیق و هەڤالانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بڵاویان کردەوە، دەنگی کپی شۆڕشی لە ناوچەی بارزان و بادینانەوە هەڵبڕی و تا ڕادەیەک لە بەشە داگیرکراوکانی دیکەی کوردستان دا بڵاویکردەوە. بەو حاڵەش زۆر بەکەمی ڕووداوەکانی شۆڕش دەکەوتنە نێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی جیهان و بە دەگمەن باسیان لێ دەکرد. ڕژێمی عێراق بە ئابلۆقەدانی هەواڵەکانی شۆڕش، تاوانەکانی خۆی لەبەرچاوی ڕاگشتی جیهان و دیدی ڕۆژنامەنوسانی دنیای ئازاد حەشاردابوو. ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتیش بە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی شۆڕش، ناڕاستەوخۆ یارمەتیان بە ڕژێمی داگیرکەری عێراق دەدا بۆ لەناوچوونی بارزانی.

بارزانی بۆ ڕزگارکردنی شۆڕش لەو لەمپەرە، بڕیاریدا پێی ڕۆژنامەنوسانی جیهانی ئازاد بکێشێتە کوردستان، تا ئەوان تاوانەکانی ڕژێمی داگیرکەر و دۆخی نەتەوەی کورد لە نزیکەوە بە چاوی خۆیان ببینن. بارزانی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مەبەستەی، کەسی لە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دڵسۆزتر و شیاوتر نەبینی کە ئەو ئەرکەی پێبسپێرێت. بەو تێبینییەوە کە ئەحمەد تۆفیق جگەلە دڵسۆزبوونی بۆ کورد و کوردستان و بارزانی، کەسایەتییەکی شیرین زمان، دیپلۆماتکار و شارەزا بە زمانی فەرەنسی بوو و دەیتوانی ئەم ئاواتەی بارزانی بەجێ بگەیەنێت. ئەوەبوو کە بارزانی ئەو ئەرکەی بە ئەحمەد تۆفیق سپارد.

بارزانی لە سەرەتادا پێشنیازی "ویلیام ئیگڵتن جۆنز" نوسەری کتێبی "کۆماری ١٩٤٦ کوردستان"ی کرد کە بێتە کوردستان و لە نزیکەوە دۆخەکە ببینێ و لەگەڵ شۆڕشی ئەیلولیش ئاشنا بێت. هۆی هەڵبژاردنی ئیگڵتن لەلایەن بارزانییەوە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ناوبراو لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە مهاباد بووە و دواتریش بۆ ماوەیەک لە کەرکوک ژیابوو و لە

نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مێژووی کورد و جوغرافیای عێراق و باشوری کوردستان هەبوو. جگەلەوە، ئیگڵتن لەو سەردەمدا نیشتەجێی ئێران بوو و ئەحمەد تۆفیق دەیتوانی ئاسانتر لە جێی تر دەستی پێ بگات. لە یەکەم هەنگاودا، ئەحمەد تۆفیق بۆ هێنانی ئیگڵتن بۆ کوردستان، شێخ جەمیل مەردۆخی هەڵبژارد کە بە ڕێگای خزمەکانییەوە بە سنەدا بچێت و ناوبراو ببینێت. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی بۆی ئامادە کردوە، دەڵێت:

- (لە دەوروبەری مانگی حوزەیران- ژوئین- ١٩٦٢دا، لەلایەن بارزانیەوە داوامان لێکرا هەوڵی بینینی کەسایەتییەکی ئەمریکیی بەناوی "ویلیام ئیگڵتن" بدەین. بۆ ئەو مەبەستە منیان دیارییکرد، بەمەرجێک بچمە سنە و لەگەڵ شێخ موعتەسەم لەسەری ڕێکەوین، ئەگەر ئەویش بەباشی زانی ئەوکاتە من هەوڵی دیدارەکە بدەم، وەک ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی بۆمنیان باسکرد گوایە ئیگڵتن کەسێکی پسپۆڕە لە مێژووی کورد و دۆستی بارزانییە و پێشتر لە کەرکوک بووە و ئێستا لە ئەسفەهان دادەنیشێت. من داوام لە ئەحمەد تۆفیق کرد بەڵگەیەک یان نامەیەکی بارزانیم بداتێ تاکو بیدەمە ئیگڵتن، بەڵام ئەو وتی پێویست بە هیچ نامە و بەڵگەیەک ناکات، هەرئەوەندە سڵاوی بارزانی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ کە بارزانی داوایکردووە بێتە سنوور بۆ ئەوەی چاوی پێبکەوێت. لەسەر داوای برادەران ملی ڕێگام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گرتەبەر و لە هەورامانەوە چومە تەوریوەر و بەهۆی مەرحوم شێخ سەلامی ئامۆزامەوە شێخ موعتەسەم ئاگادارکردەوە و دوای دەستنیشانکردنی شوێن و کاتی دیارییکراو، چاومان بە یەکتر کەوت، شێخ ڕازی بوو بۆ دیدارەکە، بەڵام وتی ئەتوانم تەنیا هاوکاریت بکەم کە بچیتە تاران و لەوێوە بۆخۆت کەسێک بناسیت تاکو بتباتە ئەسفەهان، وتم لە ڕاستییدا من لە تاران کەس شک نابەم، ناشکرێت ئەو داوایەی بارزانی جێبەجێ نەکەم، ئەویش وتی بگەڕێوە بە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان بڵێ با یەکێک لەوان بێت دەیبەمە تاران و ئەوان کە ناسیاویان لە تاراندا هەیە دەتوانن بچنە ئەسفەهان. کە گەڕامەوە ئەحمەد و سلێمانم بینی و باسەکەم بۆ گێڕانەوە، زۆریان پێناخۆش بوو کە کارەکەم بێ ئەنجام بووە، بەتایبەت ئەحمەد لەسەر ڕۆیشتن بوو بۆ ناوچەی بادینان بۆلای بارزانی و نەشیدەتوانی بڕوات و داواکەی بارزانی جێبەجێ نەکردبێت. ئەوەبوو ئەحمەد تۆفیق خۆی ئەو

ئەرکەی گرتەئەستۆ، من لەگەڵی ڕۆیشتم لە ڕێگای تەوێڵەوە چووینە نوێن و لەوێوە ئەحمەد چووە سنە و بەهۆی شێخ موعتەسەم و شێخ عەبدوڵاوە کوڵەباڵێکی هەورامیان کردبووەبەرو بە ماشێن بردبوویانە تاران. ئەحمەد لەم سەفەرە ٢٥ ڕۆژی پێچوو، پاش گەڕانەوەی یەکسەر چووە لای بارزانی، لەوێشەوە بارزانی ڕەوانەی لوبنانی کردبوو، لە ڕێگای سوریاوە.)

لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆمدا لەگەڵ شێخ جەمیل لە ٢٠١٥/٦/٦ لە ماڵی خۆی لە سلێمانی، ناوبراو سەرەڕای ڕاستکردنەوەی ئەو نوسینەی سەرەوە، گوتی: (بۆ هینانی ئیگڵتن، ٣٠٠ تەمەنیان لە قادر تەگەرانی وەرگرت، بەڵام من بەچوون و گەڕانەوەم تەنیا ٢٠ تمەنم خەرج کرد. لەگەڵ ئەوەشدا جگەلە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی هیچ کەسێکی تر ئاگاداری ئەو مەئموریەتەی من نەبوو.) هەرلەو بارەیەوە ئەمیر قازی کە ئەوکاتە لە کۆمیتەی حیزبی دیموکرات دا بووە لە تاران، لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٢٣ لە هەولێر پێیگوتم: (ئێمە وەک کۆمیتەی تاران ئاگاداری ئەو مەئموریەتەی ئەحمەد تۆفیق نەبووین. ئەو بەهۆی شێخ جەمیل مەردۆخییەوە ڕاستەخۆ خەریکی ئەوکارە بوو. تەنانەت ئاگاداری ئەوەش نیم کە ئیگڵتن بۆچی نەهات بۆ کوردستان، بەڵام بیستم کە ناوبرا ئادامز شمیدتی ناساندبوو کە لە لوبنانەوە بیباتە کوردستان. دواتر بە دوای چوونی ئادام بۆ باشوری کوردستان، بە ڕاسپاردەی ئەحمەد تۆفیق دوو گروپ ڕۆژنامەنوس هاتن بۆ تاران، وەک بزانم تەلەیفونی مستەفا ئیسحاقی، سلێمان شافعی، یان حەسەن بابا تاهیرییان پێبوو. گوتیان ئێمە هاتووین بچین بۆ عێراق، لەبەر دانیشگای تاران قەرارمان لەگەڵیان دانا، من چووم ئەوانم بینی. بەشێوەی نەناسراو بە فڕۆکە بردمن بۆ تەورێز. لەوێ لەگەڵ ڕەسوڵی فەتاحی و سەید ئەبوبەکری هیدایەتی حاجی کەندی وەرمانگرتن و لەگەڵ ئەحمەد قازی و ڕەسوڵ فەتاحی ئەوانمان ڕەوانە کرد. وەک لەبیرم بێ، ٢٠ ڕۆژ لە کوردستان مانەوە.

جاری دووەم گروپێکی سێ کەسیمان لە تاران وەرگرت و برادەرانی ئێمە بە قەتار ناردبوویانن بۆ مەراغە. ئەو جارە من خۆم چووم لە قەتاری مەراغە وەرمگرتن و ڕەوانەی باشورم کردن و جاری سێیەم دیسانیش گروپێکی سێ کەسیمان لەگەڵ سەلاح موهتەدی لە قەتاری مەراغە وەرگرت و ڕەوانەمان کردن. ڕێکخەری هەمووی ئەوانە ئەحمەد تۆفیق بوو.)

هەروەکوو شێخ جەمیل مەردوخی ئاماژەی بۆ دەکات، ئەحمەد تۆفیق بە سنەدا چووە بۆ تاران و لەوێوە پێوەندیی بە ویلیام ئیگڵتنەوە گرتووە، بەڵام ئەو بەهۆی ناسەقامگیریی تەندروستیی داوای لێبوردنی لێکردوە و لە جیاتی خۆی، پێشنیازی نوسەر و ڕۆژنامەنوسێکی تری ئەمریکی پێکردوە کە لە لوبنان نیشتەجێ بووە بەناوی دانا ئادەمز شمیدت. ئەحمەد تۆفیق دوای ناکام بوونی لە بردنی ئیگڵتن بۆ کوردستان، ئادرێس و تەلەفۆنی شمیدتی وەرگرتوە و گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و دوای پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی سەفەرەکەی بە بارزانی، ئەم جارەیان بۆ چوونی بۆ لوبنان، بە نهێنی چووە بۆ سوریا. لەوێ بە هاوکاریی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا کە هاوپەیمانی پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، چووە بۆ لوبنان. سەرەتا پێوەندیی بە عیسمەت شەریف وانلی یەکێک لە کوردە خەباتکارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە سویس کردوە تا بەڵکوو هاوکات لەگەڵ ڕازیکردنی شمیدت بۆ هاتن بۆ کوردستان، بەهۆی ناوبراوەوە بتوانێ ناوندێکی کوردیی بۆ بزوتنەوەی کورد لە ئەوروپا دامەزرێنێت. لەو بارەیەوە شەریف وانلی دەڵێت:



(ئەحمەد تۆفیق لە کۆتایی بەهاری ١٩٦٢، لە بێروتەوە تەلەیفۆنی لێکردم. من لە لۆزان بووم و پێی گوتم مەلا مستەفا بارزانی ڕایگەیاندوە کە ئەگەر دەکرێ سەفەرێکی بەیروت بکەم. منیش وەڵامی ئاریم داوە و قەرار و مەدارمان دانا. لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی- ژوئین- یولی ١٩٦٢ لە ڕێگەی ئیتالیاوە بە کەشتی چوومە وێندەرێ... ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ تاقمێک لە کوردەکانی بەیروت چاوەڕوانم بوون. ئەوە یەکەم دیداری من لەگەڵ شەهید عەبدوڵا ئیسحاقی بوو. ئەوکات تەنانەت ناوی ڕاستەقینەشم نەدەزانی. لە ئاپارتمانێکی گچکەدا کە ئیجارەی کردبوو، بوومە میوانی و بووینە دۆست و هاوڕێ... شەهید عەبدوڵا ئیسحاقی یەکێک لەو گەنج و لاوانە بوو کە ڕێزێکی تایبەتی بۆ کەسایەتی مستەفا بارزانی دادەنا و پاش جوڵانەوەی ١٩٤٥ی کوردستانی عێراق – مەبەست شۆڕشی دووەمی بارزانە- و یارمەتی کۆماری

مهاباد ١٩٤٥- ١٩٤٦- ساڵی ١٩٤٦ دروستە- و پاشەکشە و چوونی بۆ سۆڤیەت، بارزانی بە ئۆستورەی بەرخۆدانی کوردی دەزانی. دەیگوت بەرخۆدانی کوردستان لە مانگی ئەیلولی ١٩٦١ دەستی پێکردوە و پرازۆی ناوچەکانی تری کوردستانیش دەبێ. هەربەم بۆچوونەوە بەهەموو هێز و توانای دەخزمەت جوڵانەوە و سەرکردایەتییەکەی بارزانی دا بوو. مرۆیەکی نەبەز و لایەنگری دۆستان و هەڤاڵانی بوو. نەیدەزانی ترس و ماندوویی چن، جگەلە جاسوس و دوژمن، کەسی تری ناخۆش نەدەویست، گوتی، بارزانی دەخوازێ لە دەرەوە بە سوود و قازانجی ئێمە و جوڵانەوە کار و خەبات بکەی. ئەوکات ئەمن سەرۆکی یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووم... من هەرلە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢وە بەسوود و قازانجی جوڵانەوە خەریکی کاروخەبات بووم. کۆمیتەیەکم بەنێوی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی میللەتی کورد چێ کردبوو کە ئێستاش خەبات و تێکۆشانی هەروا بەردەوامە و بە پێشنیازی ئەحمەد تۆفیق سازکرا، بارزانی بڕوای بە زەرووڕەتی شیکردنەوەی دۆزی کورد بۆ ئەمریکا و بەتایبەتی دەنگدانەوەی لە چاپەمەنیدا بوو بۆ ڕای گشتی ئەمریکا. هەربەم هۆیەش ئەحمەد تۆفیقی ناردبووە بەیروت هەتا ڕۆژنامەنوسانی هەندەران بەرەو ڕاپەڕین و بەرخۆدان ڕاکێشێ. کاک ئەحمەد لە قسەکردن و ئاخەفتن بە زمانی فەرەنسی، بەرەی خۆی لە ئاو دەردەکێشا و لەم بارەیەوە پێویستی بەمن نەبوو. هەر ئەم دیقەت و سەرنج و بیروڕایەشی بوون بەهۆی ئەوەی کە پێوەندیی لەگەڵ هەواڵنێرانی ئەمریکی و ئەوروپی چێ بکا و بۆلای خۆیان ڕاکێشێ. ئەحمەد تۆفیق بەنێوی موراد لە هۆتێل سان جۆرج لە قەراخ دەریا پێوەندی لەگەڵ دەگرتن. پێش کۆتایی هاتنی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٢ گەڕامەوە ئەوروپا. ئەحمەد تۆفیقیش چەند ڕۆژ پاشان، لە سەرەتای مانگی تەموز گەڕاوە کوردستان و لای بارزانی[(١)].) (پاشبەندی ١٨)

ئەحمەد تۆفیق لەو دیدارەیدا بە هاوکاریی عیسمەت شەریف وانلی و کوردەکانی هاورێی بە نوێنەرایەتی بارزانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لەودا ئاماژەی بۆ هەموو ئەو ڕووداوانە کرد کە لەو ماوەیەدا لە باشوری کوردستان و عێراق ڕوویاندابوو. هەروەها لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی بە هاوبەشی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا و لەودا دۆخ و کێشەی کوردیان بۆ ڕای گشتی جیهان شیکردەوە. دووەم ئەرکی ئەحمەد تۆفیق لەو سەفەرەیدا زانیاریی گەیاندن بوو بە ڕۆژنامەنوسانی ئەمریکی و ئەوروپی،

لەگەڵ ڕاکێشانی ڕای ئەوان بۆ هاتن بۆ کوردستان و بینینی دۆخی کورد و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق لە کوردستاندا. لەو بارەیەوە عیسمەر شەریف وانلی لە نامەیەکیدا بۆ بارزانی سەبارەت بەو چالاکییەی ئەحمەد تۆفیق، دەڵێت:

- (... ئێمە دوای ئەوە هەردووکمان گەیشتینە بەیروت لە ڕۆژی ١٩٦٢/٦/١٤-١٣٤١/٣/٢٤ گفتووگۆ و کاری گرنگمان ئەنجامدا. لە ڕاستیدا کاک ئەحمەد تۆفیق لە هاوکاریکردنی لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی سوریە و پارتی ئازادیی میللەتی کورد لە سوریا و لوبنان چالاکیی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە. کاک ئەحمەد تۆفیق لە سوریا چەند کاری ئازایانەی کردن لەوانە بانگەوازێکی ئەو بەرێزە بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەروەها چاپکردنی بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکان وەکو "دیسان بارزانی" و چاپکردنی سەرلەنوێی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی "خەبات" و بڵاوکردنەوەیان لەنێو هەواڵنامەکان و هەروەها پەیوەندیگرتنی ژیرانە و بە سوودی شۆڕش لەگەڵ ڕۆژنامەنوسانی جیهان. بۆ بانگەوازەکەی ئەو بەرێزە بۆ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کە بە زمانی عەرەبی چاپی کردبوو لە ڕاستیدا زۆر پاراو و سەرنجڕاکێش بوو کە هەڵبەتە خودی کاک ئەحمەد تۆفیق لەنێو بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکاندا بڵاویکردنەوە و یەک کۆپیشی لەوانە بۆ ئێمە ناردۆتە ئەوروپا، ئێمەش پێکەوە لەوێ لەگەڵ کاک فریاد ڕەواندوزی وەرمانگێڕاوە سەر زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و بڵاومان کردەوە. پێویستە عەرزتان کەم کە ئەم بانگەوازە کاریگەرییەکی زۆر چاکی هەبوو و شوێنێکی ڕێکوپێکی لە بۆچوونی جیهانی لە دەرەوە هەبوو. کاریگەرییە موسبەتەکانی ئەم بانگەوازە تا ئەو شوێنە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە وێستگەکانی ڕادیۆیی جیهان بڵاویان کردەوە و لە زۆربەی شوێنە جیاوازەکانی دنیا لێی ئاگادار بوون[٢].)

جگەلەوانە، ئەحمەد تۆفیق هەروەک پێشتر لە بەرنامەیدا بوو، توانی پێوەندیی بە "دانا ئادەمز شمیدت" ڕۆژنامەنوسی ڕۆژنامەی ئەمریکی "نیوۆرک تایمز"وە بگرێ و ناوبراو ڕازی بکات لەگەڵی بێت بۆ شاخەکانی باشوری کوردستان. شمیدت لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و هاوڕێیانی هات بۆ کوردستان و لە سەفەرێکی ٥٩ ڕۆژەیدا، لە نزیکەوە چاوی بە سەرۆک بارزانی و دۆخی نالەباری کوردستان و تاوانەکانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لە کوردستان دا کەوت و لە گەڕانەوەیدا، چەندان وتاری لە بارەی کورد و شۆڕشەکەیدا نووسی. لە یەکێک لە وتارەکانیدا باسی لە بۆمبارانی گوندی "مندیر" لە ناوچەی

خۆشناوەتی کرد و لە فرۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق و بۆمباران کردنی گوند و ماڵە قورینەکانی کوردان دوا. باسی لە بۆمبارانی ماڵێک کرد کە لەنێو گڕی ئاگردا دەسوتا و خاوەنەکەی منداڵێکیان لەنێو بێشەکە و ئاگڕ و دوکەڵدا بەجێهێشتبوو کە ئەحمەد تۆفیق و عومەر سادق نگڵی چووبوونە نێو ماڵەکە و پەلاماری لانکی منداڵەکەیاندا بوو کە بیهێننەدەرێ. ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز ئەم وێنەیەی کە دیمەنێکی زۆر بەرچاوی هەبوو، بڵاوکردوە.

دانا ئادەمز شمیدت یەکەم ڕۆژنامەنوسی بیانی بوو کە تا ئەوکاتە سەردانی کوردستانی کردبوو. ناوبراو کتێبێکی سەبارەت بە گەشتەکەی و ڕووداوەکانی کوردستان نوسی. جۆرج فەتحولا کتێبەکەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی عەرەبی و ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل لە عەرەبییەوە کردی بە کوردی. جگەلەوە، دوکتۆر محەمەد مەجدییش کتێبەکەی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕایەوە سەر زمانی فارسی و مامۆستا هەژار موکریانی کتێبە فارسییەکەی دوکتۆر مەجدی لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی جۆرج فەتحولا بەراورد کردوە و خۆشی ئەم چەند دێڕەی خوارەوە سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق بە وەرگێڕانەکەی مەجدی زیاد کرد و نوسی:

- (ماوەیەکی زۆر لە دڵمدابوو کە هەلێک بخولقێت دەربارەی دۆستی ناکامم عەبدولا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" کە چەند ساڵێک پێکەوە ژیابووین و لە زۆربەی شادییەکان و ناکامییەکان شەریکی یەکتر بووین شتێکی لەسەر بنوسم.

بە هەڵکەوت، وەرگێڕانی عەرەبیی کتێبی "دانا ئادمز شمیدت" هەواڵنێری ناسراو و ناوداری ئەمریکیم بەناوی "گەشتێک بۆلای پیاوانی ئازا" بەدەستم گەیشت کە ئەو لەگەڵ وەرگێڕانی فارسیی ڕێزدار دوکتۆر محەمەد مەجدی بەراورد بکەم. کتێبەکەم تا دوالاپەڕ خوێندەوە و لە ڕاستیدا چێژم لێوەرگرت. شتێک کە لە کتێبەکەدا زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، بایەخدانانی نوسەر بە کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق بوو. لە ئازایەتی بێهەوتای، لە توندوتۆڵی و شادبوونی، لە وەفادارییی ئەو سەبارەت بە کورد و کوردستان، لە سەداقەتی سەبارەت بە بارزانی، لە پایەدارییی مەرام و سەرچاوەی ئازادییخوازیی، بەشێوەیەک ستایشی دەکات کە گێڕانەوەی لە قەڵەمی من و کەسێکی تر نایەت. هەر کەسێک دەیەوێ لە ئەحمەد تۆفیق "عەبدولا ئیسحاقی شتێکی ڕاستین بزانێت، داوا دەکەم کتێبی دانا ئادم شمیت بخوێنێتەوە.

هەژار ١٣٦٢/١٠/١٠ کەرەج) (پاشبەندی ١٩)

بەهەر حاڵ شمیدت لە چەند لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەیدا دەڵێت: (دەمەو ئێوارەی ڕۆژێکی فێنک و خۆش لە ڕۆژەکانی مانگی ئەیاری ١٩٦٢، لەگەڵ تانیای خێزام خەریکبوو لە ماڵەکەی خۆمان لە بەیروت "لوبنان" بۆ خواردنی نانی ئێوارە بچینە دەرەوە. لەپڕ تەلەیفون زەنگی لێدا و لەوبەری هێڵەکەوە پیاوێک بە پێداگرییەوە دەیگوت نامەیەکم لە ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی سەرکردەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردی عێراق پێیە، هەروەها دەیگوت دەمەوێ بتبینم. کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدا بابەتی پرسێکی تەمووژاوی، خەملاندنی خەیال و هەستپێکردن بوون. کورد دانیشتووی چیا سەختەکانی باکووری عێراق، ڕۆژهەلاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێرانن. ئێستا پتر لە شەش مانگ تێپەڕیوە کە ژەنەڕاڵ بارزانی سەرکردایەتی شۆڕشێکی کوردی لە دژی حکومەتی عێراق دەکات. من خۆشم وەک هەر پەیامنێرێکی تر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەسەر شۆڕشی کورد نووسیبووم، بەلام گەیشتن بە ڕاستییەکان کارێکی سەخت بوو. هیچ پەیامنێرێک هێزەکانی کوردی نەدیبوو. هیچکامیان لەو جەنگەدا سەردانی کوردیان نەکردبوو. کەس ژەنەڕاڵ بارزانی نەدیتبوو. هەستێکی کتوپڕ و سەرسوڕهێنەرم بەسەر هات. لە گوماندا بووم، بەیروت پڕە لە ساختەچی و بەکرێگیراو، لە بەکرێگیراوی هاندەر. لێمپرسی: تو کێی؟

وەلامی دایەوە: من لە بارەگای مستەفا بارزانییەوە هاتووم. لە وەلامی ڕاستەوخۆی پرسیارەکەم خۆی دەبوارد. ئەو بە فەرەنسییەکی قورسەوە قسەی دەکرد، بەلام بە ڕوون و ڕەوانییەوە قسەی دەکرد، ئەوەش گومانی منی زیاتر کرد. زمانی فەرەنسی بەسەر زمانی خەڵکی لوبنان و سورییەوە زمانێکی بەربلاوە، ڕۆژگارێک فەرەنسییەکان حوکمی ئەوانیان کردوە، بەلام ئینگلیزی، پیاو چاوەڕێی ئەوە دەکا لە کوردەکانی عێرقەوە گوێی لە بێت چونکە نفوزی بەریتانیا ماوەیەکی درێژ بەسەر ئەواندا زاڵ بوو. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا وادەیەکم لە جێگایەکی بەرچاو، لە چێشتخانەی هوتێلی سان جورج دیاری کرد. من دەمویست لە گۆشەیەکی تاریکیدا لە ناخافڵ ڕووبەرووی داوێک ببمەوە، دەمویست بزانم ئەگەر ڕاست دەکا باخۆی ئاشکرا بکا. نوێنەری بارزانی یەکەم جار دوو دڵ بوو، بەلام پاشان ڕازی بوو. ئەوە سەرەتای ئۆدیسەی من بوو[٣] کە پاشماوەی هەرە زۆری ئەو هاوینەمی گرتە خۆی. زیاتر لە دە جار چاوم بەو پیاوە و دوو یان سێ و هێندێک جاریش چوار لە هەڤاڵەکانی کەوت، بەلام نەک لە یانەی هۆتێلەکان. من بە زوویی قەناعەتم

بە ڕاستگۆیی و پێویستی خۆحەشاردانی ئەوان هات. یەکەم جار بە بەرچاوی خەڵکێکی جۆراوجۆرەوە لە یانەی "سان جۆرج" چاوم بە ئەحمەد تۆفیق و هەڤالانی کەوت، لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر بە حەسرەتەوە بوون بۆ پێوەندیی کردن. پاش ئەوە ئیدی پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە کۆبوونەوەکانمان بەنهێنی بن. ئەوان لە بەکرێگیراوانی سەرۆک وەزیران "قاسم" دەترسان کە هەرگیز لە کاروکردەوەی ڕفاندن و کوشتن، بە ئامانجی یەکخستنی ئەو ئەرکەی کە مستەفا بارزانی ڕای لەسەر بوو، سڵی نەدەکرد. لەبەر ئەوە من گرنگم نەدی کە بە بەڵگەی تەواو، ناسنامەی تەواوی هاوڕێ کوردەکانم بزانم. سەرۆکەکەیان ڕێگەی پێدام کە ناوی "موراد" بەکار بێنم. لەسەر زەرفێک کە پارچە ڕۆژنامەی تێدابوو، لەسەرم نووسی و لە فەرمانگەی هۆتێلەکە بەجێم هێشت. ناوی ئەوانەی ترم نەزانی و هەروەها پرسیاری ناسنامەی ئەوانم نەکرد کە لە کوێ و چۆن هاتوون. من دەمویست متمانەی ئەوان بەدەست بێنم و ئەوانیش هەمان شتیان دەویست.)

دانا ئادمز شمیدت لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت (.... لە نامەکەی بارزانیدا هاتبوو کە ئارەزوو دەکات دەعوەتی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا بکات کە سەردانی خۆی و هێزەکانی لە چیاکانی کوردستانی عێراقدا بکەن. هەروەها پەیمانیدابوو کە چەند فەرماندە، پاسەوان و وەرگێڕ و هەروەها کەرەستەی گواستنەوە دابین دەکات. هەموو شتێک ڕوون بوو. بارزانی بایەخی بەوە دەدا کە دۆزی خۆی بخاتە بەرچاوی جیهانی ڕۆژئاوا. ئەو دوا ئومێدی ئەوەی هەبوو کە لەو جەنگەدا کە لە پێناوی مافی بڕیاردانی چارەنوسی سیاسی بۆ کورد هەوڵی بۆ دەدات، بەدەست بهێنێت..... لەوکاتەدا، کە خۆم ئامادە دەکرد، ڕاوێژم بە ژمارەیەک فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، سەبارەت بە گەشتەکەم بۆ کوردستان کرد، ئامۆژگاری ڕەسمی ئەوان ئەوە بوو: مەچۆ! چونکە ئەگەر کەوتییە تەنگانەوە، حکومەتی ئەمریکا ئیحراج دەکەی. ئەگەر بێ کێشەش گەیشتییە ئەوێ ئەوا حکومەتی ئەمریکا ئیحراج دەکەی. ئەگەر کەوتییە بەردەستی عێراقییەکانیش ناتوانین شتێکت بۆ بکەین. هەرچۆنێک بێ ئەم چیرۆکە ئەم هەمووە خۆماندوو کردنەی ناوێت.... جگەلە هاوڕێ کوردەکانم و تانیا دوو کەسی ترم لە نەخشەکەم ئاگادار کرد. ئیحسان حیجازی یارمەتیدەرەکەم کە دوای ڕۆیشتنی من لە بەیروت، شوێنی کارکردنی منی لە بەیروت دەگرتەوە و ئەوی تریان دۆستێکی ئەمریکیم بوو کە دەمویست بە

جێیەکەم بزانێت، تا بەلایەنی کەمەوە ئەگەر هاتوو کەوتمە ناو تەنگژەیەکەوە بە وردی زانیاریی هەبێت.)

شمیدت لە یەکەم دێڕی کتێبەکەیدا سوپاسێکی تایبەتی ئەحمەد تۆفیق ڕێکخەر و دروستکەری گەشتەکەی بۆ کوردستان دەکات و پاشان لە چەند شوێنی تری کتێبەکەیدا بە وێنە لەسەر کەسایەتی بەرزی ئەحمەد تۆفیق دەدوێت و دەڵێت: (ئەحمەد تۆفیق گەنجێک بوو بە سیفەتی جوان. جوانمێر، خۆڕاگر، دڵچاک و لە سەرووی ئەوانەشەوە زیرەک ... پیاو ڕاست بڵێ، ئەم مرۆڤەم لە دڵەوە خۆشویست و پێی سەرسام بووم و هومێدی هەموو چاکەیەکی بۆ دەکەم. ئەو دڵسۆز، کارامە، هەڵسوڕ و بە وزە بوو.... ئەحمەد کە نەیدەزانی ماندووبوون چییە، وەک پیشەیەتی کەوتە پێشکەشکردنی وتارێکی سیاسیی بۆ ئەو پیاوانەی لە قەراخ ڕوبارەکە کۆببوونەوە، باسی لە کارە مەزنەکانی ژەنەڕال بارزانی کرد و ئایندەی شاراوەی کوردی خستە بەرچاویان کە پشتگیری لێبکەن.... ئەو دەیویست لە دڵی گوێگرەکانیدا خۆشەویستییەکی توند بۆ نیشتمانی کورد بچەسپێنێت. هەر ئەوەش خەون و ئایینی بوو... لە ڕەقێنەی قاچی چەپەی لوویەک دەرکەوتبوو و نەیدەزانی ئەو لوویە چییە و هەروەها هەستی بە ئازاری ڕۆماتیزم دەکرد.)

شمیدت هەروەها سەبارەت بە بیرکردنەوەی ئەحمەد تۆفیق دەڵێت: (ناوبراو بڕوایەکی پتەوی بە خەباتی نەتەوایەتیی کورد هەبوو. دەیگوت خەباتی کورد تا سەرکەوتن ناوەستێت و ئەو ڕۆژەشی بەلاوە دوور نەبوو کە نەتەوەی کورد بتوانێت دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێت و... کاتێک تاریکی شەو ڕەوییەوە و گزنگی خۆر لە ڕۆژهەڵاتی ئاسمان دەرکەوت، ئەحمەد تۆفیق سەرنجی منی بۆ دار بەڕوویەکی مەزن ڕاکێشا کە چوار لقی گەورەی هەبوو، لەو چوارە، سێ لقیان وشک بوون و تەنیا لقێکی ژیانی تێدا بوو، من تێبینی ئەوەم نەکرد و پرسیارم لێکرد ئەویش بۆی ڕوونکردمەوە و گوتی: "ئەو لقە زیندووەی دەیبینی، ئەو پارچەیەی کوردستانە لە عێراق کە بە شۆڕشەکەی بوژاوەتەوە، سێ لقەکەی دیکەی هێشتا مردون. ئەو مەبەستی لەو سێ پارچەی کوردییەی سوریا، تورکیا و ئێران بوو.) هەروەها شمیدت دەڵێ:

- (ئەحمەد منداڵی خۆشدەویست و هەر زوو قسەی لەگەڵیان دادەمەزراند و بە زمانێکی ساکار پرسیای لێیان دەکرد:

- تۆ کوڕە کوردی؟

- کوڕەکەش بە پێکەنینەوە تێیدەڕوانی و وەڵامی دەدایەوە:
- بەڵێ من کوردم.
- سەرۆکی کورد کێیە؟ لە وەڵامیدا کوڕەکە دەیگوت:
- مستەفا بارزانی.

ئەحمەد منداڵەکەی لە باوەش دەگرت و ماچی دەکرد، ئەویش لە بەرامبەردا دەستی ئەحمەدی ماچ دەکرد.)

گەشتەکەی دانا ئادامز شمیدت لە ١٩٦٢/٧/٤وە دەستی پێکرد و لە ١٩٦٢/٩/١ کۆتایی پێکهات و هەروەکوو گوتم بەگشتی ٥٩ ڕۆژی خایاند. وەک خۆی دەڵێت: (لە بەیروتەوە تا سنورەکانی عێراق و ئینجا لە سنورەکانی عێراقەوە تا دەگاتەوە بەیروت ١٣ ڕۆژم پێچوو. هەروەها ٣٦ ڕۆژ بەسەر پشتی ئێستر و ئەسپەوە بە هەموو کوردستاندا گەڕام و ١٠ ڕۆژ لە بارەگای بارزانی بووم.)

عەبدولواحد ئیبراهیم شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە وتووێژێکی تایبەتدا سەبارەت بەهاتنی دانا ئادامز شمیدت بۆ باشوری کوردستان ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٤ پێیگوتم: (خەبەر هات کە ئەحمەد تۆفیق و شمیدت هاتن و بەبەر گوندی بارزاندا چوون بۆلای مەلا مستەفا. ئەوکاتە شێخ ئەحمەد و بەگشتی بنەماڵەی بارزانی وەک شێخ سلێمان، شێخ بابۆ و ئێمە لە گوندی بارزان بووین. بارزان بە ڕواڵەت لەدەست مودیر ناحیەدا بوو، معاوین شۆرتە و بنکەی تەندروستی و دایرەی زەراعە لە بارزان دانرابوون، بەڵام دەستیان لە کاروباری گوندەکە وەرنەدەدا. دوای دەربازبوونی ئەحمەد تۆفیق و شمیدت لە ناوچەکە، فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق هاتن و جگەلە گوندی بارزان، گوندەکانی بەنبا و هوستان و هەموو ناوچەی بەڕۆژیان بۆمباران کرد.)

جگەلەو کەسایەتییانەی سەرەوە، مەسعود بارزانی سەبارەت بەو سەفەرەی دانا ئادەمز شمیدت لە لاپەڕەی ١٩٠ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد" بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥دا دەڵێت: (... پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١ سەرکردایەتی ئەم حیزبە و جەنگاوەرەکانی بەکردەوە بەشدارییان لە شۆڕشدا کرد. با لێرەدا تۆزێ ڕاوەستم و لە هەڵوێستەکانی سکرتیری حیزب ئەحمەد تۆفیق و قارەمانەتی و سڵ نەکردنەوە و دڵسۆزیی کەم وێنەی بدوێم. هەڵوێستێکی قارەمانانەی نائاسایی ئەوم لە یادە کە ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی چیای پیرس پێشانیدا، چەند سەرکردەی قارەمانی بەناوبانگی وەک شەهید عوزێر

دۆڵەمەری و حاچک چەمی شایەتیان بۆ دەدا و هەمیشە باسی هەڵوێستی قارەمانانە و لەخۆبوردوویی و دڵسۆزیی ئەویان دەگێڕایەوە. جا چ شایەتییەک لەسەر هەڵوێستی قارەمانانە لە شایەتی کەسانێ بەهێزترە کە خۆیان بەچەندین قارەمانەتی ناوبانگیان دەرکردبێ؟

ئەحمەد تۆفیق لە هەمانکاتیشدا کادیرێکی سیاسیی زیرەک بوو، لە سەرتاسەری شۆڕشدا جوانترین و پڕ مەترسیترین کاری جێبەجێ کرد کە ئەوە بوو چوو بۆ بەیروت و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمەریکی دانا ئادامز شمیدتی لە ساڵی ١٩٦٢دا لە ڕێگەی سووریاوە و بە یارمەتیی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا هێنا بۆ خاکی کوردستانی ئازاد. کارەکەی کارێکی سەرسامکەر بوو، بوو بە مایەی کردنەوەی دەرگەی شۆڕش بۆ جیهانی دەرەوە کە هیچی لە بارەی شۆڕشەوە نەدەزانی، ئەوەش بەهۆی زنجیرەیەک وتار کە لە بارەی شۆڕشەوە لە دوو ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و کریستیان ساینس مۆنیتردا بڵاوی کردنەوە و پاشانیش بەهۆی کتێبی بەناوبانگی "گەشتێک بۆلای پیاوە قارەمانەکان"ەوە کە باسی ئەو شتانەی تێدا دەکات لە ناوچەکانی شۆڕشدا بینیونی. ئەم نووسەرە وەسفێکی وردی ئەحمەد تۆفیقی قارەمان لە کتێبەکەیدا دەکات قەڵەمەکەی من پێیدا ناگاتەوە.)

بەهەر حاڵ هەروەکوو ئەمیر قازی ئاماژەی بۆ کرد، ئەحمەد تۆفیق جگەلە بردنی دانا ئادامز شمیدت بۆ باشوری کوردستان، توانی ڕێکخەری دوو گەشتی تری ڕۆژنامەنوسانی بیانی بێت بۆ کوردستان.

یەکەمیان ڕیچارد ئەندریک Richard Anderegg ڕۆژنامەنوسی سویسی بوو و ئەوەی تریان هانس فیرا Ferra Hans هەواڵنێری تەلەفزتۆنی ئەڵمانی ڕۆژئاوا کە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پەڕینەوە بۆ باشوری کوردستان.

---

١- گۆڤاری مەهاباد، گۆڤاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٥٣، لاپەڕەی ٦- ٧، گەلاوێژ ١٣٨٤.

٢- لە بەیاننامەی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکرات وەرگیراوە

٣- ئۆدیسە داستانی بەناوبانگی شیعری هۆمیرۆس کە لەوێدا ئەدیسیوس گەشتی گەڕانەوەی خۆی لە جەنگەکانی تەروادەوە بۆ وڵاتی خۆی دەگێڕێتەوە و باسی ئەو مەترسی و سەختیانە دەکا کە توشی هاتووە.

## بەرەو پاککردنەوەی ناوچەی سۆران لە هێزەکانی دوژمن

لە بەشی "حیزبی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول"دا گوتم مەلا مستەفا بە مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕاگەیاند کە بێن تا پێکەوە پلانی ئازاد کردنی ناوچەی سۆران داڕێژن کە جگەلە عەلی عەسکەریی کە هەرلە ناوچەی بادینانەوە لەگەڵ مەلا مستەفا بوو، ئەوانی تر نەهاتن و بڕیارەکەیان پاشگوێ خست. لەم بارەیەوە زەکی کامل ئاکرەیی باوەڕپێکراوی مەلا مستەفا کە لەو پێشڕەوییەدا لەگەڵ مەلا مستەفا بوو، لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٠ پێی گوتم:



- (بارزانی پێش ئەوەی بگاتە بێخمە نەخشەی شەڕەکانی دەڤەری سۆرانی داڕشتبوو، سێ بەشی لەشکرەکەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی بادینان بەجێهێشت کە لەگەڵ پاراستنی ناوچەکە، بەرەو بە سەرکەوتنەکان بدەن. بۆخۆشی بە گرۆپێکی بچووکەوە هاتە بێخمە، بەو نیازە برادەرانی مەکتەبی سیاسیی لە نەخشەی داهاتووی ئاگادار کردبوو. بڕیار بوو ئەوان هێزەکانی خۆیان لە دەڤەری سۆران تەیار بکەن و لە بنکە دیارکراوەکاندا کۆیان بکەنەوە و خۆشیان لە کاتی دیاریکراودا بگەنە بێخمە و لەوێ بگەنە بارزانی کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەهاتن و هیچ کارێکیان لەسەر تەگبیر و نەخشەی بارزانی نەکرد. بارزانی لە نەخشەکەیدا بەتەما بوو جارێ تخوونی "گەلی عەلی بەگ" تا حاجی ئۆمەران نەکەوێ، بەڵکوو لە پشتەوەی ئەم هێزانە، لە بێخمەوە، چیای سەفین و هەیبە سوڵتان بگرێت و بەم جۆرە زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، شێخان، ئاکرێ، دینارتە و گەلی بێخمە دەکەوتنە دەست پێشمەرگە و دواتریش بەم نەخشەیە هەموو حەوزی ڕەواندز "باڵەکایەتی و سیدەکان" لە دەست پێشمەرگەدا دەبوو، بەڵام ئەوان نەهاتن و نەخشەکە سەری نەگرت و بەهۆی کۆتایی کردنی مەکتەبی سیاسیی فەشەلی هێنا.)

هەروەها گوتم مەبەستی مەلا مستەفا بۆ پەڕینەوە بۆ ناوچەی سۆران گرێدانی ناوچەی سۆران بوو بە ناوچەی بادینان. لەو پەڕینەوەیەدا، مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی باشوری کوردستان تفەنگی پێشمەرگایەتی لەشان کرد و چووە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوە. بە وتەی زەکی ئاکرەیی پێشمەرگەکان نزیکەی ٣٠٠ کەس بوون. دوای حەوت ڕۆژ، هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٨ گەیشتنە "سەری بەردی" لە نزیک سیدەکان. لەوێ سۆفییە جاشەکانی برادۆست پێشیان پێگرتن کە پێشمەرگەکان شکاندیانن و ڕاویاننان. لەو شەڕەدا بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٧٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" پێشمەرگەیەکی نێروەیی شەهید بوو و کەلاکی چوار جاشیش لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێما. لەم بارەیەوە مستەفا سالّح عەبدولّا نێروەیی، کەرەم ڕەسولّ مەم نێروەیی، محەمەد ڕەشید خەلیل ڕەسولّ نێروەیی لە سێ وتووێژی جیاوازدا پێیانگوتم:

**- (سالّی ١٩٦٢ لەگەلّ بارزانی چووین بۆ ناوچەی بالّەک، لە شیوەشێخان لەژێر چیای سەری بەردی لە ناوچەی سیدەکان سۆفییەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلان پێشیان پێگرتین. ناچاربووین شەڕیان لەگەلّ بکەین و لە ئاکامدا شکاندمانن و ڕایانکردە مەخفەرەی "سەری بەردی" و کەلاکی چوار سۆفییان بەجێهێشت. لە ئێمەش حەسۆ سلێمان زێوەسەری شەهید بوو.)**

ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٩ هێزەکان گەیشتنە گوندی "بێشی" و گوندەکانی دەوروپشتیان ئازاد کرد. خەلّکی ئەو گوندانە کە بەشێکیان ئەندامانی پارتی بوون و چاوەڕوانی هاتنی پێشمەرگەیان دەکرد، بەڕێز و حورمەتەوە پێشوازییان لە پێشمەرگەکان کرد. پێشمەرگەکان بەگوێرەی بەرنامە، لە بەرزاییەکانەوە داکشان و پردی "بەرسرین" و بەرزاییەکانی دەوروپشتی و گەلی "دۆلّپاڕێز"یان خستە دەست خۆیان. کاتی بلّاوبوونەوەی پێشمەرگە یەکێک لە سەرقۆلّە زۆر ئازاکانی بارزانی بەناوی حەسەن سەرئاسن کە پێشتر لە شەڕی زاویتەدا بە سوکی برینداربوو، لە تێکهەلّچوونێکی بەهەلّەدا لەگەلّ هێزێکی یاریدەدەر کە دەهات هاوکاریی پێشمەرگەکان بکات، شەهید بوو[١].

مەلا مستەفا بەرلە پەڕینەوەی بۆ ناوچەی سۆران، لە "نەهلە"وە بە نامەیەک بارەگای پارتی ئاگادار کردبۆوە کە ڕێزەکانیان پتەو بکەن و پێوەندیی خۆیان بە خێلّە دلّسۆزەکانەوە قایم. هەروەها بەرنامەی بۆ مەحمود

کاوانی دانابوو، بێن لەگەڵ هێزەکانی بارزانی یەک بگرنەوە. دوای گەیشتنیان بۆ ناوچەی سۆران مەحمود کاوانی بەهێزەکەیەوە گەیشتە بەرسرین و لەگەل هێزەکانی بارزانی یەکی گرتەوە.

عومەر مستەفا دەبابەش کە بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی بوو لە ناوچەی باڵەک، لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکانی تری پارتی گەیشتنە لای بارزانی. هەروەها هەباسی مامەند ئاغای گەورەی ئاکۆییان و شێخ حوسێنی بۆسکێن کە دەسەڵاتی بەشێک لە ناوچەی هەبوو، لەگەڵ چەند سەرۆک خێڵیتر هاتن بۆ ناوچەی باڵەک و وێڕای بەخێرهێنانی مەلا مستەفا، لایەنگریی خۆیان لە شۆڕش ڕاگەیاند. بەم جۆرە ناوچەکانی نێوان دوو سنوری باشوری "بەرزێوە" و باکوری "ناوکێلەکان" و گەلی "ڕەژووکەریان" کەوتنە دەستی پێشمەرگە. پێشمەرگە بنکەکانی پۆلیسی ناحیەی گەڵاڵە، ڕایات و حاجی ئۆمەرانی گەمارۆ دا و ڕێگای ڕەواندز بۆ "هاملتۆن"یان لێگرتن(٢).

مەلا مستەفا ئاگادار کرابووەوە کە تاقمێک لە ئاغاکانی میراودەلی بەنهێنی لەگەڵ حکومەت سازاون کە بەمەرجێک حکومەت پارە و چەکیان بداتێ و لە بواری سەربازیشەوە پشتیان بگرێ، ئەوان ئەندامان و ڕێکخراوەکانی پێشمەرگەی پارتی لە ناوچەکەیان دەردەپەڕێنن. بەو مەبەستە بارزانی بڕیاریدا سەردانی قەڵادزێ بکات و چاوی بە ئاغاکانی میراودەلی بکەوێت، لە کۆتایی مانگی ئاگۆست-ئابی ١٩٦٢دا، بە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕاسپاردبوو کە بچێتە قەڵادزێ و چاوی بە ئاغاکانی میراودەلی بکەوێ و ئامۆژگاریان بکات کە پشتی شۆڕشی ئەیلول بگرن و خەیانەت بە کورد نەکەن. ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢ سەردانی قەڵادزێی کرد و لە گوندی "گردەسپیان" لەگەڵ شێخ حوسێن بۆسکێن، باپیرئاغای بابەکر ئاغا، حاجی ئاغای باپیر ئاغا، مامەندی سەلیم ئاغای، میناغای گربداغی و کاک عەبدوڵای مام ئەحمەد بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی کۆبۆوەوە و ئامۆژگاریی کردن پشتی شۆڕشی کورد بگرنو بۆ بەرگری لە ناوچەکەیان لەشکرێکی چەکدار پێک بهێنن. ئەحمەد تۆفیق تا ڕۆژی ١٩٦٢/٩/١٣ لەگەڵ میروادەلییەکەن بوو و ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢٥ لەگەڵ پەلە پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتی چوو بۆ سلێمانی. ناوبرا لە نامەیەکدا بۆ مەلا مستەفا، ڕاپۆرتی مەئمورییەتی خۆی ئاراستە کردوە. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٩٧- ٣٠٢ی پاشبەندی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم،

شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەقی نامەکەی ئەحمەد تۆفیقی بڵاوکردۆتەوە. ئەحمەد تۆفیق لە نامەکەیدا دەڵێت:

- مامۆستای دڵسۆزی نەتەوەکەمان

کاکی گەورەمان مەلا مستەفا بارزانی

لەگەڵ پێشکێشی باشترین سڵاو و ڕۆژباشی کوردانە، پڕ بەدڵ داخوازی ساخی و سڵامەتی جەنابتانم و زۆر سڵاو و حورمەتم هەیە بۆ هەموو برا کوردپەروەرە خاوەن شەرەفەکانی دەوروبەرت.

مامۆستا! لەسەر ئەرکی پێ سپاردراوم ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢ گەیشتمە قەڵادزێ و ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٣ لە "گردەسپیان" کۆبوونەوەیەکمان گرت کە بریتی بوون لە کاک شێخ حوسێن، باپیر ئاغای بابەکر ئاغا و حاجی ئاغای باپیر ئاغا و مامەندی سەلیم ئاغا و مینە ئاغای گربداغی و کاک عەبدوڵڵا مام ئەحمەد کە مەسئوولی کۆمیتەی پارتییە لە قەڵادزێ لەگەڵ چەند هەڤاڵی تری پارتی "کە مرۆڤی باشن" و لەسەر زانست و بیروڕای وانە ناونووسیمان کرد بۆ داوا کردن و کۆکردنەوەی لەشکر. بە کورتی تا ١٩٦٢/٩/١٣ هەموو ئەو شوێن و تایفانەی کە دەبوایە بیانبینم دیتمن. لە نەتیجەدا تایفەی مەحمود ئاغا لە هەمووان باشتر بوون و بەبێ وەی کە سەریان بدەم پێیان بڵێم خۆیان لەشکریان نارد و بە کردەوەش لە هەمووانیان زۆرتر نارد.

تایفەکانی بابەکر ئاغا و بەگزادە کەموکوڕییان هەبوو و بە ناتەواوی بۆ لەشکر سازبوون.

تایفەی ئەحمەد ئاغا یانی "ئەحمەد حەمە ئاغا" زۆر نالەبار و پێسیتیی کرد، ناوبراو ئەوەندەی کاری ناحەز و زید کردین کە هەروەخت لیستەی ڕەش سازکەین ناوی لە سەرەوەی ڕەشان بنووسین بە کورتی جاشێکی دواڕۆژە.

تایفە چوکەکان تایفەی وسوو ئاغا و ئۆمەر ئاغا باش بوون هێندێک لە میراودەلییەکان بە عالەمی ئاشکرا ئیمکان و چەک و چۆڵێکی زۆریشیان هەبوو، بەڵام لەو ئیمکانە یەک لە ١٥شیان بۆ ئێمە نەنارد. هێندێکیان زۆر دەوڵەمەندن بە قەرا جویەک دیسان ئەوانیش هیچیان نەکرد.

بەڵێ بەڕاستی ئەوەی بەڕاستی و تەواوی هاتەپێش تایفەی مەحمود ئاغایەکان بوو. دووهەم مامەند ئاغا.

لەو ناوەدا "مینە ئاغای گربداغی" زۆر ناپیاو دەرچوو. ناوبراو لە کۆنە دۆستمانە بە ئاشکرایی بۆتە ئیدارەی تەبلیغاتی قایمقام و حکومەتی قاسم و لەلای ترەوە بۆتە کەفیل و وەکیل مدافعی شیوعییەکان.

لەسەر ئەو باوەڕەم هەموو پشدەر و هەموو میراودەلی لەو دوو کەسانە خراپتر و پیستری تێدا نییە. "مینە ئاغای گربداغی و ئەحمەدی حەمە ئاغای بیشیری."

بەکورتی مینەئاغا بۆتە تاقە پشتیوانی حکوومەتی قاسم و شیوعییەکان. هەر بۆیە لەگەڵ شیوعییەکان یەکگربووە، چونکە شیوعییەکان لاگری حکومەتن.

لەو دوو کەسانە بەولاوە لەناو کوردانیدا تەنیا شیوعییەکانی قەلادزێ بە خواریو خیانەتەوە لەگەڵ شۆڕش دەجووڵێنەوە. من لە هیچ شوێن شیوعیم بە قەرا ئێرە بەهێز و زۆر نەدیون و بۆ خیانەت و پیسی زۆر جەسوور و ئازان و بەعالەمی ئاشکرا لە هەر شوێن و جێگە پڕوپاگەندە زیدی شۆڕش و سەرکردەکانی شۆڕش دەکەن بەتایبەتی بوونە مەکینەی سازکردنی هەواڵ و ئیخباری درۆ و ناخۆش لەسەر شۆڕش بە قازانجی حکوومەت و بۆشم ساخ بووەتەوە کە ئەو بەیان و نەشرە لاتاو و خەراپانەی کە لە دژی شۆڕش نووسییان و بڵاویان کردەوە و یەک لەوانەم بۆ جەنابت نارد لەسەر ئەو باوەڕەم کە بە دەسیسە و ئیشارەی مینە ئاغای گربداغی کراوە.

بەڵام لەسەر پاشەکشەکان زۆربەی تایفەی مەحموود ئاغا و لەناو واندا کاک شێخ حەسەن و کاک شێخ حوسێن و حاجی باپیرئاغا و کوڕانی مەحموود ئاغای هێرۆیە. بەتایبەتی بۆم ساخ بووەتەوە کە ئێمە لەناو پشدەردا برا و دۆستی پاک و کوردپەروەر و بەدینی وەک شێخ حوسێنمان نییە. بێجگە لەوانە دۆستی تری باشیشمان زۆرن و لەسەریەک دۆست و برای باش زۆر زیاترن لە خراپان.

هەم باپیرئاغا و هەم کاک شێخ حەسەن و سەلیم ئاغا و زۆر میراودەلیی تر، بەڵام بەتایبەتی ئەو سێ "٣" برا گەورانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەوانەی نەهاتوون بۆ لەشکری و ئیمکانیان هەبوو دەبێ جەزا بدرێن یان چەک و سلاحیان لێ بستێندرێت. هەروەها کاک شێخ خدر و مەحموودی هەباس ئاغای چومخرکە و کاک شێخ حوسێنیش لەسەر ئەو بڕوایەن و داوایان لێ کردم کە بە عەرزی جەنابتی بگەیەنم.

قەراری شێوەی جەزا دانیشیان وا دانا کە بە دەستێکی ٣ قۆڵی کە بەشێکی بارزانی بەشی تری میراودەلی و بەشی تر پارتی بن و ئەو جەزا و مجازاتە

بكرێت و شیوعییەكانی قەڵادزێ چەک و چۆڵێكی باش و زۆریان بەدەستەوەیە بە باشی دەزانم كە ئەو چەكانە كۆكرێتەوە بكەوێتە خزمەت بە شەڕی كورد.

بەڵام لەسەر ئەو فەوجەی كە لە "ڕانیە" دایە لەپێشدا زۆر خراپەیان كردووە و لە ڕۆژی ۱۹٦۲/۹/۲۳ دوو دەبابە و ۳ لۆری عەسكەر و یەک مەدرەعە لە بیتوێن ڕێ كەوتن بۆ خراپە و دزین و سووتاندن و زۆر كەپر و تووتنی خەڵكی ئەو ناوچەیان سووتاند و هەروەها ئەو گوندانەش وەبەر هاتن: "تۆپاوا"، "بارەبەستە"، "گردەمەند"، "قورەگۆ" و لە گوندی مەمەند منداڵێک كە دایكی لەترسی وەی مەبادا دەست بۆ نامووسی بەرن ڕادەكات و لەناو لانكدا بەجێی دێڵی عەسكەری قاسم لەگەڵ كەپرەكە ئەو منداڵەش دەسوتێنن.

زەرەر و زیانێكی زۆریان داوە لەگەڵ تەعەدایەكی زۆر. خەڵكی ناوچەكانی پشدەر و ڕانیە زۆری پێ نارەحەتن و یەک دەنگ داواكارن ئەو جەیشە هەڵقەندرێت و زۆربەیان هاتوونە لای من كە بە جەنابت ڕابگەیەنم. چەند ڕۆژ پێش ۱۵۰۰ سەر مەڕومالآتی كابرایەكی بەناوی ڕەسووی خالەی هەستاندووە و ئێستە خەریک بە كوشتنەوەن. چەند شەو پێش ۱۵ بار قەند و چا و ڕۆنیان لە كاروانیان كە لە "كۆیە"ڕا دەهاتنەوە بۆ قەڵادزێ ڕووت كردبوو و خەڵكەكەیان گرتووە. وا قایمەیەكمان بە هیمەتی برایانی پارتی و شێخ حەسەن و خەڵكی سەنگەسەر و... سازكرد بۆ "دەربەند" و بناری كێوەكانی لای سەیداوا و بۆسكێن دیارە ئەوە تەنیا بۆ وەیە كە بترسێن و نەبزوون ئەگینا تاقە عیلاجی ئەوەیە كە بۆخۆت نەخشەت بۆ كێشا كە لەشكری میراودەلی لەگەڵ قۆڵێكی برایانمان بارزانی بۆسەر ئەو فەوجە لەگەڵ تۆپێكی عقدە ۳ بەڕێ بفەرموون. ئەو بیرەی جەنابت زۆر زۆر جوان و پێویست و لەبارە دیارە خۆشتان باشتر دەزانن.

لەسەر داوای برایانی پارتی و خەڵک تەرتیبی هەڕەشەیەكمان دا بۆسەر قایمقامی پشدەر تا وا بكات ئەو جەیشە لە "ڕانیە" وا نەكات. وابزانم ناوبراو بەرقییەیەكی لێ دا، بەڵام دەزانم جەیش مەسڵەحەتی پیسی خۆی لەسەر بەرقییەی قایمقام ڕاناگرێ.

لەگەڵ نووسراوەكانی پێشوو چەند نووسراوەم لە حكومەت بۆ ناردی.

لە ئاخردا ئەو لەشكرەی كە ئێمەی بۆ هاتبووین ساز نەبوو هۆ و عیللەتیشی چەند شتن بەو جۆرە:

۱- دەوری جەبهەی شەڕ.

۲- خەراپی چەند كەس لەناو میراودەلییان "ئەحمەد حەمە ئاغا".

٣- دەست تەنگی خەڵک لەمەڕ بێ دراوی چونکە تووتنی ٢ساڵی بۆ نەفرۆشاوە.

٤- نەبوونی ئیجرای مجازات بۆوانەی کە خۆ دەشارنەوە.

ئەوا ئەو کاغەزەم لە ئاخر ڕۆژی خۆم لە پشدەردا بۆ جەنابت نووسی و لەگەڵ ١٥ چەکدار ئیمڕۆ ١٩٦٢/٩/٢٥ بەرەو سلێمانی ڕێ کەوتم.

لە ئاخری نووسراوەمدا بەپێویست دەزانم کە ئاگادارتان کەم کە شای ئێران لە کوردستان دایە، زۆر پەسەند و باش بوو نەفەرێکت ناردبا بۆلای چونکە وابزانم شا لەو سەفەرەدا قەراری مەوقفی خۆیان لەسەر شۆڕشی کورد ساخ دەکاتەوە جا ئەو ئیتسالەی جەنابت ئەگەر نەتیجەی باشیشی نەبێ دەبێتە هۆی وەی کە لانی کەم شا لە خەراپە کردن شل کاتەوە ئیتر ساخی و سەربەرزیی زیاترت لە خوای بێ هاوتا دەخوازم.

ئەحمەد تۆفیق

کاک قادر شەریف لە سلێمانیەڕا هاتۆتە ئێرە زۆر سڵاو و حورمەتی بۆ جەنابت هەیە وا دیارە ناوبراو لەو بەینەدا تا لای سنە و کرماشان چووە کە گەڕاینەوە ڕاپۆرتت بەعەرز دەگات و کاک فایق چۆتە ناو ئێران و ئێستا لە کوردستانی ئێراندایە.

**ئەحمەد** (پاشبەندی ٢٠)

دوای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی ئەحمەد تۆفیق گەڕایەوە لای بارزانی و لەگەڵ بارزانی بوو کە مەحمود کاوانی بە فەرمانی بارزانی، لەگەڵ لەشکری خۆشناوەتی چوو شەقلاوە ئازاد بکات، بەڵام لە گوندی "ئاقوبان" لەنێوان هیران و شەقلاوە خۆی و چەند هەڤاڵی وەبەر بۆمبارانی فڕۆکە کەوتن و خۆی و چەند پێشمەرگە شەهید و برینداربوون. لەو بارەیەوە خەلیل مەحمود کاوانی لە وتووێژێکی تایبەتدا بە نوسین پێیڕاگەیاندم:

- (باوکم بە برینداری گواسترایەوە بو ئەشکەوتی بیراوە لە دۆڵی بالیسان، چیای دەرەشیر لە نزیک گوندی بێتواتە، لە ئەشکەوتی بیراوە بارزانی نەمر لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق سەردانیان کرد، ئەحمەد توفیق گوتی ئەگەر ڕێگەم بدەن بۆ چارەسەرکردنی دەیبەم بۆ تاران، بەڵام بارزانی گوتی وانازانم بەم برینە سەختەی بگاتە تاران، ئەوە بوو باوکم دوای ١١ ڕۆژ ئازار، لە ڕۆژی ١٩٦٢/١١/١٨ لە ئەشکەوتی بیراوە گیانی پاکی بە خاکی کوردستان بەخشی.)



لەم وێنەیەی سەروودا ئەحمەد تۆفیق دەبینن کە لە پەنای مەحمود کاوانی برینـدار دانیشتوە و نێوچاوانی بە پەڕۆی تەڕ فێنک دەکاتەوە.

سەبارەت بە هاتنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچەی پشدەر و ئاکۆ، جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

- (لە کۆتاییەکانی مانگی تشرینی دووەمی ۱۹٦۲دا بووین، وتیان بارزانی و هێزەکەی ڕوو لە ئاکۆ و پشدەر دەکەن، بەڵام بە زوویی نەهاتن، من بەدیار کەلوپەلی چاپەوە لە گوندی وەرتێ مامەوە، محەمەد عەزیزیش چوو بۆ دەرگەڵە، لەگەڵ عەلی مەدەنی کە هاورێمان بوو، ئەحمەد تۆفیق و سلێمان بەرەو لای بارزانی ڕۆیشتن. دیارە هۆکاری درەنگ هاتنی بارزانی، ئەو شەڕە بوو کە لە ناوچەی برادۆست و لۆلان لەگەڵ جاشەکانی شێخ ڕەشید تووشیان هاتبوو، ئەوەی کە بە سەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتاییهات و هێزەکانی سوپای عێراق شێخ ڕەشیدیان بە هێلیکۆپتەر گواستبووەوە بۆ ڕەواندز، پاش ئەو شەڕە و پاککردنەوەی ناوچەکە، لەشکری بارزانی ڕووی لە دێگەڵە و وەرتێ کرد و هەموومان لە وەرتێ یەکمان گرتەوە. هەرلەم کاتەدا ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف هاتبوو، ماوەی ۱۰ ڕۆژ لەوێ بوو نەیتوانیبوو چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانی بکات، ئێمەش دەمانگێڕا بەنێو گوندەکاندا تاکو چاوی بە هەلومەرجی گوندنشینانی کورد بکەوێت.)

مەلا مستەفا لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی پارتی دیموکرات ڕۆژی ۱۹٦۳/۲/٤ بەرەو قەڵادزێ کەوتووەتە ڕێ و ڕۆژی ۱۹٦۳/۲/۷ لەشکری شۆڕشگێری کوردستان لە گوندی "سارکێو" لە "دۆڵەڕەقە"وە چوو بۆ قەڵادزێ. ڕۆژی ۱۹٦۳/۲/۱۰ بارزانی لە گوندی "دووگومان" بوو کە هەموو ئاغاکانی میراودەلی هاتن بۆلای و لایەنگریی خۆیان لە مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول پێڕاگەیاند. لەو بارەیەوە ئەحمەد حاجی تاتکی یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگەی بارزانی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ۲۰۱۳/۳/۱۸ پێیگوتم:



- (ساڵی ١٩٦٣ کە بارزانی لە گەلاڵە بوو، ئەحمەد تۆفیق کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خەڵکی ناوچەی باڵەک بۆ بارزانی ڕێکخست. ناوبراو گوند بە گوند چوو خەڵکەکەی ئاگادار کردەوە کە ڕۆژی هەینی بۆ نوێژی جومعە بێن بۆ گەلاڵە. لەو مەئموریەتەدا داوای لە بارزانی کرد کە من لەگەڵ خۆی بەرێت، منیش پێشمەرگەیەکم بەناوی سامی ئەحمەد خەڵکی گوندی سەرکێری لەگەڵ خۆم برد و چووین سەردانی هەموو گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتیمان کرد. لە کۆتاییدا بووین کە ڕەوانشاد عەلی کۆ خەڵکی حاجی ئۆمەران لەگەڵمان کەوت. ئەحمەد تۆفیق کەسێکی زۆر زانا بوو دەیزانی چۆن لەگەڵ خەڵکەکە قسە بکات و زۆر بە لێزانی قسەی بۆ خەڵک دەکرد. توانی هەموو ئاغا، کوێخا و ڕیش سپێەکان بکێشێتە حاجی ئۆمەران و لەوێ کۆیان بکاتەوە. لە تەنیشت بارزانی ڕاوەستابوو، هەردوویان قسەیان بۆ خەڵک کرد و ڕێنوێنیان کردن کە پشتی شۆڕش بگرن و هانی خەڵکەکەیان بدەن کە لە خراپە دوور کەونەوە و خزمەتی خۆیان و شۆڕش بکەن. ئەحمەد تۆفیق زۆر بە چاونەترسی قسەی بۆ خەڵکەکە کرد. لە ڕاستیدا زۆر جێی ئومێدی خەڵک و بارزانی بوو. بارزانی پیاوی ئازای خۆشدەویست و هەرگیز جیاوازی لەنیوان ئەحمەد تۆفیق و کوڕەکانی دانەدەنا.)

١- لەوکاتەدا هێزێکی سوپا کە لە هاتنی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچەیە بێئاگا بوو، لە ڕەواندزەوە هات کە بچێت بۆ باڵەک و قەڵای ڕایات کە لەپڕ کەوتە کەمینی پێشمەرگەکانەوە و لە یەکەم تەقەکردندا هەموویان خۆیان بەدەستەوەدا و تەسلیمی پێشمەرگەکان بوون.

دەستکەوتی ئەو شەڕە بریتی بوو لە شەش زیلی سوپا و دوو جیپی فەرماندەیی و ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی.

٢- پۆلیسەکانی گەلاڵە و حاجی ئۆمەران بۆ پارێزگاریی کردن لە خۆیان چوون بۆ نێو قەڵای رایات کە قەڵایەکی قایم بوو و لە بەرد و چیمەنتۆ دروستکرابوو. پێشمەرگەکان بە فەرمانی بارزانی، رۆژی ١٩٦٢/٦/٤ قەڵای رایاتیان گەمارۆدا و داوایان لە هێزەکانی پۆلیس کرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن کەچی ئەوان ئامادە نەبوون و هیوایان خواست حکومەت گەمارۆکەیان بۆ بشکێنێ و رزگاریان بکات. حکومەت جگەلە رێگای ئاسمان نەیدەتوانی یارمەتی ئەو هێزانەی بدات و ناچاربوو پەنا بۆ بۆمبارانی ئاسمانیی بەرێت، بەڵام بەهۆی نزیکبوونی پێشمەرگە لە قەڵای رایات، بۆمبەکانیان لە دوور دەکەوت و زیانی بۆ پێشمەرگەکان نەبوو. هەروەها یارمەتییەکانی رژێم بۆ گەمارۆدراوان، وەک خواردن و تەقەمانی کە فڕۆکەکان بە پەرەشوت دەیانهاویشتە خوارەوە، بە زۆری دەکەوتنە ناو پێشمەرگەکان و ئەوان کەڵکیان لێوەردەگرتن.

## پلانی نهێنیی ئێران بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان

سەرکەوتنەکانی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان بەسەر هێزەکانی دوژمندا بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتدا سەرسام کرد. تەنیا ڕێگایەک کە ئیبراهیم ئەحمەد بۆ زاڵبوونی بەسەر مەلا مستەفادا شکی دەبرد، بەدەستخستنی دەرەتانێکی دەرەکی بوو وەک پارە، چەک و تەقەمەنی کە بتوانێ بەسەر بارزانیدا زاڵ بێت. بۆ ئەو مەبەستە، پێشنیازی دەزگای هەواڵگریی ئێرانی قبووڵ کرد و پێوەندیی لەگەڵ ئێران دامەزراند کە خۆی بەهێز بکات و جیاوازیی بخاتە نێوان ناوچەکانی سۆران و گەرمیان لەگەڵ بارزان و بادینان. سەبارەت بەو پێوەندییە، عیسا پژمان جاسوسی ڕژێمی شا لە عێراق لەو سەردەمەدا، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:




- (ئەوکاتەی من لە عێراق بووم کێشەیەکی مەترسیهێنەر لە کایەدا بوو لە هاتنی ڕوسیا بۆ عێراق و بەتایبەتی مەسەلەی ماددەی سێ کە لە بەیاننامەی شۆڕشدا گوترابوو عەرەب و کورد لە عێراقدا هاوبەشن. دیارە کوردەکان داوای ئەو یەکسان بوونەیان دەکرد، بەڵام کەریم قاسم دواتر وەڵامی نەدەدانەوە. من لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و عەبدولرەحمان زەبیحی کە لە بەغدا بوون و پێشتر من ناوی ئەوانم لە ئێرانەوە دەزانی ئاشنا بووم. .... هەروەها لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت.... لە بەغدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری قسەم کرد، جەلال تاڵەبانی گوتی "ئێمە تەنانەت دەمانچەیەکمان نییە کە بتوانیین پۆلیسێکی پێ بکوژین." گوتم دەتوانن قەولی شەرەف بەمن بدەن کە ئەگەر من کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم لە بەرامبەر شادا شەرمەزار نەبم؟ گوتیان: "بەڵێ." گوتم داوام لە شا کردوە تا شەش مانگ یارمەتی بە ئێوە بدات و ئەگەر لەو ماوەیەدا ئێوە بە قسەی ئێمە جوڵانەوە، ئەوە یارمەتیتان

پێدەکەین، ئەگەرنا ئێمە یارمەتییەکانمان دەبڕین. گوتیان: "باشە، ١٠٠% هیچ گرفتێک نییە." گوتم دوو کەس بنێرن بۆ ئێران و پێشنیاز دەکەم ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بێن، گوتیان: "ناتوانین و باشترە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بێن." ئەو دوو کەسەم لەگەڵ خۆم برد بۆ سەردەشت و لەوێماڵێکم هەبوو و ئەوانم لە ماڵی خۆم دانا. لەگەڵ سەرۆکی ساواک و بەرپرسانی ئەمنیەتی سەردەشت گفتوگۆیان کرد و قەولی شەڕەفیاندا کە بە گوێی ئێمە بکەن و منیش ئەو پێداویستیانەم بە نهێنی و بە ڕێگای مەریوان و پێنجوێن دا برد بۆ سلێمانی و تەحویلی ئەوانمدا. جەلال تاڵەبانی داوای کرد چەک و تەقەمەنییەکان بەرم بۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو. گوتم من ناتوانم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئێوە دەبێ بۆخۆتان بیانگوێزنەوە بۆ ماوەت.)

ئەو پێوەندییە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی لەگەڵ ئێران پێکهات. شەمسەدین موفتی نوێنەری مەکتەبی سیاسی بوو لە تاران و عیسا پژمان نوێنەری ساواک بوو لەلای مەکتەبی سیاسی. شا لە دامەزراندنی ئەو پێوەندییە لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد سێ مەبەستی هەبوو. یەکەمیان دیویست بەدژی کەریم قاسم بەکاریان بێنێت و دووەم بارزانی کە لە کۆماری کوردستانەوە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەداسەپاندبوو، لە دەسەڵات بخات و سێیەم ڕێگەی تێکۆشان لە ئەحمەد تۆفیق و ئەو ئەندامانەی حیزبی دیموکرات بگرێ کە لە چنگ ساواک ڕایانکردبوو و لە باشوری کوردستان بوون. "ساواک" بۆ ئەو مەبەستە بنکەیەکی لە ناوچەی بانە لە گوندی "شابادین" بۆ گروپی ئیبراهیم ئەحمەد دانا و ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە عەبدولڕەحمانە ڕوتەی ئامۆزای "کەمال محەیەدین"یان کرد بە بەرپرسی ئەو بنکەیە. مەکتەبی سیاسیی لە یەکەم هەنگاویدا، بنکەیەکی حیزبی دیموکراتی لەو ناوچەیە کۆکردەوە و چەند پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات کە لەو بنکەکە بوون، دەستگیر کرد و بردنی بۆ ماوەت کە بیاندەنەوە بە ڕژێمی ئێران. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیگوتم:

- (مەکتەبی سیاسیی دەیویست پێشمەرگەکانی ئەو بنکەیە بداتەوە بە ئێران، عەلی عەجەم و محەمەدی مام عەلی گیرابوون، بەڵام یەکێک لە پێشمەرگەکان دەرچووبوو و خۆی گەیاندبووە لای ئەحمەد تۆفیق و ئەویش چووبووە لای مەلا مستەفا، لە بەرامبەردا، مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ مەکتەبی

سیاسی نوسیبوو و گوتبووی ئەوانە برادەری منن و هەرچی بەسەریان بێت، ئێوە بەرپرسن. کەسێک بەناوی خەیرەدین نامەکەی بردبوو و مەکتەبی سیاسی بەو نامەیەی بارزانی ئەوانی ئازاد کرد.)

مەکتەبی سیاسیی جگە لەو چەند پێشمەرگەیە، سلێمان موعینی، قادر شەریف، سەلاح موهتەدی و محەمەدی ئیلخانی زادەشی گرتبوو، بەڵام قادر شەریف ڕایکردبوو، لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

- (... جگەلە سلێمان و قادر شەریف، سەلاحی موهتەدی و محەمەدی ئیلخانی زادەش کە سلێمان لە ئێرانەوە هێنابوونی، ئەوانیش گیرابوون، قادر شەریف خۆی دەرباز کردبوو هاتە لامان لە گوندی چێوەی خۆشناوەتی و چیرۆکی گرتنەکەی ئەوانی پێ ڕاگەیاندین، ئەحمەد تۆفیقیش رۆیشتە لای مەلا مستەفا و شکاتی لەم ئاکارەی مەکتەب سیاسیی کرد. مەلا مستەفاش هەر لەوێ نامەیەک بۆ مەکتەب سیاسیی دەنووسێت و دەڵێت بیدەنە دەست قادر شەریف با ئەو بیباتەوە، لە نامەکەدا هاتبوو: بۆ برایانی مەکتەب سیاسیی... ، تکایە لە تەنیشت جەماعەتی حیزبی دیموکرات جێگایەکیش بۆ من دابنێن"! ئەم نامەیە بووە هۆی بەردانی سلێمان و هاوڕێکانی و ئەوانیش لە ماوەتەوە گەیشتنە ناوچەی خۆشناوەتی، بۆ یەکەمجار سەلاحی موهتەدی و محەمەدی ئیلیخانی زادەم بینی و بووینە هاوڕێی نزیک.... ئێمە ئیدی نەماندەتوانی لە ناوچەی دەسەڵاتی مەکتەب سیاسیی کار و چالاکیی خۆمان بەرینەپێش و .... هەر لە کۆنەوە رقیان لە ئەحمەد تۆفیق هەڵگرتبوو، مامۆستا برایم فایلێکی بۆ ئەحمەد کردبوو لە پشتەکەی نووسیبووی "ئەحمەد تۆپیو".)

لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٦، شێخ جەمیل مەردۆخی لە ماڵی خۆی لە سلێمانی، دەقی ئەو ڕووداوە و چەند ڕووداوی تری وەک چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕزگاریی، ڕۆژنامەی کوردستان دەورەی سێیەم و دەور و کەسایەتی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات لە بزوتنەوەی کورد، لەو سەردەمدا بۆ گێڕامەوە کە لە جێی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

بەهەرحاڵ، ئەندامانی حیزبی دیموکرات لەو ترسە کە نەکات بیاندەنەوە بە ئێران، خەریکبوون ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی مەکتەبی سیاسیی بەجێبهێڵن و ئیبراهیم ئەحمەدیش گوشاری بۆ ئەحمەد تۆفیق دەهێنا کە لە ناوچەکەیان بڕۆن. ئەحمەد تۆفیق داوای دوو ڕۆژ مۆڵەتی لە مەکتەبی سیاسیی کرد تا ئیزن

بەدەن جێیەک بۆ پێشمەرگەکانی حیزب بدۆزێتەوە و مەکتەبی سیاسیش بە نامەی ژمارە ٣٧٦- ١٩٦٢/١٠/١٤ کە لە خوارەوە دەیبینن و زۆر ناشیرین نوسراوە، ئەو دوو ڕۆژ مۆڵەتەی دا بە ئەحمەد تۆفیق و ئەندامانی حیزب:

ژ/ ٣٧٦ مێژوو ١٩٦٢/١٠/١٤

بۆ جەنابی ئەحمەد تۆفیق

زۆر سەرمان سوڕما لەو مەوقیفەی وەرتان گرتووە بەرامبەر بە داخوازی چاوپێکەوتنتان کە دەبوو ئێوە خۆتان هەوڵی ئەو چاوپێکەوتنەتان بدایە هەم بەپێی ئەو فەرمانەی کە مامۆستا بارزانی پێی کردویت کە چاوت بە هەڤاڵ "عومەر دەبابە" بکەوێت بۆ هاریکاریت لەو فەرمانەدا کە پێت سپێردراوە، وە هەم بەم حیسابەی کە وەکو لە نووسینەکانی پێشووت دەرئەکەوێ بەتایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵ کۆمەڵی پارێزگاری مافی گەلی کورددا دەرتان کردوە، لەمانە وەها دەرئەکەوێت کە لە مەوقفی ناڕاستی پێشووتان بەرامبەر بە پارتیمان پەشیمان بووبنەوە وە ئامادە بن بۆ نوێکردنەوە و چاککردنەوەی پێوەندیی نێوانمان، بەڵام وادیارە کورد بەخۆڕایی نەیگوتووە: "دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە" وە عەرەبیش بە سەهو نەچووە کە دەڵێت: "الخائن خائف" ئەگینا ئەبوو تۆ ئەوە بزانیت وە پێویستیشە کە بزانیت کەوا پارتیمان هیچ وەختێ دەستی دوژمنایەتی بۆ یەکێک درێژ ناکات کە ناوی مامۆستا بارزانیی لەسەر بێت وەیا پەنای بردبێتە بەر ئەو وە تۆ و هاوڕێیەکانت دەبوو لە تەجروبەی ڕابردووتان وە بە تاقیکردنەوە ئاگاداری ئەو ڕاستییە ببوونایە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی لەم وەختە ناسکەدا کە خەباتی گەلەکەمانی تیادا تێ ئەپەڕێت ماوە نەدەین بە دوژمنی گەل و شۆڕش و پارتییەکەمان کە کەلێن بخەنە ڕیزەکانمان وە لەبەر ئەوەش کە کردارەکانی تۆ لەم ناوچەیەدا هەر ڕاست و ڕەوان پێچەوانەی ئامۆژگاری و ئیرشاداتی کاک مستەفا بارزانییە کەوا هەمیشە داوای یەکێتی و تەبایی و برایەتی لە هەموو کوردێکی بە شەرەف دەکات لەبەر ئەم هۆیانە مانع نییە ئەو دوو ڕۆژەی داوات کردووە لە ناوچەکەدا بمێننەوە بەڵام هیوامان وایە کە دوای ئەو دوو ڕۆژە واتە لە ١٩٦٢/١٠/١٦دا ئەم ناوچەیە بەجێهێڵن وە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان بەتایبەتی کە ئیمتناع کردنتان لە چاوپێکەوتنی ئێمە و هاریکاری نەکردنتان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پارتی و پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بە ئاشکرا دەری

دەخەن کە ئێوە نیازتان ئەوە نییە کە فەرمانی مامۆستا جێبەجێ بکەن بەباشی و دۆستانە و ڕێکوپێکی بەپێچەوانەی ئەوە دەتانەوێ ناوی مامۆستا ئیستغلال بکەن بۆ ئاژاوە نانەوە و دووبەرەکی دروست کردن لە ناوچەیەکی پڕلە ئارام و ئاسایشدا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دوژمنایەتییەکی ڕاست و ڕەوانە بەرامبەر کورد و کوردستان وە مامۆستا بارزانی خۆشی. ئیتر بڕوامان وایە کە هەمیشە هەر ڕاستی و دڵسۆزی و جوانمێری سەرئەکەوێت.

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان(پاشبەندی ٢١)

## بوژانـەوەی دووبـارەی ڕێکخراوەکـانـی حیزبـی دیموکرات

دوای پەلامارە سەرتاسەرییەکەی ڕژێمی ئێران بۆسەر کادیر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات لەنێوان ١٩٥٩/١١/٢ تا ١٢/١٠/ ١٩٥٩ و گیرانی زیاتر لە ٢٥٠ کادیر و ئەندامی ئەو حیزبە، ئەحمەد تۆفیق، قادر شەریف، سلێمان موعینی، قاسم سولْتانیان، یوسف ڕیزوانی و ژمارەیەکی تر لەو کادیرانەی کە نەکەوتبوونە دەست پۆلیسی ئێران، لە باشوری کوردستان و شار و گوندەکانی نزیک سنووری دەستکرد لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی حیزبیان زیندوو کردەوە. بەرە بەرە بە جوڵەی ئەو سەرکردانە و ژمارەیەک کادیری دڵسۆز، حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق لە باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان چالاک کرایەوە.

چالاک بوونەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات بە هەوڵی بێوچانی ئەحمەد تۆفیق تەنیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، قادر شەریف و قاسم سولْتانیان مشاویری کۆمیتەی ناوەندیی و کادیرانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵێک لاوی بەهەست و خاوەنی بیری نەتەوەیی، حیزبی دیموکرات سەرلەنوێ پانتایی ڕۆژهەلاتی کوردستانی گرتەوە و ئەم جارەیان خۆی لەنێو بنەماڵەی شەهیدان، زیندانییە سیاسییەکان، ئەندامانی ڕاکردو بۆ باشوری کوردستان و کەسانی خاوەن ڕابردووی سیاسیدا بینییەوە. ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە تاران لەلایەن چەند کەسایەتی کورد دامەزرا و دواتر ناوی خۆی گۆڕی بۆ کۆمیتەی حیزبی دیموکرات و لە مهاباد، سنە، سەردەشت، بانە، مەریوان، هەورامان، سەقز، شنۆ، تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ، سەلماس، ورمێ و تەنانەت کرماشان و تەورێز کۆمیتەی لاوان و ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات دانران و بە هاتووچۆی کادیرانی جێگیر لە باشوری کوردستان و سەرلێدانی ئەندامانی حیزب لە باشور، بە کەڵکوەرگرتن لە ئازادبوونی باشوری کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب هیوای سەرکەوتنی دواڕۆژی نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پەرەیسەند.

پێشتر ئامـاژەم بۆ دوو نمونە لە چۆنیەتی ئەو بوژانەوەیە بە کۆکردنەوەی جلوبەرگ و دەرمان و یارمەتی ئابووریی بۆ شۆڕشی ئەیلول لەلایەن ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات کرد. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەو شیوازە سەرنج بدەنەوە سالار حەیدەری[١] کە دەڵێت:




- (مەناف حەقتەلەب ساڵی ١٩٥٩ بە تاوانی ئەندام بوون لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانی ڕژێمی ئیراندا بوو، دوای ئازادبوونی لە زیندان لەگەڵ من و عەزیز شاروخ کۆمیتەیەکی بەناوی کۆمیتەی لاوانی حیزبی دیموکرات لە مهاباد دامەزراند. ئەرکی ئەو کۆمیتەیە خوێندنەوەی کتێب و دۆزینەوەی ئەندامی نوێ بوو بۆ حیزب. لە ڕەوتی چالاکییەکانماندا لەگەڵ ئیسماعیل شەریف زادە، عەلی حەسەنیانی، تەها حەقتەلەب، فەتاح زوبەیری، جەعفەر عەزیمی، عەزیز ساڵحیە، ئیسماعیل موکریانی، کەریم کابانی، عەبدوڵا موعینی، قادر عینایەتی، جەعفەر ئەبریشمی، یوسف کەریمی و چەند کەسی تر بووینە هاوکار و وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆی لاوان پێکەوە خەباتمان دەکرد. دواتر سلێمان شافعی کە خوێندکاری زانکۆی تاران بوو بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێوەندیی بە ئێمەوە کرد و بوو بە بەرپرسی پێوەندیی کۆمیتەی ئێمە لەگەڵ حیزبی دیموکرات.

دوای شەهیدبوونی سلێمان شافعی لەگەڵ دوو لە براکانی بەناوەکانی یوسف و داود شافعی لە تەقینەوەی کورەخانەی شافعی لە نزیک پردی سوری مهاباد و ڕووبەڕووی باخی میکایلی لە ١٩٦٢دا، سەلاح موهتەدی لە کۆمیتەی خوێندکارانی کورد لە تارانەوە هاتە مهاباد و هاوکاریی ئێمەی کرد. دوای هاتنی سەلاح موهتەدی بۆ مهاباد، من چووم بۆ تەورێز و لەوێ لەگەڵ جەعفەر ئەبریشمی، محەمەد حەبیب زادە، شەریف شاکری و ژمارەیەک کوردی بەگزادە وەک: شێرزاد و شکارچی لە دەوروبەری بۆکان کە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، چەند کەسیان لێ ئیعدام کرابوو، هەروەها دوکتۆر عەبدوڵا مەولەوی کۆمیتەیەکمان لە تەورێز دروستکرد. کاری ئێمە لەو کۆمیتەیەدا کۆکردنەوەی پارە و جلوبەرگ و پێڵاو بوو بۆ شۆڕشی ئەیلول. کۆکراوەکانمان بە هاوکاریی حاجی قادری دەباغی کاڕاژدار لە تەورێزەوە ڕەوانە دەکرد. خەڵکی تەورێز

یارمەتی زۆریان دەکردین، زۆربەی کارەکان من دەمکرد، بازرگانەکانی تەورێز کە پێشتر لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجاندا لە فیرقەی دیموکراتدا بوون، دۆستی باوکم بوون و بەبێ ترس یارمەتیان دەکردین. دوای ڕۆیشتنی سەلاح موهتەدی بۆ باشوری کوردستان(٢)، کاک ئەمیری قازی لە تارانەوە دەهات بۆ تەورێز و یارمەتییەکانمان دەدا بە ناوبراو.)

بەمجۆرە، جگەلە ئەحمەد تۆفیق و ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکرات و کادیرانی حیزب لە باشوری کوردستان، بنەماڵەی کەسانی خاوەن ڕابردووی سیاسیی و کادیر و ئەندامانی زیندانی کراوی حیزبی دیموکرات، دوای ئازادبوونیان لە زیندان، ڕۆڵیان لە زیندوو کردنەوە و بوژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتدا هەبوو. دوای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکرات "دەوری سێیەم" لەلایەن ئەحمەد تۆفیق و هەڤالانی و هەروەها ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە لە ساڵی ١٩٦١ و بڵاوکردنەوەی "دیسان بارزانی" لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە باشوری کوردستان لە ١٩٦٢دا، محەمەدئەمین سیراجی، حەسەن باباتاهیری، سلێمان شافعی، سەلاح موهتەدی، باییز شێروانی، مستەفا ئیسحاقی، فاتیح شێخولئیسلام و عەزیز ژیان کۆمیتەی تارانی حیزبی دیموکراتیان دامەزراند و بە زانیاریی پەیداکردن لە بووژانەوەی حیزب لە باشوری کوردستان، بەناوی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتەوە خەباتیان کرد، لەو بارەیەوە ئەمیر قازی دەڵێت:



(بەهۆی سیاسیی بوونی بنەماڵەکەمەوە لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووم. ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ حەمەدەمین سیراجی، حەسەن باباتاهیری، سلێمان شافعی، سەلاح موهتەدی، باییز شێروانی، مستەفا ئیسحاقی برای ئەحمەد تۆفیق، فاتیح شێخولئیسلام و عەزیز

ژیان لە کۆمیتەی تاراندا بووم. لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٤١- نۆڤێمبەری ١٩٦٢، شای ئێران پرۆژەیەکی ٦ مادەیی بەناوی "شۆڕشی سپی شا و گەل" لە ئێران ڕاگەیاند. کۆمیتەی ئێمە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە بوو، بەڵام حیزبی تودە و جبهەی میللی دژی بوون. ئێمە بە دەنگی بەڵێ لەبەر دەرگای زانکۆ دەنگمان بۆ ئەو پرۆژەیەدا. لە هەمانکاتدا بۆ وەرگرتنی بڕیار لەسەر فەلەستین ئێمە خوێندکاران دژی ڕژێمی شا لە حەوشەی زانکۆ مانمان گرت، بەنیسەدر، ئەرفەع زادە و سەلامەتیان بەرپرسی مانگرتنەکانی زانکۆ بوون. ئێمە وەک کۆمیتەی تارانی حیزب دەمانویست عەبدولکەریم قاسم و ڕژێمەکەی هێرش بۆسەر کوردستان ڕابگرن. بەرپرسانی مانگرتن پێشنیازی ئێمەیان قبوڵ نەکرد و ئێمە خوێندکارە کوردەکان مانگرتنمان شکاند و سێ کەسمان لە بەشی یاسا چووینەوە هۆڵی خوێندن، بەڵام سەرۆکی زانکۆ هات و گوتی بە سێ کەس نابێ.

کاک حەمەدەمین سیراجی دژی ئەو بڕیارەی ئێمە ڕاوەستا و ئێمەش ناوبراومان لە کارکردن لە کۆمیتەکەماندا وەستاند. سەرەتا وەک کۆمیتەی خوێندکاران و دواتر ڕێکخراوی حیزب لە تاران دەمانزانی حیزب لە باشوری کوردستان بوژاوەتەوە. قادر تەگەرانی خەڵکی باشور، قاچاخچی بوو، هات و ئێمە چاومان پێی کەوت و پرسی بۆچی پێوەندیان پێوە ناکەن؟ لەوێ ڕۆژنامەی "دیسان بارزانییان" بڵاودەکردەوە و بۆ ئێمەشیان دەنارد. نامەمان نوسی و بە قادر تەگەرانیدا پێوەندیمان بە سلێمان موعینییەوە کرد. سلێمان موعینی هات بۆ گوندی قەرەگوێز و چاومان پێی کەوت. ئێمە نزیکەی ٥٠٠ ئەنداممان هەبوو، پارە و جلوبەرگمان کۆکردەکردەوە و ڕەوانەی شۆڕشمان دەکرد.)

بوژانەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات، تەنیا شارەکانی مهاباد، تەوریز و تارانی نەگرتەوە، بەڵکوو هەروەکوو گوتم لە کرماشانەوە تا دەگاتە سەلماس، ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات بوژانەوە. ئەوان بەگوێرەی هەلومەرج لە کۆکردنەوەی جلوبەرگەوە بگرە تا دەگاتە دەرمان و پارە بۆ شۆڕشی ئەیلول و یارمەتیدان بەو ڕۆژنامەنوسە بیانییانە کە بگەنە باشوری کوردستان وەک ئەرک بۆخۆیان دیارییکرد کە هەواڵەکانی شۆڕش و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق بەگوێی ڕای گشتی بگەیەنن، لەگەڵ کاری ڕێکخستن و دۆزینەوەی لایەنگر بۆ حیزبی دیموکرات. لەو بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان یەکێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا پێی گوتم:

- (ئێمە لە دۆخێکی زۆر خراپ دابووین. ئەحمەد تۆفیق جەماعەتێکی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بوو کە یارمەتی ئێمەیان دەدا. ئەوان لە ئێرانەوە بە کۆڵ هاوکارییان بۆ ئێمە دەهێنا و بەشداریی شەڕەکانیان دەکرد.)

١- سالار حەیدەری کوڕی سدیق حەیدەری سەرکردەی تێکۆشەر، ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کۆماری کوردستان و وەزیری تەبلیغات "ڕاگەیاندن"ی کۆماری کوردستانە.

٢- بۆ زانیاریی زیاتر، سەلاحەدین موهتەدی ڕۆژی ١٣٤١/٨/٩- ١٩٦٢/١٠/٣١ چووە بۆ باشوری کوردستان کە لەجێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

## کۆبوونەوەی ژمارەیەکی تری کادیر و پێشمەرگە لە حیزبی دیموکرات دا

لە بەشی بەردەوامیی کێشەکان و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا گوتم: دوای شکانی ڕاپەڕینی دەرەبەگەکان بەدژی یاسای دابەشکردنی زەوی لە عێراق، دانیشتوانی کۆمونی سلێمانی بەتاک و بەکۆمەڵ بڵاوەیان کرد. زۆربەیان گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەکیان پەنایان بۆ گوندەکانی سەرسنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردو هەندێکیشیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات کەوتن. دەکرێ بڵێم جگەلە مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی و دوو سێ کەسی هاوڕێی کە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی کەوتبوون، لە بانەییەکاندا تەنیا چەند پێشمەرگەیەک مانەوە. جگەلەوە، قادر شەریف لە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی دابڕا و بە هاندانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی خەریکبوو بن باڵی ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی چۆل بکات و پێکهاتەیەک دژی ئەوان دامەزرێنێت. بە دابڕانی ئەو ژمارەیە، بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب توشی گرفت بوو، بەڵام سەرکردایەتی حیزب، بەو ژمارە کەمەش درێژەی بە خەباتدا. ئەوان هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی حیزب، لە فیکری کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زیاتر کادیر کەوتن و ئەو ئەرکەیان بە سلێمان موعینی "فایق" سپارد کە پێوەندیی لەگەڵ کادیرانی حیزبی لە باشور و لەنێو خۆی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێ و لە حیزبدا چالاکیان بکات. بۆ ئەو مەبەستە ناوبراو ڕۆژی ١٩٦٢/١٠/٣١ لە چەمی چەمان لەسەر سنوری دەستکردنی نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازیی لە سەلاحەدین موهتەدی[١] و محەمەد ئێلخانی زادە کرد. بە وتەی شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکانیدا، سەلاح موهتەدی بۆ ئەوە هاتبوو کە سلێمان موعینی ڕەوانەی ئەوروپای بکات.

دوای هاتنی سەلاح موهتەدی و محەمەد ئێلخانی زادە، عەبدول و کەریم نستانی لە گوندی نستان و چەند پێشمەرگەی تریش لە ناوچەی پیرانشارەوە هاتن. لە هەمانکاتدا سلێمان موعینی "فایق" لە مەسیف سەلاحەدین سەردانی سەعید کاوە "کوێستانی" کرد و ئەوی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ کۆیە. لەو بارەیەوە سەعید کاوە[٢] لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/١/١٧ لە شاری "ئۆیریبرۆ"ی وڵاتی سوید، پێی گوتم:

- (لە مەسیف سەلاحەدین چاوم بە سلێمان موعینی کەوت و پێکەوە چووینە کۆیە و لەوێوە سەرلەنوێ تێکەڵاوی خەباتی سیاسی حیزبی دیموکرات بوومەوە. یەکەم کۆبوونەمان پێنج کەس بووین، ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، سەلاح موهتەدی، محەمەد ئێلخانی زادە و من سەعید کاوە. دوای دابەشکردنی کار و ناوچەکان، من ماڵەکەم لە کۆیەوە گواستەوە بۆ زینوێی شێخی. دوای ٦ مانگ کۆبوونەوەیەکی ترمان لە گوندی ئالانە لە نزک زینوێ شێخی پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەشدا ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، حەسەن ڕەستگار، مەلا باقی و من سەعید کاوە بەشدار بووین. سەلاح موهتەدی و محەمەد ئێلخانی زادە لە نێوان کۆبوونەوەی یەکەم و دووەمدا لە حیزب جیاببوونەوە و چووبوون بۆخۆیان کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستانیان دامەزراندبوو. لە هەردوو کۆبوونەوەدا ئەرکەکانمان دابەشکرد. ئەوکات ١٢ پێشمەرگەمان هەبوو.)

هاتنی سەعید کوێستانی بۆ کۆیە و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، سەلاح موهتەدی و محەمەد ئیلخانی زادە، هاوکات بوو لەگەڵ ئاگربەس لەنێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق و کۆنفرانسی کۆیە[٣]. جگەلەو چەند کەسە، سلێمان موعینی پێوەندیی بە حەسەن ڕەستگار[٤] یەکێکی تر لە کادیرەکانی حیزب لە مهاباد گرت کە بێت بۆ باشوری کوردستان. ناوبراو خۆی و چوار لە هاوڕێیانی بەناوەکانی ڕەسوڵ پێشنماز، حوسێن مەدەنی، ئیسماعیل نمەشیری و فەتاح قادری لە سەرەتای مانگی مای "ئەیار"ی ساڵی ١٩٦٣ مهابادیان بەجێهێشت و بە سونێدا گەیشتنە قەڵادزێ. لەو بارەیەوە حەسەن ڕەستگار "مەلا حەسەن ڕەستگار" لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٦ لە کۆیە پێی گوتم: (لەگەڵ ڕەسوڵ پێشنماز، حوسێن مەدەنی، سمایل نمەشیری، فەتاح قادری مهابادمان بەجێهێشت و چووین بۆ سونێ و لەوێوە محەمەدی حاجی حوسێنی ئێمەی برد بۆ قەڵادزێ بۆلای "جەلالی ڕەحیم کەوگیر"ی. دوای چەند ڕۆژ ئەحمەد تۆفیق کە نزیکەی ١٠ پێشمەرگەی بارزان و ٧-٨ پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی لەگەڵ بوو،




سەردانی کردم و گوتی: "لەگەڵمان وەرە." بەرلە ئێمە هاشم جەلالی هاتبوو، ئەو لە زینداندا بەڵێنی بە عەزیز یوسفی دابوو کە دەیەوێ بچێ بۆ باشور و رووداوەکانی خۆی سەبارەت بەدانی بەڵێنی هاوکاریی بە ساواک بۆ حیزب بگێڕێتەوەو ئیتر نەگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام لە حیزبدا باوەڕیان پێی نەکردبوو و ئەویش لە سلێمانی گیرسابۆوە. من لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و پێشمەرگەکان چووم و ڕەسوڵ و ئەوانی تر لە قەڵادزێ مانەوە. تا گوندی بێتواتە ڕێگەی ئوتۆمبیل هەبوو و ئێمە بە سواری دوو لاندوێر چووین و لەوێشەوە بەپێ ڕۆیشتین، شەوی دوایی لە جادەی خەلیفان پەڕینەوە و چووین بۆ گوندی سرێشمە. بارزانی لەوێ بوو(٥)، سلێمان موعینی، سەلاح موهتەدی، محەمەد ئێلخانی زادە، هەژار، مینە شەم، عەبدول نستانی، عەلی عەجەم و ڕۆژنامەنوسێکی فەرەنسیش لەوێ بوون. کە زانیم بارزانی لەوێیە زۆر خۆشحاڵ بووم، حەزم دەکرد بارزانی ببینم، بەڵام نەیانبردمە خزمەتی. بارزانی ڕۆیشت و ئێمەیان گواستەوە بۆ گوندی خەلانی سورچییان لە دۆڵی بیاو، سەر ڕێگای بارزان، عەقید عەبدولکافی نەبەوی لەوێ بوو. ئێمە ١٥- ٢٠ کەس بووین و دوای ماوەیەک ڕەسوڵ و حوسێن مەدەنیش هاتن.)

بارزانی ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢٧ گوندی خەلانی بەجێهێشت و چوو بۆ بارزان کە بە خزمەت شێخ ئەحمەد بگات. لە هەمانکاتدا پێشمەرگەکان خۆیان بۆ شەڕێکی نوێ لەگەڵ سوپای عێراق ئامادە دەکرد، لە نزیک گوندی خەلان کۆگایەکی ئارد و خواردەمەنی پێشمەرگەیان دانابوو. شێخ یەزدین محەمەد نەبی یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و ڕوسیا بەسەر ئەو کۆگایە دەگەیشت. دوای گەیشتنی ڕەسوڵ پێشنماز، حوسین مەدەنی، سمایل نمەشیری و فەتاح قادری بۆ ئەو جێیە، ئەرکی بەتاڵکردنی گۆنی ئاردیان لە بارهەڵگر و گەیاندنیان بۆ کۆکای شۆڕش پێسپاردن. لەو بارەیەوە حوسێن مەدەنی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٦ لە کۆیە پێی گوتم: (نزیکەی بیست ڕۆژ لە قەڵادزێ بووین، دواتر بەدوایاندا ناردین و ئێمەیان برد بۆ گوندی خەلانی سورچیان. مەلا حەسەن لەوێ بوو، تفەنگی پێبوو و بەرەپیرمان هات. ئەوکاتە ئاگربەس بوو، بە بارهەڵگر ئاردیان دەهێنا، شێخ یەزدین بەرپرسی کۆگای ئارد بوو، ئێمە بارەکانمان دەگواستەوە و زۆریش بە گواستنەوەی ئاردەکان خۆشحاڵ بووین و من شانازیم پێوە دەکرد.)

هەرلەو بارەیەوە ڕەسوڵ پێشنماز لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٩ لە شارۆچکەی دوکان پێی گوتم: (دوای نزیکەی ٢٠ ڕۆژ پێشمەرگەیەکی بارزان بەناوی نعمان هات بە شوێنماندا و ئێمەی بە بالیسان، بێتواتە و گەلی عەلی بەگدا بردە گوندی خەلانی سورچیان. شێخ یەزدین بەرپرسی کۆگای پێشمەرگەکان بوو. بە بارهەڵگر ئاردیان دەهێنا. کیسەکانی ئارد ٤٠ و ٨٠ کیلۆ بوون و ئێمە بەتاڵمان دەکردن. ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، کەریم و عەبدول نستانی، حوسێن مەدەنی، حەسەن ڕەستگار، مینە شەم، محەمەد ئێلخانیزادە، جەعفەر کەریمی، مامەند قازی، فەڕەنسۆ هەریری، حەمە فەرەج ئەنجێنەیی، ئەحمەد پیرێژن، قاسمی کوڕی خانەی تەنەکەساز "قەدۆ" بارە ئاردەکانمان دەکێشا، ئەحمەد تۆفیق کیسە ٨٠ کیلۆیەکانی هەڵدەگرت و هەندێک لە ئێمە کیسەی ٤٠ کیلۆیی.)

شەڕی دووەمی بارزان ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ بە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق بۆسەر گوندی بارزان دەستی پێکرد. بەرلە دەستپێکردنەوەی شەڕ ئەو کۆمەڵە کادیر و پێشمەرگانەی حیزبی دیموکرات گواستراونەوە بۆسەر چیای برادۆست کە ئەگەر دوژمن لە دیاناوە هات، زیانیان پێنەگات، لەو بارەیەوە حوسێن مەدەنی دەڵێت:

- (بەرلە دەستپێکردنەوەی شەڕ چووین بۆسەر چیای برادۆست، چیایەکی بەرز بوو، نزیکەی ٦ سەعات ڕێگا بوو، ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینیش لەوێ بوون. لەوێ بووین کە شەڕ دەستی پێکرد و میگی ڕوسی دەهاتن و پێشمەرگەیان بۆمباران دەکرد. ئێستریکیان دابوو بەمن کە بچم بە مەشکە ئاو بێنم، هەموو جارێ لەگەڵ جەعفەر کەریمی کوڕی مەنافی کەریمی ڕێگای سێ سەعات دەڕۆیشتین و ئاومان دەهێنا. مامەندی قازیشمان لەگەڵ بوو، داوامان دەکرد کە بچین بەشداریی شەڕەکان بکەین کە بارزانی ڕازی نەبوو.



تۆپخانەی قورس ناوچەی بارزانی دەکوتا. ئەشکەوتی برادۆست زۆر گەورە بوو، هەندێک جار مەلا مستەفا دەهاتە ئەو ئەشکەوتە.)

سەبارەت بە مانەوەی ئەو کادیر و پێشمەرگانە لەسەر چیای برادۆست، عەبدول نستانی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٨ پێی گوتم: (**هێشتا شەڕ دەستی پێنەکردبوو، مەلا حەسەن، مەلا ڕەسوڵ و حوسێن مەدەنی و چەند کەسی تر هاتن بۆ گوندی خەلان، من لەگەڵ مینەشەم و ژمارەیەک نستانیی و سیسێریی و ئەنجێنەییەکانی دەوری بانە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بووین. شەوانە دەپەڕینەوە بۆ گوندەکانی نزیک سنور و لە ناوچەکانی لاجان و مەنگوڕایەتی یارمەتی و جلوبەرگمان بۆ شۆڕش کۆدەکردەوە و شەوانەش دەگەڕاینەوە بۆ بەری قەندیل. ئەوکاتە شەڕ ڕاوەستابوو، شەوێک بارزانی لە ئەشکەوتی چیای برادۆست بوو، دوو بارزانی بە زاراوەی کرمانجی حەیرانیان بۆ بارزانی دەگوت و من و مەلا ڕەسوڵیش لەو بەرەی لە ڕووبەڕووی ئەوان بە زاراوەی سۆرانی بۆمان دەگێڕانەوە.**)

ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٥ حکومەتی عیراق بەهێزی زەمینی و جاش هێرشی کردە سەر چیای ئاکرێ و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٥ فیرقەی یەک و دوو، لیوای چوار و پتر لە دە هەزار جاش پەلاماری زنجیرە چیای "پیرس"یاندا. پێشمەرگە بارزانییەکان بە دوور لە یارمەتی هێزی پێشمەرگەی پارتی لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکوک بە توندی بەرگرییان لە ناوچەکەیان دەکرد. ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، هەژار موکریانی، سەلاح موهتەدی، محەمەد موهتەدی، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، مەلا ڕەحمانی سێڤەتاڵی، عومەر سادق نگڵی، شێخ جەمیل مەردۆخی و.... تد لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی چوون. ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ چەند پێشمەرگەی هاوڕێی چوون و بەشداریی شەڕی بەرگری کەرانەی زنجیرە چیای پیرسیان کرد و سلێمان موعینی بە ئامۆژگاریی ئیدریس بارزانی لەگەڵ کادیرەکانی تر چوو بۆ گوندی "بیرەکەپران" لە بەری نزار. موعینی ئەو کادیرانەی لەوێ بەجێهێشت و خۆی گەڕایەوە بۆ چیای برادۆست کە لەگەڵ کادیر و پێشمەرگەکانی ئەو جێیە، بچن دوو مقەڕی نوێ دانێن.

١- سەلاحەدین موهتەدی لە کۆمیتەی حیزبی دیموکراتدا بوو لە تاران. ناوبراو لە باشوری کوردستان بەناوی خوازراوی "مستەفا" تێکەڵاوی خەباتی حیزبی دیموکرات بوو. لە پێوەندییەکی تەلەیفونیدا پێی گوتم کە ڕۆژی ١٣٤١/٨/٩- ١٩٦٢/١٠/٣١ لەگەڵ محەمەد ئێلخانی

زادە "کاوە" ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتووە. لەبەر ئەوە، ئەو مێژوویەی لەبیر ماوە کە لە چەمی چەمان لەنێوان سەردەشت و پیرانشار و لەسەر سنوری هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشور لە ڕادیۆی بیستووە کە ڕۆژی لەدایکبوونی ڕەزا پەهلەوی کوڕی محەمەدڕەزا پەهلەوی بووە و لەوێ توشی کاک سلێمان موعینی بوون و لەگەڵ ئەو هاتوون بۆ باشوری کوردستان.

٢- ڕۆژی ١١/٣/ ١٩٥٩ کە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات کەوتنە بەرپەلاماری دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" سەعید کاوە "کوێستانی" بە وتەی خۆی، لەگەڵ سادق کاوەی برای و سێ کەسی تر کە تورکی ئازەربایجان بوون بەناوەکانی حەسەن ئەردەهالی، یوسف و یەحیا ڕایانکردوە بۆ عێراق و بە وتەی خۆی قایمقامی سیدەکان ئەوانی ڕەوانەی ڕەواندزێ کردوە. لەوێ خەریکبوون تسلیم بە ئێرانیان بکەنەوە. دواتر بە ڕاسپاردەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارێزگاری هەولێر بە ئێدارەی ڕەواندزی ڕاگەیاندوە ئەوان بنێرن بۆ هەولێر و بەمجۆرە لە هەولێر گیرساوەتەوە. بۆ ماوەیەک لەگەڵ سادق کاوەی برای هاوینان لەسەر باخچەیەکی بەرهەمی سەوزیجات لە مەسیف سەلاحەدین کاری کردوە و دوای کودەتای سەربازیی بەسەر عەبدلکەریم قاسم و بەدەسەڵات گەیشتنی عەبدولسەلام عارف لە عێراق لە سەری ڕەش و پێوەندیی بە شاکربەگ بارزانی بەرپرسی پێشمەرگەوە گرتووە و چووەتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول و دواتر گەڕاوەتە بۆ ڕیزی حیزبی دیموکرات.

٣- دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز، بەعسییەکان بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ خەریکی لەناوبردنی کەریم قاسم و بەدەست گرتنی دەسەڵات بوون لە عێراقدا. ئەوان لە بڵاوبوونەوەی هێزەکانی سوپای عێراق و چەقینیان لە کوردستان کەڵکیان وەرگرت و ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ بە کودەتایەکی سەربازیی کەریم قاسمیان لە حکومەت خست، دەسەڵاتی عێراقیان بەدەست گرت و بە فەرمانی عەقید عەبدولغەنی ڕاوی، کەریم قاسم، تەها شێخ ئەحمەد و مەهاویان بەبێ دادگایی کردن گوللەباران کرد و دەسەڵاتی عێراقیان بە عەبدولسەلام عارف سپارد. بەرلەو کودەتایە، لەکاتێکدا مەلا مستەفا دژی سوپای عێراق و جاشەکان لە شەڕدابوو، چەند ئەفسەری سوپای عێراق بە ڕێگەی بەرپرسانی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە کەرکوک، پێوەندییان بە مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە گرتبوو و جەلال تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٦٢وە، لەگەڵ کودیتاچیاندا لە پێوەندیدا بوو. ئەوان بەڵێنیان پێدابوو کە ئەگەر پارتی دیموکرات هاوکارییان بکات و بەدوای سەرکەوتنی کودەتا، لە کوردستاندا شەڕ ڕابگرن، ئەوانە مافی گەلی کورد بە ڕەسمی دەناسن. لە چوارچێوەیەدا، شەڕ ڕاوەستا، تاهیر یەحیا سەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و نوێنەری کودەتاچییەکان لەگەڵ باباعەلی شێخ محمود، فوئاد عارف و عەمید فەتاح شاڵی چوو بۆ چوارقوڕنە و لەوێ چاوی بە بارزانی کەوت. بارزانی داواکارییەکانی شۆڕشی کە پێشتر لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٥دا ئامادە کرابوو، ئاراستەی تاهیر یەحیا کرد و پێیڕاگەیاند: **(ئەگەر تا کۆتایی مانگی مارس "ئادار" داخوازەکانی کورد جێبەجێ نەکرێت، چیتر ناوەستن و دەستدەکەنەوە بەشەڕ.)**

بە گەڕانەوەی تاهیر یەحیا، بەعسییەکان دووەم وەفدی خۆیان کە لە محەمەدڕەزا شەبیبی، فایق سامەڕایی، حوسێن جەمیل، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، دوکتۆر عەبدولعەزیز دووری و زەید ئەحمەد عوسمان پێکهاتبوو، ناردەوە لای بارزانی تا بەڵکوو هەندێک لە داخوازەکانی کەم

بکاتەوە. وەفدی حکومەت چوو بۆ چوارقوڕنە و چاوی بە مەلا مستەفا کەوت و لەسەر ئەوە پێکهاتن کە چەند خاڵێکی ئەو داخوازنامەیە بکرێت بە بناخەی گفتوگۆکانی نێوان حکومەت و پارتی دیموکرات. وەفدی حکومەت ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١١ گەڕایەوە بۆ بەغدا و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بەیاننامەیەکی دەربارەی کێشەی کورد و داخوازەکانی بڵاوکردەوە کە تەنیا خاڵێک کە تێیدا گونجابوو، دامەزراندنی حکومەتێکی ناناوەندیی "لامەرکزی" بوو لە عێراقدا.

لەبەر ئەوە مەلا مستەفا بەباشی زانی کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی و کۆمەڵێک لە پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی، پیشەوەران و ڕێکخراوە مەدەنییە دڵسۆزەکانی کورد بکات. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە داوای لە هەموو لایەنەکانی کوردستان کرد کە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن کە لە کۆنگرەیەکی نوێنەراندا، بڕیارێکی یەکدەست لەسەر پرسی نەتەوەیی بدەن.

بۆ ئامادەکردنی ئەو کۆنگرەیە، بارزانی چوارقوڕنەی بەجێهێشت و ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٦ گەیشتە کۆیە و لەماڵی کاکە حەمە زیاد ئاغای کۆیە کە دۆست و هەڤاڵی دڵسۆزی کورد و بارزانیی بوو، دابەزی. کاکە حەمەزیاد ئەرکی میوانداریی بارزانیی و کۆنگرەکەی وەستۆ گرت.

هێشتا کۆنفرانسی کۆیە بەکۆتا نەهاتبوو کە ئەم بروسکەیەی خوارەوە لەلایەن سەرۆکی فیرقەی دووەمی سوپای عێراق بە بارزانی گەیشت:

**- (بۆ مەلا مستەفا بارزانی- حەرەکات- سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکان**

**لە فیرقەی دووەوە**

**ژمارە ١١٤٣- ٩ مێژوو ١٩٦٣/٣/٢٠**

**تکایە فەرمانتان بدەن بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو چەک و دەزگا بێتەل و کەلوپەلە حکوومەتییانەی تر کە کۆمەڵەکەی ئێوە لە سەرەتای دەست پێکردنی حەرەکاتی باکوورەوە تا ئێستە گرتوویانن. بدرێنەوە بە نزیکترین پێگەی سەربازیی. تکایە خەبەردارمان بکەن.)**

بارزانی بەبێ گوێدان بەو بروسکەیەی سەرەوە، ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٣٠ بەگوێرەی گەلاڵەی کۆنفرانسی کۆیە، وەفدەکەی ڕەوانەی بەغدا کرد کە وتووێژ لەگەڵ حکومەت بکەن. **کۆنفرانسی کۆیە کە بە کۆنگرەش ناوبانگی دەرکردوە، بە بەشداریی نزیکەی دوو هەزار کەس لەسەر ئەرکی کاکە حەمە زیادئاغای کۆیە، ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٨ دەستی بە کارەکانی کرد، چوار ڕۆژی خایاند و ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٢٢ کۆتایی بە کارەکانی هێنا. نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتی سوپای شۆڕشی ئەیلول، ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، مەلا سەید ڕەشیدی سەقزی، مەلا عەبدولڕەحمان، شێخ جەمیل مەردۆخی، عومەر نگلی و چەند نوێنەری تری حیزبی دیموکراتی کوردستان، نیشتمانپەروەران، ڕۆشنبیران، سەرۆک خێڵەکانی لایەنگری شۆڕش، نوێنەرانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستاندا بەشداریی ئەو کۆنفرانسەیان کرد[1]. لەو کۆنفرانسەدا پرۆژەیەکی داواکاریی نەتەوەیی کوردیان ئامادەکرد و لیژنەیەکیان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامەتی: ساڵح یوسف بارزانی، مەسعود محەمەد، حوسێن خانەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق "شوان"، بابەکر ڕەسوڵ، مستەفا عەزیز، فوئاد عارف و ...تد دەستنیشانکرد کە بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی نوێ سەردانی بەغدا بکات.**

٤- ڕۆژی ٣/١١/ ١٩٥٩ کە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات کەوتنە بەرپەلاماری دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" کەوتن، حەسەن ڕەستگار دوای غەنی بلوریان، لەگەڵ ژمارەیەکی تر گیرا و گواسترایەوە بۆ زیندانی تەورێز و دواتر بۆ زیندانی قزل قەلعەی تاران و سەرئەنجام لە زیندای قاجار لە تاران زیندانی بووە. سەرەتا بە زیندانی هەتاهەتایی و دواتر لە دادگای پێداچوونەوەدا بە پێنج ساڵ و سەرەئەنجام ساڵی ١٩٦٢ لە زیندان ئازاد و لە مانگی دووەمی ساڵی ١٣٤٢- مانگی پێنجەمی ساڵی ١٩٦٣ مهابادی بەجێهێشتوە و چووەتە باشوری کوردستان و هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کردوە.

٥- بارزانی لە ڕۆژی ١٩٦٣/٥/١١ تا ١٩٦٣/٥/٢٧ میوانی ئەحمەد شاباز یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بووە لە گوندی سرێشمە لە پشت شارۆچکەی خەلیفان.

## شەڕ لە ناوچەی بارزان و کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دوژمن بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد، ناوچەی بارزان و گرتن یان کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی بوو. بەم مەبەستە، هەموو قورسایی هێرشە سەرەکییەکانی خۆی خستە سەر ناوچەی بارزان و بەرەکانیتری شەڕی بە تاکتیکی شەڕی ئاسایی خەریک کرد. لەو تاکتیکەیدا بۆ گەیشتن بە بارزان دوو بەرەی زنجیرە چیاکانی ئاکرێ و پیرسی هەڵبژارد و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ بە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ناوچەی بارزانی بۆمباران کرد و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٥ بە فیرقەی یەک و لیوای چواری فیرقەی دووەم و پترلە دە هەزار جاش بە پشتیوانیی دوو یەکەی تۆپخانە و چوار فڕۆکەی بۆمبهاوێژ لە ناحیەی "دینارتە"وە هێرشی کردە سەر زنجیرە چیای پیرس.

هەروەکو لە بەشی پێشودا گوتم: ئەحمەد تۆفیق چوو بۆ بەرەی شەڕی زنجیرە چیای پیرس و سلێمان موعینی بە ئامۆژگاریی ئیدریس بارزانی بەشێک لە هاوڕێیانی گەیاندە گوندی بیرەکەپران لە بەشی "بەڕۆژ"ی ناوچەی بارزان کە مقەڕێکی حیزبی دیموکراتی لێبوو. لەوێ هاوڕێیانی بەجێهێشت و خۆی لەگەڵ چەند پێشمەرگە گەڕایەوە چیای برادۆست تا لەگەڵ کادیر و پێشمەرگەکانی ئەو جێیە، بچن دوو مقەڕی نوێ لە زێنوێی شێخی و سونێ دانێن کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم. لە بیرەکەپران، شێخ جەمیل مەردۆخی، عومەر سادق نگلّی و مەلا عەبدولڕەحمان سیفەتاڵەیی خەڵکی سەرشیوی سەقز، لەگەڵ سەلاح موهتەدی و محەمەد ئێلخانی زادە، ڕۆژی ١٩٦٣/٧/١، بە وتەی شێخ جەمیل مەردۆخی لە کاتێکدا شاخ و بەرد و دارستانەکانی ناوچەی بارزان لە گڕی ئاگردا دەسوتان و دوکەڵ بەری ئاسمانی گرتبوو و زریوەی ئەستێرە و ڕووناکی ئاگر و ڕەشایی دوکەڵ لەناو ئاوی زێ دا بەرجەستەی خەباتی شۆڕشی کوردستانی دەکرد، ڕێکخراوێکیان بە ناوی "کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان" دامەزراند کە درێژەدەری شۆڕشی نەتەوەیی بێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٦ لە ماڵی خۆی لە سلێمانی پێی گوتم:

**- (جگەلە ئەحمەد تۆفیق و چەند کادیری تر، قادر شەریف، سلێمان موعینی، مەلا حەسەن ڕەستگار و بەگشتی هەموو ئەوانەی لە دەوری ئەحمەد تۆفیق کۆببوونەوە مارکسی بوون و لە هەلێک دەگەڕان کە حیزب بگەڕێننەوە سەر**

هێڵی پێشووی دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و بیخەنەوە باوەشی حیزبی تودە. ئەگەر کادیرێکی نوێ دەهاتە باشوری کوردستان و ئەگەر ئەو کادیرە بەتایبەتی مهابادیی بووایە، ئەحمەد تۆفیق بەو تێبینییەوە کە هاوبیرێکی بۆ پەیدابووە، بەپیرییەوە دەچوو و پێشوازیی لێدەکرد، بەڵام دواتر کە بۆی ڕوون دەبۆوە، مارکسییە و کار بۆ هێڵە نەتەوەییەکان ناکات، دووریی لێدەکرد. ئەوە مەترسییەک بوو لە دڵی مندا و دەمگوت ئەگەر مارکسییەکان دەستیان بەسەر حیزبدا گرت، ئێمە ئەندامە نەتەوەییەکان دەبێ بتوانین درێژە بە بزووتنەوەی نەتەوەیی بدەین و نەهێڵین ئەو ئاڵایە بکەوێ. لەو ڕوانگەیەوە من و عومەر سادق نگڵی و مەلا عەبدولڕەحمان کاتێک زانیمان سەلاح موهتەدی بە ڕاسپاردەی سلێمان موعینی لەگەڵ محەمەد ئێلخانی زادە هاتووە کە ڕەوانەی ئەوروپا بکرێت، بەڵام نەیتوانی دەرچێ و لای حیزب گیرساوەتەوە و ئەو دەتوانێ بەهۆی مامۆستا هەژار موکریانییەوە هاتوچۆی بارزانی بکات، لەگەڵی پێکهاتین و بە ئاگاداریی مامۆستا هەژار کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستانمان دامەزراند.)

شێخ جەمیل لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: (من لە نوسراوەیەکمدا کە کوڕەکانم دوای مردنم چاپی دەکەن، بە درێژیی لەو مەسەلەیە و ئەو سەردەمەی حیزبی دیموکرات دواوم و لەو کورتە بیرەوەرییەشمدا کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی ئامادە کردوە، ئەندامانی کۆمەڵەی ڕزگاریم ناساندوە.)

ناوبراو لە بیرەوەرییەکانیدا بە شێوەی خوارەوە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕزگاریی دەناسێنێت:

١- سەلاح موهتەدی "مستەفا" کە لە سەرەتاوە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە لقی قوتابیان کاریکردوە، لە مانگی شوباتی ١٩٦٢دا، سلێمانی موعینی ناوبراوی لەگەڵ خۆی هێنا بەناوی ئەوەی بارزانی بینێرێتە دەرەوە بۆ ئەوروپا. کاتێک ئەو هاتە کوردستانی عێراق شەڕ دەستیپێکردبوو بواری ئەوەی نەبوو بچێتە ئەوروپا و لەگەڵ شۆڕشدا مایەوە هەمیشەش گلەیی ئەوەی دەکرد کە سلێمان بەڵێنی ئەوەی پێداوە ڕەوانەی دەرەوەی بکات و ڕاستی لەگەڵ نەکردوە. مستەفا کە ناوی حەرەکەیی کاک سەلاح بوو لە کوردستانی عێراق، بەو هۆیەی کە عەشیرەتی دێبوکری و باوک و کەس و کاری ناسراوی بارزانی بوون، لەلایەن بارزانییەوە زۆر ڕێزی لێدەگیرا و هەمیشە لەگەڵ کاک هەژار هاموشۆی بارزانییان دەکرد. دیارە بۆ ئێمە زۆر خۆشبوو کە

سەلاح هاتوچۆی بارزانی بکات و ئەگەر ئیشێکمان هەبوو ڕایپەڕێنێت، چونکە نەختێک لە ئەحمەد و سلێمان عاجز بووین لەبەر ئەوەی لای بارزانییان لە ئێمە داخستبوو، کاک سەلاح وریا و زیرەک بوو و بۆچوونی ڕاستیشی زۆر بوو.

٢- کاک محەمەدی ئیلخانیزادە خزمی کاک سەلاح بوو، کوڕێکی کوردپەروەر بوو وەک عەشایر هەڵسوکەوتی دەکرد، زیاتر لەگەڵ تفەنگ سەروکاری بوو، کەمتر حەزی لە سیاسیەت بوو وەک من بزانم لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لە هیچ ئۆرگانێکی حیزبدا کاری نەکردبوو، بارزانی بەهۆی ناسراویی کۆنی لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا زۆر ڕێزی لێدەگرت، سێ قۆڵیی موکریانییەکان "کاک هەژارو کاک سەلاح و کاک محەمەد" بۆ ڕێگریی هاتوچۆی بارزانییان دەکرد.

٣- کاک مەلا عەبدولڕەحمان سێفەتاڵەیی خەڵکی سەرشیوی سەقز. ئەم برادەرە خوێنەوار و شاعیر و سیاسییەکی ئازا و ڕاستگۆ بوو لە پێناوی خزمەتی نەتەوەی کورددا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەدەکرد. ئەو ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، ناوچەی بەرپرسیاریەتی سەرشیوی سەقز و دەوروبەری بوو، بەهۆی بیری نەتەوەیشەوە دۆستی نزیکی کاژیک بوو، بەتایبەت لەگەڵ شێخ محەمەد هەرسین شەو و ڕۆژ پێکەوەبوون.

٤- کاک عومەر سادق نگڵی خەڵکی ناوچەی کەلاتەرزان کەسێکی ژیرو گەنجێکی نەترس و بوێر بوو، سەرەتا لە حیزبی شۆڕش هەڵسوڕانی هەبوو، پاش هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە، هاتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.

٥- منیش وەک جەمیل مەردۆخی خەڵکی ژاوەرۆ و دامەزرێنەری یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان و دواتر ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووم، بە هاوکاریی عومەر نگڵیش ماوەیەک بەرپرسی ناوچەی سنە و مەریوان بووم.)

شێخ جەمیل مەردوخی و هاوڕێیانی دەیانویست بە یارمەتی وەرگرتن لە سەلاح موهتەدی و بەتایبەتی مامۆستا هەژار موکریانی دامەزرانـدنی کۆمەڵەکەیان بەگوێی بارزانی بگەیەنن و داوا لە بارزانی بکەن کە وەک ئەندامانی "کاژیک" هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی دەڵێت: (کاک هەژار و کاک سەلاح لە دەرفەت دەگەڕان بە بارزانی ڕابگەیەنن کە شتێکی وا هەیە و داوای پشتیوانی لێ ئەکەین کە چۆن چاوی لە کاژیکە ئاوەهاش چاوی لە ئێمە بێت، بەڵام بەبۆنەی درێژەکێشانی شەڕەوە و

گەڕانەوەی ئێمە بۆ گەلاڵە و دوور کەوتنەوەمان لە بارزانی، ماوەی ئەوە نەبوو ئاگاداری بارزانی بکەین. زیاتر خەتاکە دەکەوتە ئەستۆی کاک هەژار، چونکە ئێمە گەڕاینەوە بۆلای گەلاڵە و چۆمان و کاک هەژار لەگەڵ بارزانی مایەوە، ئەو ئەیتوانی لەو ماوەیەدا مەلا مستەفا لەو مەسەلەیە ئاگادار بکاتەوە و بەداخەوە نەیکرد و لە دواییدا بوو بە بەڵگە بەدەست ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینیەوە و لە ئەنجامدا بەسەرماندا شکایەوە و ئاکامەکەشی بووە هۆی گرتنی ئێمە و گەڕانەوەی کاک سەلاح موهتەدی و کاک محەمەد ئێلخانی زادە بۆ کوردستانی ئێران و قۆڵبەستکردنیان لەلایەن ساواکەوە.)

هەروەک گوتم: ئەوکاتە دوژمن هەموو قورسایی شەڕی خستبووە سەر بارزان. ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٣١ فیرقەی یەکەمی سوپای عێراق بە هاوکاریی جاشەکانی زێباری، سورچی، گۆران، هەرکی، شەرەفانی، ئێزدی، کۆچەر و بەرواریی، لەژێر ئاگری فڕۆکە و تۆپخانەدا، لە چیای پیرس دابەزی و بەرەو بارزان هاتە پێشەوە و شەش پێشمەرگەی شەهید و ٢٧ پێشمەرگەشی بریندارکرد. دوژمن توانی گوشار بخاتە سەر بارەگای بارزانی لە "گەلی دەلاش" و زۆری نەمابوو کە داگیری بکات، بەچەشنێک کە تەنیا ١٥ پێشمەرگە لەگەڵ بارزانی مابوون. پێشمەرگەکان لە پاشەکشەدا بوون، دوژمن لە بارەگای بارزانی تێپەڕی و لەژێر چەتری پشتگیری چەند هێلیکۆپتەردا هێزەکانی لە زێ پەڕاندەوە و ئەمبەر و ئەوبەری زێی بە جاشەکان قایم کرد و بەرەو "بلە" چووە پێشەوە. دوای تاریکبوونی هەوا، بارزانی لە ڕووبەڕووی ڕێزان بە سواری کەڵەک لە زێ پەڕییەوە و لەکاتێکدا کەمتر لە دوو کیلۆمەتر لەگەڵ هێزەکانی دوژمن مەودای هەبوو، گەیشتەوە پێشمەرگەکان[1]. ورەی پێشمەرکان بە تەواوی دابەزیبوو، هەریەکەیان لە جێیەک کەوتبوون، یان خەریکی هەڵکەندنی قەبر و گواستنەوەی بریندارەکان بوون بۆ ئەشکەوتێک کە دوکتۆر مەحمود عوسمان بنکەی تیمار کردنی لێ دانابوو. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٦٣ ئێمە لە ناوچەی بارزان بووین. چونکە مەلا مستەفا لەوێ بوو، حکومەت هەموو گوشارەکانی خۆی خستبووە سەر ئەو ناوچەیە و شەڕی قورس لەوێ بوو. هەر لە سپیلکەوە بگرە تا دەگاتە ناوچەی بارزان شەڕ بوو. حکومەت بەو هیوایەوە بوو لەوێوە کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنێت. شەهید و بریندارێکی زۆرمان هەبوو. منیش لەوێ بووم، خەستەخانەیەکی سەفەرییمان

لە ئەشکەوت دانابوو، لەو ساڵەدا حەوت ئەشکەوتمان لە دەوروبەری چیای شیرین و پیرس گۆڕی. لەگەڵ ڕۆیشتنی شەڕەکە بۆ دواوە و هاتنە پێشەوەی ئەوان، ئێمە ئەشکەوتمان دەگۆڕی. بە تەیارە لێیانــدەداین و بەردەوام تۆپبارانیان دەکردین. سەدان شەهیدمان هەبوو لەگەڵ نزیکەی ٣٥٠ بریندار کە بەبێ بەنج و سڕکردن دەرمانمان دەکردن. وەزعەکە زۆر ناخۆش بوو. بەکورتی دوژمن دەیزانی بارزانی لەوێیە و کورد گوتەنی دەیویست لەوێ سەری مارەکە پان بکاتەوە.) هەروەها ناوبراو لە وتووێژێکی تردا ڕۆژی ٢٠١٥/٢/١٦ لە ماڵی خۆی لە هەولێر، گوتی:

- (شەڕی زۆر قورس لەسەر بارزان بوو، نزیکەی ٣٥٠ بریندارمان هەبوو، ئەوکاتە ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ بارزانی لە شەڕەکاندا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەحمەد تۆفیق جەماعەتێکی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بوو کە یارمەتی ئێمەیان دەدا. ئەوان لە ئێرانەوە بە کۆڵ هاوکارییان بۆ ئێمە دەهێنا و بەشداریی شەڕەکانیان دەکرد. ئەحمەد تۆفیق پیاوێکی زۆر ئازا بوو و وەک پاسەوانێک لە بارزانی نەدەبووەوە و ١٠٠% لەگەڵ مەلا مستەفا بوو.)

بەو هێرشانەی سوپا و جاشەکان بۆسەر ناوچەی بارزان، ئەو ناوچەیە بواری مانەوەی تێدا نەما و ژمارەیەکی زۆر ناوچەکەیان بەجێهێشت. شێخ جەمیل و هەڤاڵانیشی بەرلە دابەزینی دوژمن لە سەری پیرس لە بیرەکەپرانەوە چوون بۆ ناوچەی سۆران و بۆ هێشتنەوەی حیزبەکەیان و پەرەپێدانی، دەستیان بۆ لایەنی بەرامبەر، واتە ئیبراهیم ئەحمەد درێژ کرد کە ئەویش ئاواتی نەمانی بــارزانی بــوو، تەنــانەت ئەگەر بەشــکانی شۆڕشــیش بێــت و بە وتەی خــۆی "تــۆپینی" ئەحــمەد تــۆفیقی دەویســت. لەو بــارەیەوە مەســعود بــارزانی لە پەڕاگرافی ١٧ی، لاپەڕەی ١٣٩ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (کە ئیبرایم ئەحمەد هەواڵی گرتنی ناوچەی بارزانی لە ڕادیۆی حکومەت گوێ لێبوو، بە حوزووری سەلیم فەخری، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان، دارا تۆفیق و کەسانێکی تر بە دەنگی بەرز هاواری کرد: (دەبا بیخوا.) مەبەستی لە بارزانی بوو. ئەمە بۆ دەربرینی خۆشحاڵی بوو بەو شکستە درۆینەی کە ڕادیۆ بڵاویکردەوە.)

تیۆریی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕزگاریی بۆ خەڵک ئەوە بوو کە حیزبی دیموکرات بەرەو مارکسییەت چووە و ئەوان بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕزگاریی

لەناو دڵی حیزبی دیموکراتدا دەیانەوەێ بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد گەشاوە ڕابگرن کە ئەوە وتنێکی ناڕاست بوو. لە ڕاستیدا هۆی مانەوەی ئەو تاقمە لە حیزبدا و بەنهێنی کارکردنیان بۆ حیزبی خۆیان، لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەوان نەیاندەتوانی بەبێ ئەحمەد تۆفیق و پشتگیریی بارزانی لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خەبات بکەن و بەگشتی خەڵکی کورد لە هەردوو بەشی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بارزانییان بە سەرۆک و ڕێبەری کورد دەناسی. هەرچەند لە بەشەکانی دواییدا زیاتر لەو دیاردەیە دەدوێم، بەڵام لەو بارەیەوە سەرنج بدەنە شێخ جەمیل مەردۆخی کە دەڵێت:

**- (لە ساڵەکانی ١٩٥٨-١٩٦٣ و لەوەش بەدوا، هەر حیزبێک لە کوردستان پێکهاتبا پێویستی بە ڕەزامەندی بارزانی هەبوو، بۆ نموونە خودی پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئەو هەموو خوێندەوار و لاگرەی هەیبوو نەیدەتوانی بێ بارزانی کۆنگرەیەک بگرێت. لە کۆنگرەی چوار و پێنجی پارتی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و زۆر لە هاوبیرانی دژی بارزانی بوون، وێڕای ئەوەش بێ بارزانی نەیانتوانی کۆنگرە بگرن و دوایش بە سەرۆکی خۆیان هەڵیانبژاردەوە!! هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بێ مەلا مستەفا بارزانی لە کوردستانی ئێراندا قسەی ڕەوا نەبوو، ڕۆشنبیرانمان هەمیشە داوای پشتگیریی بارزانییان لێدەکردین، هەربۆیە ناچاربووین ڕەزامەندیی بارزانی بۆ کۆمەڵە وەربگرین. بە ئەزمون بۆمان دەرکەوتبوو هەر حیزبێک بارزانی پشتگیریی نەکات ناژی، تەنانەت لە ساڵەکانی ١٩٦٤ تاکو حەفتاکان کادرە خوێندەوارەکانی سەربە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد بە ناوی پارتی ڕاستەقینەوە شەش ساڵ کاریانکرد و جگە لەوەی پەناشیان بردە بەر ئێران و دواتریش عێراق، بەڵام ناکام بوون و دواجار جاڕی هەڵوەشاندنەوەی خۆیاندا.)**

شێخ جەمیل و هەڤاڵانی چەند کۆپییەکیان لە بەرنامە و پرۆگرامی کۆمەڵەی ڕزگاریی بە ڕۆنیوی حیزبی دیموکرات کە مەلا سەید ڕەشید بەرپرسی بوو، بە دزی چاپ کرد و لەنێو خەڵکی سەر سنور و لایەنگرانیاندا بڵاوکردوەتەوە و بەرە بەرە ژمارەیەک لە خزم و دۆستانی خۆیان بەرەو حیزبەکەیان ڕاکێشاوە. بەهۆی سەلاح موهتەدییەوە پێوەندیان بە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارییەوە گرت و چوون بۆ ماوەت و ئیتر نەیانتوانی بۆ هێڵی نەتەوەیی و ئامانجەکانیان هەوڵ بدەن. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل دەڵێت:

- (کاک عەلی عەبدوڵڵا بەرپرسی کارگێڕی مەکتەب بوو، زۆر بەخێرهاتنی کردین و داوای لێکردین لەگەڵ کاک مەلا ئەبوبەکر بین و ئیتر نەگەڕێینەوە بۆلای پشدەر و حاجی ئۆمەران. ئێمە زۆرمان وت و کاک عەلی نەیبیست، وتی کاتێک ئێوە لێرەوە ئەتوانن بچنە ئەودیو کە لە مەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بن. ئێمە بڕیارماندابوو قەبزەیەکی حیزبی چاپ بکەین بەبێ مۆرو بەبێ ئیمزا، بۆ ئەوەش لە رێگەی کاک عەلیەوە داوامان لە پارتی کرد کە وەسائلی چاپی هەبوو قەبزەی ٥ تمەنی تا ١٠٠ تمەنیمان بۆ چاپ بکەن لەژێر ناوی "لیژنەی لێقەوماوانی شۆڕشی کوردستانی عێراق"، ئەویش بەم مەرجانە بۆیکردین:

- کە لە کوردستانی ئێران هاتینەوە لە لیوای سلێمانی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پارتی بمێنینەوە.

- ئەگەر لەگەڵ کاک مەلا ئەبوبەکر نەبین هەر بەناوی حیزبی دیموکراتەوە مقەڕێکمان بۆ بکەنەوە.

- دەستی برد کۆپییەکی پرۆگرامی چاپکراوی کۆمەڵەی دەرهانی و وتی لەمە بکۆڵنەوە بزانە ئەو کەسانە سەر بە چ کۆڕ و کۆمەڵێکن.

ئێمە هەموو مەرجەکانمان پەسەندبوو "مەلا ئەبوبەکر" نەبێت..... ئێمە حەزمان ئەکرد ئەگەر مەکتەب سیاسیی مەجالمان بدات بگەڕێنەوە سونێ بۆ مەقەری حیزبی دیموکرات، ئێمە هەستمان بەو گرفتە کردبوو کە دەشێت ئاشکرابوونی کۆمەڵە بۆمان بێنێتەپێش بەڵام پێموابوو دەتوانین ئەو گرفتە چارەسەر بکەین بەتایبەت ئەحمەد تۆفیق قسەی منی وەرئەگرت، بەڵام مەکتەب سیاسی ئیزنی گەڕانەوەی نەداینێ. زانیمان ئەگەر زۆری لەسەر بڕۆین کێشەکە گەورەتر ئەبێت، وتمان باشە ناگەڕێینەوە بەڵام وەک بەڵێنتان داوە ئەبێت مەقەڕێکی جیاوازمان بۆ بکەنەوە کە پەیوەندیی بە مەلا ئەبوبەکرەوە نەبێت، وتیان باشە. نووسراوێکیان نووسی بۆ سیتەک کە ئازوخەمان بۆ سەرف بکەن لەگوندی "وڵیاوا" بەناوی مقەڕی تۆراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نووسراوەکەمان برد بۆ سیتەک و لەوێش رۆیشتین بۆ وڵیاوا، ئەم گوندە مەکتەبێکی تێدابوو گەنجینەی گەنم و جۆی شۆڕش بوو، لەوێ هۆدەیەکی بەتاڵی تێدابوو کردمان بەشوێنی دانیشتن بەرە بەرە گەنجینەکان چۆلبوون و ئەوانیشمان داگیرکرد. برادەرانی ئەودیو زانیان مەقەرمان کردوەتەوە بەگەرمیی هاتوچۆیان ئەکردین..... بەم جۆرە رۆژ بە رۆژ

برادەرانمان لە زیادبووندا بوون و هەر بەناوی حیزبی دیموکراتەوە ئیشمان دەکرد و هیچ پێویست نەبوو ناوی کۆمەڵە بهێنین.)

سەبارەت بە چالاکییەکانی کۆمەڵەی ڕزگاریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، مەلا عومەر عەسری هەم لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ من و هەم لە وتارێکیدا کە ڕۆژی ١٣٨٦/١٢/٢ لەژێر ناوی "کۆمەڵەی ژ. ک و کورتەی بەشێک لە ڕووداوەکانی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" بڵاویکردوەتەوە، سەبارەت بە کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان دەڵێت: (شێخ جەمیل مەردۆخ، سەلاح موهتەدی "مستەفا" محەمەد موهتەدی "کاوە"، مەلا ڕەحمانی سێڤە تاڵەیی، مەلا عومەری نگلی و چەند کەسی دیکە کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستانیان دامەزراند و منیش پاش دوو جار سەفەر بۆ باشوری کوردستان و دانیشتن و قسە و ڕاوێژ کردن لەگەڵ ڕەفیقانی ئەوێ بڕیارماندا لەوە و بەدوا بە ناوی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان کار بکەین کە پێشتر هەموومان ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووین و بەم جۆرە منیش یەکێک بووم لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە. لە بەفرانباری ساڵی ١٣٤٢ من پرۆگرامی کۆمەڵەم برد بۆ تاران و لەگەڵ ڕەحمان شەریف زادە، عەلی حەسەنیانی، عەلی کامەران، "کەلباسی"، سوارە ئێلخانی زادە، سمایلی شەریف زادە، ئەحمەد موفتی زادە، حەسەن قازی، عەلی بوداغی و.... "ئەو دوو کەسەی ئاخر ئەوکاتە خوێندکار نەبوون." کۆمیتەیەکی کاتیمان بەنێوی "کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان" دامەزراند. ئەو کۆمەڵەیە یەک دوو ساڵ لە ناوچەکانی بانە، سەردەشت و بۆکان درێژەی بە خەباتدا و پاشان لەبەر فشاری زۆری ئەحمەد تۆفیق و کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلول و دوورکردنەوەی مەکتەبی سیاسی و نەبوونی هیچ دەرەتانێک بۆ مانەوە لە باشور و کارکردنی سیاسی، توشی هەڵوەشان و لێک دابڕان بوو. زۆربەمان بە ناچاری هاتینەوە بۆ ئێران و ژێر چنگی ساواک. من خۆم پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر ٢- ٣ ساڵ بە تاوانی کوردایەتی و یارمەتی کردن بە بارزانی و شۆڕشی ئەیلول ئازار درام.)

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات لەهەر هەلێک کەڵکیوەردەگرت کە بەرەی بارزانی و حیزبی دیموکرات لاواز بکات. لەلایەک دەرەتانی بۆ مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی ڕەخساندبوو کە دژی حیزبی دیموکرات کاربکات و لەلایەکی تردا هاوکاریی قادر شەریف و سەعید کوێستانیی دەکرد کە کادیرە ناڕازییەکانی حیزبی دیموکرات، لە ئەحمەد تۆفیق بکەنەوە و دوای نزیکبوونەوەی ئەندامانی

کۆمەڵەی ڕزگـاریی لە خۆیـان، خەریکبـوون تۆراوەکـانی حیزبـی دیمـوکرات- ئەوانەی ئامادە نەبوون لەگەڵ مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی بکەون- لەگەڵ سەلاح مـوهتەدی بکـاتە هاوپەیمـان. لەو بـارەیەوە سـەعید کـاوە "کوێسـتانی" لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(ساڵی ١٩٦٤ من و حوسێن مەدەنی لە قەڵادزێ چاومـان بە مـام جەلال کەوت، نـاوبراو پێیـداگرت بچینە مـاڵی سـەلاحەدین موهتەدی لە قەڵادزێ.)**

سەرئەنجامی ئەو باڵ باڵێنە، هەڤاڵانی موهتەدی بە هاوکاریی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە گوندی "وڵیاوا" لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی مەکتەبی سیاسیی مقەڕێکیان دانا. لە هەمانکاتیشدا لەو ترسە کە نەکات لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبـی دیمـوکرات توشـی شـەڕ بـن، نەیاندەویست لە حیزبـی دیمـوکرات دوور بکەونەوە. لەبەر ئەوە، شێخ جەمیل و مەلا عەبدولڕەحمان چوون بۆ سەنگەسەر و لەگەڵ ئەحـمەد تۆفیـق و سـلێمان مـوعینی دانیشـتن کە ئەوان دژی خۆیـان نەوروژێنن. لەو بارەیەوە شێخ جەمیل دەڵێت:

- (چـووین بـۆ سەنگەسـەر و ٢٠ ڕۆژمـان پێچـوو، لەگەڵ ئەحـمەد تۆفیـق و مـوعینی دانیشتین وەعدیانـدا نەیەنە سـەرمان، بۆخۆمـان لە وڵیـاوا دانیشـین هەتا بارودۆخەکە ئەکەوێت بەلایەکدا، ئەوکات مقەڕەکەی وڵیـاواش ئەکەینە بنکەیەکیتر و ئێمە بەڕێوەی دەبەین، داواشمانکرد مواجەهەی بارزانیمـان بـۆ وەرگـرن هەتـا ئەویـش لەو بەڵێـنە ئاگاداربێـت، زۆر مـاینەوە دیـاربوو ئەوان حەزیان نەدەکرد بارزانی ببینین لەوە دەترسـان گەر بـارزانی ببینـین ڕێگەی پیلانگێڕانیان بۆ نەمێنێتەوە، ئێمە لەسەر ئەو بەڵێنە گەڕاینەوە بۆ وڵیاوا.

هەر لەسەنگەسەر بۆمان دەرکەوتبوو کە بـارزانی زۆر لە مەکـتەب سیاسـی تورەیە، ئەحمەد تۆفیق و موعینیش ئەمەیان زانیبوو زۆر دڵخۆش بـوون، وایـان بیرکردبۆوە کە ئەگەر مەکتەب سیاسی لاواز بێت لێدانی ئێمە بۆ ئەوان ئاسان دەبێـت، هەتـا دەشـهات نێـوانی بـارزانی و مەکـتەب سیاسـی دژوارتـر دەبـوو، لەکاتی گەڕانەوە لە مەکتەب لاماندا، ئەمجـارە مەکتەب زۆر قەرەبـاڵغ بـوو، شـەو بـوو لە ژوورێـک ئەم بەڕێـزانە کۆببـوونەوە: ئیبـراهیم ئەحـمەد، نـوری شـاوەیس، عەلـی عەبـدوڵڵا، سـەید عەزیـز شـەمزینی. لە دەرەوەی ژوورەکەش جەلال تاڵەبـانی بە کـزییەکەوە لەسـەر کورسـییەک دانیشـتبوو شـتێکی ئەنووسی.... سەفەرەکەی خۆمان بۆ گێڕانەوە و زۆریش پاڕاینەوە کە هەرچۆن بووە ئەم عاجزییەی نێوان مەکتەب سیاسی و بارزانی نەگاتە شەڕ و کوشتار.

دیاربوو هەر کاک ئیبراهیم قسەکەر بوو، لە وەڵامی قسەکانی ئێمەدا وتی: "جارێکی تر سەر بۆ مەلا مستەفا دانانەوێنم وە لێرەش واتە لە ماوەت ڕادەوەستم هەتا جامانەسوور ئەگەنە ئێرە و شەڕیان لێرە لەگەڵا ئەکەم، مەلامستەفا وەک قەڵایەک ئاغا و عەشیرەتی بەخۆیەوە هەڵواسیوە بۆ ئەوە نابێت بەهیچ جۆرێک لەگەڵی دانیشم ، لەگەڵ جەمال گۆرسێل و شای ئێران ئەبم لەگەڵ مەلامستەفا نابم."

زانیمان قسەکانی ئێمە جێگا ناگرێ، پێمانوتن کە لە قسەکانی ئەحمەد تۆفیق و موعینییەوە وادیار بوو کە ئەگەر ملکەچی بارزانی نەبن دێتە سەرتان ئەوە ئێوە دەتوانن بڕۆن بۆ ئێران ئەی ئێمە چیبکەین؟! وتیان ئەگەر هاتەسەرمان خەبەرتان ئەکەین!! زۆری پێنەچوو پۆل پۆل پێشمەرگە ڕویانکردە سەنگەسەر و مەکتەب سیاسیان بەجێ ئەهێشت، لە شەڕێکی یەک دوو ڕۆژەدا تاقە پێشمەرگەیەکی سەربە پارتی نەمایەوە و هەموو پەیوەندیانکرد بە بارزانییەوە، سەرانی پارتیش بە ناچاری خۆیان تەسلیمی ئێران کرد و ساحە چۆل بوو.)

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان بەبێ لێکدانەوەی هەلومەرج و ڕووداوەکان، توشی هەڵەیەکی مەزن ببوون، لەلایەک بەناوی حیزبی دیموکرات لە باشوری کوردستان بوون و لەلایەکی تردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان خەباتیان دەکرد. ئەوان بەو هەڵوێستە دوولایەنەیان ئاژاوەیان خستە ڕیزی ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە تاران و شار و دێهاتەکانی ناوچەی موکریان و لە ئاکامدا دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" بە کێشە و ئاژاوەی نێو حیزبی دیموکراتی زانی کە لە بەشەکانی دواییدا ئاماژەی بۆ دەکەم. جگەلەوە موهتەدی و ئێلخانی زادە هاوڕێیانیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ئێران کە ساواک گرتنی و کۆمەڵەی ڕزگارییش نەما. لەو بارەیەدا شێخ جەمیل دەڵێت: **(کاک سەلاح و کاک محەمەد یەکیانگرتەوە و گەڕانەوە کوردستانی ئێران و خۆیان بەدەستەوەدا، بەمجۆرە کۆتایی بەتەمەنی کۆمەڵەی ڕزگاریش هات!!)**

---

١- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، نوسینی مەسعود بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥، لاپەڕەی ١٣٦.

## دوو بنکەی نوێی حیزبی دیموکرات لە زینوێی شێخی و سونێ

لە نیوەی دووەمی مانگی ئاگۆست "ئاب"ی ١٩٦٣ کە ناوچەی بارزان لە گرمەی شەڕدا بوو، سلێمان موعینی لە گوندی بیرەکەپرانەوە گەڕایەوە بۆ چیای برادۆست کە لەگەڵ کادیر و پێشمەرگەکانی ئەو جێیە، بچن دوو مقەڕی نوێ بۆ حیزب دانێن. دوای کۆکردنەوەی مقەڕی حیزبی دیموکرات لە سنوری دەستکردی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی بانە، لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتەوە کە پێشتر ئاماژەم بۆ چەککردنی کرد، ئەوە یەکەم جار بوو، حیزبی دیموکرات مقەڕی لە سەرسنور دادەنا. حەسەن ڕەستگار و ئەو ژمارە کادیر و پێشمەرگانەی لە چیای برادۆست بوون لەگەڵ سلێمان موعینی بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێکەوتن و چوون بۆ "جوندیان". لەوێ کار و بەرپرسایەتیان دابەشکرد و لە دوو گروپدا بەرەو زێنوێی شێخی و سونێ بەڕێکەوتن. گروپی یەکەم بە سەرۆکایەتی حەسەن ڕەستگار مقەڕێکیان بۆ حیزب لە زینوێی شێخی دانا. لەو بارەیەوە ڕەستگار لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٦ لە کۆیە پێی گوتم:

- (من کە زیندانم بینیبوو، هەندێک لە ئەوانی تر بە ئەزموونتر بووم، بە هەڤاڵانم گوت شەڕ گەرمە و ئێمە سەرباری شۆڕشین و باشترە خۆمان لە نزیک سنوری ئێران بنکەیەک بۆخۆمان بکەینەوە. پێشنیازەکەم جێیگرت و ئەحمەد تۆفیق پێی خۆشبوو و بارزانیش قبوڵی کرد. شارەدێی دیانان لە دەست هێزەکانی دوژمندا بوو، ئێمە بە دەرەوەی دیانادا چووین بۆ جوندیان، وەهاب ئاغا لەوێ بنکەی هەبوو، لەوێ لەگەڵ خواردنەوەی چایی لای ناوبراو، کارمان دابەشکرد و بووین بە دوو دەستە، بۆ دانانی دوو بنکە. من کرام بە بەرپرسی بنکەی زینوێی شێخی و لەگەڵ سەید فەتاحی نیزامی، فەتاح قادری، قادر قازی "مامەند"، سەعید سقلی و چەند پێشمەرگەی تر کە بەگشتی ١٠ کەس بووین، چووین بنکەمان دانا و کاک سلێمانیش بوو بە بەرپرسی بنکەی سونێ و ئەویش لەگەڵ ڕەسوڵ پێشنماز و ژمارەیەکی تر چوون بۆ دانانی بنکە لەو جێیە. دیارە ئەوکاتە حوسێن مەدەنی لەگەڵمان نەبوو.)

دانانی بنکە لە زینوێی شێخی بەبێ گرفت ئەنجامی گرت. سەعید کوێستانی کە ماڵی لە خوێندنگەی گوندەکەدا بوو، ئەوێی بۆ بنکەی حیزب چۆلکرد، بەڵام دانانی بنکە لە سونێ هەندێک کێشەی بەدوادا هات کە ئەویش

بە فەرمانی بارزانی چارەسەرکرا. لەو بارەیەوە ڕەسوڵ پێشنماز لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٩ لە شارۆچکەی دوکان پێی گوتم: (بارزانی ڕازی بوو ئێمە خۆمان بچین لە سەرسنوری ئێران لە سونێ و زینوێی شێخی مقەڕ دانێین. دوو نامەی بۆ عەزیز ئاکرەیی و کافی نەبەوی نوسی کە یارمەتیمان بکەن. چونکە عەزیز سورمێ لەوێ بەرپرس بوو، ئاکرەیی نامەیەکی بۆ ناوبراو نوسی و ئەو یارمەتی کردین. سونێ لەژێردەستی مەکتەبی سیاسیی دابوو و ئەوان ڕازی نەبوون کە ئێمە مقەڕی لێ دانێین، بەڵام هەرچۆنێک بوو، بە ئەمری بارزانی مقەڕمان دانا. سلێمان موعینی بەرپرسی مقەڕی سونێ بوو. من و ڕێبواری خەڵکی ئالانی سەردەشت، محەمەد هەڵمەت کە لە بزووتنەوەی ٤٦-٤٧دا گەڕایەوە بۆ ئێران و چەکی بۆ ڕژێم هەڵگرت، لەگەڵ چەند کەسێکی تر لە مقەڕی سونێ بووین. دوای ماوەیەک کە ئێمە لەسەر گەڕانەوە بۆ وڵات ساخ بووینەوە، سلێمان مقەڕەکەی بە ڕێوفی مەلا حەسەنی سپارد، ئەحمەد تۆفیق زیاتر بە کاروباری شۆڕش دەگەیشت و سلێمان کارەکانی حیزبی بەڕێوەدەبرد.)

دوای کردنەوەی مقەڕ لە سونێ و زینوێی شێخی، بارزانی هەندێک کاریی نامەگەیاندن و پێوەندییەکانی خۆی بە حیزبی دیموکرات سپارد. کاتێک ئەو گروپە لە چیای برادۆست بوون و شەڕ دەستی پێکرد، بارزانی ژمارەیەکی نامە بۆ جەلال تاڵەبانی، شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، ڕەشیدخانی بانە و چەند ئاغای تر ئامادە کرد. نامەکانی بە ئەحمەد تۆفیق سپارد کە بەهۆی ئەندامانی حیزبەوە، بیانگەیەنێت. لەو بارەیەوە حوسێن مەدەنی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٦ لە ماڵی خۆی لە کۆیە، پێی گوتم:

- (بارزانی چوو بۆ بارزان و ئەحمەد تۆفیق و سلێمانیشی لەگەڵ چوون، سلێمان گەڕایەوە و نزیکەی ٢٠ نامەی بارزانی پێبوو، من دیاری کرام ئەو نامانە بگەیەنم. نامەکان پێچرابوونەوە، هی مام جەلال، شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، حەمەڕەشید خانی بانە و ئاغاکانی دۆستی شۆڕش بوون. نامەکانم برد بۆ گوندی مالومە کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێ بوو. ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس و ژمارەیەکی تریش لەوێ بوون. لەوێ چاوم بە مەلا ئاوارە و عەلی برام کەوت، عەلی ساڵێک بەرلەمن هاتبوو بۆ باشور و بەناوی خوازراوی عەلی دڵسۆز لە چەمی ڕێزان پێشمەرگەی مام جەلال بوو. سێ ڕۆژ لەوێ مامەوە، ئیبراهیم ئەحمەد بۆ گەیاندنی نامەکان عەلی برامی لەگەڵ خستم. گوتی: "مەلا مستەفا بۆ دەست هەڵناگرێ، ئێمە هەموو ئەو

دەرەبەگانەمان تۆپاندوە. هەروەها ئیبراهیم ئەحمەد هێرشی کردە سەر ئەحمەد تۆفیق و گوتی ئاژاوەگێڕە و ڕۆژنامەی دیسان بارزانی بڵاوکردوەتەوە و هێرشی کردوەتە سەر ئێمە و من سەری پان دەکەمەوە." شۆڕشی ئیبراهیم ئەحمەد شۆڕشێکی جوتیاریی و ماویی بوو، دەیویست دەسەڵات لە ئاغاکان بستێنێ و لە گوندەکاندا شورای دامەزراندبوو. نامەی شێخ لەتیفمان لە ئاسن ئاوا گەیاند، زۆری پێخۆشبوو و بەنامەکە بوژایەوە، یارمەتیدام بگەمە لای حەمەڕەشید خان لە داروخان و ئەویش بەنامەی بارزانی خۆشحاڵ بوو و گوتی: "بەڵێ مام جەلال دەیویست بە ٢٠٠ پێشمەرگە وەسەرم پەڕێ، جا ئەم جارە پیاوم دەوێ." نامەکانم گەیاند و گەڕامەوە بۆ سونێ و دەیتم هاوڕێیانم مقەڕیان داناوە. لە خەلانی زێنوێی شێخیش مقەریان لە مەدرەسەی گوندەکە دانابوو. من و مەلا ڕەسوڵ و ژمارەیەکی تر لەگەڵ سلێمان موعینی بووین.)

جگەلە حوسێن مەدەنی، حەسەن ڕەستگاریش لە مقەڕی زینوێی شێخییەوە چەند نامەی شێخ ئەحمەد و بارزانی گەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا بە سەلیقەی خۆی سی دەزگا چەرخی بەرگدرونی لە مقەڕەکەی دانا و بەرگی پێشمەرگەیان درو. لەو بارەیەوە ڕەستگار دەڵێت: (لە بنکەی زینوێوە ناردم لە شنۆ سێ چەرخی بەرگدرون و هێندێک قوماشی بەرگی پێشمەرگەیان بۆ هێناین و دەستمان کرد بە درونی جلوبەرگی پێشمەرگە و ژمارەیەکی زۆرمان بەرگی پێشمەرگە درو و بڕیارماندا کە بیدەین بە پێشمەرگەکانی بارزانی. ڕۆژێک عەقید کافی داوای بەرگی پێشمەرگەی کرد کە من ٤٠ دەستم بۆ نارد.)

ڕەستگار هەروەها بەهۆی فەتاح قادری و کاکە ڕەزای ماسوێ و برایساڵح لاجانی و شێخ عوبەیدولای زینوێ دوو نامەی شێخ ئەحمەدی بە سەفارەتخانەکانی ئەمریکا و ڕوسیا گەیاندوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (لە شەڕی پیرسدا، شێخ ئەحمەد دوو نامەی بۆ سەفارەتی ئەمریکا و ڕوسیا نوسیبوو کە یارمەتیان بکەن و ڕێگە لە بۆمبارانی کوردستان و هێرش بۆسەر بارزان بگرن. ئەحمەد تۆفیق ئەو دوو نامانەی دابەمن کە بیانگەیەنم. فەتاح قادری یەکێک لە نامەکانی برد بۆ کاکە ڕەزای ماسوێ کە ئەو بیگەیەنێت و ئەویتریان برای ساڵح لاجانی بردی بیدات بە شێخ عوبەیدولای زینوێ کە ئەو نامەکە بگەیەنێت.)

جگەلەو چەند چالاکییە، سلێمان موعینی کە خۆی بەرپرسی بنکەی سونێ بوو، لە کۆتایی مانگی هەشتەمی ساڵی ١٩٦٣دا کە لە ناوچەی بارزان شەڕ بوو،

لەگەڵ ڕەسوڵ پێشنماز، مینە شەم، عەبدول نستانی و کەریم نستانی بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکانی سەردەشت، مهاباد، بۆکان و بانە و لە هەندێک گوند قسەی بۆ خەڵک کردوە، یارمەتی کۆکردوەتەوە و دوو ڕێکخراوی بۆ حیزب دامەزراندوە و بەرلە کۆتایی شەر لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٦٣دا گەڕاوەتەوە. لەو بارەیەوە ڕەسوڵ پێشنماز لە وتوویژێکی تایبەتدا، ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٩ لە ماڵی خۆی لە شارۆچکەی دوکان پێی گوتم:

- (جارێک سلێمان موعینی، مینە شەم، عەبدول نستانی، کەریم نستان و من جەولەیەکمان بۆ ناوچەکانی سەردەشت، مهاباد، بۆکان و بانە کرد و ئەندامان و لایەنگران و زیندانییە ئازادکراوەکانی حیزبمان بەسەر کردەوە. سلێمان لە هەندێک شوێندا قسەی بۆ خەڵکی گوندەکان دەکرد و پیتاکمان "یارمەتی" کۆدەکردەوە. سلێمان داوای لە ئەندامانی حیزب کرد کە زکاتی ساڵانەمان بۆ کۆبکەنەوە کە خەڵکەکە ئەو داوایەیان بەجێگەیاند. لە گەشتەماندا مینە شەم لە گوندی گاگەشی ناوچەی مهاباد نەخۆش کەوت و یەکێک لە ئەندامانی حیزب بە ناوی مەلا مینە، ئەوی بۆ چارەسەریی برد بۆ تەورێز. لەو گەشتەدا دوو کۆمیتەمان بۆ حیزب دامەزراند. یەکەمیان کۆمیتەی بوڵفەت بوو بە سەرۆکایەتی مەلا نەجمەدینی ئاڵوەتان و ئەویتریش کۆمیتەی گۆڕموسا بوو کە مەلا حەسەنی گوندی نێوەژ بەرپرسی بوو. هێشتا شەر تەواو نەببوو کە ئێمە گەڕاینەوە.)

دوای گەڕانەوە سلێمان موعینی و پێشمەرگە هاوڕێکانی، حەسەن ڕەستگار بۆ گەیاندنی وەڵامی دوو نامەی بارزانی بۆ شێخ محەمەدی کوڕی شێخی بورهان، چووەتە ئەو جێیە لەنێوان مهاباد و بۆکان. لە گەڕانەوەدا ناوبراو دەبینێ شەڕی بارزان بەکۆتا هاتووە و بارزانی و ئەحمەد تۆفیق پەڕیونەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە سەنگەسەر جێگیربوون و ئەحمەد تۆفیق بنکەیەکی نوێی بۆ حیزب لە سەنگەسەر داناوە. هەروەها سلێمان موعینی بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری حیزب، بنکەی سونێی بەجێهێشتوە و ڕێئوفی مەلا حەسەنی بەرپرسایەتی بنکەی سونێی وەرگرتوە. ڕەستگار لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (نزیکەی ساڵێک لە بنکەی زینوێی شێخی بووم. زستان بوو کە ئەحمەد تۆفیق بۆ جاری دووەم هات و دوو نامەی بارزانی بۆ هێنام کە وەڵامی بارزانی بوون بۆ نامەی شێخ محەمەدی کوڕی شێخی بورهان لەنێوان مهاباد و بۆکان.

من نامەکانم برد و لە گەڕانەوەدا زانیم بارزانی پەڕیوەتەوە ناوچەی سۆران و لە گەڕانەوەیدا سەردانی بنکەی ئێمەی کردوە و ئەو بەرگانەی لەوێ مابوون، وەک بزانم ٦٠ دەست بوون، پێشمەرگەکان دابوویانن بە پێشمەرگەکانی بارزانی.)

دوای پەڕینەوەیان بۆ ناوچەی سۆران، بارزانی لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕێکانی لە هێزی تایبەت و مەسعود بارزانی، گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتی بەسەر کردوەتەوە و کاتێک لە ڕێگای شێخانەوە بەرەو حاجی ئۆمەران لە ڕێدا بووە، بەهۆی مەسعود بارزانییەوە بە ڕووداوی تیرۆری "جۆن کەنەدی" سەرکۆماری ئەمریکای زانیوە. بەو بۆنەیەوە بروسکەیەکی پرسە و سەرەخۆشی نوسیوە و بە ئەحمەد تۆفیقدا گەیاندویەتە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٥٤ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٦٣/١١/٢٣ بارزانی خەریکبوو لە شێخانەوە بچێ بۆ حاجی ئۆمەران کە ڕادیۆم کردەوە، هەواڵی کوشتنی "جۆن کەنەدی" سەرکۆماری ئەمریکای بڵاوکردەوە. چووم هەواڵەکەم بە بارزانی ڕاگەیاند. بارزانی ناردی بەدوای ئەحمەد تۆفیق سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەبۆنەی کوژرانی کەنەدی، بروسکەیەکی پرسە و سەرەخۆشی نوسی و دای بە ئەحمەد تۆفیق کە لە تاران بە باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بگەیەنێت.)

# لێکدابڕان لە حیزبی دیموکرات دا

پێشتر گوتم ئەحمەد تۆفیق لەو سەردەمەدا پتر بە کاروباری شەڕ و هاوکاریی کردن لەگەڵ بارزانی ڕادەگەیشت و سلێمان موعینی کاروباری حیزبی دیموکراتی بەڕێوەدەبرد. دوای جێگیر بوونی ئەحمەد تۆفیق لە سەنگەسەر و دانانی بنکەیەکی نوی بۆ حیزب لەو جێیە، ڕئوفی مەلا حەسەنی نارد بۆ سونێ کە ئەرکی بەرپرسایەتی بنکەی سونێ لە ئەستۆ بگرێ و سلێمان موعینی هات بۆ بنکەی سەنگەسەر. لە ڕاستیدا بنکەی سەنگەسەر، لەو سەردەمەدا بارەگای سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەد تۆفیق و حەسۆ میرخان ژاژۆکی بە ئەمری بارزانی لەوێ بنکەیەکی کۆمەڵایەتیان بۆ شۆڕش دانابوو[1] کە بە کاروباری کۆمەڵایەتی خەڵکی ناوچەکە بگەن و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن. ڕەسوڵ پێشنماز کە لەو سەردەمەدا بەبێ زانیاریی و لێکدانەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی قادر شەریفو سەعید کوێستانی، لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بەلاریدا کەوتووەو بیانووی پێدەگرت و بە وتەی خۆی ناوی مەحکەمەی کەردزینی لەسەر ئەو بنکە کۆمەڵایەتییەی شۆڕش دانابوو کە ئەو هەڵسوکەوتەی ناکۆکی لەنێوان ئەو و ئەحمەد تۆفیق لێ پەیدا بوو، بەڵام دەوروبەرەکەی ئاشتیان دەکەنەوە. لەو بارەیەدا ڕەسوڵ پێشنماز لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٩ لە ماڵی خۆی لە شارۆچکەی دوکان، گوتی:

- (دوای تەواوبوونی شەڕ، بارزانی پەڕییەوە بۆ ئەم بەرە و لە ماڵی سەید حاجی کەڵەوی لە سەنگەسەر مقەڕی دانا و ئەحمەد تۆفیقیش مقەڕێکی بۆ ئێمە لە سەنگەسەر دانا. جگەلەوە ئەحمەد تۆفیق و حەسۆ میرخان ژاژۆکی لەوێ مەحکەمەیەکیان دانا کە بە کاروباری کۆمەڵایەتی وەک چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکە بگەن کە ئێمە ناوی مەحکەمەی کەر دزینمان لەسەر دانا و ئەوەش کێشەی بۆ ئێمە دروستکرد. من دژی ئەحمەد بووم، بەڵام ئاشتیان کردینەوە، قادر شەریف و سەعید کوێستانی دەستیان لە هاندان و کێشەکاندا هەبوو.)

دوای ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، مەلا ڕەسوڵ دڵی ئارام نەبووەوە و لە هەلێک دەگەڕا کە بتوانێ ئەحمەد تۆفیق ئازار بدات، بەڵام ناوبراو بواری پێنەدەدا و بە هێمنی لەگەڵی دەجوڵێتەوە. لەبەر ئەوە، مەلا ڕەسوڵ لە جەولەیەکیدا لەگەڵ ٧- ٨ پێشمەرگە بۆ بنکەی سونێ کە ڕئوفی مەلا حەسەنی بەرپرسی بوو، بیانوو بە پێشمەرگەکانی ئەو بنکەیە دەگرێ و لەوێ لە حەسەن ئیسحاقی برازای ئەحمەد تۆفیق دەدات و دمولوتی پڕدەکات لە خوێن. ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (دوای ئەو ڕووداوە،- مەبەست ڕووداوی سەنگەسەر- من لەگەڵ جەعفەر کەریمی، سەید فەتاح و بەگشتی ٧- ٨ کەس چووین بۆ مقەڕی سونێ، من لە بیانوو بووم، داوای زێتم کرد، حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق گوتی: نیمانە. گوتم برادەرینە من بە شاهیدی ئێوە، ئەم کۆڵەپشتیانەی هەڵواسراون، دەگەڕێم ئەگەر زێتیان تێدا نەبوو، ئەوە دەڕۆین، بەڵام ئەگەر زێتیان تێدابوو، دەبێ ئێوە ئەم مقەڕە بەجێهێڵن. هەموو بێدەنگ بوون. کە یەکەم کۆڵەپشتی گەڕام، ٢ یان ٣ زێتی تێدابوو، من قسەی سوکم بە ئەحمەد تۆفیق گوت، پێشمەرگەیەک بە ناوی محەمەد خەڵکی گوندی دەلاوانی نزیک زینوێی شێخی کە بڕنویەکی درێژی پێبوو، هاوکات لەگەڵ لە چەخماخدانی، جنێوی بە مندا و منیش لەو و لە حەسەن برازای ئەحمەد تۆفیقم دا و جگەلە ڕئوفی مەلا حەسەنی، ئەوانی ترم لە مقەڕەکە دەرکرد. حەسەن بە دمولوت و سەرسنگی خوێناوی دەچێت بۆلای ئەحمەد تۆفیق لە سەنگەسەر. ئەحمەد تۆفیق بۆ یەکەم جار بوو کە بچێ شکات بکات، ئەو حەسەنی بردبووە لای مەلا مستەفا. لە ئەنجامدا بەیانی ڕۆژی دوایی، چەند پێشمەرگەی بارزان و چەند پێشمەرگەی حیزبیان ناردبوو کە ئێمە بگرن، بەڵام بەرلە گەیشتنیان، سلێمان موعینی خۆی گەیاندە ئێمە و ئێمەی بە ڕێگای دیلەومێرتک دا کە گوندی مامەشان بوون، گەیاندە قەڵادزێ و توشی ئەو ژمارەیە نەبووین کە لە سەنگەسەرەوە هاتبوون.)

هەرلەو بارەیەوە حەسەن ڕەستگار دەڵێت: (دوای گەڕانەوەم بەگشتی لەسەر ڕەسوڵ پێشنماز، کێشەم لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لێ پەیدابوو. ڕەسوڵ لە پێشمەرگەیەکی دابوو، شکاتیان لێکردبوو و بارزانی ئەمری گرتنی دەرکردبوو. من لەگەڵ فایق چوومە لای بارزانی و گوتم ئەوەی بۆ ئێوەیان گێراوەتەوە، ڕاست نییە و نەقڵەکەم بۆ گێراوە. بە بارزانیان گوتبوو، ڕەسوڵ بە پیلانی مەکتەبی سیاسی چووە بنکەی سونێ چەک بکات.)

دوای ئەو ڕووداوانە، بارزانی لەگەڵ ئەو چەند کەسەی کێشەیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق هەبوو، کۆبۆوە تا بەشێوەیەک کۆتایی بە کێشەکانیان بێنن، تەنانەت ئەگەر بە پێکهێنانی کۆنفرانسێکی حیزبی و هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتییەکی نوێ بێت بۆ حیزبی دیموکرات و لە جیاتی ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، مەلا باقی و ڕئوفی مەلا حەسەنی کە ئەوکاتە بەناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتدا حیزبیان بەڕێوەدەبرد. لەو بارەیەدا ڕەسوڵ پێشنماز دەڵێت:

- (دوای ئەو ڕووداوە بارزانی لەگەڵ حەسەن ڕەستگار، سەعید کوێستانی، قادر شەریف، حوسێن مەدەنی و من کۆبۆوە. ئێمە بەو مەبەستە چووبووین کە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ئاشت بینەوە، بەڵام ڕەخنەی زۆرمان لێگرت، باسی شێوازی نا دروستی بەڕێوەبردنی حیزبمان کرد و بارزانیش گوێی لە ئێمە گرت و دواتر ئەحمەد تۆفیقی بانگ کرد کە ئەویش قسەی خۆی بکات. ئەحمەد تۆفیق بە تەنیا و ئێمەش هەموو لایەک بووین. دوای ئاشتبوونەوەمان قەرار بوو بچین لە سونێ کۆنفرانس بگرین. سەعید کوێستانی لە قسە کردندا، بە بارزانی گوت ماملۆستا، بارزانی داوای لێکرد ناوی مامۆستای بۆ بەکار نەهێنێ. جاری دووەم دیسان پێیگوت مامۆستا کە بارزانی وەڵامی دایەوە: پێم مەڵێ مامۆستا و جاری سێیەم دیسانیش گوتی مامۆستا کە بارزانی توڕەبوو، گوتی سێ جارت گوت مامۆستا، دەبێ سێ هەیوە بگیرێی. سەعید کوێستانی بەجێما و ئێمەش گەڕاینەوە. جەژن بوو، حوسێن مەدەنی و مامەند قازی چوون بۆ بەردانی سەعید کوێستانی. بارزانی زۆر بەحورمەتەوە وەریگرتبوون و سەعیدی بەردا و بە هەرکامەشیان دە دیناری دابوو.)

هەرلەو بارەیەوە حەسەن ڕەستگار دەڵێت: (دوای ئەو دیدارەم لەگەڵ بارزانی، لە ڕاستیدا نە ئەحمەد تۆتیق ڕازی بوو لەگەڵ ئێمە دانیشێ و نە ئێمەش ڕازی بووین لەگەڵ ئەو دانیشین و ئەوە بوو لەگەڵ ڕەسوڵ، حوسێن مەدەنی، سەعید کوێستانی چووین لەگەڵ بارزانی کۆببینەوە کە لە قەڵادزێ، قادر شەریفیش خۆی لەگەڵ ئێمە خست. ئێمە باسی شێوازی بەڕێوەبردنی حیزبمان کرد و بارزانیش گوێی لە ئێمە گرت و دواتر ئەحمەد تۆفیقی بانگ کرد کە بێ و ئەویش قسەی خۆی بکات. ئەحمەد تۆفیق لە وەڵامی ئێمەدا گوتی: "من کوردایەتی دەکەم و حیزبایەتی ناکەم." ئێمە زۆرمان پێناخۆشبوو، ئەوکاتە هەموو هیوای ئێمە حیزب بوو، بۆ حیزب گیرابووین. لە حیزبدا

سیستەم و کاری ڕێکخراوەیی نەبوو و ئێمە پێمانوابوو حیزب دەبێ خاوەن ڕێکخراوی بەهێز بێ و کۆبوونەوە بگرێ و کارەکان بە هاوبەشی بەڕێوەبچن کە ئەوانە لە حیزبدا نەبوون. لەوێ شەڕەکە بوو بە شەڕی ئێمە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و ئێمە بەتێکڕا لایەک بووین و ئەحمەد تۆفیق بە تەنیا. سەعید کوێستانی لە قسە کردندا، بە بارزانی گوت مامۆستا، بارزانی داوای لێکرد ناوی مامۆستا بۆ ئەو بەکار نەهێنێ. جاری دووەم دیسان پێیگوت مامۆستا کە بارزانی وەڵامی دایەوە: پێم مەڵی مامۆستا و جاری سێیەم دیسانیش گوتی مامۆستا کە بارزانی توڕەبوو، گوتی سێ جارت گوت مامۆستا، دەبێ سێ مانگ بگیرێی. سەعید کوێستانی بەجێما و کێشەکەی ئێمەش توند بوو و گەڕاینەوە. جەژن بوو، گوتیان بچۆ بۆلای بارزانی، من نەچووم و حوسێن مەدەنی و مامەند قازی چوون. بارزانی زۆر بە حورمەتەوە وەریگرتبوون و سەعیدی بەردا و بە هەرکامەشیان دە دیناری دابوو. ئەوکاتە دە دینار پارەیەکی زۆر بوو.)

هەرلەو بارەیەوە حوسێن مەدەنی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٦ لە ماڵی خۆی لە کۆمەڵگای حیزبی دیموکرات لە کۆیە، گوتی: (بە ڕێگای مام هەژارەوە، لەگەڵ مەلا حەسەن، سەعید کوێستانی، مەلا ڕەسوڵ و قادر شەریف، بۆ ماوەی ٦ سەعات لە سەنگەسەر لەگەڵ بارزانی دانیشتین و گوتمان جەنابت سەرۆکی کوردی، بەڵام ئەحمەد تۆفیقمان قبووڵ نیە و ناکۆکیمان لەگەڵی هەیە و حیساب بۆ ئێمە ناکات. دوای دوو سێ سەعات قسەکردن، بارزانی گوتی ئێوە قسەی خۆتان کرد، با ئەحمەدیش بێ و قسەی خۆی بکات. ئێمە نەماندەویست ئەحمەد تۆفیق بێت، بەڵام ئەو هات و گوتی: "سەعید کوێستانی دزی لە حیزب کردوە و شاهیدیش هەیە." شاهیدەکەی هێنا و شاهید گوتی: "بەڵێ ئەوە هاتووە بۆ تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و بەناوی حیزب پارەی کۆکردوەتەوە." سەعید کوێستانی گوتی: "ئەوە بوختانە بەمنی دەکەن. تاوانی من ئەوەیە کە گوتوومە ئەوە حیزب نییە." سەعید کوێستانی لە قسە کردندا، بە بارزانی گوت مامۆستا، بارزانی گوتی:

بەمن مەڵێ مامۆستا. ناوبراو جاری دووەم دیسان پێیگوت: مامۆستا کە بارزانی وەڵامی دایەوە: پێم مەڵی مامۆستا و جاری سێیەم دیسانیش کوێستانی گوتی: مامۆستا کە بارزانی توڕەبوو، سەعید کوێستانی ڕاگرت کە زیندانی بکات. سەرئەنجام مەلا مستەفا گوتی: "من کاک ئەحمەد نادەم بە ئێوە و ئێوە

دژی ئەحمەد تۆفیق هاندراون." ئێمە گەڕاینەوە، من و مامەندی قازیان نارد بولای بارزانی کە داوای لێ بکەین سەعیدمان بۆ بەردات. بارزانی زۆر بە ڕێزەوە وەریگرتین و گوتی شلوقینە بۆ هاتوون، گوتمان سەعیدمان بۆ ئازادکە. دوای چەند خولەکێک سەعیدیان ئازاد کرد و بە هەرکامیشمان دە دیناریان داینێ کە پارەیەکی زۆر بوو، وەک بزانم ٢٠ دیناریان دا بە سەعید کوێستانی و بە شادمانییەوە گەڕاینەوە.)

دوای گەڕانەوەیان لەلای بارزانی لە جیاتی هەوڵدانیان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەک کە کێشەکانیان تێدا چارەسەر بکەن، بە وتەی حەسەن ڕەستگار لە نێوانیاندا چ بکەین چ بکەین پەیدابووە و لە ئەنجامدا بەشوێن پلانی قادر شەریف کەوتوون و حیزبی دیموکراتیان بەجێهێشتووە. لەو بارەیەوە ڕەستگار دەڵێت: (من مەکتەبی سیاسیی پارتیم نەدەناسی، هەموو شتێک بەناوی بارزانی بوو، هەم لە زیندان و هەم دوای ئازادبوونم بە عومقی کێشەکانی مەکتەبی سیاسی و بارزانیم نەدەزانی. سەعید کوێستانی هاتەلام و گوتی: "ئەگەر نەڕۆین دەمانگرن" گوتم چۆنت زانیوە؟ بۆچی دەمانگرن؟ و کێ دەمانگرێت؟ گوتی: "شیوعییەکان گوتوویانە: مەلا مستەفا دەمانگرێ." منیش بێئاگا لەو شتانە، گوتم با بڕۆین و بەم جۆرە لەگەڵ قادر شەریف و سەعید کوێستانی کەوتم. چونکە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیمان نەبوو، گوتمان با حیزب ساخ بکەینەوە.)

هەرلەو بارەیەدا حوسێن مەدەنی دەڵێت: (من لەگەڵ قادر شەریف، مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی و سەعید کوێستانی پێوەندیم هەبوو. قادر شەریف زۆر دژی ئەحمەد تۆفیق بوو و ئەوی بە کەسێکی سەرەڕۆ دەزانی. گوتی: "ئێمە هیچ ڕێگایەکمان نییە و دەبێ حیزب ساخ بکەینەوە." من دواتر پێگەیشتم کە خەتی ئەحمەد تۆفیق دروستە، بەڵام ئەو نەدەهات کە ئێمە ڕوون بکاتەوە.) هەروەها ڕەسوڵ پێشنماز دەڵێت:

- (کە گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ، ١٦- ١٧ کەس دەبووین، قادر شەریف و سەعید کوێستانی گوتیان ئێمە نایەین و هەر کۆبوونەوەیەک لە دەست ئەحمەد تۆفیق و مەلا مستەفادا بێ، بەشداریی تێدا ناکەین. حوسێن مەدەنی، خەلیل شەوباش، سەید فەتاح، خدر مەرەسەنە، مەلا قادری لاچینی و من ڕەسوڵ پێشنمار بەشوێن قسەی قادر شەریف کەوتین. حەسەن ڕەستگار و مامەندی قازی لەگەڵ چوونمان بۆ ئەو کۆنفرانسە بوون کە بارزانی ڕایسپاردبوو.

ئەوکاتە مقەڕێکمان لە دۆڵی هروتیان لە گوندی بناو لە سەر چیای زینەتیر لە بەرەی شەڕ هەبوو، گوتمان بچین لەوانیش بپرسین. سلێمان موعینی، جەعفەر کەریمی، سەید فەتاح و من و کەسێکی تریشمان لەگەڵ بوو کە ناوەکەیم لەبیر نییە، چووین و پرسیارمان لە سعید سقلی و ئەوانی تر کرد، جگەلە دوو سێ کەسیان، ئەوانیش ڕای ئێمەیان هەبوو. بەو جۆرە ئێمە ٢٨ کەس بووین و دەنگی زۆرینەمان هەبوو.)

ئەو کۆمەڵە کادیر و پێشمەرگانەی حیزبی دیموکرات، بەبێ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەوکات و تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بەهۆی قادر شەریف و مەلا ئەبوبەکری فەلسەفییەوە لە پشت ئاژاوەکانە، لە ئەحمەد تۆفیق و حیزبی دیموکرات تۆراون و چوون بۆ قەڵادزێ و لەوێ بڕیاریاندا بچن دەست بەسەر بنکەی زینوێی شێخیی حیزبی دیموکراتدا بگرن. بەم بۆنەیەوە ژمارەیەکیان چوون و ئەو پلانەیان سەرخست، بەڵام دواتر بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە. لەو بارەیەوە ڕەسوڵ پێشنماز دەڵێت:

- (بەرەو بەهار دەچووین، گوتمان با مقەڕی زینوێی شێخی بگرین. ١٠- ١٥ کەس چووین و گوتمان ئێمە دەمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ وڵات و لە ئەحمەد تۆفیق جیا دەبینەوە و ئەوانیش لەگەڵ ئێمە کەوتن و بەم جۆرە بڕیاری کۆنفڕانسمان شکاند. لەو نێوەدا تاوانباری سەرەکی قادر شەریف بوو کە لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی لە پێوەندییدا بوو، دواتر سەعید کوێستانی و من تاوانبار بووین، دەبووایە بچین بەشداریی کۆنفڕانسی بکەین، نەک مقەڕەکەی داگیر بکەین. دوای ئەو ڕووداوە، سلێمان و ئەحمەد دمەقاڵەیان لەنێواندا پەیدا بوو. ئەحمەد تۆفیق بە سلێمان دەڵێ: "تۆ هاتی و ویستت لە شکات دژی ئەوانە خۆش بین. ئەو کارە دەستی ئیبراهیم ئەحمەدی تێدایە و ئەوانە بە پلانی ئیبراهیم ئەحمەد چوون مقەڕی حیزبیان لە زینوێی شێخی داگیر کرد." ئەحمەد تۆفیق، بارزانیی لەو ڕووداوە ئاگادار کردبۆوە و بارزانیش زەکی ئاکرەیی لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە نارد کە ئێمە چەک بکەن.

قادر شەریف کە کێشەکەی هەڵگیرساندبوو، ئێمەی بەجێهێشت و چووبوو بۆلای مەکتەبی سیاسی و ئیبراهیم ئەحمەد، بەڵام سەعید کوێستانی کە ماڵی لە زینوێی شێخی بوو، لەگەڵ من و سەعیدی حەمە حەسەن "سەعید سقلی" لەوێ بوو. ئێمە زۆر توند بووین، بەڵام هەرکە زەکی ئاکرەیی گەیشتە چۆمان و ناوپردان، دەنگی لایەنی ئێمە کەم بۆوە و تەنیا من و سەعید سقلی و ڕەحمانی

شێلمجاران "ڕەحمان سمێڵ" ماینەوە. حەسەن داوای کرد ئێمە لەوێ نەمێنین و ئێمەش چووین بۆ ماڵی ڕەحمانە درێژ کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. زەکی ئەوانی تری چەک کرد و ئێمە ٢٨ کەس لەگەڵ قادر شەریف و سەعید کوێستانی کەوتین.)

هەرلەو بارەیەوە، حوسێن مەدنی سەبارەت بە هەوڵنەدانیان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوە یان کۆنفرانس، دەڵێت: (ئێمە هێزێکی بڵاوبووین، لە وەزعێکدا نەبوون کە خاوەن ستراتژی بین، بە ناوی حیزبی دیموکراتەوە ئاوارە ببووین کە فێری سیاسەت بین، بەڵام جەوێکی تر بەسەرماندا زاڵ بوو. هیچ شتێکمان لەسەر کوردستانی عێراق نەدەزانی و باوەڕیشمان بە کاک ئەحمەد نەبوو. ئومێدمان بە کاک سلێمان و قادر شەریف هەبوو، کاک سلێمان هەرچەندە لەگەڵ سەرەڕۆییەکانی کاک ئەحمەد نەبوو، بەڵام کەسێکی ئارام بوو. لە جیاتی بەشداریی کردن لە کۆنفڕانس لەگەڵ قادر شەریف کەوتین کە حیزب ساخ بکەینەوە.)

سەبارەت بە چەککردنی بنکەی زینوێی شێخی لەلایەن ئەو کۆمەڵە کادیر و پێشمەرگانەوە، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات، حەسەن ڕەستگاری بە بەرپرسی ئاژاوەکە ناسیوە و بڕیاریداوە بەرپرسایەتی لێ بستێندرێتەوە. سلێمان موعینی بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی بەرێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم نامەیەی خوارەوە، ناوبراوی ئاگادار کردوەتەوە کە چەک و کەرەستەکانی مقەڕی زینوێی شێخی بداتەوە[٢]:

هاوری حسن رستگار

ویرای سلاو

لەسەر پەسەندی کۆمیتەی بەریوەبەری حزب پیم راگەیاندرا کە ئەو فەرمانەی ژیرەوەت پی رابگەیەنم،

١- پیویستە بەبی تآخیر بو دانی راپورتی کار و ئەشیای بنکەی زینوی و مخارجات و تحویلی لیستە بیت بولای بنکەی سونی.

٢- لە عبارەتی ئەو نوسراوە و ئەو بروارە تو نە مسئولی بنکەی زینوی و نە حەقی هیچ جورە پەیوەند و مکاتبەی حزبیت هەیە لە دیوی گەرمین و کویستان تا روون بوونەوەت.

٣- نەهاتنت بو بەردەم کوبونەوەی حزب لەپاش ئەو تەمەرد و دەستەبازی کە کردت بە هەلاتنی دوایی تو لەبەر دەمی مەرکەزیت و لی پرسینەوەی حزب دەژمیردریت و جزات توندتری حزبیتان لەسەر دەبیندریت

لەلایەن کۆمیتەی بەریوەبەریی حزبی دیموکراتی کوردستان

فایق ئەمین

٨ رەشەمەی ١٣٤٢ هەتاوی ١٩٦٤/٢/٢٧ (پاشبەندی ٢٢)

---

١- دوای ڕاکردنی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٦٤دا کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە فەرمانی بارزانی ئەنجومەنی شۆڕشی کوردستانی دامەزراند و ئەنجومەنیش بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری ناوچەکانی ژێردەستی شۆڕش، لقی جیاوازی خوێندن، تەندروستی، بەیتاڵی، کشتوکاڵ و دادوەریی و.... تدی دامەزراند.

٢- دەقی ئەو نامەیە لای مەلا ڕەسوڵ پێشنمازە و من بە سوپاسەوە لەو دەقە کەڵکم وەرگرتووە.

## پەلاماری دووبارەی ڕژێمی ئێران بۆسەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات

دوای پەلاماری یەکەمی بۆسەر ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوان ١٩٥٩/١١/٢ تا ١٩٥٩/١٢/١٠ و دەستگیرکردنی زیاتر لە ٢٥٠ ئەندام و لایەنگریی حیزبی دیموکرات و بڕینەوەی حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بۆ غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی و ڕەحمەتوڵا شەریعەتی سێ ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات، ڕژێمی ئێران بۆ جاری دووەم لەنێوان ڕۆژانی ١٩٦٤/٢/٢١ تا ١٩٦٤/٣/٢١ پەلاماری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتیدا و ئەم جارەش نزیکەی ٢٥٠ کەسیی لێ دەستگیرکردن و ژمارەیەکیش کە نەکەوتبوونە دەست پۆلیس، شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە باشوری کوردستان کە شوێنی ئەمنی ئەندامانی حیزب بوو.

ئاشکرابوونی ئەم جارەی کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ کێشە، گفتوگۆ و دمەقاڵەیەک دەگەڕایەوە کە لەنێوان ئەندامان و کۆمیتەکانی حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاران سەری هەڵدابوو. هۆی سەرەکیی کێشەکەش دابڕانی پێنج ئەندامەکەی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان بوو لە حیزبی دیموکرات کە ئەنجامەکەشی بە ئاشکرا بوونی کۆمیتە، ڕێکخراو و ئەندامانی حیزبی دیموکرات بۆ دەزگاکانی هەواڵگریی ڕژێمی ئێران بەکۆتا هات. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە تاران لەو سەردەمەدا، لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٢٢ لە هەولێر پێی گوتم:

**- (چوونی سەلاح موهتەدی بۆ باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٦٢ و کێشەی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، ئاڵۆزیی لەنێو ئێمەشدا دروستکرد، پێکهێنەرانی ئەو ئاڵۆزییە بەشێک بوون لە خزمانی سەلاح موهتەدی، چەند ئاغای ناوچەی بۆکان و فەقێی مزگەوتی حەمامیان. ئاڵۆزییەکە کێشرایە نێو کۆمیتەکانی حیزب لە تاران و مهاباد. ئەندامانی ئەو کۆمیتانە دەیانپرسی: "کێشەی ئەو برادەرانەی ئێمە لەسەر چییە؟" ئێمە زۆرمان هەوڵدا کە ئاڵۆزییەکان بەکۆتا بێن، بەڵام نەکرا، لە ماڵی مەحمود ئاغا بەرپرسی حیزب لە گوندی "خێری ئاوا" لە ناوچەی بۆکان کۆبووینەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریاندا من بچم بۆ**

باشوری کوردستان و ڕای مەلا مستەفا ببیسم. خەبەرم نارد پێشمەرگە بێت، خەریکبووم بچم بۆلای حەمەڕەشی ئارپیا و لە گوندی سیاقۆڵ بمێنمەوە و لەوێ چاوەڕوانی هاتنی پێشمەرگە بم کە لە مهاباد توشی خاڵۆزاکانم بووم. ئەوان لە قۆڵغەتەپەوە هاتبوون و گوتیان عومەری قازی و ئەحمەدی قازی و چەند کەسی تریان گرتووە. حەمەدەمین سیراجی ڕایکردبوو، بەڵام حەسەن باباتاهیری، عەزیز ژیان و عەلی حەسەنیانی لە کۆمیتەی تاران لەگەڵ ڕەحمان شەریفزادە گیران و نزیکەی ١٠٠- ١٢٠ کەس ڕایانکردبوو. من چووم بۆ گاراژی میرزا مینەی بلوریان و کلیلی ئوتۆمبیلەکەم دا بە میرزا کەمالی شەوقی و بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە مهاباد بەنهێنی مامەوە. دواتر برا گەورەکەم "ئاغا" چووبووە لای سەید ڕەحیمی جەعفەری کە من و مونتەقیم قازی بگەیەنێتە قازیاوا لەسەر ڕێگای مهاباد بۆ مەیدان و پەسوێ. بەمجۆرە من لەگەڵ مونتەقیم، بە ئوتۆمبیلی سەید ڕەحیمی جەعفەری کە خۆشی لێیدەخوڕی چووین بۆ گوندی قازیاوا و لەوێوە خۆمانگەیاندە سیاقۆڵ کە بینیمان حەمەڕەش ڕایکردوە. مستەفا قازی لە سیاقۆڵ سجیل نووس بوو، ئەو لەگەڵمان هات بۆ گوندی ئۆغەن و لەوێوە بۆ گوندی میشەدێ. خدری میشەدێ کەسێکی لەگەڵ خستین و چووین بۆ گوندی گردەشەیتان و لەوێشەوە لە کۆتایی مانگی ڕەشەمەی- مارسی ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ مستەفا قازی و مونتەقیمی قازی بە نزیک تەمەرچیاندا لە دەراوێکماندا و بەرەو قەندیل بەڕێکەوتین و خۆمان گەیاندە مقەڕی پێشمەرگەکانی بارزانی. خەڵکی ناوچەکە بە ڕاکردنی خەڵکیان دەزانی و ئەوان ئێمەیان گەیاندە زینوێی شێخی کە مقەڕی حیزبی ئێمەی لێبوو.

لەگەڵ کوێخا مارف "قەیماس" کە پێشمەرگەی حیزب بوو، چووین بۆ قەڵادزێ و سەنگەسەر و لەوێ چاومان بە ئەحمەد تۆفیق کەوت، مەلا مستەفاش لەوێ بوو، لەوێ باس لە کێشەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی بوو. سەنگەسەر شەوانە زۆر قەرەباڵغ دەبوو و جێی نوستنمان نەبوو. کاک ئەحمەد گوتی: بچین بۆلای بارزانی و چووین و من بە خزمەت بارزانی گەیشتم. ماڵی بارزانی بۆ ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی ئازاد بوو، ئەحمەد ئێمەی ناساند و ئاماژەی بەمن کرد و گوتی ئەوە لەو دیو نوێنەری حیزب بووە. مەلا مستەفا لەسەر وەزعی خۆیان دوا و دواتر لەسەر کێشەی حیزبی ئێمە قسەی بۆ کردین و گوتی: "مەلا حەسەن، سەعید کوێستانی، مامەندی قازی، ڕەشید سمێڵ، مەلا

ڕەسوڵ پاڵیان بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە داوە و مەلا ئاوارە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بووە نەک حیزبی دیموکرات." بارزانی بەلایەنەکانی حیزبی ئێمەی گوتبوو: کێشە مەکەن و پێکەوە بن. ئەوانیش بە ناوی ساخکەرەوە چووبوونە لای مەکتەبی سیاسیی لەوێ حاوابوونەوە و مەلا مستەفاش پێی ناخۆش بوو. گوتی: "کێشە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق زۆرە، بەڵام من ئەحمەدم خۆشدەوێت و ئێوەش کە ئەندامی حیزبن، بۆخۆتان بڕیار بدەن و ئەگەر ئەحمەدتان نەویست بیدەن بەمن.)

گیراوەکانی حیزبی دیموکرات کە بەگشتی نزیکەی ٢٥٠ کەس بوون لە زیندانی شارەکانەوە گواسترانەوە بۆ زیندانی قزلقەلعە لە تاران و بەرە بەرە دوای چەند مانگ بەشێکیان ئازادکران و ئەوانی تریش زیندانیی درێژخایەنیان بۆ بڕینەوە، بەڵام دوای چوار ساڵ هەموویان ئازاد کردن. لەو بارەیەدا، سەید عەلی ڕەحمانی لە لاپەڕەی ١١- ١٢ی کتێبی "بەشێک لە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ژیان"دا دەڵێت:

- (شەوی ٢٩ی ڕەشەممەی ١٣٤٢ من وێڕای ١٧ کەسی دیکە لە شاری سنەوە و هەروەها لەسەر یەک ٢٥٤ کەسی تر لە سەرانسەری کوردستانی ئێران بەتاوانی ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان "ئێران" گیراین و بردیانین بۆ تاران. دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی سەخت بۆ ماوەی شەش مانگ لە زیندانی قزلقەلعە، بەرە بەرە و پۆل پۆل ئازادیان کردین! دیارە جەوەکە لە قازانجی ئێمە بوو. لەو ٢٥٤ کەسە سێزدە کەس ماینەوە کە ٤ نەفەریان خەڵکی شاری سنە بووین. من و سەید سدیقی برام و محەمەد ڕەحیم غەریقی و مەلا ئەمین محەمەدی خەڵکی ئاوایی نوێن لە هەورامانی تەخت. ئێمە ئەو ١٣ نەفەرە بۆ ماوەی ١٤ مانگ لەژێر حوکمی ئیعدامدا بووین!. لێکۆڵینەوەیەکی فەرمایشی لە دادگای نیزامی دا دەستی پێ کرد و ٢٥ جەلەسەی خایاند، ئەڵبەت بەشێوەی ڕۆژ نا ڕۆژێک، لە نەتیجەدا حوکمەکەیان شکاند و کردیان بە سێ تا شەش ساڵ.... یەکێک لەو کەسانە کە شەش ساڵ حوکم درا، من بووم کە دوای تێپەڕبوونی ٤ ساڵ هەموومان ئازاد کراین.)

جگەلە ئەمیر قازی، مستەفا و مونتەقیمی قازی لە نێوان ڕاکردووەکاندا، محەمەئەمین سیراجی، ئیسماعیل شەریف زادە، سالار حەیدەری و ژمارەیەکی زۆری تریش خۆیان گەیاندە قەڵادزێ و سەنگەسەر و گوندەکانی باشووری کوردستان. لەو بارەیەوە سالار حەیدەری دەڵێت:

- (ساڵی ١٣٤٢ کە ساواک پەلاماری کۆمیتەکانی حیزبیدا، من تەورێزم بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ مهاباد، لەوێ بینیم عەزیز شاروخ و مەناف حەقتەلەب و ژمارەیەکی تریان گرتووە، لەبەر ئەوە من ڕامکرد و چووم بۆلای حەمەڕەشی ئاڕیا لە گوندی سیاقۆڵ لە ناوچەی مەنگوڕایەتی. عەبدوڵا مەعروفی، حەمەسوری مەعروفی و زیاتر لە ٣٠ کەس لە مهاباد و دەوروبەری لەوێ کۆببوونەوە. لەوێوە بە گوندی کیسەڵان، گاگەش، گەرۆر و دەشتی وەزنێ دا خۆمان گەیاندە سونێ کە مقەڕی حیزبی دیموکراتی لێبوو. لەوێ کاک سلێمان موعینیمان بینی. حیزب دوو بنکەی تری لە سەنگەسەر و بناری قەندیل هەبوو. کاک ئەحمەد لە بنکەی سەنگەسەر لەلای مەلا مستەفا بوو. جگەلە ئێمە کۆمەڵێکی تریش هاتبوون. ئیسماعیل شەریف زادە و ئەمیر قازی بە زینوێی شێخیدا و حەمەدەمین سیراجی بە یارمەتی سەردار جاف بە کرماشاندا هاتبوو. نزیکەی ٣٠٠- ٤٠٠ کەس لە شارەکانی مەریوان، سەقز، بانە، سەردەشت، شنۆ و پیرانشار و ژمارەیەک لە عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەش هاتبوون. زۆربەی هەرە زۆری عەشیرەتەکان لە گوندەکاندا گیرسابوونەوە.)

# چارەنوسی ئاوارەکانی ئەم جارەی حیزبی دیموکرات لە باشوری کوردستان

ئەو ئەندام و لایەنگرانەی حیزبی دیموکرات کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خۆیان گەیاندبووە باشوری کوردستان، بەسەر هەلومەرجێکی زۆر ناڕێک و خەفەتباردا کەوتن. لەلایەک کێشە و باڵباڵێن لە حیزبی دیموکراتدا و لە لایەکەیتردا دەستێوەردانی ئێران لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەدو شۆڕشی ئەیلول و قیت بوونەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی دژی بارزانی و ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکانی ژێردەستیاندا، شیمای ئەو سەردەمەی باشوری کوردستان بوو. هەرکام لە قادر شەریف، شێخ جەمیل مەردوخی و مەلا ئاوارە گروپێکیان لەژێر ناوی چەپ و نەتەوەیی دامەزراندبوو. مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی گومانی لەسەر بوو کە ڕەنگە بە پشتئەستوریی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد خەریکی فەریودان و نزیک کردنەوەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات بێت لە دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک". لەو بارەیەوە شێخ جەمیل مەردۆخی دەڵێت:

- (ئێمە لەسەر قسەی نوری ئەحمەد تەها بۆ یەکەمجار لەگەڵ مەلا ئەبوبەکر دانیشتین و ناسراویمان پەیداکرد... مەلا ئەبوبەکر ئەوکاتە بنکەکەی لەئاوکورتێ بوو، لە مالومە لەگەڵمان کەوت و هەم بەناوی چاوساغ و هەم بەڵکوو بەدەم ڕێگاشەوە قەناعەتمان پێبێنێت و لەلای ئەو بمێننەوە، دیارە ناحەقی نەبوو ئەگەر لە کارەکەی سەرکەوتوو بوایە و من و مەلا عەبدولڕەحمان و مەلا سەید ڕەشیدو عەمەر نیگڵی گلبدایەتەوە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست دەهێنا! ئەوەبوو ئەم خەوە زڕەی نەهاتەدی و هەوڵەکانی بوونە بڵقی سەرئاو، لە بەرەوژووری ماوەت سەرکەوتین و بەدیوی ئاوکورتێدا شۆڕبووینەوە، لە دوورەوە دوو سێ چادری سپی دەرکەوتن، مەلا ئەبوبەکر بە ئەنقەست ئێمەی بەلای چادرەکاندا برد و کتوپڕ تولە سەگێکی فەرەنگیی لە چادرەکە دەرکەوت و هات بۆمان بەچەشنێک زۆرمان لێ نزیکبووەوە، لە چادرەکەش جیهازی بێسمی لێ دامەزرابوو، بەوەدا زانیمان ئەمە ئەبێ چادری ئێرانییەکان بێت و سەگەکەش هی ئەوان بوو. لە مەلا ئەبوبەکرمان پرسی ئەو چادرانە چین و کێن؟! وتی ئەوە چادری عیسا پەژمان و سەرهەنگ ئەیوبی و سەرهەنگ مودەرسیە کە کاتێک بێنە ئێرە لەنێو ئەو چادرانەدا دەمێننەوە و پاسەوانی تایبەتیان هەیە. ئێمە لە مەلا ئەبوبەکر توڕەبووین و وتمان باشە کە

تۆ ئەزانی ئەم چادرانە بنکەی ساواکن بۆچی ئێمەت بەم نزیکەدا هێنا؟! مەلا وتی جا چ قەیدیە حەز دەکەن ئەچین بۆنێو چادرەکان و هیچیش نابێت!! وتمان چۆن چۆنی هیچ نابێت، ئێمە و ئەوان کوجا مەرحەبا، وتی کاکە من وەک ئێوە ناترسم و تا ئێستا چەند جارێکیش چاوم پێیان کەوتووە و هیچیشیان نەکردوە! ئەوان لێرە لەبەر پارتی ناتوانن هیچ بکەن! منیش دامە قاقای پێکەنین و روومکردە برادەران و وتم ڕاستەکات ئەم ساواکییانە لەژێر ئاڵای پارتیدان!!! ئێمە خۆمان ئامادەکرد ئەگەر مەلا ئەبوبەکر بەنیاز خراپی ئێمە بەنزیک ئەو چادرانەدا بەرێت ئەوە هەتا دوافیشەک شەڕی خۆمان ئەکەین، ئیتر دوای ئەوە چی ئەبێت با ببێت، هەربۆیە هەتا لەو ناوچەیە دەرچووین دەست لەسەر ماشەی پیرە برنۆ ئامادەی بەرگریی بووین.)

ئەوە لایەکی کێشەکان بوو. لایەکانی تری دەگەڕایەوە بۆ خزم و کەسانی سەلاح موهتەدی کە بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان، ئاژاوەیان خستبووە ڕیزی ئەندامان و کۆمیتەکانی حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێستا بەهۆی جەلال تاڵەبانییەوە، کەوتبووە ڕاوکردنی کادیر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و دەیانویست بەنهێنی لە حیزبیان دووربکەنەوە و بەو بیانووە کە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی چەپ و مارکسین، دەبێ ئەوان جێیان بگرنەوە. لایەنی سێیەم دەگەڕایەوە بۆ مەلا ئاوارە "مەلا محەمەد شەلماشی" کە جودا لەو گروپانە، بە پشتیوانی و یارمەتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات، خۆی بەتەنیا لە گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت و بانە کۆمیتەی تاکەکەسیی دادەمەزراند کە لە دواڕۆژدا جێی ئەحمەد تۆفیق و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بگرێتەوە. سەبارەت بەو پێوەندییە پێشتر لە بەشی "دوو بنکەی نوێی حیزبی دیموکرات لە زینوێی شێخی و سونێ"دا لە زاری حوسێن مەدنی بڵاومکردەوە کە مەلا ئاوارەی لە بارەگای پارتی لە مالومە لەلای ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس و...تد بووە. هەروەها عەبدوڵا حەسەن زادە لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من و خۆی پارێزراوە دەڵێت: (لەبیرمە، بۆ یەکەم جار خەتی مام جەلالم لە نامەیەکدا دی کە بەناوی پیرۆت بۆ مەلا ئاوارەی نوسیبوو. تەنانەت هەندێک خەبەریشی نوسیبوو کە لەو بەینانەدا مام جەلال ئەوەی کردوە. لە نامەیەکدا نوسیبووی ئەوە ٢٠٠٠ فیشەکم لەگەڵ ١٠٠ دینار بۆ ناردی. ئەو ١٠٠ دینارە هی مام

جەلالە. مەبەستی لەو دەربڕینە ئەوە بوو کە ئەو پارەیە هی مام جەلال خۆیەتی.)

لایەنی چوارەم دەگەڕایەوە بۆ کۆمیتەی ساخکەرەوە و قادر شەریف کە لەژێرەوە کە ئەویش لەگەڵ سەعید کوێستانی و حوسێن مەدەنی کاریان بۆ نەمانی ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی و لە ڕاستیدا حیزبی دیموکرات دەکرد کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم. لەگەڵ هەمووی ئەوانە، پاشماوەکانی بیری حیزبی تودە بوو کە تودەکراتیان پێدەگوترا و لە ئەوانی تر مەترسیدارتر بوو. ئەوان خۆیان بە ئەندامی حیزب دەزانی، بەڵام هاوکاریی حیزبی دیموکراتیان نەدەکرد و بە پێچەوانەوە دژی ڕێبەرایەتی حیزب پروپاگەندەیان دەکرد. لەو بارەیەوە سالار حەیدەری لە تووێژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/١/١٦ لە ستۆکهۆڵم بە نوسین پێیڕگەیاندم: (من بەو تێبینییەوە چووبووم کە حیزبی دیموکرات، حیزبێکی یەکگرتوو و یەک پارچەیە و مەلا مستەفا سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام لەوێ بۆم دەرکەوت دۆخی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوری کوردستان زۆر شپرزە و بەربڵاوە. ئەوکاتە کۆمیتەی ساخکەرەوە هەبوو، قادر شەریف، سەعید کوێستانی و حوسێن مەدەنی لە بەرامبەر حیزبی دیموکراتدا دایانمەزراندبوو. گروپێکی تر هەبوو بە ناوی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان کە لەلایەن سەلاح موهتەدی، سەعد موهتەدی و عومەر سادق نگڵی و خزمەکانی موهتەدیی دامەزرابوو. گروپێکی ٢٠- ٣٠ کەسەی مامۆستای خەڵکی بانە هەبوو کە دەیانگوت سەربە حیزبی دیموکراتن، بەڵام لە باشور نەمانەوە و گەڕانەوە بۆ بانە. ژمارەیەکی تر وەک ڕەشەی قاچاخچی، یوسف ڕیزوانی خۆیان بە ئەندامی حیزب دەزانی، بەڵام هاوکاریی حیزبیان نەدەکرد. ئەوانەی بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە چالاک بوون بریتی بوون لە: عەبدوڵا ئیسحاقی، سلێمان موعینی، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، عەولای مەلا عوسمان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کە کۆنفرانسێکیان پێکهێنابوو و لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بەناوی کۆمیتەی ناوەندیی کاریان دەکرد. لە سونێ لەگەڵ کاک سلێمان دانیشتم، ناوبراو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی بەرنامەی دواڕۆژی خۆیان، گوتی: "دەزانم تۆ ئەندامی حیزبی و پێمخۆشە بە بارودۆخی ئێمە بزانی و کاک سلێمان ئەو زانیارییانەی سەرووی دامێ." دوای هەفتەیەک چووم بۆ سەنگەسەر، مەقەڕێکی حیزب و بارەگایەکی بارزانی لەوێ بوو، بەڵام بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال

تاڵەبانی چووبوون بۆ ماوەت و حیزبی ئێمە پێوەندیی بەوانەوە نەبوو. من پەشۆکابووم و چاک و خراپم لێک نەدەکردەوە. ویستم چاوم بە کاک ئەحمەد بکەوێت، کاک سمایل شەریف زادە لەوێ بوو. پازدە ڕۆژ لە سەنگەسەر مامەوە و لەوێ پێشمەرگەی کێشکی زیندان بووم. کاک ئەحمەد لەگەڵ من دانیشت، ئەو بۆمن کەسێکی سەرنجڕاکیش بوو. باسی خۆی و چالاکییەکانی کرد، بۆم دەرکەوت بەناوی حیزبی تودەوە زۆریان ئازار داوە، ئەوان کۆمۆونی سلێمانیان شێواندبوو..... لەو پازدە ڕۆژەدا ئەحمەد تۆفیقم بە سەرکردەیەکی بە ئەخلاق و خاوێن ناسی، ڕێزی لە ژن و پیاوی کورد دەگرت، زۆر نەترس بوو، ڕێزی لە داب و نەریتی کوردەوارییی دەگرت، بایەخی بە پێکەوە ژیانی نەتەوەکان دەدا و دەیگوت بارزانی دەتوانێ کۆمەڵگایەکی بەم جۆرە دامەزرێنێ کە هەموو ئەو نەتەوانەی لە کوردستان، پێکەوە و بەبێ کێشە بژین و بۆ ئەو مەبەستەش مارگریتای بە نمونە هێناوە و گوتی مەسیحییە و فەرماندەی پێشمەرگەیە. کاک ئەحمەد زیاتر بە کاروباری بارزانی و شۆڕشی باشوری کوردستانەوە خەریکبوو و لەگەڵ ئەندامانی حیزبەکەی خۆی دیالۆگی بەردەوامی نەبوو، چونکە ئەرکی زۆری بەڕێوەدەبرد، زۆربەی کارەکانی حیزبەکەی خۆی بە کاک سلێمان موعینی سپاردبوو، ئەویش هەرچی دەیکرد، دەیگوت کاک ئەحمەد گوتوویەتی و ئێمەش کارەکانمان بەدڵ نەبوو.)

ئەو دۆخەی کە شێخ جەمیل مەردۆخی، عەبدوڵا حەسەن زادە و سالار حەیدەریی ئاماژەی بۆ دەکەن، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ژیانی پەناهێنەرەکانی پتر ئاڵۆز و لە مەترسی دەخست. ئارامیی حیزبی دیموکرات و یەک ڕیزیی لەنێو ئەندامانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەگەڕایەوە بۆ نەسازانی ئێبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی لەگەڵ شۆڕش و بارزانی کە ئەویش نەک هەر دەرەتانی تێدا نەمابوو، بەڵکوو تا دەهات بە هاندانی ئێران خراپتر دەبوو. لەبەر ئەوە ئاوارەکانی حیزب لە جێیەک دەگەڕان کە تێیدا بحەسێنەوە کە ئەو جێیەیان نەبوو. بەو تێڕوانینە، لە یەکەم هەنگاودا، حەمەدەمین سیراجی، ئیسماعیل شەریف زادەو سالار حەیدەری کە پێشتر یەکتریان دەناسی، لەو فیکرە کەوتن کە ئەوانیش گۆشەیەک بۆخۆیان بدۆزنەوە و چاوەڕوانی دوارۆژی ڕووداوەکان بن. لەو بارەیەوە سالار حەیدەری دەڵێت: (سمایل شەریف زادە لەگەڵ تودەییەکان پێوەندیی هەبوو، خۆی دەیگوت و ئەحمەدیش ئەوی بە ئەندامی حیزب نەدەزانی، بەڵام حەمەدەمین سیراجی چونکە سەردەمێک لە کۆمیتەی

تارانی حیزبی دیموکراتدا کاری کردبوو، بە ئەندامی حیزبی دەزانی. ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ئەو و سمایل ڕێکنەدەکەوت و دەیگوت ئەوانە ئایدیۆلۆژی کوردایەتیان نییە و چەپڕەون و سلێمانیش لەگەڵیان زۆر توند بوو. هەر ئەوکاتە مەلا ئاوارەش "مەلا ئەحمەد شەلماشی" لە هەمووی ئەوانە جیاببووەوە و بەتەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی دەکرد. تا سمایل و حەمەدەمین نەهاتبوون، من گیرۆدەی ئەحمەد تۆفیق بووم، بەڵام کە ئەوان هاتن، دوای ٢- ٣ مانگ گۆڕانم بەسەردا هات. سمایل و حەمەدەمین گوتیان ئێمەش جیادەبینەوە، گوتم ئەو هەموو جیابوونەوەیە نابێ، گوتیان کوردستان ئازادە و دەچین دادەنیشین. منیان ڕازی کرد کە بچم بە کاک ئەحمەد بڵێم کە جیادەبینەوە، چووم، کاک ئەحمەد گوتی وادیارە شتێکتان لەسەر دایە، گوتم بەڵێ، گوتی لەبیرتە لە پشت ئەم مقەڕە پێمگوتی وشیاربە، سمایل تودەییە و ئەگەر شتێکی گوت وەرە پێم بڵێ. پرسی چ دەکەن؟ گوتم دەچین بۆ قەڵادزێ، گوتی نا مەچن بۆ ئەوێ، شیوعییەکان لەوێ ئەوەندی ترتان خراپ دەکەن. گوتم جێگەیان بۆ دۆزیونەتەوە و دەچین بۆ ئەوێ. داوام لێی کرد، هاتووچۆمان بکا و ئاگای لێمان بێت، گوتی: سلێمان هیچی بە ئێوە نەگووتووە؟ گوتم نا. ئێمە جیابووینەوە و چووین بۆ قەڵادزێ و لەوێ لە ماڵی برادەرێکی شیوعی ژورێکمان بەکرێ گرت. لە قاوەخانەکانی قەڵادزێ بووین و هەندێک جاریش سەردانی پێشمەرگەکانمان دەکرد. لەوێ زانیمان مەلا ئاوارە بەتەنیا ڕێکخراوی حیزبی دروست دەکات و شانەی حیزبی دادەمەزرێنێت. ئێمە پێوەندیمان پێوە کرد و دوای چەند دانیشتن، ئەو کاری کردە لەسەر ئێمە و هەندێک ئێمەی لە چەپڕەوی دابەزاند. .... چونکە سلێمان هەموو کارەکانی بەناوی ئەحمەد تۆفیق دەکرد. ڕەخنەی لە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی هەبوو. من یەک دووجار چووم بۆلای مەلا ئاوارە، بەڵام حەمەدەمین و سمایل زیاتر دەچوون. ئەوان دووجاریش چوونە لای هاشم ئەقەلەتولاب "قادر شەریف".)

لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات، لەسەر پێشنیازی بارزانی کە گوتبووی ئەندامانی حیزب کۆبنەوە خۆیان ڕێبەرێکی نوێ بۆخۆیان هەڵبژێرن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن، واتە ئەو کۆنفرانسەی کە پێشتر ڕەسوڵ پێشنماز ئاماژەی بۆ کرد، بەڵام ئەوان خۆیان بەشدارییان تێدا نەکرد، لە ١٥- ١٩٦٤/٢/١٨ لە بنکەی حیزبی دیموکرات لە سونێ لەو ژمارە کادیرو پێشمەرگانەی کە لای حیزب مابوون پێکهات و لەودا سەرلەنوێ ئەحمەد

تۆفیقیان بە سکرتێری حیزب هەڵبژاردەوەو بڕیاریاندا بۆ کۆتاییهێنانی تەواو بە کێشەکان، کۆنگرەی دووەمی حیزب پێکبێنن. بەشدارانی کۆنفڕانس و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب، ڕۆژی ١٩٦٤/٢/١٨ ئەم نامەیەی خوارەوەیان ئاراستەی مەلا مستەفا سەرۆکی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلول کرد:

گوندی "سونێ"

١٩٦٤/٢/١٨ ڕابەری خۆشەویست مستەفا بارزانی

لەوکاتە باریک و ئاستەمەدا بە دوای چەند جار کۆبوونەوەمان بەپێویستمان زانی لەگەڵ پەیمان تازەکردنەوەی حزبمان لەگەڵ جەنابت بیروڕای بەڕێوەبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانتان پێشکێش بکەین.

(١) وا تەمەنی حزبی دیموکراتی کوردستان دەبێتە ١٩ ساڵ بە درێژی ئەو ١٩ ساڵە حزبمان لە ڕێگای خزمەت و تێکۆشانی ڕاستەوخۆ بۆ نەتەوەی کورد لای نەداوە و بەردەوام حزبمان خۆی کردۆتە پرد بۆ دەربازبوونی لە هەموو تەنگوچەڵەمەیەک و بەردەوام شعاری خەباتی حزبمان لە خزمەتی ڕێگەی کوردایەتی لە سەرووی هەموو ئاکار و کردەوەکانماندا بووە. بۆ ئەو ٦ ساڵەی دوایی حزبمان هەموو نەتەوەی کورد و جەنابت بە شاهد دەزانین کە چلۆن لە هەموو کات و زەمانێکدا لە خۆشی و ناخۆشیدا حزبمان بەهۆی هێندێ کادری بەدیمەنی کوردستانی عێراق بار و لایەنی کورد و بیری بەحەق و دڵسۆزانەی جەنابتی گرتووە و بە وەفاترین برا بچووکی جەنابت بوون و هەشین.

ئەوە لەو دیوەی کوردستانی عێراق بۆ ئاگاداریتان لە دیوی کوردستانی ئێرانیش حزبمان حیسابی هەموو هەنگاوەکانی ورد و درشتی خۆی کردوە کە بەپێی سوودی کورد و بەتایبەتی شۆڕش و تەعلیماتەکانی جەنابت بێت. و لەو چوارچێوە دەرنەچووین و هیوادارین دەریش نەچین و لە زۆر شوێن و کردەوەدا تاکتیک و هەڵکەوتی حزبمان کردۆتە قوربانی سوودی ڕێگەی کوردایەتی و شۆڕش. ڕا و بیروڕای ئەندامان و لایەنگرانی حزبیشمان بەهەموو تواناوە لەسەر کوردایەتی پەتی و ساخ و ڕێگە و ڕێبازی بارزانییانە بۆ خزمەتی قەوم و نیشتمان تەبلیغ کردوە و شیعاری کاری تەبلیغاتیمانە.

وە حزبمان هەرکات دیویەتی دەستی ناحەزان و دوژمنانی کورد و تەماح پەرستان یەک یان چەند هاوڕێی حزبی ئێمەی هەڵخەڵەتاندوە و لای داون لەو ڕێبازەی کە حزبمان گرتوویەتە بەر، حزبمان تا سەرحەدی توانا تەقەلای ئیسلاح و گێڕانەوەی ئەو هاوڕێیانەی داوە، کاتێ مەعلوم بووە کە بێ سوودە

ئەودەم بۆ سالم و ساغمانی لەش ورە و ڕێبازی حزبمان ئەم لادەرانەی لەخۆی دوورکــردوەتەوە. لە کوردســتانی ئێــرانیش زۆرجــار تووشــمان بەو جــۆرە هەڵوێستانە بووە لە دیوی کوردستانی عێراقیش جەنابت نەک شاهد بەڵکو وەک بابی دڵسۆز و خەمخۆر بەهەموو تواناوە ئەم نەجۆش و دەردانەتان لە ئێمە دوور کردۆتەوە. ئەویش دیسان نیشانەی وەفای ئێمەیە بە خاوێن مانەوەی ڕیزی حزبمان لە گێرەشێوێن و دز و جاسووس و پیاوی پیس. جا بۆیە بەناوی کادر و بەڕێوەبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر داوای گشتی هەموو ئەندامان و چەکداران لە جبهە و بنکەکانمـان و لەسـەر داوای مەسئولان و کادرانی حزبی داوا لە بەڕێزتان ئەکەین بۆ وحدەت و ساخ مانی لەشی حزبمان لە وجودی ئەو تەفرەقەچیانە ئەوانە کە بۆمان ئاشکرا و لە ڕۆژ ڕووناکترە.

ئەلف- ئەو جەماعەتە هەموو چەکەکانیان کە چەکی حزب و لەشکرییە لێیان بستێندرێتەوە چونکو بە قەد ١٠ برامان لە جبهە بێ چەکن وە یان چەکی ئەمانەتی خەڵکیان لایە.

ب- ئەوانەی حیسابی پارە و پوولیان لە پێیە بەر ئەمری حیساب دانەوە بکرێن "سەعید مەلا کەریم، خدر ڕۆستەم، حەسەن ڕەستگار و قادر شەریف."

ج- داوای گرتن و حەپسکردنی ئەم ٣ کەسانە دەکەین- سەعید مەلا کەریم- بەتاوانی دزی و فراکسیونبازی و دەست تێوەردان لە دیوی کوردستانی ئێران- قادر شەریف- بەتاوانی ڕەهبەریی فراکسیون و دەوری ڕەئیسی بۆ تەحریک و ترس لە دواڕۆژی بۆ دیوی کوردستانی ئێران- سەعید سقلی- بەتاوانی ئیهانەتی بە مقەدەساتی میللی نەتەووەی کورد و بیری پیسی.

(٢) لەوکاتەدا وتووێژ و مفاوەزەتان لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف دەستی پێ کرد وە چەند باوەڕی حزبمان دەخەینە بەرچاوی هەق بینتان.

*- سازان و تەفاهم لەگەڵ عبدولناسر و یان جنابی عبدولناسر لە عێراق ئێمە زۆر بەسودی دواڕۆژی کوردی دەزانین نە لەبەر ئەوە کە گوایە عبدولناسر دڵسۆزە بۆ کورد وەیان متەفاهمە، بەڵکو وا بە قازانجی میللەتی کورد دەزانین چونکە وڵاتەکەمـان کەوتـووتە دەسـتی تـورک و ئێـران و دەسـەڵاتی قەومـی عەرەبی کە ئاڵاداری جەمال عەبدولناسرە خۆ بکاتە جیرانی ئەم دوو حکومەتە "تورک و ئێران" وا بیردەکەینەوە بە لە پەنا یەک بوونی ئەم ٣ دەسەڵاتە "ئەنکارا- تاران- قاهیرە" درەنگ یان زوو ئیستیدام و لیدانی قاهیرە کە نەتەوایەتییە لەگەڵ تاران و ئەنکارا کە زۆرتر سەر بە بێگانەن و دوژمنایەتی

خوێنی و نەتەوایەتیشیان هەیە دەست پێ دەکات. چونکە نقابی خیلاف و گرێی مراوەدەیان زۆرە.

*- هەست بە بوونی ساردییەکی تەواو لەنێوان جەنابت و بەڕیوەبەرانی پارتی دەکەین و بەداخەوە لە هێندێ شوێن هێندێ ئیستیدام ڕووی داوە لەو کاتەدا داوای ئێمە لەبابی دڵسۆزمان ئەوەیە بەپێی توانا و حیکمەتتان ڕێگەی هێدی و سوودی عامە بدۆزنەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم تەنگوچەڵەمەیە.

*- لەمەڕ وەزعی ئێمە داوامانە زیاتر و زۆرتر چاوی خۆتان بدەنە حاڵ و کاری ئێمە و حزبی ئێمە بە مەعنای هەقیقی و ڕاستەقینە جەنابت بە ڕابەر و سەرۆکی خۆی دەزانێت کەوابوو هەق وایە زیاتر و زۆرتر ئیهتمامی خۆتان بدەنە ئیدارە و حاڵی ئێمە. "هەرچەندە بەپێی توانا وەختی جەنابت ناگرین چونکە دەزانین کە جەنابت دەبێ بە زۆر شوێن و زۆر کاری گرینگی تر ڕابگەن."

*- لە بەڕێزتان داوامانە کە بۆ حورمەت و ئیعتباری حزبمان بەپێی ئیمکان ڕێگە بە پێوەندی خەلکی دیوی ئێران بەسەر قوڵە و قائیدەکانی ناوچەی کوردستانی عێراق نەدەن و یان ماوە نەدرێ کە لەو دیوەڕا هەرکەس هەوەسی کرد تاخمێک پێشمەرگە دوای خۆی بدات و بڕوات بۆ دیوی ئێران وەک عەزیز سورمێ و یان عەبدولکەریم لە باڵەکایەتی و یان ڕەحمانە ڕووت و مەلا ئەبوبەکر لەلای ماوەت ئەوانە زۆر زەرەر و زیانی حزبی و کوردایەتیان لە ئێمە داوە و ئەوەی ئێمە ١٠ ساڵە دامان ناوە دەچن بە چەند ڕۆژ دەیڕوخێنن.

(٣) لەو کاتەدا کە ساڵ بەرەو تازەوە بوون دەڕوات بەپێویستی دەزانین ئێمەش پەیمان و وەفای خۆمان تازە کەینەوە بە ڕێگە و ڕێبازی بارزانییانەی جەنابت بە تەعلیمات و فەرماندەیی حەکیمانە و کوردانەی جەنابت. پەیمان ئەدەین کە حزبمان چەکدارێکی بە بیروباوەڕ و ئازا و هەڵسوری پشتی جەنابت بێت لە هەموو کات و دەور و زەمانێکدا.

سەرکەوتنی دوایی بۆ شۆڕشی پیرۆزی کورد

شاد بێ گیانی پاکی شەهیدەکانی شۆڕش.

سەربەرزی بۆ هێزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لەژێر ڕابەریی ڕاستەوخۆی مستەفا بارزانی

بژی کورد بژی کوردستان     بژی حزبی دیموکراتی کوردستان.

کادر و بەڕێوەبەرانی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان ١٩٦٤/٢/١٨

(پاشبەندی ٢٣)

# کۆنفرانسی ماوەت و کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بۆ ئەوەی کە لە قوڵایی کێشەکانی نێو حیزبی دیموکرات بگەین، ناچارم هەرچەند بە کورتییش بێت، ئاماژە بۆ بەشێک لەو کێشانە بکەم کە لە باشوری کوردستان و لەنێو پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا هەبوون، تا خوێنەرانی بەڕێز بۆیان ڕوون بێتەوە کێشەکانی نێو حیزبی دیموکرات، هەموویان کێشەی خۆی نەبوون و دروستکراوی دەستی نەیارانی کورد بوون کە ملی ئەحمەد تۆفیق و حیزبی دیموکراتی گرتبووەوە.

ڕژێمی بەعس لە تاقیکردنەوەکانی ساڵی ١٩٦٣ و دوای کودەتای ٨ی فیبرواریی ئەو ساڵە شکستی خواردبوو، لەبەر ئەوە بیری لە ڕێگا چارەیەکی بە ڕواڵەت ئاشتیانەی کێشەی کورد کردەوە و داوای گفتوگۆی لە بارزانی کرد. بارزانی بۆ ئەوەی شۆڕش هەناسەیەکی بێتەوەبەر و دانیشتوان باشوری کوردستان هەرچەندە بۆ ماوەیەکیش بێت، بە ئارامی بژین و ئابووریی کوردستان بخرێتەوە گەڕ و پێشمەرگەش بۆ ماوەیەک بحەسێتەوە و برینەکان سارێژ بکرێن، لە سەرەتای دیسێمبەر "کانونی یەکەم"ی ساڵی ١٩٦٣ قبوڵی کرد کە وتووێژ لەگەڵ حکومەت بکات. لە مانگی فیبرواریی "شوبات" ١٩٦٤دا، نوری سدیق شاوەیس و جەلال تاڵەبانی لە مەکتەبی سیاسییەوە بەشدارییان لە وتووێژەکاندا کرد و بارزانی لەگەڵ حکومەت ڕێککەوت، ئەوکاتە ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران بوو. دەیویست محەمەد ڕەزاشا ببینێ کە بۆی نەگونجا، بەڵام چەند بەرپرسی باڵای حکومەتی ئێرانی بینی. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، بە ئامۆژگاریی ئێران گومانی خستەسەر ڕێککەوتنەکە و بەدناو کردنی بارزانی کە کوردستانی فرۆشتووە. ناوبراو بەهۆی بێتەلێکەوە کە پێشتر عیسا پژمان بۆی هێنابوو، بە بەردەوامی پێوەندیی بە کاربەدەستانی ئێرانەوە دەگرت و هەوڵیدەدا ئەو ڕێککەوتنە سەرنەگرێ. لەم بارەیەوە عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، لە لاپەڕەی ٤٤٥- ٤٤٦ کتێبی چێشتی مجێوردا دەڵێت:

- (حیزب بڵاویکردبۆوە کە بارزانی کوردستانی بە چەند سندوق پورتەقاڵ و چەند کراسێکی دیاری عەبدورەزاقی وتووێژکەر فرۆشتوە. وای لێهاتبو ئەگەر پارەمان دەدا بە دوکانداریێک دەیگوت بۆنی پورتەقاڵی لێ دێ... بەڕاستی منیش ئیمزای ئەو ئاگربەسەم زۆر لا گران بو. ڕۆژێک لە سەنگەسەر دەگەڵ

مەلا مستەفا لێمان بو بە کێشە، گورەی وای لێ هات کە حەرەسی بارزانی هاتە ژور، وەیزانی شەڕی بەڕاستە. بارزانی بە حەرەسەکەی گوت بچۆ دەر.

گوتم: کاکە تۆ زۆر ساڵت زەحمەت کێشاوە، بە پاڵەوانی ڕێگەی ئازادی کورد ناسراوی، پیر بوی، زۆر حەیفت کرد ئەو ئیمزایەت کرد. ئەگەر بتگوتایە بیست ملیۆن دینارم حەقی ئیمزا کردن دەوێ، دەیان دایەی. من چاوەنۆڕ بوم ئەگەر نەسڵی دوای ئێمە پرسییان ڕێگەی ئازادی بەکوێ دایە؟ لە عێراق جێ قەبری تۆی نیشان دەن و لە تورکیا قەبری شێخ سەعید و لە ئێران قەبری قازی محەمەد، قبرتان نیشانگەی ڕێگەی ئازادی خوازان بێ، نەک بچی ئیمزای ئاگربەسێکی وا بکەی کە خەڵک گاڵتەی پێ بکا و بڵێن کوردستانی فرۆشتوە...

لە تورەییان گوتی: کوردستانی چی؟

گوتم: کوردستانی هەمو شت. من و هەزارانی وەک من بۆیە تۆ وەک بت دەپەرستین کە خەمخۆری کوردستانی. وەک لە قورعان دا دەڵێ: لە ئێستاوە جیایی نێوان من و تۆیە، خوا حافیز. هەر ئەمڕۆ دەڕۆمەوە بەغدایە و فەقیریی خۆم دەکەم....

دەرکەوتم. لە حیرسانیش دەگریام... سواری جیپێکی کرێ بوم و چومە ماڵی قادری باغەوان لە ڕانیە. سەعاتێک شەوی مابو، لە دەرگایان دا. گوتیان هەژار وەرە کارمان پێتە. دو چەکداری بارزانی بوون. خواحافیزی یەکجاریم لە ماڵە مام قادر کرد و لێم ڕون بو لەسەر ئەم بێ ئەدەبی‌یەی دوێنێ گوللەبارانم دەکەن. گەیشتینە پشت ڕانیە، چوار جیپ لە دوی یەک وێستابون، مەلا مستەفا وێستابوو، گوتی: تۆ لەگەڵ جیپی مەلا برایم سوار بە. چوینە "سەروچاوە" بوینە میوانی خێوەتی "ئەحمەد شاباز". پاش نانی نیوەڕۆ گوتی: حەرەس بە جیپەکان بڕۆنەوە "دۆڵەڕەقە" ئەسپی من زین کەن و ئێسترە شینیش بۆ هەژار زین کەن. ئێمە بە سواری دێین. لە ڕێگە تاوێکی چاک هیچ دەنگی نەکرد. لەپڕ بێدەنگی شکاند:

- هەژار تۆ هەر خۆت بە کورد مەزانە، زۆر پیاوی وا ماون کە گیانیان بە قوربانی ئازادی کوردستان بکەن. من لە تۆ دڵسۆزترم، چۆن بەجێم دێڵی و دەڕۆی و دەڵێی "هذا فراق بینی و بینک"؟ قەرارمان وانەبو لەسەر زوێڵە چەرم بێ؟... هەژار تۆ نازانی وەختێ هاتمە سەنگەسەر، چەند کەسێکم نارد لە حاڵی خەڵک بپرسن. تەنیا لە "ژاراوە" یەک تەنەکە گەنم لە ماڵێکدا هەبو، کەسی‌تر نانی دوو ڕۆژی شک نەدەبرد. بەرلەوە شەڕ لە بارزان بوەستێ خەڵک لە

مێرگەسور لە برسان مردوە، کەس لە برسان هێزی نەبو بینێژێ. من دەبو نان بۆ ئەو هەمو برسیانە پەیدا کەم. ئێمزام کرد و گەنم و پارەی زۆریشم ساند و لە ئازادی کوردستانیش واز ناهێنم، خەم مەخۆ.)

ڕۆژی ١٩٦٤/٣/١٧، ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ عومەر مستەفا دەبابە و دوکتۆر عەزیز شەمزینی چوون بۆ سەنگەسەر و لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە و دژایەتی خۆیان لەگەڵ ڕاگرتنی شەڕ و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت ڕاگەیاند. بارزانی ڕێککەوتنەکەی بۆ ڕوونکردنەوە و گوتی ئەم ڕێککەوتنە بەکارێکی تاکتیکی دەزانێ و داوای لێکردن بۆ ماوەیەک لە ڕانیە یان قەڵادزێ بمێننەوە تا ئەگەر وەفدێکی تری حکومەت هات، پرس و ڕاوێژیان پێ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی متمانەی بە ئیبراهیم ئەحمەد نەبوو و لە فیکری ئەوەدابوو کە لە کۆنگرەی دواییدا هەوڵبدات جەلال تاڵەبانی جێی بگرێتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی چەند ڕۆژ لە قەڵادزێ مانەوە و دواتر بەبێ ئاگادارکردنەوەی بارزانی گەڕانەوە بۆ ماوەت و ئەم نامەیەی خوارەوەیان بۆ بارزانی نوسی. مەسعود بارزانی دەقی نامەکەی لە لاپەڕەی ١٦٨ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێن:

- برای گەورە و بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی

دوای سەلام و ئیحترام

ئەوە بۆ بیست ڕۆژ دەچێ کە لەسەر ئەمری ئێوە لە قەڵادزە ماینەوە بە تەمای چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت، بەڵام داخمان ناچێ کە نە ڕەئیس وزەرا و نە وەزیر و نە متەسەرفیشمان نەدی لەم ماوەیەدا، وە دیاریش نییە کە بەم زووانە بێن بۆ لاتان. لە سەرێکی کەشەوە، وەکو بەسەرهاتی ئەم ماوەیە دەری خستووە بوونی ئێمە لە نیزکتانەوە هیچ کارێکی نەکردۆتە سەر باشکردنی عیلاقەی ئێوە و پارتی. جگە لەمانەش مانەوەمان بەم چەشنە بێ ئیش و بێ کار و بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بووەتە هۆی پروپاگەندە و قسەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا کە هەر دوژمن کەڵکی لێ وەردەگرێ و وا دیارە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە برادەرانمان ئیمڕۆ بەپەلە داوای گەڕانەوەمان بکەنەوە بۆ بەربەستکردنی ئەو چەشنە پروپاگەندانە. ئێمەش لەبەر پەلەپەلیی ئەوان و کەم وەختی ئێوە و لەبەر ئەوەش وەختی خۆی تەنیا بۆ چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت داوای مانەوەت لێ کردبووین بۆیە

**هیوامـان هـەیـە لێمـان ببـووری کە بـەبـێ چاوپێکەوتنەوەتـان ڕۆیشـتینـەوە. وە لـەبـەر ئـەوەی کاک عـومـەریش دوای لابردنـی لـە فـەرمـانـدەیی هێزی کـاوە هـیچ ئیشـێکی لـەم نـاوچـەیـە نـامێنـێ بـۆیـە ئـەویشـمان لـەگـەڵ خـۆمـان بـردەوە. ئیتـر خواتـان لـەگـەڵ:**

**سـەید عـەزیز ئـەفـەندی عومـەر مستـەفا براتـان ئیبراهیم ئـەحمـەد** (پاشبەندی ٢٤)

پـاش گـەڕانـەوەیـان بـۆ مـاوەت، ئیبـراهیم ئـەحـمـەد و گـروپـەکـەی پـەرەیـان بـە دژایـەتـی خۆیـان لـەگـەڵ ئـاگربـەس و بـارزانـی دا، بـەجۆرێـک کـە ژمـارەیـەک لـە کـادیرە دیارەکـانی پـارتی لـە بـەشـی سیاسـیی و سـەربازییدا وەک: عـەقـید نـوری مـەعـروف، ڕەشـید سندی، تـاریق ئـەحـمـەد، خـالید شـەمسـەدین، فـازل تاڵـەبـانی، فـازل سۆرانـی. محـەمـەد سـەیدعـەلـی حـافز، تـاهـیر عـەلـی والـی، نـەوزاد خۆشـناو و ....تــد، لـە بـەرامــبـەر ئـەو چـەواشــەکارییانـەدا، بـە نــوێنـەرایـەتی کـــادیر و پێشمـەرگـەکان چوون بۆ سـەنگەسـەر و لـەگەڵ پشـتیوانیکردنیان لـە بـارزانـی، ئـەو پیلانـە پڕلـە مـەترسییـەیان بۆ بارزانـی ڕوونکـردەوە. بـارزانی کۆبـوونـەوەیـەکی بـۆ ئـەو ژمــارەیـە لـەگەڵ نــافیز جـەلال، عـەبــدولکافی نـەبـەوی و عـەزیــز ئــاکرەیی ڕێکخست. لـەو کۆبوونـەوەیـەدا بڕیاردرا جەلال تاڵـەبانی، عومـەر مستـەفا دەبابـە، عـەلی عـەسکـەریی و کـەمال موفتـی کە لایـەنگرییان لـە مـەکتـەبی سیاسـیی دەکـرد لـەکــار لابـەرن و نــوری مـەعــروف، نــوری مـەلا حـەکـیم، نــافیز جـەلال و عـەزیــز ئـاکرەیی لـە شـوێنـی ئـەوانـە دانـێن کـە بـە ئـەسـتاندنـەوەی کـار لـەو چـوار کـەسـە، زۆربـەی پێشمـەرگـەکان پاڵیان بـە بـارزانییـەوە دا و بـە سـەرکردە نوێیـەکـان ڕازی بوون، ئـەو ڕەوتـە ئیبـراهیم ئـەحـمـەدی هـانـدا کـە بـەپـەلـە بـانگهێشـتی کۆنفرانسـی پارتـی لـە ماوەت بکات.

ئیبـــراهیم ئـەحـــمـەد بـە بـەشـــداریی نـــزیکـەی ٨٠ ئـەنـــدام ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٤ کۆنفرانسی مـاوەتی پێکهێنـات و کـۆنفرانس دوی پێنج ڕۆژ لـە ١٩٦٤/٤/٩ کۆتـایی بـە کارەکانی هێنا. مـەبـەست لـەو کۆنفرانسـە شـەرعیـەت دان بـە کودیتـایـەک بـوو کە ئیبـراهیم ئـەحـمـەد بـە دوای گـەڕانـەوەی لـە ئێران دەیویست بـەسـەر بـارزانـی دا بسـەپێنێت. یـەکێـک لـە بڕیارەکـانی کـۆنفرانس سـڕکردنی بـارزانی بـوو لـە سـەرۆکایـەتی پارتـی، بـەڵام کۆنفرانس ئـەم بڕیارەی ڕاگرت و پێنج لـە ئـەنـدامانـی نارد بـۆلای بـارزانیی تـا بـەڵکوو ڕێیـەکـی مامناوەنـدیی بـۆ کێشـەکان بـدۆزنـەوە. ئـەم نـوێنـەرانـە بریتــی بـوون لـە عـەلــی سـنجاری، ئـەسـعـەد خـەیلانــی، جـەلال حیسامـەدین تاڵـەبـانی، تـاهیر بابـان و مستـەفا کرێکـار. کۆنفرانس بڕیاریـدا تـا

گەڕانەوەی ئەو پێنج نوێنەرانەی کارەکانی خۆی بوەستێنی و دواتر دەست بەکار بکاتەوە و بڕیار بدات. نوێنەرانی کۆنفڕانسی ماوەت لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرییەکی مامناوەندی، کەچی بەرلە گەڕانەوەی ئەو نوێنەرانە بۆ ماوەت، مەکتەبی سیاسیی بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی "ڕێککەوتنەکەی مشیر و بارزانی ماف وەرگرتنە یان خۆبەدەستەوەدان؟" بڵاوکردەوە. ئیبراهیم ئەحمەد هەرچی بوغز و کینەی بوو لەو بەیاننامەیەدا گونجاندبووی. لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر، لاپەڕەی ٦٠-٦١، خەباتنامە، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢دا دەڵێت:

- (لە نیسانی ١٩٦٤ دا واتە لە ١٩٦٤/٤/٦ کۆنفرانسێک لەلایەن مەکتەبی سیاسی سازدرا لە ماوەت کە کادیرانی سەربە ئەوان بەشدارییان کرد و ژمارەیان نزیکەی ٨٠ کەس دەبوو. لەم کۆنفرانسەدا بڕیاری ڕووت کردنەوەی بارزانییان لە هەموو جۆرە بەرپرسییەک دا، ئەمەش بە پێچەوانەی دەسەڵاتی کۆنفرانس بوو، ئەم کۆنفرانسە و بڕیارەکانی بووە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو حیزبدا. لیژنەی چاودێری و پشکنین ویستیان دەور ببینن لە چارەسەری ئەم لەتبوونەدا سەردانی هەدوو لایان کرد و ویستیان کۆنگرە ببەستن، بارزانی ڕازی بوو، مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو.)

ژەنەڕاڵی خانەنشین حەسەن ئەرفەع سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران، لە لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤ی کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد دژی بارزانی دەکات و دەڵێت: (مەلا مستەفا بۆخۆی فەرماندەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو، باشتر لە هەر کەسێکی تر ئاگاداری بارودۆخ و بیروڕای پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان بوو، دەیزانی لەوە پتر دەرەتانی شەڕ نییە، تەواوی ناوچەکان بەهۆی بۆمبارانی دوژمن وێران بوون، زەوی، دانەوێڵە و کەلوپەلی ژیان بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە لەناو چووبوون. ژمارەی زۆری ئاوارە و ڕاکردووەکانیش کۆسپێکی تری سەر ڕێگای بەردەوامیی شەڕی چەکدارانە بوو. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر دابەزینی ورەی خەڵک بوو کە بەهۆی پشتیوانیی نەکردنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە کوردان، زیانی بینیبوو. ... دورلە باوەڕە کە ئەگەر بڵێین مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، نەزانن حیزبەکەیان دەرەتانی درێژەدانی بە شەڕی چەکدارانە نەماوە، بەڵام بەڕوونی دیاربوو کە ئەوان لەهەر هەلێک دەگەڕان تا خۆیان لە چنگ مەلا مستەفا

ڕزگار بکەن. لە بەرامبەر نەتەوەی کوردا بە خایینی بناسێنن و بڵێن بووەتە داردەستی دەوڵەتی عێراق و ئەم جارە بۆخۆیان وتووێژ لەگەڵ عێراق بکەن. ... مەکتەبی سیاسیی کە بارەگاکەی لە ماوەت لە نزیک چوارتا بوو لە باکوری سلێمانی، دژی مەلا مستەفا دەستیکرد بە پروپاگەندە و ئەویان لە بەرامبەر داخوازەکانی نەتەوەی کورددا بە خایین ناساند(١).)

دوو مانگ و نیو دوای کۆنفرانسی ماوەت، قادر شەریف و سەعید کاوە "کوێستانی"، مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی، حوسێن مەدەنی و حەسەن ڕەستگار، ڕۆژی ١٩٦٤/٦/١٧ بەیاننامەیەکیان بەناوی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکرات بڵاوکردەوە کە حیزبی دیموکرات ساخ بکەنەوە و دواتریش مەلا ئەحمەد شەڵماشی "مەلا ئاوارەیان" لەگەڵ کۆمیتەکەیان خست. دەربارەی کۆمیتەی ساخکەرەوە و چالاکییەکانی، سەعید کاوە لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:



- (دوای بەجێهێشتنی ئێران، ئەوە یەکەم جاربوو، چاوم بە قادر شەریف دەکەوتەوە. ئەو پێشتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرپرسی نهێنی کۆمیتەی بڵباس بوو. قادر شەریف دەیگوت ئەحمەد تۆفیق حیزبی ڕزاندوە و پێویستە خۆمان شتێک دروست بکەین. من و قادر شەریف هەردوومان تۆزیک چەپ بووین و لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەحمەد تۆفیق یەکمان نەدەگرتەوە.

من بە قسەی قادر شەریفم کرد و حوسێن مەدەنیشمان هێنا و بووین بە سێ کەس و کارمان دابەشکرد. قادر شەریف دانرا بۆ بەرپرسی پێوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکرات و مەکتەبی سیاسی پارتی. من و حوسێن مەدەنی لەگەڵ ئەندامانی حیزب قسەمان دەکرد. دوای پێکهێنانی کۆمیتەی ساخکەرەوە، لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کەوتینە ناکۆکی و ناچار بووین بچینە مەکتەبی سیاسی کە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری ئەوکاتی پارتی بوو. خانوویەکی چۆڵمان لە گوندی "مالومە" کردە مقەڕ. من و حوسێن مەدەنی دەچووین ئەو خەڵکانەمان

دەدۆزییەوە کە لە ئێران قاچاخ دەبوون. ڕووت و بێدەرەتان بووین هیچمان نەبوو، قادر شەریفمان نارد بۆ مەکتەبی سیاسی کە بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئەوان بوو، داوای یارمەتی بکات. ناوبراو چاوی بە مامۆستا برایم ئەحمەد کەوت. ئێمە کە ٢٤ کەس بووین، ٢٤ تفەنگی کۆن و ٢٤ دەست جلوبەرگ و هەندێک پارەیان داینێ، چونکە قادر شەریف پارەکەی وەرگرت، ئێمە لە ڕادەی یارمەتی پارەکە بێئاگا بووین. دەبوایە پێشتر باسم کردبایە.

... بڕیارماندا کۆمیتەکەمان لە ٣ کەسڕا بکەینە ٥ کەس. حەسەن ڕەستگار لە پێشدا لەگەڵمان نەهات بۆ مالوومە، بەڵام کاتێک بنکەمان هێنا بووە دەوروبەری مەکتەبی سیاسی لەوێ مەلا حەسەن و مەلا ئەبووبەکری فەلسەفیمان لەگەڵ خۆمان خست و ئەوانیش بە کۆمیتەکەمان زیاد بوون. ٢٠ پێشمەرگە و کادیری حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئێمە کەوتن. عوسمان سەعید کە مامۆستا بوو و لە مهابادەوە ڕایکردبوو، کردمان بە مامۆستای کلاسی کادیر کە خولی کادیر بۆ پێشمەرگەکان بەڕێوە بەرێت.)

قادر شەریف(٢) و سەعید کاوە دوای کۆکردنەوەی ئەو ژمارە کادیرانە و وەرگرتنی چەک و پارە لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و کۆکردنەوەی نزیکەی ٢٠ پێشمەرگە، لەژێر کاریگەریی کۆنفرانسی ماوەت و بە هاوکاریی ئیبراهیم ئەحمەد، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەیان بلاوکردەوە. لە بڵاوکراوەکەیاندا جگەلە دژایەتی کردنیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی، ئاماژەیان تەنانەت بۆ خاڵێک نەکرد کە باس لە بەرنامەی دوارۆژی کۆمیتەکەیان بکات بۆ خەبات لە پێناو دوارۆژی نەتەوەی کورد و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەدا کە بە وتەی حەسەن ڕەستگار لەلایەن قادر شەریفەوە نوسراوە، دەگوترێت:

بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەربارەی چۆنیەتی ماهیەتی حیزب و ئاکارە گڵاوەکانی ئەحمەد تۆفیق
(عەبدوڵڵا ئیسحاقی)

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە حیزبێکی میللی و دیموکراتییە بنەڕەتی لەسەرشانی زوربەی خەڵکی کوردستانە و ڕیشەی قووڵ و مێژوویی لەنێو جەرگەی نەتەوەکەماندا بنجبەست بووە بۆ وەدیهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی پێکهاتووە و دامەزرێنەری جمهوری میللی و دیموکراتی کوردستانە کە حورمەت و پرستشیکی گشتیی جیهانی بەخۆیەوە گرتووە و تا ئێستا لەپێناوی ڕەوت و

ڕێبـازی ناوەڕۆکـە پێشـکەوتووە مێژووییـەکەیـدا بـە هـەزاران ڕۆڵـەی نـەبـەز و شـەرافەتمەند گیـانی شـیرین و تـەمـەنی لاویـەتیان بـەختکردووە و بوونـەتـە قوربانیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان.

هـەرچەنـدە دامودەزگـای کۆنەپەرسـتان و داگیرکـەران بـە پشـتیوانی ڕاستەوخۆی ئیمپریـالیزمی جیهانی بۆ تێکدانی ڕیزی حیزب کـە ئالاهـەڵگری ئامـانجی بـەرزی نـەتەوەکەمانـە هـەوڵ و تـەقەلایـەکی بێوێنـەیان داوە. بـەڵام بیروبـاوەڕی ڕاستـەقینەی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستـان وێـڕای بـەکارهێنانی تاکتیک و ئامۆژگارییەکانی لەنێو جەرگەی خەڵکی کوردستاندا ڕۆژبەڕۆژ پتەو تر و بـەهێز تـر شـەقامی پـان و بـەرینی تێکۆشـانی بڕیـوە و لـە هـەموو هـەل و کـاتێکی ناسـکدا بـە ئـەرکی مێژوویـی خـۆی هەسـتاوە، هـەر ئـەوە بـوو کـە لەبـەرهـەمی ئـەو خـەبات و تێکۆشـانە دەرفـەتێکی هـەرە لـەبار و واقیعـی لـە ساڵـەکانی ٣٥-٣٧ بۆ حیزبمان خوڵقا بەم جۆرە.

١. بە نیسبەتی نێوخۆ: گەلەکەمان بەهۆی ستەمی نەتەوایەتی و بێبەشی لە تەواوی پێویستیی مرۆڤایەتی و چەوسانەوەی هەمەچەشنەیی هەستی هاتە جـۆش و بـە عیشـق و عەلاقەیـەکی گەرمـەوە پێشـوازی لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازانەدا دەکرد، هەروا ڕێکخراوەکانی حیزبمان ڕێکوپێک پەرەگرتوو تر لە جاران زۆربەی مەڵبەندەکانی نیشتیمانی گرتـەوە و دامودەزگـای حکومـەتی تاران بەو هـەموو هێـزەوە لـە بەرامبـەر بزووتنـەوەی نەتـەوە و حیزبمـان دۆش دامابوو.

٢. بەنیسبەتی گشتی ئێران: ئا لـەم حەلـەدا نـەتـەوەکانی فـارس و ئـازەر و کەمایەتیەکانی تر بـەهۆی زاڵبـوونی دامودەزگـای سـاواک و پـەیمانی شـەڕاوی سـەنتۆ کەوتبوونـەژێر توندترین بـاری ئـازار و بـەند و کوشتوبڕی لـێ وەتـەنگ هاتبوو و بە هیوایەکی زۆر چاویان بڕیوەتە بزووتنەوەی نەتەوەکەمان کە ببێتە سەرچاوەی جووڵانەوەی گشتی لە سەرتاسەری ئێراندا.

٣. بەنیسـبەتی جیهـان: مەسـەلەی مێژوویـی نەتـەوەی کـورد و هەڵکـەوتی تـەبیعیی کوردستـان کـە بڕبـڕەی پشـتی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاستە لەلایەکـەوە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی زاڵبوونی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی وێڕای قوتبوونـەوەی پەیمانی شەڕاوی سینتۆ کە گەورەترین مەترسی بۆ بەرەی میللەتان و هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەیان پێکهێنابوو سەرنجی گشتیی وڵاتانی دیموکراتی و هـەروا کـۆڕ و کۆمەڵـەکانی پێشکەوتەی جیهانی ڕاکێشا بـە جۆرێک کـە لـە

هەموو ڕۆژنامە و ڕادیۆکانی عالەمدا خرایەپێش چاو و دەنگی دایەوە. لەو سەردەمەدا دوو مەسەلەی مێژوویی هەرە گرنگ بۆ حیزبمان هاتەگۆڕێ.

یەکەم کۆنگرە، دووەم ڕاپەڕین: لەمەڕ کۆنگرە وە کۆمیتەی ناوەندی لەسەر داخوازی و پێشنیازی زۆربەی ئەندامانی پێشکەوتووی کۆڕی خەبات لە نەورۆزی ١٣٣٨دا بە ئیتفاقی کۆمیتەی ئەیالەتی بڕیاری قەتعیان دا بۆ بەستنی کۆنگرە لە پوشپەڕی ١٣٣٨دا نوێنەرانی کۆمیتەکانی حیزب بۆ هاوبەشی لە کۆنگرە هەڵبژێردران و جێگای تایبەتی دیاریکرا.

لە بارەی ڕاپەڕین: جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی میللەتان لە جیهاندا بەتایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا لە دژی ئیرتیجاع و ئیستعمار تەئسیرێکی قووڵی کردەسەر بەهێزتربوونی هەستی بزواوی نەتەوەکەمان بۆ ڕاپەڕینی ئازایانە. ئەوە بوو لە هەندێک لە مەڵبەندەکانی نیشتیماندا وەکو سۆما، برادۆست، شپیران و هەروەها جوانڕۆییەکان چەکدارانە دژی داگیرکەران ڕاپەڕین. تەنانەت لە ڕۆژنامەکانی جیهانی و هەتا ئێرانیشدا دەنگی دایەوە.

کادرەکان بە ئەرکی ویجدانی حیزبیان زانی کە ئەوی مەسەلەی گرنگە بخەنە بەرچاوی ناوەندی بۆ کەڵکوەرگرتن و پێهەستانی. کۆمیتەی ناوەندیش لە پووشپەڕی ١٣٣٦دا لە ڕووی لێکۆڵینەوە و بەرژەوەندیی وەزعی گشتیی ئێران و بەتایبەتی کوردستان و هەروەها وەزعی گشتیی جیهانی هاتەسەر ئەو ڕایە کە بە هەموو هێز و توانایەکەوە هەوڵ و تەقەلا بدرێ بۆ کەڵکوەرگرتن لەو هەلە هەڵکەوت و بەنرخە. بەم جۆرە دەستکرا بە دانانی نەخشە و پیلان لە هەر بارێکەوە و بڕیاردرا کە بۆ وەرگرتنی نەزەری گشتیی جیهانی هەروا ڕاکێشانی سەرنجی گەلانی ئازادیخواز دوو کەس بنێردرێنە دەرەوە. ئەوە بوو ئەحمەد تۆفیق بە ناوەی مەسئول و ڕەحمانی قاسملو بە ناوەی مشاویر ڕەوانەکران.

ئەو مەئموریەتە کە پێویست بوو زۆر گورجوگۆڵانە ئەنجام بدرێ ١٣ مانگی خایاند و لەو ماوە دوورودرێژەدا ئەحمەد تۆفیق نەک هەر ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەجێ نەگەیاند بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستیدایە ئەو کردەوە گڵاو و تاوانباریانە:

١. لادانی لە ڕەوت و ڕێبازی حیزبایەتی و هەروا لەخۆدا نواندنی حیزب لەبەرچاوی هەموو کۆڕ و کۆمەڵە دیموکراتیەکانی هەندەران.

٢. چاندنی تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکایەتی و بەدزمانی و فیتنەگێڕی لەنێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا و ڕاگەیاندنەوەی ئەو کردەوە ناپەسندانە بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان.

٣. ڕەفتارکردی نارەوا و دوژمنانەی دوور لە شێوەی حیزبایەتی دەگەڵ ڕەحمانی قاسملو. بەم جۆرە بە کۆڵێک تاوانبارییەوە گەڕایەوە.

ئەو کردەوە و ئاکارانە بوونە هۆی نزمبوونەوەی حورمەت و ناوبانگی حیزبمان لەبەرچاو گشتیی دەرەوە هەر وەکو بوونە هۆی بەجێ نەگەیاندنی ئەو کارانەی خرابوونە ئەستۆی.

لە مانگی گەلاوێژی ١٣٣٧دا لەسەر ئەو کردەوە و ئاکارە ناجوامێرانە لەلایەن هەندێک لە هەوالانی کۆمیتەی ناوەندییەوە ئەحمەد تۆفیق بانگ کرا بۆ لێپرسینەوە و موحاسەبە کردن بەڵام بۆ خۆشاردنەوە و هەڵاتن لەبەردەمی لێکۆڵینەوەی تاوانبارییەتی دەورێکی پڕ لە شەیتە بازانەی (کانگستر) بە شێوەی هەڵڵاوبگر گێڕا. هەر لەو دەمەیدا بوو کە بەبۆنەی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە کۆماری عێراق پێکهات "بانگی هاوبەشیەتی نشتیمانی و برایەتیی کورد و عەرەب بەرزکرایەوە بۆیە هاوالانی حیزبمان بە پێویستیان زانی کە ئەحمەد تۆفیقی تاوانبار لەژێر چاودێری و مسئولیەتی هاواڵێکی تردا بنێرنە کوردستان بۆ لێگێڕانەوەی هاوڕێیانی دیاریکراو و پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوە. هەروەها سەرێکیش لە کۆماری عێراق بدەن بۆ ئەوەی لەو دەرفەتە هەڵکەوتە سەبارەت بە مەبەستی باس لەسەرکراوی سەرو کەڵک وەربگیرێ.

لێرەدا پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە مەبەست لە ناردنی ئەحمەد تۆفیق تەنیا لەبەر شارەزایی بووە بەڵام بەداخەوە لە نیوەی ڕێگادا هاواڵی مسئول لەلایەن دوژمنەوە دەستگیر کرا. ئەحمەد تۆفیق مانەوەی بەتەنیایی خۆی بە دەرفەت زانی و یەکسەر بە هەڵەداوان چوو بۆ کۆماری عێراق و لەوێ لەژێر ناوی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کەوتە هەڵوێستی گێرەشێوێنی و تێکدەرانە و دەستتێوەردانی نالەبارانەوە هەستان. بە پێچەوانەی هەر جۆرە یاسا و ڕێبازی حیزبایەتی و چاندنی تۆی دووبەرەکایەتی و فیتنەگێڕی لە نێوان ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسییەکانی عێراق و هەروا پیاوانی سەربەخۆی کورد لە کوردستانی عێراق بەتایبەتی دەورێکی پڕ لە سوور و ئاگربارانەی بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگیرا. ئەوە بوو دەستی کردە نانەوەی ئاژاوە و گێرەشێوینی لە نێوان ئەندامانی پارتی و

هەروا زورنای ناو و ناتۆری بەم جۆرە لێدەدا، دەیوت: پارتی بورژوازیە، ناتوانێ ئامانجەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان بێنێتەدی. پارتی کۆمۆنیستە، لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان جوورنایەتەوە. پارتی دەگەڵ ناصر رێککەوتووە ... هتد. پیاوە سەربەخۆیەکانی کوردیش بەکرێگیراون. دیموکراتییەکانیش لە مەبدأ لایانداوە. مەبەستی ئەو تاوانبارە لە رێکخستنی ئەو بەندوباوانە تەنیا و تەنیا هاندانی کۆماری ٢٥ی گەلاوێژ بوو لەدژی هەموو ئەحزابە سیاسییەکانی عێراق بەتێکڕایی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی. هەروا گۆڕینی نەزەری گشتیی کۆمەڵە پێشکەوتووەکانی جیهانی بەرامبەر جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان.

دیارە ئەو کردەوە ناپیاوانە یارمەتییەکی گرنگە بۆ هێزەکانی کۆنەپەرست و ئیمپریالیزم لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا: لەسەر ئەو کردەوە چەوت و چەوێلانە چەند گوزارشتێک درایەوە بە کۆمیتەی ناوەندی حیزب بەم جۆرە:

ئـ) لە یەکەمی مانگی خاکەلێوەی ١٣٣٨دا راپۆرتێکی دوورودرێژ لەلایەن هاوالێکی حیزبەوە پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی کرا، هەوالان بە هاودەنگی بە نووسراوەیەکی بەرین تاوانباریان ئاگادار کرد کە دەست لەو تاوانانە هەلبگرێ و بەرەو رێبازی حیزب بگەرێتەوە. تەنانەت لە نووسراوەیەکی دۆستانەی حیزبیشدا داوا لە بارزانی کرا کە بەرهەلستی جووڵانەوەی ئەم تاوانبارە بکات بەلام نووسراوەکە بەرلەوەی بگاتە بارزانی کەوتەدەست تاوانبار ئەحمەد تۆفیق و لەنێوی برد.

ب) لە مانگی بانەمەڕی ١٣٣٨دا هەوالێکی مشاویری کۆمیتەی ئەیالەتی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە نێردرایە بەغدا بۆ گێرانەوەی تاوانبار بەلام ئەو جارەش سەرپێچی کرد.

ج) لە مانگی جۆزەردانی ١٣٣٨دا تا رەزەبەری هەمان ساڵ ٦ نووسراوەی دیکەی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ نووسراوە کە بە زووترین کات بگەرێتەوە و دەست لە هەلوێستی تاوانباری و سەرپێچی لە دەستووراتی حیزبی هەلبگرێ دەنا بەپێی یاسای حیزب غیابا سزا دەدرێ دیسان تاوانبار فرمانی حیزبی خستەپشتگوێ ئەوە بوو لە نووسراوەی دواییدا سەلبی مەسئولیەتی لێکرا.

پێویستە ئەوەش بزانرێ کە ماوەیەک پێش سەلبی مەسئولیەتی وەسایلی چاپەمەنی حیزبی رفاند و بەتەنیایی نەشریاتی لەسەر بیر و باوەڕی لادەرانە

بە نـاوی حیزبــەوە بڵاودەکـردەوە. هــەروەها بــە دەســتتێوەردان لــە کاروبـاری کۆمیتـەکانی نزیک سنوور "و بڵاوکردنـەوەی نهێنییـەکانی حیـزب و ئیعترافـاتی خائینانــەی اسـماعیل قاسـملو" لــە کـاتی گیرانــی کـە بەرهــەمی تەئسـیراتی ناحەزانەی تاوانبار ئەحمەد تۆفیق بوو سەرئەنجامی پەلاماری دڕاندانەی ۱۱ی خەزڵوەری ۱۳۳۸ی بۆسەر حیزبمان پێکهێنا، ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانـەدا بـە سـەدان هـەواڵی پێگەیشـتووی کـۆڕی خـەباتی حیزبمـان وێـڕای زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خرانە بەندیخانەکانی دەوڵەتی زۆرداری تارانــەوە بـێ مەحکەمـە و دادگـای قـانوونی کەوتنــەژێر ئەشکەنجە و ئـازار و چەرمەســـەریەوە. هـــەروا چەنـــدان ئەنـــدامی بەدیمـــەنی حیـــزب و لاوی نیشـتیمانپەروەر ئـاوارەی هەنـدەران بـوون کـە لەوانـە نزیکـەی ۱۵۰ ڕۆڵــەی قاڵبووی مەیدانی تێکۆشان لە کوردستانی عێراق، شاری سلێمانی، کۆبوونـەوە. لەوێدا بەهۆی هەڵکەوتی لەباری کۆماری و هەستی بـەتینی هاونەتەوەکـەمان شـەرایت و هـەلێک پێکهـات کـە هـەوالآن توانیـان بکەونـەخـۆ بـۆ چارەسـەریی گیرگرفتــەکانیان لەبەرئــەوە کۆمیتـەیــەکی کـاتی بـۆ بەڕێوەبەرایــەتی حیـزب پێکهات و دەستیکرد بەم ڕیزە کارانە:

۱. ئیقداماتی ڕێکوپێک وەکو دەرکردنـی بـەیان "ئۆرگـانی حیـزب نووسـین و بڵاوکردنەوەی مەقالات لە ڕۆژنامـەکانی هەندەرانـدا" تێلگرافـاتی ئیعتـراز بـۆ سازمانی میللەل و باڵوێزخانەکانی ئێران و...

۲. دانـــانی نەخشـــە و پـــیلان بـــۆ پڕکردنـــەوەی ســـەنگەرەکانی حیـــزب و بەجێهێنانی بڕیارەکانی پێشووی حیزب.

۳. ڕەنگدانــەوەی ئـەو بزووتنەوەیـەی لــە هەنـدەران بـوو بـە هـۆی هـێمن بوونــەوەی بــاری گــرژی ســەر نەتەوەکــەمان هــەروا کەمکردنــەوەی حــوکم و ئازاردانی گرتووەکانمان لە بەندیخانەدا.

دیسان تاوانبار ئەحمەد تۆفیق کەوتە تەقلا بۆ تێکدانی ئـەو بنچینەیـە بـە کەڵکوەرگرتن لـە بـەزیو و مەسڵەحەتپەرستان، هەروا بە یارمـەتی سازمانی ئـەمنی عێـراق کـە پەیوەندییـەکی بـەهێزی لەگەڵدا بەستبوو بەرهـەمی ئـەو کردەوە خائینانە بوو بە هۆی بڵاوبوونەوە و لێکبچڕانی هاوڕێیان هەریەکەو بە جۆرێک. دوابەدوای پەرتەوازەیی و دەربـەدەری برادەرانمـان (کۆمیتـەی کـاتی) کەوتە هەوڵ و تەقەلادان بۆ ئەوەی ئەحمەد تۆفیق بهێننە بەردەمی لێکۆڵینەوە و پرسیار بـەپێی توانـا حورمـەت و گیـانی حیزبـە پێشڕەوەکەمان لـە کەڵبـەی

خوێناوی ئەو گورگە هارە بپارێزێت بە هەر قیمەت و هەوڵێک بوو تاوانبار سازکرا بۆ ئەوەی بێتە کۆڕی کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە و حساب دەگەڵاکردنی "لە ڕۆژی دیاریکراو کۆبوونەوە دەستیپێکرد دوای ٨ ڕۆژ درێژەپێدان بەو کۆبوونەوەیە تاوانبار ئەحمەد تۆفیق بە مەرگە مەلەو پەلەقاژەکردنی بۆ هەڵاتن و خۆدزینەوە لە بەردەمی لێپرسینەوەی مێژوویی هیچ چارەسەرێکی بۆ تەقلەبازی و خۆلنگدان نەمایەوە بێجگە لەوەی کە سەر شۆڕ بکات و چاوی پڕ لە خیانەت و تاوانباری لە عەرزی بێدەنگی ببڕێ و ئیستعفای لە هەموو مەسئولیەتێکی کە بەخۆیەوە دەبینی، بە دەستخەتی خۆی تەقدیم کرد کە ئێستا لە لامانە وا لە خوارەوە ئەیخەینە بەرچاو:

"هاوڕێیانی بەڕێز، بەڕێوەبەرانی کاتی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان

وێڕای سڵاو و حورمەت سەرەڕای ئەوەی کە دەزانم دەبوایە زۆر بەدرێژی لەو نووسراوەدا بدوابام و نووسیبام بەڵام چونکو چکاوەکەم بە زار بۆتان باس کرد ئیتر بە پێویستم زانی لێرەش لەسەری نەڕۆم. دیارە درێژەی ئەو نووسراوە لە دواییدا بەدرێژی پێشکەشی دەکەم.

هەل و هەوایەکی کەوا ئێستا دەنێو هاوڕێیاندا خولقاوە لەپێشدا بە زۆر بوونانەوە بەرامبەر من. بە هەموو لاو سەرێکەوە لێکمداوەتەوە (قۆناخی) ئەرکی چۆڵکردنی (کورسی) و مەسئولیەتی خستۆتەسەر ئەستۆم وا بەدوای دوازدە ساڵ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەک لە کەنار دادەنیشم تا کۆبوونەوەی بەڕاست و بەرزی (کۆنگرە) حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم جۆرە لەو جۆرە لەو بەروارەدا پێشکەش دەکەم.

دیسان سڵاو و حورمەت هاوڕێتان عبدللە اسحاقی

١١ی بانەمەڕی ١٣٤٠- ١٩٦١/٤/٢٩

جێگای سەرنجە کە بزانین خەیانەتکار ئەحمەد تۆفیق ئەو دەرچوون و گۆشەنشینەی بردەسەر؟. دەبێ بڵێین نەخێر، "بەڵکو دوای چەند ڕۆژێک لە بەسەرچوونی کاتی ئیستعفاکەی دەستیکردەوە بە ڕیزە ئاکارێکی ئەوتۆ کە لاپەڕەی مێژووی ڕەشی خیانەتکاران لە بەخۆوەگرتنی ئەو کردەوانەی شەڕ دەکات. پاش ئەوەی خەیانەتکار ئەحمەد تۆفیق بۆی دەرکەوت کە تەواوی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان هەروا زۆربەی ئەندامانی حیزبمان هەستیان بەو ئاکارە

تاوانباریانەی کردووە و لەنێو ڕیزەکانی پێگەیشتووی خەڵکدا بێجگە لە تف و نەعلەت چی دیکەی بۆ نەماوەتەوە.

ئەوجا ڕاستەوخۆ خۆی هاویشتە باوەشی قیبلەگای لەمێژینەی ئیمپریالیزم، ئەوە بوو بەهۆی چەند زۆڵە کوردێکی سەر بە ئەمریکایان دەگەڵ ویلیام ئیگڵتن، بەڕێوەبەری دەرەوە، دوو دەزگای جاسوسی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیوەندی بەست و بۆ ڕیزە ئیتصاڵاێکی جاسووسی خۆی گەیاندە مەنتیقەی هەوراماں و مەریوان و دەگەڵ ش.م. ح. کە شا و دەزگاکانی بەتایبەتی ئەمریکایەکان حیسابی لەسەر دەکێشن کەوتە گفتوگۆ تا بەهۆی وەرگرتنی گەلێکی خیانەت لە ناوبراو پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکاییەکان ساز بکەن، دوو ڕۆژ درێژەکێشانی وتووێژ لەو بارەیەوە بڕیاردرا ش. م. ع بە تەدارەکاتی پێویستی هەڵبەستی و نەتیجەکەی بەهۆی پۆستەی تاران - بەغداوە لە ئەحمەد تۆفیق مەعلوم بکاتەوە. لەسەر ئەو بڕیارە خیانەتکارە گەیشتە بەغداوە ش.م.ع. بۆ قسەوباسی پێسپێردراوی خائین بۆ شوێنەکانی دیاریکراوە ڕۆیشتە تاران ئەمریکاییەکان بۆئەوەی باشتر بتوانن ئەو خائینە بگرنە باوەشی وایان بە باش زانی لە نزیکەوە ببینن جا بەر ئەوە لە تارانەوە بە نووسراوی پێویست ئاگادار کرا ئەحمەد تۆفیقی خائین کەوتە ڕێگا و هاتە سلێمانی و لێرەوە خۆی گەیاندە شاری سنە و هەر لەوێ لەگەڵ ناوبراو بە ماشێنی تایبەتی چوونە تاران.

ویلیام ئگلتن بۆ چاوپێکەوتنی خائین ئەحمەد تۆفیق لە شیرازەوە هاتە تاران بە هاوبەشی دوو کەس لە ئەندامانی باڵوێزخانەی ئەمریکا بە ناوی گیڤ و ریسک لە دەرووەی باڵوێزخانە جێگای تایبەتی بۆ کردبوونەوە، دیاریکراو خائین ئەحمەد تۆفیق لەم کۆبوونەوەیەدا کە بە مەسئولیەتی ریسک پێکهاتبوو بەتەواوی خۆی لە باوەشی دەزگای جاسوسی ئەمریکا هاویشت و بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستە تەعلیماتی تایبەتییان دانا و نوختەی ئیتصاڵاتیان مسیو زەکیان، رەئیس خیریەی ئیسرائل لە تاران، بوو. ئەمریکاییەکان ئەودەم وایان بە باش زانی کە لەلایەن خۆیانەوە محەمەد ڕەزا شا ئاگاداری ئەو مەسەلە بکەن. ئەوە بوو لە دواییدا لە جەلسەیەکی تایبەتی، سپەهبود عەلەوی کیا، ڕەئیسی ئیدارەی دووەمی سیاسی کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری حەمە ڕەزا شادایە بەشدار کرا. ش. م. ح بۆ ئەوەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە دواڕۆژدا تووشی گیروگرفت نەبێ شا و ڕەئیسی ستادی ئەرتەش،

ساواک، ئاگاداری ئەو وەسیلەیە گەریەکرد و نەتیجەی بیروڕای ئەوانی بە خائین ئەحمەد تۆفیق ڕاگەیاند و بە پێویستی دەزانین کە بەپێی ئەرکی ویجدانی و ئینسانیەت ڕوونی بکەینەوە کە خائین ئەحمەد تۆفیق لەژێر ناوی مەسڵەحەتی کورددا ش.م.ح تەفرەدابوو. سەبارەت بەو جەریانە گیڤ چووە بۆ ئەمریکا. زۆری پێ نەچوو ریسکیش بەدوایدا ڕۆیشتەوە.

خائین ئەحمەد تۆفیق پاش بەجێهێنانی ئەرکەکانی پێسپێردراوی لە سەرەتای شۆڕشی کوردستانی عێراقدا لەلایەن دەزگای جاسوسی ئەمریکاوە ئەمری پێکرا بۆ وەرگرتنی تەعلیماتی جاسوسی هەروەها پەیوەندی بە (مەرکەزی سەرپەرشتیکەری دەزگای ساواک)ی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕا ست بچێتە لوبنان.

بەو جۆرە گوایە خائین ئەحمەد تۆفیق بۆ مەسڵەحەتی شۆڕش چۆتە لوبنان بەڵام ناوبراو لەپێناوی بەئەنجامگەیاندنی ویستەکانی دەزگای جاسوسیدا ئەندامەتی ڕەسمی و مەوقیعیەتی تایبەتی بۆ دیاری کرا. هەروەها کارتی تایبەتی بۆ شوێنەکانی پێویست درایە کە ئێستاش لەلایەتی.

لە کاتی گەڕانەوەی بۆی دانرا کە هەواڵدەری نیویۆرک تایمز، دانا شمیت، کە عوزوێکی بەرزی دەزگای جاسوسی ئەمریکایە بێ پاسپۆرت لە ڕێگای سوریاوە بیهێنیتە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراق. ئەوە بوو پێکەوە ماوەی مانگێک لەنێو سەنگەرەکانی شۆڕشگێڕاندا خولانەوە دوای ئەنجامدانی فەرمانەکانیان دانا شمیت بێ بەرگری پرسیاری کاربەدەستانی ئێران خۆی گەیاندەوە مەرکەزی - پایەگای نیزامی خانێ و بە فرۆکەی تایبەتی یەکسەر چووە تاران. ئەو هەواڵدەرە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیدا لەمەڕ شۆڕشی کورد دەربارەی خائین ئەحمەد تۆفیق لەژێر وێنەکەیەوە زۆر بە ئابوتابەوە مەدحی لێ دەکا و نووسیویەتی لاوی ئازا، دڵسۆزی کورد، کوڕی عەلی خانی!!

خائینی خۆفرۆش بێجگە لەو دۆلارانە کە لە سوریا و بەغدا گۆڕیویەتیوە ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بووین لە تاران و تەورێزیش شەست هەزار و سەد دۆلاری بۆ کراوە بە ئەسکەناس بەم جۆرە:

لە پووشپەڕی ١٣٤٢دا بەهۆی د. ع ـەوە یازدە هەزار و سەد دۆلار.

بەهۆی ف. ق ـەوە پێنج هەزار دۆلار.

بەهۆی م. ر ـەوە بە هەشت جار چل و چوار هەزار دۆلار کە هەموو دەکاتە چوارسەد و هەشتا هەزار و شەشسەد تمەن.

تێبینی: ئەم کەسانەی کە ئەم پارەیان بۆ خائینی گەلفرۆش گۆڕیوەتەوە هەموو دڵسۆز و بەشەرفن تا ئەم بەیانە بڵاودەکرێتەوە ئاگاداری کردەوەی خیانەتکارانەی ئەحمەد تۆفیق نین.

بەم جۆرە ئەو خائینە ویستویەتی و دەیەوێ:

١. دەژێر ناو و حورمەت و پەرستشی بەرزی حیزبیدا ئەرکی (کۆمەڵی شۆڕش)ی گۆڕکراوی سوپەهود بەختیار لە هەر بارێکەوە جێبەجێ بکات.

٢. هاوکاری و یارمەتیدانی بیروباوەڕی ڕەگەز پەرستی (شۆڤێنیەت) بۆ وەدیهێنانی ئامانجی دوژمنانی گەلەکەمان هەروەها کوێرکردنەوەی ڕەوت و ڕێبازی دیموکراتیەت و پێشەکەوتوانە لە کوردستاندا.

٣. بێجگە لە پەلامارە دڕندانەکەی ١١ی خەزەڵوەری ١٣٣٨ بۆسەر حیزبمان ئەو خائینە تا ئێستا سەدان ئەندامی دڵسۆز و بەجەرگی هەر یەکە بە شێوەیەک لە مەیدانی تێکۆشان دەرپەڕاندووە. هەروەها بە مەرجی ئەساسی بنچینەیی داناوە کە هەواڵانی زیندانمان ئازاد نەکرێن. بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاسانی ئەسپی سەرکێشی بێ هەوساری خۆی لە مەیدانی خیانەتکاراندا تاو بدات.

٤. پارەیەکی ئەستوور کە لە ساڵەکانی ٣٧- ٣٨دا بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەڵگەی یارمەتی کۆکرایەوە کە بریتی بوو لە شەش هەزار دیناری عێراقی= سەد و بیست هەزار تمەن، لەو پووڵە تەنیا سێ سەد و شەست دینار= حەوت هەزار و دووسەد تمەن، وەدەست حیزبمان کەوت، باقیەکەی خائین ئەحمەد تۆفیق وەک هەژدیها هەڵیلووشی. سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو پووڵە کە لە کوردستانی ئێران لەم ساڵانەدا بە ناوی شۆڕش کۆکراوەتەوە تا ئەو جێگەی ئێمە ئاگادارین لە ١٠%ی لەلایەن خائین ئەحمەد تۆفیقەوە بە شۆڕشگێڕان نەدراوە.

لێرەدا بە پێویست دەزانین سەرلەنوێ کورتەی کردەوە و ئاکارە گڵاوەکانی خائین ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵای ئیسحاقی) بخەینەوە بەرچاوی گشتی:

١. بەجێنەگەیاندنی ئەرکی پێسپێردراوی حیزبی لە دەرەوە و خۆخڵافاندنی بۆ ماوەی ١٣مانگ.

٢. گێڕانی دەوری گێرەشێوێنی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی دەرەوەدا کە بوو بە هۆی نزمبوونەوەی حورمەت و پەرستیژی حیزبمان.

٣. سەرپێچی لە دەستور و فەرمانی حیزب بۆ گەڕانەوەی کە بە شەش مانگ نووسرا و پێی ڕاگەیێندرا.

٤. ڕفاندنی کەرەسە (وەسایل)ی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی نەشریات لەسەر بیروبڕوای لادەرانەی فەردی بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

٥. دەربڕینی نەهێنییەکانیس حیزب و تەئسیری کردەوە نالەبارەکانی لەسەر ڕۆحیە مەعنویاتی ئیسماعیلی قاسملو کە بوو بە هۆی پەلاماردانی بەرینی ساڵی ١٣٣٨ی دوژمن بۆسەر حیزبمان.

٦. تێکەڵاوی پەیوەندی دەگەڵ ئەمنی عێراق و پەرتەوازەکردنی هاوڕێیانی حیزب بە شێوەی تەبعید و خۆشاردنەوە و خۆبەدەستەوەدان بە حکومەتی ئێران.

٧. ئیستعفاکردنی لە مەسئولیەتی حیزب و تێهەڵچوونەوە و دەستپێکردنەوە بە ئاکاری ناپەسەند و لادەرانە بە پێچەوانەی ئیستعفاکە.

٨. خۆفرۆشتن و تەسلیم بوونی بە دامودەزگای جاسوسی ئەمریکا.

٩. گێرەشێوێنی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و پارتی دیموکراتی سوریە و دەرچوونی بەیاننامەی ئەو دوو حیزبە لەسەر خەیانەتکار ئەحمەد تۆفیق.

١٠. خۆنواندنی بە دۆلاری ئەمریکا و دزینی پارەیەکی ئەستوری حیزب.

١١. لادان لە جەوهەر و ماهیەتی حیزبە و بەجێهێنانی ئەرکی (کۆمەڵی شۆڕش)ی گۆڕکراوی سوپەهود بەختیار لەژێرناو و حورمەتو پەرستیژی حیزبدا.

١٢. نانەوەی ئاژاوە و پێکهێنانی دوودڵی لەنێوان هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی عێراقدا کە ناوبراو دەستێکی باڵای هەیە لە قووڵکردنی ئەو ناکۆکییە.

١٣. گێرەشێوێنی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوانیاندا بە چەشنێک کە زیانێکی گەورەی هەیە بۆ شۆڕشە پیرۆزەکەی کوردستانی عێراق.

هاونیشتیمانانی خۆشەویست، دڵسۆزانی هەمیشەیی گەلە بەشخوراوەکەمان، ئەندامانی بەشەرەف و پێگەیشتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوا حیزبە پێشڕەوەکەمان پێ دەنێتە تەمەنی ١٩ ساڵیەوە، وێڕای دەور و زەمان بەسەر ڕێبازی مێژوویی خۆیدا بەرەوپێش دەڕوات، "لە بەردەمی خەبات و تێکۆشانی تاقە پێشڕەوەکەمان دوژمنانی خوێنمژ بەدرێژایی ئەو تەمەنەی بە دەیان

پیلان هەست و بڕوای پیرۆزەمان کوێر بکەنەوە" بەڵام قارەمانانی پێگەیشتووی ئەو شۆڕشە و پیاوانی خەباتکەر و شۆڕشگێڕی نیشتمانپەروەر زۆر چالاکانە و ژیرانە دەپێناوی پاراستنیدا تێکۆشاون و هەرگیز تەسلیم نەبوون و نابن.

لاپەڕە خوێناویەکانی مێژووی نەتەوەکەمان شاهیدی دەرەوەی ئەو هەڵمەت و خۆبەختکردنەن کە لە پێش هەموویانەوە وێنەی پێشەنگی کاروانی ڕێگای سەربەستی شەهیدی نەمرمان پێشەوا قازی محەمەد دەخاتەبەر چاو کە نەمامی (مردن بۆ ژیان) لە ئاسۆیەکی دوارۆژدا بۆ ڕزگاریی گەلەکەمان ئاوەدێر دەکات. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرەنگاری دەگەڵ ڕۆژانی ڕەش و تەماویدا قۆناخی دورودرێژی خۆی بڕیوە و بە پشتیوانی شەبەقی بیروبڕوای ڕاستەقینە بەسەر ناهەمواریەکانیدا تێپەڕیوە و لە هەنگاوی بەرەوپێشچوونی لە بۆتەی تێکۆشاندا قاڵ بووە و هۆشیارانە و ژیرانە نەزەر و فەلسەفەی دوژمنانی گۆڕ کردووە.

پاش ئەوەی دوژمن بۆی ڕوون بوەوە کە نەتەوەی کورد بەتایبەتی ڕێڕەوانی حیزبە پێشڕەوەکەی پلەی پێگەیشتن و زانستی گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە بە هیچ داو و تەڵەکەیەکی دەرەوە ئەو بڕوا پیرۆزەی کە شارەگی لەمێژینەی لەنێو جەرگەی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا کوتاوە قابیلی هەڵکەندن و لەنێوبردن نییە هاتەسەر ئەو ڕایە کە بە هەر جۆرێک بێ خەیانەتکارێکی وەک ئەحمەد تۆفیق لەنێو ڕیزی حیزبدا بەکرێ بگرێ بەڵکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێ ئامانجە پیس و پەڵۆخەکەی وەدیبێنێ و هەر لە درێژەی ناوی کوردایەتی و حیزبایەتیدا هەستی پاک و خاوێنی نەتەوایەتیمان بنجبڕ و شوێن ون بکات. بەڵام دیسانەوە دوژمنانی کورد سەری خۆیان دا لە بەرد بە خەیاڵێکی خاوەوە خۆیان ماندوو کرد و ئەو پووڵ و پارە و دۆلارەیان بە فیڕۆدا "دەبێ بڵێین وەک قومارچی دۆڕاو بە هەناسەساردی و داخ لە دڵی دەستەوئەژنۆ کەوتنە گۆڕێ، هەروا خائینی نیشتیمانفرۆش ئەحمەد تۆفیقیش بێجگە لە سەرشۆڕی چی دی بۆ نەمایەوە. هەر وەکو دەبینین لەنێو تەواوی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی جیهان بەتایبەتی ئەحزابە دیموکراتییەکانی کوردستاندا ئابڕو و شەرەفی تکا و نەما". هەروەکو شەیتان بۆ هەتا هەتایە بە لەعنەت کرا.

بۆیە کۆمیتەی ساغ کەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە هەموو ئەحزاب و نەتەوە ئازادیخوازەکانی جیهان و بەتایبەتی خەڵکی دڵسۆزی

کوردستان دەکات کە بە هیچ جۆرێک بڕوا و اعتماد نەکەنەسەر ئەو بەیان و ڕۆژنامانەی کە لەلایەن ئەحمەد تۆفیق و کلکەکانی وەکو فایەق ئەمین (سلێمان مەعینی) کە شەریکی تاوانەکانی ناوبراوە لە ساڵەکانی پێشوو ئێستا بە ناوی حیزبەوە دەردەچن تاکو بە هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانەی (کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان) بە بەستنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی قانوونی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ حیزب پێکدێتەوە چونکە تەنیا و تەنیا هەر ئەوە جەنایەتکارە کە چەند ساڵە لەژێر ناوی حیزب، سکرتێر، مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی مەرکەزی، نوێنەری کورد هتد چارەنووسی حیزبمان دەپێناوی بنیات و مەسڵەحەتی فەردی و ئاواتی ئاغاکانی بەرەو هەڵدێرگە بردووە.

جووتیاران، کرێکاران، ڕووناکبیران، مامۆستایان، پیشەوەران، عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، لەو هەلە بەنرخ و مێژووییەدا کە پەردەی خەیانەت و جینایەت لەسەر ڕووی ڕەشی ئەحمەد تۆفیق (عبداللە ئیسحاقی) هەڵدەدرێتەوە وەرن یەک بگرن هاوقەول و پەیمان لەسەر شەرەف و کەرامەتی ڕابردووی حیزبمان دەستبدەینە یەکتر بۆ یەکیەتی و هاوکاری و خەباتی تێکڕایی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سەرچاوە مێژووییەمان کە حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

پاش بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە هەر کەسێک پەیوەندی موستەقیم یا غەیری موستقیم بە جنایەتکار ئەحمەد تۆفیق (عبداللە ئیسحاقی) بکات بە لادەرە لە ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی و دەرچوو لە قانوونی حیزبایەتی دەدرێتە قەڵەم.

سەرکەوتن بۆ حیزبە مێژووییەکەمان حیزبی دێموکراتی کوردستان، تاقە ئاڵاهەڵگری ئامانجی بەرز و دروشمی تایبەتی گەلەکەمان. پتەو و بەهێز تر بێ ڕیزی حیزبمان دەپێناوی یەکگرتنەوە و یەکیەتی ڕاستەقینە.

شانازی بۆ شەهیدە قارەمانەکانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان. سەرکەوتوو بێ بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران بۆ ئازادی و دیموکراتی دژی ئیرتیجاع و ئیمپریالیزم. پەرەگرتوو تر بێ جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکانی جیهان دەپێناوی ئازادیی و ڕزگاریی بۆ گۆڕکردنی کەلاکی کەوتووی ئیستعمار و ئیمپریالیزم. سەرشۆڕی بۆ خسائینانی ڕەوت و ڕێبازیی نەتەوە و حیزبمان.

سەرکەوتوو بێ شۆڕشی پیرۆزی کورد لە کوردستانی عێراق بە ڕابەری پارتی دیموکراتی کوردستان.

کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

۲۷ی جۆزەردانی ۱۳٤۳ - ۱۹٦٤/٦/۱۷ (پاشبەندی ۲۵)

وەک دەبینن لەو بەیاننامەیەدا کە دوای کۆنفرانسی ماوەت نوسراوە، جگەلە سوکایەتی کردن بە ئەحمەد تۆفیق و سسلێمان موعینی و هەروەها پشتگیریی کردن لە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی و مۆرەکانی لایەنگری حیزبی تودە، هیچ باسێک لە بەرنامەی دوارۆژی کۆمیتەی ساخکەرەوە نەکراوە، تەنانەت نەگوتراوە حیزبی دیموکرات لە چییەوە بۆ چی ساخ دەکەنەوە؟ شێوازی ساخکردنەوەکەیان چۆنە؟ و بە چ شێوەیەک هەوڵی ساخکردنەوەی حیزبی دیموکرات دەدەن؟ ئایا دەیگەڕێیننەوە بۆسەر هێڵی پێشووی سەردەمی حیزبی تودە، یان زیاتر ئاوێتەی خەباتی کوردایەتی و سەربەخۆیی سیاسیی دەکەن؟ کۆمیتەی ساخکەرەوە لە ماوەی ژیانی نهێنی و دواتر ئاشکرابوونیدا تەنانەت شەیەکی دژی ڕژێمی شای ئێران بڵاونەکردەوە و چالاکییەکانی تایبەت بوون بە دابڕاندنی ئەندام و لایەنگر لە حیزبی دیموکرات و کۆکردنەوەی پیتاک "یارمەتی" و هەڵوەشاندنی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات. سەبارەت بەو تاوانانەی کە کۆمیتەی ساخکەرەوە خستویەتە پاڵ ئەحمەد تۆفیق، لە لاپەڕەکانی پێشوودا ڕووبەڕووی پێچەوانەکانی ئەو تاوانانە و پێوەندیی گرتنی ناوبراو لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان بووینەوە، بەڵام سەبارەت بە دەستپاکی و نەتەوە دۆستیی و نیشتمانپەروەریی و چالاکییەکانی ئەحمەد تۆفیق سەرنج بدەنە ئەم پێنج نموونەیە لە پێنج کەسایەتی:

حەسەن شەوکەت ئیسماعیل "شەوکەتی مەلا سمایل" لە لاپەڕەی ۱۸ی بیرەوەرییەکانیدا کە لەژێر ناوی "ڕەنج نامە" لە ئەڵمانیا، بڵاوی کردوەتەوە و دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەی ۱۱۹ی کتێبی "ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق"دا کەڵکی لێوەرگرتووە، سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق دەڵێت:

**- (... کۆتایی ساڵی ۱۹٦۲ خوالێخۆشبوو "ئەحمەد تۆفیق" بە بارزانی وت: "پێشمەرگەکان زۆر بێ جل و بەرگن، بێ پاڵتۆ و پێڵاون ڕێگام بدە بچم بۆ دەوروبەری ئێران بە داخواز یان بە باربوو کردن هەندێ جل و بەرگ و کاڵا و پێڵاو بۆ پێشمەرگەکان دابین بکەم" بارزانی فەرموی باشە، برۆ. ئەحمەد تۆفیق وتی: بۆ ئەو مەبەستە هەندێ پارەم پێویستە بۆ ئەو ڕێگا دوور و درێژە کە لە**

زۆر شوێن ناچار ئەبم بە پارە خۆراک بکڕم هەتا ئەگەمە گوندەکانی ئەودیو سنووری ئێران. بارزانی بانگی یونس ئەقراوی کرد و لێی پرسی "چەند پارەمان هەیە؟" وتی: "قوربان ٢٨ دینارمان هەیە" فەرمووی "دەباشە زۆری بدە بە ئەحمەد و بەشە کەمەکەی بۆخۆمان دابنێ"، یونس ١٨ دیناری دا بە ئەحمەد و ١٠ دیناریشی هێشتەوە بۆ بارەگا. دوای ٣- ٤ مانگ واتە لە سەرەتای ١٩٦٣دا ئەحمەد تۆفیق هاتەوە ١٠- ١٥ باری ئێستر جلو و بەرگ و پاڵتۆ و گۆرەویی و پوزەوانەی خوریی و کڵاو و گۆرەی مەرەز و لایت و پاتری بۆ لایتەکان، پێڵاوی زۆریی بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو، چۆن منالان بە جلوبەرگی جەژن خۆشحاڵ دەبن و دەگەشێنەوە ئێمەی پێشمەرگەش بگرە لەو منداڵانە زیاتر بەو شتانە خۆشحاڵ بووین و گەشاینەوە.) هەژار موکریانی لە لاپەڕەی ٣٨٨ی چێشتی مجێوردا ئاماژە بە ئەحمەد تۆفیق دەکات و دەڵێت:

- (ئەحمەد تۆفیق دەستە پیاوێکی بەلەبارێکی جوان چاک، سپیلکەڵە، موی لە ڕەشیان بریقەی دەهات. قەت لەکار ماندو نەدەبو. زۆر پاک و خاوێن و مورەتتەب بو. کەس بەپێ دەگەڵی دەرنەبرد. ڕۆژ و شەو بێ وچان بە شاخ و کێو هەڵگەڕابا نەفەسی تەنگ نەدەبو. نەیدەهێشت بەردەستانی ساتێک بێکار و تەنبەڵ ڕابوێرن. لە غاراندا پێم وابو کەروێشکی لەبەر دەرناچێ. جارێک جاشێکی دیل هەڵاتبو. جاش وەک تاژی رای دەکرد، ماوەیەکی زۆریش دور کەوتبو. ئەحمەد کەوتە سەری، گرتی. ... گەنجێکی هەڵکەوتەی کەم وێنەی چاپووک و پڕنیشات بوو. دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش، دەهات و چۆیەکی بەردەوام دابوو. سیاسەتمەدار و شۆڕشگێڕێکی کەم وێنە بوو، لە شەڕەکانی چیای پیرس، جەنگاوەرانی بارزانی، تاریفی ڕەشادەت و نەبەردی و نەبەزییان دەکرد، لە سەرما و گەرما باکی نەبوو. جاری وایە چەند شەو و ڕۆژ بە زگی برسی و پای پەتی دەهات و دەچوو و شەوانە تاشەبەردی چیا دەبوونە پێخەفی. نەیدەزانی ماندوویەتی و برسی بوون چن، قەت کەس گلەیی و گازندەی لێ نەبیست.)

ڕئـوف حـافیرلقورئـان نـاسـراو بـه ڕئـوفی مـەلا حـەسـەنی ئـەنـدامی کـۆمیتـەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات لـه لاپەڕەکـانی ٢٨ و ٢٩ی یادداشته دەستنوسەکەیدا سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق دەڵێت: **(ئەحمەد تۆفیق خاوەن بیر و باوەڕی نەتەوەیی بوو لە داوێن پاکی و ئەخلاقدا بێ نەزیر بوو، قانع و سابیر و خۆڕاگر بوو، نوسەر، خەتیب و سیاسەتمەدار بوو، ئازا و**



**قارەمان بوو، لە دەست و تفەنگدا، لە ڕێگا ڕۆیشـتندا و مەلەکـردن و وەرزیـش و پشـودرێژیی دا بێـوێنە بـوو. لە هەرجێگایەک دەستی گەیشتبایەتە دوژمن و خـایین و کـوردفرۆش و دز و درۆزن بە تونـدی لێـی دەدان. بەهـیچ جۆرێـک نەیدەتوانی لەسەر حەقی کورد و لەسەر مـافی کـورد بگـونجێ و ڕێکـکەوێ. بەربەرەکانی هەموو دوژمنێکی کوردی دەکرد. خزمەتکاری ڕاستەقینەی کورد و سـەربازێکی فیـداکاری سـەربەخۆیی کوردسـتان بـوو. جـاری واهەبـوو لە ٢٤ سەعاتدا بۆ خزمەتکردنی کورد و وڵاتەکەی سەعاتێک ئیستراحەت و خواردنی نەبوو. نەیدەزانی ماندوو بوون چییە، بە بەردەوامی لە سەفەری پڕخەتەر و ترسـناکی بـێ باکـانەدا بـوو.)** ئەمیـر قـازی ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدیی هەڵبژێـردراوی کـۆنگرەی دووەمـی حیزبـی دیمـوکرات لە لاپەڕەی ٣٢٠ی بیرەوەرییە سیاسییەکانیدا دەڵێت:

- **(ئەحمەد تۆفیق بەهەموو ڕەگ و پێستیەوە کورد بوو، ڕزگـاریخواز بوو، کوردستان و کورد و سەربەخۆیی هەموو ئارەزوو و ئامانجەکانی ئەویان لەخۆ گرتبوو. هەربۆیەش بوو کاتێک شۆڕش لە باشوری وڵات هەڵایسا، بارزانی کەوتە ناوەوە، ئەحمەد تۆفیقش داوێنی بەشداری لێ بەلادا کرد، وەک کەسێکی خاوەن شوێنەوار لەو پرۆسەدا لیاقەت، توانا و فیداکاریی خۆی نواند.... وەک کەسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە نوێنەرایەتی و دەگەڵبوونی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڵ ئەو شۆڕشە نەتەوەییە، خاوەن ئاسەوار و بەرچاو بوو کە ئەویش لە باوەڕی پتەوی، لەخۆبوردوویی، سەداقەت، لێوەشاوەیی، پاکی و**

ئـازایـەتیی ئـەحـمـەد تـۆفیقڕا سـەرچاوەی دەبـەسـت. هـەروا لـە خـۆڕا نـەبـوو کـە ئـەحمـەد تۆفیق هـەم جێ سرنجی بـارزانـی و هـەم کادرێک بـوو لـە کـادرە هـەرە بـەوەج و کارلێهاتوانـی شۆڕش.)

ڕەسـوڵ پێشـنماز ئـەنـدامی کـۆمیتـەی ناوەنـدیی هەڵبژێـردراوی کـۆنگرەی سێیەمی حیزبـی دیمـوکرات کـە بـەوتـەی خـۆی بـە بـەردەوامـی دژایـەتـی ئـەحـمـەد تـۆفیقی کـردوەو بـەشـێوەی ڕاسـتـەوخۆ بـەشـداربووە لـە ئاژاوەگێڕانـەکـانی دژبـە ئـەحمەد تۆفیق، لـە لاپـەڕەی ١٩٤ی کتێبـی "سـەربردەی ژیـانم- بیرەوەرییـەکـانی ڕەسوڵ پێشنماز" بـە قـەڵـەمی سۆران کـەرباسیان، دەڵێت:

- (لێـرە بـە پێویسـتی دەزانـم کـە لـەسـەر دوو گیانبـەخـت کـردوو بـدوێم کـە مخـابن لـە زۆر نووسـیندا بـۆ قینـی تاکەکـەسی و بۆچوونـەکان قوربـانیی کراون. یـەک لـەو گیانبـەختانـە ئـەحمـەد تۆفیقە کـە زۆریـنـە هێرشـیان کردۆتـەسـەری و لـە تـەنیشت ئـەو هێرشـەیاندا زۆر لایـەنی بـاش و جـوانی ئـەحمـەدیـان سانسـۆڕ کـردووە. ئـەحـمـەد تۆفیـق مرۆڤێکـی ئـازا، نـەتـرس و مانـدوونـەناس بـوو و لـە پێنـاو بـەرەوپێشـچوونی کـاردا کۆڵـدانی نـەبـوو. مرۆڤێکـی دەسـتپاک و لـەهـەر چـەشـنـە گـەنـدەڵییـەکی ئـابووریی بـەدوور بـوو. ئـەو کوردستانییانـە بیری دەکردەوە و بـەرانـبـەر هـەر داگیرکـەرێکـی کوردسـتان و



چەوساندنـەوە و ژێرپێنانی مـافی نـەتـەوەکـەی هـەڵوێستی ڕاشکاوانـەی هـەبـوو. ئـەو نیشتمانپەروەرێکی کوردسـتانیی بـوو و هـەمـوو بـەرژەوەنـدییەکی لـە پێنـاو کوردستاندا قوربـانیی دەکرد. پیاوی ڕۆژی تـەنگانـە و ورە بـەرز و بـە جـەرگ بـوو. مرۆڤی ئازاشی خۆش دەویست، تـەنانـەت گـەر وەک ئـەویش بیری نـەکردبـایـەوە و لـە دژایـەتیـی خۆیـدا ڕاوەسـتابا. لـە هـەمانکاتـدا بـە چـاوێکی نـزمـەوە سـەیری مرۆڤی ترسنۆکی دەکرد و زۆری بـایـەخ پێنـەدەدا. لـەکاتی قسـەکردندا زۆر ڕێک و پێک و ڕاستبێژ بوو و پـەنای بۆ فرت و فێڵ نـەدەبرد. ئـەوەی بـە دروستی زانیبـا بـە ڕاشکاویی دەیدرکاند و بـۆ دژایـەتیـی لـە بـەرانـبـەر بۆچـوونی خـەڵکـی دیکـە

پەنای بۆ پاساو، درۆ و بۆختان نەدەبرد. ئەحمەد تۆفیق سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕەخنانەی لەسەر بوو، بۆشاییەکی زۆر حاشالێنەکراوی بۆ ئێمە پڕ کردبۆوە.

گەر ئەو بە هاریکاریی هاوڕێکانی، بەڕێوەبەرایەتی و سەرپەرشتیی ئێمە و کوردە ئاوارەکانی نەکردبایە، بە دڵنیاییەوە هەموومان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان تووشی چارەنووسێکی دیکە دەبووین. ئەوان ڕێگەیان بە ئێمە نیشان دا و ئاگاداریان کردینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان چی بووە و پێویستە بەرەو کوێ بچێت. لەسەرەتاوە هیچکام لە ئێمە نەماندەزانی کە چلۆن کاری ڕێکخراوەیی بکەین و جیا لەوە کە ئەزموونەکانی خۆی بۆ ئێمە گواستەوە، کاریگەریی زۆریشی لەسەر هزری سیاسیی ئێمە دانا. هەڵبەت یەک لە هۆکارەکانی ئەوە کە چما ئەو کەسانەی دەستیان بۆ نووسینی ڕووداوەکان بردووە، ئاماژەیەکیان بەم ڕاستیانە نەکردووە بۆ ئەم گرنگە دەگەڕێتەوە کە هیچکامیان لەم ڕووداوانەدا گچکە بەشدارییەکیان نەبوو. بۆ وێنە عەبدوڵڵای حەسەن زادە، جەلیل گادانی و کەریم حیسامی کە مێژووی ئەم حیزبەیان نووسیوەتە، لە هیچکام لەم ڕووداوانەدا بەشدار نەبوون و.....)

هەروەها فەرهاد عەونی نوسەر و کەسایەتی باشوری کوردستان ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٩ سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق، بەنوسین پێیڕاگەیاندم: (لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ کە تەمەنم ١٦ ساڵ بوو، لە کۆیە کۆنگرەیەکی زیدە فرەوانی حزبی، میللی بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی جۆری پەیوەندی و وتووێژکردن لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و حکومەتی تازەی بەعس کە لە ئاکامی کودەتا خوێناوییەکەی ٨ی شوباتی هەمان ساڵ هاتبووە سەردەسەڵات، پێکهات. ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٤ کۆیە لەگەڵ لوتکەی ڕووداوەکە دەژیا ئەویش بە گەیشتنی سەرۆکی پارتی و سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول نەمر مستەفا بارزانی بوو. ئەو ڕۆژە بارزانی نەمر و یاوەرانی گەیشتنە کۆیە و یەکسەر لە ماڵی خوالێخۆشبوو کاکە زیاد ئاغای غەفوری دابەزین، ئاشکراشە ماڵی کاکە زیاد و ماڵی ئێمە "ماڵی عەونی" بە تەنیشت یەکەوەن و تەنها دیواریکی نزم نیوانمان دەکا. دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ چەند کەسایەتییەک کە پیشووتر باوکمی لی ئاگادار کرابوو لە لایەن کاکە زیادەوە، کە بریتی بوون لە میری ئیزیدیان شێخ تەحسین شێخ سەعید و شێخ جەلالی برا بچووکی و خوالێخۆشبووان عەباسی مامەند ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ و ئیسماعیل سوار ئاغای سەرۆک عەشیرەتی بلْباس و واحید

حاجی مەلوی سەرۆکی عەشیرەتی مزوری و مەلا باقی یاوەری بارزانی کە هەمیشە لە ڕێگای ڕادیۆیەکی ترانزستۆرەوە گوێبیسی هەواڵەکان دەبوو، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی نزیکی چواردەوری بارزانی نەمر هاتنە ماڵی ئێمە بۆ ئەوەی زیاتر لە بارزانی نزیک بن، پاش نانخواردنی هەمان ئێوارە پێشمەرگەیەکی تفەنگ و خەریتە لەشانی چوست و چالاک بە بالایەکی ڕێکوپێکەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەک کە لەگەڵی دابوو بەژوور کەوتن و بە دەنگێکی دلێرانەوە سلاوی لە دانیشتووان کرد، دیاربوو زۆربەیان دەیانناسی و یەکسەر



خوالێخۆشبوو عەباس ئاغای ئاکۆ بەپیرییەوە چوو و فەرمووی لێکرد و بە باوکمی ناساند و گوتی: "قوربان ئەمە کاک ئەحمەد تۆفیقی هەمیشە پێشمەرگەی بارزانییە"، کاک ئەحمەد تۆفیقیش بە ڕوویەکی خۆشەوە سلاوی لە باوکم کرد و پاشان یەکە یەکە تەوقەی لەگەڵ ئامادەبووانی میوان کرد و باوکیشم فەرمووی لێکرد و دانیشتن. بە هاتنی کاک ئەحمەد تۆفیق دانیشتنەکە گەرم و گورتر بوو، دەتوانم بلێم جۆری قسەکردن و بابەتەکانی بە شێوازی موکریانی سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشابوو. ئەو شەوە تاکو درەنگانێک بابەتەکان لەنێوان وردەکارییەکانی ڕۆژانی سەختی شۆڕش دەگێڕدرایەوە کە تێیدا کاک ئەحمەد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەپشت بارزانی نەمرەوە جەنگاوە و لە هەمان کاتیشدا لەو دیو و ئەو دیو واتە باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان خەریکی پەیداکردنی کۆمەک بووە و تەنانەت بە جۆرێک بارزانی بڕوا و متمانەی بە ئازایەتی و دڵسۆزیی ئەو هەبووە.

زۆربەی شەوەکان کاک ئەحمەد تۆفیق لە ماڵی ئێمە دەمایەوە، پاش نانخواردنی ئێواران بۆ ماوەیەک سەردانی بارزانییان دەکرد لە ماڵی کاکە زیاد و بەگەڕانەوەشیان کۆڕی دانیشتنەکە لەنێوان ئامادەبووان گەرمتر دەبوو، بەندەش وەکو لاوێکی سەوداسەری سیاسەت کە چەند مانگێک بوو لە بازنەی ئەندامێتیی حزبی شیوعیی عێراقی هاتبوومە دەرەوە بە کاریگەریی بارودۆخی سیاسیی ناو خێزان و تەوژمی بیری نەتەوایەتی و گەورەبوونی قەوارەی سیاسی و ئیعلامیی شۆڕشی ئەیلول هیچ کاتێک بە ڕۆژ و بە شەو ئەو

"مەجلیس"ەم جێنەدەهێشت کە بۆمن بووە گەنجینەی زیاتری بیری کوردایەتی، لەو کات و ساتەی ئەو ڕۆژانەدا.

شەوێکیان بۆ جاری دووەم لەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق و میوانەکان بەرەو ماڵی کاکە زیاد چووین تاکو بەخزمەت بارزانی بگەین، "شەوی پێشووتریش بە دەستپێشخەریی شێخ تەحسینی میری ئێزیدیان ئەم دیدارەم بۆ ڕەخسابوو، بەڵام دیداری دووەم کە پێشووتر باسم لێوە نەکردووە بەهۆی کاک ئەحمەد تۆفیقەوە بوو" چونکە ئەو ڕۆژە لە ڕووداوێکی دروستکراوی سیاسیدا کە گوایە بەندە حەز بە سەرکەوتنی ئاشتەوایی نێوانی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی کودەتای ٨ی شوبات ناکەم. یەکێک لە لێپرسراوە سەربازییەکانی شۆڕش (س.م) بە شێوازێکی زۆر توند مامەڵەی لەگەڵ کردم و هەتا توانای هەبوو زللەیەکی لێدام و پاشان بە قۆنداغە کلاشینکۆفەکەی کە بۆ سەرمی ڕاوەشاند بەر لای ڕاستی دەموچاوم کەوت و دانێکی شکاندم و ماوەی چەند کاتژمێرێکیش لە مزگەوتی مەلا ئەسعەد لە گەڕەکی بایز ئاغا کە ژوورێکیان تەرخان کردبوو وەکو حەپسخانە منیان هێشتەوە، چیرۆکەکە لێرەدا دوور و درێژە و جێگای باس نییە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ کاک ئەحمەد تۆفیق لە ماڵی ئێمە بە ڕووداوەکە دەزانێ و نیگەرانی دایدەگری و دەڵێت: "لام سەیرە ئێمە لە ماڵێک میوانداری کراوین دەڵێی بارەگای بارزانییە و ئاشنای کاک عەونی خاوەن ماڵ بووم کە هەست و بیری کوردایەتی سەراپای ژیانی گرتووە تازە پاش نزیک لە دوو ساڵ زیندانی لە نوگرە سەلمان ئازادکراوە، ئەوجا کوڕە گەورەکەی کاک عەونی- لە ڕاستیدا بەندە برایەکی لەخۆم گەورەترم هەیە بەناوی خەسرەو، بەڵام کاک ئەحمەد تۆفیق لەبەر حەزوری هەمیشەییم لە دانیشتنەکانیاندا بە کوڕی گەورەی دەزانیم- لێیدەدرێ و ددانی دەشکێ و حەپس دەکرێ لەبەر ئەوەی گوایە حەز ناکات شۆڕش و دەوڵەت پێک بێن، پەیمان بێت ئەم مەسەلەیە بە بارزانی بگەیەنم."

کاتێک کاک ئەحمەد منیشی بینی بە درەنگەوە "چونکە شەرمم دەکرد پاش ئەو ڕووداوە بچمە لایان" پێی گوتم: "کاکی برا نابێت ئەم ڕووداوە هەستی کوردایەتی و خۆشەویستیت بۆ شۆڕش لاواز بکات، ئەم کردەوەیە کرداری پیاوێکی هۆشمەند نییە و دوورە لە ئازایەتی و پیاوەتی، ڕاوەستە کاکی خۆت

ئەم مافەت بۆ دەسەنێتەوە." منیش سوپاسی بێ پایانم کرد و بێ کەم و زیاد ڕووداوەکەم وەکو خۆی بۆ گێڕایەوە.

لە نێوان قسەکانمان و چوونە دەرەوەی کاک ئەحمەد بۆلای بارزانی، دوو کاتژمێرێکی پێچوو، پاشان کە هاتەوە ماڵی ئێمە، پاش نانخواردنی ئێوارە کە ویستیان وەکو عادەتی شەوانیان سەردانی بارزانی لە ماڵی کاکە زیاد بکەن، کاک ئەحمەد تۆفیق ڕووی لە باوکم کرد و گوتی: "کاک عەونی بە ئیجازەی جەنابت فەرهاد دەبەم بۆلای جەنابی بارزانی" باوکیشم لە سەرەتادا گوتی: "کاک ئەحمەد بە باشی نازانم مەسەلەکە گەورە بکرێت." بەڵام کاک ئەحمەد تۆفیق بە زوبانە شیرینەکەی و بۆچوونە ئاقڵانەکەی بە باوکمی گوت: (بەڕاستی دەزانی، یەکێ لە لێپرسراوانی شۆڕش بەم درندایەتییە مامەڵە لەگەڵ کوڕێکی لاوی ئەم خانەوادەیە بکات؟ لەسەر چی؟ بۆچی تەنانەت ئەگەر ئەم قسەیەشی کردبیت کە حەز نەکات شۆڕش و دەوڵەت پێک بێن، خۆ کفری دەرهەق بە خودا نەکردووە."

مەجلیسی شەوانەی بارزانی ویقارێکی تایبەتیی هەبوو کە مرۆڤ لە سەرەتاوە پێی سەرسام دەبوو هەڵسوکەوتی کاک ئەحمەد تۆفیقیش لەگەڵ بارزانی بە هەڵسوکەوتی نێوانی باوکێکی مێهرەبان و کوڕێکی زێدە دڵسۆز دەچوو لەو دانیشتنەی ئەو شەوە چەند جارێک کاک ئەحمەد لە شوێنی خۆیەوە دەهاتە لای بارزانی و قسەی لەگەڵ دەکردو بارزانی نەمریش وەڵامی دەدایەوە، ئەوجا کاتێک هاتە سەر باسەکەی من زۆر بە هێمنی لە خزمەت بارزانی دا گوتی: "قوربان تەنها ددانێکیان شکاندووە بە قۆنداغی کلاشینکۆف لەبەر ئەوەی گوایە حەز ناکات ئێمە و دەوڵەت ئاشتەوایی بکەین." لێرەدا کۆتایی بەم باسە و بە چارەسەرییەکەی بارزانی نەمر بۆ ئەو مەسەلەیە دینم کە کاک ئەحمەد تۆفیق ڕۆڵی خەمخۆریی خۆی تێدا بینی.)

---

١- حەسەن ئەرفەع بە وتەی خۆی نزیکەی ٢٥ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی سمکۆ و مەحمود خانی کانی سانان شەڕی کردوە و بۆ لەناوبردنی کۆماری کوردستان هەوڵی زۆری داوە. دایکی ئینگلیز و باوکی تورکی تەورێز بووە. باوکی بۆ ماوەیەک نوێنەری شای ئێران بووە لە

لای شای سوید و خۆشی بە دوای خانەنشین بوونیدا سەفیری ئێران بووە لە تورکیا. لەوێوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کێشەی کورد کردوە و ئاکامەکەی لە کتێبێکدا لەژێر ناوی "کوردەکان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی" بە زمانی ئینگلیزی کۆکردۆتەوە، زانکۆی ئاکسفۆرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و منیش وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و چاپی دووەمی، ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەزگای وەرگێڕان، لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.



٢- ناوی هاشم ئەقەلەتولاب و ناوی حیزبیی قادر شەریف بوو. دوای ئاوارە بوونی، مەناف و تەهای برای پاشناوی بنەماڵەکەیان لە ئەقەلەتولابەوە کرد بە "حەقتەلەب". دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و بووژانەوەی حیزبی دیموکرات، ناوبراو ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ حیزبی دیموکرات کەوتووە. ئەندامێکی بە وزە، تێکۆشەر و کارای حیزبی دیموکرات بووە. لە ساڵانی ١٩٥٢- ١٩٥٩ بەرپرسی کۆمیتەی بڵباسی حیزبی دیموکرات بووە لە گوندەکانی نێوان مهاباد. سەردەشت، پیرانشار و نەغەدەدا و چەندان کۆمیتەی بۆ حیزبی دیموکرات لە گوندەکانی ناوچەی بەرپرسایەتییدا دامەزراندوە. دوای پەلاماری دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" بۆسەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات، ناوبراو خۆی گەیاندوەتە باشوری کوردستان و هاوکاریی ئەحمەد تۆفیقی کردوە لە چالاککردنەوەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە باشوری کوردستاندا. بەهۆی چەپ بوونییەوە، ساڵی ١٩٦٤ لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی "مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات" دژی ئەحمەد تۆفیق هاندرا و بە پشتگیریی ئەوان، لەگەڵ سەعید کاوە و چەند کەسی تر، کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی دامەزراند، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و دوای هەڵسوڕانێکی زۆر ناچار بوو لە سلێمانی نیشتەجێ بێت. ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ خانمێکی خەڵکی مهاباد بەناوی پیرۆز هاوسەرگیریی کرد و میوەی ژیانیان کوڕێکە بەناوی ڕزگار قادر شەریف. ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(سێ مانگ بەرلە بەدنیا هاتنم، باوکم ساڵی ١٩٦٧ لە مزگەوتی دوو دەرگای سلێمانی بە نارنجۆک "قومبەلە"ی کوردێکی خۆفرۆشی سەربە ساواکی ئێران بەناوی "یوسفە لیچە" شەهید کرا.)** جگەلە قادر شەریف، مەنافی برای تێکۆشەرێکی حیزب دیموکرات بوو. لە هێرشی دووەمی ڕژێمی عێران بۆسەر حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٩٦٤دا گیرا و بۆ ماوەیەک لەگەڵ عەزیز شاروخ لە زیندانی سەربازگەی مهاباد زیندانی بوو. تەها حەقتەلەبی براشی کە بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات بوو لە تاران بەدەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گیرا و گوللەباران کرا.

# کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات و کاریگەرییەکانی لەسەر حیزبی دیموکرات

دوای کۆنفرانسی ماوەت کە بە کۆنگرەش دەناسرێت و پاش ئەو هەڵە چەوتەی کە ئیبراهیم ئەحمەد خۆی و لایەنگرانی تێوەگلاند، بارزانی بەهۆی لیژنەی چاودێریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێنجەمی پارتی، هەوڵی ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە و چارەسەرکردنی لێکدابڕانی ئەو گرووپەی لە پارتی دیموکرات و شۆڕشدا، بەڵام مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو. دواتر کۆمەڵێک کەسایەتیی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری کورد چوونە لای بارزانی کە بەڵکوو کورد بتوانێ یەکڕیزیی خۆی ڕابگرێ و یەکدەنگیی خۆی لە بەرامبەر حکومەتی بەعسدا لە دەست نەدات. بارزانی لەو بارەیەوە نەرمیی نواند و ئامادە بوو سەرلەنوێ هاوکاریی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و گرووپەکەی بکات. هەوڵی گرووپی ناوبژیوانان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی بۆ نزیکبوونەوە و هاوکاریی کردنی دوو لایەنی پارتی دیموکرات، تا ڕادەیەک جێی گرت و پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسیی خەریکبوون لە نزیک بارزانی درێژە بە خەبات بدەن، بەڵام هەوڵەکەیان بە هاندانی ئیبراهیم ئەحمەد هەڵوەشایەوە[1] و ئیبراهیم ئەحمەد هەڕەشەی لە بارزانی کرد و گوتی: **(ئەگەر کێشە بەرەو شەڕ بەرێت، دەیکەم بە شەڕێک لەنێوان سۆران و بادیناندا.)**

بە هەڵوەشانەوەی ئەو هەوڵانە، بارزانی داوای کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد. بۆ ئەو مەبەستە، لیژنەیەکی ئامادەکاری کۆنگرە لەم کەسانە پێکهات: عەزیز ئاکرەیی، هاشم ئاکرەیی، نعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شێخ عومەر، ئەحمەد گەرۆتە، عەبدوڵا ئیسماعیل و ...تد. لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە داوای لە ئیبراهیم ئەحمەد و گرووپەکەی کرد بێن و بەشداریی کۆنگرەی شەشەم بکەن و لەودا کێشەکەیان چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو و وەڵامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەیان نەدایەوە[2].

کۆنگرەی شەشەم ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ بە بەشداری ٦٠٠ ئەندام لە ناوچەی قەڵادزێ پێکهات. کۆنگرە لە چەند بابەتی نێوان کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەم دوا و ئاماژەی بۆ کۆنفرانسی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت و دەرکردنی بارزانی

لە پارتی کرد. هەروەها ئاماژە بۆ ماددەی دووەمی دەستوری عێراق کرد کە دەڵێت **"عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی"** کۆنگرە ڕایگەیاند **"بەشە عەرەبییەکەی عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی"** کۆنگرە سەرکردایەتی نوێی بۆ پارتی هەڵبژارد و بە کۆی دەنگ مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژاردەوە و ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا "دەبابە"، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەلی عەسکەری، عەلی حەمدی، ئەحمەد عەبدولا، مەلا عەبدولا ئیسماعیل "مەلا ماتۆڕ"، نوری سدیق شاوەیس، حلمی عەلی شەریف، عەلی عەبدولا و محەمەد حاجی تاهیری لە حیزب دەرکرد. هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا، کەلوپەلی حیزب وەک ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی پارتی لە مەکتەبی سیاسی کۆن لە ماوەت وەربگرێتەوە.

کۆنگرەی شەشەم بە شێوەی ناڕاستەخۆ دوو ڕێگای خستبووە بەردەم ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی کۆنی مەکتەبی سیاسیی کە یان شەڕی پارتی و بارزانی بکەن، یان ماوەت و دەوروبەری بەجێبهێڵن و ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. ئیبراهیم ئەحمەد بەهۆی لایەنگریی کردنی زۆربەی کادیر و پێشمەرگەکان لە بارزانی و کۆنگرەی شەشەم، توانای شەڕکردنی لە خۆیدا نەبینی و ڕێی دووەمی هەڵبژارد. هاوکات لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆنگرەی پارتی، ناوبراو لەگەڵ خێزانەکەی و دواتریش ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی کۆن و کەسانی دەوروبەریان، ماوەتیان بەجێهێشت و چوون بۆ ناوچەی ئالان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوان بەڵگەنامەکان و کەلوپەلەکانی پارتی و بەشێک لەو ئازوقەیان لەگەڵ خۆیان برد کە لە بارەگاکەیاندا هەبوو.

دوای جێگیربوونیان لە ناوچەی ئالانی سەردەشت، لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٧ بەهاوکاریی ئێران هێرشیان کردە سەر ناوچەی شلێر و سیوەیل لە دەوروبەری پێنجوێن و هەندێک شوێنیان داگیر کرد کە پێشمەرگەگان دوای شەڕێکی سەخت و دژواردا توانیان پاشەکشەیان پێ بکەن.

لەو شەڕەدا شەش پێشمەرگەی هێزی خەبات شەهید بوون. ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ یارمەتی ئیبراهیم ئەحمەدی دەکرد کە بەڵکوو ناوچەی پێنجوێن و چوارتا بخاتە دەست خۆی، بەڵام بە گەیشتنی هێزی یاریدەدەری پێشمەرگە و بارزانی خۆی بۆ ناوچەکە، ئەوان گەڕانەوە بۆ ئالان[٣].

---

١- ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٢٤، فوئاد عارف، مەجید عەلی، فەتاح سەعید شالی، دوکتۆر عەبدولڕەحمان، ڕەئوف ئەحمەد و ڕەشید عارف لە بەغداوە هاتن بۆ ڕانیە و چاویان بە

بارزانی کەوت، ئەندامانی ئەو گروپە داوایان لە بارزانی کرد کە ئیزن بدات ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی بێن بۆ ڕانیە و لە نزیک بارزانی بمێننەوە و گیروگرفتەکانیان لەگەڵ بارزانی چارەسەر بکەن کە بارزانی قبوڵی کرد. ناوبژیوانان چوون بۆ ماوەت و بە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیان ڕاگەیاند کە بارزانی ڕازی بووە، بێن بۆ بارەگاکەی و لەوێ درێژە بە کاری حیزبی بدەن. ناوبژیوانان بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیان لەگەڵ خۆیان هێنا و بارزانییش بە گوێرەی بەڵێن، لێیان خۆشبوو. بڕیاردرا ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕوویداوە، پشتگوێی بخەن و ناکۆکییەکان ڕابگیرێن و بەگوێرەی ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە:

١- شۆڕش بەهیچ شێوەیەک دەستپێشخەریی ناکات بۆ شەڕ لەگەڵ حکومەت. پەلاماردانی هێزەکانی حکومەت بەتەواوی قەدەغەیە و هەڵوێستی شۆڕش هەڵوێستی داکۆکی لەخۆ کردنە.

٢- لیژنەیەکی ئامادەکار دادەنرێ بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی.

٣- مەکتەبی سیاسی بارەگای خۆی لە ماوەتەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕانیە تا لەگەڵ بارزانی بێت.

ئەم ڕێککەوتنە هیوایەک بوو بۆ بەرگریی کردن لە شەڕی چەکدارانە لەنێوان لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانیدا. گروپی ناوبژیوان لە ڕانیەوە گەڕایەوە بۆ ماوەت و لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسیی کۆبوونەوە. هەموویان پێشوازیان لەو گەڵاڵە پێشنیازییە کرد کە بارزانی پەسەندی کردبوو. لەو پێوەندییەدا و بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بە ناوەکانی: عەلی عەبدوڵا، جەلال تاڵەبانی، سەید عەزیز شەمزینی، نوری سدیق شاوەیس و نوری ئەحمەد تەها ڕۆژی ١٩٦٤/٥/٤ ئەم نامەیەی خوارەوەیان ئاراستەی بارزانی کرد:

١٩٦٤/٥/٤

بۆ جەنابی کاک بارزانی مستەفا بەڕێز

دوای سڵاو و ئێحترام

بەپێویستی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە ئەم داخوازیانەی خوارەوەتان بخەینە بەرچاو بەنیازی ئەوەی کە لە چاکترین ڕێگەوە خزمەتی شۆڕش و گەلەکەمان بکەین:

١- مەکتەبی سیاسی شوێنی بۆ دابنرێت لە بنگرد یان مەرگە یان قەلاتوکە تا بگەڕێتەوە سەر ئیشی خۆی لە پەناتاندا.

٢- دەست بکەین بە هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەکانی پارتیدا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرێس و لیژنە ناوچەییەکان.

٣- دەست بکەین بە جێبەجێکردنی ئەو نوقتانەی جەنابتان لەگەڵ کاک فوئاد و برادەرانی تر باستان کردووە و ڕازی بوون پێیان. جا تکایە وەعدێکمان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی هەموومان چاومان پێتان بکەوێ.

ئیتر خۆشیتان: عەلی عەبدوڵا- مام جەلال- سەیدعەزیز- نوری شاوەیس - نوری ئەحمەد تەها (پاشبەندی ٢٦)

٢- لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی شەشەم، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: (**بارزانی ناچار بوو کۆنگرە ببەستێ. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی لەم کەسانە پێکهێنا: عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، نوعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شێخ عومەر، ئەحمەد گەرۆتە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل و هی تریش. سەرەتای تەموزی ١٩٦٤ کۆنگرەی شەشەم لە قەڵادزێ بەستراو وەفدێکی نارده ماوەت تاکو بێنە کۆنگرە، بەڵام نەهاتن و شاندەکەش لە ١٢ هەڤاڵ پێکهاتبوون و ئەمانەی تێدا بوون: عەلی هەژار، مەجید ئەتروشی، ئەحمەد ئەتروشی، فاتح محەمەدبەگ، ئیسماعیل مەلا عەزیز، جەلال مەحمودبەگ و چەند کەسێکی تر.**) هەرلەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی: (**لە کۆنگرەی شەش کە لە قەڵادزێ پێکهات، بارزانی سێ جاری وەفد نارد. ئەوان لە ماوەت بوون و گوتی ڕجا دەکەم وەرن خۆتان هەڵبژێرن، ئەگەر میللەت دەنگی پێدان، بەڵێنتان پێدەدەم کە بچمەوە بۆ بارزان، بەڵام ئەوان نەهاتن. دیارە ئەوان پێشتر بە دەستوری شای ئێران، بارزانییان لە حیزب دەرکردبوو. بە دوای کەریم قاسمدا ئەم جارە شا دەیویست شۆڕشەکە تێکبدات و جیابوونەوەیان لە نێودا دروستکردن.**)

٣- بارزانی تا هێڵی سنور چووە پێشەوە و لەوێوە هەڕەشەی لە ئێران کرد: (**کە ئەگەر جارێکیتر یەک کەسیان لە سنور بپەڕێتەوە، منیش لە سنوری ئێران دەپەڕمەوە و شۆڕشێک لە کوردستانی ئێراندا هەڵدەگیرسێنم.**) ڕژێمی عێراق هەڕەشەی بارزانی بەهەل زانی و پێیراگەیاند ئامادەیە بۆ ئەو مەبەستە یارمەتی بدات کە بارزانی سوپاسی کردن و پێی گوتن ئێستا هەموو شتێک بڕاوەتەوە و پێویستی بە یارمەتی نییە.

## چارەنوسی کۆمیتەی ساخکەرەوە و ئەندامانی

پێشتر گوتم کۆمیتەی ساخکەرەوە بە هاوکاریی و دەرەتانێک پێکهات کە ئیبراهیم ئەحمەد خستبوویە دەست قادر شەریف و هاوڕێیانی. ئەوان بەو تێبینییەوە کە ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی، مەلا مستەفایان لە حیزب دەرکردوە و مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتی پارتی دیموکرات دەگرێتە دەست، بە پەلە وەخۆ کەوتن و ئەو بەیاننامەیان بڵاوکردەوە کە پێشتر لە بەشی **"کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان"**دا کەوتە بەرچاوتان، بەڵام دوای پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات و ڕاکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی بۆ ئێران، ڕووداوەکان دژی قادر شەریف و ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە هەڵگەڕانەوە. لە مەودای نێوان کۆنفرانسی ماوەت ١٩٦٤/٤/٤ و بەتایبەتی بڵاوکردنەوە بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە لە ١٩٦٤/٦/١٧ تا پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات لە ١٩٦٤/٧/١، کۆمیتەی ساخکەرەوە لە نهێنی بوون هاتەدەر و ئەم جارەیان بە ئاشکرا دژی ئەحمەد تۆفیق لە باشوری کوردستان هەڵدەسوڕا و ئەندامانی سەرکردایەتی خۆی بە گوێرەی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر ناوچەکاندا بەشکرد کە بە بڵاوکراوەکەیانەوە بچن و خۆیان بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی گوندەکان ئاشکرا بکەن و موژدەی دەرکردنی بارزانی لە پارتی دیموکرات و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئەحمەد تۆفیقیان پێڕابگەیەنن، بەڵام خەڵکی کوردستان بارزانی دەویست، نەک ئیبراهیم ئەحمەد و ئەحمەد تۆفیقی بە سکرتێری حیزبی دیموکرات قبوڵ بوو، نەک قادر شەریف. لە ئاکامدا، ئەوان نەیانتوانی جێی خۆیان لەنێو خەڵکدا بکەنەوە و ناچار بوون بە هەڵوەشانی پێکهاتەکەیان لە هەڵوێستی خۆیان پاشگەز بنەوە. لەو بارەیەوە سەعید کاوە "کوێستانی" دەڵێت:

- (بەرلەوەی کە مەکتەبی سیاسیی لە ماوەت لەلایەن بارزانییەوە بکەوێتە بەر هێرش، ئێمە بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەمان نوسی و بووین بە سێ گروپ. مەلا ئەبوبەکر و چەند پێشمەرگە بۆ ناوچەی بانە، قادر شەریف و من و چەند پێشمەرگە چووین بۆ ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ناوچەی شنۆ و سندوس و شارویران لە مهاباد. گروپی سێیەم حوسێن مەدەنی و مەلا حەسەن بوون لەگەڵ ڕەسوڵ پێشنماز و خدر مەرەسەنە و چەند پێشمەرگە کە دەبووایە

بچن بۆ ناوچەی مهاباد کە حوسێن مەدەنی گەڕایەوە لای حکومەت لە ئێران و مەلا حەسەن و ئەوانی تریش بە واسیتەکاری گەڕانەوە بۆلای بارزانی لە ڕانیە و بەیاننامەکانیان سوتاند. مەلا ئەبوبەکر دوای شکانی پارتی و مەکتەبی سیاسی گەڕایەوە بۆ ئێران و ئیتر ئێمە نەماندیتەوە. ئێمەش لە ناوچەکان هەوڵی زۆرمان دەدا، بەڵام خەڵک ئێمەی وەرنەدەگرت. لە ناوچەی سەردەشت مەلا ئاوارەمان دیتەوە و ئەومان بە ئەندامی کۆمیتەی ساخکەرەوە وەرگرت. دوایی هەر ئێمە قاچاغ بووین و لە ڕۆژهەڵات دەخولاینەوە و لە ڕادەبەدەر گوشارمان لەسەر بوو. مەلا ئاوارە کە دەیتوانی هاتووچۆی ناو شۆڕش بکات، پێمان گوت سەفەرێک بکات بەڵکوو ڕێگا چارێک بدۆزێتەوە لەو حالە ڕزگارمان بێت. لەو سەفەرەدا ئاوارە خۆی کەوتە دوای کۆنگرەی دووەمی حیزب.)

هەرلەو بارەیەوە، ئەمیر قازی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/١/١٧ پێی گوتم: (لە بازاڕی قەڵادزێ چاوم بە حەسەن ڕەستگار کەوت، هەندێک بەیاننامەی پێبوو، خەریکبوو بەناوی ساخکەرەوە بچێت بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ بڵاوی بکاتەوە، داوام لێکرد بوەستێ و نەچێت. مەلا حەسەن لە چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەشیمان بۆوە. سەید ڕەسوڵی بابی گەورەش لە ناوچەی هاوشین بەیاننامەکانی لە سەعید کوێستانی وەرگرتبوو. دواتر ئێمە توانیمان بە دوای کۆنگرەی دووەمدا مەلا حەسەن، قادر قازی "مامەند" و ڕەشید سمێڵ بگەڕێنینەوە لای حیزب.)

هەروەها، لە دووەم چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ حوسێن مەدەنی لە ٢٠١٥/٤/١٧، ناوبراو دوو دیاردەی بەرلە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە و دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە پێراگەیاندم و گوتی: (بەرلە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە، قادر شەریف کە زۆر لە کاری ڕێکخراوەیی و نهێنی شارەزا بوو، دەیگوت: "تا خۆمان ساخ دەکەینەوە، دەبێ هەوڵدانەکانمان زۆر بەنهێنی بەڕێوەبچن، ئەگەرنا ئەحمەد تۆفیق لێماندەدات"، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە و خۆ ئاشکرا کردنمان، من خۆم لەگەڵی چووم و بۆ ناوچەی سەردەشت و بانە و لەگەڵ مەلا ئاوارە، خەلیل شەوباش، ئەحمەد شاتمان، عەبدوڵا خەیاتی "سەردەشتی" و چەند پێشمەرگەی تر، یەکەم مقەڕمان لە گوندی ورچەک دانا. دوای ماوەیەکی کورت کە مام جەلال و ئەوانی تر هاتن بۆ بێژوێ و ڕژێمی ئێران ڕەوانەی هەمەدانی کردن، ئێمە توشی ئازار بووین و ئاغاکانی ملکاریی چوون بۆ گوندی هێرۆ و تکایان لە

بارزانی کرد کە ئێمە ڕابگرێتەوە. بارزانی قبوولی کرد و ئێمە چەند کەس گەڕاینەوە، بەڵام گوتمان ناچینەوە لای کاک ئەحمەد. بارزانی ئێمەی لە ڕانیە دانا و عەبدوڵا بارزانی لێکردین بە بەرپرس و لە نزیک مزگەوتی سەروچاوێ ماڵیان بۆ گرتین و موچەی مانگانەیان بۆ بڕینەوە.)

هەرلەو بارەیەوە حەسەن ڕەستگار دەڵێت: (دوای جیابوونەوەمان لە ئەحمەد تۆفیق، چووین بۆ مالومە و لەوێ نیشتەجێ بووین. ئەحمەد تۆفیق چەکەکانی لێ ستاندیبووینەوە. مەکتەبی سیاسیی ماڵێکی داینێ، لەگەڵ هێزێک بە چەکی کۆن. دوای نوسینی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە ئێمە کێشەمان تێکەوت. قادر شەریف و سەعید کوێستانی بوونە لایەک و من و حوسێن مەدنی، مەلا ئاوارە و ڕەسوڵ پێشنمازیش لایەک و هەرلایەنەش ژمارەیەکمان پێشمەرگە لەگەڵ بوو. لە شاناخسیەوە چووین بۆ قەڵادزێ و لە قاوەخانەی سەید وەسیم بووین کە ئەمیر قازی پەیدابوو. باسی کێشەکانمان کرد و گوتی: دەچم لەگەڵ کاک ئەحمەد قسە دەکەم و تێکەڵ دەبینەوە. ئێمەش ڕازی بووین، لە ڕاستیدا لە بیانوویەک دەگەڕاین بۆ تێکەڵ بوونەوە. بڕیارماندا بۆ ڕۆژی دوایی بگەڕێینەوە بۆ قاوەخانەی سەید وەسیم، چووین و ئەمیر قازی هات، هەندێک قسەی لاوەکی کرد و خۆی لە بەڵێنی دوێنێ نەدا و گوتی: کەنگێ دەڕۆن. من و ڕەسوڵ پێشنماز، ،مامەند قازی، جەعفەر کەریمی و ڕەحمان شێلم جاران مابووینەوە بچین بۆ ناوچەکانی مهاباد، پیرانشار و نەغەدە، لە وەڵامی ئەمیر قازیدا گوتم بەو زووانە دەڕۆین. دوای ڕۆیشتنی ئەمیر قازی بە هاوڕێیانی خۆم گوت دەزانن چی گوت؟ هەموومان وەڵامی کاک ئەمیرمان وەرگرت و ئێوارەی ئەو ڕۆژە بە کۆڵانەکانی قەڵادزێ دا لە شار دەرکەوتین و چووین بۆ هێرۆ و هەرئەو شەوە بەرەو گوندی قەلەڕەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووین و شەوی دوایی بۆ بنوخەڵەف و دۆڵی کانی زەرد و شەوی دواتریش لە چۆم پەڕینەوە و چووین بۆ ماڵی خدری باییز ئامانی لە گوندی پاشبەرد و شوێنە دەستنیشانکراوەکانمان گەڕا و سەرئەنجام گەڕاینەوە بۆ زینوێی شێخی و کە بەیانی ڕۆژی دوایی زەکی ئاکرەیی لەگەڵ چەند پێشمەرگەی بارزانی و پێشمەرگەی ئەحمەد تۆفیق هاتن و ئێمەیان چەککرد و چەکەکانی مەکتەبی سیاسییان لێ ستاندین. ڕەسوڵ خۆی ئامادە کردبوو کە شەڕیان لەگەڵ بکات کە ئێمە بەرێمان کرد تا دوور بکەوێتەوە و

ئەو چوو خۆی شاردەوە. ئەوە بوو ئێمەیان هێنا بۆ ڕانیە و ئێمە دوای ئەو ڕووداوە لە ڕانیە نیشتەجێ بووین.)

هەرلەو بارەیەوە ڕەسوڵ پێشنماز لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٥ پێی گوتم: (ئێمە کە دەچووین بەیاننامەکان بڵاوبکەینەوە، حەسەن ڕەستگار نابەدڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکەکە دەهاتن و دەیانپرسی: ئەوە چیتان کردوە؟ باوکم و مەلا مینەی ئافان و مەلا برایمی گاگەش هاتنە لامان و داوایان لێکردین بە قسەیان بکەین و دەست لەو کێشەیە هەڵگرین، گوتیان بڕۆن ئێمە باوەڕ بە ئێوە ناکەین. بێگومان ئەحمەد تۆفیق شتێکی تێدایە کە ئیوە نیتانە، کە بارزانی پشتی دەگرێ. لە نزیک گوندی "قوڕوچاوێ" من و حەسەن کێشەمان لێ پەیدا بوو. حەسەن دەیگوت من باوەڕم بەو درۆ و دەلەسەیە نییە کە قادر شەریف بە ڕاسپاردەی مەکتەبی سیاسیی نوسیویەتی. من و جەعفەر کەریمی ڕۆیشتین و چووین بۆ گوندی "ئامێد"، دایکم و خێزانم هاتن. هاوکات یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێمان بەناوی عەلی ئازا چوو خۆی تەحویل دایەوە و منیش لەو ترسە کە نەکا ژاندارمەمان بێنێتە سەر، دایکم و خێزانم و گەلاوێژی کچم لەگەڵ خۆم برد بۆ قەڵادزێ. لەوێ سلێمان موعینی هاتەلام و زۆری ئامۆژگاریی کردم و گوتی باشت کردوە کە گەڕاویتەوە. دواتر ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ "قەدۆ" هات و پێکەوە قسەمان کرد و گوتی فریوی قادر شەریفتان خواردوە و ئەویش فریوی ئەولا. ئێمە تەنیا دوو بەرگمان لە بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە بڵاوکردەوە. بەرگێکمان دا بە حەمەڕەشی سیاقۆڵی و ئەوی تریان بە قادر ئاغای نوردەدینی.)

دوای کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات و ڕۆیشتنی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی لە باشوری کوردستان و هەڵوەشانی کۆمیتەی ساخکەرەوە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، هەڵبژێردراو لە کۆنفڕانسی سونێ، ڕۆژی ١٣٤٣/٥/٢٤- ١٩٦٤/٨/١٥ پیلینۆمی پێکهێنا و لەودا سەرەڕای متمانە بەخشینەوەی دووبارە بە ئەحمەد تۆفیق لە پلەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، دوو بڕیاری گرنگی پەسەندکرد. بڕیاری یەکەم: پێکهێنانی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات بوو و بڕیاری دووەم: ئامادەکردنی گەڵاڵەیەک بوو لە وەڵامی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە. ئەم گەڵاڵەیە لەژێر ناوی " لادان و سەرشێواوی چەند خۆپەرستی ناجوامێر بە ناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوە" بەشێوەی خوارەوە بڵاو کرایەوە:

لادان و سەرشیواوی چەند خۆپەرستی ناجوامێر بە ناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوە"

ئەمساڵ لە ٢٥ی خەرمانانی ١٣٤٣- ٢٥ی گەلاوێژ دروستە- نوسەر-، میللەتی کورد بەتایبەت تێکۆشەرانی ڕێگای ژیانەوەی نەتەوایەتی کورد و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جەژنێکی مەزنیان تێپەڕاند و لە زۆر جێگادا لەو ڕۆژە جەژنیان گێڕا. لەو ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی نایە بیستەمین ساڵی تەمەنی پڕشانازیی خۆی. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەموو کۆششی خۆی لەڕێگەی خەبات و فیداکاری لەپێناوی ئازادیی میللەتی کورد و ڕزگاریی نیشتمانی خۆشەویست کوردستان بەخەرج داوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شانازییەوە لە ماوەی ١٩ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام و بێ هیچ پشوودانێک لە ڕێگای یەکڕیزی و یەکێتیی خەڵکی کوردستان و لەپێناو جەنگ و بەرگریی لە بەرامبەر دوژمنان تێکۆشانی زۆری هەبووە و لەپێناو ئەو کۆسپانەی کە لەبەردەم ڕێچکەی نەتەوەیی کورد بووندا تێکۆشاوە. لە هەموو دەرفەت و ئیمکاناتێک بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی تێکۆشانی گەلی کورد سوودی وەرگرتووە و بە باشترین شێوە ئاستی زانیاری سیاسیی گشتیی بردۆتە سەرێ و یادەوەرییەکانی تێکۆشانی گەلی لە دڵی میللەتدا بە پارێزراویی و زیندوویی هێشتۆتەوە. لە ئەنجامی کارە پڕ فیداکارییەکانی حیزب کە پەیوەندی نەپچڕاوی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا پەیدا کردووە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی کە هەوڵ و کۆششی خۆی لەگەڵ ڕاپەڕین و شۆڕشی میللەتی کورددا هاوجووت کردووە و پێوەی پەیوەست بووە بە تەواوی شانازییەوە لەنێو دڵی جەماوەردا شوێنی خۆی کردۆتەوە. ئەم جارە بەشی زۆری کادرەکانی سیاسەتی دەرەوە و پرۆپاگەندە لەنێو بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکانی جیهان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ئاگادارییەکانی بە باشترین شێوە ئەنجامداوە. ئازایەتی و چاونەترسیی کەسایەتی بەتوانامان کاک عیسمەت شەریف وانلی، سکرتێری کۆمیتەی بەرگریی لە مافەکانی گەلی کورد، و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیروت لە ساڵی ١٣٤١- ١٩٦٢ شایەنی ئافەرینە.

لە ئاکامی خۆنەویستی و فیداکاری نوێنەری لێهاتووی ئێمە کاک ئەحمەد تۆفیق "ع-١" بوو کە بۆ یەکەمین جار ڕێگا بۆ هەواڵنێران و ڕۆژنامەوانانی جیهان کرایەوە و لە ئەنجامی ئەو خۆنەویستییەی ئەحمەد تۆفیق-ە کە حیزبی

دێموکراتی کوردستان گەیشتۆتە ئەو شوێن و پایەیە. کۆشش و تەقەلای ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم ١٩ ساڵەدا لەگەڵ شالاو و پەلاماری بەردەوامی دوژمن ڕووبەڕوو بووە و دەیان جار بە مەبەستی دەستەبەسەرکردنی چەند کەسی ئازای سەر بە حیزبمان شالاویان هێناوە بەڵام ئایا بە کۆمەڵگرتن و ئازار و شکەنجە خەڵکانی ئێمە کۆتاییان هاتووە.

لە ساڵی ١٣٢٦- ١٩٤٧ چل و نۆ کەسیان لە ئەندامانی دەستەبژێری حیزبەکەمان لە سێدارەدا. بەڵام دوژمن بەم چەشنە دەستی لە جەنگ لەگەڵ میللەتی ئێمە نەکێشاوەتەوە. ئەم جارەیان دەستیداوەتە حیزبسازی و دەستەبەندی و هەر ڕۆژەی بەناو و نیشانێکی جیاواز گورز لە یەکڕیزی حیزبەکەمان دەوەشێنێ. لەسەر کێلی گۆڕستانی دوژمن ئەو بەشەی کە لە جەنگدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکشکاوە بەم شێوەیە ناودەبرێت.

حیزبی پان ئێرانست، حیزبی سادات، سعادت ملی، کۆمیتەی تنورش، دەستەبەندی ڕەحمانی قاسملو و خیانەت و خۆفرۆشی ئیسماعیلی قاسملو، دەستەبەندی ئەو شوێنکەوتە شکستخواردووە، واتە هاشمی حوسێن زادە "قادر حسن"، ئەو مرۆڤە ناکام و تازەکارە کە هێشتا دەمی بۆنی شیری لێ دێت واتە سەلاحەدینی ئیلخانی زادەی موهتەدی "مستەفا" "م. ب. س" مەلا ئەبوبەکرە شەلەی فەلسەفی، کێلی مەزاری تازە داڕێژراو بە ناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوە" کە دوا سەرکەشیی و خیانەتەکانی قادر شەریفە. نووسراوەی سەر کێلی مەزاری ئەو سەگوەڕەی دوایی و ڕەنگرێژی ئەو کارە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی ڕاونراوە کە خودی خۆی پەروەردەی دەستی "سەنتۆ" و ساواکە.

ئەمە بەشێکە لەو نووسراوەی بەیاننامەکەی ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی لەشکری شۆڕشی کوردستان و کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری ١٩٦٤/٧/٧ پێیان ڕادەگەیەنین "بە تەواوی بۆ کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوون بووە "م. س"ی دەرکراو و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە پەیوەندیان بە بێگانەوە هەبووە و هەیە هەموو مانگێک بڕی پەنجا هەزار دینار "دە ملیۆن ریال" لە بێگانە بۆ دوژمنایەتی گەلی کورد وەرئەگرن. ئەمە بەشێک لە بەیاننامەکەی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابردووی تێکۆشانی گەلی کوردە.

بەڵێ بێگانە لەپێناوی بەملا و ئەولا بردن و پەرتكرنی ڕیزەكانی حیزبەكەمان ئەو پارە و پاداشتانەی داوەتە ئیبراهیم ئەحمەد و ناوبراویش ئەو پارانەی لەلایەن خۆیەوە بە ناوی هاوكاری داوەتە سەلاحەدین و مەلا ئەبوبەكرە شەلە و قادر شریف و چەند كەسی دیكە لە هەڵخەڵتاوان و لادەران. لە دوایین قۆناغدا ئەو پارانە دراونەتە ئەندامانی داوێن پاكی كۆمیتەی ساخكەرەوە بەڵام ئەوان نەیانتوانی كە بەو پارەیە لەنێو شارەكاندا بە ژیانی پڕ زەوق و خۆشگوزەرانی ڕابوێرن بەڵكو پارەكەیان داوەتە كەوشی توندوتۆڵ و سووكەڵە تا بە هۆیەوە لە بەردەم تووڕەیی و غەزەبی میللەت و لەشكری شۆڕشگێڕی كوردستان هەڵبێن و گیانی خۆیان نەجات دەدەن. ئایا ئەوانە بە یەكجاریی ڕۆیشتن، مەگەر لە كوردستاندا سۆراخخوازان لایەنێك هەیە پەنایان بدات. ئەوانە لەلایەن جەماوەرەوە چەك كراون، سەرشۆڕ و سەرگەردان و وێڵ و شەرمەزارن. بەهەر لایەكدا بچن سەرئەنجام ڕۆژێك دێت گرفتاری میللەت و ئەندامە تێكۆشەرەكانی ئەم گەلە دەبن. كۆمیتەی ساخكەرەوە لە سەفەری خۆی بەرەو مەزاری مەرگ بەرگێكی ڕەشی لە ژیانی خۆی جێهێشت بەتایبەت مامۆستای "دانا" و "دوربین" و "لێوەشاوە" واتە قادر شریف و شەش كەس لە هاوكارانی هاوشێوەی خۆی كە چەندێ لەوانە هەڵخەڵەتابوون و پاشتر لە ڕێچگەی نووسینی نەفرەتنامە لەم كۆمیتەیە و ڕووڕەشی قادرە كوێر و سەعیدە كوێر و مەلا شەلە بەرەو دادگای دادپەروەری ڕێبەرایەتی تێكۆشانی میللەتەكەمان واتە حیزبی دێموكراتی كوردستان گەڕانەوە و ئەوەش بەشێك لە نووسینی یەكێك لە ئەندامانی كۆمیتەی ساخكەرەوەیە كە لەخوارەوە دەیخەینە بەرچاوی هاونیشتمانانی خۆشەویست، بەتایبەت ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستان. ئەو بەم شێوەیەی نووسیوە:

- "... لە منتان پرسیار فەرمووە تا بیر و باوەڕی خۆم دەربارەی ئەو لایەنە لە كۆمیتەی ساخكەرەوەتان پێ ڕابگەیەنم. وا لە خوارەوە وەڵامی پرسیارەكەتان دەدرێتەوە.

١. بەڵێ من ئەندام بووم لە كۆمیتەی ساخكەرەوەدا...! بەڵام ئەم كۆمیتەیە بەدەست نەخۆشی جیاوازیی بیر و باوەڕەوە گرفتارە چونكە ڕاستگۆیی و پاكی كەمتر تێدا دەبینرێت هەربۆیە پاش ماوەیەك هەڵوەشایەوە "انا للە وانا الیە راجعون".

٢. سەبارەت بەو بەیاننامەیەی کە لەلایەن کۆمیتەی ساخکەرەوە نووسراوە پێویستە بڵێم کە نێوەرۆکەکەی دوور لە راستی و دروستی دەزانم هەربۆیە خۆم لە بڵاوکردنەوەی پاراست و بەشێکم سووتاند چونکە ئەو هەواڵانەی تێیدا هاتبوو کەسێک نووسیبووی "مەبەستی قادر شەریفە" کە ئەومان وەک کەسێکی ڕاستگۆ و پاک نەهاتە بەرچاو. بە ئێوە و هەموو هاوڕێیانی حیزبی ڕادەگەیەنین کە پێویستە ئەو بەیاننامەیە وەک مەسەلەیەکی کینە و مەبەستی نووسەرەکەی چاولێبکەن "مەبەستی قادر شەریفە" نەک وەک بەیاننامەیەکی حیزبی بەتایبەت ئەوەی دەربارەی کاک ئەحمەد تۆفیق نووسراوە. ئیمزای نووسەر..."

لە بەدبەختی نووسەر بەیاننامەی هەمان نووسراوی ئەم برادەرە پەشیمانە ئێستا لەبەردەست حیزب دایە. حیزب لە بنەڕەتەوە بە پێوستی نازانێت تا دەربارەی بەرگی ڕەشی ئەو ڕووڕەشانە واتە قادر شەریف و مەلا ئەبوبەکرە شەلە شتێک بڵێت چونکە بێئابڕوویی و درۆ و ڕیاکاریی ئەوانە لە ڕووخساریان بەتەواوی ئاشکرایە و بەکورتی کاتێک دەبێت دەرکەوێت کە تەواوی قسەکانیان دژ و پێچەوانەن و بەو چەشنە خۆیان وەڵامی درۆکانی خۆیان داوەتەوە. شاڵاوێک کە بۆسەر ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ئەم دەستڕشانەوە دەبینرێت پەلاماری ناجوامێرانەیە بۆسەر سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوڕێی چاونەترس و بێباک کاک ئەحمەد تۆفیق "عبدالله اسحاقی".

میللەتی کورد نەک تەنیا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش شانازی بەم مرۆڤە ئازا و تێکۆشەرەوە دەکات کە بە ئەندازەی تەواوی تەمەنی حیزب فیداکاریی و لێهاتوویی و خۆنەویستیی و پاکیی و ڕاستگۆیی نیشانداوە و هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا لەگەڵ تێکڕای مرۆڤە دلێر و تێکۆشەرەکانی حیزبمان هەنگاوی ناوە، ئەوش مایەی شانازیی حیزبمانە. ناوی ئەم هاوڕێ دلێرە لە ڕیزی ڕابەرانی تێکۆشەری حیزبەکەمان دایە کە بەشێک لەوانە تا ئێستا لە زینداندان و گەنجێکی زێڕینیان لە مێژووی تێکۆشانی حیزب و میللەتی کورد پێکهێناوە.

کاک عیسمەت شەریف وانلی کە مایەی شانازی میللەتی کوردە لە نامەیەکیدا کە بە ناوی ڕابەری تێکۆشانی هەموو کورد نووسیویە: "... بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەو جەنابە کاک ئەحمەد تۆفیق هاتە بێروت و

ئێمە دوای ئەوە هەردووکمان گەیشتینە بێروت لە بەرواری ١٤ی حوزەیران "پووشپەڕ"ی ١٩٦٢ گفتووگۆ و کاری گرنگمان ئەنجامدا. لە ڕاستیدا کاک ئەحمەد تۆفیق لە هاوکاریکردنی لێپرسراوانی پارتی سوریە و ئازادیی میللەتی کورد لە سوریا و لوبنان چالاکیی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە. کاک ئەحمەد تۆفیق لە سوریا چەند کاری ئازایانەی کردن لەوانە بانگەوازێکی ئەو بەڕێزە بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەروەها چاپکردنی بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکان وەکو "دیسان بارزانی و چاپکردنی سەرلەنوێی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات" و بڵاوکردنەوەیان لەنێو هەواڵنامەکان و هەروەها پەیوەندیگرتنی ژیرانە و بەسوودی شۆڕش لەگەڵ ڕۆژنامەنیگارانی جیهانی. بۆ بانگەوازەکەی ئەو بەڕێزە بۆ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کە بە زمانی عەرەبی چاپی کردبوو لە ڕاستیدا زۆر پاراو و سەرنجڕاکێش بوو کە هەڵبەتە خودی کاک ئەحمەد تۆفیق لەنێو بەرپێوەبەرانی ڕۆژنامەکاندا بڵاویکردنەوە و یەک کۆپیشی لەوانە بۆ ئێمە ناردۆتە ئەوروپا، ئێمەش پێکەوە لەوێ لەگەڵ کاک فریاد ڕەواندوزی وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و بڵاومان کردەوە. پێویستە عەرزتان کەم کە ئەم بانگەوازە کاریگەرییەکی زۆر چاکی هەبوو و شوێنێکی ڕێکوپێکی لە بۆچوونی جیهانی لە دەرەوە هەبوو. کاریگەرە موسبەتەکانی ئەم بانگەوازە تا ئەو شوێنە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە ئیستگەکانی ڕادیۆیی جیهان بڵاویان کردەوەو لە زۆربەی شوێنە جیاوازەکانی دنیا لێی ئاگادار بوون.

کاک ئەحمەد بەردەوام وەک سەربازێکی نەترس و بێباک لەم ڕێگایەدا چاوی لە گەنجێتی و خۆشگوزەرانی خۆی پۆشیوە و بێ هیچ کەمترین لادان بە کارەکانی هەستاوە. نابراو یەک لە ئەندامە هەرە چالاک و ئازاکانە کە هەمیشە شانبەشانی هاوڕێ ئەحمەد تۆفیق کە لە ڕاستیدا لەو پێناوەدا ڕەنجیان کێشاوە و ئەرکی نەتەوایەتی خۆی لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ناوبراودا بەجێهێناوە کە تێکڕا مایەی شانازیی میللەتی کوردە. هەر برایەکی کورد بە چاوێکی دڵسۆزانە و نەتەوەییانە بڕوانێتە ژیانی ڕابردووی هەڵسووڕێنەرە چالاک و گیانبازە شەرەفمەندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ئەفرادە شەرەفمەندانە کەسانێکن کە لە دامێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پەروەردە بوون و لە هەموو کات و شوێنێکدا بەوپەڕی شانازیی و سەربڵندییەوە بەرەوپیری مەرگ و

لەنێوچوونی خۆیان بوونەتەوە تاکو هەستی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لەنێو میللەتی کورددا بە زیندوویی بهێڵنەوە.

قادرە کوێر و مەلا شەلە لە دامێنی گڵاوی بەرگی ڕەشی خۆیان هێرشیان کردۆتە سەر هەڤاڵی ئازا و خەباتگێڕمان کاک فایەق ئەمین "سولەیمانی موعینی" کە لە سەرتاسەری ژیانی خۆیدا بە دڵسۆزیی و تەواو پاکی و ڕاستگۆییەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا گیانبازیی کردووە. هاوڕێیانی حیزبی زۆر باش ناوبراو دەناسن و ئەو ئەندامێکی چالاکی حیزبمانە. لەبەرئەوە میللەتی کوردی خۆشەویست بەتایبەت ئەندامانی یەکگرتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بڕواننە ئەم ئاگادارییەی خوارەوە:

١) ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بریتین لە: ١- قادر شەریف "هاشم اقل گلاب"، ٢- مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی گەرماوی "مەلا شەلە"، ٣- سەعیدی مەلا کەریم "سەعیدە کوێر"،٤- سەید حوسێنی مەدەنی، ٥- عەبدوڵڵا سەدیق، ٦ - مەلا ئەحمەدی شەڵماشی "مەلا ئاوارە" کە بە ئێوەیان دەناسێنین.

٢) لە بەرواری یەکی خاکەلێوەی ١٣٤٣ و بەپێی پێداگریی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و بە ڕەزامەندیی ڕابەری خەباتی تێکڕای کورد و بە بەیاننامەی ڕەسمی قادر شەریف و سەعیدە کوێر، لە حیزب دەرکران و هەموو لایەک لەو بارەیەوە ئاگادار کراونەتەوە.

٣) مەلا ئەبوبەکرە شەلە لەبەروەی کە ئەندامی حیزبی ئێمە نییە تەنیا پێدانی ناونیشانی خائین و خۆفرۆش و شوێنکەوتەی بەسە.

٤) لە پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و هەڵسووڕێنەرانی حیزب بڕیاردرا کە سەید حوسێنی مەدەنی و عەبدوڵڵا سەدیق بە تۆمەتی دەستەبەندی و شوێنکەوتەیی و بوونە ئامرازی دەستی چەند کەسی ناشایستە لە ڕیزی کەسانی باش وەلابنرێن.

٥) لەم ڕێگایەوە مەلا ئەحمەدی شەڵماشی ئاگادار دەکەینەوە کە لە بەرواری دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە تا سێ مانگی دیکە ئەگەر لە کردەوەی خۆی پەشیمان بێتەوە و پەنا بۆ بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان بێنێت سزای ئەو تەنیا دەرکردن دەبێت لە حیزب و بەم شێوەیە بە هەموانی ڕادەگەیەنین "ئەوانەی خوازیاری گەڕانەوەن حیزب سزایەکی کەمتریان بۆ لەبەرچاو دەگرێت.

٦) باقی دیکەی ئەندامانی کۆمیتەی بەناو ساخکەرەوە کە گەڕاونەتەوە هێندێک نامەیان نووسیوە ئەگەر دەتوانن لە گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ ئەندامانی یەکگرتووی حیزب هەنگاو هەڵێنن و بەو ڕێگایەدا وەفادار دەمێنن دەتوانن دوبارە بگەڕێنەوە بارەگای بەخشندەی حیزب.

لەم ڕێگایەدا ئاگادارتان دەکەینەوە کە قادر شەریف "هاشم اقل گلاب" و سەعیدی مەلا کەریم کە هەردووکیان لەوانەن لەخواییەوە کوێر و نابینان هەروەها ئەو مرۆڤە فێڵبازە واتە مەلا ئەبوبەکرە شەلەی هەڵاتوو مقدارێکی زۆریان پارە و چەکی حیزب دزیوە هەربۆیە ناوبراوان بە تەواوی هاونیشتمانان بەتایبەت ئەندامانی حیزب دەناسێنین و خوازیارین ئەو سێ کەسە خەتابارەیان لە هەر کوێ دەستکەوت بێ وەستان دەستگیریان کەن و تەسلیم بە دەرگای دادپەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بکەنەوە.

پەندێکی ناسراوە "ئەگەر کەسێک مرد چەندە خراپ و پیسیش بێت نابێت نەفرەتی لێبکرێت چونکە بۆ مردووان ڕەحمەت چاکترە". لێرەوە ئەگەرچی کۆمیتەی ساخکەرەوە مردووە بەڵام لە ئەنجامی پێداگریی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە بەرواری ١٣٤٣/٥/٢٤-١٩٦٤/٨/١٥ پێکهات تا بەم هۆیەوە دواکار و هەواڵی ژمارەیەک لادەر لە حیزبمان کە لە واقیعیەت دوورکەوتوونەوە بە جەماوەر بناسێنین و بزانن کە شوێنکەوتەیی لە حیزبی مەدا کە "ساواک" لەڕێگەی ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵاتوو هێناویەتە بوون خەڵکی لێ ئاگادار بکەینەوە. بەڵکو ژیانی نەنگین و نەفرەت ئەنگیزی ئەم شوێنکەوتانە و تێکڕای ئەو دەستانەی پێشتر خراونەتە ژێرگڵ بتوانێت وانەیەکی باش بداتە ناحەزان و دوژمنان کە لە تاریکیدا تیغی ژەنگاویی و داپۆشراوی خۆیان لەپێناو دژایەتی لەگەڵ حیزبەکەماندا تیژ دەکەنەوە.

لێگەڕێ هەمیشە لە ئازاردا بمێنن کەسانێک لە ڕاستی بێ ئاگا بمێنن.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای خەبات و تێکۆشانی ڕیزی یەکگرتوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان. شەرەف و شانازیی و دڵسۆزیی بۆ ئەندامانی وەفادار و دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان. مردن و ڕووڕەشی بۆ دوژمنانی میللەتی کورد و ناحەزانی یەکڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرکەوتوو بێت خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد. بژی کورد، بژی کوردستان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان (پاشبەندی ٢٧)

## کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

هاوکات لەگەڵ ڕاکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بۆ ناوچەی ئالان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەک لەو کەسانەی لەنێو حیزبی دیموکراتدا خەریکی دروستکردنی حیزب و تاقمی جیاواز بوون گەڕانەوە بۆ ئێران و خۆیان دایە دەست ساواک. بەشێکیان لە ڕانیە، قەڵادزێ، سەنگەسەر، سلێمانی و گوندەکاندا گیرسانەوە و قادر شەریف لە ورچەک بوو. ئەحمەد تۆفیق بە هاوکاریی ئەو ژمارە کادیرو پێشمەرگانەی کە لای حیزبی دیموکرات مابوونەوە، بەگوێرەی بڕیاری کۆنفرانسی سونێ کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بە دەرەتانێک کە پارتی دیموکرات و بارزانی بۆی ڕەخساندن، هەوڵی پێکهێنانی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتیاندا. دوای ئامادەبوونی نوێنەرانی هەڵبژێردراو کە سدیق ئەنجیری ئازەر، سەید ڕەسوڵی دێهقان "سەید ڕەسوڵی بابی گەورە" و حەسەن قازی یەکێک لەوان بوون و لە تاران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون، ئەحمەد تۆفیق ئەو شانازییەی بەدەست خست کە بە هاوکاریی ئەو ژمارەیە و بەتایبەتی: سلێمان موعینی "فایق"، مەلا ڕەشید حوسێنی، مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد"، نەحۆ پاشایی "باپیر شکاک، ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی"، مەلا قادری لاچینی و ڕێوفی مەلا حەسەنی، دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکراتدا، ڕۆژی ١٣٤٣/٨/٢٨- ١٩٦٤/١١/١٩ لە گوندی "سونێ"ی ناوچەی پشدەر، بە دروشمی: **"یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی"** لە پیناوی خەبات بۆ ئازادیی و ڕزگاریی کورد و کوردستان، دووهەمین کۆنگرە بۆ حیزبی دیموکرات پێکبێنێت.

ماوەیەک بەرلە پێکهاتنی کۆنگرە، هەریەک لە ئەحمەد تۆفیق و عەزیز یوسفی- بەرلە گیران و زیندانی بوونی- بە هاوکاریی سدیق ئەنجیریی ئازەر پڕۆگرام و پەیڕەوێکیان بۆ کۆنگرەی دووەم ئامادە کردبوو. لە دەقی ئەو دوو پڕۆگرامە، پڕۆگرام و پەیڕەوەێکیان ئامادەکرد، لەگەڵ ڕاپۆرتێک بۆ کۆمیتەی ناوەندیی کە لە ڕووداوەکانی نێوان کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکرات ١٣٢٤/٨/١- ١٩٤٥/١٠/٢٣ کە تێیدا پێشەوا قازی محەمەد بە سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا، تا ١٩٦٤/١١/١٩ کە کۆنگرە بیخاتە بەرباس. کۆنگرەی دووەم بە تێکڕای دەنگ هەردوویانی قبووڵ کرد. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بۆ کۆنگرەی دووەم بە چڕی ئاماژەی بۆ کۆماری کوردستان و هۆی

هەرەسـهێنانی کـرد و ئەم بابەتـانەی خوارەوەشـی خسـتەبەرباس کە جێـی خۆشحاڵیی ئەندامانی نوێنەر بوو:

١- ڕابردووی حیزبی دیموکرات لەکاتی کۆماری کوردستان.
٢- لەمەڕ تەسلیم بوون بەدوژمن و هاتنەوەی سوپای داگیرکەر.
٣- نەخشی شۆڕشگێری پێشوا بارزانی.
٤- لادانی کۆمیتەچییەکانی حزبی توودەی ئێران.
٥- حیزبی دیموکراتی کوردستان و سیاسەتی دەرەوە.
٦- حیزبی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش.
٧- لەمەڕ ناوەندییەتی حیزبی و مەسەلەی نەتەوایەتی و بەرنامەی حیزب بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد.

بە گـوێرەی ڕاپۆرتەکـانی کـۆنگرەی دووەم بە بەشـداریی ١٣٠ نـوێنەر لە باشـور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بە تەقانـدنی ٢١ گـوللە بە یـادی زینـدانییە سیاسییەکانی حیزب، سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و خوێندنەوەی ئایەتی "انـا فتحنالک" لەلایەن هەڤاڵێکی حێزبـی کـرایەوە. ئەحـمەد تۆفیـق لە ڕاپۆرتێکـدا مێـژووی ١٩ سـاڵەی حیزبـی دیمـوکراتی پێشـکەش بە ئەنـدامان و بەشـدارانی کـۆنگرە کـرد. لە کـۆنگرەی دووەمـدا، بە ئەزمـوون وەرگـرتن لە وڵاتـانی کوبـا و جەزایر شێوازی خەباتی چەکدارانە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی پەسەند کرا و دژی خەبـاتی پەرلەمـانیی هەڵوێستیان وەرگـرت. کۆنگرەی دووەم ١٤ بڕیـاری بەشێوەی خوارەوە پەسەند کرد:

بریارەکانی ٢هەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان

٢هەمـین کـۆنگرەی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لەنـاو لـووتکەی چیاکـانی زاگروس بە ژێر بەفر و باران و بورانەوە بە رییزی تەقەی ٢١ گوللە و رەشـاش بەیـادی ئەو هەڤـالە سـەربەرز و تیکوشـەرانەی کە لە نـاو رەشـە چـالە بەندیخانەکانی "حکومەتی تاران"دا سکووتی ناو دول و شیوەکانی شکاند و چیاکـان هاودەنـگ لەگەڵ پیشـمەرگەکانی حزبمـان بە یـادی هەڤالانی بەدیل گیراومـان ٢١ جـار ئەوانـیش وەلامیـان بە دەنـگ دانەوە بـۆ نـاردینەوە. دوای سکوتی ٥ دەقیقە بیدەنگی بە یادی شەهیدانی ریگەی ئـازادی کـورد و رزگـاری کوردسـتان مـاتەمینیکی کـاتی بـالی بیـدەنگی بەسـەر کوبـوونەوەی نـوێنەرانی کۆنگرە داکیشا و لە پاش خویندنی سورەتی "انا فتحناک" لە لایەن هەڤـالیکی

نوینەر، سرودی خەباتی نەتەوەی کورد "ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان" لە لایەن پولیک نوینەری کۆنگرە خویندراوە.

ئەو ریزە مراسمە و پیک هاتنی پروگرامی کونگرە بە ریک و پیکی هەست و کول و کوی هەموو نوینەرانی کونگرەی هینابوە جوش و کولەوە.

لە پاش راپورتی کومیتەی ناوەندی دەستوری کاری کونگرە لەلایەن هەیئەتی سەرکردایەتی کونگرە راگەیەندرا.

کونگرە لەژیر دروشمی "یەکیەتی. خەبات. سەربەخۆیی و دیموکراتی لە پیناوی خەبات بو ئازدی و رزگاری کورد و کوردستان ئەو ریزە مەبەست و بریارانەی خوارەوەی دا:

١- کونگرە بە بریاری گشتی تاییدی راپورتی کومیتەی ناوەندی کرد.

٢- بە دەنگی گشتی تاییدی ٦هەمین کونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بریاراتی ئەو کونگرەیەی کرد.

٣- بریاری لەسەر تاییدی سیاسەت و هەلویستی گورج و هەلسورانەی بەریوەبەرانی پیشوی حزبی دا بو پشت گری لە شورشی کوردستانی گەرمین.

٤- نوینەران بەگشتی سوپاس و تەقدیری ناوەند و بەریوەبەرانی حیزبی کرد بو دەوری دلسوز و هەلسوریان بە یارمەتی مادی و مەعنەوی و گیانی بە شورش لە کوردستانی گەرمین.

٥- کونگرە ئەو ریزە بریارانەی خوارەوەی لەمەر جاسوس و خائنەکان و دەستە و دەستەبەندی و حزب سازەکانی گیرەشیوین و ناحەزی رییزی حزبی دیموکرای کوردستان دەرکرد.

الف- کونگرە بەیانی بروارى ١٩٤٣/٧/١٢ حزبی تایید کرد کە لە ناو ئەو بەیانەدا لە ژیر عنوانی "لادان و سەرشیواوی چەند خوپەرستی ناجوانمیر بە ناوی کومیتەی ساخ کەرەوە "دەستەبەندییەکانی دژی حزبمانی تیدا ناوبراوە محکوم کران. وە حوکمی "خائن"ی بەرامبەر بە زوربەی هەلسور و بگێرەکانی ئەو تاقم و دەستانە و چەند لەوانەی بە "جاسوس" و بەکرێ گیراوی ناسین.

ب- هەروەها کونگرە رەحمان قاسملو "عباس ئەنوەری" بە خائن و دزی ناو حزب ناسی و پاش ماوەیەک دزی خیانەت دەستی کرد بە جاسوسی کردن و هاتوچوو و دراو وەرگرتن لە "ساواک" دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران.

ج- هەروەها کونگرە حوکمی جاسوسی و خیانەتی بەسەر چەند کەسیک دا کە روژانە ئەندامی حزب بوون و جاسوسی و خیانەتیان بە ریبازی کوردایەتی

و حزب کردوه ناوی هەمو ئەو جاسوس و خائنانە لە دەفتەرخانەدا بەناوی لیستی رەش دەمی نیتەوە.

٦- "کومسیونی لی بوردن" بو پی راگەیشتن بە داوای لاداوەکان و لی کولینەوە رادە و عاستی زەرەریان بو خەبات و یەکبونی حزب وە وەرگرتنەوەی ئەوانی کە بە نوسراو پەژیمان نامەی خۆیان بنوسن و "کومسیونی لی بوردن" و کومیتەی چاودیری بەرز قەناعەتی بەوە هاتبی کە ئەو برا لاداوانە عیبرەت گیر بوون ئەو برایانە وەردەگریتەوە.

٧- لەسەر داوای پشتگرانەی زوربەی نوینەرانی کونگرە بریاردرا بەشێوەی توند و گورج و بە کردەوە دوای بدرێ بە رێ گری و چەتەبازاری و دزی لە ناوچەی کوردستان و سنورەکان کە بە هاندان و هاودەستی هیندی دەستەی بەرەلا و خویری کراوی سیاسی و لە هیندی جیگا بە پیوەندیی لەگەڵ "ساواک" دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران حالی خەلکیان پەروش و هێندی خاوخیزان لە ناوچەکانی مەریوان، بانە، بوکان، تورجان، سەقز و سەردەشت و مهاباد مجبور بە کوچ کردن لە لادی کان را بو شارەکان کراون ئەوەش مەبەستی وەرەز کردنی خەلکی کوردستان لە چەک و چەکداری و شورشی کوردە.

کونگرە بریاری دا کومیتەی ناوەندی بە پشتیوانی نەتەوەی کورد و یارمەتی مادی و معنەوی خەلکی بەشەرەفی کوردستان و دوست و ئەندامانی حزب، کوتایی بە باوی دزی و ریگری و خانە بگیری بێنێ.

هەروەکی کونگرە تقدیری بەریوەبەرانی حزبی کرد بو هەلویستی ناحەزی بە کردەوە و اجرائاتی توندی لەسەر دز و ری گرەکان.

٨- کومیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی دووهەمین کونگرە پێی ئەسپاردرا کە بە نیابەتی کونگرە ریزە پەیام و نوسراوەی ناسینەری شیعار و ئامانج و خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پیشەوای کوردستان- بو پارتی دیموکراتی کوردستانی "گەرمین"- پارتی دیموکراتی کوردستانی نەبەزی "سوریە"- و پیاوە بەدیمەن و هەلکوتوەکانی کوردپەروەری کوردستانی و شخصیەتەکانی نیشتمانی و هیندی سەرۆکی حکومەتەکانی بیگانە ساز بکریت و لەگەل بەیان و بریاراتی کونگرە و پرۆگرامی ح.د.ک یان بو بنیردریت.

٩- کونگرە تورەیی و نارەزایەتی دەربری بەرامبەر بە هەلویستی کوردفروشانەی "مەکتەبی سیاسی پیشو" و دەرکراو "ابراهیم احمد و دار و دەستەکەی" بو ناحەزی کردن لەگەل کادرە تیکوشەرەکانی حزبمان لەسەر

داوای دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران "ساواک" و پەیمانی سەنتو بەهوی جاسوسانی ناسراو وەک سەرهەنگ عیسی پەژمان- سەرهەنگ مەنصورپوور- سەرهەنگ مدرسی و عباس ئارام و هاتوچوی ناوبراوان بو ماوەت- گردەرەش- ئیساوی و مالومە. دانی "حەق"ی ناحەزی بە ماموستا ابراهیم احمدی هەلاتوی غەزەبی پیشمەرگە و نەتەوەی کورد کەوا ئیستا لە ئوتیلەکانی تاران و دەربەندی شەمیران لە باوەشی "ساواک" و "سەنتو" سەرخوش و بەدمەستی خیانەتەکانیتی بە کورد. هەروەکی لە بەیانی ٦مین کونگرەی سەربەرز و سەرکەوتوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەلادزی دا دەنوسیت: "... بە تەواوی بو کونگرەی شەشەمی پ. د. ک روون بووە کە "م. س"ی دەرکراو و زوربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لابراو پەیوەندیان بە بیگانەوە هەبووە و هەیە و هەموو مانگیک پەنجا هەزار "٥٠٠٠٠" دینار لە بیگانە بو دوژمنایەتی گەلی کورد وەردەگرن ... و لە دواتر دەنوسن: " هەڤالانی تیکوشەر پیشمەرگە دلاوەر و رەشیدەکانمان ئەم خیانەتەی "م. س" و زوربەی زوری کومیتەی ناوەندی دەرکراو روون بووە و کونگرەی شەشەمی پارتیمان لە کوبوونەوەی شەوی ٥-١٩٦٤/٧/٦ بە گشتی دەنگ بریاری دا بە دەرکردنی هەریەک لەمانەی خوارەوە: ١- ابراهیم احمد و ...."

١٠- ناردنی پۆلێ خویندەواری حزبی و غەیرە حزبی بو دەرەوە بو خویندن بەناوی حزب.

١١- بو بەهیز کردنی مالیەی حزب و هینانەدەری حزب لەو حالە پڕ پەروشەی کە تا ئیستا تیدا ژیاوە بریاردرا کومیتەی ناوەندی ریگەی مشروع و رەوا بدوزیتەوە بو وەی کە داهاتی حزب خو وەسەروی خەرج و مصارفی حزب بخات بە یارمەتی ئەندامان بتوانریت پاشەکەوتیک بوکاتی داماوی و پیویستی موجود کات.

١٢- کونگرە بو هەلویستی سیاسیو شوینگەی ح. د. ک لە جەبهەکانی جیهان و حکومەتەکانی گیتی بریاری دا کە سیاسەتی بی لایەنی و هاودەنگی لەگەل حکومەتە "نەبەستراوەکان" و سەربەخو بگریتە بەر و لە هەمو هەلویستیکدا سود و قازانجی نەتەوەی کورد لەسەروی هەمو مەبەستەکانەوە بیت.

١٣- کونگرە ریگەی خەباتی پەرلەمانتاریزمی هەلداشت و خەباتی شەقامی بە هەلویستیکی بی کەلک و بەفیرودانی هیزی خەباتی گەل لیکدایەوە و

خەبــاتی شورشــگیری چەکــدارانەی لەژیــر دروشــمی یەکیەتــی. خەبــات. سەربەخویی و دیموکراتی کردە چرای روناکی ریگەی تیکوشانی حزب.

١٤- لەمەر مەسەلە و گیروگرفتی "ئەرز" و "ئاغا" و "رەعیەت" کۆنگرە داوا لە گەلی کورد و بەتایبەتی خەلکی لادی کان و وەرزیران دەکا کە بە خەباتی یەک گرتوو هەموو ئەرزی نیشتمان و کوردستان رزگار کەین و شورشی ئەرزی و نەتەوایەتی لەژیر دروشمی یەکیەتی. خەبات. سەربەخویی و دیموکراتی "بکەینە" یەک" ئەودەم بەپی بریاری کونگرە و مادەی سی و نوهومی "٣٩" پرۆگرام کە دەنوسیت: "ح. د. ک لەسەر ئەو بیر و باوەرەیە کە زەوی و زار و کشتوکال، دار و دەوەن، ئاو و کانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی رەنیوهێنان و دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لە مافە تایبەتیە هەرە گرینگەکانی حکومەتی دیموکراتی کوردە کە بەهۆی بەرێوەبەرانی ح. د. ک وە وەدی دێت.

ئەوکاتەیە کە حاکمییەتی نەتەوایەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشــێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرز و ئــاو و زەوی و زار و دار و دارســتان دادەبەشێت و بەو پی یە مەسەلە و گیروگرفتی "ئەرز" جی بەجی ئەکەین.)

سەرماوەزی ١٣٤٣ (نوامبری ١٩٦٤)

دووهەمین کونگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان

کومیتەی ناوەندی

کـۆنگرەی دووەم ســەبارەت بەو ئەنـدامانەی حیزبــی دیمـوکرات کە بەهەر شێوەیەک لە حیزب دوور کەوتوونەتەوە، بەڵام وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر خۆیان ڕاگرتووە، داوای لێبوردنی کرد. کۆمیسیۆنێکی بۆ وەرگرتنەوەی ئەوان هەڵبژارد و ڕایگەیاند: (کۆنگرە بڕیاری لێ بوورین و بەخشینی ئەو تاقمە کوردپەروەرانە دەربڕی کە دەست و دڵ و دەروونی بیروباوەڕی کوردایەتییان پاک ماوەتەوە بێجگە لەو کەسانی کە لە جاسووسی و خیانەت دەستیان ئاڵوودە کردووە، ڕێگەی گەڕانەوە و لێبوورین بۆ ئەو دەستە کورد پەروەرانە کــراوەتەوە کە پــاش دەربڕینـــی پەشــیمانی و هــۆی بەهەڵە چوونیــان لە کارەساتەکانی ڕابردوو بەدڵ و دەروونێکی خاوێن و بیر و باوەڕێکی تازە خۆیان لە باوەشی ح.د.ک باویژنەوە.)

جگەلەوە، کۆنگرە ڕەخنەی لە ناوەندگەرایی حیزب و درەنگ پێکهێنانی کۆنگرەی دووەم گرت و ڕایگەیاند: (کۆنگرە دەری بڕی کە بەهۆی فشار و گرتن و بڕین و نەبوونی هەل و فرسەت ح. د. ک نەیتوانیوە کۆنگرە پێک بێنێ و خاوەن

مەرکەزییەتێکی قانوونی هەڵبژاردەی کۆنگرە یانی کۆمیتەی ناوەندی و خاوەن قانوون و یاسای حیزبی یانی پیرەو و پرۆگرام بێ، وە هەر بەو بۆنەشەوە ح.د.ک دووچاری گەلێک لادان و بەهەلەچوون و گێرەشێوێنی ئەندامان و هێندێک لە کادرەکانی خۆی بووە. چەپ گەری و ڕاست گەری سەردەمایەک ناکۆکی و نالەباری لەناو حیزب خستبووە، ڕابەرانی حیزب لەمەر گیروگرفت و دەرچوون لە شوێنی خۆیان و بەند نەبوون لە جێگایەکی تایبەتی و هەروەها دەربازبوونی هێندێک لە هەوالانی ڕابەر بۆ ناوچەی تر و گوێستنەوەی قۆناغی خەبات جاروبار بۆتە هۆی شێوەیەکی کاری فەردی.)

کۆنگرەی دووەم بەگوێرەی بەرنامەی دەستنیشانکراو، ئەرکەکانی خۆی بە سەرکەوتوویی بەکۆتا هێنا و ئەم ئەندامانەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و کۆمیتەی چاودێری بەرزی حیزب هەڵبژارد. دوا پرۆگرامی کۆنگرە نوسین و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوە بوو:

- ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی ناوەندی: ١- عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"، ٢- سدیق ئەنجیری ئازەر، ٣- سلێمان موعینی "فایق"، ٤- ئەمیر قازی، ٥- نەحۆ پاشایی "باپیر شکاک" ٦- مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، ٧- عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، ٨- سەید کامیل ئیمامی، ٩- حەبیب وەرزێر، ١٠- سنار مامەدی، ١١- مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد"، ١٢- دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی، ١٣- عەزیز یوسفی، ١٤- غەنی بلوریان و ١٥- دوکتۆر عەلی مەولەوی. ئەم سێ کەسەی داویی لە زیندانی ڕژێمدا بوون و دوکتۆر ڕەحیم لە باکۆ بوو.

ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی چاودێری بەرز: ١- ڕئوف حافیرلقورئان "ڕئوفی مەلا حەسەنی"، ٢- عەبدوڵا موعینی، ٣- ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی"، ٤- مەلا قادر لاچینی، ٥- سەید حاجی کەڵەوی، ٦- مەلا کەریم سارده کۆسانی، ٧- مەلا نەجمەدین کۆکەبی، ٨- مستەفا ئیسحاقی، ٩- عەبدوڵا مەولەوی، ١٠- سەید تاهیر ئیمامی و ١١- سەید ڕەسوڵ دهقان "سەید ڕەسوڵی بابی گەورە" هەروەها ئەحمەد تۆفیق بە سکرتێر و سلێمان موعینی جێگری سکرتێر هەڵبژێردران.


دوای کۆتایی کۆنگرە، ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و کۆمیتەی چاودێریی بەرز لە کۆبوونەوەیەکدا بەرپرسایەتییەکان دابەشکران، بەڵام پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی پێکنەهات و پیلینۆم بۆ بەهاری ساڵی ١٩٦٥

ڕاگیرا و هەرکام لە ئەندامان گەڕانەوە شوێنی کار و بەرپرسایەتی خۆیان و ئەم بەیاننامەی خوارەوەیان بەناوی کۆمیتەی ناوەندیی بڵاوکردەوە:

یەکێتی ، خەبات ، سەربەخۆیی و دیموکراتی

بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکرات کوردستان

دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ هەتاوی بەرامبەر نۆڤیمبەری ١٩٦٤ لە ژێر سێبەری ئاڵای شۆڕشگێرانە و


یەکیتی • خەبات • سەربەخویی و دیموکراتی

بیاننامەی ٢ەمین کونگرەی
حزبی دیموکراتی کوردستان

دوهەمین کونگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣هەتاوی بەرامبەری نوامبری ١٩٦٤ الە ژیر سیبەری ئالای شورشگیرانە ودروشمی یەکیتی • خەبات • سەربەخویی ودیموکراتی لەنیوان لووتکەکانی چیای زاگرووس دەستی پیکرد •

دورشمی یەکیەتی "خەبات" سەربەخۆیی و دیموکراتی لەنێوان لووتکەکانی جیای زاگرۆس دەستی پێکرد. لەسەرەتادا نوێنەرانی کۆنگرە پاش خوێندنەوەی سروودی (ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان) بۆ بیرەوەری ڕۆژانی دیلی و کۆیلەیەتی هەواڵانی کە لەکۆت و زنجیرەی ئیستعمار و نۆکەرەکانی شا و حکومەتی تاران دا یەخسیرن لەگەڵ بردنی ناوی یەک یەکیان رەشاش و تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان دل ودەرونی سوتاوی دۆڵ و چیاکانی دەرزنگاندەوە و ڕابردووی خوێناوی و بەربەرەکانی پڕ لەشانازی ح.د.ک ی وەبیر خستەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە کە هەرکامیان لە جێگایەک لەژێر مەترسی گوللە و سەنیزەی دوژمن بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری خۆیان دەرباز کردبوو بەنێو یەکتریان نەدەناسی لهجە و بەرگ و پیشەیان یەک نەبوو، بەڵام هەموو تێکڕا زمان و ئاوات و دڵ و دەروونیان یەک بوو. ئەو کۆنگرەیە لەمێژووی خەباتی

کوردستان بوو ئەوەڵین جار بەشێوەیەکی تایبەتی و نهێنی بە گورج و گۆڵی و ژێری و سەربەرزی دوور لە چاوی پیس و گڵاوی حکومەتە بەکرێ گیراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک هات.

بەداخەوە پێویستە بڵێیت هێندێک لە هاواڵان لە بەندیخانە بوون و بەشێک لە نوێنەران لەبەر فشار و کۆسپەی دوژمنان نەیان توانی لە کۆنگرەدا بەشدار بن.

سەرەتای وتوێژی دەستووری کۆنگرە بە تیلاوەتی ئایەتی "انا فتحنالک" لەلایەن مامۆستایەکی ئایناسی خەباتکەر و کۆڵنەدەر دەستی پێکرد و لە پاشان یەکێک لە هاواڵانی بەرپێوەبەر مێژووی ١٩ ساڵ خەباتی خوێناوی و پڕ لە ئازار و جەزرەبەی ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی بە راپورتێکی هەموو لایە و بەرین پێشکەش بەنوێنەرانی کۆنگرە کرد.

ڕابردووی ح. د. ک لەکاتی جمهوری کوردستان:

لەو ڕۆژەوە کە ئاڵای خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان پچڕاوە دوژمنی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێرانیانی دار و دەستەی شا و ئیستعمار توانایی ئەوەیان نەبوو کەسنگی دیکتاتۆری و زۆرداری لەسەر سینگ و ملی ئێمەدا کوتنەوە، بەڵکو ناکۆکی و ناریک و پێکی ناوخۆی حزب لەساڵی هەوەڵی دامەزراندندا و کەم فامی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرپێوەبەرانی ئەو کاتی حزب بۆ ڕاکێشاندنی کۆمەڵی وەرزیران و جووتیاران و ڕەنجبەرانی تری لادێکان کە ئوردوی بنچینەیی شۆڕش ئەژمێردرێن و هەروەها هینانە سەر کاری دەرەبەگ و فئودالەکان و بەشداربوونیان لەناو کۆمیتەی ناوەندی حزب دا و زاڵبوونیان بەسەر جووتیار و رەعیەت باعیس بوو کەحزب و نەتەوەکەمان لەمەر ڕێکوپێکی بناغەی شۆڕش ڕێگای بێ بیری و نالەباری و لالووتی بگرێتەبەر.

سەرانی ح.د.ک لەساڵی ١٣٢٥ دا کە لە پشتیوانی ئوردووی شۆڕشگێری وەرزێر و جووتیاری بەری بوون لەسەر بناغەی کۆمەڵایەتی خۆی پێ نەچەقاندبوو. هۆیەکانی بچینەیی ئەو "کارە" بە دۆڕاندنی هەل و هەڵکەوتی زۆر مێژوویی و پڕ دەسکەوت دەچووەسەر کاڵی و بێ تەجروبەیی بەرپێوەبەران و پەروەردە و قال نەبوونیان لەناو کۆڕی تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی حزبایەتی.

هەڕەشە و گوڕەشەی شا و ئەربابەکانی لە لایەکەوە "قەول و قەرزاری" چلکاوخۆر و نۆکەرەکانی بەدفەری ئیستعمار لە لایەکی تر شوێنەونکەی لە

"رابەرانـــی" حــزب کردبــوو بەســەر ســورماوی و دامــاوی خۆیــان تەســلیم بەسیاسەتێکی "قەزاوقەدەر" کرد.

ئەوبـابەتە ڕاسـت بـوو کە ئەگەر یـارمەتی و "پشـتیوان" لەنـاو دانەبـایە حکومەتی خوێری و چلکـاوخۆری تـاران بە دووقـۆڵی لەگەڵ ئیمپرپالیزم زووتـر لەوەش هێرش و شاڵاوی بۆ سەر جمهووری کوردستان و ح.د.ک ئەهێنا.

سەرانی ح.د.ک نەتەنیا لەو هەل و دەرفەتە گرنگە بـۆ ڕێکوپێکی نـاوخۆ و پتەوی دەولەت و قـایم کردنـی بنـاغەی لەشکری چەکدار و هێـزی پێشـمەرگە سوودیان وەرنەگرت بەڵکو لەسەر سەنیری خاتر جەمی پاڵیان دابووە و پێیـان وابوو کە بێشکەی شۆڕش هەتـا هەتـایە ئەبـێ بەدەست وانـڕا بـژی. لەلایەکـی ترەوە ڕابەرانی" لای تر" بەهۆی ڕاوێژکەرە لێ نەزانەکانیان وایان ئەزانی کە ئەو کۆرپە ساوایە پێی هەڵگرتووە و فامی کراوەتەوە و ئەتوانێ مـاف و ژیریـی خۆی بپارێزێ، بێ خەبەر لەوەی کە ئەو مەلۆتکەیە لە بیشکەدا تاسابوو.

هەروەکی خۆشیان لەکاتی پێویستی پشتگیریی پشتیان لەو مەلۆتکە تاساوە کرد و خۆیان خستە خەوی کەروێشکی.

بە بەرچـاو خسـتنی ئەو بابەتـانەی سـەرەوە پێویسـتە بەداخەوە ئیقـرار بکەیـن: پـێش ئەوەی کە دوژمنـی خـوێری ئامـادەگی پەیـدا بکـا و توانـایی تێکشکاندنی گەلـی کوردی هەبـێ سـەرانی حـزب و کاربەدەسـتانی جمهووری کوردستان مەیدانیان بۆ هەڵکوتانە سەر نەتەوەی کورد لەناو دەولەت و حزبدا خۆش کرد و هۆرەیان لـە خۆمان بۆ قەڵشاندن و تێکدانی خۆمـان سازکردبوو تـا گەیشتە ڕادەیەک کە دەستە و ئەژنۆ لە دوژمن ڕامـابووین کە چیمـان بەسـەر ئەهێنێ و کەی دووچاری چەرمەسەری و چارەڕەشی ئەبین.

لە کۆنگرەدا لێکدراوە کە کەم و کورتی خەبـاتی حزب لە ڕابـردوو و دەوری حکومەتدا ئەوەبوو کە سەرانی ح.د.ک لەنێوان بەرەبەرەکانی "پارلەمانتاریزم" و "شۆڕشـی چەکدارانە" دامـابوون، لەلایەکەوە لە "مەجلیسـی شورای ئێرانـی" نوێنەری هەبـوو کە لە "تریبـوون" نەک بـۆ هەڵگیرساندن و خۆشکردنی ئـاگری شـۆڕش لەنـاو دڵ و مێشکی خەڵـک کەڵکـی وەرنەگـرت بەڵکو لەمەر تەئسیر و نفووزی خەباتی پەرلـەمانی حزبەکانی تـاران بـۆ دامرکانـدنی بلێسـەی شـۆڕش جاروبار ڕاوێژ دەکرا.

تەواوی ئەو چەک و چـــولانەی کە دەبـــوایە لە خزمەتـــی شـــۆڕش بەکـــار هێندرابایە و بۆ پاراستنی حکومەت و گیان و ماڵی نەتەوەکەمان هەڵسوورابایە

لە ژووری پێویستدا بێ سوود و کەلک کەوتە دەست "حکومەتی تاران" دوژمن و داگیرکەری وڵاتمان. دیارە حزب لە سەرەتای کاردا لەکاتی خۆی دەیتوانی کە هەردوولای خەبات یانی پەرلەمانی و چەکداری وێکرا بگرێتە پێش و بە ژیری و وریایی لە تەواوی هەل و فرسەتە پیشەهاتووەکان سوود وەربگرێت و فریو نەخوا، بەڵام لەپێش ئەو کارەدا ح.د.ک ئەبوایە لەشێکی ساغ و بیر و ڕاوێژێکی تەواو و شارەزا و تێبینی گرنگی لەمەڕ نەتەوەی خۆیی و دوژمنەکانی هەبا.

لەدنیای ئەوڕۆدا مرۆڤ دەکرێت هەم خودای بوێی هەم خورما بەڵام لەپێش ئەو ئاواتەدا لە سەری پێویست و فەرزە کە خۆی بناسێ و خودا و خورماش بناسێ تا بەتام و شیرینی خورما خۆی لێ نەگۆڕێ و بە هەلە نەچێت و بە بردنی ناوی خودا خۆی تەفر و توونا و خەڵکیش بەفریو نەبا.

کورتی و کەم و کوڕی گەورەی خەباتی ح.د.ک ئەوەبوو کە لە خەباتی چەکدارانەی "سمکۆ" و "قەدەم خێر" و ...هتد، دەرس و سەرمەشقی وەرنەگرت، شێوەی زیندوو و نەمری ئەو قارەمانانەی ڕێگای ڕزگاری و خەباتی بێ کەڵک و سوود هێشتەوە.

لەمەر تەسلیم بە دوژمن و هاتنەوەی سوپای داگیرکەر:

هەروەها کۆنگرە هاتەسەر باسی کشانەوە و تەسلیمی بیلا قەید و شەرتی حکومەتەکانی کوردستان و ئازربایجان کە کاتی خۆی حزبی دیموکراتی قەوام السلگنە- السلتنە- لەگەڵ زۆر لە کاربەدەستان و خاوەن بیر و باوەڕ پێکراوانی سیاسی و حزبی لە تاران "قەرار و مەداریان" بەستبوو بە چوونی قەوام السلگنە بۆ مسکو و کۆبوونەوە لەگەڵ ستالین و دەوروبەرەکەی ئەوێ ڕۆژێ بەدەلیلی داتاشرا و برینی خەڵکیان بەوە ساڕێژ دەکرد کە گوایا ژیری خستنی چارەنووس و ڕەنگ و کوێرەوەری نەتەوەکانی کورد و ئازربایجان بۆتە قوربانی و بەڵاگەردانی ئازادی گەلی چین.

لەو لایشەوە حزبی توودەی ئێران و دەستەکانی میللی تر کە پێشوو بەزمان و قەلەم و قەول و قەرار پشتیوانیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازربایجان کرد بوو تەنانەت بەجووڵانەوەی ئازادی ئیران یان ناو دەبرد و ویستیان بەو دەلیلە پڕوپوچانە خۆ حەشاردەن و وەک کەوەکە سەریان لە بەفر گرتبوو لەشیان بەدەرەوە بوو دەیانەویست ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە لەو کاتەدا تەواوی هێزی ڕەش و بەدفەری شا- ئیمپریالیزم و دوژمنە سوێند خۆرەکان کلکیان لیک بەستبوو لە تارانەوە "بەدڵنیایی" ڕوویان

کردە کوردستان و ئازربایجان و ئەوانیش لەجیاتی بەربەستی لە پەلاماری ئەو دوژمنە هاوبەشییە بکەن وەیا لانیکەم لەپشتی جەبهە زەرەباتی قورس و بەشێوەی تێکدەرانە و سابوتاژ لە دوژمن بدەن خۆیان خستبووە گوێی گا و چوونە ناو خەوی سەرە مەرگەوە بەو مانایە مرتقیان لەخۆیان بڕی و هەتا بەناوی ناڕەزایی بەبیروباوەڕی شورشگێڕانە و دیموکراتانەیان دەرنەبڕی ئا بەوجۆرە لەو دەمەوە تا ئێستا شا و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و دوژمنانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئیرانیان لەسەر بزووتنەوەی ئازادی خوازانەی گەلەکانی ئیراندا زاڵ کرد و دواییش دیتمان قەوام السلگنە بە ڕیشی موبارەکی هاوپەیمانەکان و مسکو- تاران پێدەکەنی.

خو و ڕەوشتی سەرۆک و سەرانی ئەو جۆرە حزبانە لەمەڕ ئەو دەست ئەو دەست کردن بۆ وەشاندنی زەربە و خۆخنکاندن و خۆدەخەو خستن لەکاتی هەڵکەوتنی شۆڕشگێڕانە لە پاشەڕۆژەکانی داهاتوودا یانی ڕۆژانی ڕەش و تەنگانەی کودەتای ٢٨ مراد دا ڕووناک تر و ئاشکراتر وەدی هات، لێرەدا بێ جێ نییە کە پەندی ڕوودەکی شاعیری مەزن لەو بابەتەوە بخەینە بەرچاو کە ئەڵێ: هرکە ناموخت ازگشت روزگار هیچ ناموزد زهیچ آموزگار.

ح.د.ک و سیاسەتی دەرەوە:

کۆنگرە بڕیاری دا ح.د.ک ئەبێ بەباشی و ژیری و گورج و گۆڵی لەو تەنگ و چەڵەمەی سیاسی و ئابووری ئێران و لە هەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەگەڵ حکوومەتە نیشتیمانییەکانی بێ لایەن، لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی گێتی پێویستە کەڵک و سوود وەرگری لەو هەل و فرسەتە مەزنە بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران لە هیچ فیداکاری و گیانبازییەک درێغی نەکا.

لەسەر ح.د.ک فەرز و پێویستە کە بەگوێرەی هەڵوێستی تایبەتی خۆی ڕێگایەکی خەباتی چەکدارانە و ڕزگارکەرانە بۆ ئێران و نەتەوەکانی بدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی شۆڕشگێرانە بەهاوکاری و هاوخەباتی حزب و دەستە سیاسییەکانی تری ئێران رەعەمەل بینی.

ح.د.ک و شۆڕش:

کۆنگرە بۆی ڕوون بووە کە پێش گرتنی ڕێگای خەباتی پارلەمانتاریزم و هەڵبەز دابەزی شەقامی بێجگە لەوە کە خەڵکی ئێران زیاتر دووچاری سەرکوتی و ملکەچی و شل و شەکەتی و سەرشۆڕی بکا "بە خیانەتێکی

موسەللەم بە نەتەوەکان دەژمێردرێ" سوود و کەڵکی نییە.
کۆنگرە سەلماندی کە ڕێگای خەباتی ڕاستەقینە ڕێگای ڕزگاری نەتەوایەتی خەباتی چەکدارانە و شۆڕشگێرانە لە دژی ئیستعمار و چلکاو خۆرانی "شا و حکومەتی تاران" و تەفر و تووناکردنی بناغەی هەیئەتی حاکمەی ئێران "سەرمایەداری و دەرەبەگی گەورە".
بەڵێ تەنیا ڕێگای خەباتی چەکدارانە و شۆڕشگێرانەی خوێناویە کە لەسەر بیر و ڕاوێژێکی نوێ و تێبینییەکی ژیرانە ئەتوانی تەنگ و چەلەمە و چارەڕەشی حزبایەتی لەناو خەڵکی ئیران بنەڕەت بکا.
یەکیەتییەکی ئەوتۆ پتەو و نیشتمانی بۆ ڕزگاری نەتەوەکانی ئێران تەنیا لەناو کورەی ئاگری شۆڕش دا وەدی دێت.
کۆنگرە بڕیاری دا کە لەسەر شانی ڕابەرانی ح.د.ک فەرز و پێویستە کە هەرچی لە توانایان دایە بەتەواوی هێز و بیر و ڕاوێژی حیزبایەتی بۆ گەیشتن بەئامانجی مەزنی نەتەوەکانی ئێران یانی تێک و پێکدان و ڕووحاندنی ڕژێمی بۆگەنیوی شایەتی و هەڵوەشاندن و لەناوبردنی یاسا ڕەشەکانی هەیئەتی حاکمەی تاران و شاخ و لک و پۆپەکانی لەسەرانسەری ئێران ئەبێ لەتەواوی حیزب و دەستە سیاسییەکانی پێشکەوتووی ئێران بگێڕیتەوە و داوا بکا کە بۆ گەیشتن بەئامانجی گشتی کوێرە ڕێگای خەباتی پارلەمانتاریزم کە "تەواوی خەڵک لێی ماندووبوون و پێی وەستاون" توور هەڵدەن و ڕوو لەڕێگای نوێی شۆڕشگێڕانەی ح.د.ک بکەن، بە دڵ و دەروونێکی خاوێن بەبیر و هەستێکی تازە دەستی یەکیەتی و خەبات بدەنە دەست ح.د.ک لەمەڕ وەدی هێنانی یەکیەتییەکی پتەوی نیشتمانی بۆ ئازادی ئێران و ڕزگاری نەتەوەکانی.
تەجروبەی شۆڕش لە کووبا و جەزائیر و گەلێک جێگای تر بەباشی وەدەری خست کە ڕێگای سەرکەوتنی شۆڕش بەها دان و ڕێکخستنی چینی جووتیار و وەزیر و کێشانی وان بۆ ژێر ئالای خەباتی چەک و چەکدارانە لە چیا و دەشت و کێو و پەیوەندی لەگەڵ چینە زەحمەتکێش و بەشخوراوەکانی نەتەوایەتییە، لە شارەکان شۆڕش سەرناکەوێ و دابەزینی ئومێد و هیوا بەستن بە خەباتی سەر شەقامی خەتایەکی گەورە و ڕەنج بەخەسارییەکی زۆری پێوەیە.
هەروەها پێویستە بزاندرێت کە خوو ڕەوشتی حیزبێکی سیاسی نەک لە ڕووی گوفت و گوفتار بەڵکو لە مەیدانی کردەوەدا نیشان ئەدرێت و لە ئێران لە ماوەی خەباتی خوێناوی گەلانی ئێران دژی ئیستعمار و شا و نۆکەرەکانی

ڕێگای پەرلەمانتاریزم تەنیا و تەنیا ڕێگای خەبات ئەژمێردرا چ بۆ جەبهەی میللی و چ بۆ ح.ت ئێران وە چ بۆ حیزب و دەستە سیاسییەکانی تر، لەو ڕێگایەدا تەنیا جبهەی میللی بە ڕابەرایەتی مصدق توانی بە قەول و قەراری خۆی عەمەل بکا و بیر و باوەڕی خۆی بەدی بێنێ، لەسەر ئەو ڕێگایەدا بە حکومەت بگا و نەوت میللی کا هەروەها ئیستعمار و شا و هەیئەتی حاکمەی تاران وەهانکەهانک بخا و نیوەگیانی کا، جبهەی میللی گەرچی بۆ ماوەیەک توانی گەلێک کاری شۆڕشگێرانە بکا، بەلام توانایی ڕاگرتن و پاراستنی ئەو هەنگاوە بەرز و شۆڕشگێڕانەی حکومەتی میللی دکتۆر مصدقی نەبوو.

گەورەترین کۆسپ و بەرهەڵستی لەم بابەتەوە دووبەرەکی و ناکۆکی و لادانی بەرێوەبەرانی ح.ت ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوایەتی ئێران بەسەرۆکایەتی مصدق بوو، ئەو حیزبەی کە چەندیەتی کۆمەلایەتییەکی باشی پێک هێنا بوو بەلام لەمەڕ چۆنییەتی شۆڕشگێڕانی حیزبی داماو و کەساس کەوتبوو و لە ڕۆژی تەنگانە و پێویستدا شعوور و فامی دیتنەوەی ئەو ئالقە زنجیرەی کە بەهۆی وەدەست هێنانی ئەو تەواوی لەشی زنجیرەکەرا دەکێشرێت نەیانبوو.

نەخشی شۆڕشگێرە پێشوا بارزانی:

پێویستە بزانین کە هەر لەو کاتانەدا بوو کە قەومی بارزان لە کوردستانی گەرمیان بەڕابەرایەتی پێشەوا بارزانی مصطفی لە قۆناغی خەباتی چەکدارانەی خۆیان بۆناو کوردستانی کوێستان گوێستبوەوە پاش ئەوەی کە تەجروبەی خوێناوی و پڕلە شانازی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و حکومەتی شای بوگەنیو تۆپیوی عێراق لەکاتی پێویست و تەنگانە ح.د.ک بەکاری نەهێنا. بارزانیان بێ ئەوەی چەک دانێن بەسەربەرزی و ژیری و گورج و گۆڵی دەستیان بە کشانەوەیەکی چەکدارانەی شۆڕشگێری بۆ لای یەکیەتی شورەوی کرد کە نەتەنیا چەک و تەواوی هێزی حکومەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و فروفێڵی ئیستعمار نەیتوانی بەرهەڵستیان بکا، بەڵکو گشت پسپۆرەکانی سیاسی و جەنگی دنیا لە دۆست و دوژمن لەمەر بەرزی بیروڕاوێژی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەی بارزانیان و پێشەوا (مصطفی بارزانی) کۆڵنەدەر سەریان تێدا سوڕماوە.

بەو هۆیەوە نەتەنیا ئابڕوو و شەرەفی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کوردیان کڕیەوە بەڵکو دەرسێکی مەزنی مرۆڤایەتی و بەر هەڵست و سەربەرزی بوو بۆ

هەموو تێکۆشەرانی خەباتکەری گێتی. ئەو کردەوە شاز و پڕ لە قارەمانیەتیە بۆتە ئالآی سەربەخۆیی بیروباوەڕی نەتەوەی کورد و بەو پەندە قووڵ و جوامیرانە نەتەوەی کورد بەدنیای ڕاگەیاند، کە پۆلێکی سیاسی و چەکداری یەکگرتوو و ژیر و پتەو لەژێر سێبەری بیروڕاوێژی مرۆڤێکی فیکری و جەنگی ئەتوانی نەتەنیا لەگەڵ لەشکرێکی پڕچەک و چولی دەولەتێک بەرەبەرەکانی بکا و ڕووسور و سەربەرز سەرکەوێ بەڵکو توانای ڕووخاندن و تێکدانی ئەو حکومەتانەیشی هەیە کە بەهەموو چەک و چۆڵ و تفاق و پارەیەک لەلایەن دەولەتە گەورەکانی ئیسعماریش یارمەتی بکرێن.

بەلآم زۆر لە سەرۆک و ڕابەرانی ئەحزاب و دەستە سیاسییەکان کە لەمەر بەهەڵچوون لەسەر بیر و باوەڕی ناوخۆ لادان لە ڕێبازی کردەوە و عەمەلی شۆڕشگێرانە و چەکدارانە لە ڕۆژ و کاتی تەنگانە و پێویستدا دەستە و ئەژنۆ لە دوژمن ڕادەمینن داماو و کەساس و بەستەزمان و عەبەساو خۆیان بۆ گەل و حزب بێ کەلک و سوود دەهێڵنەوە لێرەدا پێویستە بە سەربەرزییەوە بڵێین کە زۆربەی ئەو هەوالآنەی کە لە ماوەی ١٧ ساڵی ژیانی ڕابردووی حزبمان خاوەن بیر و ڕاوێژێکی ژیر و پتەو و خاوەن مەسئولییەت و ئەرک و خاوەن قەلەم و دڵ و دەرونێکی خاوێنی مرۆڤایەتی و کوردایەتی بوون، لە ماوەی ئەو ١٩ ساڵەی خەباتدا بیر و کردەوەی سەرۆکی فیکری بارزانیان لەیاد نەکرد هەر ئەوانەی ئالآی: یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتیان لەدەست دوژمن ڕفاند و کۆلآن بە کۆلآن شار بە شار و پایتەخت بە پایتەخت لەسەر شان و شەپیلکی خوێناوی خۆیان ڕاگرت و پاراستیان تا گەیاندیانە سەر لووتکەی شاخەکانی زاگرۆس و لەناو دڵ و هەناوی دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان بەرزیان کردەوە.

لەناو نوێنەری کۆنگرەدا کەم نەبوون ئەوانەی کە لە زیندان و ڕەشەچاڵەکانی تاران وەک: "قزل قەڵعە" و "لەشکری ٢ی زرەهی" و "قەصری قاجار" جەزربە و شکەنجە و چەرمە سەریان کێشابوو و هەزاران کۆسپ و کویرەوەری و هەڕەشە و گوڕەشەی دوژمن سەربەرزی و ژیری و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و کوردایەتی و وانی تێک شکاندبوو.

لادانی کۆمیتەچییەکانی حزبی توودەی ئێران:

هەروەها لەکۆنگرەدا کەم نەبوون ئەو نوێنەرانەی کە بەبیر و کردەوەی خۆیان شاهیدی زیندووی لادان و بەهەلەچوونی سەرانی و ڕابەرانی توودەی

ئێران لە دەوری هاتنەسەر کاری حکومەتی ڕەشی "ڕەزمئارا" و بەربەرەکانی لەگەڵ دروشمی "میللی کردنی نەوت" و تووڕهەڵدانی نفووزی ئابووری و سیاسی ئیستعماری ئینگلیز لە ئێران دکتۆر محەمەد مصدق و هاوڕێ و هاوخەباتەکانی وی لە جبهەی میللییان دەکرد، و لەکاتی تەنگانە و گرنگی مێژوویی و نەتەوایەتی دا بە دروشمی چەوت و چەپەل و نالەبار ئاویان بە کورەی ئاشتی دوژمنانی سوێند خۆری نەتەوەکانی ئێران دا دەکرد.

لەکاتی گرنگدا کە دکتۆر مصدق بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ میلیتاریزم و دیکتاتۆری لە تەواوی حزب و دەستەکانی سیاسی لەناو مەجلیسی شورای میللی دا داوای دەکرد کە هەموو لە ڕێگەی خەباتی نیشتمان یەک بگرن، زۆربەی سەرانی ئەو حیزبە لەباتی تێکەڵ بوون و خۆتێکێشان لە خەباتی گشتی نەتەوەکانی ئێران گوێیان بۆ زرم و هۆری چەکمەی دیکتاتۆری "ڕەزمئارا" شل کردبوو، هەر ئەو لادانە رابەرانی ح. ت ئێران لە کۆنگرەی ٢ هەمی حزبی توودە بەکەم و کورتی بڕیاری لەسەر درابوو، بوو بەهۆی هەڵوێستێکی چەوت و چەپەڵ کە زۆربەی بەرهەمی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانیان بێ سوود و کەلک هێشتەوە و غەدر و دوژمنایەتییەکی گرنگیان لەگەڵ حزب و نەتەوەی خۆیان کرد، بەداخەوە دەری بڕین و خەتایەک لەکەری شەیتان هاتنە خوار کە ئاو لە ئاش برابوو کودەتای ٢٨ی مرداد سەرکەوت هەر ئەودەمیش ئەیان توانی بە ژیری و وریایی هێز و تاقەتی خەبات خڕکەنەوە بە گۆڕینی هەڵوێست دەست بە پەلاماردان بۆسەر دوژمن بکەن بەڵام ئەو وەختەیش هەرچەند بەڕێوەبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ گەلێک لە کادرەکانی حزبی توودەی ئێران بەهۆی کۆکردنەوەی ئەسناد و بەڵگەی حزبی بۆ نیشان دانی نادروستی ڕێگای ڕابردوو و دۆزینەوەی ڕێبازێکی ڕووناک لەسەر ئەو دروشمانە:

١- تەقەلا بۆ هێنانەوە سەر کاری حکومەتی میللی دکتۆر محەمەد مصدق.

٢- ڕەوا وە ڕووخستنەوەی میللی بوونی نەوت

٣- بێ لایەنی ئیرانی بە کۆمیتەی ناوەندی ح. ت ئێران پێشنیار کرا.

بەڵام پێشنیارەکەیان لەژێر پێ هاویشت، هەروەها پێشنیاری بەڕێوەبەران و هەواڵانی ح.د.ک لەمەر گۆڕین و گوێستنەوەی تاکتیک حزبی لەوەپاش یانی تێکەڵ کردنی ڕێگای خەباتی چەکدارانە لەگەڵ ڕێگای خەباتی شەقامی و پەرلەمانی بەتایبەتی لە وڵاتی کوردستان و ناوچە فارس وەپاش گوێدرا و

ئەیانەویست سەرلەنوێ کوێرە ڕێگای پڕ لە هەلە و گێرەشێوێنی کۆنیان بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان بڕەنگێننەوە، لەوکاتەدابوو کە مەسئوولان و ڕابەرانی حزب لەش و گیانی ح.د.ک یان لەو ڕابەرانە جوی کردەوە و ڕێبازێکی تازە و نوێیان وەبەرچاوی خەڵک خست و بەگوێی ح. ت ئێرانیان ڕاگەیاند کە برامان برایەتی و چیغمان جوودایەتی.

مەسەلەی جووتیار و گیروگرفتی ئەرزی:

کۆنگرە لەسەر وەزعی ڕەش و ناکۆک و ژیانی نالەباری جووتیار و توێژە زەحمەتکێشەکانی لادێ بڕیاریدا کە گۆڕانی ژیانی تاڵ و پڕ لە نەگبەتی ئەوان پێویستە بەبیر و ڕاوێژێکی تێبینییانەی زانستی چارە بکرێت.

زەوی و ئاو و بەرهەم بەبێ هێزی باسک و کوێرەوەری جووتیار و ئارەقەی نێوچەوانی وی هیچ کەلک و سوودێکی لێ وەرناگیرێ، دەرەبەگی کە نیشانەی پاشکەوتوویی و چارە ڕەشییە ئەبێ لەبنەڕەترا هەڵقەنرێت ریفۆرمی "ڕواڵەت" ئەرزی کە بەنیوی "اصلاحانی ئەرزی" لەنێو ئێراندا کراوەتە ڕاوێژ و باو.

شێوەیەکی "ئاڵۆز" تێ کدان و هەڵوەشاندنی پەیوەندی زاڵمانەی ئەرباب و رەعیەت لە ئێران دا بەدەست تاقمەیەکی ناڕازی و اصلاح خواز پێشنیار کرابوو دامرکاندنی دەماری خەباتی شۆڕشگێرانە لەناو جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێکانی ئێران فئودالیزم و دەرەبەگی گەورە کە لە ئێران پالی وەپالی حکوومەتی شا و ئیستعمار داوە، وەختایەکی ژیان و ئاغایەتی خۆی دەمەترسی دادێت دەستی بەفر و فیل و بەرهەڵست کرد تا گەیشتە ڕادەیەک کە بەیارمەتی شا و ئیستعمار و بێ هێزی خەڵک توانی ئەرک و تەقەلای ئەو تاقمەیە بێ کەڵک و سوود بکا وە لە زۆربەی جێگاکان نەتەنیا لە شوێنی داندراوی خۆی لایدا بەڵکو بۆ سەرکوتکردن و ئاژاوە نانەوە "لەناو خان و دەرەبەگەکانی قەشقایی و بوێر احمدی و مەمەسنی لە فارس" و هەروها بۆ وەسەرخستن و لاواندنەوەی دەرەبەگەکانی "زولفقاری لە نەنگان" نەخشەی شەیتانی خۆی عەمەلی بکا بێ ئەوەی کە توێژی جووتیار بە ئاواتی خۆی بگا. لە هێندێ جێگا کە زۆر بەکەم و کورتی بەشێوەیەکی پاشکەوتوو پارچە زەوییەکیان بەسەر جووتیاردا بەشکردووە لەبەر ئەوە کە خۆی ئازاد نییە لەژێر سێبەری حکومەتێکی دڵسۆز و نیشتمانیدا نییە هیچ دواڕۆژێکی ئەمین و ئارام و بەختیار و کامەران شک نابا.

شێوەیەکی شوڕشگێرانەی، دابەشکردنی زەوی و زار و لەبەین بردنی

پەیوەنــدی زاڵمــانەی "ئەربــاب" و "رەعــیەت" کە بــۆ ح. د. ک لەپێشــدایە بەلێکدانەوەیەکی قووڵ و تێبینییەکی نەتەوایەتـی بەستراوەتەوە بە ڕزگـاری سـەرزەمینی کوردسـتان لەدەست داگیـرکەر و چەوسێنەر و گەڕانەوەی زەوی و زار و ناوەندی اصلی کە لە ٩٠% دانیشتوانی کوردستان پێک دێن وە ئەو ٩٠% ڕەگ و پێست و لەش و خوێن و ئێسکی حزبی دیموکراتی کوردستانیان پێکەوە ناوە.

کـۆنگرە دەری بـڕی کە تەنیـا حیزبێکــی شۆڕشـگێر بەهـۆی دامەزرانــدنی حکـومەتێکی دیمـوکراتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتـی ئەتـوانێ ئاسـاری زوڵـم و زۆردار کە هەزاران ساڵە بـاوە لەبەیـن ببـا جووتیـار و وەرزێـری کـورد خـاوەن زەوی و زار و سەربەخۆ و ئازاد و بەختیار بکا.

ئاغــاوەت و عەشـیرەتە نیشــتمان پەروەرەکـان پێویسـتە تـا گەیشـتن بە حکوومەتێکی دیموکراتی و نیشتیمانی کورد هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە ڕێ و شوێنی سیاسی و ئـابووری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بەکـردەوە و کـردار لەئاست چینـی زەحمەتکێش و کـوێرەوەری کێشـی دێهـات ڕوونـاک بـکەنەوە و خۆیـان نەکەنە داردەست و وەرگێـرکەی حکـومەتی بـۆگەنی شـا و ئیسـتعماری ڕزیوی بێگانە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەجیاتی "اصلاحیاتی ئەرزی" بێ جـێ و ڕێـی شــا "شۆڕشــی ئەرزی" یــانی ڕزگــاری یەکجـاری و پـتەوی خـودی جووتیــار و سەرزەمینی بن پێی جووتیار و گشت دانیشتوانی کوردستان دەخـاتە بەرچـاو، هەر وەکی ئەو ڕێبازە لە پرۆگرام "مەرامنامەی" حیزبمانـدا بەجـۆری خـوارەوە دەنوسرێت.

حیزبە ئێمە سوودی خـۆی بەوە دا دەزانــێ کە لە ڕێگـای خەبـات و ڕزگـاری کوردستان لە خان و خاوەن ملکەکانی بەشەڕەف و کورد پەروەر بگیرێتەوە کە پشـتی حکـومەتی تـاران بەتەواوی بەردەن و بەدڵێکــی خـاوێن بیـر و بـاوەڕی کوردانەوە خۆیان لەباوەشی دایکی نیشتمان و ڕێبازی کوردایەتی باویژن و پاڵ وەپاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی ڕزگـارکەر و شۆڕشگێری نەتەوەی کورد بدەن و دەستی خەبـاتی ئەنـدامانی حیـزب لەدەستگرن و بـۆ ڕووخانـدنی ئیسـتعمار و حکـومەتی تـاران لە کوردسـتان و سەرتاسـەری ئێـران هاوخەبـاتی حیزبمـــان بـــن، جـــابۆیە ح.د.ک لەمەر اصــلاحاتی ئەرزی لە کوردســـتان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی و زانستی کوردانە هەنگاو هەڵ دێنێ.

ح. د. ک لەسەر ئەو بیر و باوەڕەیە کە زەوی و زار و کشتوکاڵ دار و دەوەن و ئاو و کانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی ڕەنیوهێنان و دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لە مافە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی حکوومەتی دیموکراتی کوردە کە بەهۆی بەڕێوەبەرانی ح.د.ک وەدی دێت.

ئەو کاتەیە کە حاکمییەتی نەتەوایەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرز و ئاو و زەوی و زار و دار و دارستان دادەبەشێت. (ماددەی ٣٩- بەندی نۆهەم- بەشی شەشەم).

لەمەڕ ناوەندیەتی حیزبی:

کۆنگرە دەری بڕی کە بەهۆی فشار و گرتن و بڕین و نەبوونی هەل و فرسەت ح.د.ک نەیتوانیوە کۆنگرە پێک بێنێ و خاوەن مەرکەزییەتێکی قانوونی هەڵبژاردەی کۆنگرە یانی کۆمیتەی ناوەندی و خاوەن قانوون و یاسای حیزبی یانی پیرەو و پڕۆگرام بێ، وەهەر بەو بۆنەشەوە ح.د.ک دووچاری گەلێک لادان و بەهەلەچوون و گێرەشێوێنی ئەندامان و هێندێک لە کادرەکانی خۆی بووە. "چەپ گەری" و "ڕاست گەری" سەردەمایەک ناکۆکی و نالەباری لەناو حیزب خستبووە، ڕابەرانی حیزب لەمەر گیروگرفت و دەرچوون لە شوێنی خۆیان و بەند نەبوون لە جێگایەکی تایبەتی و هەروەها دەربازبوونی هێندێک لە هەوالانی ڕابەر بۆ ناوچەی تر و گوێستنەوەی قۆناغی خەبات جاروبار بۆتە هۆی شێوەیەکی کاری فەردی.

بێجگە لە کەم و کووری سامانی و گیان و لەشی حیزب لەلایەن دوژمنانی جۆر بەجۆر و ڕەنگ بەڕەنگ وەبەر شاڵاو و لێدان دراوە لەلایەک ئیستعمار و حکومەتی شا بۆ تێک شکاندنی لەشی ح.د.ک زۆربەی فشاری دڕندانەی خۆی لە ڕێگای جەزرەبەی زیندان و کوشتن و بڕین و جاسووسی و.... بە تەواوی هێزە ڕەشەکانی خۆیان ویستوویانە لەشی حیزبی ئێمە زامدار و بریندار و کرماوی بکەن.

لەلایەکی ترەوە دوژمنانی بیر و باوەڕی حیزبی بە پڕوپاگندە و درۆ و دەلەسە و کڕین و بەهەلە بردنی هێندێک "ناسراوی ڕووڕەش" کە وەختی خۆی بە گرتنیک سەری خۆیان بۆ خزمەتی "سازمانی ئەمنیەت" شۆڕکردووە وە بە گرتنێک سەری خۆیان بۆ خزمەتی "سازمانی ئەمنیەت" شۆڕ کردەوە وە لەکاتێکدا هەم لە توورەکەیان دەخوارد و هەم لە ئاخوور و گەلێک کارەساتی دیکە ویستوویانە گیانی حیزبی ئێمە دووچاوی مەترسی و ئازار و عەزاب بکەن

وە بۆ تێکدانی ڕیزی حیزب لە هیچ گێرەشێوێنێکی چەوت و چەپەڵ کۆتایی و دریغییان نەکردووە.

ئەو دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لە دوولاوە لەلایەن دوو تاقمی ناجۆر لە گیان و لەشی حیزب بەردرابوون بەڵام مەبەست و ئامانجی هەردووکیان لەناوبردن و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی ح.د.ک بووە کە ئەو ئاواتەی خۆیان دەبەنە بن گڵ و ژێر قەبر.

کۆنگرە بڕیاری لێ بوورین و بەخشینی ئەو تاقمە کورد پەروەرانەی دەربڕی کە دەست و دڵ و دەروونی بیروباوەڕی کوردایەتییان پاک ماوەتەوە بێجگە لەو کەسانی کە لە جاسووسی و خیانەت دەستیان ئاڵوودە کردووە، ڕێگەی گەڕانەوە و لێبوورین بۆ ئەو دەستە کورد پەروەرانە کراوەتەوە کە پاش دەربڕینی پەشیمانی و هۆی بەهەلە چوونیان لە کارەساتەکانی ڕابردوو بەدڵ و دەروونێکی خاوێن و بیر و باوەڕێکی تازە خۆیان لەباوەشی ح.د.ک باویژنەوە.

مەسەلەی نەتەوایەتی:

کۆنگرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی و بەرژەوەندانە و تێبینییەکی زانستی دوا، نەتەوەگەری و زوڵم و زۆرداری نەتەوەیەکی بەدەسەڵات و لەسەر حوکم لەسەر نەتەوەکانی تری ئێران "کە لەمەڕ سەرزەمین و عەرد هاوبەشییەکی گرنگیان هەیە و هەرکامیان خاوەن زمان و مێژوو و خووڕەوشت و لیباس و ئاکار و سوننەتی تایبەتین" لەمێژ زەمانەوە لە ئێران باو و بەردەوام بووە. انقلابی مشروطیت تەنیا مەبەستی تێکدان و سەرنخوون کردنی پاشایەتی قاجار نەبوو بەڵکو هەڵوەشاندنی دەسەڵات و زۆرداری حکوومەتی "مەرکەزی" یانی ئاغایەتی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی تری خستە بەرچاو، بەڵکو دوای هاوبەشییەکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی لەناو حکوومەتی تاراندا دەکرد "بۆ ڕێک و پێک خستنی حکوومەتێکی دیموکراتی و برایەتی هەموو نەتەوەکان لەمەڕ کار و باری سیاسی و جەنگی و....هتد" هەروەها سەربەخۆیی نەتەوە و قەومەکانی ئێران کە بریتییە لە ئەیالەت و ویلایەت بوون بەشێوەیەکی گرنگ خرا ناو قالبی قانوونەوە بەناوی (قانوونی اساسی ئێران) هەروەها مەبەست لە مافی هێنانە سەرکاری، ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی لە قانوونی ئەساسی کە بەرهەمی خوێناوی ئینقلابی مشروتییەت بۆ وەدی هێنانی ئەو ئاواتە مەزنەی سەرەوە بوو کە لەناو دەوڵەتەکانی ئەورووپا دایە (AUTONOMIE و

EMINATION AUIODEI) لەقەلەم دراوە.

پاش لەناوچوونی بەرهەم و سەمەری ئینقلابی مەشرووتیەت بەتایبەتی دوای کودەتای ١٣٩٩ و هێنانە سەر تەختی پاشایەتی (رەزا خان) بەدەست ئیسعمار، نەتەنیا نەتەوەکانی ئازربایجان و کورد و عەرەب بەڵکو خودی نەتەوەی فارس کە بناغەی زۆرداری و دیکتاتۆری پاشایەتی لە تاران لەسەر سینگی ئەو دامەزرا وە نەتەوەکانی تری دەچەوساندەوە دووچاری ڕۆژ ڕەشی و کەساسی و زوڵم و زۆری کرد.

شا و هەیئەتی حاکمەی تاران کە چلکاوخۆر و نۆکەری ئیستعمارن نەک گوێی خۆیان بۆ دەکار خستن وەدیهێنانی ئەو بەشە گرنگەی قانوونی ئەساسی شل کردوە بەڵکو بەتەواوی هێزی ڕەش و فر و فێڵ لە هیچ بوختان و ساختەچی و گێرەشێوێنی لەم بارەوە کوتاهی ناکەن، ڕوودانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردستان و ئازربایجان لە ساڵی ٢٤-١٣٢٥ بێزاری نیشان دان وە دەربڕینی هەست و قینی نەتەوەکان دژی دیکتاتۆری شا و حکومەتی تاران بوو.

بۆ یەکەمین جار لە ئازربایجان و کوردستان بەگوێرەی قانوونی ئەساسی دەستیان کرد بە وەکارخستنی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بەمانای AUTONOMIE ئۆتۆنۆمی.

بەڵام هەموو شاهید بووین کە حکومەتی شا و ئیستعمار بۆ پاراستنی تاڵان و خوێن مژی خۆیان چ بەزم و ڕەزمێکی خوێناوی و دڕندانەیان گیرا و حازر نەبوو، مافێکی نەتەوایەتی کە دەیان ساڵ لەمەوبەر بەهێزی چەکدارانە و شۆڕشی گەلەکانی ئێران قانوونی کرابوو، وە مەبەستی مافی "ئۆتۆنۆمی-خودمختاری" بە ئاشکرایی و ڕووناکی تێدا گونجاندرابوو بێننە دی.

پێویستە سەرنج بدرێت کە حکوومەتی شا و ئیستعمار نەک تەنیا لەم بابەتەوە بەڵکو بۆ بەشەکانی تریش لە قانوونی ئەساسی نرخی پەرەکایەکیشی بۆ قایل نەبوون.


وەختایەک حکومەتی میللی مصدق بۆ پاراستنی مافی گەل و حکوومەتی خۆی "بەگوێرەی قانوونی ئەساسی کە دەڵێ: شا حەقی نییە حکومەت بکا بەڵکو تەنیا حەقی شایەتی هەیە و سەرۆک وەزیر لە بەرانبەر مەجلیس و قانوون دا لێپرسراوە و مەسئوولییەتی هەیە شایەتی مەقامێکی تەشریفاتییە و تەواوی وەزیران لە بەرامبەر سەرۆک وەزیردا مەسئوولن نەک لە موقابل شادا."

بیر و باوەڕ و کردەوەی خۆی وەدەرخست، هەموو دنیا شاهید بوو کە ئیستعمار و

شا و چڵکاوخۆرەکانی چ کارەساتێکی خوێناوی و چەوت و چەپەڵیان بەسەر حکوومەتی میللی دکتۆر مصدق و گەلی ئێران هێنا.

جا لێرەدا بەباشی و گرنگی ڕوون دەبێتەوە کە هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی دیموکراتی لە ئێران بەستراوەتەوە بەوەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێران وە ئەو دوومافە لێک ناپسێندرێتەوە.

ئەگەر هات و بەچاوێکی زانستی کۆمەڵایەتی لەو بابەتەوە بڕوانین بەباشی دەرئەکەوێ کە پاش دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی و دیموکراتی لە ئێران فەرز و پێویستە کە تەواوی ئەو هەرێم و بەشانەی ئێران کە کورد و فارس و ئازربایجانی و عەرەبن بەگوێرەی هەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوایەتی "کە بریتییە لە هاوبەشی زمانی و مێژوویی، هاوبەشی


جابویە ح ٠د ٠ك لەکونگرەدا بوی وەدەرکەوت لەمەروەدیهینان و روونالکردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی سەرەوەئەبی لەتەواوی حیزب و دەستەسیاسیەکانی پیشکەو توولەگشتگەلەکانی ئیران بگیریتەوە و داوابکاکە ؛
لەپیناو پەیوەند یەکی پتەو و بنەرەت داری نیشتمانی و تیبینی و بیرو راویژیکی دنیاپەسەند ،دەستی شورشیکی چەك دارانەبدەنەدەست یەکتر و لەریگای هەلوەشاندن و تیك و پیکدانی بناخەی زولم و زورداری حکوومەتی رەش و چەپەلی ( شا ) و ئیستعمار ، هەل و فرسەت لەدەست نەدەن .

دووهەمین کونگرەی
حیزبی دیموکراتی کوردستان
کومیتەی ناوەندی

سەرماوەزی ١٣٤٣ ( نوامبر ١٩٦٤ )

ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، - هاوبەشی سەرزەمین و عەرد - هاوبەشی ئاکار و سوننەت و کار و خەباتی نەتەوایەتی..." ئەبێ مافی حوکم دانان و حوکم کردنی ناوخۆیی، مافی دانانی یاساکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و....هتد، بەسەربەستی سەربەخۆیی نەتەوایەتی وەدی بێت.

هەروەها مافی هەڵبژاردنی ژمارەیەک لە نوێنەرانی ژیر و تێگەیشتوو خاوەن بیر و ڕاوێژ هەر نەتەوەیەک بۆ دانانی پارلەمانێکی خۆوڵاتی و حوکم ڕەوایی نەتەوایەتی چ بەنێوی حکومەتی ئۆتۆنۆمی و چ بەنێوی حکومەتی فیدرالی یەکگرتوو کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و... نەتەوەی خۆی بەڕێوەبەریت، هەروەها نوێنەرانی تایبەتی ئەو نەتەوانە لە حکومەنی مەرکەزی لە پارلەمانی گشتی نەتەوەکان بەشدار و خاوەن مافی تایبەتی بن.

ڕێگای ڕزگاری و خۆشبەختی و بەرزییەتی ئێران و تەواوی ئەو وڵاتە زۆر

نەتەوانە "کثیرالملە" بە لێکدانەوە و حمل کردنی مەسەلەی میللی بەو شوێن و ڕێبازە گرنگانە ی ح.د.ک بەستراوەتەوە کە لە ماددەکانی ٤و٥ی پڕۆگرامدا بڕیاری لەسەر دراوە.

جابۆیە ح. د. ک لە کۆنگرەدا بۆی دەرکەوت لەمەڕ وەدیهێنان و ڕوونـاک کردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی سەرەوە ئەبێ لە تەواوی حیزب و دەستە سیاسییەکانی پێشکەوتوو لەگشت گەلەکانی ئێران بگیرێتەوە و داوا بکا کە: لەپێناو پەیوەندییەکی پتەو و بنەڕەت داری نیشتیمانی و تێبینی و بیر و ڕاوێژێکی دنیا پەسەند، دەستی شۆڕشێکی چەکدارانە بدەنە دەست یەکتر و لە ڕێگای هەڵوەشاندن و تێک و پێک دانی بناغەی زوڵم و زۆرداری حکومەتی ڕەش و چەپەڵی "شا" و ئیستعمار، هەل و فرسەت لە دەست نەدەن.

دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی ناوەندی
سەرماوەزی ١٣٤٣ (نوامبر ١٩٦٤)

لە ڕەوتی کۆنگرەی دووەمدا، ژمارەیەک لەو ئەندامانەی حیزب کە لە حیزبی دیموکرات جودا ببوونەوە و لەگەڵ کۆمیتەی ساخکەرەوە کەوتبوون و دواتر سەرۆک مستەفا بارزانی، ئەوانی لە ڕانیە، قەڵادزێ و گوندەکانی دەوروبەر دانابوون و موچەی مانگانەی بۆ بڕیبوونەوە، خۆیان گەیاندە شوێنی کۆنگرە و داوایان کرد، ڕێگایان بدەن کە ئەوانیش بەشداریی کۆنگرە بکەن، داخوازی ئەو ژمارەیە بە ڕای نوێنەرانی کۆنگرە گەیشت، بەڵام گوتیان: چونکە ئەو ژمارەیە لە هیچ ئۆرگانێکی حیزبدا بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرە هەڵنەبژێردراون، تەنیا دەتوانن دوو کەس بە نوێنەرایەتی خۆیان بنێرن کە بەهۆی ئەوانەوە قسەی خۆیان بەگوێی ئەندامانی کۆنگرە بگەیەنن کە هیچکامەیان نەچوون. لەگەڵ ئەوەشدا کونگرە بڕیاری لێبووردن و بەخشینی بۆ دەربڕین و ڕێگای پێدان ئەگەر خۆیان بخوازن، دەتوانن بەدڵ و دەرونێکی خاوێن و بیر و باوەڕێکی تازە لە حیزبی دیموکراتدا خەبات بکەن. لەو بارەیەوە ڕەسوڵ پێشنماز لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (کاتێک بیستمان حیزب کۆنگرە دەگرێ و ئێمەیان بانگهێشتی کۆنگرە نەکردوە، ئێمە: حەسەن ڕەستگار، محەمەئەمین سیراجی، ئیسماعیل شەریف زادە، سالار حەیدەری، خدر محەمەدی "مەرەسەنە"، عوسمان عەزیزییان، قادر قازی، ڕەحمانی شێلم جاڕان "ڕەشید سمێڵ"، فەقێ ڕەسوڵی زینوێ، خەلیل

شەوباش، حوسێن ئاغای سیسێری "وسێن ئاغا"، سەید فەتاحی نیزامی، عەبدوڵا خەیاتی سەردەشتی "نەورۆز" و مـن ڕەسوڵ پێشنماز بەرەو شوێنی کۆنگرە چووین. لە سونێ، نامەیەکمان بۆ کۆنگرە نوسی کە ڕێگامان پێبدات ئێمەش بەشداریی کۆنگرە بکەین کە ڕێیان پێ نەداین و چی نەمابوو کە شەڕمان لێی پەیدا بێت و....)

هەرلەم بارەیەوە سالار حەیدەری لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/١/١٦ پێی گوتم: (ساڵی ١٩٦٤ لە قەڵادزێ بووین، بیستمان حیزبی دیموکرات کۆنگرەی دووەم پێکدێنێت، پێوەندیمان بە سلێمان موعینییەوە کرد، گوتی نا شتێکی وا نییە. زۆری پێنەچوو کە حەسەن ڕەستگار، ڕەسوڵ پێشنماز و خەلیل شەوباش هاتنەلامان و گوتیان بەڵێ ڕاستە و کۆنگرە دەگرن و پێویستە بچین و ئێمەش لەو کۆنگرەیەدا بین و ئێمە قبوڵمان کرد. کۆنگرە ڕۆژی ١٩٦٤/١١/١٩ لە نزیک گەڵوەڕەز لە سونێ بوو، عوسمان عەزیزیان، خەلیل شەوباش، مەلا حەسەن ڕستگار، مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریف زادە و ژمارەیەکی تر چووین بۆ کۆنگرە.

نوێنەر لە پیرانشار، سەردەشت، مهاباد و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕەوە هاتبوون. حەسەن قازی، سدیق ئەنجیری و سەید ڕەسوڵی بابی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون. مینە شەم، مەلا محەمەدی عەجەم و سەید حاجی لەگەڵ چەند پێشمەرگەی تر هاتن و گوتیان بگەڕێنەوە و گوتمان ژمارەیەکمان دێن و لە کۆنگرەدا قسەیان لەگەڵ دەکەین، مەلا سەید ڕەشید لەگەڵ دوو سێ کەس هات و گوتی: "ئەندامانی کۆنگرە لەلایەن ئەندامانی حیزبەوە هەڵبژێردراون و ئێوە هەڵنەبژێردراون. ئێمە دەتوانین بەو مەرجە کە کۆنگرە قبولی بکات ٢-٣ کەستان وەرگرین." ئێمە ٢٠ کەس بووین و دەمانگوت هەمووومان دێین. مەلا ڕەسوڵ پێشنماز لە چەخماخی تفەنگەکەیدا و دەیویست شەڕ ساز بکات، مەلا حەسەن و من و دوو کەسی تریان ئێزندا بچین بۆ کۆنگرە کە قبووڵمان نەکرد و گەڕاینەوە.)

هەروەها حەسەن ڕەستگار دەڵێت: (ئێمە چووین بۆ بنکەی سونێ کە بەشداریی کۆنگرە بکەین، نەیانهێشت. ڕئوف مەلا حەسەن و نەحۆ پاشایی هاتن و قسەیان لەگەڵ کردین گوتیان ڕاپۆرتی ئەو قسانە دەدەین بە کۆنگرە و وەڵامتان دەدەینەوە. ئەوان چوون، بەڵام نەگەڕانەوە و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ و دوای ماوەیەک لەگەڵ شەمسەدین موفتی کە نوێنەری بارزانی بوو

**لە تاران، چووم بە خزمەت بارزانی گەیشتم و من بە نوێنەرایەتی هەموومان قسەم لەگەڵ کرد و تێگەیشت کە ئێمە دژی شۆڕش نین.)**

بەم جۆرە، بەشێک لەو ئەندامانە گەڕانەوە نێو حیزب، بەڵام ئەم جارەیان لە ژێرەوە لەگەڵ مەلا ئاوارە کەوتن و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند. ئەوکاتە، مەلا ئاوارە لە کۆمیتەی ساخکەرەوە جیا ببووەوە و لە گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت، لەژێر ناوی حیزبی دیموکراتدا خەریکی دامەزراندنی کۆمیتەی تاکە کەسی بوو کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم.

## حیزبی دیموکرات و ئەحمەد تۆفیق بە دوای کۆنگرەی دووەمدا

لە بەشی "بڵاوکراوەی دیسان بارزانی بەنهێنی"دا گوتم ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بەبێ ئاگاداریی مەلا مستەفا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا پێوەندییان لەگەڵ ڕژێمی ئێران دامەزراند. دوای پاشەکشەی ئەو گروپە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مانگی حەوتەمی ساڵی ١٩٦٤دا، شای ئێران کە پێشتر نەیدەویست پێوەندیی لەگەڵ بارزانی هەبێت، ئەم جارەیان هەوڵیدا پێوەندییەکانی لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بگوازێتەوە بۆ بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول. لەو چوارچێوەیەدا، سەرهەنگ مەنسورپوور لەگەڵ کوێخا برایمی "بێوران" لە ناوچەی سەردەشتەوە چوو بۆ گوندی هێرۆ و لەوێ چاوی بە مەلا مستەفا کەوت. بەدوای ئەو چاوپێکەوتنەدا، پێوەندییەکانی ئێران لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەدەوە گواسترایەوە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش. لەو بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (کوێخا برایمی بێوران هاتە لام و گوتی من پیاوێکی گەورەم هێناوە، بەرگی پێشمەرگەی لەبەردا و لە ماڵێکی هێرۆ دامناوە و دەیەوێ مەلا مستەفا ببینێت. شەو بوو، من چووم عەرزی مەلا مستەفام کرد، گوتی: لە کوێن، گوتم لە ماڵێکی هێرۆ، گوتی: ئەگەر بێنە ئێرە، ئاشکرا دەبن و من خەڵکم لە دەورە. ئەوە بوو دوو کەسی لەگەڵ خۆی هێنا و پێکەوە چووین مەنسورپوورمان دی. مەلا مستەفا بەخێرهاتنی کردو ئەویش گوتی: مەلا مستەفا من بە نوێنەرایەتی محەمەدڕەزا شا هاتووم، دیارە من ئەندامی ساواکم، بەڵام نوێنەرایەتی ئەعلاحەزرەتم هەیە. ئەو دەڵێ تا ئێستا ئێمە مەلا مستەفامان نەناسیوە و هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵی نەبووە، ئێستاش ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانە لە گۆڕەپانی سیاسییدا نەماون و ئێمە دەزانین کورد لە ڕەگەزی ئارییە و دەمانەوێ یارمەتی برادەرانی خۆمان بدەین و ئامادەین چەندەمان یارمەتی بە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانە داوە، دە ئەوەندە بۆ ئێوە زیاد بکەین. مەلا مستەفا پێیخۆشبوو، بەڵام گوتی: بە شەرتێک ئەوانە نەنێرنەوە بۆ کوردستان. ئەویش گوتی: تا ئەتۆ ڕەزامەندیت لەسەر نەبێ و عەفویان نەکەی، ئەوانە ناگەڕێنەوە. لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە و مەلا مستەفا پێیگوت، ئێمە نامانەوێ هەرکاتەی ئیشێکمان هەبێ، بچێن بۆ شابادین و دەبێ لەم ناوچەیەدا ڕێگامان

بۆ بکەنەوە. مەنسوورپوور گوتی: ڕێگاکانی ئەم ناوچەیە ناخۆشن و هەردوو دیوی شابادین قیلەتاوە، بەڵام ئێمە لە ڕێگای حاجی ئۆمەرانەوە ڕێگاتان بۆ دەکەینەوە. گوتی: ئێمە نوێنەری تایبەتی خۆشمان هەیە بەناوی تیمسار سەیادیان کە لە ورمێ دەبێت و ئەو ئەڵقەی وەسڵ دەبێت لەنێوان ئێمە و ئێوەدا.)

لە یەکەم هەنگاوی ئەو پێوەندییەدا، لە جیاتی بنکەی "شابادین"، بنکەیەکی پێوەندییان لە ناوچەی حاجی ئۆمەران کردەوە، شەمسەدین موفتی کە پێشتر نوێنەری پارتی دیموکرات بوو لەگەڵ ئێران، لەجێی خۆی مایەوە، بەڵام لە جیاتی سەرهەنگ عیسا پژمان کە نوێنەری ئێران بوو لەلای مەکتەبی سیاسی، سەرهەنگ عەلی مودەرسی سەرۆکی ڕۆکنی دووەمی سوپای سێی مهابادیان کە کورد و خەڵکی سنە بوو، کرد بە نوێنەری ساواک لە لای شۆڕش[١].

بارزانی بە درێژایی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، باوەڕی بە شای ئێران و حکومەتەکەی نەبوو، بە بەردەوامی جەختی لەوە دەکردەوە کە شا دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی نەتەوەی کوردە، بەڵام ئەم جارەیان ویستی لەو دەرفەتە کە بۆ شۆڕش پێکهاتبوو، بە قازانجی شۆڕش کەڵکوەرگرێت. بارزانی بەو تێبینییەوە کە چونکە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لایەکی پرسەکەیە، شا ناتوانێ لێی وەرگەڕێتەوە، درێژەی بە پێوەندییەکانی لەگەڵ شادا[٢]. لەو پێوەندییەدا بارزانی و ڕێبەرانی شۆڕش بەپێچەوانەی لێکدانەوەکانیان، هەرچەندە شۆڕشی ئەیلول تا ڕادەیەک قازانجی لەو پێوەندییە وەرگرت، بەڵام دواتر شا و ئەمریکا خیانەتیان بە گەلی کورد کرد.

بەهەرحاڵ، دوای کۆنگرەی دووەم، جموجۆڵێکی تازە کەوتە نێو ئەندامانی حیزبی دیموکرات و کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، سەرلەنوێ بنکە و بارەگاکانی حیزبی ڕێکخستەوە. کۆمیسیۆنی هەڵبژێردراوی کۆنگرە بۆ پێراگەیشتن بەکاری ناڕازییانی حیزب و کۆمیتەی چاودێری بەرز خەریکی بەجێگەیاندنی بڕیارەکانی حیزب بوون بۆ گەڕاندنەوەی ئەندامە ناڕازییەکان بۆ ڕیزەکانی حیزب. کۆمیتەی ناوەندیی بەگوێرەی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشمەرگەکانی لە سێ لقەک و دەستەیەکدا ڕێکخست. لقی یەکەم بە سەرۆکایەتی نەحو پاشایی "باپیر شکاک" بۆ ناوچەکانی سوما و برادۆست لەگەڵ چوار پێشمەرگە. لقی دووەم بە سەرۆکایەتی مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد مەنیجەلانی" لەگەڵ چەند پێشمەرگە بۆ ناوچەی سەقز و بانە و لقی

سێ بە سەرۆکایەتی سلێمان موعینی "فایق" بۆ ناوچەکانی سەردەشت، مهاباد، نەغەدە و بۆکان. هەروەها مەلا سەید ڕەشید حوسێنی لەگەڵ چەند پێشمەرگە بۆ ناوچەی مەریوان و هەورامان. ئەمیر قازی لە مقەڕی سونێ سەرپەرەشتی کارەکانی دەکرد. ئەحمەد تۆفیق سکرتێری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم هاوکات لەگەڵ بەرێوەبردنی ئەرکی خۆی، کاروباری شۆڕشی باشوری کوردستان و پێوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکرات و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە ئەستۆ گرت و لەگەڵ چەند کادیر و پێشمەرگە لە گوندی شێخان مقەڕێکی نوێی دانا. لەو بارەیەوە هەژار موکریانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم لە لاپەڕەی ٤٧٦ی چێشتی مجێوردا دەڵێت:

**- (ئەحمەد لەگەڵ چەند کادیری دیکەی وەک: سەید رەشید حوسەینی، عەبدوڵڵای قەڵاتە رەشی، سەید رەسوڵی بابی گەورە لە گوندی "شێخان" جێگیر بوون. هەرچەندە لە هەموو بنکەکان دەرهەم و بەرهەمی زۆر بە نارێکی ئەنجام دەدرا، بەڵام ئەحمەد پیاوێکی زۆر بە زاکون مورەتتەب بو، پێشمەرگەی ئەو دەرسیان دەخوێند، هەمیشە کاریان دەکرد، کەس زاتی نەبو لە خەت لادا، نەجاربا، دارتاشی پێدەکرد، هەرکەس هەر سنعاتێکی هەبا دەبو بیکا و بەهرە بە شۆڕش بگەیەنێ، زۆر جار میوانی دەبووم و بەو تەنزیم و رێک و پێکییەی زۆرم دڵ خۆش دەبو.)**

ئەحمەد تۆفیق یەکێک لەو سەرکردە کوردانە بوو کە پێوەندیی بارزانی و جەمال عەبدولناسر و حکومەتی میسری بە قازانجی نەتەوەی کورد لێکدابۆوە و داوای لە بارزانی دەکرد کە پێوەندیی خۆی لەگەڵ عەبدولناسر بەهێز بکات. لەو بارەیەوە ناوبراو لە نامەی ڕۆژی ١٩٦٤/٢/١٨دا کە لە گوندی سونێ و بە ناوی ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دیموکرات ئاراستەی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلول کرد و من دەقی نامەکەم لە پاشبەندی ٢١ی ئەم کتێبەدا بڵاوکردەوە، هۆی ئەو داخوازەی ئاشکرا دەکات و لەو چوارچێوە فیکرییەدا، حیزبی دیموکراتی کوردستان پێوەندیی خۆی لەگەڵ سەفارەتی میسر لە بەغدا گرێداوە. ئەحمەد تۆفیق دەیویست بە کەڵکوەرگرتن لە کێشەی نێوان قاهیرە و تاران پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ میسر بەهێزتر بکاتەوە، بەڵام چونکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥، پێوەندیی شۆڕش و ڕژێمی عێراق بەرەو ساردیی چوو، نەیتوانی سوودێکی زۆر لەو پێوەندییە بەرێت[٣]. تەنانەت لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ سەفارەتی میسر لە

بەغدا، لەلایەن ئەمنی عێراقەوە گیرا و دوای نزیک بە ٢٠ ڕۆژ زیندانی بە بەرتیل لە زیندان ڕایکرد. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٣ بە تەلەیفۆن پێی گوتم:

**- (سەرەتای بەهاری ١٩٦٥ ئێمە چووبووین بۆ بەغدا کە سەردانی سەفارەتی میسر بکەین، بەڵکوو عەبدوڵا موعینی و هەمزەی بایەزیدی "ئاریا" بۆ خوێندن ڕەوانەی دەرەوە بکەین و منیش پاسپۆرتەکەم نوێ بکەمەوە، نەحۆ شکاکیشمان لەگەڵ بوو، بەڵام بە گیرانی ئەحمەد تۆفیق پەکی کارەکانمان کەوت. دوای گیرانی ئەحمەد تۆفیق لەلایەن ئەمنی عێراقەوە لە بەغدا، عەبدوڵا موعینی و هەمزە و نەحۆ شکاک گەڕانەوە بۆ کوردستان و من بۆ گەیاندنی نامەیەکی بارزانی بە مەسعود محەمەد لە بەغدا مامەوە. ئەحمەد تۆفیق دوای نزیکەی ٢٠ ڕۆژ مانەوە لە زیندان ڕایکرد. ئەوکاتە خەریکبوو نێوانی شۆڕش و حکومەت تێکدەچوو کە ناوبراو بە دانی بەرتیل توانی بووی ڕابکات. دوای گەڕانەوە، هێشتا من لە بەغدا بووم و بە هاوکاریی عەبدولحوسێن فەیلی، ئەومان بە ڕێگای موسڵدا گەڕاندەوە بۆ کوردستان.)**

یەکەم قوربانیی هەڵگیرسانەوەی شەڕی حکومەتی عێراق دژی کورد و چڕ بوونەوەی پێوەندیی شۆڕش و ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەحمەد تۆفیق بوون. پیاوانی سەربە ڕژێمی ئێران بە دوای ئەو پێوەندییەدا و بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پێشووی پارتی دیموکرات لە هەمەدانەوە بۆ باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥دا و جێگیر بوونی جەلال تاڵەبانی، عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، عەلی عەسکەری و حیلمی عەلی شەریف لە دۆڵەڕەقەی ناوچەی ڕانیە کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ناڕازی حیزبی لێبوو، کاردانەوە نەرێنییەکان لەسەر کۆنگرەی دووەم و بڕیار و پەسەندکراوەکانی و ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزبی دیموکرات، لە شێوازی بڵاوکردنەوەی دەنگۆ بۆ شێواندنی زێنی کادیر و پێشمەرگەکانی حیزب و گەلی کورد سەریهەڵدا. بەخوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی ئەوکاتی ساواک، مرۆڤ ئێستا تێدەگات کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو هەمووە دەنگۆیانەیان بڵاوکردوەتەوە و خستوویانەتە نێو مێشکی دڵسۆزانی گەل و تێکۆشەر و خەباتکارانی ئەو سەردەمەی کوردستان. بە چاوخشاندن بەسەر بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی دووەم دەردەکەوێت بەشێک لە بڕیارەکانی

کۆنگرەی دووەم، هەتا ئەمڕۆش جێی پەسەندن و هێشتا حیزبی دیموکرات بە هەردوو باڵییەوە، نەیانتوانیوە چەند خاڵێکی پڕۆگرامی کۆنگرەی دووەم لە پڕۆگرامی حیزبدا بگونجێنن. ئەو دەنگۆیانەی کە دەگوترا ئەحمەد تۆفیق نەخوێندەوارە، بریا هەندێکیش زانیاریی خۆی بردبایە سەر، بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەم کۆنەپەرستانەن، لە بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەمدا بێ ڕێزی بە پێشەوا قازی محەمەد کراوە، یان جەوی دیکتاتۆریی و پۆلیسیی بەسەر کۆنگرەدا زاڵ بووە، نوێنەرانی کۆنگرە لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە هەڵبژێردراون، یان ئەحمەد تۆفیق بەزۆر خۆی بەسەر ئەندامانی حیزبدا سەپاندوە و ...تد. ئەو دەنگۆیانە هەتا گەڕانەوەی دوکتۆر قاسملوو بۆ بەغدا و پێکهێنانی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکرات، تەنیا بە زار لەنێو خەڵکدا دەگەڕان و نەکەوتبوونە نێو کتێب و ڕۆژنامەکانەوە. پێشتر ئاماژەم بۆ بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەم کرد و هەروەک گوتم دوو لەو بڕیارانە جێی ڕەخنەن و مرۆڤ دەتوانێ لەسەریان بوەستێ، بەڵام ئەوانی تر بەڵگەی هەرە گرنگی حیزبی دیموکراتی کوردستانن.

لە وەڵامی ئەو دەنگۆیانەدا کە گوایە ئەحمەد تۆفیق بە زۆر خۆی بەسەر ئەندامانی حیزبی دیموکراتدا سەپاندوە، تاهیر مەلا عەلی لە هەڵسوکەوتی ئەحمەد تۆفیق سەبارەت بە ئەندامانی حیزب و مانەوەی لە پلەی سکرتێری حیزبدا دەڵێت: (زۆر جار پێکەوە دادەنیشتن و ئەمنیان لەلا دەبووم. کاک ئەحمەد دەیگوت ئەمن دادەنیشم، ئێوە حیزب باشتر بەڕێوەبەرن و ئیدارەی بکەن، بەڵام وەک کاک ئەحمەدیان پێ نەدەکرا. توند و تیژ بوو، بەڵام چالاک بوو و زوو توڕەییەکەی دەنیشتەوە و ئەگەر کابرایەک پاک و چالاک و بەورە با داوای لێبوردنی لێ دەکرد و ئیحترامی هەموو کەسی دەگرت، پرس و ڕاشی بە کەسانی دیکە دەکرد... کاک ئەحمەد دیگوت ئێوە چ ڕێگایەکتان پێ باشە ئاوا دەچێنە پێشێ.... قەت بێ جێ لە کەس قەڵس نەدەبوو[٤].) هەروەها دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە کتێبی ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق دا وەڵامی بەشێک لەو دەنگۆیانەی داوەتەوە و دەنوسێت: (یەکەم: کۆنگرەی دووهەم بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و لەژێر کاریگەریی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی چەکدارانەی گەلانی کوبا و جەزائیر و شۆڕشی باشوری کوردستان، ڕێگای خەباتی چەکدارانەی کردۆتە ڕێباز بۆ

بەدیهێنـــانی مـــافە نەتەوایەتییەکـــانی گەلـــی کـــورد و ڕوخانـــدنی ڕژێمـــی شاهەنشاهی.

دووەم: کۆنگرەی دوو بە ئاشکرا و بێ سڵەمینەوە پێ لەسەر سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لە حیزبی تودە دادەگرێت و پێیان دەڵێت: "برامان برایەتی و چیغمان جودایەتی."

سـێهەم: کـۆنگرەی دووهەم پراگماتیکییـانە سیاسـەتی دەرەوەی حیزبـی ڕوونکردوەتەوە کە خۆی لە خۆنەبەستنەوە بەهیچ بلۆکێک دەبینیتەوە و تەنیا قازانجی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ئێرانی کردۆتە ئامانج.

چـوارەم: بـۆ یەکەم جـار لە مێـژووی حیزبـی دیموکراتـدا، کـۆنگرەی دوو مەسەلەی دیموکراتیزە کردنی ئێرانی بەستۆتەوە بە وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد و باسی حکومەتی فیدراڵی و فیدرالیزەکردنی ئێران دەکات، ئەوەی ڕێبەرانی ئەو حیزبە پاش چل ساڵ بەو دواییە گەڕانەوە سەری.

پێنجەم: بەپێچەوانەی ئەوەی نووسراوە گوایە کۆنگرە پێشەوا قازی محەمەد و کاربەدەستانی دەوری کۆماری بە ئاشبەتاڵچی و خائین ناوزەد کردوە، کۆنگرە وینەیەکی پێشەوای لەگەڵ وێنەی بارزانی و شێخ مەحمود و شێخ سەعید و چەنـدین شـەهیدی دیـکەی ڕێگـای ڕزگـاری کوردسـتان هەڵواسـیبوو، بەڵام ڕەخنەشی ئاراستەی خەباتی ئەو قۆناغەی حیزب کردبوو کە ئەگەر لەگەڵ ڕەخنەکـانی کـۆنگرەی "سـێهەمدا" کە لە ڕەزبەری ١٣٥٢/ سـیپتامبەری ١٩٧٣ بەسترا، بەراوردی بکەیت، دەگونجێت ئەوەکانی کۆنگرەی سێهەم زۆر قورستر بن، ئەوەی سێهەم وێڕای هەڵاواردنی ناوی پێشەوا، کاربەدەستانی کۆمار بە: کزی، تێنەگەیشتوو، پێنەگەیشتوو، زاڵ نەبوونیان بەسەر تیۆرێکی زانستی، لێ نەزان، پاشکەوتوو، بێ بیروباوەڕ، سوودپەرست، بێ ئەزموون، ناشۆڕشگێڕ ناوبردووە. (٥)

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بەو ڕەخنە زارەکییانەوە، بەنوسینی ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٠١ی کتێبی "بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا، یەکەم پیلینۆمی دوای کۆنگرەی دووەمی لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٦٥، لە دێی "دێلۆ" لە دیوەخـــانی "حەمەدی کاحوسـێنی" پێکهێنــاوە. هەریەک لە ئەنـــدامانی کۆمیسیۆنی پێراگەیشتن بە کاری ناڕازییانی حیزب و کۆمیتەی چاودێری بەرز بە ڕیزێک ڕەخنە لە دەقی ئەو بڕیارانەی کە گوایە لە کۆنگرەدا پەسەندکراون، ئامادەی پیلینۆم بوون. ڕەخنەکان زیاتر تایبەت بوون بڕیار سەبارەت بە

پێشـــەوا قـــازی مـــحەمەد کە ئەحـــمەد تۆفیـــق ڕایگەیانـــدوە: "بەیاننـــامە و پەسـەندکراوەکانی کـۆنگرە لەلایەن سـدیق ئەنجیـرییەوە بە زمـانی فارسـیی نوسراون و دواتر کراون بە کوردی." سدیق ئەنجیری لە وەڵامی ئەحمەد تۆفیقدا وشـەی "درۆ دەکەی" بەکـار هێنـاوە و ئەحـمەد تـۆفیقیش بێحـورمەتی بە سـدیق ئەنجیری کردوە و لە ئاکامدا کۆبوونەوەکە شێواوە. ئەحمەد تۆفیق ڕایگەیاندوە بـۆ مـاوەیەک پشـودەدات و لە بەرێـوەبردنی ئەرکـی حیزبـدا دوور دەکەوێـتەوە. بەم جـۆرە، نـاوبراو ئەرکەکـانی بە سلێمان مـوعینی سپاردوە و لە حیـزب دوور کەوتـــووەتەوە. لەو بـــارەیەوە ئەمیـــر قـــازی ئەنـــدامی کـــۆمیتەی ناوەنـــدیی هەڵبژێـــردراوی کـــۆنگرەی دووەم و بەشـــداریی ئەوو پیلینـــۆمە لە وتـــووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٣ بە تەلەیفۆن پێی گوتم:

- (لە پیلینـــۆمی ســـاڵی ١٩٦٥دا کە ڕژێمـــی عێـــراق دژی کـــورد شـــەڕی هەڵگیرساندەوە. مەلا مستەفا سەنگەسەری بەجێهێشت و ئێمەش چووین بـۆ گوندی دێلۆ و لە دیوەخانی "حەمەدی کاحوسێنی" پیلینۆممان گرت. من لەسەر کۆنگرەی دووم کە نوسرابوو ڕێبەرانی کۆماری کوردستان "لە خواب خەرگوشیدا بـوون" ڕەخـنەم گـرت، کـاک سـدیق ئەنجیـری گـوتی شـتێکی خـراپە و شـتی وا نەگوتراوە، گوتم حیزبی دیموکرات ناتوانێ دژی کیانی خۆی قسە بکات، گوتم تۆ هاتووی کە وردە حیسابی خۆت لەسەر کۆمار تەسویە بکەی. ئەحـمەد تۆفیـق و سـدیق ئەنجیـری مەسـەلەکەیان لە ئەسـتۆ نەگـرت و وەزعەکە نـاخۆش بـوو. سلێمان گوتی تا ئێستا زۆر شتم لێ قبـوڵ کـردون و چیترتـان لـێ قبـوڵ نـاکەم. سدیق ئەنجیری بەیاننامە و بڕیارەکـانی کۆنگرەی دووەمـی بە زمـانی فارسـی نوسـیبوو و لە فارسـییەوە کردبوویـان بە کـوردی. ئەحـمەد تۆفیـق گـوتی سـدیق نوسیویەتی و ئەویش گوتی درۆ دەکەی، لە بەرامبەردا ئەحمەد قسەی سووکی بە سدیق گـوت. مـن و سـلێمان مـوعینی ڕەخنەمـان لە ئەحـمەد تۆفیـق گـرت و گوتمان نابێ لە کۆبوونەوەدا قسەی سووک بکەن. بەم بۆنەیەوە کـاک ئەحـمەد داوای کرد بۆ شەش مانگ ئیزن بدرێت کە پشوو بـدات و حیزبـی بەجێهێشت و چوو بـۆ حـاجی ئۆمەران و لەوێ لەگەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەک مقەڕێکـی نـوێی بۆخۆی دانا، بەڵام بەو حاڵەش ئەو سکرتێری حیزب بوو.)

١- بە نوسـینی مەسـعود بـارزانی لە لاپەڕەی ٢٠٤ی کتێبەکەیـدا "بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم، شۆڕشـی ئەیلـول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێـت: (بارزانی چەندین جار لە تاران چاوی بەشا کەوت و شاندی شۆڕشیش هەمووجارێ دەچوونەلای.

من بۆخۆم لە ١٩ی ئەیاری ١٩٧٤دا لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان چوومەلای. هەموو ئەوەی لەپاش ئەو چاوپێکەوتنە لە زەینمدا دەربارەی ئەو مابووەوە، نەرێنی بوو. لە بەرامبەریدا هەستم بەهیچ خۆشەویستییەک نەکرد. کاتی خۆی ئەم بۆچوونەی خۆم بۆ دوکتۆر مەحمود باس کرد و پێم وت: کەسایەتی ئەم پیاوە ڕای نەکێشام بۆلای خۆی و هیچ چوونە دڵێکی باشی لا بەجێنەهێشتم و کەسایەتیی فەرمانڕەوای دڵ بەکێشکەری نییە.)

٢- بارزانی بەپێچەوانەی ویستی شا کە نەیدەویست ڕێککەوتنی ١١ی ئادار واژۆ بکات، لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوت و بە شای گوت: (ئامانجی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە. جا ئەگەر بەعسی حوکمڕان دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت و من ئەوم نەوێت و بیدەمە دواوە، هەڵوێستم چیدەبێت لە ئاست پارتی دیموکرات و میللەتی کورد لە عێراق و لە ئاست هەموو نەتەوەی کورددا؟ من ناتوانم ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکەم، ئەگەر ئیمزای نەکەم، بەوە گەورەترین قازانج بە حزبی بەعسی حوکمڕان دەگەیەنم و لەبەرچاوی ڕای گشتیدا ئەو بە داکۆکیکەر لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئێمەش بە خائین و بایەخنەدەر بەو مافانە دەردەکەوتن.) هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەحمەد حاجی شێخ هومەر لە وتووێژێکی تایبەتدا سەبارەت بە پێوەندیی نێوان بارزانی و شای ئێران، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٣٠ پێی گوتم: (ساڵی ١٩٧٤، بنکەیەکمان بۆ پێشوازییکردنی میوانە ئێرانییەکان لە حاجی ئۆمەران دانابوو. من بەرپرسی ئەو بنکەیە بووم و بۆ ڕێزگرتن لە میوانە ئێرانییەکان، وێنەیەکی شای ئێرانم لە دیواری بنکەکەدا هەڵواسیبوو. ڕۆژێک بارزانی هاتە بنکەکەمان و هەرکە چاوی بە وێنەی شا کەوت، زۆر توڕە بوو و بە لەحنێکی توندەوە فەرمووی: "ئەو ڕەسمە دابەزێنە و ئەگەر بگەڕێمەوە لەسەر ئەو دیوارە بێت، دەبێ کوردستان بەجێهێڵێ." ئێمە پێشمەرگەکان لەو وتەیەی سەرۆک سەرمان سوڕما و تێگەیشتم کارێکی باشم نەکردوە. هەر ئەوکاتە شەهاب حاجی حەسەن یەکێک لە پێشمەرگەکانی بنکەی پێشوازیی وێنەکەی لە دیوار کردەوە و دڕاندی و لە ستڵی زبڵمان هاویشت.)

٣- لە سەرەتای مانگی مارسی ١٩٦٥وە چەند تێکهەڵچوونی بچووک لە ناوچەکاندا ڕوویدا. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش زۆری هەوڵدا کە پێش بەو شەڕانە بگرێت، بەڵام نەیتوانی و شەڕە بچووکەکان خۆیان لە گەلێک شەڕی مەزن و پڕلە زیاندا دیتەوە، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی شۆڕش بارەگای خۆی لە ناوچەی پشدەرەوە گواستەوە بۆ ناوچەی باڵەک. هەروەها بە سەرهەڵدانەوەی شەڕ، ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک خێڵەکان پشتی شۆڕشیان گرت و ژمارەیەکیشان پاڵیان بە حکومەتەوەدا. ڕژێمی ئێران پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ شۆڕش توند و تۆڵ کرد و چوار خۆمپارە "هاوەن"ی ٨١ میلیم و ٥٠٠ تفەنگی برنوی نارد و لە مانگی یولی "تەموز"ی ١٩٦٥یشدا، هەشت خۆمپارەی تری نارد کە چواریان ١٢٠ میلیم بوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری فیشەکی برنەو و تفەنگی ئینگلیزیی. هەروەها ڕێگای بۆ پارتی دیموکرات کردەوە کە بریندارەکانی لە ئێران دەرمان بکات کە ئەوانە دەرفەتیان بۆ پێشمەرگەکان ڕەخساند کە زەبری قورس و کوشندە لە ڕژێمی بەعس بدەن. یەکەم شەڕی گەورەی ڕژێمی عێراق بۆسەر چیای سەفین بوو.

٤- ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق، لاپەڕەی ١٣٨، نوسینی دوکتۆر یاسین سەردەشی، ئەویش لە پیامی کردستان، ساڵی اول، شمارە ١٢، ٢٤ سپتامبری ٢٠٠٥ی وەرگرتووە.

٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٤١ و ١٤٢.

## حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دوای ئەحمەد تۆفیق دا

لە بەشی "حیزبی دیموکرات و ئەحمەد تۆفیق بە دوای کۆنگرەی دووەمدا" گوتم ئەحمەد تۆفیق ڕایگەیاند بۆ ماوەیەک پشودەدات. بەم بۆنەیەوە، ناوبراو ئەرکەکانی خۆی بە سلێمان موعینی سپارد و لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە چوو بۆ حاجی ئۆمەران و لە گوندی "قەیماسان" لە دۆڵی "سەکران" مقەڕێکی نوێی دانا و بە شێوەی ڕاستەوخۆ، هاوکاریی هێزی "باڵەک"ی لە شۆڕشی ئەیلولدا کرد. لەو بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ ناسراو بە "عەولاغای پشدەری" لە وتووێژێکی ڕاستەخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢ لە ماڵی خۆی لە سلێمانی پێی گوتم:

- (ساڵی ١٩٦٤ ئەحمەد تۆفیق بە پارەی بارزانی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی پێکهێنا و جەماعەتەکەی مام جەلالیش بەربەرەکانییەکی زۆریان لەگەڵ کرد. هەرلەو ساڵەدا مەلا مستەفا هات بۆ گەلاڵە و بەرلە هاتنی منی نارد. عەقید کافی نەبەوی فەرماندەی هێزی باڵەک گەڕابۆوە لای حکومەت و بارزانی منی لەجێی ئەو دانا. ئەحمەد تۆفیق بە ٤٠- ٥٠ پێشمەرگەوە هات و لە گوندی قەیماسان لە دۆڵی سەکران مقەڕی دانا و ئێمەش لە دۆڵی باڵەک یارمەتیمان دەکرد. یارمەتییەکەی ئێمە خواردن و جلوبەرگ بوو. بارزانی بۆخۆی پارەی دەدایە کە کارەکانی بەڕێوە بەرێت و پێشمەرگەکانی وەک پێشمەرگەی پارتی چاویان لێدەکرا.

ئەحمەد تۆفیق چەندە سیاسیکار بوو، ئەوەندەش عەسکەریی بوو. ساڵی ١٩٦٥ ئێمە ویستمان زنجیرە چیای کۆڕەک لە پشت ڕەواندز بگرین. هاونی ٦٠، ٨١ و ١٢٠مان بۆ هاتبوو. پێمانوابوو بەو چەکانە، بە ئاسانی چەکدارەکانی ڕژێم لەوی هەڵدەقەنین. هێزمان کۆ کردەوە و ١٦ ڕۆژ شەڕی سنگ بە سنگمان کرد. دوو سێ فەیلەق و جاشەکانی بادینان و سۆران و هەرچی هێزی عێراق بوو، لە ناوچەکەدا لە شەڕدا بوون. ئێمە سێ یان چوار پێگەمان گرت، بەڵام یەکێک لە پێگەکانمان بۆ نەگیرا و بە خسارێکی زۆر، ناچار بووین پاشەکشە بکەین و تەنیا دوا پێگەمان بەدەستەوە ما. پێشمەرگە پەرێشان بوون، مەلا غەریب و جەماعەتەکەی کە ٣٠ کەس بوون، بە ئەمری مەلا مستەفا، لە سەفینەوە هاتن، گوتمان بچوو ئەو قوممەیە بگرە! گوتی ناتوانم و هەموومان دەکوژرێن. گوتم ئەگەر نەچی، دەبێ سلاحەکانتان دانێن. چەکمان کردن، ئەحمە تۆفیق هات، ٢٥ کەسی لەگەڵ بوو، پرسیارم لێی کرد کە دەچن ئەو

قوممەیە بگرن؟ گوتی چۆن ناچین، بەڵام ١٥ کەسمان بێچەکن. من چەکەکانی مەلا غەریبم دانێ و ئەوان چوون. زیاتر لە حەوتوویەک لەوێ بوون و شەڕی پیاوانەیان کرد و بەخۆشییەوە بەبێ زیان گەڕانەوە.)

هەرلەو بارەیەوە یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی ئەحمەد تۆفیق کە خوشکەزای ناوبراویشە، بەناوی غەفور فەتاح ئیبراهیمی لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٦ پێی گوتم: (ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و نزیکەی ٣٠ پێشمەرگە چووین بەشداریی شەڕی کۆڕەک مان کرد. چونکە چیای کۆڕەک ئاوی نەبوو، کاتی چوون مەشکەیەکی گەورەی پڕلە ئاومان برد بۆسەر چیاکە. لە ڕاستیدا ئێمە پێشمەرگەکان تاقەتی بردنی ئەو مەشکە ئاوەمان نەبوو، ئەحمەد تۆفیق و مەلا عەبدوڵا عوسمانی مەشکە ئاوەکەیان بە کۆڵ بردە سەر چیاکە.)

لەلایەکی تردا، سلێمان موعینی بەگوێرەی بڕیاری کۆنگرە، دوای پیلینۆمی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی، تۆراوەکانی لە حیزبدا کۆکردەوە و ئەندامانی لقەکانی گەڕاندەوە شوێنی مەئموریەتی خۆیان و بۆخۆشی چوو بۆ ناوچەکانی سەردەشت و مهاباد. لەو بارەیەوە سالار حەیدەری لە وتووێژێکدا ڕۆژی ٢٠١٥/١/١٦، بە نوسین پێیڕاگەیاندم: (مەلا ئاوارە وەک کاک ئەحمەد کەسێکی نەتەوەیی بوو. من و حەمەدەمین سیراجی و سمایل شەریف زادە پێوەندییمان لەگەڵ ئەو چڕ و پڕ بوو. ڕۆژێک داوای کرد بچین سەردانی بکەین. ئێمە بە قاچاخ چووین بۆ سەرسنوری گوندی شێنێ و ئەو هات و ئێمەی برد بۆ گوندەکانی ناوچەی سەردەشت. بۆ یەکەم جار ئێمە مەلا عەبدوڵا حەسەن زادەمان لە گوندی شێوەسەڵ بینی، مەلا ئاوارە گوتی ئەوە ئەندامی منە. مەلا ئاوارە تا ناوچەکانی بانە و سەقز ئەندامی هەبوو، گوتی وەرن با ئێمە بەو شێوەیە کوردایەتی بکەین. چونکە سلێمان هەموو کارەکانی بەناوی ئەحمەد تۆفیق دەکرد، ئاوارە ڕەخنەی لە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی هەبوو. من یەک دووجار چووم بۆلای، بەڵام حەمەدەمین و سمایل زیاتر دەچوون. لە ڕەوتی دیدارەکانماندا، ئەو سێ کەسەمان لەگەڵ مەلا ئاوارە کەوتین.

دوای پیلینۆمی کۆنگرەی دووەمی حیزب، ئەو سێ کەسەمان و سەعید کوێستانی لە قەڵادزێ لەگەڵ سلێمان موعینی، مەلا سەید ڕەشید و سەید حاجی دانیشتین و گوتمان ئێستا کە کاک ئەحمەد نەماوە، پێمانخۆشە بگەڕێینەوە نێو حیزب و کارتان لەگەڵ بکەین. کاک ئەحمەد لە حیزب تۆرابوو، لەگەڵ ٣٠- ٤٠

پێشمه‌رگه له نزیک گه‌لاڵه مقه‌ڕی دانابوو و له‌گه‌ڵ هێزه‌کانی پارتی دیموکرات به‌شداریی شه‌ڕه‌کانی ده‌کرد. سلێمان گوتی به ڕۆیشتنی ئه‌حمه‌د تۆفیق، من خاوه‌ن ده‌سه‌ڵاتم و ئێوه ده‌توانن بگه‌ڕێنه‌وه بۆ ڕیزی حیزب، گوتمان بمانکه‌ن به ڕاوێژکاری کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی به مافی بڕیاردان، ئه‌و قبوڵی نه‌کرد و به ئه‌ندامی ڕاوێژکاری کۆمیته‌ی ناوه‌ندی به‌بێ مافی بڕیاردان وه‌ریانگرتینه‌وه، به‌ڵام مه‌لا ئاواره له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان مایه‌وه و درێژه‌ی به کاره‌کانی خۆیدا. من کرام به کادیری ناوچه‌ی شکاکان و له‌گه‌ڵ نه‌حۆ پاشایی "باپیر شکاک" که ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی بوو، له شنۆوه تا ڕوباری ئاراس به‌من درا، مه‌لا ئاواره گوتی: "ئه‌وه هه‌لێکی باشه و تۆ ده‌چی، به‌ڵام هه‌ر ڕێکخراوێک دروست ده‌که‌ی، ده‌بێ به‌دوور له چاوی نه‌حۆ بێت و نابێ ئه‌و ئه‌ندامه‌کان بناسێ، چونکه ڕێکخراوه‌کانی حیزب بۆ ساواک ئاشکران و ئێوه ده‌بێ ڕێکخراوی تر دروست بکه‌ن." به به‌رگی مه‌لایه‌تییه‌وه ده‌چووم و ڕێکخراوی نوێم داده‌مه‌زراند و نه‌حۆش خه‌ریکی پێشمه‌رگایه‌تی بوو و هاوکات مامڵه‌شی ده‌کرد. هه‌ربه‌و جۆره‌ی مه‌لا ئاواره گوتبووی، ناوچه‌کانی شپیران، سۆما و برادۆست، جه‌لالی و مامه‌ندییه‌کان گه‌ڕام و له زۆربه‌ی گونده‌کانی ئه‌و ناوچانه‌دا ڕێکخراوی تاکه که‌سیم دامه‌زراند.)

هه‌رله‌و باره‌یه‌وه حه‌سه‌ن ڕه‌ستگار ده‌ڵێت: (دوای کۆنگره‌ی دووه‌می حیزب که ئه‌حمه‌د تۆفیق له کوێستانی قه‌ندیل بوو، له‌گه‌ڵ مه‌لا ئاواره، حوسێن مه‌ده‌نی و ڕه‌سوڵ پێشنماز له‌گه‌ڵ سدیق ئه‌نجیری، سلێمان موعینی، نه‌حو پاشایی "باپیر شکاک" ئه‌ندامانی کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی و عه‌بدوڵا موعینی، ڕئوفی مه‌لا حه‌سه‌نی، ڕه‌شید فه‌لاحی "ڕه‌شه‌ی قاچاخچی" دانیشتین و له‌سه‌ر ئه‌وه پێکهاتین که له پله‌ی ڕاوێژکاردا بگه‌ڕێینه‌وه ڕیزی حیزب و دوای ئه‌و دانیشتنه‌مان گه‌ڕاینه‌وه بۆ سونێ که بنکه‌ی ناوه‌ندیی حیزب بوو. دوای گه‌ڕانه‌وه‌مان، من له‌گه‌ڵ سلێمان موعینی به هێزێکی ٣٠- ٤٠ که‌سییه‌وه گه‌ڕاینه‌وه بۆ ناوچه‌ی سه‌رده‌شت و مه‌نگوڕایه‌تی و له گوندی پانه‌سه‌ر توشی ته‌قه بووین. ژاندارمێکمان به برینداریی و ٥- ٦ی ژاندارمه‌شمان به ساخی به‌دیل گرت.)

هه‌روه‌کوو مه‌لا ئاواره گوتوویه‌تی، ڕێکخراوه‌کانی حیزب بۆ ساواک ئاشکرابوون و ده‌بووایه ڕێگا چاره‌یه‌ک بۆ چاره‌سه‌رییان بدۆزێته‌وه. به‌گوێره‌ی به‌ڵگه‌نامه‌کانی ساواک له کتێبی "چه‌پ له ئێران"دا، ساواک هه‌موو ئه‌و

چالاکییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا، بە حیسابی ئەحمە تۆفیق لە قەڵەمداوە و هەموو گوشارەکانی خستوەتە سەر پارتی دیموکرات و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول کە ئەحمەد تۆفیق بدەنەوە بە ئێران. لە ڕاستیدا شا و ڕژێمەکەی کاتێکی باشیان بۆ ئەو داخوازەیان هەڵبژاردبوو، ئەوان دەیزانی لەوکاتەدا کە شەڕ باڵی ڕەشی بەسەر کوردستاندا کێشاوە و بەتوندی بەڕێوەدەچێ، دەتوانن داخوازەکەیان جێگر بکەن. لەو بارەیەوە دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەی ١٤٧ی کتێبەکەی "ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق" دەڵێت:

- (دەرکەوتنی جموجۆڵی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لەسەر سنوورەکانی ئێران و ئەنجامدانی هێندێک چالاکی لە نێوچەکانی لاجان و مەنگوڕایەتی، ڕژێمی شاهەنشاهی داخدار کردبوو. ئەو ڕژێمە کە لە ڕێگای ساواک و بە قۆزتنەوەی نزیک بوونەوەی لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، ڕاستەوخۆ بۆ بنکۆڵکردنی حیزبی دیموکرات و لێدانی سەرکردایەتییەکەی کەوتەکار، کە بەهۆی ئەو نفوزە زۆرە و تۆڕە جاسوسییە بەرفرەوانەی لەناو شۆڕشدا هەیانبوو، سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێنا. لە ڕاستییەکی وا کە کوردستانیی بوونی سەرکردایەتی شۆڕشی خستە ژێر پرسیار و واقیعی تاڵی لاوازی ڕەهەندی جیۆسیاسی کوردستان لاوازی کەسایەتی و گیانی تەسلیم بوون بە قەزا و قەدەری ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردی دەسەلماند.)

مەلا مستەفا کە بە دڵسۆزیی، لێوەشاوەیی و خزمەتەکانی ئەحمەد تۆفیقی دەزانی، ئامادە نەبوو، ناوبراو بداتەوە بە ئێران. لە هەمانکاتیشدا لەوە دەترسا کە بەهۆی جاسوس و پیاوانی ڕژێمی ئێرانەوە، زیان بە ئەحمەد تۆفیق بگات، لەبەر ئەوە ڕێگای سێیەمی هەڵبژارد کە ئەحمەد تۆفیق لەو ناوچە سنوورییە دەستکردەوە بگوازێتەوە بۆ شوێنی ئارام کە دەستی ئێران و پیاوخراپەکانی پێنەگات. لەو بارەیەوە هەژار موکریانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژیردراوی کۆنگرەی دووەم لە لاپەڕەی ٤٩٠ی چێشتی مجێوردا دەڵێت:

- (لەوەتا دەگەڵ ئێران نێوان خۆش بو، حاڵی ئێمە ئێرانییەکان کەوتبوە خەتەرەوە. دەوڵەت داوای لە مەلا مستەفا دەکرد کە ئێمە تەسلیم کاتەوە... بەتایبەتی داوای ئەحمەد تۆفیقیان لێ دەکرد کە ڕەئیسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە و هەمیشە پێشمەرگەی بەردەستی ئەو دەچنە ئێران و تەقە لە سەرباز و پۆلیس دەکەن. دەبێ هەر بمان دەنەوە، کە یەکجار زۆریان زۆری

هێنابو، بارزانی ناچار ئەحمەدی بەڕی کرد بۆ سنوری تورکیە "لە گوندی کانی ماسی" لە "بەرواری بالا" بمێنێتەوە و لەسەر سنوری ئێران دوور کەوێتەوە... ئەحمەد بە ڕاستی شیری میسری بو، لە دەکالان نەدەوەستا، بەڵام چدەکەی فەرمانی بارزانی‌یە وای بە مەسڵەحەت زانیوە.)

هەرلەو بارەیەوە عەولاغای پشدەری دەڵێت: (بارزانی ئەحمەدی خۆشدەویست و پشتی بەرنەدەدا. بە ڕای من ئەگەر ئەحمەد مابایەوە، دوای ئیبراهیم ئەحمەد، حیزبەکەی بەو دەسپارد. ئەحمەد دەچوو بۆ ئێران و شای ئێران داوای لە بارزانی کرد، ئەو بداتەوە بە ئێران، بارزانی قبوڵی نەکرد. من لەوێ بووم کە مەلا مستەفا، ئەحمەدی بانگ کرد و گوتی: "تۆ وەک کوڕی منی و خۆشم دەوێی، کێشەیەکی زۆر لەلایەن ئێران و برادەرانت لەسەر تۆیە و ئێران داوات دەکاتەوە." پێی گوت بۆ ماوەیەک تا ئەو دۆخە دەگۆڕێ لەو سنورە دوور بکەوە و بچوو بۆلای ئەسعەد خۆشەوی. ئەحمەد پێی خۆش نەبوو، بەڵام داوای بارزانی بەجێگەیاند و چوو.)

بۆ دوورکردنەوەی ئەحمەد تۆفیق لە ناوچەی باڵەکایەتییەوە بۆ ناوچەی بەرواریی باڵا، بارزانی خۆی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دانیشتووە و دوای ڕوونکردنەوەی دۆخی شۆڕش و داخوازی ئێرانی سەبارەت بە تەسلیم کردنەوەی، داوای لێکردوە بۆ ماوەیەکی بچێ و میوانی ئەسعەد خۆشەوی لە لەشکری یەکی بادینان بێت. لەو بارەیەوە تاهیر مەلا عەلی یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی ئەحمەد تۆفیق لە گۆڤاری "پیامی کوردستان، ژمارە ١٢، ٢٤ سپتێمبەری ٢٠٠٥"دا دەڵێت:

- (چووینە دێیەک بەنێوی ماوەتانی چکۆلە، نزیک حاجی ئۆمەران. گوتیان مەلا مستەفا دێتە ئەوێ، ئەگەر گەیشتینە ئەوێ، کاک ئەحمەد کۆی کردینەوە و گوتی: ئەوەی من دەیڵێم پێشبینییە نەک حەقیقەت، ئەو مەلا مستەفایەی ئەمن دەیناسم هیچ وەخت کورد تەحویل ناداتەوە و کورد کوژ نییە. ئەگەر دنیا بوو ئەمنیان تەحویلداوە، سەلیم ئەتۆ بە ڕەگبار لێم دە، تاهیر ئەتۆش لە سەرم دە. ئەوانەی دیکەی لە دەوروبەری ڕێگا دامەزراند. مەلا مستەفا بە لاندوێرێک هات ١٠- ١٥ بارزانی لەگەڵ بوو، دوو لەندوێری دیکەشی لەگەڵ بوو... مەلا مستەفا گوتی: ئەحمەد! کارم پێتە. ئیشارەی بە دوور کرد و گوتی: هۆو خێوەتەت لە حاجی ئۆمەران دیوە، لەوێدا سەرهەنگ ئاریانا "یا شتێکی وای گوت" لەوێیە و ئێران داوای تۆم لێ دەکا. لەم سەر مەرزە مەمێنە... بە خودێی

بارزان! لەبەر تۆ گوشارێک لەسەر منە، کە بەخودا ئەگەر لەسەر تۆ بایە هەڵت نەدەکرد و ئێستاش داوایەکت لێ دەکەم مەڵێ نا، هەستە بڕۆ لە بارزان دانیشە... کاک ئەحمەد گوتی: ئیجازەم بدە دەچمە ئەورپا، دەخوێنم. مەلا مستەفا گوتی: نا، لەوێ لە دەستم دەچی و دوور دەکەوێوە، ئەو باوەڕەی بە تۆم هەیە، بە لوقمانی کوڕم نییە.... کاک ئەحمەد گوتی باشە بەقسەت دەکەم، بەڵام دەتوانی ١٤- ١٥ ڕۆژم مۆڵەت بدەی.... پێم وابێ بەهاری ١٩٦٥ بوو- بەهاری ١٩٦٦ ڕاستە. نوسەر-کاک ئەحمەد گوتی کوڕینە کۆبنەوە کارم پێتانە، ئێوە پێشمەرگەن و سامان و شەرەفی میللەتی کوردن. پارێزەری ژیان و شەرەفی کوردانن. ئەمنیش وەک ئێوە تەنیا پێشمەرگەیەکەم و کەس لە کەس زیاتر نییە. ئێستاش هەروەک دەزانن ئەمن لەسەر ویستی مەلا مستەفا دەچمە "بارزان" جا ڕەنگە ساڵێک یان چەند ساڵم پێ بچێ. ئێوەش ئەو تفەنگەی لە شانتان دایە، ئی خۆتانە، ئەگەر دەچنە پاڵ پارتی و بارزانی ئیختیار بە خۆتانە، ئەگەر دادەنیشن و کاسپی دەکەن، مانع نیم. بۆخۆتان ئازادن، بەڵام بە مەرجێ کاری خوێڕی و چەوت نەکەن و خیانەت نەکەن و مەبنە داردەستی دوژمنان. تێکڕا فرمێسکمان هاتەخوار، گوتی: فشارمان بۆ هاتووە و بەدەست خۆمان نییە.)

هەرلەو بارەیەوە، غەفور فەتاح ئیبراهیمی دەڵێت: (ساڵی ١٩٦٦ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بۆ ئەوەی کە ڕژێمی ئێران نەتوانێ بەهۆی جاشەکانییەوە زەفەر بۆ ئەحمەد تۆفیق بێنێ، ئەوی نارد بۆ لەشکری یەکی بادینان کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بوو. ئەسعەد خۆشەوی لە گوندی قومری مقەڕی بۆ ئەحمەد دانا. من و ئەم پێنج کەسانەی خوارەوە لەگەڵ ئەحمەد چووین: تاهیری مەلا حەسەن، حەسەن فەتاحی برام، ڕەحیم سۆفی عەبدولخالق، سەید عەلی سەیدە پیرە خەڵکی پیرانشار و سەید حەسەنی برای کاک ئەحمەد.)

دوای ڕۆیشتنی ئەحمەد تۆفیق و ئەو شەش پێشمەرگەیە بۆ گوندی قومری لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٦٦دا، بەشێک لە پێشمەرگەکانی تر وەک نەبی شێخ محەمەد و حاجی ئۆمەرانیی و ئۆمەرانییەکان چوون بۆ بنکەی سەنگەسەر و لەگەڵ هێزی حەسۆ میراخان ژاژۆکی کەوتن و چەند کەسیشیان چوونە سونێ لەلای ئەمیر قازی مانەوە. ئەسعەد خۆشەوی لە گوندی "قومری" لە بەرواریی باڵا مقەڕێکی بۆ ئەحمەد تۆفیق و پێشمەرگە هاوڕێکانی دانا. ناوبراو لەوێ

سەرەڕای وانە گوتنەوە بە پێشمەرگەکانی هاوڕێی، خەریکی خوێندنی زمانی فەرەنسی، گوێ گرتن لە ڕادیۆ و خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە بوو.

شایانی باسە، دوای جێگیربوونی ئەحمەد تۆفیق لە بەرواریی بالا، دوو ڕووداوی گرنگ لە ناوچەی باڵەکایەتی و حیزبی دیموکراتدا ڕوویدا کە جێگەی باس و لێدوانن. ڕووداوی یەکەمیان بۆ بێسەروشۆن بوونی سدیق ئەنجیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم دەگەڕێتەوە و دووم ڕووداو گواستنەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بوو بۆ ناوچەی ڕانیە و پێکهاتنی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان و پلانی نوێی حیزبی تودە بۆ حیزبی دیموکرات.

## بێسەر و شوێن بوونی سدیق ئەنجیری

دوای ڕۆیشتنی ئەحمەد تۆفیق بۆ ناوچەی بادینان، سدیق ئەنجیری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم بەجۆرێک بێسەر و شوێن کرا کە هەواڵێکی لێ نەبیسترا و تەرمەکەشی نەدۆزرایەوە. ژمارەیەک لە نەیارانی ئەحمەد تۆفیق بۆ ئاڵۆزکردنی ورەی خەباتکارانی حیزبی دیموکرات، لەو سەردەمەدا دەنگۆیان بڵاوکردەوە کە سدیق ئەنجیری لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە شوێن بزر کراوە، بەڵام ئەو دەنگۆیە زۆر کاریگەر نەبوو، چونکە کاتی بێسەر و شوێن بوونی ئەنجیری، ئەحمەد تۆفیق لە گوندی قومری لە ناوچەی بەرواریی باڵا بوو نەک لە ناوچەی باڵەکایەتی کە سدیق ئەنجیری تێدا شوێن بزر کرا. لەو بارەیەوە دوکتۆر یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەی ١٥٠ی کتێبی ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق دا دەڵێت:

- (... شایانی باسە، نەیارە شەخسی و حیزبییەکانی ئەحمەد تۆفیق بەبێ هیچ بەڵگە و لێکۆڵینەوەیەک لە نووسین و گێڕانەوەکانیاندا هەوڵ دەدەن بێ سەرو شوێنکردنی ناوبراو - سدیق ئەنجیری- بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بخەنە ئەستۆی ئەحمەد تۆفیق، بە بیانووی ئەوەی کە لەنێوان هەردووکیاندا ناکۆکی فکری هەبوو. دروست لە بانەمەڕی ١٩٦٦ و چەند ڕۆژێکیی کەم پێش شەڕە بەناوبانگەکەی "هەندرێن"، سەدیق هەنجیری و سەعید کاوە کە ئەوکات پێکەوە لە گوندی "دەربەند"ی باڵەکایەتی لە دۆڵێکدا خانوویەکیان گرتبوو تێیدا دەژیان، سەردانی گوندی "لێوژە" دەکەن و پاشان دەچنە ماڵی "خالید ئاغای حیسامی شێواوی شاعیر- هێدی- لە مامە ڕووت. سەدیق هەنجیری بە مەبەستی مانەوە و دیتنی مەلا مستەفا بارزانی سەعید کاوە دەنێرێتەوە دەربەند و خۆی لە ماڵی حیسامی دەمێنێتەوە. لێرەدا ئیدی کەس سەدیقی هەنجیری نەدیتەوە و شوێنەون کرا.)

لە چوارچێوەی ئەو باسەی دوکتۆر یاسیندا، هەژار موکریانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم لە لاپەڕەکانی ٤٩٠ و ٤٩١ی چێشتی مجێوردا دەڵێت: (... لەو سەردەمانەدا کە ئەحمەد دور خرابۆوە بۆ سنوری تورکیا و ئێمە لە "لێوژە" بوین، ڕۆژێک دەگەڵ سەعید ناوێک "کە بەچاوێک بوو" بونە میوانی بنکەکەمان. پازدە ڕۆژ مانەوە. ڕۆژانە خۆی و سەعید دەچوونە دەری دێ، بۆ جەمی نیوەڕۆ و شەو دەهاتنەوە و تەواو هۆگری

سدیق ببوین، چەند جاریک لە مەکتەبی سیاسیەوە-کە زۆرمان لێ نزیک بوو-خەبەریان داینێ کە ئێرانی ناوی ئەویان پرسیوە، با لەو نزیکە نەمێنێ. سامی -عەبدولڕەحمان-و من حاشامان کرد و جوابمان نەدانەوە. ڕۆژێک دەبوایە دوو ڕۆژنامەنووس و فیلم بەرداری ئەڵەمانی بێنە لامان لە لیوژە. کاک سامی بە سدیقی گوت: "ئەمڕۆ مەچنە ئەو سەکۆیەی ناودارانە کە هەموو ڕۆژ لەوێ دادەنیشن. چونکە نازانین کێ لەگەڵ ئەو ئەڵەمانیانە دێ، لەوانەیە جاسوسی ئێرانی دەگەڵیان کەوتبێ." سدیق لەو قسەیە ناڕەحەت بوو، گوتی "دیارە دەتەوێ ڕام نەگری." ئیتر بێ خوداحافیزی کردن لەگەڵ سەعیدە کوێر ڕۆیشتن. چوبونە جێگەی ڕادیۆ لە "گردێم"، ببونە میوانی "خالید آغای حیسامی" گوتبووی هێلکەی هەیە چۆنی دروست کەین؟ سدیق گوتبوی: "دەچم لەو دەم چەم پنگە دێنم، کوکی دروست ئەکەین." ئیتر ئەو ڕۆینە بو و نەهاتەوە و بێ سەر شوێن چوو، کەس خەبەری نەزانی.)

محەمەدئەمین سیراجی لەسەر داوای کەریم حیسامی، ڕۆژی ١٩٨٩/١/٦، دوای ٢٤ ساڵ بەسەر ڕووداوی بێسەر و شوێن بوونی سدیق ئەنجیری نامەیەکی بۆ کەریم حیسامی نوسیوە کە ناوبراو دوای دوورخرانەوەی ئەحمەد تۆفیق بێسەر و شوێن کراوە و کەریم حیسامی دەقی نوسینەکەی سیراجی لە لاپەڕەی ٦ی بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانیدا بڵاوکردوەتەوە. هەروەها سەعید کاوە "کوێستانی"ش لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا بە تەلەفۆن لە هەولێرەوە بۆ ئۆیریبرۆ لە سوید پێی گوتم: سدیق ئەنجیریی لە مانگی گوڵان-بانەمەڕی ١٩٦٦دا میوانی خالید حیسامی بوون.

ئەحمەد تۆفیق لە مانگی سێی ساڵی ١٩٦٦ چووە بۆ بەرواریی باڵا و لە گوندی قومری نیشتەجێ بووە. شەڕی هەندرێن ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١٢، سەری هەڵدا[1] و ئەگەر سدیق ئەنجیریی چەند ڕۆژ پێش شەڕی هەندرێن بێسەروشوێن کرابێت، دەتوانین بڵێین شوێن بزرکردنی ناوبراو لە نێوان ١٩٦٦/٥/١-١٩٦٦/٥/٦دا بووە و ئەو مێژوویەش پێوەندیی بە ئەحمەد تۆفیقەوە نەبووە، چونکە ئەو لە مانگی ٣ی ١٩٦٦دا، لەو ناوچەیە نەماوە. لەبەر ئەوە، ئەو دەنگۆیانە جگەلە ئاڵۆزکردنی فیکری خەباتکاران و دوژمنکاریی دژی ئەحمەد تۆفیق واتایەکی تریان نییە و دروستکراوی قاتڵانی سدیق ئەنجیری واتا پیاوانی سەربە ڕژێمی شای ئێران بووە کە لەو سەردەمەدا خەریکی تیرۆر یان گرتنی پیاوانی زانای کورد بوون.

مەسەلەیەکی تر هەیە کە باس لە کوشتنی ئەسعەد خودایاری بە فەرمانی ئەحمەد تۆفیق دەکات و دەڵێن: ئەسعەد خودایاری کادیرێکی تری حیزبی دیموکرات ساڵی ۱۹۵۹ بەدوای پەلامارە سەرتاسەرییەکای ڕژێمی پەهلەوی بۆسەر ڕێکخراوەکان و کادیر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات، بە فەرمانی ئەحمەد تۆفیق لە گوندی "چۆم خڕکە" لە باشوری کوردستان کوژراوە. لەو بارەیەشەوە وردە قسە زۆرن، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشاوە، نوسینی غەنی بلوریانە کە لە لاپەڕەکانی ۱۸۵- ۱۸۸ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت:

- (ئەسعەد خودایاری کوردی بیجار بوو، کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، پلەداری ڕوکنی دووەمی سوپای ئێران بووە لە سەربازگەی سەقز کە بەهۆی هەستی پتەوی کوردایەتی بە چەکەوە لە سوپای ئێران ڕایکردوە و پاڵی بە کۆماری کوردستانەوە داوە و لە کۆماردا کراوە بە ئەفسەر و خزمەتی کردوە. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، ناوبراو پەڕیوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. ساڵی ۱۳۲۸- ۱۹٤۹ بەنهێنی گەڕاوەتەوە بۆ مهاباد و لە ماڵی فاتمی چاوشینی پۆلیس دەستبەسەری کردوە و دواتر وەک هەموو تێکۆشەرانی سەردەمی کۆمار وەبەر بەخشینی گشتی کەوتووە و لە زیندان ئازاد کراوە و پاش ماوەیەک چووەتە ڕیزی خەبات لە حیزبی دیموکراتدا. تێکۆشەرێکی نەترس و چالاک و مرۆڤێکی پاک و لێهاتوو بوو.

دوای کودەتای شا و زاهیدی دژی دوکتۆر محەمەد مصدیق لە ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲- ۱۹۵۳دا، ناوبراو چووتە کوردستانی بندەستی عێراق و پاش ماوەیەک کە من چوومە ئەو هەرێمە، لەگەڵ من و حەمەدەمین ڕاتبی بە یەکجاریی گەڕایەوە بۆ ناوچەی مەنگوڕان و خۆی بە قادر شەریف بەرپرسی کۆمیتەی بڵباس ناساند و دەستی بە تێکۆشانی حیزبی کردەوە. ساڵی ۱۳۳٤- ۱۹۵۵ کە من لە شاری سنە گیرام و پاشان بردیانم بۆ زیندانی سەربازگەی مهاباد، ئەسعەد و حەمەدەمین ڕاتبی لە دەوری مهاباد گیرابوون و پاش ئەوەی منیان بۆ دادگای دووەم بردە تەورێز، ئەوانیان بە کەفیل لە زیندان ئازاد کرد. ساڵی ۱۳۳٥- ۱۹٥٦، سەرلەنوێ ئەسعەد و حەمەدەمین ڕاتبی گیرانەوە و ڕەوانەی زیندانی "قزلقەلعەی" تاران کران و پاش ماوەیەک دادگا ئازادی کردن. لە تاران ساواک داوای لە ئەسعەد کردبوو کە هاوکارییان لەگەڵ بکات، بەڵام ناوبراو ئیزنی وەرگرتبوو ماوەیەک بیر لەو پێشنیازە بکاتەوە. لە تارانەوە دەگەڕێتەوە بۆ مهابادو دەچێتە ناوچەی مەنگوڕان و چاوی بە قادر شەریف و

ئەحمەد تۆفیق دەکەوێ. ئەسعەد کە گیرا، ئەندامی کۆمیتەی بلْباس بوو. بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێتەوە سەر بەرپرسایەتی خۆی دەبووایە بچێتە لای قادر شەریف کە لێپرسراوای کۆمیتەی بلْباس بوو و لە گوندی سیسێر دەمایەوە.

ئەحمەد تۆفیق کە ئەوکاتە بەرپرسی یەکەمی حیزبی دیموکرات بوو، بەرلە چوونی بۆ باشوری کوردستان لەو مەڵبەندە دەمایەوە. ئەسعەد لە تۆپی قسەکانیدا پێشنیازی ساواک بۆ ئەحمەد دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "پاش ئازاد بوونم لە زیندانی قزلقەلعەی تاران، ساواک داوای هاوکاریی لێم کردوە و بۆ ئەوەی دژی خۆم هانیان نەدەم، گوتوومە ئیزن بدەن ماوەیەک فیکر لە پێشنیازەکەتان بکەمەوە، بەڵام ئێستا کە گەڕامەوەتەوە ئێرە، باکم لە ساواک نییە و ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ مهاباد." ئەحمەد لە وەڵامی ئەسعەدا دەڵێت:

- "ئەوە هەلێکی باشە کە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات بتوانین کەسێک لە ناو ساواکدا جێگیر بکەین و بتوانین ئاگاداری کردەوەکانیان بین و بۆ پاراستنی حیزب لە هەل سوود بەرین. بە ڕای من تۆ دەبێ وەک مەئموری حیزبی دیموکرات بچییەوە بۆ مهاباد و ئەگەر ساواک دیسان داوای هاوکاریی لێکردی، قبوڵی بکەی."

ئەسعەد دژی ئەو بۆچوونەی ئەحمەد تۆفیق ڕادەوەستێ، بەڵام قادر شەریف لای بۆچوونی ئەحمەد دەگرێ و دەڵێ: "ئەسعەد تۆ مرۆڤێکی بە ئیمانی و باوەڕی پتەوت بە حیزبە و لە ڕوکنی دووی سوپای ئێرانیش کارت کردوە و گونجاوی ئەو کارەی و دەبێ قبوڵی بکەی. ئەوە ئەرکی تۆیە و پێویستە بە قازانجی حیزب ئەنجامی بدەی." ئەسعەد لە وەڵامدا دەڵێ: "خەڵکی مهاباد و شوێنەکانی تر من بە نیشتمانپەروەر و تێکۆشەر دەناسن و ڕیزم دەگرن، بەڵام ئەوکارە دەبێتە هۆی پرینگانەوەی خەڵک لەمن و وەبەر لەعنەتیان دەکەوم." بە کورتی، ئەحمەد و هاشم بە تۆبزی بەسەریدادەبڕن و ئەحمەد پێیدەڵێ: "بۆ ئەوەی ساواک وەرتگرێ، ئێمە بەناوی حیزبی دیموکرات لە مهاباد لەقاو دەدەین کە ئەسعەد جێگای باوەڕی حیزب نیە." بەم جۆرە ئەسعەد بە فەرمانی حیزب خۆ دە ساواک دەخزێنێ و گەلێک کاری بەنرخ بۆ حیزب ئەنجام دەدات.

من لە زیندان گەڕامەوە بۆ مهاباد، ئەسعەد بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە و منیش چۆنیەتییەکەم لە قادر شەریف پرسی و ئەو گوتی: "بەڵێ ئەسعەد ڕاستی گوتووە و ئەو لەسەر بڕیاری ئێمە ملی بۆ ئەوکارە ڕاکێشاوە و تۆش دەبێ ئاگات لێی بێ و دووری لێ نەکەی و نەهێڵی ناڕەحەت بێ، چونکە ئەگەر

تۆ پشتی تێبکەی، لەوانەیە پاشگەز بێتەوە و تەنانەت کارێک بداتە دەستی خۆی و زیانی پێبگات." بەو پێیە من ئاگام لە ئەسعەد بوو و ئەویش دڵی بەمە خۆشبوو کە من دووریم لێ نەدەکرد.

ماڵی ئەسعەد حەشارگەی حیزب بوو. دیدارە نهێنییەکانی من لەگەڵ ئەو کەسانەی لە دەرەوەڕا دەهاتن لە ماڵی ئەسعەد ئەنجامی دەگرت. عەبدوڵا عیزەت پوور یەکەم کادیری نهێنی حیزب بوو کە بە شەو دەهات بۆ ماڵی ئەسعەد و من لەوێ چاوم پێی دەکەوت. ئەسعەد لە گشت کارەکانیدا ساواکی هەڵدەخەڵەتاند و هەڤاڵانی ئێمەی دەپاراست. لە سەردەمی کەریم قاسمدا ساواک ئەسعەدی دەنارد بۆ باشوری کوردستان تا بە بیانووی هێنانی ماڵی قاچاخ، دەنگ و باسی عێراق و کوردستانی بۆ بێنێتەوە. ناوبراو دەچووە لای ئەحمەد تۆفیق و ئەویش کە باوەڕپێکراوی سەرۆک بارزانی بوو، چەند وێنەی کەریم قاسم و بارزانی و چەند بەیاننامە و ڕۆژنامەی ڕێکخراوە عێراقییەکانی دەدایە و ئەویش بە هەندێک قسەی بەتاڵ دەگەڕایەوە بۆ مهاباد و دەیدان بە ساواک. کارەکانی ئەسعەد زۆر بەنهێنی بەڕێوەدەچوون جگەلە ئەحمەد تۆفیق، تەنانەت منیش ئاگاداریان نەبووم. ئەسعەد بۆ ئەوەی کە من و یوسف ڕیزوانی و هاشم حوسێن زادە کە بەرپرسی حیزب بووین لە مهاباد، لە دواڕۆژدا تووشی مەترسی نەبین، زۆر شتی لای ئێمە نەدەدرکاند و تەنیا بەرپرسی کارەکانی ناوبرا ئەحمەد تۆفیق بوو.

تەنیا ئەرکێک کە من بە ئەسعەدم سپارد ئەوە بوو، بۆ ئەوەی هاشم حوسێن زادە و یوسف ڕیزوانی لە مهاباد لە داوی پۆلیس نەکەون، ئەوانم بە ئەسعەدا ناردە باشوری کوردستان کە تەسلیمی ئەحمەد تۆفیقیان بکات کە ئەوکارەی کرد. هەرکە هاشم و یوسف مهابادیان بەجێهێشت، ساواک وەدەست و پێ کەوت. هێشتا ئەسعەد لە باشوری کوردستان نەگڕابووەوە کە هێرشی ساواک بۆسەر ئەندامانی حیزب دەستی پێکرد و ئێمە گیراین. هەرکە خەبەری گرتنی ئێمە بە گوێی ئەحمەد تۆفیق دەگات، ناوبراو بۆ ئەوەی ئەسعەدیش نەگیرێ، ڕێ بە گەڕانەوەی دەگرێ و دەڵێ: "ساواک هێرشی سەرتاسەریی بۆ کردوین و گەڵێک لە هەڤاڵانمان گیراون و ژمارەیەکی زۆریش ڕایانکردوە و خەریکن دێنە لای ئێمە. من دەچم بۆ دیتنی هەڤالانی ڕاکردومان و تۆش لێرە بمێنەوە و لە چوونەوە خۆت بپارێزە و مەترسیت لێدەکەم." ئەسعەد دڵنیا بوو کە ساواکی فریوداوە و لەم ڕوانگەیەوە کە ئەوان ئاگایان لە کردەوەی ئەو نییە، بۆ

گەڕانەوە پێدادەگرێ و دەڵێ: "ئێستا کە گشت هەڤاڵان گیراون و کەس نییە کاروباری حیزب ڕاپەڕێنێ، بۆچی من نەچمەوە؟ دڵنیام ساواک نەیتوانیوە سەرلە کاری من دەربێنێ و من دەتوانم بەباشی ئەرکی حیزبی بەئەستۆ بگرم و نەهێڵم حیزب لەبەریەک بچێ." ئەحمەد ڕازی نابێ کە ئەسعەد بگەڕێتەوە و دەڵێ: "گیرانی تێکڕایی هەڤاڵانی هەروا ئاسایی نیە و دەبێ هەڤاڵانی گیراو لە تاران شتیان درکاندبێ و ناوی تۆش هاتووەتە ئاراوە و بێگومان چونکە تۆ ئەرکێکی گرنگ و پڕلە مەترسیت لەئەستۆ بووە، وەک ئەندامانی تر تەماشات ناکەن و لەناوت دەبەن."

ئەسعەد بە ڕادەیەک ئیمانی بەکاری خۆی دەبێ کە بەبێ ئیزنی ئەحمەد ڕێگە دادەگرێ کە بگەڕێتەوە بۆ مهاباد و ئەحمەد لەو کردەیەی ئەسعەد وەشک دەکەوێ و دەڵێت نەکا ئەسعەد خۆی ئەو پەندەی بەسەر حیزبدا هێنابێ و هەڤالانی لەداو خستبێ. لەبەرئەوە چەند چەکدار دەنێرێتە سەر ڕێگای ئەسعەد و فەرمانیان پێدەدا بیگەڕێننەوە و ئەگەر هاتوو ملی نەدا، بیکوژن. ئەسعەد بایەخ بە قسەی ڕاسپاردەکانی ئەحمەد نادات و هەرئەو وەڵامەیان دەداتەوە کە بە ئەحمەدی دابووەوە و ئەوانیش لە نزیک قبری عوسمان لەسەر سنوری دەستکرد ئێران و عێراق دەیکوژن. بەم جۆرە ئەسعەد کوڕی باش و نەجیب و تێکۆشەر لەنێو چوو.)

لە لێکۆڵینەوەی کوژرانی ئەسعەد خودایاری بە ڕەسوڵ پێشنماز گەیشتم. ناوبراو لە وتووێژێکی ڕاستەخۆدا، ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٥ زانیارییەکی زیاتر سەبارەت بە کوژرانی خودایاری دەداتە دەست خوێنەران و دەڵێت:

- (ئەسعەد خودایاری کادیری کۆمیتەی حیزب بوو لە مهاباد، هاوکات لەگەڵ کارکردنی بۆ ساواک بە فەرمانی حیزب، بۆ کاری قاچاخیش هاتووچۆی باشوری کوردستانی کردوە. ناوبراو لە پەلامارەکەی ساواکدا بۆسەر ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٩٥٩، هاتووە بۆ سلێمانی. لەوێ ئەحمەد تۆفیق، قادر شەریف، سلێمان موعینی "فایق"، قاسم سوڵتانیان "کەمال ئەحمەد" و یوسف ڕیزوانی ئەندامانی بەڕێوەبەریی حیزب لەو سەردەمەدا، لەگەڵی دانیشتون و پێیان گوتووە، گەڕانەوەت بۆ ئێران مەترسی هەیە و نابێ بگەڕێیەوە.

خودایاری قبووڵی کردوە کە نەچێتەوە، بەڵام گوتوویە دەچم بۆ قەڵادزێ و پێوەندیی بە برادەرانەوە دەگرم. ئەحمەد تۆفیق و ئەوانی تر لێی وەشک دەکەون و دەڵێن ئەگەر هاتوو ویستی بگەڕێتەوە بۆ ئێران، ئەوەی پێویستە

لەگەڵ بکەن. کەمال و یەک دوو برادەری تر بەشوێنی دەکەون و بە هاوکاریی حیزبی شیوعی، تێدەگەن کە ئەسعەد خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران کە کەمال و هاوڕێیانی لە پشت گوندی "سەید ئەحمەدان" لەنێوان قەڵادزێ و سونێ دەگەنە سەرێ و کەمال لە کوشتنەکەیدا لە لایان بووە.)

---

١- پێشمەرگەکان لە شەڕی هەندرێندا داستانێکی مەزنی مێژوویيان تۆمار کرد. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی عێراق کە بەشێکیان عەرەب بوون، شان بەشانی برا کوردەکانیان، دوژمنیان لە هەندرێن شکاند و پاشەکشەیان پێکرد. لەو شەڕەدا دوژمن ٤٠٠ چەکداری کوژراو ٦٠٠ چەکداریشی بریندار بوو. چوار تۆپی ٧٥ میلمی کێوی، چوار خۆمپارەهاوێژی ٢٠/٤ و دە خۆمپارەهاوێژی ٣/٢ گرێ و ٦٠٠ پارچە چەکی سوک و ١٥ دەزگای بێتەل و هەزاران فیشەک دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوو.

شکانی دوژمن بە جۆرێک بوو کە ئاواتی دەخواست بتوانێ لە جێی پێشووی خۆی کە بەرلە هێرش بەدەستییەوە بوو، بمێنێتەوە و لە دەستی نەچێت. لەبەر ئەوە سەرلەنوێ پەنای بۆ بۆمبارانی توندی ئاسمانیی برد کە جێی خۆی قایم بکاتەوە، بەڵام پێشمەرگەکان فڕۆکەیەکی بۆمهاوێژی ئەلیووشنی ٢٨یان لێ خستە خوارەوە.

## بنکەی دێرێ و پلانی نوێ

لە بەشی "کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات"دا گوتم: حیزبی دیموکرات ڕۆژی ١٩٦٤/١١/١٩ کۆنگرەی دووەمی خۆی پێکهێنا و مانگی دووەمی ساڵی ١٩٦٥، دوای نزیک بە سێ مانگ، پیلینۆمی یەکەمی دوای کۆنگرەی دووەمی گرت. گوتم لەو پیلینۆمەدا ئەحمەد تۆفیق لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب تۆرا و چوو بۆ ماوەیەک پشوو بدات، بەڵام ئیتر نەگەڕایەوە بۆ حیزبی دیموکرات. لە نەبوونی ئەحمەد تۆفیقدا، سلێمان موعینی سەرۆکایەتی حیزبی لە ئەستۆ گرت و هەرکام لەو لقانەی پێشتر ئاماژەم بۆیان کرد گەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیان و سلێمان موعینییش لەگەڵ حەسەن ڕەستگار، ڕەسوڵ پێشنماز، ڕەحمانی شێلم جاڕان و گروپێکی ٣٠- ٤٠ی کەسیی پێشمەرگە چوو بۆ ناوچەی سەردەشت و مهاباد. هەروەها لە بەشی **"حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دوای ئەحمەد تۆفیق دا"** گوتم ئەوان لە گوندی "پانەسەر" تووشی تەقە بوون. ژاندارمەیەکیان بە بریندارییی و ٥- ٦ی ژاندارمەشیان بە ساخی بەدیل گرت. دوای ئەو شەڕە، حەسەن ڕەستگار لەو ترسە کە نەکات لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە زیان بە هاوسەر و منداڵەکەی بگات، ئیزنی وەرگرت چوو ئەوانی لە ناوچەکە گواستەوە. ناوبراو هاوسەر و مستەفای کوڕی گەیاندە گوندی "زیوکە و ئاڵی ڕەش" لە باشوری کوردستان و خۆشی گەڕاوەتەوە بۆ سونێ کە بنکەی ناوەندیی حیزبی لێبوو. لە نەبوونی حەسەن ڕەستگاردا، سلێمان موعینی بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندیی و کۆمیتەی چاودێری بەرز، هەوڵی دامەزراندنی دوو پێوەندیی بۆ حیزب داوە کە لە بوونی ئەحمەد تۆفیقدا هێڵی سووربوون بۆ حیزبی دیموکرات:

لە هەوڵی یەکەمیدا، ڕۆژی ١٣٤٤/٧/١- ١٩٦٥/٩/٢٣، سلێمان موعینی سێ نامەی بۆ دوکتۆر ڕەزا ڕادمەنیش سکرتێری گشتیی حیزبی تودەی ئێران، مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت و کەریم حیسامی نوسیوە و نامەکانی بە حیزبی شیوعی عێراقدا ناردوە. لە نامەکانیدا، موعینی سیاسەتی کۆنگرەی دووەمی سەبارەت بە هەڵگیرساندنی شەڕی چەکدارانە بەدژی ڕژێمی ئێران پێڕاگەیاندون و داوای یارمەتیی لێکردون. ناوبراو لە نامەکەی کەریم حیسامیدا ئاماژەی بۆ هەلومەرجی نوێی حیزب کردوە و لەگەڵ سەرکۆنە کردنی کەریم حیسامی پێی گوتووە: **"ئێوە مەیدانتان چۆلکردوە و**

نـانی وەرزێرانـی گونـدی قـەرەبڵاغ ڕشـت دەکاتـەوە." داواشـی لێکـردوە کـە چالاکییەکـانی پێشـمەرگەی حیزبـی دیمـوکرات لـە ڕادیـۆی پـەیکی ئێـران[1]دا بڵاوبکاتەوە. کەریم حیسامی دەقی نامـەی سلێمان موعینی لـە لاپـەڕە ٢٠- ٢٦، بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا بڵاوکردوەتەوە[2]. (پاشبەندی ٢٨)

هاوکات لـەگەڵ ناردنی ئەو نامانەی، سلێمان موعینی هەوڵـی دامەزراندنی پێوەنـدیی لـەگەڵ ڕژێمـی بەعسـی عێراقـی داوە. ئـاڵقەی پێوەنـدیی موعینی بـۆ دامەزراندنی ئەو پێوەندییە، مونتەقیمی قازی و عەبدوڵا موعینی بوون لەگەڵ سەرۆک جاشێک بەناوی "قادر ئاغا لە عەشیرەتی مەنتک" کە پێشتر بەرپرسی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لەوبارەیەوە سالار حەیدەری لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا بە نوسین پێی گوتم: **(لـە درێژەی چالاکییەکانی حیزبـی دیموکراتدا، سـەدام حوسێن دەیویست لاسای شای ئێران بکاتەوە، بە هەموو دەست و پێوەنـدەکانی ڕاسپاردبوو کە پێوەنـدیی بە کوردەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە بـکەن بـۆ هەڵگیرسـاندنی شـەڕی چەکـدارانە لـە ئێـران. ئـێمە هەستمان بەو هەڵسوڕانە دەکرد، ڕۆژێک مەلا ئاوارە بەپەلە هاتە گەڵوەڕەز و گوتی لێمان تێکدەدەن. حکومەتی بەعس دەیەوێ چەک بە ژمارەیەک بدات و نـاوچەکە بشـێوێنێت، گوتمـان هەرگیـز نـاهێڵین شـتێکی وا ڕووبـدات. لە گەڕانەوەدا بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، سـەنار گـوتی: "مـن دەتـوانم ٣٠٠- ٤٠٠ کەس سـاز بـکەم، ئـێمە گاڵتەمـان بە قسـەکەی دەکـرد. لە هەمانکـاتەدا مونتەقیمی قازی لەلایەن شۆڕشەوە گیرا، ئەو چووبووە هەولێر و کاربەدەستانی بەعسی دیبوو، مونتەقیم کەسێکی سادە بوو، هەموو گاڵتەیان پێدەکرد، بەڵام چوونی ئەو بۆ وەرگرتنی چەک لە کاربەدەستانی عێراق ڕاست بوو.)**

دوای ئەو پێوەنـدییە، عەبـدوڵا مـوعینی چـووە بـۆ کـۆیە و نەگیـرا، بەڵام مونتەقیم قـازی دوای گیرانـی، لەلایەن مەکتەبـی سیاسـی پـارتییەوە دراوەتەوە بە ڕژێمی ئێران. سلێمان موعینی بە دانەوەی ناوبراو بە ڕژێمی ئێران خـۆی لە مەترسیدا دیووە. لەو بارەیەوە حەسەن ڕەستگار دەڵێت: **(سلێمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانەوە نەدەگەڕایەوە و کاربەدەسـتانی شۆڕشیش لێـی تـوڕە بـوون. مـن دوای دانـانی منـداڵەکانم، بە دوایـدا چـووم کە بڵـێم شـۆڕش لـە نەگەڕانـەوەت تـوڕەیە. ئەو هـاتەوە بـۆ سونێ و گـوتی ئێـرە بـاش نییـە و دەچـین بـۆ گونـدی هەباس ئاغـا لـە دۆڵەڕەقە و لـەگەڵ پێشـمەرگە هاوڕێکـانی چـوو بـۆ ئەوێ و لـە گونـدی دێـرێ مـقەڕی دانـا. دیـارە بەرلـەو ڕووداوە، ڕۆژێـک مـونتەقیمی قـازی**

لەگەڵ کەسێک بەناوی حاجی شاتمان لە قەڵادزێ هاتەلام و گوتی لە دێڵە زەرد - مەبەست ڕژێم شای ئێران- دەدەین، گوتم بەهیوای کێ ئەو قسانە دەکەی؟ گوتی ئەوەی لەگەڵ منە، ٥٠٠ تفەنگی هەیە و لەنێو دارانــدا شاردویەتەوە. منیش هەندێکم گاڵتە پێکرد و گوتم واز بێنە.)

هەرلەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١١٥ی کتێبەکەیدا "بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەڵێت: (ساڵی ١٩٦٥، پاش دوورخستنەوەی کاک ئەحمەد، کاک فایق لە مەئموریەتی سێ مانگەی کار و تێکۆشانی سیاسی، کە لە ٦ مانگیش تێپەڕ ببوو، گەڕاوە سونێ. دوو ڕۆژ پاش گەڕانەوەی هەربە بڕیاری خۆی، بەرەو مەکتەبی سیاسی پارتی لە دێی "زارگەڵی" وەڕێکەوت. کە گەڕایەوە سونێ، بە ئەمری گواستنەوەی بنکەی سونێوە بۆ "دۆڵەڕەقە" لە ناوچەی ڕانیە گەڕایەوە.)

سلێمان موعینی لەگەڵ نزیکەی ٤٠ پێشمەرگە چووە بۆ دۆڵەڕەقە و لە گوندی دێرێ[٣] لە ناوچەی ڕانیە نیشتەجێ بووە و ئەمیر قازی، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، حەمەدەمین سیراجی، ئیسماعیل شەریف زادە و سالار حەیدەری لە مقەڕی سونێ بەجێهێشتوە. ناوبراو لەوێوە بانگهێشتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی، کۆمیتەی چاودێریی بەرز و کۆمیسیۆنی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی کردوە کە بچن بۆ گوندی دێرێ و لەوێ کۆبنەوە. دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بە ناوەکانی ئەمیر قازی و مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد" بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بوون. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دراوە کۆمیتەی ناوەندیی بۆ چارەسەریی ناکۆکیی نێوان ئەندامانی و کۆنترۆلی ئالۆزییەکانی نێو حیزب، کۆنفرانسێک پێک بێنێ و داوا لە ئەحمەد تۆفیق بکات کە بێت و بەشداریی ئەو کۆنفرانسە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیتەی ناوەندیی نامەیەک بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بنوسێ تا لە بێسەروشوێن بوونی سدیق ئەنجیریی بکۆڵێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەیەکیان پێکهێناوە کە ئامادەکاریی بۆ کۆنفرانس بکات، بەڵام ئەو بڕیارە بەجێنەگەیشت. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١١٧ی بیرەوەرییە سیاسییەکانیدا دەڵێت:

- (با نەیشارمەوە کە لە دانیشتنەکانی کۆبوونەوەی دۆڵەڕەقە، هەر لەنێو قسەکاندا، هەست و ئیحساسێکی وام بۆ پێک هات کە بەندوباوێک لە گۆڕێدایە. دەستەبازییەکی تازە هاتۆتە کایەوە. دەست و دەسیسەی حیزبی شیوعیی ئێراق و حیزبی تودەی ئێرانم لەو ناوەدا دەدیت و لام وابوو کاری بۆ دەکەن. ئەو دەستە ناموبارەکانە، بە کەڵک وەرگرتن لە ساکاریی هاوڕێیانی ئێمە و لە

گوشاری بێ مانا و نەزانانەی بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتدارێتیی شۆڕش، لەسەر ئێمە ئەو گشتە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، خەریکە دەستمان بە زاخاودا دەچێ.)

هەرچەند کە سلێمان موعینی لەگەڵ پێشمەرگەکانی لە دۆڵەڕەقە جێگیربوون، بەڵام بەو حاڵەش خەرج و خۆراکی خۆی و پێشمەرگە هاوڕێکانی بە چەشنی پێشمەرگەکانی تری پارتی دیموکرات لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە دابین دەکرا. موعینی پێشمەرگەیەکی بە ناوی "ئەحمەد بارام میرزا" بۆ وەرگرتنی پێداویستییەکان دەستنیشان کردبوو. ئەحمەد بارام میرزا سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی دەکرد و لەوێ لەلایەن سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە داخوازەکانی جێبەجێ دەبوون. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٢٣ی کتێبی "بیرەوەرییە سیاسییەکانی"، چاپی دووەمدا دەڵێت:

- (چیرۆکی گوندی "دێرێ"ی دۆڵەڕەقە کە وەک گوترا، بنکەی کاک فایقی لێ بوو ئاوا دەست پێ دەکات، کە بەپێی پێکگەیشتن و سازان دەگەڵ مەکتەبی تەنفیزیی شۆڕش، خەرجی ژیانی خەڵکەکە وەک هەر بنکەیەکی دیکەی شۆڕش، لە مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسییەوە دەدرا بە بنکەی دێریش. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و کار، کاک فایق کەسێک بەنێوی "ئەحمەد بارام میرزا" پێشمەرگەی بنکە، کە بە ئەحمەدە کوێر ناودێر بوو، وەک ڕابیت و پێوەندیدار، بە مەکتەبی تەنفیزی دەناسێنێ تا جیرە پیتاک و خوراکی بنکەی دێرێ، هەموو جارێ ئەحمەدە کوێر وەری بگرێ و بۆ بنکەی ڕاگوێزێ. ئەحمەدە کوێر کە لەمێژیش نەبوو هەر لە ڕووی ئاشنایەتیی پێشین و برادەرێتی زەمانی منداڵی دەگەڵ کاک فایق، هاتبووە بنکەی حیزب لە سونێ و لەوێڕا بۆ دێرێ، بە مەرحەمەتی کاک سامی عەبدولرەحمان دەکرێ بە جاسووس لەسەر کاک فایق و باقیی کادر و پێشمەرگەکان لە بنکەی دێرێ. لەوێ، چی باسکراوە و هەر قسە و بەرنامە و پلانێک جا با هەر قسەش بووبێ، ئەحمەدە کوێر گەورەی دەکاتەوە و بۆ خۆشیرینی و قازانجی گیرفانی خۆی، بەچەند قات و بەرامبەرەوە، تەحویلی کاک سامی دەدا. ئەویش، یان ئەوانیش، هەروا بە هەوەنتە، سەناریۆیەکی گەورە و ترسناکی لێ ساز دەکا و سەری مارەکەیش لە دێرێ دادەنێ. جا بەبێ ئەوەی لە کێ بکۆڵنەوە، مەنتیق و تێگەیشتوویی بەکار بێنن، هەڵسوکەوتێکی ئێمەمانان، بەتایبەتی هیی برادەرانی کە لە بنکەی دێرێ

دەمانەوە، بە بەدگومانی و دژ بە شۆڕش چاوی لێ دەکەن. نەخشی- ئەحمەدە کوێر وەک وڕوڕە جادووی کاک سامی، کاری خۆی کردووە و چاودێریی پشکنین و گومانلێکراوی لەسەر ئێمە، لە دەزگاکانی شۆڕشدا هەمەگیر دەبێ. ئەوەش کێشەیەک بوو لە قبوولکردن و قوتدانی بۆ ئێمەی بەلای خۆوە ولاتپارێز و شۆڕش خۆشەویست، هاسان نەبوو.)

هەروەک دەبینن، دوای نەمانی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دیموکراتدا، ئالۆزییەکان هەموو قەوارەی حیزبی دیموکراتی داگرت و کێشەکان بە پلەیەک گەیشتن کە ئەندامە چەپڕەوەکانی لایەنگریی حیزبی تودەی ئێران لە حیزبی دیموکراتدا، بایاندایەوە سەر بیری پێشوویان بۆ نزیک کردنەوەی دووبارەی حیزبی دیموکرات لە حیزبی تودە. جگەلە سلێمان موعینی کە جێگری سکرتێر و هەڵسوڕێنەری ئەوکاتەی حیزبی دیموکرات بوو، هەریەک لە محەمەدئەمین سیراجی و سەعید کاوەش پێوەندییان بە حیزبی تودە و کەریم حیسامییەوە گرتووە. ڕۆژی ١٣٤٥/٦/١٢- ١٩٦٦/٩/٣ نامەیەکی سەعید کاوە "کوێستانی" بە کەریم حیسامی گەیشوە و محەمەدئەمین سیراجییش نامەیەکی ئاراستەی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە کردوە. سەرکردایەتی حیزبی تودە لەژێر کاریگەریی نامەی سلێمان موعینی و حەمەدەمین سیراجیدا بڕیاری داوە پێوەندیی لەگەڵ لایەنگرانی لەنێو حیزبی دیموکراتدا زیندوو بکاتەوە کە ئەو هەولانە لە چاوی بەرپرسانی ئەوکاتی پارتی دیموکرات و شۆڕشدا دوور نەبوون. لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەدا سلێمان موعینی بە پەشۆکاوی دەگەڕێتەوە بۆ بنکەی سونێ و بە ئەمیر قازی دەڵێت مەکتەبی سیاسیی پارتی داوای کردوە. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (پاییزی ساڵی ١٩٦٦، ئێوارەیەک کاک سلێمان هاتە سونێ. ١٠- ١٥ پێشمەرگەی لەگەڵ بوو. گوتی: "وەزعەکە ناجورە و مەکتەبی سیاسی پارتی داوای منی کردوە و چووم بەرەو مەکتەبی سیاسی، بەڵام گەڕامەوە، وابزانم دەیانەوێ شتێکم بۆ ساز بکەن." گوتم ئەگەر پێتوایە؟ دەچینە لای مەلا مستەفا و کێشەکە چارەسەر دەکەین. مونتەقیمی قازی و عەبدوڵا موعینی چووبوون بۆ هەولێر و قادر مەنتک و قائید فیرقەی عێراقیان بینیبوو. قادر مەنتک پێشتر فەرماندەی پێشمەرگە بوو، شۆڕش گرتبووی و لە سەنگەسەر لای ئێمە زیندانی بوو. ئەو لەگەڵ دوو سێ پێشمەرگە ڕایکردبوو و لە هەولێر ببوو بە جاش. دوای ئەو دیدارە، عەبدوڵا گەڕابۆوە بۆ کۆیە و مونتەقیم بۆلای گەلاڵە کە لە بازگەی

پردی زەردی گەلاڵە گیرابوو و پارتی ئەوی دایەوە بە ئێران. ئەو مەسەلەیە سلێمانی زیاتر نیگەران کردبوو، کاتێک گوتم دەچین لەلای مەلا مستەفا کێشەکە چارەسەر دەکەین، گوتی: "تۆ بچۆ، ئەگەر مەلا مستەفا ویستی من ببینێت، من دەچمەلای." گوتم بەو مەرجە تۆ نەگەڕێیەوە بۆ ئەو دیو، سبەێنێ بەیانی دەچم. ڕۆژی دوایی لەگەڵ حەمەدەمین سیراجی چووین، لە بارەگای بارزانی بووین کە پێشمەرگەیەکی خۆمان هات و نامەیەکی کاک سلێمانی پێبوو، نوسیبووی: "لێرە هەست بە مەترسی دەکەم و دەچمەوە ئەو دیو بۆ "گەڵکەندکێ" لە نزیک قاسمەڕەش." منیش بۆم نوسی مەرجەکەت شکاند و من بۆ بینینی بارزانی ناچم و بەم جۆرە لەگەڵ حەمەدەمین گەڕاینەوە. کاک سلێمان نزیکەی ٤٠ پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی بردبوو و دواتر شەڕی چەکدارانە دەستی پێکرد.)

هەرلەو بارەیەوە حەسەن ڕەستگار لە تووێژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٧ لە کۆیە پێی گوتم: (سلێمان موعینی لە دۆڵەڕەقەوە بە دوایدا ناردم و من لەگەڵ مەلا محەمەد عەباسی چووم بۆ گوندی دێرێ. گوتی ئیدریس بارزانی بەدوایدا ناردوم. گوتم نیگەران مەبە، ئەوپەڕی وەک ئەحمەد تۆفیق دەتنێرن بۆ شوێنێک. سلێمان چوو کە کاک ئیدریس ببینێ، لە دەرگەڵە شیوعییەکان پێیانگوتبوو مەچۆ، ئیدریس دەتگرێ و ئەویش لە ترسان گەڕابۆوە بۆ ڕۆژهەڵات و لە سپی سەنگ تووشی شەڕ ببوو. من چووم دوکتۆر حیکمەتم - دوکتۆری شۆڕش لە گوندی بۆڵێ- بینی و نەقڵەکەم بۆ گێراوە و داوام لێکرد بچێتە لای مەلا مستەفا، ئەو چووبوو، مەلا مستەفا گوتبووی با بگەڕێتەوە. سلێمان دوای شەڕی سپی سەنگ چووبوو بۆ توژەڵ. من لەگەڵ عەلی چاپەز چووم بۆ سونێ، حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریف زادە و سالار حەیدەری لەوێ بوون و مەلا ئاوارەشیان لەلا بوو. قسەمان کرد و لەگەڵ مەلا ئاوارە چووین بۆ توژەڵ و چاومان پێی کەوت و بە دوور و درێژیی قسەمان لەگەڵ کرد و لەگەڵی پێکهاتین کە نامەیەک بۆ بارزانی بنوسێ، من لە نوسینی نامەکەدا هاوکاریم کرد. لە نامەکەیدا نوسرابوو، هەست بە نیگەرانی دەکات کە بیگرن، ئەگەر بارزانی هاودەنگی بکات و هەرجێیک دیاریی بکات، دەچێ دادەنیشێ. نامەکەمان هێناوە، مەلا ئاوارە چوو بۆ گەڵوەڕەز و منیش لەگەڵ عەلی چاپەز گەڕامەوە بۆ بەستێ کە لەسەر پردی سونێ گرتیانین. گوتمان چووین سلێمانمان دیوە کە بگەڕێتەوە، نامەکە بە عەلی بوو پێشانماندان، نامەکەیان

وەرگرت و عەلییان ئازاد کرد و منیان برد بۆ سونێ. کە چووم مام وسو دزەیی لەوێ سەرلق بوو، حەمەدەمین، سمایل و سالاریشیان هێنابوو. مام وسو داوای لێبوردنی لێکردین و گوتی بچن بۆلای حەسۆ میرخان لە سەنگەسەر. دوو سێ پێشمەرگەیان لەگەڵ ناردین. لە دەراوی شیوەڕەز گوتم کاری ئاوم هەیە و بەو بیانووە چووم و کاتێک ئەوان دوور کەوتنەوە، من ڕامکرد و چووم بۆ بەستێ و بە خێزانم گوت دەچم خۆدەشارمەوە. چووم بۆ ڕەزگە تا دۆخەکە ئارام دەبێتەوە. هەرکە دەنگەکان کپ بوونەوە، نامەیەکم بۆ حەسۆ میرخان نوسی و پێمڕاگەیاند من لەگەڵ ئەو حەرەکەتە نیم و بۆ ئەوەش نەهاتووم کە نەکات سوکایەتیم پێ بکرێ و ئەگەر بزانم حورمەتێک هەیە، دێم و بۆکوێ دەڵێن دەچم و دادەنیشم، ئەویش هەواڵی بۆ ناردم کە برای ئێمەن و وەرە. من چووم بۆ سەنگەسەر و چاوم بە کاک حەسۆ کەوت. زۆری حورمەت گرتم و گوتی: تۆ لەو بنارە لە بەستێ دانیشتووی و خەڵک ڕاپۆرتت لێدەدەن و ناکرێ وەڵامی ئەو هەمووانە بدەمەوە و وەرە لە سەنگەسەر دانیشە کە ماڵەکەم هێنا بۆ سەنگەسەر.)



هەرلەو بارەیەوە عەبدوڵا حەسەن زادە لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: (دەنگ بڵاوبووەوە کە سلێمان موعینی لە ڕانیە چاوی بە ئامر لیوای عێراق کەوتووە، نامەیەکیان لە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ ناردبوو کە بچێ بۆ سەرکردایەتی شۆڕش، نەکا پێشمەرگە بیگرێت، لە ڕێگەی چوونیدا لە دەرگەڵە میوانی مقەڕی حیزبی شیوعی بوو، ئەوان پێیان گوتبوو ئێمە ئاگادارین ئەگەر بچی بێگومان دەتگرن و لەوانەشە بدەنەوە بە ئێران. کاک سلێمان لە چوون بۆ سەرکردایەتی شۆڕش خۆدەپارێزێ و بە سنووری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتدا خۆی دەگەیەنێتە سونێ کە مقەڕیان لەوێ بوو. لەوێوە نامەیەکی بۆ هاوڕێیانی نووسیوە و گوتوویەتی ناوێرم بگەڕێمەوە و ئێوەش

ئاگاتان لەخۆتان بێ. ئەوانیش دەکەونە سەرهەست. ڕۆژێک دەبینن ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بەرەو "گەڵوەڕەز" دێن، بەرپرسان لە هاتنیان وەشک دەکەون، دوو سێ پێشمەرگە دەهێڵنەوە و پێیان دەڵێن ئەگەر ئەو پێشمەرگانە هاتن و داوای ئێمەیان کرد، بڵێن چوون بۆ سەفەر، ئەگەر شتی وانەبوو، یان نەهاتن، ئێمە دەگەڕێینەوە. بەرپرسەکان لە مقەڕەکەیان دوور دەکەونەوە و لە بەرزاییەوە دەبینن کە پێشمەرگەکان چوون بۆ مقەڕەکەیان و هەرچی لە مقەڕدا هەبوو لەگەڵ خۆیان دەیبەن. بۆ ئاگاداری دوای ٣- ٤ ساڵ من تایپێک و هەندێک کەلوپەلم لە مەرحوم حەسۆ میرخان وەرگرتەوە.)

لەلایەکەی تردا، نوێنەرایەتی حیزبی تودە لە بولغارستان، مانگی گوڵانی ١٣٤٦- ١٩٦٧ کەریم حیسامیی ئاگادار کردوەتەوە کە بچێتە ئەڵمانیا و لەوێ چاوی بە دوکتۆر ڕادمەنیش سکرتێری گشتیی حیزبی تودە بکەوێت. حیسامی لە "لایپزیک" چاوی بە ڕەزا ڕادمەنیش، ئیرەج ئەسکەندەری و عەبدولسەمەد کامەبخش کەوتوە و لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەو سێ ئەندامانەی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە، لەسەر مەسەلەی کوردستان و دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ "**هاوڕێیانی کورد**" واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان دواون. ڕادمەنیش بە کەریم حیسامی گوتووە بچۆ بۆ عێراق و "هاوڕێیانی کورد" ببینە و لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی ناوچەکە هەڵسەنگێنە و کاتێکیان لەگەڵ دیاریی بکە کە لە عێراق یان لوبنان چاومان بەیەکتر بکەوێت[٤]. ئەمە یەکێک لە هۆیەکانی ئاڵۆزیی نوێ لە حیزبی دیموکرات و دەستپێکی دامەزراندنی پێوەندیی دووبارەی حیزبی تودە بوو لەگەڵ حیزبی دیموکرات و لە ڕاستیدا لەناوبردنی ئەو هەوڵانە بوو کە ئەحمەد تۆفیق بۆ بە نەتەوەیی کردنی حیزبی دیموکرات و پاک کردنەوەی لە هێڵ و پیلانگێڕیی حیزبی تودە لە بەرامبەر گەلی کورددا دابووی.

سلێمان موعینی بێخەبەر لەو هەوڵانەی حیزبی تودە و کەریم حیسامی خۆی لە تەنگژەیەکی دژواردا بینیوە. تا ئەوکاتە، نە حیزبی تودە وەڵامی دابۆوە و نە لایەنی عێراقی. لەبەر ئەوە نائومێد لەو دوو هەوڵانەی، لە مانگی سێیەمی ساڵی ١٩٦٧دا، لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سەردەشت و بە نامەیەکی مەلا ئاوارە بۆ مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە، ناوبراو چووەتە گوندی "هەڵوێ" لەنێوان جادەی سەردەشت بۆ پیرانشار، لە نزیک گوندی شیوەسەڵ و چاوی بە موعینی و هاوڕێیانی کەوتووە. ئەوکاتە، مەلا

عەبدوڵا مەلای گوندی شیوەسەڵ بووە. لەو بارەیەوە حەسەن زادە لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (یەکەم شەو کە پەرینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاتن بۆلای من، ماڵەکەم لە گوندی شیوەسەڵ، ٣- ٤ کاتژمێر لە سنور دووربوو، مەلا ئاوارە نامەیەکی بۆم نوسیبوو کە بۆ ٤٠- ٥٠ کەس نانیان بۆ بنێرم، من ئەو شەوە کەسێکم لە خەو هەستاند، چونکە خەڵکی گوندەکە لەلایەک دۆستم بوون و لەلایەکی تردا حیزبیی، نان و پێخۆرم بۆ کۆکردنەوە و بەیانی ڕۆژی دواییش من خۆم چووم بۆلایان، لەگەڵ مەرحوم سلێمان موعینی قسەم کرد و پرسیم چ باسە؟ گوتی: "لەلایەن مەلا مستەفاوە مەترسیمان لەسەرە." گوتم چ دەکەن؟ گوتی: "هیچ ناکەین، وڵاتی خۆمانە و تا بتوانین لێی دەژین." گوتم بچن بۆ لای حکومەتی عێراق، گوتی: "نا ناوی جاشم لێ دەنێن"، گوتم بچن بۆلای مەکتەبی سیاسی- مەبەست جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی بوو کە چەکی عێراقیان پێبوو. نوسەر-، گوتی: "من چۆن بچم بۆلای ئەوانە و بە پانەوە دژی چوون بۆلای مەکتەبی سیاسی بوو." گوتم عەمەلیات بکەن، ئەگەر عەمەلیات نەکەن و هەر شەوەی بچن لە جێیەک نان بخۆن، بۆ ڕۆژی دوایی ژاندارم دەچێ و خەڵکەکە دەگرێ و لێیان و زیندانیشیان دەکات. لەبیرمە ئەوانە لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٤٦ هاتنەوە و کاک سلێمان گوتی: کات بۆ عەمەلیاتی پارتیزانی باش نیە، ڕۆژەکان درێژن. ئەوان زستانی ١٣٤٦ دەستیان کرد بە عەمەلیات.)

جگەلەو نامەیەی کە مەلا ئاوارە بۆ مەلا عەبدوڵا حەسەن زادەی نوسیوە، ناوبراو نامەیەکیشی بۆ ئەمیر قازی ناردوە و ڕەخنەی لە گەڕانەوەی سلێمان موعینی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتووە. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی دەڵێت:

(مەلا ئاوارە نامەیەکی بۆمن نوسیبوو کە ئەوانە بۆ گەڕاونەتەوە، مەبەستی لە سلێمان موعینی و ئەوانی تر بوو، نوسیبووی ئەوە بۆنی کەباب نییە، لێرە کەر داغ دەکەن.)

---

١- ڕادیۆ پەیکی ئێران ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن حیزبی تودەی ئێرانەوە لە ئاڵمانیای ڕۆژهەڵات "دیموکرات" دامەزرا و دواتر گواسترایەوە بۆ بولغارستان. سەردەمێک داود نەورۆزی و دواتر ئیحسان تەبەری، حەمید سەفەری و جەوانشیر بەرپرسی بوون. بە زمانەکانی فارسی، کوردی و

تورکی ئازەریی پرۆگرامی بڵاوکردوەتەوە. مامۆستا حەسەن قزڵجی بەرپرسی بەشی کوردیی ئەو ڕادیۆیە بوو و کەریم حیسامی هەواڵەکانی ئەو ڕادیۆیەی دەخوێندەوە.

٢- کەریم حیسامی وەک خۆی دەڵێت بە خوێندنەوەی نامەی سلێمان هەستی بریندار بووە. ناوبراو لەگەڵ ناردنەوەی وەڵام بۆ موعینی، ڕۆژی ١٩٦٦/١/٢ نامەیەکیشی بۆ دوکتۆر ڕادمەنیش ناردوە و ناوەڕۆکی نامەی سلێمان موعینی بۆ ڕوون کردوەتەوە و داوای لێکردوە پاسپۆرت و بلێتی هاتوچۆی بۆ ئامادەبکەن کە بچێتە عێراق و چاوی بە هەڤاڵانی حیزبی دیموکرات بکەوێ. ڕادمەنیش ڕۆژی ١٩٦٦/٢/١٢ وەڵامی حیسامی داوەتەوە و بۆی نوسیوە کە سلێمان نامەیەکیشی بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی تودە و حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت ناردوە و مەکتەبی سیاسی حیزبی تودە بە حیزبی شیوعی عێراقدا وەڵامی داوەتەوە و ڕایگەیاندوە ئامادەیە لە عێراق، لوبنان یان سوریا لەگەڵیان کۆببێتەوە. سەبارەت بە گەڕانەوەی کەریم حیسامی، ڕادمەنیش بۆ حیسامیی نوسیوە هاوڕێ ئەسکەندەریی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی دێتە بولغارستان و پێوەندیی پێوە بکە.

٣- بارزانی هاوکات لەگەڵ وتوێژەکانی نێوان وەفدی کورد و ڕژێمی عێراق لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤دا، بنەماڵەکەی لە بارزانەوە گواستەوە بۆ ناوچەی ڕانیە و لە گوندی دێرێ لە دۆڵەڕەقەی نیشتەجێی کردن و خۆشی بۆ ماوەیەک لە ئەشکەوتی مارەلاسەی نۆڕێ بوو. گوندی نۆری دەکەوێتە نێوان چیاکانی ماکۆک و بێترخێن و کێوەڕەش. لە پاییزی ساڵی ١٩٦٤دا، "نازدار" خانی کچی حەمەئاغای سلێمانی بە بووک بۆ ئیدریس بارزانی هاتە گوندی دێرێ و هەرلەو ساڵەشدا مەسعود بارزانی هاوسەرگیریی کرد و بووکی بۆ هاتە ئەو گوندە. ساڵی ١٩٦٥ بارزانی گوندی دێرێی بەجێهێشت و چوون بۆ گوندی دیلمان.

٤- لە بیرەوەرییەکانم ١٩٦٥- ١٩٧٠، لاپەڕەی ٥١.

# کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان

پێشتر گوتم ئەندامە ناڕازییەکانی حیزبی دیموکرات دوای پیلینۆمی کۆنگرەی دووەم گەڕانەوە ڕیزی حیزب. ئەو ژمارەیە بە کەڵکوەرگرتن لە نەمانی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبدا و لە ڕاستیدا دژی ئەو ڕێبازەی کە ناوبراو بۆ حیزبی دیموکراتی دانابوو کە حیزبێکی سەربەخۆ و نەتەوەیی بێت و خۆی بە ئایدیۆلۆژیی تایبەتەوە نەبەستێتەوە، فراکسیۆنێکی نوێیان بەنهێنی لەنێو حیزبی دیموکراتدا دامەزراند و ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتیان لێنا. دامەزرێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە سەرەتادا چوار کەس بوون بە ناوەکانی: مەلا ئەحمەد شەلماشی "مەلا ئاوارە"، محەمەدئەمین سیراجی ئەقدەم، ئیسماعیل شەریف زادە و سالار حەیدەریی، دواتر سنار مامەدیی، سەعید کاوە "کوێستانی" و مەلا عەبدوڵا عەبدوڵایی "سەرباز"یان پێ زیادبوو. ئەو ژمارەیە، ڕۆژی ١٩٦٦/٩/١٤ لە سەرووی گوندی خەلان لە باشوری کوردستان کۆبوونەوە و پێکەوە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند. لەو بارەیەوە سالار حەیدەری لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/١/١٦ بە نوسین پێی ڕاگەیاندم:

- (کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە سەرەتادا چوار کەس بوون: مەلا ئاوارە، محەمەدئەمین سیراجی، ئیسماعیل شەریف زادە و من، دواتر سەعید کاوە، مەلا عەبدوڵا سەرباز و سنار مامەدیمان پێ زیاد بوو. کۆمیتە دوو بڕیاری گرنگی هەبوو: یەکەم ڕێکخراو دروست بکەین و دووەم ڕۆژنامەیەک بڵاوبکەینەوە کە ناوی تیشک ئۆرگانی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکرات بێت. سمایل شەریف زادە و حەمەدەمین سیراجی بابەتەکانی ئەو ڕۆژنامەیان دەنوسی. سمایل تایپی دەکرد و ئێمەش کۆپیمان دەکرد. ئەو چالاکییە درێژەی هەبوو، تیشک سێ ژمارەی لێ چاپکرا، بەڵام لەناو خەڵکدا بڵاومان نەکردەوە و هەروەها کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هەرگیز بڕیاری شەڕی چەکدارانەی نەدا، لە بەرنامەماندا نەبوو کە شەڕی چەکدارانە بکەین و دەمانگوت زیان بە شۆڕشی ئەیلول دەگەیەنێت. من هەندێک جار هاتووچۆی کاک ئیدریس بارزانیم دەکرد، دەیپرسی چدەکەن؟ دەمگوت بەبێ چەک، بەناوی حیزبی دیموکرات کوردایەتی دەکەین، دەیگوت ئاگام لێیە و دەزانم.)

ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێر هەرچەندە لە بەرنامەیاندا نەبوو کە خۆ لە شەڕی چەکدارانە بدەن، بەڵام کاتێک سلێمان موعینی بەرپرسی لقی سێی حیزبی دیموکرات لەگەڵ لقەکەی تێکەڵاوی بزوتنەوەیەکی ناخواستەی چەکدارانە بوو، ئەوان بە کەڵکوەرگرتن لە کەسایەتی و پلەی سلێمان موعینی کە جگەلە بەرپرسایەتییەکەی، جێنشینی ئەحمەد تۆفیقیش بوو، بەرە بەرە لەگەڵ ئەو بزوتنەوەیە کەوتن کە ناوبراو بەناوی حیزبی دیموکراتەوە ڕێبەرایەتی دەکرد[١]. موعینی بەو پێوەندییەی کە لە نەبوونی ئەحمەد تۆفیقدا لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی تودەی ئێران، هاوپەیمانانی ڕژێمی عێراق و نەیارانی شۆڕشی ئەیلول دایمەزراندبوو و بەو هەوڵانەشی کە بۆ دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ ڕژێمی عێراقی دابووی و لە بەشی **"بنکەی دێریێ و پلانی نوێ"**دا کەوتە بەرچاوتان، لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە هەستی بە مەترسی دەکرد. ئەو ترسە پاڵیپێوەنا کە بەبێ لێکدانەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان و حیزبی دیموکرات، بەبێ دەرتانی ئابووریی، بەبێ دەرەتانی چەک و تەقەمەنیی پێویست و بەبێ بوونی جێیەک بۆ پشت بەرەی شەڕ کە پێشمەرگەی بریندارییی تێدا چارەسەر بکەن، لەگەڵ ئەندامانی لقەکەی گەڕایەوە بۆ گوندەکانی ناوچەی سەردەشت و مهاباد و خۆی و حیزبی دیموکراتی تووشی شەڕێکی ناخواستە کرد.

کۆمیتەی شۆڕشگێڕیش کە لە سەرەتادا وەک بەدیلێک لە بەرامبەر سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات، لەنێو حیزبی دیموکراتدا پێکهاتبوو و بە وتەی دامەزرێنەرانی، دەیانویست حیزبی دیموکرات بگەڕێننەوە سەر هێڵی چەپ! دواتر خۆیان لەو بیرۆکەیەدا دیتەوە کە گوایە بە تاکتیکی شەڕی چەکدارانە، خەڵک پێشیان دەکەوێت و شۆڕش لە گوندەکانەوە دەبەن بۆ شار و ڕژێمی شای پێ بڕوخێنن، کەچی هەم سەری خۆیانی تێدا چوو و هەمیش ژمارەیەکی زۆریان بەکوشتدا و کوردستانیشیان خستە ژێرپێی ساواک و هێزە تاوانبارەکانی ڕژێمی شا و گەورەترین زیانیان بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیموکرات گەیاند. سلێمان موعینی بەشێوەی دابەشکردنەکانی سەردەمی ئەحمەد تۆفیق، نزیکەی ١٠٠ کادیر و پێشمەرگەی لە ناوچەکانی بانە، سەردەشت، پیرانشار، شنۆ، سەلماس، بۆکان و مهاباد بڵاوکردەوە و دەستی بە خەباتی سیاسی و چەکدارانە کرد[٢]. لە سەرەتای ئەو بزوتنەوەیەدا، سنار مامەدیی، سەعید کاوە، سالار حەیدەریی و مەلا عەبدوڵا عەبدوڵایی چوار لە ئەندامانی دامەزرێنەریی

کۆمیتەی شۆڕشگێڕ گەڕانەوە بۆ ئێران و وازیان لە سیاسەت هێنا و لەو گروپە بەتەنیا مەلا ئاوارە، سیراجی و شەریف زادە مانەوە کە حەمەدەمین سیراجیش دواتر بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵ حیزبی تودە چوو بۆ بەغدا و ئیتر نەگەڕایەوە و لەلای حیزبی شیوعی مایەوە. سلێمان موعینی بەناوی لقی سێی حیزبی دیموکرات لە چالاکییەکانیدا بەردەوام بوو. لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧دا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "ڕۆژ" ئۆرگانی لقی سێی حیزبی دیموکرات و سێ ژمارەی لەو ڕۆژنامەیە بە دروشمی پەسەندکراوی کۆنگرەی دووەم: **یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی**، بڵاوکردەوە و لە هیچکام لە ژمارەیەکاندا ئاماژەی بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ نەکرد. (پاشبەندی ٢٩)

بزوتنەوەی ١٩٦٧- ١٩٦٨، کادیر و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کردە سێ بەش: زۆربەیان بە سەرۆکایەتی سلێمان موعینی بەشداریی بزوتنەوەکەیان کرد. بەشی دووەم کە پێنج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و کۆمیتەی چاودێری بەرزیان لەگەڵ بوو، وەک: ئەمیر قازی، هەژار موکریانی، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی" لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە، لەلای پارتی دیموکرات لە شۆڕشی ئەیلولدا مانەوە و بەشی سێیەم کە چەند کادیر و پێشمەرگە بوون لە ڕانیە، قەڵادزێ و سەنگەسەر دانیشتن و لەژێرەوەش پێوەندییان لەگەڵ هەردوولادا هەبوو. ئەو دابڕانە لە کاتێکدا بوو کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی- گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بە ناوی جەلالیی- لە ڕۆژی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦وە لەژێر ناوی پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، دژی شۆڕشی ئەیلول، چەکی ڕژێمی بەعسیان هەڵگرتبوو و دژی پێشمەرگە شەڕیان دەکرد و هەروەکوو گوتم حیزبی شیوعی عێراقیش بە بڕیاری یەکیەتی سۆڤیەت چووبوو لە بەرەی حیزبی بەعسەوە و بەتوندی دژی شۆڕشی ئەیلول بوو. هەروەها ڕژێمی عێراق لە بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول و مەلا مستەفادا دەیویست ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵۆز بکات کە ڕژێمی شا نەتوانێ هاوکاریی شۆڕش بکات و حیزبی تودەش بەهۆی عەبدولڕەحمان قاسملوو و کەریم حیسامییەوە خەریک بوو لە ئاوی لێڵ ماسی دەگرت. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٥٦ چاپی دووەمی کتێبەکەیدا "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەڵێت:

- (حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو زەماندا، لەوپەڕی پرش و بڵاویدا بوو. بێجگە لە ناکۆکیی ناوخۆیی، بەشێک لە کادر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

نەمابوون، شەهید ببوون، چەندێکیش لە زیندانی عەبدولوەهاب ئەتروشیدا بوون لە ناوچەی بیارە کە پاشتر شەهید کران، یان بە زیندوویی تەحویلی ڕژێمی ئێران درانەوە، بەشێک لە سەرکردایەتی، لە بەرهەمی ناکۆکیی ناوخۆییدا، یان زیز ببوون یان لە ناوچەکانی سەر سنوور دوور خرابوونەوە، لێک دوور و بڵاوبوون. جیا لە چل پەنجا کەچە تفەنگی کەم فیشەک، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەنبڕی دیکەی نەبوو هەروەک تمەنە دراوێکیشی، لە گیرفانی خۆیدا شک نەدەبرد، تا جووتە پێڵاوێکی پێ بکڕێ و.... حوکمی ئەقڵی بارودۆخ، بەپێی لێکدانەوەی خۆی، داینابوو کە بزووتنەوەی چەکداریی لە هەر بارێکەوە بێ زەمینەی ٦٧- ٦٨ چ ئاکامێکی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێ، جیا لە شەهید کەوتنی دەیان و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەر و کادری بەوەجی خەباتی داهاتووی ڕزگاریخوازیی وڵاتەکەمان و هەروەها خەسارەتی کەوتنە زیندان و ئاوارەبوونی هەزاران لە هاووڵاتیان و تێکۆشەرانمان....)

ئەو کادیر و پێشمەرگانەی حیزبی دیموکرات کە ئەمیر قازی ئاماژەیان بۆ دەکات پێنج پێشمەرگەی ناوچەی هەورامان بوون لەگەڵ مەلا ڕەحیم وێردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم. عەبدولوەهاب ئەتروشی بە فەرمانی خۆی مەلا ڕەحیمی گوللەباران کرد و پێشمەرگەکانیشی دایەوە بە ڕژێمی ئێران. لە بەرامبەر ئەو کردە دڕندانەیەدا کە ئەتروشی ئەنجامیدابوو، ئەمیر قازی، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، سەید حاجی کەڵوێ، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، کەریم ئەحمەد قادر مەنگوڕی "قیماس"، ڕێبوار ئیبراهیم، ساڵح لاجانی، خەلیل محەمەد، فەتحوڵا محەمەد ڕەزا، عومەری حەسەنی عەولاڕەش، محەمەد بیژوەیی، خدر مەنگور، حەسەن خدر، مەلا حەسەن و بەگشتی (٣٠) کادیر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات ئەم شکاتنامەیەی خوارەوەیان ئاراستەی سەرۆک مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات کرد[٣]:

سەرۆک مستەفا بارزانی زۆر بە حورمەت

١٩٦٧/٦/٣

بەڕێز و حورمەتەوە. بێ شک ئاگادارن سێ مانگ لەمەوبەر جەماعەتێکی پێنج کەسی لە برادەرانی ئێمە بە ناوی ١- ئەسکەندەر عەلی ٢- محەمەد موئمین ٣- تۆفیق مستەفا ٤- حەبیب ابابەکر ٥- جافر ابابەکر لەلایەن عبدالوهاب ئوتریشی فەرماندەی هێزی خەباتەوە دەستگیر کران و لە بیارە

خرانە زیندانەوە. ئەو دەست درێژییە بەشێوەی گشتی لەناو ئێمەدا بوو بەهۆی نارەحەتی و بە شارەزاییەکی کە لەو بارەوە لە رابردوودا بەرچاو بوو، بۆ روون بوونەوە لەسەر بناوانی سەبەبی ئەو دەست درێژییە هەروەها شکایەت لە عبدالوهاب ئوتریشی موراجەعەی مەکتەبی تەنفیزی کرا، بەپێی هەواڵێکی کە لەو بارەوە پێمان گەیشت گویا دەبێ لەلایەن مەکتەبی تەنفیزی یەوە چەندجار بە بروسکە ئەمری بەردانیان و رەوانە کردنیان بۆ ناوچەی گەلاڵە درابێ. جا لە کاتێکدا کە ئێمە چاوەروانی بەربوون و ناردنیانمان دەکرد بە داخی گەورەوە خەبەری تەسلیم کردنەوەی ناوبراوان بە حکومەتی ئێرانمان پێ گەیشت. فەرماندەی هێزی خەبات پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی عەسکەری و گەرانەوەی بە ئێراندا بە گەیشتنەوەی ناوچەی بیارە، بە سەیارەی شۆڕش، بە پێشمەرگەی کوردەوە وەک دیارییەک پێش کێشی مەرزەبانی حکومەتی کردن لە نەوسود. وە هەر بە دوای تەسلیم کردنەوەی ئەو برادەرانەدا کە ناومان لەسەوە هێنا شالاوی تری دەست پێ کردوە و هەواڵی کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان میرزا ئەحمەد-کە بۆمان روون نیە هەر بەتەنێ یە یان نە- بەشێوەی زیندانیی لە سورە دزێ را خواستویەتە مەروێ و لەوێرا رەوانەی بیارەی کردوە کە نازانین چی بەسەر هێناوە. تەنانەت کاتی رەوانە کردنی لە مەروێ ڕا بۆ بیارە ئیجازەی پێ نەداوە چاوی بە ماڵ و منداڵیشی بکەوێ. ئێمە جیا لەوەی کە بە سەر سورمانەوە هەڵوێستی کورد فرۆشانەی عبدالوهاب ئوتریشی مان وەرگرت ئەو کردەوانەی بە شتیکی دوور لە ئینسانیەت و پیاوەتی و خوو و رەوشتی لەمیژینەی کورد دەزانین. لە جێ یەک کە قانونی جەنگەڵیش کە پەنای ئینسانی سیاسی دا لە تەسلیم کردنەوەی بە دووژمن خۆ دەپارێزێ. شۆرشی کورد لە کوردستانی عیراق کە شورشێکی حەق خوازانە و ئینسانی یە و بی شک ئێمەش هەروای دەناسین و ناسیومانە، سەرەرای ئەوەش کە بە پێی پێرەوی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستانی عێراق بەناو ماڵی هەموو کوردێکی لێ قەوماوە کە بەهۆی جولانەوەی سیاسی تەرکە وەتەن بێت. عبدالوهاب ئوتریشی لە پەنای قازانج و مەنافعی خۆیدا بەنێوی بەرژەوەندی و مەسڵەحەت برادەرانمان دەکاتە دیاری و پێشکێشی دوژمن مانی دەکاتەوە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە ژیانی سیاسی ئەورۆی ئێمە ژیانێکی تایبەتیە و سیاسەتی دەستەبازی و تەفرەقەمان بەسەردا سەپاوە و بێ شک لە زروف و حاڵی ئەورۆماندا ناتوانین کەسێک یا کەسانێک بەرپرسو مەسئولی کردەوەمان

بە تێکرایی بناسین و هەرکەس لێ پرسراوی کردەوەی شەخسی و فەردی خۆیەتی بە چاکە و خراپە. لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش بە خاوەن مەسڵەحەت و خاوەن دەسەڵات دەزانین بۆ هەموو چەشنە لێکۆڵینەوە و سزادانێکمان- بەپێی حەق و عەداڵەت- لە کاتێکدا کردەوەی دژی مەسالحی شۆڕش لەهەر یەک لە ئێمە ڕوو بدات.

ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە مەنافیع و مەساڵحی شۆڕش لە سەرەوەی هەموو مەنافیع و مەسالحیکی تر و بەوپەری هێزمانەوە مەسڵەحەتمان پاراستوە و دەشی پارێزین و هەرلە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا خۆمان بە خاوەن خزمەت بۆ شۆڕش زانیوە و دەزانین. کەوابوو هۆ و سەبەبی موعامەلە و سەودا پێ کردنمان لەلایەن عبدالوهاب ئوتریشی یەوە چییە؟ لە حالێکدا ئینسانین و مەر و بزن نین.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەو مەسەلە گرینگە بخەینە بەرچاو کە تەسلیم کردنەوەی برادەرانمان بەو شێوە نالەبار و ناحەزە جیا لەوەی شتێکی غەیرە ئینسانیە کورد لە کوردستانی ایران دەخاتە مەترسی یەوە.

ئێمە کە لە خوارەوە ناومان هاتوە بەنێوی پەنابەرانی سیاسی کورد لە کوردستانی ایران لەگەڵ دەربرینی توڕەیی و نارەزایی توند لەسەر ئەو کردەوە نالەبارانە بە چەشنی خوارەوە داخوازیمان پێشکش دەکەین.

١- داوامانە فەرماندەیی شۆڕش وەک خاوەن مافی سیاسی لە دەستی زوڵم و تعدی عبدالوهاب ئوتریشی و نمونەکانی پارێزگاریمان بکات و بە شێوەی ئینسانی موعامەلەمان لەگەڵ بکرێ و تەئمینی ژیانی سیاسیمان لە پەنا شۆرش دا هەبێ.

٢- داوامانە حیساب لە عبدولوهاب ئوترشی بکێشرێ و بۆمان روون بکرێتەوە هۆ و سەبەبی تەسلیم کردنەوەی برادەرانمان لە لایەن ناوبراوەوە چی یە؟

٣- داوامانە فەرماندەیی شۆڕش میرزا ئەحمەد و ئەو کەسانەی لەگەلی دان و لەم دواییانەدا لە لایەن عبدولوەهابەوە رەوانەی بیارە کراون بە زووترین کات بەر لەوەی سەودای دووهەمیان پێ بکات بە سلامەتی بگێردرێنەوە نێو ماڵ و منداڵیان و لە حالیکدا حیساب لێ کێشان لە گۆریدا هەبێ لە ناوچەی گەلاڵە لێکۆڵینەوە و پرسیاریان لەگەڵ دا بکرێ.

**٤- بۆ ئەوەی بۆ هەموو کەس دەرکەوێ شۆڕش هەر لەسەر بنج و بناوانی خۆیەتی و ماف و ژیانی ئینسانی و سیاسی بەرێز و حورمەتەوە چاوی لێ دەکا، جێ بەجێ کردنی داواکانمان بە پەلە و بە زوویی داخوازین.**

**وێنە بۆ: مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز**

**وێنە بۆ: مەکتەبی تەنفیزی بەڕێز**

**ئیمزای (٣٠) کەس** (پاشبەندی ٣٠)

بەهەر حاڵ، مەلا ڕەحیم وێردی بەرلە دەستپێکردنی بزوتنەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨دا، ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٧ لەلایەن عەبدولوەهاب ئەتروشییەوە شەهید کرا و لە ڕەوتی چالاکییەکانی بزوتنەوەی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا، نەحۆ پاشایی "نەحو شکاک" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم، یەکەم شەهیدی ئەو بزوتنەوەیە بوو کە ڕۆژی ١٩٦٧/٥/١٨ لەگەڵ چوار پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی: مەلا ئیسماعیل، ڕەزا، فەوزی و ناجی، لە ناوچەی سەڵماس شەهید کران. جگەلەوە، ئیسماعیل شەریف زادە ناسراو بە "مەلا عەزیز" لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی "حوسێنی ڕەحمان ڕابی"، محەمەد شاتمان "محەمەد ئەستی" خەڵکی ناوچەی سەردەشت[٤]و "عەلی عەولا کوڵی" ڕۆژی ١٩٦٨/٥/١ لە جەولەیەکی سیاسییدا لە گوندی "دارێنە" لە ناوچەی بانە شەهید بوون. لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٦٨دا عەبدولا موعینی و مینە شەم دوای شەڕێکی قارەمانانە لە گوندی قالوێ عەولاغای سەربە شاری مەهاباد کە ئەمڕۆ بە قالوێی موعینی دەناسرێت، لە موچەی "ئەحمەد کەوازەرد" شەهیدکران و پێشمەرگەیەکیش بەناوی حەسەن خورخورەیی بە برینداریی کەوتە دەست دوژمن و لە مهاباد بە پشتی ئوتۆمبیلێکی سەربازییەوە گێڕایان و دواتر لە سەربازگەی مهاباد، لەبەرچاوی خەڵکێکی زۆر گوللەبارانیان کرد. حەسەن خورخورەیی ڕێگەی نەدا بە دوژمن کە چاوی ببەستن و بە چاوی کراوەوە لە بەرامبەر گوللەی دوژمن ڕاوەستا.

جگەلەوانە، مەلا ئەحمەد شەڵماشی "مەلا ئاوارە" ڕۆژی ١٩٦٨/٦/٨ لە گوندی "دیوالان" لە ناوچەی سەردەشت بەبێ ئەوەی کە لە بەرامبەر دوژمندا دەست بکاتەوە و تەنانەت ئیزن بە پێشمەرگەکان بدات کە بۆ ئازادکردنی هەوڵبدەن، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی: محەمەد ئەحمەد "مەلا کەچە" و ڕەحمان وتمان چاوشین دەستگیر کرا و ڕۆژی ١٩٦٨/٩/٢ لە سەردەشت گوللەبارانیان کردن. کۆمەڵێک پێشمەرگە لە دەرەوەی ئەوماڵەی مەلا ئاوارەی

تێدا دەستگیرکراوە، بۆ ئازادکردنی تەقە دەکەن، بەڵام ئەو بە ناردنی دوو نامە بۆ پێشمەرگەکان پێشی بە تەقەکردنیان گرتووە و گوتویەتی: **(ئێمە خەریکی وتووێژین. تۆخوا بۆ خاتری خودا تەقە مەکەن، ئێمە لەناو دەچین.)**(پاشبەندی ٣١)

سەرەڕای ئەو سەرکردانە، زیاتر لە ٣٠ پێشمەرگەش بە ناوەکانی: حوسێن ڕەحمانی مەنیجەڵان، مەلا مەحمود زەنگەنە، موراد شیرێژ، ئەحمەدی عەلی عەجەم، محەمەد ڕەسوڵ عومەر، قەرەنی، حەسەن بڵباس، هەمزەی برایم ، سەید فەتاحی نیزامی، دەروێش عوسمان، عەلی گڵە، عەلی دەرگڵی، ساڵح لاجانی، خەلیل شەوباش و سلێمان موعینی، یان لە شەڕ دەگەڵ ڕژێمی ئێران کوژران، یان لەلایەن فەرماندە سەربازییەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە لەناوچوون.

مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چەکدارانەدا بەشێوەی نهێنی هاوکاریی مەلا ئاوارەی کردوە و لە ڕەوتی کارکردنیدا بۆ حیزب، لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە ئاشکرا بووە، بەڵام لە جیاتی چوونی بۆ ڕیزی ئەو بزوتنەوەیە و هاوکاریی کردن لەگەڵیان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتووە و چووە بۆ باشوری کوردستان. لەو بارەیەوە، ناوبراو لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

**- (زستانی ١٣٤٦- سەرەتای ساڵی ١٩٦٨- بوو، ئاخر شەوم لە ئێران، لەگەڵ مەلا ئاوارە بووم، گوتم ئاشکرا بووم و ناتوانم لێرە بمێنمەوە و دەمگرن، گوتی بۆ لەگەڵ ئێمە ناکەوی؟ گوتم خۆت ئایندە چۆن دەبینی؟ گوتی ئومێدم نییە. گوتم ئەگەر وایە چ فایدەی هەیە؟ کە هاتم بۆ باشوور، بەبێ ئەوەی کە حیزبی خۆمان، یان شۆڕش ئاگادار بکەم، بە ڕێگای مەلایەکەوە کە لە سونێ مەلا بوو، بە مەلای گوندی مارەدۆ دامەزرام.)**

سلێمان موعینی و محەمەدئەمین سیراجی لە ڕەوتی بزوتنەوەکەدا بە گوێرەی توانا لە هاتووچۆی بەغدا و کەینوبەین لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی تودە بوون، بەڵام هەروەکوو گوتم سەرئەنجام سیراجییش کوردستانی بەجێهێشت و لە بەغدا گیرسایەوە. دۆست و هەڤاڵان و لایەنگرانی شۆڕشی ئەیلول و تەنانەت خودی مەلا مستەفا بارزانیی بۆخۆشی زۆریان هەوڵدا کە سلێمان موعینی بگەڕێتەوە باشوری کوردستان و دەست لەو شەڕە بێسودە هەڵگرێ، بەڵام سەرنەکەوتن. لەم بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەکانی ١٧٣- ١٧٤ی بەرگی یەکەمی کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەنوسێت:

- (بارزانیی گلەیی زۆری لە کاک فایق هەبوو، دەیگوت من ئەویشم هەروەک کوڕی خۆم حیساب کردبوو. چاوەڕوان نەبووم بە قسە و مەسڵحەتی ئەملا و ئەولا، بێوەفایی دەگەڵ من بکات. پرسی پێوەندیتان پێکەوە هەیە؟ عەرزم کرد تا ئێستا نەخێر چ پێوەندییەکمان نەبووە، بەڵان ئەگەر جەنابت ئەمر بکەی پێوەندی پێوە دەکەم، تا بەڵکە خراپتر نەبووە و زەرەری زیاتر نەکەوتووە، بگەڕێتەوە بۆ ناو شۆڕش و گوتم لەو باوەڕەدام ئەگەر جەنابت بیانپارێزی و شەخسی خۆت بێی لە کێشەکەوە، کاک فایق دەگەڕێتەوە، ئینجا بفەرموون با بەنهێنی بگەڕێتەوە و لە شوێنێک لە دەوروبەری زاخۆ بمێنێتەوە تا هەل و مەجالێکی باشتر دێتەپێش. بۆ ئەو پێشنیارە، فەمووی: "پێم خراپ نییە، با بێتەوە، ئەگەر پێی خۆش بوو با بە قسەمان بکا، بەڵان با منیش پرسیارێک لە تۆ و لە ئەحمەد و سلێمان بکەم و جوابیشم بدەنەوە." عەرزم کرد بەڵێ فەرموو. گوتی: "بە باوەڕی ئێوە ئەگەر ئەتۆ و ئەحمەد و سلێمان، مستۆشتان لەگەڵ-بارزانی لە هێنانی نێوی خۆیدا لە جیاتی مەلا مستەفا، وشەی مستۆی بەکار دەهێنا- ئەو شۆڕشەی ئێستا کە لێرە بە دەستمانەوەیە، بەجێ بێڵین و بچین لەودیو دەست بە شۆڕشێکی دیکە بکەین، لەوەی لێرە هەمانە باشترمان بۆ دەکرێ؟ ئەگەر پێتان وایە، دەکرێ قانیعم بکەن، تا لێرە لاچین و روو دەوێ بکەین، ئەگەرنا با بە هەمووانمان هەوڵ بدەین ئەوەی لێرە هەمانە بیگەیەنینە بەرهەم، جا چاو لە لایەکی دیکە بکەین.)

نەگەڕانەوەی سلێمان موعینی بۆلای شۆڕش، ڕووداوێکی دڵتەزێنی لێ کەوتەوە کە جێی ڕەزامەندیی هیچ خەباتکارێکی کورد نەبوو. پارتی دیموکراتی کوردستان، سلێمان موعینی بە تاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ ڕژێمی عێراق و ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی گوللەباران کرد و تەرمەکەی دایەوە بە ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ۱۹۱ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ۱۹٦۱- ۱۹۷٥"دا دەڵێت:

- (مایەی داخە ئەو ناکۆکییە قووڵەی ناو سەرکردایەتی ئەم حیزبە کە پاش ساڵی ۱۹٦٥ پێییەوە گرفتار بوو، بوو بەهۆی کەرت کەرتبوون و پەرەوازە بوونی. بەشێکیان پاش ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاخمەکەی بوون بە جاش و کەوتنە خزمەتکردنی حکوومەت، چوونە پاڵ ئەوان و بەهاندانی حکوومەتی عێراق و بەنیازی زیانگەیاندن بە پێوەندیی شۆڕش بە ئێرانەوە، ویستیان هەندێ کاری

تێکدەرانە لە ئێران بکەن. شۆڕش ساڵی ١٩٦٧ ناچاربوو کارێکی زۆر خەمهاوەر بکا کە چاری ناچار بوو بیکا. ئەوە بوو سلێمان موعینی نەیاری ئەحمەد تۆفیقی گرت کە چووبووە پاڵ جاشەکانی ٦٦ و هاوکاریی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە دژی شۆڕشی کورددا دەکرد و ئیعدام کرا و لاشەکەی نێردرایەوە بۆ ئێران. نەدەکرا بەو چاوە سەیری پرسی چارەنووسی سلێمان موعینی بکرێ کە پرسێکی حیزبی ناوخۆیی‌یە. سلێمان لەگەڵ جاشەکانی ٦٦دا هاوکاریی کردبوو، واتە دوژمنی شۆڕش بوو و پرسەکەی جوێ نەدەکرایەوە کە تایبەت بە حیزبەکەی خۆیەوە بێت. ئێمە ئەو سەرئەنجامە دڵ خەمگین کەرەمان بۆ ئەو پیاوە بەئاوات نەدەخواست.)

بە شەهیدبوونی سلێمان موعینی، ناوی بزوتنەوەی ٦٧- ١٩٦٨ کوژایەوە. ئەو پێشمەرگانەی مابوون، بوون بە سێ بەش: ژمارەیەکی کەمیان گەڕانەوە لای ڕژێمی ئێران، چەند کەسێکیان گەرانەوە لای حیزبی دیموکرات و بەشی سێیەمیان کە زیاتر لە ٥٠ پێشمەرگە بوون و کاوە مەرەغانی فەرماندەیان بوو، چوون لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و سوپای عێراق کەوتن. ئەو ژمارەیە شان بە شانی سوپای عێراق بەشداریی شەڕی گرتنەوەی سەنگەسەر و قەڵادزێیان کرد و دوای کوژرانی چەند کەسیان بە هەڵەی خۆیان زانی و ئەوانیش گەڕانەوە لای حیزبی دیموکرات. لەو بارەیەوە ڕەسوڵ پێشنماز لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٤/٥/٥ پێی گوتم: (دوای شکانی بزوتنەوەی ٦٧-٦٨، مامۆستا هێمن، مەلا خدری سارکێ، مەلا ڕەحمانی کاژە، مەلا عەبدولخالەق و ژمارەیەکی زۆری تر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕایانکردە باشوری کورستان. هاوکات ئەمیر قازی و سەید ڕەسوڵی بابی گەورە هاتن و گوتیان با ئەو خەڵکە کۆ بکەینەوە و دانیشتووەکان بگەڕێنەوە بۆ ڕیزەکانی حیزب. ئێمە گەڕاینەوە و خەریکی ئەوە بووین کە سەرکردەکانی شۆڕش لە ئێمە ڕازی بن و ئیتر مەترسیمان لەسەر نەما. ئەحمەد نستانی، عەبدول نستانی، کەریم نستانی، پیرە باب، ڕەحیم کەپەکەندی، مەلا باییز سەقزی و ژمارەیەکی زۆری تر کە کاوە مەرەغانی فەرماندەیان بوو، لە گوندی بێستانە لە نزیک قوشتەپە دانرابوون. فارس باوە بەرپرسی هێزی دەشتی هەولێر بەسەریان ڕادەگەیشت. لەو ژمارەیە، ساڵح لاجانی، سلێمان کەرقەشان و دوو کەسی تریان دایەوە بە ئێران و ئەوانی تریش چوون بۆ بەکرەجۆ و پاڵیان بە مام جەلال و حکومەتی عێراقەوەدا. ئەوان بەشداریی شەڕی پێشمەرگە و گرتنەوەی قەڵادزێیان کرد و دواتر کاوە

مەرەغانی لە قەڵادزێ کوژرا. دوای کوژرانی کاوە، ئەوانی تر گەڕانەوە لای حیزب.)

هەرلەو بارەیەوە عەبدوڵا حەسەن زادە لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای مـن پـارێزراوە دەڵێـت: (ئەوانەی گەڕابـوونەوە بـۆ وڵات جـگەلە کـاک حەمەدەمین سیراجی کە لە بەغدا لەلای حیزبی شیوعی بوو، ئەوانی تر گەڕانەوە لای شۆڕش و بردیانن لە بێستانە لەلای قوشتەپە دایاننان. هەموویان چەک کردبوون. بە نامە داوای چوار کەسیان کردبوو کە چەکەکانیان بدەنەوە، نامەکە هی فارس باوە-فەرماندەی دەشتی هەولێری پارتی دیموکرات-بوو و لە ڕاستیدا ویستبووی ئەوانە بگرێت کە ڕایان کرد و چووبوون بۆلای بنکەی سوپای عێراق لە ناوچەکەدا و داوایان کردبوو بیانگەیەننە لای مام جەلال کە گەیاندبوویانن. کاتێک لەشکری عێراق هات سەنگەسەر و قەڵادزێی گرتەوە، ئەوانیش هاتن و چەند کەسیان لێ کوژرا. کاوە مەرەغانی بەرپرسیان بوو. ئێمە بڕیارماندا پێوەندییان پێوە بکەین. من دیاریی کرام بچم بۆ قەڵادزێ، هەرچەندە ڕژێم لەوێ بوو و مەترسیی هەبوو، من چووم و چاوم بە کاوە مەرەغانی و ئەو کەسەی کاوەی لە قەڵادزێ کوشت لەگەڵ مەلا کەمال "مەلا بابیز" کەوت. نزیکەی ٤٠- ٥٠ کەسیان لەگەڵ بوو، قسەم لەگەڵ کردن، گوتیان توشی هەستی ئەو لاوانە بوون و هەڵەمان کردوە و بڕیارماندا بگەڕێنەوە. دوای گەڕانەوەیان لە نازەنین و کۆیە مقەڕمان بۆ کردنەوە.)

بەرلە چەککردنی ئەو پێشمەرگانە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتەوە، هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی سلێمان موعینی و پێشمەرگە هاوڕێکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی هێزی کاوە لە سەنگەسەر، دەستی بەسەر ئەرشیو و دۆسیەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتدا گرت. بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە نامەیەک بۆ سەرۆک مستەفا بارزانی داوای دۆسیەکان و هاوکاریی کردنیشی کرد بۆ بووژاندنەوە حیزبی دیموکرات. بارزانی بەڵێنی گەڕانەوەی دۆسیەکان و بووژاندنەوەی حیزبی پێدان، کەچی دوای سێ مانگ، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات کە تەنیا ئەمیر قازی و مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی یان لێ مابۆوە، ئەم نامەیەی خوارەوەیان ئاراستەی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات کردوە:

بۆ سەرۆک بارزانی زۆر محترم ١٩٦٨/١١/٨

بە حورمەتەوە:

لەسەر نامەمان بە برواری ١٩٦٨/٨/١ بۆ جەنابتان و وەعدە و وەعیدیکی مساعد کە بەنێو سەرۆکایەتی شورش لە وەلامدا بۆ بووژانەوەمان وەرمان گرتەوە- ئەگەرچی تا ئێستە هیچ بەندێک لە داواکانمان نەهاتۆتە دی- بە وەرگرتنەوەی اسناد و مدارکی حیزبی مان مراجعەی حسو میرخان فەماندەی هێزەی کاوەمان کرد کە دوو ساڵە ناوبراو دەستی بەسەردا گرتووە و بێ هیچ هەق و صلاحیەتیک لەلای خۆی راگیری کردوە.

پاش ماوەیەک خۆ بواردن لە تەسلیم کردنەوەیان بە نوسراو ئاگاداری کردین کە گۆیا دەبێ سوتین رابن!

ئێمە لەگەڵ ئەو مەترسیە کە اسناد و اوراقی حیزب مان معاملەی پێ کرابێ بە سەرسورمانەوە دەروانینە ئەو کردەوانە کە بەنێوی دەسەڵاتی شۆرش لەگەڵمان کراوە و دەکرێ و لێمان رون نیە هۆ و سەبەبی هاندەر بۆ ئەم چەشنە معامەلانە لە چ پێناوێک دایە.

ئێمە هەرچی کردمان نێویکی بۆ تاوانی دوایی کەون کردنی اسناد و اوراقە و مدارکی بیست و سێ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێت بۆ نەدۆزراوە و نازانین لەگەڵ کام اصل و مبدا و قانونیکی کوردایەتی دەگونجێ؟

بۆ ئاگاداری بە پیویستمان زانی بەو هۆیەوە بە جەنابتان رابگەیەنین.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

جێگای مۆر

وێنە بۆ: مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان(پاشبەندی ٣٢)

بەهەرحاڵ لە ڕەوتی ئەو بزوتنەوەیەدا، دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" زیاتر لە هەزار کەسی بە تاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ بزوتنەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨، لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی لە ناوچەی موکریان و ڕیزەکانی سوپای ئێراندا گرت و لە زیندانی "فەلەکولئەفلاک" لە خورەم ئاوا، زیندانەکانی تری ئێران و زیندانی سوپای ئێران لە کرماشان کۆی کردنەوە. هەروەکوو گوتم بە شەهیدبوونی سلێمان موعینی ناوی بزوتنەوەکە کوژایەوە.

١- ئەو چالاکییانە دەگەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە کە گروپی ئیبراهیم ئەحمەد "جەلالییەکان" لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦وە پاڵیان بە ڕژێمی بەعسەوە دابوو و شان بە شانی سوپا و جاشەکانی عێراق دژی پێشمەرگە شەڕیان دەکرد.

٢- کۆماری چین ساڵی ١٩٦٠ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی هاوپەیمانی پچڕاند، بۆ ئەوەی کە لایەنێکی نوێ لە کومۆنیزم بە ناوی ماوییزم دابمەزرێنێت. بەرلە دامەزرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، چریکی فیدایی خەڵک بە سەرۆکایەتی بیژەنی جەزەنی و موجاهیدینی خەڵک بە سەرۆکایەتی حەنیف نژاد پێشڕەوانی ئەو بیرۆکەیە بوون لە ئێران. هەروەها دوای پیلینۆمی یازدەی حیزبی توده لە ساڵی ١٩٦٤دا ئەحمەدی قاسمی و دوکتۆر غولام حوسێن فروتەن لەو حیزبە جیابوونەوە و لەگەڵ ژمارەیەکی تر کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەیان دامەزراند کە ڕێکخراوێکی ماویی بوو. دامەزرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات هیچ پێوەندییەکی بەو گروپەوە نەبوو، بەڵام ئەوان لە ئۆرگانەکەیاندا "تودە ئۆرگانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەی ئێران"، پشتی بزوتنەوەی ٦٧- ٦٨ی حیزبی دیموکراتیان دەگرت و دژی شۆڕشی ئەیلول کتێب و وتاری جۆراوجۆیان بڵاودەکردەوە.

٣- ئەو نامەیە لە ئەرشیوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتدا بووە. دەفتەری سیاسی بۆ ئەوەی کە ئەرشیوەکەی مەترسی ڕژێمی عێراقی لەسەر نەبێت، ئەوانی لەلای کەریم حیسامی لە سوفیا داناوە. ناوبراو لە لاپەڕەکانی ٢٢٧- ٢٢٨ی بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانی کەڵکی لەو بەڵگەیە وەرگرتووە و منیش لە بیرەوەرییەکانی ناوبراوم وەرگرتووە.

٤- لە کۆبوونەوەیەکمدا لەگەڵ ڕێزدار عەبدوڵا حەسەن زادە، ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٥ لە نوسینگەی خۆی لە کۆمەڵگای کۆیە پێی گوتم: (دوای شەهید بوونی محەمەد شاتمان، پێشمەرگەکان دەچنە لای پورە ئەستیی دایکی و پێی دەڵێن: "ئێمە زانیومان شەهید محەمەد تفەنگی خۆی پێبووە و نرخی تفەنگەکەی ٧٠٠ تمەنە و ئێمە پوولەکەمان بۆ هێناوی." پورە ئەستی لە وەڵامی پێشمەرگەکان دەڵێت: "من بە پوولی تەشی ڕستن ئەو تفەنگەم بۆ محەمەد کڕیبوو، من پوولی تفەنگەکەم ناوێ، بەڵام ئێوەش درێژە بە ڕێگاکەی بدەن.")

## حیزبی دیموکرات لەبەردەم گەڕانەوە بۆ ژێربالّی حیزبی تودە

لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەدا کە لە دوو بەشی **"بنکەی دێریێ و پلانی نوێ"** و **"کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات"**دا ئاماژەم بۆیان کرد و لە بەردەوامیی هەوڵەکانی حیزبی تودەی ئێران بۆ گەڕاندنەوەی حیزبی دیموکرات بۆسەر هێڵ و ئایدیۆلۆژیی پێش سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق، ڕۆژی ١٩٦٧/٤/٥ حەمید سەفەری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی تودەی ئێران بە کەریم حیسامی ڕاگەیاندوە ڤیزای ئەڵمانیای بۆ هاتووە. ڕۆژی ١٩٦٧/٤/١٢ حیسامی چوەتە ئەڵمان و ڕۆژی ١٩٦٧/٤/١٧ لە بەرلینەوە چووە بۆ لوبنان و لەوێشەوە بۆ دیمەشق و ڕۆژی ١٩٦٧/٤/٢٣ بە سواری ئوتۆبوس گەیشتوەتە بەغدا. ئەوە لە کاتێکدا بووە کە سلێمان موعینی و پێشمەرگە هاورێکانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوون. لەبەر ئەوە، کەریم حیسامی بەهەوڵی حیزبی شیوعی عێراق توانیویەتی یوسف ڕیزوانی[1] بدۆزێتەوە. بە یارمەتی ڕیزوانی چەند نامەی ڕەوانەی سلێمان موعینی، محەمەدئەمین سیراجی و ئەمیر قازی کرد و لە ماوەی مانەوەیدا لە بەغدا چاوی بە ئیسماعیل شەریف زادە، قادر شەریف، سەعید کوێستانی و چوکەڵ گەوهەری چوار لایەنگری حیزبی تودە و دژی سیاسەتەکانی ئەحمەد تۆفیق کەوتووە و نەیتوانیوە سلێمان موعینی و محەمەدئەمین سیراجی ببینێت، بەلاّم ڕۆژی ١٩٦٧/٥/٤ نامەیەکی لە سیراجی، ڕۆژی ١٩٦٧/٥/١٢ نامەیەکی لە موعینی و ڕۆژی ١٩٦٧/٥/٣ نامەیەکیشی لە ئەمیر قازی پێگەیشتوە[2].

حیسامی لەو سەفەرەیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و بەناچار ڕۆژی ١٩٦٧/٥/١٩ گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و ڕۆژی ١٩٦٧/٥/٢٣ بە لوبناندا چووەتەوە بەرلین و ڕاپۆرتی سەفەرەکەی داوە بە ئیرەج ئەسکەندەریی. دوای گەڕانەوەی بۆ بولغارستان، ناوبراو بە نامەیەک دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملووی لە ڕووداوەکانی کوردستان ئاگادار کردوەتەوە و ئەویش ڕۆژی ١٩٦٧/٩/٩ وەلاّمی نامەکەی داوەتەوە و لەودا ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە سەبارەت بەخۆی گرتووە کە بۆچی لە پێوەندیی لەگەڵ مەسەلەی کوردستاندا پێوەندیی پێوە ناکەن. لەوکاتەدا هیچکام لە دوو لایەنە، سلێمان موعینی و حیزبی تودە نەیانویستوە دوکتۆر قاسملوو تێکەلاّوی ئەو پەیوەندییانە بکەن.

حیزبی تودە جارێکی تر کەریم حیسامی لە ڕۆژی ١٩٦٧/١٠/١٥دا ناردوەتەوە عێراق. ناوبراو تا ڕۆژی ١٩٦٧/١١/٢٧ لە بەغدا بووە و لەو ماوەیەدا سەعید کاوە، مەلا محەمەد خزری و چوکەڵ گەوهەری بینیوە، بەڵام دەستی بە سلێمان موعینی و محەمەدئەمین سیراجی نەگەیشتوە و بە ناچار لە بەغداوە، مەبەستی خۆی بەنامە بۆ سیراجی و موعینی ڕوون کردوەتەوە. ڕۆژی ١٩٦٧/١٢/١ وەڵامی سیراجی و موعینی پێگەیشتوە و هەردووکیان خۆشحاڵیی خۆیان بۆ بینینی "ئارام" واتە دوکتۆر ڕادمەنیش دەربڕیوە. حیسامی بە تەلەیفون مەسەلەکەی بە عەبدولسەمەد کامبەخش گەیاندوە و ئەویش ڕۆژی ١٩٦٧/١٢/١٧ سەرلەنوێ حیسامی ڕەوانەی عێراق کردوەتەوە و پێیگوتووە: ڕادمەنیش لە بەغدایە و بچۆ لەوێ کۆبوونەوەکە ڕێکبخە، کەچی کاتێک حیسامی گەیشتوەتە بەغدا، ڕادمەنیش لەوێ نەماوە. ڕۆژی ١٩٦٧/١٢/٢٨ سیراجی و موعینی دەچنە بەغدا، بەڵام دیسان کۆبوونەوەکە پێکنایەت و کەریم حیسامی ڕۆژی ١٩٦٨/١/٥ بە دەستی بەتاڵ گەڕاوەتەوە بۆ سۆفیا.

ڕۆژی ١٩٦٨/١/١٠ دەفتەری سیاسی حیزبی تودە کۆبوونەوەیەکی بۆ دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان لە "پراگ" ڕێکخستوە. حەسەن قزڵجی، دوکتۆر قاسملوو، کەریم حیسامی، دوکتۆر سوڵتان وەتەمیشی، دوکتۆر عەلی گەلاوێژ ستافی ڕۆژنامەی کوردستان[3] لەگەڵ دوکتۆر ڕادمەنیش و کامبەخش بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کردوە. دوای گفتوگۆ کردنیان لەسەر ڕۆژنامەکەیان، باسیان لە **"کوردە هاوڕێکانیان"** لە عێراق کردوە و لەسەر داوای بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە، ڕادمەنیش و کامبەخش ڕازیی بوون دوکتۆر قاسملووش بخەنە ناو ئەو هەوڵانەوە کە بۆ ڕاکێشانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەیدەن. بەو مەبەستە، حیزبی تودە بۆ جاری چوارەم ڕۆژی ١٩٦٨/١/٢٦ کەریم حیسامی ناردوەتەوە عێراق کە زەمینەی ڕێکخستنی ئەو کۆبوونەوەیە خۆش بکات. ناوبراو چووە و سیراجی و موعینی ئاگادار کردوەتەوە و ئەوانیش ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٥ گەیشتونەتە بەغدا. لەوێ بە هاوکاریی حیزبی شیوعی عێراق کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، دەستی لە پەرەپێدانی کێشەکانی ناو حیزبی دیموکراتدا هەبووە، شوێنێکیان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە لە "ئەبو نەواس" دیارییکردوە. ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٦ دوکتۆر ڕادمەنیش پێشنیازی بە موعینی و سیراجی کردوە کە ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی وڵات و خەبات و تێکۆشانی خۆیان بنوسن و پێشنیازەکانیان لەو ڕاپۆرتەدا بگونجێنن کە حیزبی تودە بڕیاریان لەسەر

بدات. سلێمان موعینی دژی ئەو داخوازەی ڕادمەنیش ڕاوەستاوە و پێی گوتووە: **(ئێمە نوێنەری دوو حیزبی جیاوازین و ئامادە نیین لەسەر باروودۆخی خۆمان ڕاپۆرت بۆ ئێوە بنوسین.)** لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەی موعینیی دا، ڕادمەنیش ڕازیی بووە وەک دوو حیزبی جیاواز، واتە حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵیان کۆبێتەوە، نەک "هاوڕێیانی کوردی ئێران".

ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٩ لەنێوان حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتدا کراوە. بەشدارانی بریتی بوون لە: سلێمان موعینی، محەمەدئەمین سیراجی، دوکتۆر ڕادمەنیش، دوکتۆر قاسملوو و کەریم حیسامی. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا سلێمان موعینی ڕازیی نەبووە دوکتۆر قاسملوو بەشداریی کۆبوونەوەکە بێت. لەو بارەیەوە محەمەدئەمین سیراجی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٢، پێیڕاگەیاندم:

- **(دوای دوو ڕۆژ هەوڵدان، سەرئەنجام عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق موعینی ڕازیی کرد کە واز لەو ڕایەی بهێنێت و بەوجۆرە دوکتۆر قاسملووش بەشداریی کۆبوونەوەکە بوو.)**

لەو کۆبوونەوەیەدا دەربارەی خەبات و چالاکیی لە ئێران، کێشەی ناوخۆی حیزبی دیموکرات و زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی، بەرنامەی خەباتی سیاسی و سەربازیی، داواکارییەکانی حیزبی دیموکرات لە حیزبی تودە باس و گفتوگۆیان کرد. کۆبوونەوەکە چوار ڕۆژی خایاندوە و ئەم بڕیارانەی پەسند کردوە:

- بەو مەرجەی مارکسیستەکان ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بگرنە دەست، حیزبی تودە حیزبی دیموکرات بە ڕەسمیی دەناسێت.
- شەڕی چەکدارانە دژی ڕژێمی ئێران بەهێز بکرێت و بۆ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی کەڵکی لێوەربگیرێت.
- پرۆگرامی حیزبی دیموکرات دژی پرۆگرامی حیزبی تودە نەبێت.
- هیچ کام لەو دوو حیزبە بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتر دەربارەی کێشەی کورد لەگەڵ هیچ حیزب و حکومەتێک پەیوەندیی نەکەن.
- هەوڵ بدرێت خۆ لە بارزانیی نزیک بکەنەوە.
- حیزبی تودە یارمەتی سیاسی، ئابووری و فەننی حیزبی دیموکرات بدات.

**- محەمەد ئەمین سیراجی و سلێمان موعینی نابێ پەیوەندیی بەو كەسانەوە بكەن كە هەڵگری بیری ماوستۆنگ بن كە لە لایەن جەلال تاڵەبانییەوە یارمەتی دەدرێن.**

**- دوكتۆر قاسملوو بۆ پەروەردەكردنی كادیری سیاسی بگەڕێتەوە كوردستان و.... چەند بڕیارێكی تر.** (پاشبەندی ٣٣)

ئەو بڕیارانە بەتێكڕا دژی پڕۆگرام و پەسەندكراوەكانی كۆنگرەی دووەمن و لە خاڵی یەكەم و چوارەم و هەشتەمیدا، سەربەخۆیی سیاسیی لە حیزبی دیموكرات وەرگیراوەتەوە. كەریم حیسامی دەڵێت: سیراجی و قاسملوو پێكەوە بەیاننامەی كۆبوونەوەكەیان ئامادە كرد و ئەوانیش لە كۆبوونەوەكەدا پەسەندیان كرد[٤]. لە بەیاننامەكەیاندا دڵنیایی لە **"یەكیەتی ڕێكخراوەیی"** لە نێوان حیزبی توده و دیموكراتدا كردوە و گوتراوە:

**- (حیزبی دیموكرات لە یەكەم كۆنفرانس یان كۆنگرەی خۆیدا ئەو پرۆژەیە دەخاتە بەرباس و هەوڵی پەسەندكردنی دەدات.)**

كەریم حیسامی دەڵێت: بەیاننامەكە بە خەتی حەمەدەمین نووسراوە، كەچی محەمەدئەمین سیراجی لە پەیوەندییەكی تەلەفۆنیدا ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٥ پێیراگەیاندم: **(هەڵبژاردنی من و ڕەحمان قاسملوو شتێكی ڕواڵەتیی بوو، چونكە بەیاننامەكە پێشتر لە لایەن حیزبی تودەوە ئامادە كرابوو.)**

موعینی و سیراجی لە كۆبوونەوەكەدا داوای چەك و پارەیان لە ڕادمەنیش كردوە و ئەویش دوو هەزار دیناری عێراقی داونێ. سەبارەت بەدانی ئە بڕە پارەیە بە حیزبی دیموكرات، پرسیارم لە محەمەدئەمین سیراجی كرد، ناوبراو گوتی: **(ڕادمەنیش دوو هەزار دیناری عێراقیی دا بە ئێمە كە ئەوكاتە نزیكەی حەوت هەزار دۆلاری ئەمریكی بوو.)** لەو بارەیەوە پێوەندییم بە ئەمیر قازییەوە كرد، ناوبراو وتەی سیراجی سەلماند.

دوای ئەو كۆبوونەوەیە، محەمەدئەمین سیراجی لەترسی گیرانی لەلایەن شۆڕشی ئەیلولەوە، كوردستانی بەجێهێشت و چوو بۆلای حیزبی شیوعی و لە بەغدا گیرسایەوە و حیزبی توده بڕیاریدا خەباتی چەكدارانە ڕابگرێت و پێشمەرگەكان بگەڕێننەوە بۆ عێراق و هەوڵیداوە بارزانیی ڕازیی بكات كە لێیان خۆش بێت و لە ناوچەیەكدا كۆیان بكاتەوە[٥]. هەر لەو كاتەدا سیراجی نامەیەكی بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی توده نوسیوە و ئەوانیش ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/٩ كەریم حیسامیان ناردوەتە بەغدا كە بڕیاری حیزبی تودەی لەسەر ڕاگرتنی

شــەڕ و گەڕاندنــەوەی پێشــمەرگەکان بــۆ باشــوری کوردســتان پێڕابگەیەنێــت، بـــێخەبەر لەوەی ســـلێمان مـــوعینی لە ڕۆژی ١٩٦٨/٥/٥ نەمـــاوە و شـــەڕی چەکدارانەش بە کۆتاهاتووە.

بەهەر حاڵ حیزبی تودە بەو شێوەیە خۆی گەیاندەوە ئەندامە چەپڕەوەکانی حیزبی دیموکرات و سەرلەنوێ حیزبی دیموکراتی خستەوە ژێربالّیی خۆی کە لە هەوڵدانی ڕاستەقینەی کوردایەتی دووری بکاتەوە، هەرئەو کارەی ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ فیــرقەی دیمــوکراتی ئازەربایخــان و حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتان و پێشەوا قازی محەمەد و سەید جەعفەر پیشەوەری کردی بۆ بەناو بە دیموکراتی کردنی ئێران. لە لاپەڕەکانی دواییدا ئاکامی ئەو دانیشتن و ڕێککەوتنانەتان بۆ پێکهێنانی **"یەکیەتی ڕێکخراوەیی"** دەخەمە بەرچاو.

---

١- لە لاپەڕەکــانی پێشــوودا لەگەڵ نــاوی یوســف ڕیزوانــی ئاشــنا بــووین، نــاوبراو دوای وەرگیرانــی بە پەنـابەر لە سـەردەمی ئەحـمەد تۆفیـق دا، چـوو بـۆ بەغدا و بەنـاوی خـوازراوی "عەبدوڵا شلێر" لەوێ دوکانی وێنەگریی هەبوو.

٢- لە بەرامـبەر وتەی کەریـم حیسـامیدا کە دەڵێـت نـامەیەکم لە ئەمیـر قـازی پێگەیشـتوە، نـاوبراو لە لاپەڕەکـانی ١١٨ و ١١٩ی کتێبەکەیدا "بیـرەوەرییە سیاسـییەکانم"دا دەڵێت وەڵامـی نامەی کەریم حیسامی داوەتەوە.

٣- دوکتــۆر قاســملوو بــە هاوکــاریی حەســەن قزڵجــی، کــەریم حیســامی، دوکتــۆر ســوڵتان وەتەمیشی و دوکتۆر عەلی گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٦٦وە تا ساڵی ١٩٧٠ بە بڕیاری حیزبی تودە ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی کوردستان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بڵاودەکردەوە.

٤- دەقی ئەو بەیاننامەیە لە لاپەڕەی ٩٦ و ٩٧ی بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیدا بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە.

٥- بەرگـی سێیەمی بیرەوەرییەکـانی کەریـم حیسـامی لاپـەڕەی ١٣٧ و هەروەهـا بـۆ بینینـی بەڵگەنامەکانی سەفەری حیسامی بڕواننە بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانی ناوبراو.

## كۆنفڕانسی دووەم و ڕاكردنی ئەحمەد تۆفیق بۆ بەغدا

شكانی بزوتنەوەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ حیزبی دیموكراتی كوردستان، تەنیا بە شەهیدبوونی ئەو كۆمەڵە كادیر و پێشمەرگانە بەكۆتا نەهات كە ئاماژەم بۆیان كرد. بەگوێرەی نامەی ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/٢١ كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكرات بۆ سەرۆك مستەفا بارزانی ڕژێمی ئێران تەنیا لە ناوچەی موكریان زیاتر لە هەزار كەسی گرت و زیاتر لە ١٢٠ كەسیش لەترسی گیران، خۆیان گەیاندە باشوری كوردستان. شەڕی چەكدارانە پەرەی بە كێشەكانی ناوخۆی حیزبی دیموكراتدا و كێشەكانی گەیاندە پلەیەك كە قەوارە و ستروكتوری حیزبی دیموكراتیان هەڵوەشاند. بۆ چارەسەریی ئەو كێشانە، ئەمیر قازی و مەلا سەید ڕەشید حوسێنی دوو ئەندامی پاشماوەی كۆنگرەی دووەم، بۆ چارەسەریی كێشەكان و ڕزگاركردنی گیراوە سیاسییەكان و ڕێگەگرتن لە ئەشكەنجە كردنیان لە زیندانەكانی ڕژێمی شادا، ئەم نامەیەی خوارەوەیان ئاراستەی سەرۆك مستەفا بارزانی و مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكرات كردوە:

سەرۆك بارزانی زۆر موحتەرەم ١٩٦٨/١٠/٢١

بە حورمەتەوە: وەكو ئاگادارن پەلاماری حكومەتی ئێران مەلبەندی كوردەواری لە كوردستانی ایران جارێكی تر بە پان و بەرینی گرتووەتەوە و لێدان و حەبس و كوشت و بری كوردی بێ دیفاع و بێ دەسەڵات لە وڵاتەكەماندا بەشێوەی توندتر و بێ رەحمانە تر لە هەموو پەلامارێكی رابردوو دیسان دەستی پێ كردوەتەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوەی كە هەرلە زووەوە بەپێی حاڵ و وەزعێكی كە لە كوردستانی ایراندا پێك هاتبوو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەمان دەكرد و بە تیكرار قیادەی شۆرشمان ئاگادار كردوە ئەو پەلامارە بەشێكی مدبر و بە نەخشە دەزانین كە دەزگای حاكمەی ئێران لەسەر ئەساسی "لە ئاوی لیخن ماسی گرتن" پێوەی هەستاوە. هێرشی نوێی حكومەت پاش گەڕانەوەی سپهبد ئویسی لە سەردانی مەهاباد بۆ تاران دەستی پێ كرد. سپهبد ئویسی فەرماندەی گشتی ژاندارمری ئێران بۆ هەڵسەنگاندن و شارەزایی زیاتر دەوری ٢٥ رۆژ لەمەوبەر خۆی گەیاندە مەهاباد و زۆر پیاوی خاوەن نفوزی موكریانی لە تالاری فەرهەنگی مەهاباد كۆكردەوە. ناوبراو لە نوتق خیتابەیەكی هەڕەشاوی كە بەو بۆنەوە كردی بە ئاشكرا نیازی دەزگای حاكمەی دەربڕی. تەنانەت بە سەراحەت و بێ پەردە رای گەیاند كە (كورد عامە خائین بە

شاهەنشا و تەواویەتی ئەرزی ایرانە بۆیە حەق و مافی ژیانی نیە. من هەرلە ئێستاوە ئەمر لە راوەستاندنی هەموو پڕۆژەیەکی ئاوەدانی و ئیسلاحاتی لە ناوچەکانی کوردنشین دەدەم.)

پێنج رۆژ پاش گەڕانەوەی فەرماندەی ژاندارمری بۆ تاران شاڵاوی ژاندارم ناوچەکانی کوردەواری داگرتو لێدانو گرتن و کوشتن بەشێوەی گشتی و لەسەر ئەسڵی "بێ باوەری و بێ ئیعتیمادی بە کورد "چاک و خراپ، پیر و جحێل درایە بەر قۆنداخی تفەنگ و زیندانەکانیان لێ ئاخندرا تەنانەت ژنیش بێ بەش نەماوە. تا ئێستا بێجگە لە نیزیکەی ۱۲۰ کوردێک کە خۆیان گەیاندوەتە کوردستانی ڕزگارکراو هەروەها بێجگە لەوانەی کە لە ترسی تعذیب و کوشتن بە چیاوەن، زیاتر لە هەزار کەس تەنیا لە ناوچەی موکریان لە چینە جۆربەجۆرەکانی کورد بەتایبەتی چین و تەبەقەی مەلا و عولەمای دینی بە تێکرایی خراونەتە ژێر داری شکنجە و حەبس کە جیا لە مەلا مستەفای پەسوێ کە لەژێر داردا پشتی شکاوە و مردوە چارەنوسیان بۆ ئێمە ڕوون و معلوم نیە.

هێرشی بێ شەرمانەی حکومەتی ایران گەیشتوتە ڕادەیەک کە بەبێ ترس و خۆف بەبێ هیچ لێ پرسین و مەحکەمەیەک کورد وەکو بەرخ سەر دەبڕن.

نمونەی ئاشکرای ئەو حاڵە حوسین خورخورەیی گەورکان کە بە رۆژی روون لەبەر چاوی سەتان کوردی مەهابادی کە بەزۆری لێدان و گۆیا بۆ ئەوەی عیبرت گرتو بن بۆ مەیدانی رەمی راکێشراون لە "بازاری حەیوانان" گوللەباران کرا. شاڵاوی دوایی حکومەتی ئێران ترس و ارهابیکی ئەوتۆی خستوەتە کوردستانەوە هێچ کوردێک هیوا و هومیدی ژیانە تاسەر سنگەکەی پێشووی پێ نەماوە. ئێمە کە بەو پەری پەرۆشەوە دەست لەسەر دەستی بی دەسەلاتی دەروانینە حالی پەشیو و منت باری ئەو رووی گەلی کوردمان لە کوردستانی ایران ئەو پەلامارە درندانەیە تەنیا هەر بە نیازی کوشتنی ئیحساسات و مەحف کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و تواندنەوەی گەلی کورد بە مەبەستی بەرگریی هەمیشەیی لە جولانەوەی رزگاریخوازی مسۆگەری دوارۆژی کورد لە کوردستانی ایران نازانین. بەڵکو بەشتێکی مدبرو تاکتیکیکی مەنفوری دەناسین کە رووی ژەهراوی راستەخۆ لە شورشی پیرۆز و حەق خوازانەی گەلەکەمان و سەرکردایەتیە دلسۆزەکەیەتی کە هەرلە زووەوە جێ و ڕێی بۆ خۆش کراوە دەزگای دعایە و تەبلیغاتی حکومەتی ایران بە هەرچی تواناوەیەتی زوڕنای بۆ لێ دەدا.

ئەو حەول و تەقەلایەی دوژمنــی فێـل بــاز شـتیکی شـاراوی نـیە و دەسـت پێوەندەکانی لە مێژە بەو ئەرکەوە هەستاون و دەهۆڵی بۆ دەکوتن کە گۆیا: شۆڕشـــی حەوت ســـاڵەی گەلە قارەمانەکەمـــان لە کوردســـتانی عیـــراق ئەنگوستیلەی قامکی دەزگـای حـاکمەی تـاران و کـوتکی پۆلایینە بۆ هەمـوو چەشنە سەربزێو و جولانەوەیەکی ڕزگاری خوازی لە کوردستانی ایران هەر کات و زەمان کە حکومەتی ایران بەپیویست و لازمی بزانـی. رون و ئاشکرایە بەو سیاسـەتە گـڵاوە دیـانەوی دل و دەروونـی لیپـاو لیـپ لە هەست و بـاوەری بەتین و پر هێزی کورد لە کوردستانی ایران بەرامبەر بە شورشە پیروزەکەمان ســارد کەنەوە لەلای تــرەوە شۆرشــمان هەڵقــولاو و گەشــەی دەرونـــی گەلە چەوساوەکەمانە و شۆرشێکی حەق خوازانە و نەتەوایەتی بەشتێکی سازکراو بو ریزە مەبەست و مصالحیکی تایبەتی و شەخسی بناسێنن. نمونەی ئاشکرای ئەو دعایــانەی کاربەدەســتانی ایــران فەرمایشــی! ســەرتیپ صــیادیان رەئیســی سازمانی ئەمنیەتی رەزائیە کە لە سەرەتای هیرشـەکەی دوایی دا بـی پەردە بلاوی کردوەتەوە و ئەفەرموا!! (آن یاخی سابق اکنون در اختیار ما است انشاالله روزی میرسد که به استانداری کرکوک منصوبش کنیم)

پەلاماری درندانەی دوایی کاربەدەستانی ایران بۆ مەڵبەندی کوردەواری لە کاتێکدا دەستی پێ کرد کە هەرچی لە باخەل و گیرفانیاندا هەبوو لەو دعـایە ژەهراویــانە بلاویــان کردبــوەوە و جبییــان بــۆ هیرشــەکەیان بەلای خویــانەوە رێکوپێک کردبوو. ئێمە لەگەڵ باوەری توند و قوڵمان بە شورش و پاریزگاری لە مصـاڵحی لەسـەر ئەو بـاوەرەین ئەو پەلامـارە بەپێـی حیسـاب و شـارەزایی بـۆ چەند مەبەستی تایبەت خاص هاتوە.

یەکەم- لێدانی کـورد لە کوردسـتانی ایـران و کۆتـایی پـێ هێنـان بە هەر جوڵانەوە و سەربزێوێک بۆ هەمیشە یان لانی کەم بۆ ماوەیەکی درێژ و طولانی.

دووهەم- لێدانی ضمنی شۆرش بە شێوەی فێل بـازانە کە پیشـە و کـردەوەی خاص و لە مێژینەی دەزگـای حـاکمەی ایـران ە. حـاڵ خـاڵی نیە لە کـاتێکی وا ناسک دا کە ئەو شالاوە غەیرە ئینسانیە لە پەنا گوێی شۆرشی حەوت ساڵە و چەسپاوی کوردستانی عێراق هاتۆتە سەر ناوچەکانی کوردەواری لە کوردستانی ایـران قیـادە شـورش یـا نیسـبەت بەو پەلامـار و شـالاوە بـێ لایەن و هەسـت دەمێنیتەوە یا حالەتێکی اعتراض و روی گرژ دەنوێنی.

لە رچاوکردنی شێوەی یەکەم سەرکەوتنی سیاسەتی دعایەی کاربەدەستانی ایران لە دژی شورشەکەمان و سەرکردایەتیە دڵسوزەکەی بەرچاوە و گرتنی شیوەی دووهەم لێدانی مصلحەتی شورش.

سێ هەم- بێ شک لە حالەتێکی هوجومی وا کورد لە کوردستانی ایران چ جێ و پەناگایەک غەیری شورش و کوردستانی رزگارکراو شک نابا ڕوی تی بکا و خۆی لە دار و قەمچی ژاندارم بشاریتەوە. پاش ماوەیەک داوای تەسلیم کردنەوەی ئەوان لە شەخسی سەرۆک دەست پێ دەکا. لێرەشدا حالی خالی نیە یا تەسلیم دەکرێنەوە کە لەو حاڵەدا ئامانج و مەبەستی پیسی حکومەتی ئێران کە لێدان و سوک کردنی شەخسیەتی شەخسی سەرۆک بارزانیە لە دەرەوە و لە ناو خۆدا یان لە تەسلیم کردنەوەی خۆ دەبوێرێ کە لەو سورەتەدا بروبیانو بۆ خۆ لە مەسالیحی شورش دزینەوە دێتە گۆرێ.

جا لە پلەیەکی وا عاستەم و باریک دا و لە حاڵەتێک دا کە گەلی چەوساوەمان لە کوردستانی ایران توشی ئەو پەلامارە بێ شەرمانەیە هاتوە و بە پانەوە کەوتووەتە ژێر دار و قەمچی ژاندارمی کاربەدەستانی ئێران، وەک مەسئول و بەرپرس لە چارەنوسی گەلی کورد بەگشتی لە جەنابتان چارە دەخوازین و داوامانە بە ئەوپەری تواناوە بۆ نەجات دانی هاو وڵاتیەکانمان لە کوشت و بر و زیندان و شکنجەی دەزگای غداری حاکمەی ایران تێ بکۆشن.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

مۆری حیزب[1] (پاشبەندی ٣٤)

دوای ڕەوانەی کردنی ئەو نامەیە، ئەمیر قازی و مەلا سەید ڕەشید حوسێنی لەگەڵ سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، ڕەشید قاچاخچی، سەید حاجی کەڵوێ و ڕئوفی مەلا حەسەنی کە ئەندامانی کۆمیتەی چاودێریی بەرز بوون، هەوڵی بوژاندنەوەی سەرلەنوێی حیزب و ئامادەکاریی پێکهێنانی کۆنفرانسی دووەمی حیزبیان دا. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٥٨ی کتێبی "بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەڵێت: (ماوەی بەهار و هاوینی ئەو ساڵە بە گیروگرفتی ئامادەکاری بۆ کۆنفەرانسێکی حیزب، خەریک بووین. لەو ماوەیەدا و بۆ ئەو مەبەستە، چەند جارێک هاتوچۆی لای ناوچەی کانیی ماسی و بارەگای بارزانیمان هەبووە، تا بۆ بەشداری لەو کۆنفەراسەدا، دەرفەتی چەند ڕۆژێک بۆ گەڕانەوەی کاک ئەحمەد تۆفیق پێک بێنین کە نەیگرت و جێبەجێ نەبوو

ئیجازەمان بۆ وەرنەگیرا، بەڵان ڕەحمەتی کاک ئیدریس بارزانی ٢٠٠ دینار پارەی ئێراقی یارمەتی داین تا کاروباری کۆنفەرانسی پێ ڕاپەڕێنین.)

عەبدوڵا حەسەن زادە لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و بوژاندنەوەی حیزبی دیموکرات دەڵێت: (ئەحمەد تۆفیق دوور خرابووەوە بۆ بەرواریی، کاک ئەمیر قازیی و سەید ڕەشید حوسێنی لە کۆمیتەی ناوەندیی لەگەڵ سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، ڕەشید قاچاخچی، سەید حاجی کەڵوێ، ڕئوفی خەبات لە کۆمیتەی چاودێریی باڵا لە ناوچەکەدا مابوون و لە ماڵی خۆیان دانیشتبوون و ڕێکخراوەکەیان هەڵوەشابوو..... بەهاری ساڵی ١٣٤٧ – ١٩٦٨، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە هاتە سەردانم، گوتی: بۆچی تۆ لێرە بەنهێنی بژی؟ ئەو نێوانی لەگەڵ حەسۆ میرخان زۆر باشبوو، پێکەوە چووین سەردانی حەسۆ میرخانمان کرد. دواتر کاک ئەمیر قازی هاتەلام و من لەگەڵ ئەوانە دەستمان پێکرد لەنێو ئەو کوردانەدا کە لێرە لە باشوری کوردستان بوون، تا ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ مەترسیمان لەسەر بوو، ئەمیر قازی و سەید ڕەشیدی حوسێنی کە دوای شۆڕشی ئێران لە سەقز شهید بوو، لەگەڵ ئەوانەی لە کۆمیتەی چاودێری بەرزدا بوون و حەسەن ڕەستگار و ڕەسوڵ پێشنماز و ژمارەیەکی تر کۆنفرانسی دووەمی حیزبمان پێکهێنا و کۆمیتەیەکمان دروست کرد بەناوی تەرمیمی کۆمیتەی ناوەندی و من و مامۆستا هێمن و کاک حەسەن ڕەستگار چووین لەو کۆمیتەیەوە و بووین بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی.)

کۆنفرانسی دووەم، بە بەشداریی ٣٥ کادیر و پێشمەرگە، ڕۆژی ١٩٦٩/٨/١٥، لە گوندی "وەرتە" لە بناری قەندیل لە ماڵی عەبدوڵای مەلا عوسمان لە گوندی وەرتێ پێکهات و عەبدوڵا حەسەن زادە، محەمەدئەمین شێخولئیسلامی موکری "مامۆستا هێمن" و حەسەن ڕەستگاری بەناوی تەرمیمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد و ئەحمەد تۆفیقی وەک سکرتێری حیزب لەجێی خۆی هێشتەوە. کۆنفرانس ڕاگەیاندراوێک و چەند پەیامی بۆ ڕێکخراوە سیاسیی و کەسایەتییەکانی کوردستان نارد. عەبدوڵا حەسەن زادە لە لاپەرەی ٥٢ی کتێبی " نیوسەدە تێکۆشان"دا سەبارەت بە کۆنفرانسی دووەمی حیزبی دیموکرات دەڵێت: (کۆنفرانس هێندێک هەنگاوی بەکەڵی هەڵێنانەوە. لەناوخۆی حیزب دا بەنیسبەت ئەو ئەندام و کادرانەی حیزب کە لە کوردستانی عێراق دەژیان یەکیەتیی بیروباوەڕ و کردەوەیەکی نیسبەتەن باشی پێک هێنا و

بەڕێوەبەرایەتییەکی هەڵ بژارد کە بۆ ژیاندنەوەی ڕێکخراوی حیزبی لەناو ئەندامانی دەوروبەر و ئاوارەی حیزب دا هەوڵێکی بەکەڵکی دا.)

هەروەها کۆنفرانسی دووەم بڕیاریدا ئەمیر قازی ئاکامی کۆنفرانسەکە بە سەرۆک بارزانی بگەیەنێت و مەلا سەید ڕەشیدیش بچێت بۆ گوندی کانی ماسی و سەبارەت بە ئاکامی کۆنفرانس و هێشتنەوەی ئەحمەد تۆفیق لە پۆستنی خۆیدا لەگەڵ ناوبراو بدوێت، بەڵام ناوبراو لە کانی ماسییەوە نامەیەکی بە خەتی ئەحمەد تۆفیق بۆ ئەمیر قازی ڕەوانە کرد کە تێیدا نوسرابوو: (ئێمە چووین بۆلای حکومەت و داوا دەکەین ئێوەش خۆتان بە نزیک ترین پێگەی حکومەتی عێراق بناسێنن.)

دەربارەی ئەو نامەیە، ڕەسوڵ پێشنماز لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٥ پێی گوتم: (ئەحمەد تۆفیق نامەی ناردبوو کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پێوەندیی نێوان ئێران و شۆڕش پەرەدەستێنێ و جێی ئێمە تەنگتر دەبێتەوە و داوای کردبوو ئێمە بچین بۆلای حکومەتی عێراق. بۆ یەکدەنگیی لەسەر داوای ئەحمەد تۆفیق لە ماڵی ئێمە لە قەڵادزێ کۆبووینەوە. کەریم حەداد خواردن و پێداویستییەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی دابین کرد. ئەمیر قازی، حەسەن ڕەستگار، مامۆستا هێمن، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، مەلا خدری دۆڵەگەرمیی، مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە، مەلا عەزیز ئەحمەدی، کەریم حەداد و من و .... تد بەشداریی ئەو کۆبوونەوەمان کرد. نامەیەکمان بۆ بارزانی نوسی و گوتمان تا بستێک لە خاکی کوردستان مابێ، ئێمە پشتی شۆڕش و بارزانیی بەرنادەین. هەروەها بڕیارماندا ئەمیر قازی بارەگای بارزانی لەو هەڵوێستەمان ئاگادار بکاتەوە. بارزانی بەو نامەیە، سەبارەت بە ئێمە دڵنیایی زیاتری پەیدا کرد و بە حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی ناوچەی سەنگەسەری ڕاسپاردبوو، ڕێزمان بگرێت.)

ئەمیر قازی لە لاپەڕەکانی ١٦١- ١٦٢ی کتێبی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەو نامەیەی ئەحمەد تۆفیق کردوە و دەڵێت: (... نامەکەم کردەوە، دەستخەتی کاک ئەحمەد بوو. نامەیەکی کورت و موختەسەر بەو ناوەڕۆکە: "کاک ئەمیر، ئێمە لێرە بڕیارمان دا خۆ بگەیەنینە پایەگاکانی حکومەتی و خۆمان تەسلیم بەوان بکەین. ئێوەش لەوێوە هەرچی زووتر و بەپەلە تر خۆ بگەیەننە پایەگاکانی حکوومەتی و بگەنە ئێمە، کە یەکترمان دیتەوە مەوزووع و مەسەلەت لێ ڕوون دەبێتەوە." لەگەڵ ئەو نامەیەی کاک ئەحمەد نووسراوێکی

چەند دێڕی کاک مەلا ڕەشید هەر دەگەڵ بوو، کە بە جیاواز پێچابوویەوە. کاک مەلا ڕەشید نووسیبووی: "ئێمە ڕۆیشتین، ئێوەش لەوێ قەراری خۆتان بۆخۆتان بدەن." ئەو خەبەرنامە سەرسووڕێنەرە! ئەو کردەوە نابەجێ و منداڵانەیە! وەک کوتک لە سەرم بدەن، گێژومەنگی کردم. ... ئەو ڕۆژە سەعات نەببوو بە ٢ی پاشنیوەڕۆ، بەتێکڕا لە ماڵی کەریم حەداد بۆ جارێکی دیکە یەکترمان گرتەوە و کۆبووینەوە، داوام لێکردن لەوکاتە ناسکەدا، هەرکەسە ڕاوبۆچوونی خۆی بڵێ و ڕاشکاوانە چی لە دڵدایە دەری ببڕێ تا بگەینە بڕیارێکی گشتی و چارەنوس ساز! بۆ ماوەی چواریەکە سەعاتێک کشوماتێکی قورس بەسەر خەڵکەکەدا زاڵ بوو، ناچار سکوتی حاکمم شکاند و گوتم: "فەرموون بڵێن، قسە بکەن تا بزانین ئێمە ڕێ و ڕامان چ بێ!" ڕوویان دەمن بوو و گوتیان :"لەپێشدا بزانین تۆ دەڵێی چی؟ پاش تۆ ئێمەش قسەی خۆمان دەکەین." گوتم: کردەوەی کاک ئەحمەد ئەویش دروست لەو وەختەدا کە ئێمە تازە دەورانی چەرمەسەری ڕۆژگارمان دەرباز کردووە و وا خەریکین خۆ بگرینەوە و بە خۆدا بێینەوە، کردەوەیەکی چەوت، هەنگاوێکی بێ لێکدانەوەیە و لەوەڕا، نیشانەی ئەوپەڕی بێ مەسئولییەتی دەگەیەنێ، گەمەیەکی ترسناک کە داهاتووی حیزب و چارەنوسی ئێمەش، دەخاتە بەرهات و نەهاتەوە... لەو کۆبوونەوەیەدا چ ئەوەی قسەیەکی کردبێ و چ ئەوانەی بێ قسە بووین، بەگشتی دەگەڵ ڕەدکردنەوەی نامە و هەنگاوی کاک ئەحمەد بووین....)

ئەمیر قازی دوای ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ڕاگەیاندنی ئاکامی کۆنفرانسی دووەم، بە خزمەت بارزانی گەیشتووە و ئاکامی کۆنفرانسەکەی بە بارزانی گەیاندوە و لەو بارەیەوە لە لاپەڕەکانی ١٦٢- ١٦٣ی کتێبەکەیدا نوسیویەتی: (کە چووم، بارزانی لەوێ دانیشتبوو و چاوەڕوان بوو. وەک هەموو جارێ لوتفی دەگەڵ کردم، باسی ڕۆیشتنی کاک ئەحمەدی هێنا گۆڕێ و پرسی: "بە نەزەری تۆ بۆ وایکرد؟ عەرزم کرد: "لام وایە لە جەنابت دڵ ئێشە، ئەو چەوتکارێیشی- بە مانای زیزبوونە لە جەنابت. دەبێ عەرز بکەم کە لەو بارەوە ئێمە بەتەواوی بێئاگاین، بەرلە ڕۆیشتنو لە واقیعدا زیزبوونی، هیچ باسێکی ئەوتۆی دەگەڵ ئێمە نەهێناوەتە گۆڕێ. ئێمە لەو کارەی ناڕازین، بە کردەوەیەکی چەوت و بە زیانی دەزانین بۆ خۆمان و بۆ داهاتووی کاری سیاسیمان." ئەوجار بارزانی وەقسە هات و دەستی کرد بە گلەیی لە کاک ئەحمەد، کە مرۆیەکی کەم حەوسەلەیە، دووربینی نییە، مرۆیەکی خۆشباوەڕ و کەم چیکلدانەیە.

نەفەس درێژ و دوورئەندیش نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش، ئەحمەد مرۆیەکی ئازا و بەجەرگە. کوردە و وڵاتی خۆی خۆش دەوێ، خزمەتی شۆڕشی کردووە، دەگەڵ من بووە و جێی باوەڕی منە، بەقەد کوڕەکانی خۆم خۆشم دەوێ و دەزانم خراپە ناکا. ئەوەندەیە و لەوانەیە بە برادەریی من ڕازی نەبووبێ، ئەیش قەیدی ناکا و لە خۆشەویستیی وی لەلای من کەم ناکاتەوە. ئێوەش، کاروباری خۆتان پەک مەخەن و نیگەران مەبن".)

سەبارەت بەو بڕیارەی سەرۆک مستەفا بارزانی کە ئەمیر قازی پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە و دەڵێت: "کاروباری خۆتان پەک مەخەن و نیگەران مەبن"، ڕەسوڵ پێشنماز دەڵێت: (کۆنفرانسی دووەم توانی ئەندامان و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبکاتەوە و لەو ڕۆژەوە هیچ کەسێک لە شۆڕشدا کۆسپی بۆ ئێمە پێکنەهێنا.)

هەروەکوو پێشتر ئاگادار بووین، ئەحمەد تۆفیق لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٦٦دا ڕەوانەی لەشکری یەکی بادینان کرا و لەگەڵ تاهیری مەلا حەسەن، غەفور فەتاح ئیبراهیمی، حەسەن فەتاحی ئیبراهیمی، ڕەحیم سۆفی عەبدولخالق، سەید عەلی سەیدە پیرە خەڵکی پیرانشار و سەید حەسەنی برای لە گوندی قومری لە بەرواریی باڵا مقەڕێکی کردووەتەوە و ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی لەشکری یەکەم، لە بواری ئەمنیەت و تدارکاتەوە هاوکاریی کردوە. تا ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی قومری بووە و لەو ساڵەدا مقەڕەکەی لە قومرییەوە گواستووەتەوە بۆ گوندی کانی ماسی و لەوێ، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی هێزی ئامێدی ئەمنیەتی پاراستوە و لەبواری پێداویستییەکانیشەوە یارمەتی داوە. تا کۆتایی کۆنفرانسی دووەمی حیزب و چوونی مەلا سەید ڕەشید حوسێنی بۆلای و وەرگرتنی زانیاریی لە کۆنفرانسی دووەم، ناوبراو لە گوندی کانی ماسی بووە و دواتر لەگەڵ مەلا سەید ڕەشید و پێشمەرگەکانی هاوڕێی چوون بۆ ئامێدی. ئەڵقەی پێوەندیی ناوبراو لەگەڵ حکومەتی عێراق، ئەحمەد ئاغای ئامێدی و خزمێکی بووە، ئەوان پێشتر فەرمانددەی پێشمەرگە بوون و گەڕابوونەوە لای حکومەت. ئەحمەد تۆفیق و هاوڕێیانی بە یارمەتی ئەو دوو کەسە، خۆیان گەیاندوەتە لای حکومەتی عێراق لە ئامێدی. لەو بارەیەوە غەفور فەتاح ئیبراهیمی یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی کە خوشکەزای ئەحمەد تۆفیقە لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (ئێمە نزیکەی ساڵێک لە گوندی قومری بووین و دواتر چووین بۆ کانی ماسی، ئەسعەد خۆشەوی هەموو پێداویستییەکانی ئێمەی دابین دەکرد. نزیکەی سێ ساڵێش لە کانی ماسی ماینەوە. عومەر ئاغای دۆڵەمەریی کە بەرپرسی پاسەوانەکانی بارزانی بوو و ئەحمەد تۆفیقی زۆر خۆشدەویست نامەیەکی بۆ کاک ئەحمەد نوسیبوو: "ئێران زەختێکی زۆریی هێناوە کە تۆ بدەنەوە دەستی و ئەو مەسەلەیە کێشەی لەنێوان شۆڕش و ئێراندا دروست کردوە، ئەوان یارمەتییەکانیان لە شۆڕش بڕیوە. داوا دەکەم تۆ چارەیەک بۆخۆت بدۆزەوە و خۆت ڕزگار بکە. کاک ئەحمەد زۆر دەترسا، لە سەری ئامێدی کۆی کردینەوە و گوتی نامەی عومەر ئاغا بۆ هاتووە و دەڕۆم بۆ بامەڕنی، لەوێ دۆستم هەیە و بەهۆی ئەوانەوە خۆم دەگەیەنمە بەغدا و لەوێوە بە یارمەتی کوردە فەیلییەکان دەچم بۆ ئەوروپا و گوتی ئێوە بگەڕێنەوە و کاریان بە ئێوە نییە. ئێمە قبووڵمان نەکرد. ئێمەش دەترساین کە بماندەنەوە بە ئێران و لەبەر ئەوە لەگەڵ کاک ئەحمەد چووین. ئەحمەد ئاغای ئامێدی و خزمێکی فەرماندەی پێشمەرگەبوون و گەڕابوونەوە لای حکومەت و ئێمە بەهۆی ئەوانەوە چووین بۆ ئامێدی، دوو شەو لەوێ بووین و لەوێوە ناردیانین بۆ موسڵ و لەوێشەوە بۆ بەغدا. حەوتوویەک لە فندق کوەیت بووین. پارەمان نەبوو. کاک ئەحمەد تفەنگێکی برنوی ئەڵمانی پێبوو کە بارزانی دابوویە، ئەو برنۆکەی ناردەوە بۆ بارزانی و منیش برنویەکم پێبوو کە فرۆشتمان.)



سەلیم ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی هێزی ئامێدی لەو سەردەمەدا، سەبارەت بە بوونی ئەحمەد تۆفیق لە کانی ماسی و چوونی ناوبراو و پێشمەرگەکانی هاوڕێی بۆ بەغدا، لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٣ پێی گوتم: (لە ساڵی ١٩٦١ەوە پاسەوانی تایبەتی بارزانی بووم. لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٦٤ بە ئەمری بارزانی بووم بە فەرماندەی هێزی ئامێدی لە لەشکری یەک و بنکەکەم لە بەرواریی باڵا بوو. دەتوانم بڵێم من نزیکەی چوار ساڵ و چەند مانگ لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بووم و لە بوارەکانی ئەمنیەت و دابینکردنی پێداویستییەکانی

خۆی و مقەڕەکەی، من بەرپرس بووم. ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ عیسا سوار فەرماندەی هێزی زاخۆ، بە هێزەکانمانەوە چووبووین رەبیعەی "باڵۆلک" لە چیای پشت ئامێدی بگرین کە لەوێ بیستمان ئەحمەد تۆفیق و پێشمەرگە هاورێیەکانی لە کانی ماسی ڕۆیشتوون و چوون بۆ ئامێدی. هەردووی ئێمە واتا من و عیسا سوار کە لە نزیکەوە ئەومان دەناسی زۆر ناڕەحەت بووین.)

بەو جۆرە، دوای کۆنفرانسی دووەم کە ئەندامانی حیزبی دیموکرات، لە مەترسیی گرتن و تەسلیم کردنەوە بە ئێران ڕزگاریان ببوو و حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە وتووێژێکی چارەنووسیی دا بوون و خەریکی پێکهاتن بوون، ئەحمەد تۆفیق بە هەواڵێکی دوور لە ڕاستیی و بەهۆی تووڕەیی لەوەی کە نەیتوانیوە بەشداریی کۆنفرانسی دووەمی حیزبەکەی بکات، ناوچەی کانی ماسی لەسەر سنوری باشور و باکوریی کوردستان بەجێهێشت و لەگەڵ مەلا سەید ڕەشید حوسێنی و شەش پێشمەرگەی هاوڕێی چوو خۆی تەسلیمی حکومەتی عێراق کرد و لە گەڕەکی "تێل محەمەد" کە گەڕەکێکی مەسیحیی نشین بوو لە بەغدا نیشتەجێ کرا. ئەمیر قازی لە لاپەڕەکانی ١٦٣ و ١٦٥ی کتێبی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ دوا دیداری خۆی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دەکات و دەڵێت: (دانیشتنی دوو قۆڵی و وتووێژ،- لەگەڵ بارزانی- کە زیاتریش هەر بەرێزیان دەدوا، زیاتر لە سەعات و نیوی خایاند. لە هەستاندا فەرمووی: "پێم باشە بچی و چاوت پێی بکەوێ، لە زمانی منیشەوە گلەیی لێ بکە."....

ئاخرین دیداری نوسەری ئەو یادداشتانە دەگەڵ کاک ئەحمەد، دیدارێکی سارد و سڕ بوو کە زیاتر هەربە گلەیی و گلەییکاری دەرباز بوو. ئێمە ڕەخنەمان لەو بوو لەسەر پەنابەری بۆ حکوومەتی ئێراق شتێک کە لەو چاوەڕوان نەبووین. ئەویش دڵشکاو و گلەمەند لە زەمین و زەمان. لای وابوو بێوەفایی دەگەڵ کراوە، ڕێز لە کەسایەتی و شەخسییەتی نەگیراوە، بەتایبەتی لە بارزانیی نەمر گازاندەی هەبوو و ئێمەش لە نێواندا تێوەگلابووین.)

---

١- ئەم بەڵگەیە لە بەرگی سێیەمی کتێبی بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی وەرگیراوە.

## کۆنفرانسی سێیەم و بەستراوەیی سەرلەنوێی حیزبی دیموکرات

لە سەردەمێکدا ئەرکی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی لە ساڵی ۱۹۵۹دا کەوتە سەرشان ئەحمەد تۆفیق کە زیاتر لە ۹۸%ی کادیرانی حیزبی دیموکرات خاوەن ئایدیۆلۆژیی حیزبی تودەی ئێران بوون. ئەو بە لێزانیی، مودیریەت و کارامەیی خۆی و چەند کادیری تر کە سەرەڕای نەتەوەیی بوونیان، مەیلیان بۆلای حیزبی تودەش هەبوو، حیزبی دیموکراتی لە سەرگەردانیی فیکریی، ئایدیۆلۆژی ناتەبا لەگەڵ خواستی ڕزگارییخوازنەی نەتەوەیی و بەستراوەیی بە حیزب و وڵاتانی بێگانە ڕزگار کرد. ناوبراو ئالای ئینتەرناسیۆنالیزمی حیزبی تودەی لە حیزبی دیموکراتدا دابەزاند و ئالای کوردستانی بوونی پێ بەرز کردەوە و بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستە ڕیزی بزوتنەوەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەو گەلانەوە کە بۆ ڕزگاریی نەتەوە، نیشتمان و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیان لە جیهاندا تێدەکۆشان. دروشمی بزوتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە "بزوتنەوەی میللی و دیموکرات"وە کە دروشمی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان و حیزبە سەرتاسەرییەکانە و هەوڵی بە دیموکراتیی کردن و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دەدەن، گۆڕی بۆ "بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی نەتەوەیی" کە دروشمی نەتەوە کۆڵۆنی و بێدەوڵەتەکانە و کوردی ڕۆژهەڵاتی لە چوارچێوەی "یەکێتیی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی"دا کۆکردەوە. هەروەها قازانجی نەتەوە و نیشتمانی کوردیی لە پێوەندییەکاندا خستە نێو قالبی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد لەگەڵ حیزب و دەوڵەتانی بێلایەن و جیاواز.

بە نەمانی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دیموکراتدا، وەک لە لاپەرەکانی پێشوودا بینیمان، بزوتنەوەی چەکدارانەی ۱۹۶۷- ۱۹۶۸ بەسەر بەشێک لە ئەندامانی حیزبدا سەپا و لە ئاکامیدا، حیزبی دیموکراتی توشی کارەساتێکی مێژوویی کرد و زیانێکی قەرەبوو نەکراویشی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دیموکرات گەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامە بەشدار نەبووەکانی حیزب لەو بزوتنەوەیەدا تووشی ئاڵۆزیی و پشێویی بوون و کەس نەبوو کە بتوانێ جێی ئەحمەد تۆفیق پڕبکاتەوە و پێش بەو زیانانە بگرێت کە بە ملی حیزبی دیموکراتدا سەپابوو. لاوازیی لە بەڕێوەبردنی حیزب بە دوای ئەحمەد تۆفیقدا، یەکەم هەنگاو بوو کە حیزبی تودەی هاندا بەرەو حیزبی

دیموکرات بگەڕێتەوە و پلانەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێ جێبەجێ بکات و پرۆژەی سەربەخۆیی لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتدا بسڕێتەوە، بە وتەی خۆیان "بیریی جیاوازیی خوازیی لە مێشکی کورداندا نەهێڵێت". بەم جۆرە بە دوای ئەحمەد تۆفیقدا، هەڵگرانی بیری ئینتەرناسیۆنالیزمی حیزبی تودە، سەرلەنوێ لە حیزبی دیموکراتدا ڕیشەیان داکوتاوە. سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە بە کەڵکوەرگرتن لە ڕێککەوتنی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق لە ١٩٧٠/٣/١١دا گەڕایەوە بۆ عێراق و بە هاوکاریی حیزبی شیوعی عێراق، بەغدای کردەوە پێگەی پیلانەکانی حیزبی تودە بۆ قۆرخکردنی دووبارەی حیزبی دیموکرات.

لەو پێوەندییەدا، ڕادمەنیش ڕۆژی ١٩٦٩/٥/٢٩ کەریم حیسامی ناردەوە بۆ بەغدا. لەو سەفەرەیدا کەریم حیسامی تێگەیشتوە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات پاڵیان بە جەلال تاڵەبانی و جاشەکانی ٦٦وە داوە و لە "کوروش لاشایی"[1] نزیکبوونەتەوە. ڕۆژی ١٩٧٠/٢/١٥، واتە ٢٦ ڕۆژ بەرلە واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی مارس، حیزبی تودە محەمەدئەمین سیراجی بردبوو بۆ بولغاریا کە لە ڕادیۆ پەیکی ئێراندا کاری پێ بسپێرێت، بەڵام ناوبراو لەوێ هەڵی نەکرد و ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٢٠ گەڕایەوە بۆ بەغدا. سیراجی سەبارەت بە گەڕانەوەی بۆ عێراق، لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢ پێیڕاگەیاندم:

**- (حیزبی تودە دەیویست لە ڕادیۆی پەیکی ئێراندا هاوکارییان بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بە خوێندن بدەم، بەڵام من ڕازیی نەبووم. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ڕێککەوتنی عێراق و پارتی دیموکرات و بڵاوبوونەوەی بەیانی ١١ی ئادار. بەو ڕێککەوتنە ئێمە لە بێهەویەیی "ناسنامە" ڕزگارمان دەبوو و دەمانتوانی هەوڵی بوژاندنەوەی حیزبی دیموکرات بدەین. بۆیە بەرلە گەڕانەوەم لەگەڵ ڕەحمان قاسملوو و مامۆستا حەسەن قزڵجی ڕێککەوتین کە من بگەڕێمەوە و دوای من ئەوانیش بێنەوە[2].)**

دوای گەڕانەوەی سیراجی بۆ بەغدا، دوکتۆر قاسملووش گەڕایەوە، سەرەتا چاوی بە ڕادمەنیش کەوتبوو و دواتر بە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی گەیشتوە و لە دانیشتنیدا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارزانی ڕازیی بووە ئەو ئەندامانەی حیزبی دیموکرات کە لەلای تاڵەبانین بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش و پێکەوە حیزبی دیموکرات ببووژێننەوە، بەو مەرجەی کارێکی وانەکەن کە پارتی دیموکرات

لەگەڵ ئێران دەرگیر بکەن. هەروەها بارزانیی ئامۆژگاریی کردوە کە پێوەندیی بە حکومەتی عێراقەوە بکەن و گوتویەتی: (**پێوەندیی ئێوە بە حکومەتەوە هەندێک کێشەی ئێمە و ئێران چارەسەر دەکات.)**

دوای ئەو دیدارەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی، دوکتۆر قاسملوو ڕۆژی ۱۹۷۰/٤/۱۵، نامەیەکی بۆ کەریم حیسامی ناردوە. ناوبراو نامەی قاسملووی لە لاپەڕەی ۱۸۸ی بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا بڵاوکردوەتەوە. لەو نامەیەدا دوکتۆر قاسملوو دەڵێت: (**لە دانیشتن لەگەڵ ڕادمەنیش لە بەغدا ئێمە نەزەرمان ئەوە بوو کە ئەو پێکهاتنەی مانگی فوریەی ۱۹٦۸ لە بەینی ئێمە و ئەوان کە لە بەغدا ئیمزا کراوە ئیعتباری هەیە.)**

هەروەها دوکتۆر قاسملوو نوسیویەتی هەڵسوکەوتی ڕادمەنیش لەگەڵ ئەو دۆستانە نەبووە، تەنانەت لە دووەم کۆبوونەوەدا گوتویەتی تۆ بەبێ ئیزنی ئێمە هاتوویتەوە و ئێمە خەرجی سەفەری تۆ نادەین. قاسملوو لە نامەکەیدا نەینوسیوە، یان کەریم حیسامی بڵاوینەکردوەتەوە کە لەو سەفەرەیدا قاسملوو لەگەڵ ئەمیر قازی چووەتە لای "عەبدولخالق سامەرایی" سەرۆکی "لیژنەی قیادەی قەومی"ی حیزبی بەعسی عێراق و حیزبی بەعس ڕازیی بووە مانگانە دوو هەزار دینار بدات بە حیزبی دیموکرات[3]، بەڵام ئەمیر قازی سەبارەت بەو پێوەندیی کردنە ڕۆژی ۲۰۰۸/۷/۹ پێی گوتم:

**- (بەرلەوەی کە من و دوکتۆر قاسملوو بچینە لای عەبدولخالق سامەرایی، من دوو جار لە گەلاڵە و بەغدا چاوم بە سامەرایی کەوتبوو. جاری یەکەم کە هاتە گەلاڵە بۆ وتووێژ لەگەڵ بارزانی، بارزانیی پێشتر ئاگاداری کردبوومەوە کە بچمە گەلاڵە. چووم و لە دوای وتووێژ کردنیاندا، بارزانی منی بە سامەرایی ناساند و گوتی ئەوە برادەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. دوای یەکتر ناسین، سامەرایی داوای لێکردم کە بچمە لای. هەروەها بەرلەو دیدارە ڕەسمییە، دوکتۆر قاسملووش جارێک چاوی بە سامەرایی کەوتبوو.)**

لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەدا، سەرکردایەتی حیزبی تودە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئیرەج ئەسکەندەریی لە جیاتی ڕادمەنیش بووە بە سکرتێری یەکەمی حیزبی تودە. ناوبراو لەگەڵ کامبەخش چووەتە سوفیا و لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداریی حەسەنی قزڵجی بڕیاری حیزبی تودەی بە حیسامی و قاسملوو گەیاندوە. کەریم حیسامی دەقی ئەو بڕیارەی حیزبی تودەی لە لاپەڕەی ۱۸۹ی بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا ۱۹٦۵- ۱۹۷۰دا بڵاوکردوەتەوە کە دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٧٠/١٠/١٦ ئیرەجی ئەسکەندەری و کامبەخش لە لایەن هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودەوە لەگەڵ ئێمە، سێ کەس " حەسەنی قزڵجی، دوکتۆر قاسملو و من" کۆبوونەوە. ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی: هەیئەتی دەبیرانی حیزب لە کۆبوونەوەی خۆیدا لەسەر پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات ئەم بڕیارانەی داوە:

١- هاوڵانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێبکۆشن کە حیزبی دیموکرات لە جەریانی دژی کۆمونیستی و دژی سۆڤیەتی دور بێت.

٢- سیاسەت و ڕەوتی دژی حیزبی تودەی ئێران نەگرێتەبەر.

٣- لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی پەیوەندیی باشی هەبێت.

٤- حیزبی دیموکرات خۆی بە بەشێک لە جوڵانەوەی ڕزگارییخوازیی سەرانسەری ئێران بزانێت.

٥- پاش پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ، حیزبی تودەی ئێران ئەم حیزبە بە ڕەسمیی دەناسێت و بە هەموو تواناوە پشتیوانیی لێدەکات.

دوکتۆر قاسملوو گوتی: حیزبی دیموکرات جگە لەو ڕێبازە، ڕێبازی دیکەی نیە.)

دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و کەریم حیسامی بەو ڕاسپاردەیەی حیزبی تودە گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و لەگەڵ محەمەدئەمین سیراجی و یوسف ڕیزوانی کۆمیتەیەکی ئامادەکاریی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکراتیان پێکهێناوە. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە: دوکتۆر قاسملوو، ڕەسوڵ پێشنماز و لەتیفی مەلا عەبدوڵا و ئەرکی کۆمیتەکەش بریتی بووە لە کۆکردنەوەی ئەندامە بڵاوەکانی حیزبی دیموکرات. پێشنماز بەرپرسی پێوەندیی کردن لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئەندامانە بووە کە لەلای حیزب مابوون. لەتیفی مەلا عەلی بەرپرسی گەڕاندنەوەی پێشمەرگەکانی لای بەکرەجۆ و جەلال تاڵەبانیی بووە و دوکتۆر قاسملوو بەرپرسی ئامادەکردنی کەریم حیسامی، محەمەدئەمین سیراجی و یوسف ڕیزوانی بووە. ئەو کۆمیتەیە توانی بەبێ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنفرانس، ٣٢ کادیر و پێشمەرگە بۆ بەشداربیکردن لە کۆنفرانسدا ئامادە بکات. کۆنفرانسی سێیەم ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢١ بە بەشداریی ٣٢ کەس لە ماڵی حەسەن ڕەستگار لە کۆیە پێکهات و ١١ ئەندامی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد[٤]. لەو بارەیەوە ڕەسوڵ پێشنماز لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٥ لە شارۆچکەی دوکان پێی گوتم:

- (دوکتۆر قاسملوو لە ماوەی هاتووچۆیەکانیدا بۆ عێراق، کاری بۆ شۆڕش دەکرد و لەو ڕێگایەوە توانی بارزانی ببینێت و ئیزنی لێوەرگرێ کە ئەندامانی حیزب لەلای مام جەلالەوە بگێڕێتەوە و بۆ بووژاندنەوەی حیزب کۆنفرانسێکیان لێ پێکبێنێت. قاسملوو، لەتیفی مەلا عەلی کە لە بەکرەجۆ بوو و من لەلایەن ئەندامانی نێو شۆڕش، کۆمیتەیەکمان پێکهێنا بۆ کۆکردنەوەی ئەندامان و پێکهێنانی کۆنفرانسی سێیەم. توانیمان ٣٢ کەس ناونوس بکەین و لە مانگی شەشەمی ساڵی ١٩٧١دا، لەماڵی حەسەن ڕەستگار لە کۆیە کۆنفرانس پێکبێنین.)

ئەم ١١ کەسانەی خوارەوە لە کۆنفرانسی سێیەمدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردران: دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەریم حیسامی، محەمەدئەمین شێخولئیسلامی موکری "هێمن"، محەمەدئەمین سیراجی، مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە، حەسەن ڕەستگار، مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، مەلا قادری وێردی، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، کەریم حەداد و یوسف ڕیزوانی. هەروەها لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا، دوکتۆر قاسملوو، کەریم حیسامی، محەمەدئەمین سیراجی، مامۆستا هێمن و مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب هەڵبژێردران.

یەکێک لە دیارییە هەرە گرنگەکانی کۆنفرانسی سێیەم بۆ حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەسپاندنی وشەی "ئێران" بوو بە ناوی حیزبی دیموکراتەوە. ئەوە یەکەم جار بوو لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا - لە سەردەمی پێشوا قازی محەمەد و کۆنگرەی یەکەمی ئەو حیزبە- کە حیزبی دیموکرات پاشکۆی "ئێران"ی بەسەردا سەپا. ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) لە ژمارە ١٧، ژوئینی ١٩٧٢دا بڵاوی کردەوە:

- (کۆنفرانس ڕێگای خەباتی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران روون کردەوە و نەتەوەکەمانی لەو سەرلێ شێواوی و کوێرە ڕێ یانە رزگار کرد کە لە ساڵەکانی دوایی دا هێندی لادەر و گێرەشێوێن و خۆپەرست تووشیان کردبوو.)

بەم جۆرە ڕێبەرایەتی نوێی حیزبی دیموکرات بە دوای ئەحمەد تۆفیق، لە یەکەم هەنگاویدا، خەبات و تێکۆشانی ڕێبەرانی پیشووی حیزبی دیموکراتی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بە سەرلێشێواوی و هەوڵدانەکەی بۆ ئەو مەبەستە، بە کوێرەڕێ ناساند و بەو بڕیارەی، خاڵی چوارەمی پەسەندکراوی نێوان قاسملوو و

حیسامی لەگەڵ ڕێبەری حیزبی تودەیان بەسەر حیزبی دیموکراتدا سەپاند کە دەڵێت: (حیزبی دیموکرات خۆی بە بەشێک لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی سەرانسەری ئێران بزانێت.)

کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکرات بەبێ بانگهێشت کردنی ئەحمەد تۆفیق و مەلا سەید ڕەشید حوسێنی بەڕێوەچوو، دواتر کە ڕێبەرایەتی نوێیان دەستنیشان کرد، دەفتەری سیاسیی حیزب، بۆ شکاندنی زیاتری ئەحمەد تۆفیق، بە ڕواڵەت داوایان لە ناوبراو کرد کە بێتە ژێر فەرمان و دیسیپلینی حیزبی و وەک ئەندامێک لە حیزبدا خەبات بکات. بۆ ئەو مەبەستە سیراجی و حەسەن زادە چوونەتە لای ئەحمەد تۆفیق. لەو بارەیەوە کەریم حیسامی لە لاپەڕەی ۲۸ و ۲۹ی بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

- (ڕۆژی ۱۹۷۱/٦/۲۵ کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا کە پێوەندی بە ئەحمەد تۆفیقەوە بگرێ و ئەگەر بێتە ژێر فەرمان و دیسیپلینی حیزبی، ئەوا بگەڕێتەوە.... بۆروی سیاسی لە کۆبوونەوەی ۱۹۷۱/۸/٥دا، مەلا عەبدوڵای کردە مەسئول کە بچێتە لای و داوای لێ بکا بگەڕێتەوە نێو حیزب و دەست لە گێرەشێوێنی هەڵبگرێ... بەڵام ئەحمەد تۆفیق، بەپێچەوانە نەک هەر نەهاتەوە ریزی حیزب، بەڵکوو بەهۆی یەک دوو خوارزا و کەسێکی تر، بەناوی تاهیر و لە ڕاستی دا ڕەحیمە کوڵ، دژی حیزب و ئەندامانی دەستی کرد بە خەراپە و ئاژاوە نانەوە. ... ئەو برادەرەی پێوەندی بە ئەحمەد تۆفیقەوە گرتبوو، لە ڕاپۆرتی خۆیدا رایگەیاند کە ناوبراو ئەم کۆنفرانسە و ڕێبەرایەتیە بە حیزب ناناسێ.... بۆروی سیاسی لە کۆبوونەوەی ۱۹۷۱/۹/۱٤ بڕیاریدا کە بۆ ئاخرین جار پێوەندی بە ئەحمەد تۆفیقەوە بگرێ و پێی بگوترێ کە دەست لەو کارە دزێوانە هەڵبگرێ و بێتەوە ریزی حیزب. بەڵام فایدەی نەبوو. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەی مانگی ژانویەی ۱۹۷۲دا، بڕیاری دا کە ئەحمەد تۆفیق لە حیزب دەربکرێ و لە ڕۆژنامەی کوردستانیش دا بڵاوبکرێتەوە.)

---

[1]- سێ ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران بە ناوی ئەحمەد قاسمی، غوڵام حوسێن فروتەن و عەباس سەغایی لە ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی تودە، لە وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بوون. ئەوان چوونە وڵاتی "ئەلبانیا" و لە حیزبی تودە جیابوونەوە و لەگەڵ کوروش لاشایی، موحسین ڕیزوانی، مەهدی خانبابا تهرانی، سیروس نەهاوەندی،

محەمەد جاسمی، بێژەن حیكمەت و ژمارەیەكی تر، ساڵی ١٣٤٧- ١٩٦٨ لە "تیرانا" پایتەختی ئەڵبانیا "ڕێكخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە"یان دامەزراند. بە تیۆریی دژی حیزبی تودە نەبوون، بەڵكوو لە پراكتیكدا دژی نەجولان و دەستەوەستانی ئەو حیزبە بوون، بەتایبەتیی لە بزوتنەوەی ساڵی ١٩٥٣ و ڕووداوی ٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣/٨/١٩) دا كە شا و زاهیدی كودێتایان بەسەر دوكتۆر محەمەد موسەدیق دا كرد. كوروش لاشایی یەكێك بوو لە ڕێبەرانی ئەو ڕێكخراوە، ماوەیەك لە بەنداوی "سەد" مهاباد كارگەریی دەكرد و دوای پێكهێنانی ڕێكخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە، لەگەڵ چەند ئەندامی تری ئەو ڕێكخراوە هات بۆ باشوری كوردستان و لە "بەكرەجۆ" لە لای مام جەلال و هەڤاڵانی بوو. لاشایی بە هۆی لێوەشاوەییەوە كرا بە سكرتێری ڕێكخراوی شۆڕشگێڕ. لەو پۆستەدا بوو كە بە ڕێگای كەنداودا بەنهێنی گەڕایەوە بۆ ئێران و لە لایەن ساواكەوە دەستگیركرا. هێندەی پێنەچوو كە ڕوخا و هێنایانە سەر تەلەفزیۆنی تاران و پەشیمانیی خۆی ڕاگەیاند و كەوتە پێداهەڵدانی شا و ڕژێمەكەی. ڕێكخراوی شۆڕشگێڕ بەیاننامەیەكی لەسەر بڵاوكردەوە و بە خائینی لە قەڵەمدا. لاشایی بوو بە یەكێك لە كاربەدەستە نزیكەكانی دەرباری شاهەنشاهی ئێران. دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ و ڕوخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا، ڕایكردە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و لەوێ بە كاری پزیشكییەوە خەریكبوو،. سەرئەنجام لە ئۆكتۆبەری ٢٠٠٢ دا بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد.

٢- بڕوانە لاپەڕەی ١٢٥، بەرگی دووەم، كتێبی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دە ساڵ دا ١٩٧٨- ١٩٨٨، نوسینی حامید گەوهەری.

٣- لە بڕی یەكەمی ئەو پارەیە، محەمەد ئەمین سیراجی، ئەمیر قازی و عەبدوڵا حەسەنزادە ١٢٠ دینار پارەی سەفەری دوكتۆر قاسملوویان داوە و لە بەغداماڵێكیشیان بۆ حیزب گرتووە.

٤- لە كۆنفرانسی سێیەمدا، دوكتۆر قاسملوو پێداگریی كردوە كە ناوی كۆنفرانسی دووەمی لەسەر بنرێت. ناوبراو كۆبوونەوەی سەری مەیدانی كە پێشتر لە بەشی "كۆبوونەوەی تاران"دا ئاماژەم بۆی كرد و خۆی تێیدا بەشدار بووە، بە كۆنفرانسی یەكەمی داناوە و ویستویەتی ئەو كۆنفرانسەش كە دیسان خۆی تێیدا بەشدار بووە بە كۆنفرانسی دووەم بناسێنێت. لە ڕاستیدا كۆنفرانسی یەكەم لە ١٥- ١٩٦٤/٢/١٨ لە بنكەی حیزبی دیموكرات لە سونێ و كۆنفرانسی دووەم ڕۆژی ١٩٦٩/٨/١٥، لە ماڵی عەبدوڵا مەلا عوسمان لە گوندی "وەرتێ" لە بناری قەندیل پێكهاتبوو و ئەمەشیان كۆنفرانسی سێیەم بوو. قاسملوو لەو بۆچوونەیدا سەرنەكەوت و ئەگەر بۆچوونی ئەو سەلمێندرابا، دەبووایە ئەو دوو كۆنفرانسانە لە مێژووی حیزبدا بسڕێنەوە. بەم جۆرە كۆبوونەوەی سەری مەیدان بە كۆنفرانسی یەكەم و ئەمەشیان بە كۆنفرانسی دووەم ناسێنرابا. بەو واتایە نەفی لە بوونی مامۆستا هێمن، حەسەن ڕەستگار و عەبدوڵا حەسەن زادە دەكرا كە بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیی لە كۆنفرانسی دووەمی حیزبدا هەڵبژێردرابوون. ئەمیر قازی و مەلا عەبدوڵا و لایەنگرانیان دژی ئەو داوایەی قاسملوو وەستان و لە ئاكامدا ئەو كۆنفرانسە ناوی كۆنفرانسی سێیەمی وەرگرت.

## ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا

لە بەشی "کۆنفرانسی دووەم و ڕاکردنی ئەحمەد تۆفیق بۆ بەغدا"دا ئاماژەم بۆ گەیشتنی ئەحمەد تۆفیق بۆ بەغدا کرد. ناوبراو لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٦٩، لەگەڵ مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و تاهیری مەلا حەسەن، غەفور فەتاح ئیبراهیمی، حەسەن فەتاح ئیبراهیمی، ڕەحیم سۆفی عەبدولخالق، سەید عەلی سەیدە پیرە خەڵکی پیرانشار و سەید حەسەنی برای لە گوندی کانی ماسییەوە چوون بۆ ئامێدی و بەرپرسانی ڕژێمی عێراق بەبێ چەککردنیان لە ئامێدییەوە ڕەوانەی موسڵ و لەوێشەوە بەغدایان کردن. لە بەغدا ئیزنیان بە ئەحمەد تۆفیقدا کە بۆ پارێزگاریی کردن لەخۆی دەمانچەیەکی پێ بێت. چەک نەکردنی ئەحمەد تۆفیق بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ناوبراو بە ئاگاداریی و ڕێککەوتنی پێشوەخت لەگەڵ ڕژێمی عێراق، کوردستانی بەجێهێشت، ئەگەرنا هەرلە ئامێدییەوە چەکیان دەکرد و بەبێ چەک دەیانبرد بۆ بەغدا.

ڕژێمی عێراق بە زانیاریی لە لێوەشاوەیی و کارامەیی ئەحمەد تۆفیق، ئەوی چەک نەکرد و تەنانەت ئامادە بووە دەرەتانی پێویستی بۆ دابین بکات و بۆ مەبەستی خۆی کەڵکی لێوەربگرێت. ڕژێمی عێراق دەیویست ئەحمەد تۆفیق جێی بەتاڵی سلێمان موعینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پڕ بکاتەوە و دژی ڕژێمی ئێران شەڕی چەکدارانەی پێ بکات، تا لەو ڕێگایەوە سەرەڕای زەبرلێدانی لە ڕژێمی ئێران، پێوەندیی نێوان ئێران و شۆڕشی ئەیلول تێک بدات. جگەلەوە ڕژێمی عێراق دەیویست ئەحمەد تۆفیق دژی مەلا مستەفا بارزانی بەکاربێنێت و تەبایی نێوان کوردانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان تێک بدات کە ئەحمەد تۆفیق ئامادە نەبوو.

دوای دابەزینی ئەحمەد تۆفیق و هەڤاڵانی لە بەغدا، ڕژێمی عێراق بۆ ماوەی هەفتەیەک ئەو و هاوڕێیانی لە هۆتێل کوەیت دانا و دواتر لە گەڕەکی "تێل محەمەد" کە گەڕەکێکی مەسیحی نشین بوو، ماڵێکی بۆ گرتن و لەوێ نیشتەجێ بوون. لەو بارەیەوە غەفور فەتاح ئیبراهیمی یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا، لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەخۆدا پێی گوتم:

- (هەفتەیەک لە فندق کوەیت بووین. پارەمان نەبوو. کاک ئەحمەد برنویەکی ئەڵمانی پێبوو کە بارزانی دابوویە، ئەو برنۆکەی ناردەوە بۆ بارزانی. منیش برنویەکم پێبوو کە فرۆشتمان. لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا، هەر ڕۆژەی وەزیر و کاربەدەستێکی حکومەت دەهاتن و چاویان بە کاک ئەحمەد دەکەوت. سەدام بڕیاریدا ئێمە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکەن، بەڵام جاشەکانی جەلالی گەیشتنێ و پێیانڕاگەیاند کە ئەحمەد توفیق بە پلانی بارزانی هاتووە کە بچێتە دەرەوەی وڵات و لەوێ کار بۆ بارزانی بکات، ئەوە بوو کە نەیانهێشت بڕۆین، بەڵام بە پەنابەری سیاسیی وەریانگرتین و لە گەڕەکی تێل محەمەد کە گەڕەکێکی مەسیحی نشین بوو، خانوویان بۆ گرتین. مانگانە ١٥٠ دیناریان دەدا بە کاک ئەحمەد و ئێمەش ٧٠ دینار کە پارەیەکی زۆر بوو. هەروەها ئیزنیان داین کە کاک ئەحمەد و من بۆ پارێزگاریی کردن لەخۆمان دەمانچەمان پێبێت.)

سەبارەت بە ناردنەوەی ئەو چەکە بۆ بارزانی کە غەفور فەتاح ئیبراهیمی ئاماژەی بۆ دەکات، میرخان محەمەدئەمین میرخان سلێمان لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٣ پێی گوتم: (دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، من لەگەڵ کاک ئیدریس چووم بۆ بەغدا. ئەوکاتە نەخۆش و بریندارەکانی ئێمە لە نەخۆشخانەی کۆماریی لە بەغدا چارەسەرییان بۆ دەکرا، لەوێ بووین کە محەمەدئەمین خەلانەیی هاتە لای کاک ئیدریس و پێی گوت: "ئەحمەد تۆفیق ڕایسپاردوم کە تفەنگێکی برنوی دارشوشەی لایە کە بارزانی داوێتێ و نایەوێ بکەوێتە دەست دوژمن و پێیخۆشە تفەنگەکە بداتەوە." کاک ئیدریس ڕایسپارد تفەنگەکەیان هێناوە.)

هەرلەو بارەیەوە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە وتووێژێکدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٤ پێی گوتم: (تفەنگێکی برنوی شۆڕش لەلای ئەحمەد تۆفیق بوو. بارزانی ئەو تفەنگەی دابوویە و زۆری خۆشدەویست. دوای چوونی بۆلای حکومەت، ناوبراو تفەنگەکەی بە محەمەدئەمین خەلانەیی دا بۆ بارزانی ناردەوە. تا ئەو جێیەی کە من ئەحمەد تۆفیق دەناسم، ئەو کەسێکی دەستپاک بوو، زوو لە دڵی خەڵکدا جێی خۆی دەکردەوە، ئارام و زانا بوو. زمانی فەرەنسیشی زۆر باش دەزانی و لە کانی ماسی و قومریش کتێبی فەڕەنسی دەخوێندەوە. پێمخۆشە بۆ مێژوو شتێکت لەسەر ئەحمەد تۆفیق بۆ بگێڕمەوە، ئەو وێنانەی بارزانی کە لە شۆڕشی ئەیلولدا گیراون و ئەمڕۆ بەدەست پارتی دیموکرات، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خەڵکی کوردستانەوەن، زیاتر لە ٦٥%ن یادگاری ئەحمەد تۆفیقن.

بارزانی حەزی لە وێنەگرتن نەبوو، نەیدەهێشت وێنەی بگرن. من شاهیدم کە ئەحمە تۆفیق بە بارزانی گوت: ئەگەر تۆ وێنەت ناوێ، جیلی دوایی کورد پێویستی بە وێنەی تۆ دەبێت و دەبێ ڕەزامەندیی نیشان بدەی کە وێنەت بگرن. ئەحمەد تۆفیق خۆی دەستی وێنەگریی هەبوو. یەکەم وێنەکانی بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا بە ویستی ئەحمەد تۆفیق و ڕەزامەندیی بارزانی، دانا ئادامز شمیدت گرتی و دواتریش وێنەکان زیاد بوون. ئەو وێنە ڕەش و سپییانەی بارزانی کە تەلەفزیۆنەکان پێشانیان دەدەن، بۆ نمونە ئەوەی بارزانی لەسەر ئەسپە، ئەحمەد تۆفیق گرتوویەتی. ئەو بە کامێرایەکی ڕەش و سپیی ئەو سەردەم وێنەی لە مەلا مستەفا دەگرت)

ئەحمەد تۆفیق لەو ماڵەی کە حکومەتی عێراق بۆ ئەو و پێشمەرگەکانی بەکرێ گرتبوو، خوێندنگەی بۆ هاوڕێیانی دانابوو. ناوبراو لەگەڵ وانە گوتنەوەی بەو پێشمەرگانە، هەفتەی دووجاریش بەشێوەی ڕۆژموزد "محازرە" وانەی زمانی فەڕەنسی بەخوێندکارانی پەیمانگای زمانە بیانییەکان لە بەغدا گوتوەتەوە. لەو بارەیەوە غەفور فەتاح ئیبراهیمی لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (بە هەوڵی کاک ئەحمەد، حکومەتی عێراق خوێندنگەی بۆ ئێمە کردەوە. ئەحمەد ئێواران وانەی سیاسی بە ئێمە دەگوت و مامۆستایەکیش وانەی زمانی عەرەبی پێ دەگوتین. هەروەها کاک ئەحمەد ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٢، لە پەیمانگای زمانە بیانییەکاندا لە بەغدا، هەفتەی دوو ڕۆژ وانەی زمانی فەڕەنسیی دەگوتەوە. من جارێک لەگەڵ ئەو و مامۆستاکانی پەیمانگا و خوێندکارەکانی چووم بۆ شاری بابل لەنێوان کەربەلا و بەغدا. لەو ماوەیەدا من دووجاریش چاوم بە مامۆستا حوسێن فەیزوڵا جاف مامۆستای زمانی ئینگلیزیی و دۆستی نزیکی کاک ئەحمەد کەوت.)

هەرلەو بارەیەوە پارێزەر کەمال محیەدین ئەسعەد بەرپرسی لیژنەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدای لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٧ پێی گوتم:



- (بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٦٣ لە کۆنفرانسی کۆیە چاوم بە ئەحمەد تۆفیق کەوت و دوو جاری تریش لە ساڵانی ١٩٧٠، ناوبراوم بینیوە. هەرچەندە ئەو دژی ئێمە بوو، بەڵام سەرکردەیەکی زانا، چالاک و بە وزە بوو. حکومەتی عێراق لە گەڕەکی "کەڕادە مریەم" ماڵی بۆ گرتبوو. ئەوکاتە لە پەیمانگای زمانە بێگانەکان لە بەغدا زمانی ئینگلیزیی بە وانە دەگوتراوە و بۆ دوو زمانی ڕوسی و فەڕەنسییش مامۆستای کاتی هەبوو کە بە محازرە وانەیان دەگوتەوە. ئەحمەد تۆفیق کە شارەزای زمانی فەڕەنسی بوو، بە محازرە وانەی دەگوتەوە.)

تا گەڕانەوەی دوکتۆر قاسملوو لە پڕاگ و کەریم حیسامی لە بولغاریا و بەتایبەتی پێکهاتنی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکرات لە ١٩٧١/٦/٢١، کێشە و گرفتی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا، پارێزگاریی کردن لە خۆی و هەڤاڵانی بوو لەگەڵ هەوڵدانی بۆ وەرگرتنی ئیزنی چوونە دەرەوە لە عێراق، ئەو دەیویست ڕژێمی عێراق ئیزنی پێ بدات کە بچێت بۆ فەڕەنسا، یان یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپی کە بەوتەی غەفور فەتاح ئیبراهیمی، جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی ڕێیان لێگرت. کێشەی سەرەکی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا، بەدوای کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکرات و بەدەسەڵات گەیشتنی دوکتۆر قاسملوو و گواستنەوەی بنکەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات لە کوردستانەوە بۆ بەغدا دەستی پێکرد. ئەحمەد تۆفیق بە گەڕانەوەی دوکتۆر قاسملوو بۆ ڕیزی حیزبی دیموکرات تورە بوو. لە بەرامبەریدا، دوکتۆر قاسملوو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆی لە ئەندامانی حیزب نزیک بکاتەوە و پێوەندییان لەگەڵ دامەزرێنێ و کۆنفرانسی سێیەم پێک بێنێت و پێوەندیی حیزب و ڕژێمی عێراق توندوتۆڵ بکات. قاسملوو نەیدەویست لەو هەلومەرجە هەستیارەدا کێشەکانی نێوان خۆی و ئەحمەد تۆفیق زەق بکاتەوە و تەنانەت لە کۆنفرانسی سێیەمیشدا ئارامتر لە ئەوانی تر بوو. عەبدوڵا حەسەن زادە سەبارەت بە هەڵوێستی دوکتۆر قاسملوو لەو سەردەمدا، ڕۆژی ٢٠١٥/٥/١٥ بە تەلەیفۆن پێیڕاگەیاندم:

- (ئەندامانی کۆنفرانسی سێیەم بەتێکرا لەگەڵ دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دیموکرات بوون، بەڵام دوکتۆر قاسملوو پێیڕاگەیاندن: "ئێمە گەڕاوینەتەوە کە پێکەوە پرنسیپێک بۆ حیزب دانێین. ئەگەر خۆمان لە سەرەتای کارەکەماندا چاو لەو پرنسیپە بپۆشین و ئەحمەد تۆفیق یان کەسێکی تر لە حیزب دەرکەین، ئیتر پرنسیپێکمان بۆ حیزب دانەناوە. پێشنیاز دەکەم ئێوە لە دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق چاوبپۆشن و دەسەڵات بدەن بە دەفتەری سیاسیی کە لەگەڵی دانیشێت، ئەگەر ئەو ئامادە نەبوو، پرنسیپی حیزب بپارێزێ، ئەوکاتە بڕیاری لەسەر دەدەین" بەم جۆرە کۆنفرانسی سێیەم لە دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق چاوپۆشی کرد.)

دوای کۆتایی کۆنفرانس، دوکتۆر قاسملوو لە پیلینۆمی یەکەمی دوای کۆنفرانسدا، ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢٥ پێشنیازی کرد پێوەندیی بە ئەحمەد تۆفیقەوە بگیرێ، تا ئەگەر ناوبراو ئامادە بێت، بێتە ژێر فەرمان و دیسیپلینی حیزب، دەتوانێ وەک تێکۆشەرێکی حیزبی بگەڕێتەوە بۆ ڕیزەکانی حیزب، بەڵام ئەحمەد تۆفیق قایل نەبوو. لەو بارەیەوە عەبدوڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەکانی ٧١ و ٧٢ کتێبی "نیو سەدە تێکۆشان"دا دەڵێت:

- (لە دوای کۆنفرانسی کۆمیتەی ناوەندیی دوو کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بۆ قسە کردن لەگەڵ اسحاقی دیاریی کرا: محمدامین سراجی و عبدالله حسن زادە، ئەم دوو کەسە لانی کەم سێ جار لەگەڵ ناوبراو دانیشتن و زۆر دڵسۆزانە هەوڵیان دا قانیعی بکەن بگەڕێتەوە ریزەکانی حیزب و واز لە تەکرەوی و دوژمنایەتی لەگەڵ حیزب بێنێ. بەداخەوە ئەو پیاوە کە وادیار بوو تووشی نەخۆشی سادیسم بووە، تەنیا شەرتی بۆ گەڕانەوە بۆ نێو ریزەکانی حیزب ئەوە بوو کە ئەو هێندێ کەس دەناسێ کە دەزانێ جاسووسن، بەڵام ئەو بۆی دەداو ناکەون....)

کێشە و بەربەرەکانیی لەنێوان ئەحمەد تۆفیق و دوکتۆر قاسملوودا، سێ تۆمەتی مەترسیهێنەری بۆ ئەحمەد تۆفیق بە دوادا هات کە دوو لەو تۆمەتان، دەیتوانی لە هەلومەرجی ئەوکاتی عێراقدا ببنە هۆی گرتن و کوشتنی لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراق و تۆمەتی سێیەم بۆ دابەزاندنی ڕێز و خۆشەویستیی ئەو بوو لەناو خەباتکارانی کورد و خەڵکی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. تۆمەتە هەڵبەستراوەکان بریتی بوون لە: ئەحمەد تۆفیق جاسوسی ئەمریکایە، ئەحمەد تۆفیق جاسوسی ئێرانە و ئەحمەد تۆفیق جاسوسی عێراقە. هەڵبەستنی

ئەو سێ تۆمەتانە، لەلایەن نەیارانی ئەحمەد تۆفیقەوە، بەشێوازی دەنگۆ لەنێو خەڵک و حکومەتی عێراقدا بڵاودەکرانەوە و هیچ کەس بە ئاشکرا خاوەنیان نەبوو. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٧٠ی کتێبی "بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەڵێت:

- (لەلای عەلی رەزا بووم و ڕاوبۆچوون تاوتوێ دەکرا، لە ناکاو پرسی: "تۆ رات لەسەر ئەحمەد تۆفیق چییە؟" گوتم: "ئەحمەد تۆفیق ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستانە، کە بە درێژایی تەمەنی خۆی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی حدک، لە دژی رێژێمی پاشایەتی لە ئێراندا، خەباتی کردووە و ساڵهای ساڵ سەرکردایەتیی حیزبی بە ئەستۆ بووە، بەڵان ئێستاکە ماندووە، خۆی وەکەنار گرتووە، وەک تۆش دەزانی، مافی پەنابەری سیاسی لە حکومەتڕا پێدراوە، لێرەیە لە بەغدا." گوتی: "ئەوانە دەزانم، پرسیاری من ئەوەیە! ئایا ئەحمەد تۆفیق جاسووسی ئەمریکایە؟" بە سەرسوورمانەوە لەو پرسیارە گوتم: "ئەحمەد تۆفیق بۆ جاسووسی خەڵق نەبووە، ڕەنگە ئێوە ئەحمەد تۆفیقتان نەناسیبێ، ئەحمەد تۆفیق بۆ خوداش جاسووسی ناکا، لێتان روون بی بۆ ئێوەشی هەر ناکا." عەلی ڕەزا چەند ئانێک مات بوو تا بۆی هات و گوتی: "عەجیب! تۆ وا دەڵێی، بەڵان هاواڵەکانی تۆ، مەبەستی لە دوکتۆر قاسملوو و ڕەحمەتی کەریم حیسامی بوو، وا ناڵێن." گوتم: "لەو بارەوە قسەی ڕاست لەمن ببیسە، ئەحمەد تۆفیق نە جاسووسی ئەمریکایە، نە ئیی ڕوسیە، نە جاسووسی بارزانی و نە دەشبێ بە ئیی حکوومەتی ئێڕاق."(١).)

هەرلەو بارەیەوە کاکە حەمەی مەلا کەریمی ئەندامی دێرینی حیزبی شیوعی عێراق و نوسەری ناوداری باشوری کوردستان سەبارەت بەو دەنگۆیانە دەڵێت: (لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٢دا، ئەحمەد تۆفیقم دەدیت، کاتێک سەردانی کۆڕی زانیاری کوردی لە بەغدا دەکرد. دیارە ئەو زیاتر بۆ سەردانی کتێبخانەی کۆڕ دەهات و کتێبی دەخواست و دەیبرد دەیخوێندەوە و پاشتر دەیگەڕاندەوە. ئەوسا ئێمە بە حوکمی بیروباوەڕی سیاسی و نزیکایەتیمان لە باڵی عبدالرحمن قاسملوو ئەو شتانەی لەسەر کاک ئەحمەد دەگوتران، زۆر خۆمان لێ نیزیک نەدەکردەوە، بەڵام ئەوکاتیش وەک گەنجێکی هەست ناسکم ئەهاتە پێش چاو. داوای شتێکی لێ کردین بۆی بکەین، بەداخەوە نەمانتوانی. ئەو دەیویست ئێمە داوا لە عەزیز شەریف بکەین کە ئەوکات وەزیری داد بوو،

کە لە عێراق نەمێنێتەوە و ڕێگای بدەن بچێتە دەرەوە. لەوە دەچوو هەستی بە مەترسیی کردبێت و بۆنی ئەوەی کردبێت کە گیانی لە مەترسیدایە. دواتر زۆری نەخایاند هەواڵی گرتن و بێ سەروشوێنکردنیمان بیست. بەشێک لەو کتێبانەش کە ئەحمەد بە مەبەستی خوێندنەوە لە کتێبخانەی کۆڕ بردبوونی، بەگرتن و فەوتاندنی ناوبراو، فەوتان و نەگەڕانەوە[٢].)

لەلایەکی تردا ڕۆژنامەی "صوت الاكراد"، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کورد لە لوبنان کە سەرکردەکەی خۆی بە موخابەراتی عێراق فرۆشتبوو، ڕاست لە سەروبەندی گیران و بێسەرشوێن کردنی ئەحمەد تۆفیق دا، بابەتێکی لەسەر ناوبراو بڵاوکردەوە و ئەوی بە کەسێکی گومانلێکراو ناو برد[٣]. ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) کە ئەوکاتە لەلایەن دوکتۆر قاسملوو و هەڤاڵانییەوە لە بەغدا دەردەچوو، لە وەڵامی "صوت الاكراد"دا وتەی ئەو ڕۆژنامەیە سەبارەت بە گومانلێکراویی ئەحمەد تۆفیق سەلماند و نوسی: (ئەو دەستە ئۆپۆرتۆنیستەی کە ئەو باسی دەکا، هیچ پێوەندێکی بە حیزبی ئێمەوە نیە و جێگای سەرسوڕمانە کە نووسەرانی "صوت الاكراد" ڕۆژنامەی "کوردستان" ناخوێننەوە تا بزانن کە لە ژمارەی ١٢ی "کوردستان"دا سەردەستەی ئەو گومانلێکراوانەی کە ئەو باسیان دەکا لە حیزب دەرکراوە[٤].)

جگەلەو تۆمەتانەی کە بۆ ئەحمەد تۆفیق هەڵبەستران، حیزبی دیموکرات بەشێوازی جۆراوجۆر ئەحمەد تۆفیقی خستوتەبەر پەلاماری ڕەخنە و خزمەتەکانی ناوبراوی بە نەتەوەی کورد، کوردستان، حیزبی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلول بە سەرلێشێواویی و ئاژاوەگێڕیی ناساند. عەبدوڵا حەسەن زادە لەلایەک دەڵێت: (ئەحمەد تۆفیق تووشی نەخۆشی سادیسم بووە) و لەلایەکی تردا کێشەکانی حیزبی دیموکرات دەخاتە پاڵ دوکتۆر قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق و ئەو کێسانە لە دوو بیرکردنەوەی جیاوازی "چەپ و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی" دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ بیری ناسیونالیستی بەرچاوتەنگی!!! ئەحمەد تۆفیق لێکدەداتەوە[٥] و لەو بارەیەوە لە لاپەڕەی ٢٨ی کتێبی نیوسەدە تێکۆشان"دا دەڵێت:

- (دەکرێ بڵێین تەوەرەی ئەو دووبەرەکییە وەک شەخس دوکتۆر قاسملوو لەلایەک و احمد تۆفیق "عبدالله اسحاقی" لە لایەکی دیکە بوون و لە باری سیاسییەوە ناکۆکی لەسەر بیروباوەڕی چەپ و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانە

کە دوکتۆر قاسملوو لایەنگری بوو، لەگەڵ بیرێکی ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ بوو کە کاک احمد توفیق بە سیەمبولی دەژمێردرا.) کە لە ئەسڵدا مرۆڤی کورد دەتوانی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی مامۆستا حەسەن زادەی لێکداتەوە، واتا: (بیروباوەڕی چەپ و نادیموکراتی و ناپێشکەوتنخوازانەی دوکتۆر قاسملوو، لەگەڵ بیری نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانە کە ئەحمەد تۆفیق سیمبولی بوو.)

---

١- بە وتەی ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەتی عێراق هەڵبژێردراوی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بۆ ئەو پۆستە دوای ڕێککەوتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠، عەلی ڕەزا بە ڕەگەز کوردی فەیلی بووە و لە ڕژێمی بەعسدا یەکێک بووە لە شکەنجەگەرانی زیندانی "قصر نهایە" لە بەغدا.

٢- دوکتۆر یاسین سەردەشتی، کتێبی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق، لاپەڕەی ١٦٣، چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی مەلا کەریم، ڕۆژی ٢٥ی ئاپریلی ٢٠٠٦، لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی.

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٦٤.


٤- ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکرات، ژمارە ٢٠، ئۆکتۆبەری ١٩٧٢.

٥- مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨دا ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتوە و هاتوە بۆ باشووری کوردستان و بەبێ ئەوەی کە حیزبی دیموکرات، یان سەرکردەکانی شۆڕش ئاگادار بکاتەوە، بە ڕێگای کەسێکەوە کە لە سونێ مەلا بووە، بە مەلای گوندی مارەدۆ دامەزراوە. ئەحمەد تۆفیق لە مانگی مارسی ١٩٦٦وە لە گوندی قومری و کانی ماسی بووە. حەسەن زادە تەنانەت بۆ یەک ڕۆژ لە نزیکەوە هاوخەباتی ئەحمەد تۆفیق نەبووە!.

## دوا مەنزڵ لە خاک، یان تیزاب دا

محەمەدئەمین سیراجی و عەبدوڵا حەسەن زادە ڕاپۆرتی دیدارەکانیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ئاراستەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات کردو ڕایانگەیاند ناوبراو ئامادە نییە ڕاسپاردەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب بەجێبگەیەنێت. لە بەرامبەردا دەفتەری سیاسیی بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی ئەو دوو ئەندامانەی و بەڕواڵەت جێبەجێکردنی خواستی ٣٢ ئەندامە بەشدارەکەی کۆنفرانسی سێیەم، ئاسانترین ڕێگای بۆ کپکردنی دەنگی ئەحمەد تۆفیق هەڵبژارد. دەفتەری سیاسی بەبێ سەرنجدان بە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی دیموکرات کە کۆمیتەی ناوەندیی، دەفتەری سیاسیی و کۆنفرانس، ناتوانن و مافی ئەوەیان نییە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و سکرتێری هەڵبژێردراوی کۆنگرە لە حیزب دەربکەن، بەبێ سەرنجدان بە یاسا و ڕێسای حیزبایەتی و ئەو پرنسیپ و دیسیپلینەی کە خۆیان خەریکی پیادەکردنی بوون لە حیزبدا و بارودۆخی ئەوکاتی عێراق کە حیزبی بەعس لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لەگەڵ پارتی دیموکرات و بارزانی پاشگەز ببۆوە و بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنە، پەنجەی بۆ بێشەرمانەترین تاوان ڕادەکێشا و بەبێ سەرنجدانی بە خزمەتەکانی ئەحمەد تۆفیق کە لە سەردەمی پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستانەوە کەسایەتی چالاکی حیزبی دیموکرات بوو و بە ڕادەی هەر ٣٢ ئەندامە بەشدارەکەی کۆنفرانسی سێیەم، خزمەتی بە نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان کردبوو، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر کۆنفرانسی سێیەمدا، دەفتەری سیاسیی لە کۆبوونەوەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢دا، بە بڕیارێکی نایاسایی ئەحمەد تۆفیقی لە حیزبی دیموکرات دەرکرد.

ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) لە کۆشەی چەپی لاپەڕەی ٢، ژمارە ١٢، بەرفرانباری ١٣٥٠ ژانویەی ١٩٧٢یدا لەژێر سەردێڕی "ئاگاداریی"، نوسی:


ئاگاداری

عبدالله اسحاقی ( ئەحمەد توفیق ) لەبەر زۆر کردەوەی وا کە لەگەل ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێک ناکەوێ ، و لەبەر جوولانەوەی دژی حیزبی ، لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ( ئیران ) دەرکرا .

ئاگاداری

**عبـدوڵڵا اسـحاقی "ئەحـمەد توفیـق" لەبەر زۆر کـردەوەی وا کە لەگەڵ ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێک ناکەوێ، و لەبەر جوڵانەوەی دژی حیزبی، لە حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) دەرکرا.**

بەم جۆرە ئەحـمەد تۆفیـق تێکۆشـەری بە ئەمەگـی ڕێبـازی پێشـەوا قـازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بـارزانی کە ١٢ ساڵی ڕێک حیزبی دیموکراتی لە دژوارترین هەلومەرجـدا بەڕێوەبردبـوو و بە دەنگـی ١٣٠ ئەنـدامی نـوێنەر لە کۆنگرەی دووەمـدا بە سکرتێری حیزبـی دیمـوکرات هەڵبـژێردرابـوو، بە تـاوانی کـوردایەتی و گەڕانـدنەوەی سـەربەخۆیی سیاسـیی و ئایـدیۆلۆژیی بـۆ حیزبـی دیموکرات، بە بڕیـاری پێـنج ئەندامی دەفتەری سیاسیی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) دەرکرا[1].

هەروەکـــوو گـــوتم ئەحـــمەد تۆفیـــق لە هەلـــومەرجێکی زۆر دژواری ئەو سەردەمەی عێراق و باشوری کوردستان لە حیزبی دیموکرات دەرکرا کە گرتن و کوشتن لەلایەن ڕژێمـی بەعسی عێراقەوە وەک ئـاوی خـواردنەوە بەبـێ گرفت بەڕێوەدەچـــوو. دوای پاشـــگەزبوونەوەی حیزبـــی بەعـــس لە جێبەجێکردنـــی خاڵەکـانی ڕێککەوتنـی ١١ی مارسـی ١٩٧٠، ڕژێمـی عێـراق دەسـتی لە هـیچ تاوانێک بەرامبەر بە کوردانی خەباتکار و لایەنگرانـی مەلا مستەفا بـارزانی و شۆڕشی ئەیلـول نەدەپاراست. ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٦، هەوڵـی تیـرۆر کردنـی ئیـدریس بـارزانیی لە بەغـدا بڵاوکـرایەوە. لەو کـارە تیرۆریسـتییەدا حەمید بەرواریـی یەکێک لە بەرپرسـانی پێشمەرگەی پـارتی دیمـوکرات وەبەر کەوت. نـاوبراو لە مـردن ڕزگـاریی بـوو، بەڵام تـا مرد بە کەمئەندامیی مـایەوە. ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٥، نـازم گـزار[2] بەرپرسـی ئاسایشـی گشـتی عێـراق، ڕۆژنامەنووسـێکی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتانی کە لە عێـڕاق پەنـابەری سیاسـیی بـوو بەنـاوی ئیبـراهیم گابـاری، بە هەگبەیەکـی پـڕلە TNT نـارد بـۆ حـاجی ئـۆمەران کە سـەرۆک بـارزانی، یـان ئیـدریس، یـان مەسعود بـارزانی تیـرۆر بکـات کە نـاوبراو بۆخـۆی پلانەکەی ئاشکرا کرد و گوتی لەلایەن نـازم گزار بەڕێوەبەری گشـتی ئـاسایش عێراقەوە ڕەوانە کراوە.

ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩، ڕژێمـی بەعـس وەفـدێکی نـۆ کەسـەی کە حەوتیـان مەلا بـوون، لەژێـر نـاوی وتـوویژ لەگەڵ بـارزانی ڕەوانەی حـاجی ئـۆمەران کـرد. بۆمبێکیـان لە جلـوبەرگی یەکێک لەو مەلایـانەدا بەنـاوی ئیبـراهیم خـوزاعی

شاردبۆوە. لە کاتی وتووێژکردندا، بۆمبەکە بە ئیبراهیم خوزاعیدا تەقییەوە و ئەوی ئەنجن ئەنجن کرد، بەڵام زیانی بە بارزانیی نەگەیاند. هۆی ڕزگار بوونی بارزانی لە هەوڵە تیرۆریستییە ئەوە بوو کە محەمەد شەریف هۆستانی لەنێوان خوزاعی و بارزانیدا خەریکی دانانی چایی لەپێش بارزانی بوو. لەو هەوڵە تیرۆریستییەدا جگەلە محەمەد شەریف هۆستانی، سەلیم زوبێر بارزانییش شەهید و ١٤ پێشمەرگە و دوو کیژیش بریندار بوون.

بڕوانە لەو هەلومەرجە دژوارەدا کە سەدان خەباتکاری کورد و هەڵگری ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی وەبەر ڕق و کینەی نازم گزار و خوێنڕێژانی بەعس کەوتبوون، سەدام حوسێن داوای دیتنی ئەحمەد تۆفیقی کرد کە بەشێک لە پلانەکانی بەو جێبەجێ بکات کە ئەحمەد تۆفیق لە بەرامبەریدا ملی نەدا. لەو بارەیەوە غەفور فەتاح ئیبراهیمی یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا، لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەخۆدا پێی گوتم:

- (سەدام داوای ئێمەی کرد، من لەگەڵ کاک ئەحمەد چووم و چاومان بە سەدام کەوت، دوو ئەفسەری فڕۆکەوانی لا بوو. سەدام ئەوانی بەڕێکرد و ئێمە بەتەنیا لەلای ماینەوە. سەدام بە کاک ئەحمەدی گوت دەتەوێ کوردی ئێران ڕزگار بکەی؟ من ئەوەی شا دەیدات بە بارزانی دوو هێندەت دەدەمێ. ئەحمەد لە وەڵامیدا گوتی: ناتوانم، چونکە بارزانی سنورەکانی گرتووە و لە نێوانماندا دەبێتە شەڕ و من شەڕی براکوژی ناکەم. سەدام گوتی فەرموو ئەوە کاغەز و قەڵەم دژی بارزانی و شای ئێران بنوسە. کاک ئەحمەد گوتی من دژی شای ئێران دەنوسم، بەڵام بە دژی بارزانی نانوسم. سەدام گوتی حەوتوویەکت مۆڵەتە لە عێراق بڕۆی. کاک ئەحمەد گوتی باشە. دوای ئەو دیدارە، لەگەڵ سەفارەتی فەرەنسا قسەمان کرد، ئەوان قبوڵیان کرد حەوتووی دادێ کاک ئەحمەد بە فڕۆکەی فەرەنسا بڕوات کە دوکتۆر قاسملوو و ژمارەیەکی تر، سەدامیان ئاگادار کردبۆوە کە ئەحمەد تۆفیق ڕێگرە لە کاری حیزبی دیموکرات بە دژی شای ئێران.)

چەند ڕۆژ دوای دیداری سەدام حوسێن لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، ئیستخباراتی عێراق لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢دا ناوبراوی دەستگیر کرد و گواستییەوە بۆ زیندانی ئەبوغەریب لە بەغدا و دواتر بە توندترین شێوە لە زیندانی "قصرالنهایة"دا ئەشکەنجە کرد. سەبارەت بە گیران و زیندانی کردنی ئەحمەد تۆفیق، غەفور فەتاح ئیبراهیمی دەڵێت:

- (ئێمە پترلە ساڵێک خەریکی خوێندن بووین. ئێوارەیەک دوو ئیستخباراتی هاتبوون و کاک ئەحمەدیان لە مەدرەسەوە، لەگەڵ خۆیان بردبوو. ڕەحیمی سۆفی عەبدولخالق خەڵکی مهاباد بە دوایدا چووبوو، بەڵام نەیدۆزی بۆوە. تاهیر مەلا حەسەن چوو بۆ هەیئەتی وەزیران کە سۆراخی بگرێت کە ئەویشیان لەوێ گرت. هەردوویان سەرەتا لە زیندانی ئەبو غرێب بوون و دواتر بردیانن بۆ زیندانی "قصرالنهایة" لە بەغدا و لە ژورێکی تاکە کەسییدا بوون. من زۆری بەدوا کەوتم. سێ وەزیر هەبوون قسەم لەگەڵ کردن، یەکێک لەوانە کوردی خەڵکی سلێمانی بوو و ئەوانی تر مەسیحی و عەرەب بوون. کوردەکە بەڵێنی پێدام کە وەڵامم بداتەوە. نزیکەی مانگێکی کێشا، گوتی: ئەحمەد بە داوی ئێرانییەکان گیراوە و بچۆ بۆلای جەماعەتی قاسملوو، ئەگەر داوای بکەن، لە ئیعدام ڕزگاریی دەبێت.

لە زیندانەوە کاک ئەحمەد دەبەن بۆ دادگا، سەربازێک قۆڵی دەگرێ و جنێو بە بارزانی دەدات و دەڵێ برۆ وەپێشم بکەوە کە کاک ئەحمەد لێی ڕادەسێ و زللەیەکی لێدەدا. ئێمە نیگەرانی کاک ئەحمەد بووین. هەر چەند ڕۆژەی یەکێک لە ئیستخباراتەوە دەهات و لە کاک ئەحمەدی دەپرسی، کاتێک ئێمە دەمانگوت لای خۆتانە، لە وەڵامدا دەیانگوت: ویستویەتی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و شیوعییەکان کوشتویانە، یان دەیانگوت ویستوویەتی بچێ بۆ لوبنان و لە ڕێگادا کوشتراوە. تاهیر دوای ئازاد بوونی لە زیندان گوتی ئەشکەنجەیەکی زۆریان کردون و باسی شەهیدبوونی کرد. دوای ئازادبوونی تاهیر، ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ئێمە بوون، گەڕانەوە بۆلای پارتی و من و حەسەن فەتاحی ئیبراهیمی برام تا ساڵی ١٩٨٠ لە بەغداماینەوە و دوای ڕووخانی ڕژێمی شاو بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی ئێمەش بەئیزنی ڕژێمی عێراق گەڕاینەوە بۆ مهاباد.)

دوای کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکرات و جێگیربوونی دوکتۆر قاسملوو و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی لە بەغدا، هەرچەندە دەفتەری سیاسیی زانیاری لەسەر دۆخی ئەوکاتی عێراق هەبوو و دەیزانی ئەحمەد تۆفیق مەترسیی کوشتنی لەسەرە، بەڵام بۆ ڕزگارکردنی ناوبراو لە زیندان هیچ هەوڵێکی نەدا.

ڕژێمی بەعس، نزیکەی هەشت مانگ ئەحمەد تۆفیقی لە زینداندا ڕاگرت و ویستی بە دژی مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول بەکاری بێنێت کە نەیتوانی. لە ئاکامدا بە ئەشکەنجە لەپێی خست و دوای هەشت مانگ، ئەحمەد تۆفیق لە

دووەم مانگی بەهاری ساڵی ١٩٧٣دا بە ئەشکەنجە گیانیدا. لەو بارەیەوە تاهیر مەلا حەسەن ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لە زینداندا بوو لە وتووێژێکیدا بە درێژی باس لە ئەشکەنجەدانی ئەحمەد تۆفیق و خۆی دەکات و دەڵێت:

- (لە زیندانی قەسری نیهایە... تا کاک ئەحمەد مرد پێکەوە بووین، هیچ کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو. دیوەکانیش ٢ میتر لە ٢ میتردا بوون... لە دیوەکە چاویان کە دەکردینەوە هەموو گیانمان بە لێدان شین و رەش ببۆوە... ئەحمەد زۆر لەمن خراپتر بوو. پرسیم بۆ وا نارەحەتی و نەفەست نایە؟ گوتی: یەک نەفەر لەسەر سینگم دانیشتووە و قورسایی ئەو کە نازانم ئینسان بوو یا بەرد بوو، ئەمنی کوشت. پاش مانگێک کەمتر کاک ئەحمەدیان برد. دوایە کە هێنایانەوە حاڵی زۆر خراپ بوو و خێرا خێرا هەناسەی دەکێشا. گریانم بۆی هات... لێم پرسی چییان لێکردی؟ گوتی: کوشتیانم! هەرچی ئەمن لەگەڵ خۆم لە بەغدا کردوومە ئەویان لێ پرسیوم! گوتیان تۆ هاوکاری مەلا مستەفات کردوە، گوتم: نەمکردووە، پێشتر کردوومە و دەبێ بیکەم و من پەناهەندەی سیاسیم و وەزیفەشە، دژی شای ئێران بم، نەک دژی ئێوە... ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئەمنی دەکەن تاتار و هیتلێریش نەیکردووە... یەکیان گوتی: ئەحمەد تۆ زۆر زمانت درێژە ئێرە لای مەلا مستەفا نییە[٣].)

تاهیر لە درێژەی وتووێژەکەیدا باس لە چۆنیەتی دەرهێنانی نینۆکەکانی قاچیان دەکات و دەڵێت "سەعدون غیدان[٤] و عەبدولخالق سامەڕایی[٥]" چاویان بە ئەحمەد تۆفیق کەوتووە و داوایان لێکردوە: گەر وتارێک بە دژی مەلا مستەفا بنوسێت، لە زیندان ئازادی دەکەن، ناوبراو دەڵێت:

- (ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئێستاش بڵێن لەسەر شا بنووسە، هیچیشم نەدەنێ دەینووسم بەڵام قامکەکانیشم بدەم لەسەر مەلا مستەفا ئەوەی داوام لێدەکەن ناینووسم... ئەوە لەمن بەدوورە! ئەوانەی ئەهلی کەیفن دەتوانن، ئەمن ناتوانم. ئەمن نانی میللەتی کوردم خواردوە، چاویشم بە نانی ئەوان پشکوتووە، قەولیشم بەوان داوە کە لەسەر ئەوان بمرم و خیانەتیان پێ نەکەم... ئەمن چەندە لەو زیندانەدا بم ئیحترامم دەمێنێ، بەڵام ئەگەر بێم مەقالەیەک بۆ ئێوە بنووسم، دەبم بە پووشی بەر ڕۆژێ. ئەوەندە کە کارتان بەمنە تا مەقالەکە بۆ ئێوە بنووسم و ئیمزای بکەم. دواتر دەڵێن ئیمزای عەبدوڵا ئیسحاقی یە. پاشان فڕێم دەدەنە دەرێ و لە دنیادا ئابڕووم نامێنێ.

لێرە دەبم و ئەرزیشم زۆر زیاترە... هەر شتێکی بیڵێن بە قسەتان دەکەم، بەڵام بە دژی میللەتی کورد لە عێراق یا تورکیا، سووریا و ئێران نە بەعەمەل و قسە هیچ شتێک ناکەم... من مردن هەڵدەبژێرم نەک ژینی خوێڕیانە و سەرشۆڕی. بۆ ماڵی دنیا و تەمەن و نان، شەرەف و غیرەتی ئینسانی کورد لەژێر پێ نانێم.)

تاهیر لە درێژەی وتەکانیدا سەبارەت بە مەرگی ئەحمەد تۆفیق، دەڵێت: (سێ چوار جاریان ئەشکەنجە کردەوە... جارێکی دیکە شەوێک پێکەوە بردیانین... لەگەڵ کاک ئەحمەد هاتینەوە دیوەکان. گوتم: کاک ئەحمەد چۆنی؟ چیان لێ پرسی؟ گوتی: ئەمن هەموو سەفحەکانم ئیمزا کردووە، هەر سەفحەی ئیعدامێکە، ١٥ سەفحەیە. بۆخۆم خوێندومەتەوە... بەو پەروەندەیەی کە لە دادگا بۆم سازکراوە، ئەگەر بڵێم مەلاییکەتم، بە شەیتان دەردەچم. گوتم: موتەهەم بەچی کراوی؟ گوتی: کۆمەک بە مەلا مستەفا بارزانی و هێنانی خەبەرنیگاری خەبەرگوزاری رۆیتیرز- دانا ئادامز شمیدت- و خیانەت بە عێراق و گوتی هەرچی کردوومە و گوتوومە بە بەعسییەکان گەیشتوتەوە... دواتر کاک ئەحمەد هیچی نەدەخوارد ئەوە هەشتەم مانگە و کاک ئەحمەد سەروبەندی گیان دەرچوونی بوو. شەوێکی گوتی: تاهیر وەرە دانیشە. ئەمڕۆ سەیرە چاک چاک بوومەوە. هیچ جێگایەکم نایەشێ، جێگایەکم بۆ ڕاخە. بۆم ڕاخست. دەستم لە لاقی دا سارد و عادی بوو، گوتی: ماڵتە ئەو دەرکەیە لەو کابرایانە بکەوە، دێنە ژووری!! گوتم کاکە! ئەوە تۆ قسان دەبزرکێنی. ئاخر ئەو دەرکە لە دەرێ ڕا داخراوە. گوتی: ئەگەر وایە لاقت وەبن سەرم بدە، بن سەرم نەوییە، لاقم بۆ درێژ کرد و گوتی: زۆر خۆشە. هەر هێندەی پێ نەچوو، چاوەکانی وێک نا و هەناسەی نەما و شەهید بوو، هەرچی بانگم کرد هیچ دەنگی نەهات. لاقم لەبن سەری دەرهێنا و لەسەر پەتۆکەم دانا و ملم نا لە گریان، یەک بەخۆم بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد... ئەوە بەهاری ساڵی ١٩٧٣ی زایینی بوو... تەرمی کاک ئەحمەدیان برد و نازانم چی بەسەرهات و چیان لێکرد[٦].)

بەم جۆرە ئەحمەد تۆفیق لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢ گیراوە و دوای هەشت مانگ لە دووەم مانگی بەهاری ساڵی ١٩٧٣دا بە ئەشکەنجە کوشتویانە و پێی ناوەتە دوا مەنزڵی خۆی لە خاک یان تیزابدا و پێشمەرگە هاوڕێکانیشی بڵاوەیان لێکردوە. مەلا سەید ڕەشید حوسێنی[٧] کە لە کونە ماسییەوە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق چووبوو بۆ بەغدا، دەربارەی کوژرانی ئەحمەد تۆفیق لە کتێبی "سەرەتایەک لە فەرهەنگی فۆلکلۆری کورد"دا دەڵێت:

**- (تاوانی جاسوسی کردنی ئەحمەد تۆفیق بۆ ئێرانیان خستە پاڵی و بە فەرمانی نازم گزار بەرپرسی ئەمنی عێراق گیرا و کوشتیان و وەک ئەندامانی حیزبی دیموکرات دەڵێن لە حەوزی تیزابیان هاویشت[٨].)**

دوای تێپەڕبوونی ١٧ ساڵ بەسەر هەڵبەستنی ئەو سێ تۆمەتانەی لە بەشی پێشوودا ئاماژەم بۆیان کرد و گوتم بەشێوازی دەنگۆ لەنێو خەڵک و حکومەتی عێراقدا بڵاودەکرانەوە و هیچ کەس بە ئاشکرا خاوەنیان نەبوو. دوکتۆر قاسملوو باس لە بەستراوەیی ئەحمەد تۆفیق بە ڕژێمی عێراقەوە دەکات و سەبارەت بە گیران و کوژرانی دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩٦٩ هەڵات چووە بەغدا و لەوێ بوو بە هاوکاری حکوومەتی عێراق. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب بە دەستەجەمعی بڕیار درا پێوەندیی پێوە بگیرێ. ئەگەر حازر بوو وەک ئەندامێکی بە دیسیپلین کار بکا باشە، دەنا لە حیزب وەدەر بنرێ. پاش کونفرانس قسەی لەگەڵ کرا و لەبەر ئەوەی حازر نەبوو ئوسووڵی حیزبی قبووڵ بکا لە حیزب دەرکرا و دوایە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە گیرا و بێ سەر و شوێن چوو[٩].)**

بەپێچەوانەی گوتنی دوکتۆر قاسملوو، ئەحمەد تۆفیق بۆ ئەوە کوژرا کە کاری لەگەڵ ڕژێمی عێراق نەکرد! بەهەر حاڵ ڕژێمی بەعس، ئەحمەد تۆفیقی کوشت و دەستی دوکتۆر قاسملوو و ڕێبەرانی نوێی حیزبی دیموکرات کرایەوە کە پرۆژەکانیان جێبەجێ بکەن. ڕێبەرانی نوێ دوای تێپەڕبوونی نزیک بە پێنج مانگ بەسەر کوژرانی ئەحمەد تۆفیقدا، لەکاتێکدا کوردستان ئازاد و لە دەست پێشمەرگەدا بوو، ڕۆژی ١٩٧٣/٩/٢٢ بە بەشداریی ٤٩ کەس کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتیان لە بەغدا پێکهێنا. جگەلەو کۆنگرەیە و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، ڕێبەرانی نوێی حیزبی دیموکرات، سەرەڕای وەرگرتنی دوو هەزار دینار لە حیزبی بەعس لە مانگدا، نەیانتوانی هەنگاوێکی تری بەکردەوە بۆ حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد هەڵگرن. ئەوان ٤١ ژمارەیان لە دەوری چوارەمی ڕۆژنامەی کوردستان، لە ژانویەی ١٩٧١وە تا فیوریەی ١٩٧٦، بڵاوکردەوە. دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی بە زانیاریی و بە بەمەبەستی بچووک پێشاندانی چالاکییەکانی ئەحمەد تۆفیق کە پێشتر ڕۆژنامەی کوردستانی لە سلێمانی بڵاوکردبۆوە و من لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، دەوری چوارەمی ڕۆژنامەی کوردستانیان بە دەورەی سێیەم ناساند. ئەوان بەشێکی

گرنگی دەوری چوارەمی ڕۆژنامەی کوردستانیان بۆ پێداهەڵگوتنی وڵاتانی بەناو سۆسیالیستی و حیزبە کۆمونیستە براکان!!! تەرخان کردبوو.

بەرلە دەستپێکردنەوەی شەڕی ڕژێمی عێراق دژی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٧٤دا، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١٠ کۆبۆوە و بڕیاریدا لە جیاتی ئەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، گوتیان: **(ئەگەر شەڕ لە کوردستاندا سەرهەڵداتەوە و نەتوانین ئەم وەزعەی ئێستا بپارێزین و مانەوەمان لە بەغدا نەکرێ، باشترە بڵاوەی پێ بکەین.)**

وەرگرتنی ئەو بڕیارە کە واتای ئاشبەتاڵ کردن بوو بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، دوکتۆر قاسملوو لە نامەیەکیدا کە ڕۆژی ١٩٧٤/٩/١ ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندیی کرد، کەریم حیسامی لەجێی خۆی دانـاوە و گەڕایەوە بۆ فەڕەنسا[١٠]. ناوبراو لە سەرەتای نامەکەیدا دەڵێت: **(بەداخەوە هەل و مەرجی سیاسی وەزعێکی ئەوتۆی پێک هێناوە کە ناچارم ماوەیەک لە ئێوە دوور بم.....)** (پاشبەندی ٣٥).

دوکتۆر قاسملوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ نەگەڕایەوە بۆ عێراق و بەهۆی هەلومەرجی پێکهاتووی سیاسیی!!! بەو ٢٠٠٠ دینارەی کە حیزبی دیموکرات مانگانە لە حیزبی بەعسی وەردەگرت، کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی لە ئەوروپا پێکدەهێنا. ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بەهۆی ئەو هەلومەرجە سیاسییەوە!!! لە بەغداوە دەچوون و جارێک لە بولغارستان "سوفیا" و جارێکیش لە فەرەنسا "پاریس" کۆبوونەوە.

---

١- لە ساڵانی نێوان ١٩٨٠- ١٩٨٤دا سێ لەو ئەندامانەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات کە ئەحمەد تۆفیقیان لە حیزب دەرکرد. بەچەشنی ئەحمەد تۆفیق، بەتاوانی لادر و نەبوونی پرنسیپی حیزبیی لە حیزبی دیموکرات دەرکران و تەنیا دوکتۆر قاسملوو و عەبدوڵا

حەسەن زادە لە حیزبدا مانەوە: محەمەدئەمین شێخولئیسلامی موکری "هێمن" و محەمەدئەمین سیراجی دوای کۆنگرەی چوارەم و کەریم حیسامی دوای کۆنگرەی شەشەم لە ساڵی ١٩٨٤دا.

٢- نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕژێمی بەعس بوو، ناوبراو دوای کودەتای ١٩٦٣/٢/٨دا کوشتارگەی "قصر النهایة" دامەزراند و هەزاران خەباتکاری تێدا کوشت و ئەشکەنجەی دان. مرۆڤێکی توند و بێبەزە و خوێنمژ بوو. لە ئەشکەنجە کردنی گیراوەکاندا، لە شێوازی دەست و قاچ بڕینەوە بە مشار و شیشی سورکراوە لە سگ ڕۆکردنی خەباتکاران و دەست و پێ شکاندنیان و لە حەوزی تیزاب هاویشتنی خەباتکاران کەڵکیوەردەگرت. کەسایەتییەکی زۆر نزم و تیرۆریستێکی چاونەترس بوو. بە ترس و تۆقاندن، خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە.

ساڵی ١٩٧٣، ئەحمەد حەسەن بەکر بە سەردانێکی فەرمی چوو بۆ بولغارستان. لە نەبوونی ئەودا لە عێراق، گزار پیلانی دارشتبوو لە گەڕانەوەیدا لە فڕۆکەخانەی بەغدا دەستبەسەری بکات و حکومەتەکەی لەدەست دەربهێنێت. چەند کاتژمێر بەرلە گەڕانەوەی سەرکۆمار، گزار بە بیانووی کردنەوەی بارەگای نوێی ئاسایش لە ناوچەی "تەل محەمەد"ی بەغدا، سەعدون غیدان وەزیری ناوخۆ و حەماد شەهاب وەزیری بەرگریی عێراق دەکێشێتە ئەو جێیە و دەستگیریان دەکات.

فڕۆکەی سەرکۆماری عێراق بە هەڵکەوت، بۆ ماوەی کاتژمێرێک دوا دەکەوێ. کاتی نیشتنی، ئەحمەد حەسەن بەکر دەبینێ سەعدون غەیدان و حەماد شەهاب لەوێ نین و دەپرسێ: لە کوێن؟ چونکە وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی نادۆزێتەوە، دەستبەجێ باری ئەمنی ڕادەگەیەنێ و لە ئاکامدا پلانی نازم گزار پوچەڵ دەبێتەوە. گزار فەرمانی کوشتنی گیراوەکان دەدات و خۆی دەڕوات و کاتێک دەبینێ بارودۆخەکە شڵەژاوە، بەغدا بەجێدەهێڵێ و بەرەو ئێران ڕادەکات کە بە هێلیکۆپتەر دەکەونە شوێنی و لە ڕێگەدا دەیگرن. هەرچەندە پیلانەکەی گزار پووچەڵ کرایەوە، بەڵام لایەنگرانی حەماد شەهاب دەکوژن و هێشتا نەپڕژابوونە سەر کوشتنی سەعدون غیدان کە دەگەنە سەریان و لە کوشتن ڕزگاری دەکەن. دوای گیرانی گزار، ڕژێمی بەعس هەموو تاوانەکانی کوشتن و سزادانەکانی لە عێراق و کوردستاندا خستە ئەستۆی گزار.

٣- "ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق"، لاپەڕەکانی ١٦٦ و ١٦٧، نوسینی دوکتۆر یاسین سەردەشتی، ئەویش لە گۆڤاری "پەیامی کردستان شمارە چواردهم، ٢٢ اکتبر ٢٠٠٥" وەریگرتووە.

٤- سەعدون غیدان یەکێک لەو ئەفسەر باڵایانەی ڕژێمی عێراق بوو کە ڕۆژی ١٩٦٨/٧/١٧، لەگەڵ عەبدولڕەزاق نایف، ئیبراهیم داود، کودەتایان بەسەر عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا کرد. ساڵی ١٩٧٢ ناوبراو وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراقی بوو.

٥- عەبدولخالق سامەڕایی ئەندانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بوو.

٦- "ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق"، لاپەڕەی ١٦٧، ئەویش لە گۆڤاری "پەیامی کردستان شمارە چواردهم، ٢٢ اکتبر ٢٠٠٥" وەریگرتووە.

٧- مەلا سەید ڕەشید حوسێنی ساڵی ١٩٢١ لە گوندی هەمزە قەرەنیانی ناوچەی گەورکی سەقز لەدایک بووە. زانستی ئیسلامی خوێندوە، بەڵام مەلایەتی نەکردوە. کاتی خوێندنی لە گوندی حەوشەنا لە سەرشیوی سەقز ساڵی ١٩٥٤ بەهۆی هاشم ئەقەلەتولاب "قادر شەریف"

کادیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی حیزبی دیموکرات وەرگیراوە. ساڵی ١٩٥٩، دوای گیرانی ئیسماعیل قاسملوو، کادیر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات کەوتنەبەر پەلاماری دەزگای هەواڵگریی ساواک و غەنی بلوریان و زیاتر لە ١٢٠ کەسیان گیران، ناوبراو ڕایکردوە بۆ باشوری کوردستان و لەگەڵ عەبدوڵا ئیسحاقی و سلێمان موعینی و ژمارەیەکی تر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، کۆمونی سلێمانییان بۆ کۆکردنەوە و حەواندنەوەی کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنا. ساڵی ١٩٦١ کە سەرۆک مستەفا بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو لەگەڵ سلێمان موعینی و عەبدوڵا ئیسحاقی ڕۆژنامەی "دیسان بارزانی"نیان بڵاوکردوەتەوە. بەشداریی شەڕەکانی کێوەڕەش، هەندرێن، سەنگەسەر و چیای پیرسی کردوە. لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتدا کە ڕۆژی ١٩٦٤/١١/١٩ لە نزیک گوندی گەڵوەڕەز لە سۆنێ پێکهات، لەگەڵ عەبدوڵا ئیسحاقی، سلێمان موعینی، سدیق ئەنجیری ئازەر، باپیر شکاک، مەلا ڕەحیم مەنیجەلان و ئەمیر قازی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات هەڵبژێردراوە. وەک خۆی لە کتێبی "سەرەتایەک لە فەرهەنگی فۆلکلۆری کورد"دا ئاماژەی بۆ کردوە، کۆمیتەی شۆڕشگێڕ دۆخی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی تێکداوە و ئەحمەد تۆفیق بۆ ناوچەی بادینان دوورخراوەتەوە. مەلا ڕەشید بۆ ماوەیەک لە گوندی قومری و کانی ماسی و هۆتیلێ حامورابی لە بەغدا لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بووە. دەڵێت: ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دۆخێکی نوێی بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات خوڵقاند و ڕێگەی بۆ ئەندامانی حیزبی دیموکرات خۆش کرد کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

مەلا سەید ڕەشید لە بەغدا کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی کاتی حیزبی دیموکراتی دامەزراند، بەڵام ئەحمەد تۆفیق بەشداریی تێدا نەکرد و دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران گەڕایەوە بۆ سەقز و لەوێ لەگەڵ مەلا ڕەحمان سێڤە تاڵەیی و ژمارەیەکی تر کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی ئێرانی دامەزراند. ڕۆژی ١٩٥٨/٥/٢٦، ناوبراو بۆ ناوبژیی کردنی شەڕ لەنێوان یەکێتی جوتیاران و سوپای ڕزگاری چووبوو کە شەهید کرا.

٨- هەروەکوو مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی ئاماژەی بۆ کردوە، لەو سەردەمدا دەنگۆی لە حەوزی تیزاب هاویشتنی زیندانییە ئەشکەنجەدراوەکان لەلایەن نازم گزارەوە زار بە زار دەگەڕا. ناوبرا ئەو کۆمەڵە زیندانییانەی کە لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان دەدا، لە حەوزی تیزابی دەهاویشتن.

٩- دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کۆبوونەوەی گشتی کادیرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨- مارس ئاپریلی ١٩٨٩دا. بڕوانە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧.

١٠- بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی، لاپەڕەی ١٧١.

## دوا وتە

بەو بەڵگە و شاهیدانەی کە دەستم پێیان ڕاگەیشت، توانیم هەرچەندە بە کورتییش بێت، ئەو قۆناخە مێژووییەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٥٨وە تا ١٩٧٢ کە عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" سەرۆکایەتی کردوە، بەڵام ون و شێوێندراوە، بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، دڵسۆزانی کورد و لێکۆڵەرانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕوون بکەمەوە. لە دوا وتەی نوسینەکەمدا چەند خاڵی گرنگی ئەو سەردەمە دەخەمەڕوو.

لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دیموکراتدا، ڕژێمی ئێران دوو جار لە ساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٣دا پەلاماری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی دا. لە هەردوو جاردا، ژمارەیەکی زۆر گیران و زیندانی کران و ژمارەیەکی زیاتریش ڕایانکردە باشوری کوردستان کە ئەحمەد تۆفیق ئەوانی گرتەوە و بە پێوانەی ئەو سەردەمە، بە شێوەیەکی شایستە و بەگوێرەی دەرەتان، خزمەتی پێکردن و هەرلەو ژمارەیەش چەندان کادیری باش و لێهاتووی بۆ حیزبی دیموکرات پەروەردە کرد.

لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق دا، حیزبی دیموکرات سێ کوتلەی بچوکی لێ بۆوە. دوو کوتلەیان، بەهۆی چەپڕەوەکانی هەڵگری بیر و ئایدیۆلۆژی حیزبی تودەی ئێران بوو، کە ناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکرات" و "کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات"یان لە خۆیان نا و ئەویتریان لەلایەن هەڵگرانی بیری نەتەوەیی بوو کە "کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان"یان دامەزراند، بەڵام هیچ کام لەوانە لە بواری کردارەوە هەنگاویان بۆ کورد هەڵنەگرت. دوو لەو کوتلانە بوون بە داردەستی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتیش، دوای تێوەگلانی سلێمان موعینی لە شەڕی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨، لەگەڵ سلێمان موعینی کەوتن کە هەرلە سەرەتاوە چوار ئەندامیان گەڕانەوە بۆ ئێران و دوو ئەندامیان بەناوەکانی ئیسماعیل شەریف زادە و مەلا ئەحمەد شەڵماشی شەهیدبوون و تەنیا محەمەدئەمین سیراجییان لێ مایەوە.

هەندێک نوسەر و ڕووناکبیر بە هەڵە بزوتنەوەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتەوە دەلکێنن کە ئەو بۆچوونە بە تەواوی ناڕاست و

هەڵەیە. سەرۆک و بەرپرسی یەکەمی بزوتنەوەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ سلێمان موعینی بوو نەک کۆمیتەی شۆڕشگێڕو ئیسماعیل شەریف زادە و محەمەدئەمین سیراجی. تەنانەت موعینیش بەبێ بەرنامەی پێشوخت و بە هەڵە و بەشێوەیەکی ناخواستە خۆی و لقی سێی حیزبی دیموکرات و دواتریش بەشێک لە کادیر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی لەو بزوتنەوەیە گلاند و بەشی زۆری ئەو پێشمەرگانەش کە لەگەڵ بزوتنەوەکە کەوتن، لەناو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە بزوتنەوەکە پەیوەست بوون.

حیزبی دیموکرات لە سەردەمی ئەحمەد تۆفیقدا کۆنفرانسێکی حیزبیی پێکهێنا و دوای دوورخرانەوەشی لە حیزب، دوو کۆنفرانسی تر لە حیزبدا پێکهات کە هەرسێیان گرنگایەتی مێژووییان بۆ ئەو قۆناخی حیزب هەبوو:

١- کۆنفرانسی یەکەم: لە ١٥ تا ١٩٦٤/٢/١٨ لە بنکەی حیزبی دیموکرات لە سونێ پێکهات. مەبەستی ئەو کۆنفرانسە، چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوخۆی حیزب و متمانە بەخشین بە کۆمیتەیەکی نوێی حیزبیی بوو کە تا پێکهێنانی کۆنگرەی دووەم، حیزب بەڕێوەبەرێت. بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە بە تێکڕایی متمانەیان گەڕاندوە بۆ ئەحمەد تۆفیق و ئەرکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبیان بە سلێمان موعینی، ڕئوفی مەلا حەسەنی، مەلا باقی و مەلا سەید ڕەشید حوسێنی سپارد و سلێمان موعینی کرا بە جێگری ئەحمەد تۆفیق. لەو کۆنفرانسەدا مێژووی کۆنگرە دووەم دیارییکرا و دوای کۆتاییهاتنی کۆنفرانس لە ١٩٦٤/٢/١٨دا نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆک مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی و شۆڕشی ئەیلول کرد.

٢- کۆنفرانسی دووەم: ڕۆژی ١٩٦٩/٨/١٥ لە گوندی "وەرتە" لە بناری قەندیل پێکهات. مەبەستی ئەو کۆنفرانسە، پڕکردنەوەی جێی بەتاڵی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی بوو کە لە ڕەوتی بزوتنەوەی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا شەهید ببوون، لەگەڵ چالاک کردنەوەی حیزبی دیموکرات بە دوای ئەحمەد تۆفیقدا. لەو کۆنفرانسەدا، عەبدوڵا حەسەنزادە، محەمەدئەمین شێخولئیسلامی موکری "مامۆستا هێمن" و حەسەن ڕەستگار ئەرکی کۆمیتەی ناوەندییان وەرگرت.

٣- کۆنفرانسی سێیەم: دوای گەڕانەوەی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەریم حیسامی لە ئەورووپاوە بۆ بەغدا، لە ١٩٧١/٦/٢١ لە ماڵی حەسەن ڕەستگار لە کۆیە پێکهات. مەبەست لەو کۆنفرانسە چالاک کردنەوەی حیزب،

پڕکردنەوەی جێی بەتاڵی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و زیاد کردنی لە پێنج ئەندامەوە بۆ یازدە ئەندام بوو. هەروەها وەرگرتنی بڕیارێک بوو بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی سێیەم. لەو کۆنفرانسەدا بەشێوە نایاسایی دەستکاریی ناوی حیزبی دیموکرات کرا و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد بە حیزبێکی ئێرانیی و وشەی "ئێران"یان بە پاشکۆی ناوی حیزبی دیموکرات زیاد کرد.

دوای کۆنفرانسی سێیەم، دەفتەری سیاسیی لەگەڵ وەرگرتنی بەرپرسایەتی، بەپێچەوانەی سالانی پێشوو، بارەگای ناوەندیی حیزبی لە بەغدا دانا کە ڕێبەران و لایەنگرانی حیزبی تودەی ئێران و بارەگای حیزبی شیوعیی عێراق، هاوپەیمانی ڕژێمی بەعسی لێبووە. دوای جێگیربوونی بارەگای دەفتەری سیاسیی لە بەغدا، دەفتەری سیاسیی بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە کۆنفرانس و ئۆرگانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانس مافی دەرکردنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی نییە! دەفتەری سیاسیی بە بڕیارێکی نایاسایی و دوور لە پرنسیپی حیزبایەتی، لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢دا ئەحمەد تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم و سکرتێری حیزبی دیموکراتی لە حیزب دەرکرد. دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دیموکرات، تەنانەت بەپێچەوانەی ئەو پرنسیپە بوو کە دوکتور قاسملوو بە وتەی خۆی هاتبوو لە حیزبی دیموکرات دا جێگیری بکات و لە ڕاستیدا پرنسیپی هاوردەی حیزبی تودە بوو.

دەفتەری سیاسیی لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە ١٧، ژوئینی ١٩٧٢دا بە ڕاشکاوی ڕێبەرانی پێشووی حیزبی دیموکراتی بە لادەر، گێرەشێوێن و خۆپەرست ناساند و ڕایگەیاند کۆنفرانس نەتەوەکەمانی لە سەرلێشێواوی و ئەو کوێرە ڕێیانە ڕزگار کرد کە لە ساڵەکانی دواییدا هێندێ لادەر و گێرەشێوێن و خۆپەرست تووشیان کردبوو. وشەی هێندێ لەو نوسینەدا بە مەبەست هێنراوە، چونکە لەنێوان ڕێبەرانی پێشووی حیزبدا جگەلە ئەحمەد تۆفیق، هیچ کەسێکی تریان بە ناوی لادەر و گێرەشێوێن و خۆپەرست نەناساند و لە حیزب دەریان نەکرد. لەو بارەیەدا، دوکتۆر قاسملوو بەشێوەی ڕاستەوخۆ، ئەحمەد تۆفیقی بە پیاوی ڕژێمی عێراق ناساند[١]، بەڵام کە ڕژێمی عێراق ناوبراوی گرت، ئامادە نەبوو تەنانەت وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی بەندکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات و لە چنگ ڕژێمی بەعسی خوێنڕێژ دەربێنێت.

هۆی ئەو هەڵوێستەی دەفتەری سیاسیی بۆ ترسێک دەگەڕایەوە کە بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی دەسەڵات لەدەست خۆیاندا لە ئەحمەد تۆفیق هەیانبوو. چونکە ئەگەر ئەحمەد تۆفیق دوای ئازادبوونی گەڕابایەوە لای سەرۆک بارزانی و بۆ بیری کوردایەتی تێکۆشابا، دوکتۆر قاسملوو نەیدەتوانی پرۆژە بەڵێندراوەکانی بە حیزبی توده جێبەجێ بکات و ئەندامانی دەفتەری سیاسیش بەبێ پلەوپایە دەمانەوە، کەوابوو مانەوەی ئەحمەد تۆفیق لە زیندان و تەنانەت کوژرانی لەژێر ئەشکەنجەی ڕژێمی بەعسدا شانسێک بوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان.

ئەحمەد تۆفیق بە ئەشکەنجەی ڕژێمی بەعس گیانی لەدەستدا و دەفتەری سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، تەنانەت لە یەک وشەدا باسیان لە شەهید کردنی ئەو نەکرد. دەفتەری سیاسیی ئامادەکارییەکانی بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی سێیەمی حیزب بەکۆتا گەیاند و ڕاپۆرتێکی بۆ کۆنگرە ئامادە کرد. لە لاپەرەی ٢٤ی ئەو ڕاپۆرتەیدا، بڕیارەکان و بەرنامەی کۆنگرەی دووەمی حیزبی بەنیشانەی نزمیی پلەی باسە سیاسییەکان و پایەی نزمی سیاسی، فەرهەنگی و دواکەوتوویی ناسیونالیستی کۆنگرەی دووەم ناساند. عەبدوڵا حەسەن زادە دەقی ئەو ڕاپۆرتەی لە لاپەڕەکانی ٣٨ و ٣٩ کتێبی "نیوسەدە تێکۆشان"دا بڵاوکردوەتەوە کە دەڵێت:

**- (بڕیارەکانی کۆنگرەش نیشانەیەک لە نزمیی پلەی باسە سیاسییەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوون. بەرنامەیەک کە دانراوە بێجگە لە پایەی نزمی سیاسی و فەرهەنگی، بەرنامەی حیزبێکی دواکەوتووی ناسیونالیستی یە کە لەگەڵ ڕابردووی پێشکەوتنخوازانەی و دیموکراتیی حیزبی ئێمە ڕێک ناکەوێ. ....)**

نوسەر یان نوسەرانی ڕاپۆرت بۆ کۆنگرەی سێیەم نالێن کام خاڵ لە بەرنامەی فەرهەنگیی کۆنگرەی دووەمدا نزم بووە؟ بەڵام وەک دەبینن بە ڕاشکاوی دەڵێن هەوڵدان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی لە حیزبی دیموکراتدا، دواکەوتوویی سیاسیی، فەرهەنگیی و ناسیونالیستییە!!! و زۆربەی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەی سێیەمدا کە ڕێژەیان ٤٩ ئەندام بووە لە بەرامبەر ئەو بێحورمەتی کردنەدا بە نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکرات بێدەنگ بوون.

لە کۆنگرەی سێیەمدا دوکتۆر قاسملوو هەوڵیداوە کۆنگرەی دووەمی حیزب لە مێژووی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکرات بسڕێتەوە. ئەمیر قازی داوای کردوە، بڕیار و بەیاننامەکانی کۆنگرەی دووەم بخوێندرێنەوە کە هەردوو پێشنیاز بەدەنگی زۆرینە ڕەتکراونەتەوە. دوای قبووڵ نەکرانی ئەو دوو پێشنیازە،

عەبدوڵا حەسەن زادە داوای کردوە بڕیار و بەیاننامەکانی کۆنگرەی دووەم بە لادەرانە بناسرێن و ڕەت بکرێنەوە کە داواکەی بە دەنگی ٤٣ ئەندام پەسەندکراوە و لەو بارەیەوە گوتراوە: **(کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیان و بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەم بێجگە لە بەشێکی زۆر کەمیان کە لەسەر مەسایلی سیاسین ڕەت دەکاتەوە. بەتایبەتی هێندێک هێرشی ناڕەوا و نادروست بۆسەر سەرکۆماری دیموکراتی کوردستان و بەشێک لە بەرێوەبەران و کادرەکانی حیزب مەحکوم دەکات.)**

لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا بەیان و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووەممان بینی. لە هیچ بەیان و بەڵگەیەکدا هێرش نەکراوەتە سەر پێشەوا قازی محەمەدو سەرکردەکانی کۆماری کوردستان و تەنانەت بەشدارانی کۆنگرە لەژێر وێنەی پێشەوا، بارزانی، شێخ مەحمود و شێخ سەعید کۆنگرەکەیان بەڕێوەبردوە، بەڵام دوای کۆنفڕانسی سێیەم دەفتەری سیاسیی بە ئاشکرا سەرکردەکانی کۆماری کوردستانی بە سەرکردەیەکی **(سست و گورج و گوڵ نەبوون و نا شۆرشگێر ناساند.)** جگەلەوە، دوکتۆر قاسملوو لە وتارێکیدا لەژێر سەردێڕی "دەرسەکانی جولاًنەوەی مهاباد" دەڵێت:

**- (دیارە هۆی ئەسڵی شکانی جوولانەوەی مەهاباد چونیەتی وەزعی ناوەوە بوو. لە پێشدا هۆی تی شکانەکە نەبوونی یەکگرتنی پتەو و یەکیەتی بە کردەوە لە ناو هێزە دێمۆکراتی یەکانی ئێران بوو. جوولانەوەی نیشتمانی ئازەربایجان و کوردستان بە کردەوە لە جوولانەوەی سەرانسەری ئێران جیا کرایەوە و سەرکردەی سێ حیزب، حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان نەیان توانی لە وەختی خۆی واتە لە کاتی پێویستدا یەکگرتوو و یەکپارچە هێزەکانی خۆیان داخلی مەیدان بکەن و بەرامبەر بە دوژمنی هاوبەش، ئیمپریالیزم و کونەپەرستی ئێران رابوەستن. سەبەبی ئەم حالە سستی و گورج و گول نەبوونی سەرکردەی ئەم حیزبانە بوو کە وەک سەرکردەییەکی شۆڕشگێر نەجوولانەوە.[٢])**

لەگەڵ ئەوەشدا، بڕیاری کۆنگرەی سێیەم سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی بڕیار و بەیاننامەکانی کۆنگرەی دووەم کە عەبدوڵا حەسەن زادە پێشنیازی ڕەتکردنەوەی کردون، بڕیارێکی ناڕوونە و وەک بەڵگەیەکی یاسایی کاری پێ ناکرێت، چونکە نە ئاماژە بۆ دەقی بڕیارە ڕەتکراوەکان کراوە و نە بەشە زۆر کەمەکانی دەستنیشان کراون، بەڵام کۆنگرەی سێیەم ستراتژیی خەبات بۆ

ڕزگـاریی نـەتـەوەی کـوردی گـۆڕی بـۆ خـەبـات بـۆ دامـەزرانـدنـی سۆسـیالیزم لـە ئێراندا. هەموومان دەزانین جێبەجێکردنـی ئـەو ستراتژە پێویسـتی بـە دەسـەڵات هـەیە کە حیزبـی دیمـوکرات داوای دەسـەڵاتی سیاسـیی لـە ئێرانـدا نـەکـرد کـە سۆسـیالیزمە داخـوازەکەی پـێ دامـەزرێنێـت و ئـەو بۆشـاییەی بـۆ حیزبـی تـودە ڕاگرت. دەفتـەری سیاسیی و بـەشدارانـی کۆنگرەی سێیـەم بیریان لـەوە نـەکردبۆوە کە کـورد جـگـەلـە کوردسـتانێکی سـەربـەخۆدا، توانـای گـۆڕینی سیسـتـەمی وڵاتـی ئێرانـی نییـە! پێشنیـازی دەفتـەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بۆ کۆنگرەی سێیەم و پەسەندکردنـی لـەلایـەن کۆنگرەوە و دواتریش داسەپاندنـی بـەسـەر کۆنگرەکـانـی دواتـری حیزبـدا، ئـەرکـی حیزبێکـی نـاوچـەیی نییـە کە ژمـارەی دانیشـتوانی لـە ئێرانـدا لـە کـەمـایـەتیی دایە. دروشـمی دامـەزرانـدنـی سۆسـیالیزم پتـر بـۆ ئـەو حیـــزبـە سەرتاســـەرییانە دەگەڕێـــتەوە کە خـــاوەنی ئـایـــدیۆلۆژیی چەپ و سۆسیالیستیین و ئـەنـدام و لایـەنگریـان لـە نـەتـەوەکـانـی تـردا هـەیـە و ڕکـابـەریی دەسەڵات دەکەن لـە ئێران دا.

دروشـمی **"یـەکیـەتی، خـەبات، سـەربـەخۆیی و دیمـوکراتی"**ی پەسـەندکراوی کـۆنگرەی دووەم لــە پینــاو خــەبات بـۆ ئــازادیی و ڕزگــاریی کـورد و کوردسـتان! لـەلایـەن بـەشدارانی کۆنگرەی سێیەمەوە گۆڕا بـۆ دروشـمی **"بـزوتنـەوەی میللـی و دیموکراتی"** کە ئـەوە دروشمی حیزبی نـەتـەوە خاوەن دەوڵـەتـەکانـە، نـەک حیزبی نـەتـەوەیـەکـی بێـبـەش و کۆڵـۆنی! بـەسـتنـەوەی حیزبـی دیمـوکرات بـەو دروشـمە یـەکێک بـوو لـە بڕیارەکـانی کۆبـوونـەوەی ڕۆژی ١٩٧٠/١٠/١٦ی ڕێبـەرانـی حیزبـی تودە لـەگـەڵ دوکتۆر قاسملوو و کـەریم حیسامی کە پێشتر لـە بـەشـی **"کۆنفرانسـی سێیـەم و بـەستراوەیی سەرلـەنوێی حیزبـی دیمـوکرات"**دا ئـامـاژەم بـۆ کـرد و ئـەو دروشمە سـەربـەخۆیی سیاسیی حیزبی دیموکراتی بـە حیزبـی تـودە بـەسـتـەوە. بـۆ گۆڕینـی دروشمەکـانی کـۆنگرەی دووەم و داسـەپاندنـی دروشـمی نـوێ لـە کـۆنگرەی سێیـەمدا، واتـە گـەڕاندنـەوەی هێڵـی سیاسیی حیزبی دیموکرات بـۆ هێڵـی پێش لـە ســاڵـی ١٩٥٨، پێویسـتـی بـە کــاری پـەروەردەیـــی هـەبـوو کە دوکتـۆر قاسـملوو و هـەڤاڵانـی بـە ڕاسپاردەی حیزبی تودە، لـە میانـەی کۆنفرانسی سێیـەم و کـۆنگرەی سێیـەمدا، خولێکی پـەروەردەی کادیریان بۆ ئـەو چـەند کادیرانـەی حیـزب پێکهێنـا و ئـەوانیان بۆ داسەپاندنی مـەبـەستـەکانیان لـە حیزبی دیموکراتدا پـەروەردەکرد.

دوای کـۆنگرەی سێیـەم، نـاوی ئـەحـمـەد تۆفیـق لـە مێـژووی حیزبـی دیموکراتـدا سڕایەوە و لـەوکـاتـەوە هـەتـا ئێستا ڕێبـەرانـی حیزبـی دیمـوکرات ئاماژەیـان بـۆ

دروشمەکانی کۆنگرەی دووەم و کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق نەکردوە. خزمەتی ١٤ ساڵەی ناوبراو لە پلەی سکرتێری حیزبی دیموکراتدا بە نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکرات بە زانیاریی ون و شێوێندرا و کەسێک لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات نەبوو کە بپرسێ: **(چۆنە ئێوە کۆنگرەی دووەمتان قبووڵە و خستوتانەتە ڕیزی کۆنگرەکانی حیزب! بەڵام سکرتێرەکەتان قبووڵ نییە!!!)**

ئەو سکرتێرەی کە لە دژوارترین هەلومەرجی ئەوکاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا توانی ١٣٠ ئەندام لە چیاکانی باشوری کوردستان کۆبکاتەوە و دوای تێپەڕبوونی ١٩ ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمدا، کۆنگرەی دووەم پێک بێنێت.

دوای بەدەست گرتنی دەسەڵات لە حیزبی دیموکراتدا، دوکتۆر قاسملوو هەرچەندە بەشێک لەو خاڵانەی جێبەجێ کرد کە لە بەشی **"کۆنفرانسی سێیەم و بەستراوەیی سەرلەنوێی حیزبی دیموکرات"** ئاماژەیان بۆ کرا، بەڵام سەرئەنجام ئەویش هەندێک ڕاستیی سەبارەت بە زیادەڕۆیەکانی حیزبی تودە بۆ دەرکەوت و ئەویش لەو سۆسیالیزمە پاشگەز بۆوە کە خۆی بەسەر حیزبی دیموکراتیدا سەپاندبووی، بەڵام چونکە مێشکی کادیرەکانی حیزبی دیموکراتی بە ڕادەیەک لەو سۆسیالیزمە و خەبات بەدژی "ئیمپریالیزم" پڕ کردبوو، نەیتوانی گوزاریشت لە ویستی خۆی بۆ ئەندامانی حیزبەکەی بکات. دوکتۆر قاسملوو سەرەتا سۆسیالیزمی چەشنی سۆڤیەتی کرد بە ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دیموکرات و دواتر کە لەگەڵ ڕادمەنیش و کیانوری و ڕێبەرانی تری حیزبی تودە تێکچوو، بەرەو سۆسیال دیموکراسیی ئەوروپای ڕۆژئاو بایداوە کە هەر دوو پڕۆژەکانی ئالۆزکردنی حیزبی دیموکراتیان بەدوادا هات و دواتریش نەتوانرا ڕێگە لەو سەرلێشێواوییە فیکرییە بگیرێت کە بەسەر کادیرەکانی حیزبی دیموکراتدا سەپابوو و کەسێکی وەک ئەحمەد تۆفیق نەبوو کە بێت و بڵێت ئەی کوردینە! ئێوە بۆچی بۆ سەربەخۆیی وڵاتی خۆتان، بۆ بە دیموکراتی کردنی وڵاتی خۆتان، بۆ بە ئاشتی ژیان و یەکڕیزیی حیزبەکەتان و برایەتی نەتەوەی خۆتان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی گەلەکەتان خەبات ناکەن؟ وڵاتی ئێوە لە ساڵی ١٥١٤وە کۆلۆنی کراوە و ئەرکی ئێوە و نەوەکانی دوای ئێوەیە کە ڕزگاری بکەن! دەبا حیزبە چەپەکانی ئێران بۆ سۆسیالیزمە ڕەنگ جیاوازەکانیان هەوڵبدەن، حیزبە نەتەوەیی و سەرتاسەرییەکانی ئێران بۆ بە

میللـی و دیمـوکراتیی کردنـی ئێرانـی خۆیـان تێبکۆشـن، حیـزبه ئیسـلامییه سەرتاسەرییەکانی ئێران بۆ بە ئیسلامیی کردنی ئێران خەبات بکەن!

حیزبـی تـۆ حیزبێکـی نەتەوەیـی و ڕزگـارییخوازە و دروشـمەکەی "ڕزگـاریی نەتەوەییە" نەک "میلی و دیموکرات" تۆ بۆچی بوویتە کەوا سوری بەر لەشکری بێگانە و دروشمی نامۆی ئەوانت هەڵگرتووە! وەرن کۆتایی بەو شەڕانە بێنن کە لە ساڵی ١٩٧٢وە بەسەر ئێوە و نەتەوەکەماندا سەپاوە و دەیان هەزار کوڕی وڵاتەکەمان لە پێناویدا شەهید، زیندانی، ئەشکەنجە و ئاوارە بوون!

بـۆ بە کۆتاهێنـانی ئەو هەڵە مێژوویـانە و بـۆ گەیشـتن بە ئامـانجە نەتەوەییەکانی کورد، حیزبی دیموکرات پێویستە یەک بگرێتەوە و سەرلەنوێ مێژووی خۆی بنوسێتەوە و بوێرانە بگەڕێتەوە بۆ دروشمەکانی کۆنگرەی دووەم و لە خەباتی بەکردەوەدا بەگوێرەی هەلومەرج بە قازانجی نەتەوەکەمان هەنگاو بنێت، بەڵام لە مافی یاسایی خۆی بۆ سەربەخۆیی و ئازادکردنی نەتەوەی کورد دەستهەڵنەگرێت!.


---

١- وتـاری دوکتـۆر عەبـدولڕەحمانی قاسـملوو لە کۆبـوونەوەی گشـتیی کادیرەکـانی حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨- مارس ئاپریلی ١٩٨٩دا. بڕوانە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧.

٢- ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارەی ١ ڕێبەندانی ١٣٤٩ ژانویەی ١٩٧١، لاپەڕەی ١ و ٣.

# پاشبەند

# پاشبەندی ١



چەند ملاحەزەیەک لەسەر حزبی دیموکراتی کوردستانی «ئێران»

کاری حزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٣ پەرەی گرت
چونکو حزب دەستی پێ کردبوو کە سەربەخۆ کار بکات و کاری کوردستان [illegible]
بەرێوە بێنێ.

ئەو ناوچانەی کە زۆرتر حزبی دیموکراتی کوردستان نفوزی تێدا هەیە ئەمانەن:
شاپوور، سەلماس، [illegible] دەوروبەری [illegible] و دەوروبەری. مهاباد و سەردەشت و شنۆ و
سەروو [illegible] ناوچەی [illegible] دەوروبەری [illegible]. سەقز و بانە و [illegible]
[illegible] شارەکانی سنە و دەوروبەری. و شارەکانی کرماشان کە تازە حزب خەریکە تێدا بچەسپێ.

ئەو ناوچانەی کە زۆرتر دەبێ لە ئەوانەی تر [illegible] بە هێزە [illegible] ناوچەی
[illegible] [illegible]. ناوچەی [illegible] و [illegible] و [illegible]
[illegible] لە دەوروبەری شنۆ و مهاباد ناوچەی [illegible] تا حدودی عێراق. ناوچەی
[illegible] ناوچەی [illegible] و هەورامان. [illegible] لە حدودی عێراق و ئێران
[illegible] تا کرماشان زۆر بە هێزە.

حزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی ئەو دێیانە سازمانی منظمەی هەیە
[illegible] کۆمیتەیەکی بەخشی تەشکیل دەدەن ~~[illegible]~~
~~[illegible]~~ چەند کۆمیتەی بەخش یەک کۆمیتەی محلی تەشکیل ئەدەن
[illegible] شارەکانیش کۆمیتەی [illegible]. لە سەرووی [illegible] [illegible]
مەرکەزییە کە [illegible] [illegible].

ئەو کەسانەی کە ئێستا لە کوردستانی ئێران کاری حزب [illegible] [illegible]
کۆمیتەی مەرکەزی ئەوانەن.

١- عبداللە اسحاقی
٢- عزیز یوسفی
٣- رحمت الله شریعتی

ژمارەی ئەندامانی حزب بە چاکی لێم معلوم نییە. چونکو [illegible]
[illegible] کاتەکە [illegible] کە [illegible]. لە پاشان ئەوە ساڵێک زیاترە من لە
کوردستان دوورم لە حاڵێکدا لە یەک ساڵدا زۆر گۆڕانی گەورە [illegible]
کوردستان [illegible] پێش کە بە [illegible] [illegible] حزب بووە. بەڵام هەر [illegible]
دەتوانم بڵێم کە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێستا دەبێ بە [illegible] بیان
[illegible].

# پاشبەندی ٢

**بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان
دوو تەقەلا لەلایەن حکومەتی تارانی داگیرکەرو ئیمپریالیستەکان بۆ
پەشیوی وە گیرەشیوینی دەریزی خەباتی نەتەوەکەماندا**

لەو کاتەدا کە حزبی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی تیپەربونی تەمەنی پڕ لە شانازیوە تیکۆشانی ١٤ سالەی دایە. دوژمنانی ئازادی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاوە ئینگلیزەوە دابودەزگای حکومەتی تاران کەوتونە پەلەقاژەی گیرەشیوینانە دەریزی خەباتی ییکگرتویی نەتەوەکەماندا.

بە دریژی ١٤سال تەمەنی حزب دوژمنانی ئازادی نەتەوەکەمان بەدایم دەتەقەلای پەشیویو تیکدانی ریزەکانی خەباتی نەتەوەی کورد بە پیشەواییوە سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوون.

لە سالی ١٩٣٤(١٣٢٤ راستە/ ن) (١٩٤٥) "غەفوری مەحمودیان" جاسوسی هینەتی حاکمەیی تاران بەناوی (حزبی تودەی ئیران) بەماوەی چەند مانگ دەست بەکاری پروپاگندە بوو تاکو بەو بۆنەوە بەناوی (حزبی تودەی ئیران) دوبەرەکی بخاتە ناو سەرۆکایەتی سیاسی خەباتی نەتەوەکەمان. وەکی لە پاشان دەرکەوت ناوبراو تەماسیشی لەگەل حزبی تودەی ئیران نەبوو بەلام خوشەویستی حزبەکەمان لەناو خەلکدا ئەو حزبەی دەست بەچەك سەنگەر بە سەنگەروە شار بەشار هیزی چەوسانەوەوە داگیرکەری بەرەو تاران رامالی بوو ماوەی بە ناوبراو نەدا، زۆری پی نەچو بەلگەی جاسوسیوە خەیانەتی لیگیرا. بەلام پیش ئەوەی جەمهوری دیموکراتی کوردستان ئەو تاوانبارە یە جەزا بگەییەنی خەلك بۆ خۆیان ئەو خائینەیان بە جەزای خۆی گەیاند. بەو جۆرە دووکانی مەحمودیانوە حزبەکەی داخرا.

لە مانگی ری بەندای ١٣٣١ (١٩٥٢) تا مانگی جوزەردانی ١٣٣٣ روکنی ٢ی جاسوسی لەشکری تاران لە مهاباد بو بەرگری لە پەرەساندنی حزبی دیموکراتی کوردستان دەست بەکاری دروستکردنی (٣) حزب بووە.

(حزب موسلمین) لە ژیر چاوەدیری روکنی ٢ی لەشکروە (سالحی شاتری) بە سەرۆکایەتی (عەزیزی موشیری) بەدعەمەل لە مهابادوە بۆکان دامەزراویرایوەی کە بە ناوی دینەوە خەریکی هەلخەلەتاندنی خەلك بوون بەلام بە ئەژمار نەفەراتیان لە ٢٧کەسوە عومری حزبەکەیان لە مانگو نیویك زیاتر تی نەپەریوە بەدەستی خەلك پرشو بلاو کرا.

"حزبی پان ئیرانست ئوەش بە ئەمری روکنی ٢ لەلایەن جاسوسی ناسراو"رەحمانی مدرەسی" لە مهاباد دامەزرا باشە بزانریت کە ئەو دەستەیە هیچ نیوانو پەیوەندیکی دەگەل"حزبی میللەتی ئیران لە سەر پایەی پای ئیرانیست"نەبوو. تەقەلاوە جولانەوەی ئەو دەستەیەویرایوەی کە حکومەتوە دەزگای جاسوس لە پشتەوە بوو لە ترسی خەلك بە نهینی کاری دەکرد. تەمەنی ئەو حزبەش ! لە مانگیك زیاتر تی نەپەری.

ئاوجار روکنی ٢ی لەشکری تاران لە مهاباد زۆر بە تورەیی بو بەر بەرەکانی ناوەندی بزوتنەوەی نەتەوەکەمان هاتە میدانەوە. هۆی پەشۆکاویو چاوسوور بونی دوژمنان زۆرتر ناکامی روکنی ٢ بو پیکەوەنانی دەستەیەکی چوماخ

بەدەست بە ناوی حزب بوو تاکووەکو زۆربەی ناوچەکانی تری ئیران بەهۆی ئەو چوماخ و چەقۆ بەدەستانەی سەر بەبارەگای شا ناوچەی کوردستانیش هەروەکی ناوچەکانی تر لەدەرەوەی دەولەتی"دوکتور مسەدق" دا پەشیوبکەن و بە بۆنەوە پیشگیری بزوتنەوەی زیدی ئیمپریالیستی نەتەوەکانی ئیران بکەن. لەشکری تاران ئەوجار دەست بەداوینی سەید"علی حسینی" بوو کە تەواوی خەلکی ناوچەی مهاباد ناوبراو بە پیاویکی سەردانەوین وە دراوپەرست دەناسن. سەرهەنگ"مزەفەری" کە قولە چوماخی تایبەتی بارەگای شا بۆ دوژمنایەتی لە گەل نەتەوەکەمانە لەگەل حسینی ناوبراو دەست بەکاری بە قەولی خۆیان"حزبی سادات" !بوون، بۆ دەوامی تەمەنی دەستەکەیان چەنگورکی خۆیان لە رۆژی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٣٢ لە کاتی گیرانی هەلپەرکی و زەماوەند بە بۆنەی فستیوالی لاوان بە خوینی لاوی کورد "حەسەنی رەمەزانی" لایەنگری "ییکەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان "سوور کرد. زیاتر لە ١٠ نەفەریان خستە گرتوخانەوە، ئیرادەو ییکگرتویی ریزەکانی خەلك و مانگرتنی خاوخیزانی گرتوکان بە سەرکردەیی ییکەتی یایانی دیموکراتی کوردستان "لە بروسکەخانە"تلگرافخانە" چۆکیان بە دوژمن داوە گرتوکانیان لە گرتوخانە هینا دەرەوە. دووابە دووای ئەو سەرکەوتنە کە ئافرەتان دەوریکی زۆر گرنگی میژویان لە خۆنیشاندا ئنجا قۆناغی لەناوبردنی ماکە- ئەو گیرەشیوینیانە کە حزبەکەی "مزەفەری"وە "حسین"بوو دەستی پیکرد. تەمەنی ئەو حزبە دریژتر لە حزبەکانی تر بوو پاشی (٣) مانگ دووکان و بازاری ساداتی"مزەفەری"ش داخرا.

لە سالی ١٣٣٢ حزبیکی تر بە ناوی"حزبی سعادت میللی" کە مەرکەزی لە شاری سنە بوو دامەزرا. ئەو حزبەش لە چیر هەلخەلەتاندنی ئەرکانی تاران و دارو دەستەی"شا" بەریوە دەچو بەلام بۆ هەلخەلەتاندنی خەلك بە تایبەتی جوتیاران بە ناوی جەبهەی میللی یەوە کەوتبوە پرو پاگندە مەسلەحەتی ناپاکی سەرۆکی ئەو حزبە کە سەربەستراوی بارەگای "شا"بوو، دەوەدا بو توندو نالەبار بۆ هەلکەوتی خەباتی ئەوی رۆژی بهیتە گوری وە بەو بۆنەوە هەراو گرمەییەك لە دەوری حکومەتی "دکتور مصدق"دا بخولقینی، دەوامی عومری ئەو حزبە بە

بۆنەی پرۆپاگندە هەلخەلەتانەکەی بەقەد دوو سال دەوامی کرد. بەڵام زۆری پی نەچوو کە ناوەرۆکی بیروباوەری رەشی بەریوەبەری ئەو حزبە بۆ خەلك ئاشکرا بوو بە تایبەتی پاش کودەتای "شاو زاهیدی"لە ٢٨ی گولاویژی ١٣٣٢ دا بە تەواوی بۆ خەلك دەرکەوت کە سەرۆکی ئەو حزبە نۆکەری شایە، پاش ٢٨ی گەلاویژ بە ماوەی سالیك بیجگە لە قلبلوی سەر کانگای حزبەکە چی لی باقی نەمابوو.

بەو جۆرە ئەو "حزبانە" هاتنە مەیدانەوە بەلام خەباتی گەل بە سەرکردەیی حزبەکەمان بە عومریکی کورتو روویکی رەش لە مەیدانی بەدەرکردن‌وە لەناوچوون. تەنیاحزبی دیموکراتی کوردستان وەك تاقە حزبی کوردستان لەگەل گەلی تیکۆشەر ئالای خەباتو بەربەرەکانی دانەناوەو تا سەرکەوتن بەسەربەرزی بۆ پیشەوەی دەبات.

حزبی دیموکراتی کوردستان بە پەیوەندیەکی نزیكو زانایانە دەگەل کریکاران، جوتیاران، پیشەوەران، روناك بیران، عەشیرەتەکانی نیشتمان پەروەری کوردستان‌وەك قەلایەکی نەروخو دارژاو بەرەنگارین هیی دوژمن بوو —وەك بەردی سماتە بەرەنگاری هورووژمەکانی درردانەی دابو دەزگای لەشکری تارانی گرت، پاش کودەتای ٢٨ي گەلاویژ بەسەدها هاوری‌وە لایەنگری بەشەرەفی حزبی ئیمەیان هاویشتە بە داخی سوورەوە بو—چورکی گۆشتی ئەندامانی حزبی ئیمە بەدەستی داگیرکەرانی تارانی لە دژبانی مەهاباد شەقامی بداغ سولتانی پرر کردبوو. گرتووخانەکانی شاری مەهاباد لە تیکۆشەران‌وە نیشتمان پەروەرانی لادیو شاری نەغەدە، سەردەشت، ساییقەلا، مەحموود جغ، مەهاباد،وە میاندواووە بۆکان ئاخندرا بوو هەروەها گرتووخانەکانی وورمی، سەقز، بانە،وە سنەش لە تیکۆشەران پرر کرابوو.

نەبەزیو کولنەدانی بی‌ووچانی حزب‌وە ریگا بە هەلەنەکرنی جولانەوەی حزب‌وە نەتەوەکەمان بە سەرکردەیی تاقەری نوسنی سیاسی خەباتمان حزبی دیموکراتی کوردستان هەیئەتی حاکمەی تارانی بە یارمەتی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاو ئینگلیز خستۆتە دوو تەقەلا بۆ پەشیویو گیرەشیوینی دەریزی خەباتی

گەلی کوردا، ئەو تەقەلایانە ییکیان بە ناوی ناسیونالیزمی کویرو تیناوی ئەوی تر بەناوی دەسەلاتی شووینیزمی مەزن خواز بۆ دووبەرەکی خەباتی نەتەوەکەمان هاتوونە مەیدانەوە.

١- سازمانی ئەمنیەت

دەزگای جاسووسی حکومەتی مەرکەزی کەوا ئیستا لە ژیر چاوەدیری ئەمەریکایەکانە بە ریوەدەچی بەهۆی چەند نەفەری خاین بە ناوی "ئەمانوللای قورەیشی" دەبیری کۆمیتەی ئەیالەتی تارانوە "علی متقی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، (عەزیمی عەسکەری)وە. . . هەتد. . چەند کومابیکی فریوخوراو هەلخەلەتاویان لە شاری تاران لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە. ئەوانە بۆ فریوی خەلك بە قەولی خۆیان زۆر بە نهینی کار بەریوە دەبەن تا ئیستا بە زۆر بۆنانەوە بەیان نامەو نەشرەی سرریان بە ناوی"حزبی تودەی ئیران" دەرهیناوە، رۆژنامەی "صبحی امید" لە ژمارەی ٢٦ی ٨ی بانە مەرری ١٣٣٨ دا لە ژیر عنوانی "وەرەقەی پۆلیسی"لە مەرر ئەو بەیان نامانە کە لە لایەن ئەو ریکخراوە پۆلیسیانەوە دەردەکەوی‌وورییایی دەدا بە خەلکەکانی ئیران، هیندی لە کریکارەکانی کورەپەزخانەی تاران بە هۆی"سولتانی"ناویك‌وە چەند کریکاری هەلخەلەتاو تاچەند لەمەوبەر دەگەل کومیتەی ٥ نەفەری "متقی"و سازمانی ئەمنیـ ـ دابوون.

سازمانی ئەمنیەت دەخوازی داوینی ئەو ریکخراوە پولیسیەی بە ناوی حزبی توودەی ئیران بکیشیتە ناو کوردستان مەبەستی بنچینەیی دابودەزگای حکومەتی زالمی تاران بە زوربەیی دووبیرەییکیان بۆ بەدەستەوەگرتنی رەهبەری سیاسی خەلك لە ریگای حزبەوە. وە بەو بۆنەوە بۆ ماوەییك دووبەرەکی‌و ناتەبایی بخاتە ریزەکانی خەباتی یەکگرتوویی نەتەوەکەمان.

دووهەم پاش بەستنی پەیمانی شەرهەلایسیین لە نیوان حکوومەتی مەرکەزی‌وە دەولەتی دەست دیژکەری ئەمریکاوە هەروەها پاش شۆرشە پیرۆزەکەی ١٤ی گەلاویژی نەمری عیراق بە سەرکردەیی نیشتمان پەروەری مەزن

عبدالکریم قاسم، حکومەتی تاران بە زۆر پیلانانەوە کەوتوتە سەر باری خولقاندنی پەشویو گیرەشیوینی لە ناو جەمهوری عیراقداوە بەسەرکردەنی ئەمریکایەکان کەوەك مارومیرو بە کوردستانوەربوون دەتەقەلان کیشانی نەخشەی هرووژم بۆ سەر جەمهوری عیراقدان.

٢- سەروکی سازمانی ئەمنیەت لە شاری مەهاباد"کەنزی" دەگەل دوو جاسووسی سازمانی ئەمنیەت بە ناوی "سەروان مجتهدی"و"سالحی سقزی" بەقەد دوو سال دەبی خەریکی پیکەوەنانی حزبیکن بۆ فریودانو بە هەلەبردنی خەلکی کوردستان.

لە سالی ١٣٣٤ روکنی ٢ ی ئەرکانی سوپای مەهاباد بە هۆی "سالحی شاتری "دوو نەفەری بە ناوی"وەهابی بلوریان"وە حەمەدەینی شەرەف" بە بیانووی زیارەت بەلام بۆ کاری جاسووسی بۆ عیراق ناردبوونو لەوی لەگەل چەند نەفەرێكووتوویژیان ببوو.

لە مانگی خاکەلیوەی ١٣٣٦ دا جاسووسی ناسراو سەروان"مجتهدی" بە ناوی "عیسی پژمان" سەفەری بۆ سوریە کردو لە شاری دمشق پاش دیتنی هیندیك تیکۆشەری کورد کە هەستیان بە ناپاکی ناوبراویش کردبوو گەرابو-وە عیراقوە بۆ شارەکانی کەرکووك، هەولیر، سلیمانی، کوی، بەغدا چوو بوو. تەواوی باسووتوویژەکانی ئەو جاسووسانەی سەرەوە لەسەر بناخەی دوژمنایەتیو زیدایەتی لە گەل حزبی دیموکراتی کوردستانوە جیگا خۆش کردن بۆ دامەزراندنی حزبیکی سەر بە سازمانی ئەمنیەتو ئیمپریالیستەکان بوو. پاش دوو سال تەقەلا گەلالەی پەلە قاژەکانیان لەو شوینەدا بەوە گەیشتوە کە جاری بەناوی "کومیتەی ئینتقاد" جیگا بۆ حیزبیك بەناوی "فیرقەی کوردستانی ئازاد"خۆش بکەنوە تا ئیستا لە چەند جیگایان بە ناوی ئەو حزبەوە بۆ هاوکاری لە خەلکیان گیراوەتەوە بەلام لە هەموو لاییکەوە ناهومیدو بەخۆداشکاووە دەست بەتالیان هیشتوونەوە، باشە بزانریت کە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە رەشە ئەوانەی ژیرەوەیان لیکی کۆکردوونەوە: ١- سەید محمدی تەها زادە ٢- وەهابی بلوریان

٣- حەمەدەمنی شیخ الاسلامی ٤- حەمەدەمینی شەرەفی ٥- جەعفەری کەریمی ناوبراوان بەلای خەلکی کوردستانەوە بە تایبەتی ناوچەی مەهاباد بە سەردانەوین‌و ترسەنوک‌و جەبوون ناسراون بە تایبەتی دوو نەفەری هەوول راستەقینە هاتوچویان دەگەل سازمانی ئەمنیەتە ئەوانی بە هەلخەلەتاو رەگەلیلن کەوتوون. بەلام ئیمپریالیستەکمان‌وە حکوومەتی مەرکەزی باشە لە میژوو لە رابردوو لە فەوتانی حزبە داتاشراوەکانیان دەرسو پەندوەربگرن.

نەتەوەی کورد ١٤ سالە تاقە حزبی خوی لە باوەش گرتووەو پاراستوویەتی‌و لە پیناوی سەربەرزی ئالای خەباتی نەتەوەی کورد بە سەرکردەیی حزبی دیموکراتی کوردستان خوینیکی زۆری رژاوە لە پیناوی پاراستنی مافی مەرکەزی سیاسی بزووتنەوەی کورد بە سەدەها نەفەری چۆتە گرتووخانەکانەوەوە هەروەها زۆر ئەندامی چۆتە بەر دەست ریژی گوللە باران‌و بن سیدارە. تەواوی ئەوانە نەیتوانی خەباتی نەتەوەکەمان لە پیناوی ژیانیکی خۆش‌و بەختیار بوەستینی.

حزبی دیموکراتی کوردستان بە سونەتی ١٤ سالەی تەمەنی پرر لە تیکۆشان‌وە خەباتی نەبەزانەی بەرزکردنەوەی ئالای سیٚ رەنگی تاقە جمهوری نەتەوی کورد لە میژوودا بە تایبەتی بە پشت ئەستووری ئەو پەیوەندە بەرد[illegible]امەی کە لەگەل نەتەوەکەمان هەیەتی‌وەك قەلاییکی نەروخ بۆ ئازادی‌و رزگاری‌و سەربەستی‌و دیموکراتی تا سەرکەوتن بە خەباتی خۆی ئیدامە ئەدات.

هاوری یان! دوژمن هەست بە حالی سەرەمەرگی خۆی دەکات تەموتارمایی تەفروتونابوونی فەسیەل‌و نوری سەعیدی خاینی هاوپەیمانیان‌وە ژیر داوینی خۆی داون. بەهانی ئیمپریالیستەکان کەوتۆتە پەلەقاژەو لینگە فرتە جابۆیە دوژمن بە هەموو هیزیکەوە بە دراو، رۆژنامە، رادیو جاسوسی‌و پروپاگندە بۆ تیکدانی ریزی خەباتی حیزبەکەمان دەست بەکار بوە.

کومیتەی سەرکردەیی لەو کاتە باریك‌و ناسکەدا لە تەواوی ئەندامانی حزب دەگیریتەوە کە پەیوەندی خۆتان زۆر زیاتر لە پیشوو لەگەل خەلك نزیکتر

بکەن‌وە بەم چەشنە حورمەتی ئەو هەتو زیکەی کە نەتەوەکەمان بۆ سەرکردەیی بە حزبی ئیمەی داوە بەبەرزی رابگرن.

هاونیشتمانانی خۆشەویست ! لەو کاتەدا کە هەلیکی هەرە لەبار بۆ ئازادی‌و رزگاری بالی بەسەرووولاتە داگیرکراوەکەمان دا کیشاوەوە بە میلیون هاونەتەوەمان چاوەروانی بزووتنەوەی ئازایانەی ئیمەن.

حزبی دیموکراتی کوردستان لە تەواوی هیزەکانی ئازادی خوازی کورد دەگیریتەوە کە یەکگرتنوتەبایی خۆتان دەتاقە ریزی خەباتی نەتەوەکەمانداوەك گلینەی چاو بپاریزن‌وە بە هیزی خەباتی یەکگرتووی ریزەکانی ئازادیخواز پیلانی فێلاوی حکومەتی مەرکەزی‌وە ئیمپریالیستەکان کە دەیانەوی خەباتی ریك‌و پیکی نەتەوەکەمان لە کوردستان بشیوینن هەر بە ساوایی لەناوبەرن.

× بۆ پیشەوە بۆ خەبات لە ریگای ئازادی، رزگاری‌و دیموکراتی.


× پتەوتربی تیکوشانی یەکگرتوو–وتیك بەزیوی نەتەوەکەمان بۆ ژیانیکی خۆش‌و بەختیار.

× سەرکەوی خەباتی تیکرایی نەتەوەکانی فارس ئازربایجان‌و کورد بۆ تیکشکانی ئیمپریالیزم‌و نۆکەرانی لە ئیرانی.

١٩٥٩-٨-٤ کومیتەی سەرکردەیی

حزبی دیموکراتی کوردستان

# پاشبەندی ٣



بەیان نامە

بەبۆنەی (٢٥)ی گەلاوێژ ڕۆژی تێپەڕبوونی چواردە ساڵەی

حزبی دیموکراتی کوردستان

گەلاوێژی ١٣٣٨ (١٩٥٩)

بەیان نامە

بەبۆنەی (٢٥)ی گەلاویژی رۆژی تیوەرسورانی تەمەنی چواردەسالەی

حزبی دیموکراتی کوردستان

گەلاویژی (١٣٣٨) ١٩٥٩

رۆژی (٢٥)ی گەلاویژی ئیمسال چوارده سالی رەبەق بەسەر تەمەنی"حزبی دیموکراتی کوردستان)تیپەرر دەبیت. (١٤) سال پیش لە (٢٥)ی گەلاویژی ١٣٣٤ (١٩٤٥) نوینەرانی چینەکانی زەحمەتکیش‌و نیشتمان پەروەری خەلکی کوردستان لە شاری "مهاباد" کوبوونەوە بریاریان دا لەسەر دامەزراندنی "حزبی دیموکراتی کوردستان" بەو جوره سەرکردەو پیشەوای خەباتی رزگاری خوازانەی خۆیان هەلبژارد.

زور بەسەر تەمەنی حزبەکەماندا تیپەرر نەبو کە حزب ریزەکانی خەلکی هاندا بو رامالین‌و رەپیچەکدانی هیزی داگیرکەری تاران لە کوردستان. هەر لە پیناوی ئەو بریارە شار بەشارو دی بە دی‌و سەنگەر بە سەنگەر وولات لە تالان کەران خاوین کراوە. نەتەوەکەمان بو چەندەم جار بە هیزی چەك‌و کوتەك‌و داسی جوتیاری کورد بە چاوی بی ئیمانی‌و بی جەوهەری سوپای غەدرو زورداری داگیرکەرانی دیت. بە دوای ئەو سەرکەوتنەدا لە(٢ی ریبەندانی-١٣٢٤)کونگرەی هەوەلی حزبی دیموکراتی کوردستان لە نوینەرانی حزبی شارەکان لە ماکوو ورمیە-تا- کرماشان‌وە بە حزوری نوینەرانی سیاسی پارچەکانی تری کوردستان (تورکیاو عیراق‌و سوریا) لە شاری مەهاباد کوبوەوە بە تیکرایی دەنگیان دا بۆ دامەزراندنی جەمهووری میللی دیموکراتی کوردستان"وە لە ٢٦- سەرماوەرزی -١٣٢٤ ئالای جەمهورریەتی کورد لە شاری "مهاباد" بە حزوری نوینەرانی حزبی تودەی ئیران‌و فرقەی دیموکراتی ئازربایجان‌وە پارچەکانی تری کوردستان هەلکرا. وەبەو جورە نەتەوەکەمان لە میژووی ژیانی سیاسیدا بو هەوەل جار ئالای جەمهوریەتی خۆی بە سەرکردەیی‌وە پیشەوایی(حزبی دیموکراتی کوردستان) بەرزکردەو. ئەو جەمهوریەتە تەنیا سالیکی دەوام کرد حکومەتی تاران بە پشت ئەستوری ئیمپریالیستەکان‌وە بەتەدبیری پیشو هروژمی پروپاگندەو کەلەکوفیلیان بۆ لەناوبردنی "حکوموتی میللی دیموکراتی کوردستان" دەست پی کرد.

حکومەتی تاران بەلای عالەم‌و سازمانی نەتەوە یکگرتووەکان بە هەزاران عەهدو پەیمان‌و قەولدان‌وای نواند کەبو چاوەدیری کردنی هەلبژاردنی خەلك بەرەو ئازربایجان‌و کوردستان دەچیت.

بەلام دیسان نەتەوەکەمان بۆ چەندەم جار فیل‌و کەلەك‌و بەدقەولی دابوو دەزگای گەندەلی حکومەتی تارانیان بە چاو دیت کە چلۆن بەناوی هەلبژاردن‌وەك درندەو سوپای مەغولی یەکان بەربوونە کوشتن‌و بررین‌و حەپس‌و دوورخستنەوەی رولەکانی بەشەرەف ئازربایجان‌و کوردوە چەنگورکی خۆیان تابن پیلان بە خوینی شەهیدانی کوردو ئازربایجان سورکرد.

کوچك‌و کەلەکی دابوو دەزگای پاشایەتی لە ئیران هەر لە زووەوە لەسەر بناغەی فیڵ‌و هەلخەلەتاندن‌و بەدقەولی راوەستاوە.

مەگەر نوینەرانی حکومەتی تاران پشتی قورئانیان بۆ سەرداری کورد "سمکۆ"وە هەروەها بۆ مەزنەکانی عەشیرەتی نیشتمان پەروەری مەنگور "باپیراغا"ی گەورەو "هەمزاغا"وە عەشیرەتی هەورامی مۆرو ئیمزا نەکرد؟ وە بە قەولی خۆیان ئاشت نەبونەوە؟بەلام دیتمان چلۆن لەناکاووە بەدزی دەستریژیان کردن‌ووە زۆر بە نامەردی کوشتیانن. بەلام نەتەوەکەمان نە بەو کوشتو کوستارە نە بە حەپس‌و سیدارەو دوورخستنەوە، کولی نەداوەو کولیش نادات، هەروا پیش مانگیك حکومەتی تاران پاش ماوەیەك کوردلاواندنەوە خوحەشاردان، دەستی بە رەش بگیری کردوە لە قازی‌و مەلا بگرە تا رەیس عەشیرەتی نیشتمان پەروەر بە جوتیارو زەحمەتکیشی شارستانیەوەخستۆتە ناو گرتوخانەوە.

حکومەتی گەندەلی ئیران باشە لە میژوو لە رابردوو دەرس‌و پەندوەرگری ئایا کوشتو کوشتارەکانی کردی‌وە یا سیدارەکانی هەلی خست خەباتی ئیمەی‌وەستاند ؟هاری‌و پەشۆکاویٔ حکومەتی تاران‌و ئەو چەند سوپایەی کە لە کوردستان رایگرتووەوەلامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە.

ئیستا لە شارەکانی مەهابادو سەردەشتو بانەووورمی‌و ماکوو قەسری شیرین‌و ناوچەی خانی بە قەد نیوەی خەلکی ئەو ناوچانە سەربازو سوپای پرچەکی بە سەرکردەیی ئەمەریکایی یەکان تیدا راگیراوە.وەرهرام لە مەهاباد دەنا شێخی لە پەنا دەولەتی تاران دامەزراندوە ئەوەی پی خۆش بی دەیکاوە لە زۆر جیگایان بە شانازیەوە دەلی ئەوەی من بیلیم قانونە. جاری بەکردەوەش‌وای لی کردوە. پیاوکوژان لە گرتوخانەکان ئازاد دەکا، دەرکی بەندیخانەکانی بە روی قازی‌و مەلاو رەئیس عەشیرەتی نیشتمان پەروەرو جوتیاری بی تاوان بەشەرەف ئاوالە کردوە. تەواوی ئەو حەول‌و تەقەلاو بی عەدالەتی بووەیە کە نەتەوەکەمان لە خەبات بوەستینن‌وە یان لانی کەم بە هەلخەلەتاندن لە ریگای لابدەن بەلام ئەو ئاواتە ناپاکە نایەتەدی‌و دەبی بنیژری.

نەتەوەکەمان تاقە ریگای رزگاری‌و خۆشی‌و بەختیاری دوارۆژی دەیەکگرتن‌و تەبایی ریزەکانی خۆی لە ناو حزبی دیموکراتی کوردستان‌وە هاوکاری دەگەل نەتەوەکانی فارس‌و ئازربایجان دۆزیوەتەوە.

خەباتی تیکرایی ئیمە دەگەل نەتەوەکانی فارس‌و ئازربایجان‌و ئازادی نەتەوەکانی ئیران لە خەباتب نەتەوەکەمان بۆ رزگاری‌وسەربەخۆیی‌وە حاکمیەتی نەتەوایەتی کورد جیا نابیتەوە.

وەوەدیهاتن‌و سەلماندنی ئازادی نەتەوەکانی ئیران بە دوژمن بە تیکرایی لە ژیر شیعاری زیدی ئیمپریالیستی خۆی هەنگاویکی بەرچاوە بۆ نزیك بوونەوە لە قۆناغی ئاواتی گەورەی نەتەوەکەمان کە ماف دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەتی.

هەر بەم جۆرەش ئەگەر نەتەوەکەمان لەو هەول‌و دەورە لەبارەی کەوا بۆ رزگاری‌و سەربەخۆیی‌ولاتەکەی لە پیشیەتی ببزوی‌وەدەست بەکار بی بۆ خاوین کردنەوەی‌ولاتی لە هیزەکانی داگیرکەری تاران کە بە پشت ئەستوری ئیمپریالیستەکان‌و کۆنەپەرستان خۆی بەسەرولاتی ئیمەدا بریوە هەنگاویکی بەحەق‌و پیرۆزە بۆ هەموو نەتەوەکانی عالەم‌وە بە تایبەتی دەس کەوت‌و سەرکەوتنیکە بۆ نزیکی لە قۆناغی ئازادی نەتەوەکانی فارس‌و ئازربایجان‌وە هەروەها هەنگاویکی بەرچاوە بۆ روخاندنی دابودەزگای زۆرداری حکۆمەتی تاران‌وە دەسەلاتی ئیمپریالیستەکان.

لەو هەلوکاتە باریکە لەبارەی‌وا بۆ بزوتنەوەو راپەرین بالی بەسەر نەتەوەکانی ئاسیاو ئەفریقادا کیشاوەوە دواین بروسکەی ئەو بزوتنەوانە خۆی کیشاوەتە قارەکانی ئەمریکاوە تەم‌و تارمایی سەرەمەرگی ئسیتعماروە داگیرکەری لیان بۆتە بەلای مەرگ ئەو هەول‌و دەورە ئەرکیکی میژویی‌و گرنگی خستۆتە بەر هەنگاوی هیزەکان‌و حزبەکانی پیشکەوتووە شورشگیری ئیران.

لەووەختەدا کە نیشتمانی ئیمەوە نەتەوەکانی فارس‌و ئازربایجان لەلاەین حکومەتی تارانەوە لە دوو لاوە بە هۆی پەیمانی نیزامی (عەسکەری) بەغدای

کۆن‌وە پەیمانی نیزامی ئێران‌وە ئەمریکا بە ئیمپریالیستەکانەوە سەربەست کراوە.

لەو کاتەدا کە شۆرشی (٢٣)ی پوشپەری (١٤ی تەممووزی) سالی رابردوو بە سەرۆکایەتی قارەمانی نیشتمان پەروەر کاك عەبدولکەریم قاسم‌وە هیزی سوپا و گەل بربرەی پشتی پەیمانی بەغدای تیك شکاندوە لەق‌و لوقی‌ویی زیاتر کردوە لە پەناو جیرانی ئیمە ئالای جەمهوریەتی عیراقی ئازادو دیموکرات دەلەرێتەوە. . .

هاونیشتمانانی خۆشەویست!!

رەورەوەی میژووی نەتەوەکەمان ئەرکیکی پرر ئۆبال بۆ تیکۆشان‌وە ئازایەتی خستۆتە ئەستۆی رۆلەکانی دەوری نوی کورد.

نرکەی ئەو جوانمیرانەی کەوا (٥) سالە لە "جەزایری" لە ناو سنگەردان بروسکەی شۆرشی کوباوە تریشقەی بەرەبەیانی شۆرشی ١٤ی تەممووزی عیراق کە پەیمان‌وکۆشکی شایەتی روخاند، کاپەو بلیسەی ئەو راپەرینانە ئاسۆی رزگاری نەتەوە زۆر لیکراوەکەمانی زۆر زیاتر لە پیشو رووناك‌وە درەوشان کردەوەوە بە جوریکی هەست پی کراو بانگمان دەکا بۆ خەبات‌و ئازایەتی‌و یەکگرتن بۆ ریکەوتن تا سەرکەوتن.

حزبی دیموکراتی کوردستان بە پەیرەوی شیعاری نەتەوایەتی‌وە ئەستاندنی لانی کەمی مافەکانی نەتەوایەتی لە تەواوی چینەکانی نیشتمان پەروەری کورد، کریکاران، جوتیاران، پیشەسازان، رووناك بیران‌وە عەشیرەتەکانی نیشتمان پەروەر دەگیریتەوە کە بە هەموو ئازایەتیەکەوە تیبکوشن بۆ:

١-ناساندنی نەتەوەکەمان لە قانونی ئەساسی ئیران دا بە ناوی "میلەتی کورد"وە خویندن بە زمانی کوردی لە مەدرەسەکان.

٢-سەلماندنی حاکمیەتی نەتەوایەتی لە رۆلەکانی بەشەرەف کورد لە چوارچیوی‌ەی ئیران داوە سەریەك کردنەوەی نیشتمەنگای کوردان لە ئەستانەکانی "ئازربایجان، کوردستان، کرمانشا، لورستان،وە ناوچەکانی تری

کوردنشین لە خواروی رۆژئاوای ئیران بەناوی "کوردستان"وە دامەزراندنی مەرکەزی یەتیك بۆ ئیدارەو چاودیری ناوچەی کوردستان.

سەرخستنی ئەو شیعارانە هەنگاویکی گرنگە بۆ رزگاری لە برسیەتیو ناتەواویوویرانیوولاتەکەمان تاکوو خۆمان بەسەر خۆمان رانەگەینوولاتمان هەروەکی کاولکراوە کاول تر دەبیت.

بۆ پیشەوەبۆ خەبات بۆوەدی هینانی ئاواتی جوانو عادیلانەی نەتەوەکەمان لە پیناوی ژیانیکی خۆشو بەختیارو سەربەستدا.

پیرۆز بی رۆژی ۲٥ی گەلاویژ رۆژی دامەزراندنی "حزبی دیموکراتی کوردستان".

بەرقەرارو پرر توانا بیت هیزەکانی شۆرشگیرو نیشتمانی نەتەوەکانی ئیران لە پیناوی بەرەیەکی یەکگرتووی زیدی ئیستیعماری دا.

بژی حیزبی تودەی ئیران.

بژی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان

بژی حیزبی ئیرانو حیزبەکانی تری نیشتمان پەروەرو زیدی ئیستیعمار.

سلاو بۆ پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان رەهبەری خەباتی نەتەوەکەمان لە کوردستانی عیراق.

سلاو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان رەهبەری خەباتی نەتەوەکەمان لە کوردستانی بە تورکیا بەستراو.

سلاو لە "پارتی دیموکراتی کوردستان" لە کوردستانی بە سوریا بەستراو.

پتەوترو بەرینتربیت بەرەی ئاشتیو دیموکراتی بەسەرۆکایەتی یەکیتی سۆڤیەت.

دەوامو بەقا بۆ جمهوری بەتی عیراق دەپیناوی ئاشتیو برایەتیو دیموکراتی دا.


سلاو بۆ نەتەوەی چەك بەدەستی جەزایر کە دە پیناوی رزگاریولاتیان کول نادەن تا سەرکەوتن.

سلاو بۆ کوبای ئازادو رزگار.

بژی ئاشتی بەلردەوام ئاواتی گەلان.

کۆمیتەی سەرکردەیی حزبی دیموکراتی کوردستان

# پاشبەندی ٤




ناوی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی
"حزبی دیموکراتی کوردستان"
(ئێران)

١- عزیز یوسفی — محکوم بە ئیعدام چاوەروانی حکم — ئەندامی کومیتەی مەرکەزی
٢- رحمت الله شریعتی — " " " " " " " " " "
٣- سید عبدالله اسحاقی — کادری مخفی و حرفەی کومیتە — " " " "
٤- غنی بلوریان — محکوم بە ئیعدام چاوەروانی حکم — مشاوری کومیتەی مەرکەزی
٥- هاشم اقل الطلاب — کادری مخفی و حرفەای حزب — " " "
٦- هاشم حسینی زادە — " " " " " " "
دکتر علی مولوی — محکوم بە حبسی ئەبەد — " "
٨- قاسم سلطانیان — کادری مخفی و حرفەای حزب — " "

ژمارەی ئەندامەکانی حزب و لایەنگرەکانی
حەوت هەزار ئەندامە (٧٠٠٠ ئەندام)

# پاشبەندی ٥



هاوڕێی بەڕێز و سەرۆکی خەباتگێڕی نەتەوەی کورد
مامۆستا مستەفا بارزانی

هاوڕێی بەڕێز و سەرۆکی خەباتی گشتیی نەتەوەی کورد

مامۆستا مستەفا بارزانی

دەگەڵ باشترین سلاو، وا لەژێرەوە بۆ زانیاری وە ئاگەداریی زیاتری رەسمیی ئێوە، رونووسی نووسراوێکی، کە بۆ هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی (پارتی دیموکراتی کوردستان)م نووسیوە بە حورمەتەوە بە ئێوە پێشکێش دەکەم.

هاوڕێیانی بەڕێزی کۆمیتەی ناوەندی (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) – وێڕای پێشکەشی باشترین سلاو، بە ئاواتی سەرکەوتن و پێشەوەچوونی ئەو هەنگاوانەین، کەوا لەو ئاخرانەدا بۆ بەرەو پتر قایمکردنی حزب لەناو خەڵک وە بەتایبەتی بۆ بەرەو کۆنگرەچوونتان هەڵێناوە.

ئەلیف– بۆ زانیاریی وە بۆ وەی، کە ئێوە زیاتر لەسەر ئەو کەسانە و یان ئەو هاوڕێیانەی، کەوا لە دیوی عێراق خزاون، ڕوون ببنەوە، بە پێویستم زانی ئەوانەی ژێرەوەتان بۆ بنووسم. دیارە تکای هاوڕێیانەم هەیە کە ئەم زانیارییانە لە چوارچێوەی کۆمیتەی مەرکەزی باشترە کە نەچتە دەر، چونکو جووڵانەوەی نالەباری هێندێ لەوانە پێش ساڵێک لێرە هێندێ کۆسپ و قۆرتی بۆ هاوڕێیانی پارتی خولقاند، جا بۆ وەی، کە ئەو جووڵانەوانە دوابڕاو بن بە پێویستم زانی ئەوانەی خوارەوەتان بۆ بنووسم:

١– لەمەڕ هاوڕێ (کەریم – ئەنوەری) لە هاوینی ساڵی ١٩٥٦ بە بۆنەی ئەو هۆیانەی کە بە دەست هاوڕێیانی کۆمیتەی سەرکردەییەوە بوو، کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردەیی بە تێکڕایی دەنگیان لەسەر هەڵپەساردنی (تجمید) ناوبراو دا و تا ئێستا ئەو بڕیارە وەرنەگیراوەتەوە.

٢– هاوڕێ (صالح – توفیق)، ناوبراو وەزعی لەمەڕ جێگە و ڕێگەی تەشکیلاتی ڕوون

نییە، چونکە مەسئولییەتێک کە بە ناوبراو ئەسپاردراوە (ئەندامی کۆمیتەی چل – بخش) تا ماوەی ساڵێک قبووڵی نەکرد و دانیشت بەڵام بە ڕووداوی ١٤ی تەمووز هاتە ژێر باری مەسئولییەتەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە بە بیانووی ئەوەی کە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێ ڕێگەی دیوی عێراقی بەبێ ئیزن و ڕای هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوخۆ و کۆمیتەی ناوچەی مەهابادی گرتووەتە بەر. هاوڕێیان نەزەریان وا بوو هەر لە ناوچەدا بە نهێنی بمێنێتەوە و جێگەشیان بۆ دیاری کردبوو، بەڵام پاش ئەوەی ڕەسمەن پێی دەڵێن ئیزن نییە بێتە عێراق، ناوبراو بەندی ڕێکی و پێکیی حزبی دەپسێنێ و خۆی بە عێراق دەخزێنی. لێرەش لەژێر ڕێکی و پێکیی حزبیدا نەماوە.

٣- هاوڕێ (جەلال – ئەحمەد) ناوبراو لە پایزی ساڵی ١٩٥٤ڕا لەسەر بڕیاری تێکڕاییی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردەیی بە بۆنەی زۆر هۆی ئەخلاقی سیاسی لە حزبدا هەڵپەسێرراوە و تا ئێستا ئەو بڕیارە وەرنەگیراوەتەوە.

٤- هاوڕێ (جەمال – تۆفیق) لە ساڵی ١٩٥٥دا ناوبراو ئیستیقالەی لە حزب داوە و بە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوخۆی شارەکەی و پاشان بۆ خۆی بە زمان دەگەڵ یەکێک لە هاوڕێیانی کۆمیتەی سەرکردەییی هێنابووە گۆڕێ، زۆر تەقەلا درا کە ناوبراو وەری گرێتەوە، بەڵام قانعکردنی چەتوون بوو، چونکە هۆی سیاسی نەبوو، بەڵکو دڵداری و تەشکیلی عائیلە ماڵ و ژیان بوو.

جا بۆیە کۆمیتەی ناوچەی مەهاباد ئیستعفای ناوبراوی قبووڵ کرد و هەر لەو دەمەدا تا ئێستا تەماسی حزب لەگەڵ ناوبراو هەر بە جۆری جەنبی بووە نەک حزبییانە.

لە داهاتووێکی نێزیکدا بڕیاری رەسمیی حزبی لەسەر ئەوانە پێشکەشی هاوڕێیان دەکەین.

لە ئاخری باسدا لە هاوڕێیان داخوازم هەر جۆرە ملاحەزەیەکیان لەسەر سوورانەوەی نالەباری هاوڕێیانی ناوبراو هەیە، تکا دەکەم زووتر لە وەڵامی ئەم نووسراوەدا بۆمان بنووسن، چونکە هەر بەو زووانە وەزعی وانە وەک برادەرەکانیان نەژاد و وانە ڕوون دەکرێتەوە و کۆبوونەوەی حزبی ئاخرین بڕیاری خۆی لەسەریان دەردەکا و ڕەسمەن بە ئێوە و هاوڕێی بەڕێز مامۆستا مستەفا بارزانی پێشکەش دەکا، تکایە بۆ هەموو جۆرە پێوەند و کارێک کە لەگەڵ هاوڕێیان و یان لایەنگرانی (حزبی دیموکراتی کوردستان) پەیدا دەکەن بۆ وەی، کە باشتر و لەبارتر بتوانن بە داماوییەکانیان ڕابگەن و یان بۆ وەی، کە بۆ دواڕۆژ دەردەسەری و پەشیمانی بۆ ئێوە و ئێمە پەیدا نەکەن، پێویستە لە پێشدا لەسەر ئەوانە لە چوارچێوەیەکی حزبیدا باسیان لەسەر بکرێت.


ب – بە پێویستی دەزانم تکاتان لێ بکەم بۆ وەی، کە بتوانم نووسراوێکی پیرۆزبایانەوە دەربڕی سیاسەتی بنچینەییی حزبی دیموکراتی کوردستان ساز بکەم، چەند ڕۆژێک پێش کردنەوەی کۆنگرە خەبەردارم بکەن. تاکو دەگەڵ پەیام و پیرۆزباییی ڕەسمی کۆمیتەی سەرکردەییی حزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆنگرە پێشکەش بکەم.

سەرکەوتنتان داخوازم – بە حورمەتەوە

نوێنەری کۆمیتەی سەرکردەییی حزبی دیموکراتی کوردستان


١٩٥٩/٩/٢٦

# پاشبەندی ٦



(١) خەرجی مانگانەی کادرەکانی حرفەیی — ٥٩/١/٧

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١- جوانمێر | | | ٧ | دینار |
| ٢- سیامەند | | بانە و سەردەشت | ٧ | " |
| ٣- مامەند | | مەنگوڕ و گەورک و دێی بۆکان | ٧ | " |
| ٤- دەروێش | | مەنگوڕ | ٧ | " |
| ٥- گوڵاوی | | مریوان و سابڵاغ | ٧ | " |
| ٦- شەریف | | | ٧ | " |
| ٧- ئاسوس | | قاسملو | ٧ | " |
| ٨- گمۆ | | | ٧ | " |
| ٩- سەعدون | | بە ماڵ و مندالەوە مەشغولە | ١٤ | " |
| ١٠- کریانج | | بە ماڵ و مندالەوە کریانشا | ١٠ | " |
| ١١- ئارات | " | | ١٠ | " |
| ١٢- لولو | " | | ١٠ | " |
| ١٣- زرین | " | خانی پیران | ١٠ | " |
| ١٤- نیشتمان | " | نەغەدە | ١٠ | " |
| ١٥- شیروانی | " | | ١٠ | " |
| ١٦- کاوە | " | نەغەدە و شنۆ | ١٠ | " |
| ١٧- ناسر | " | | ١٠ | " |
| ١٨- سەهەند | " | | ١٠ | " |
| ١٩- بلیسە | " | سنە | ١٠ | " |
| ٢٠- کوردپەروەر | — | سنە | ٧ | " |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ - باخەوانی | ″ | [illegible] | ١٤ ″ |
| ٢٢ - [illegible] | ″ | [illegible] | ١٤ ″ |
| ٢٣ - [illegible] | — | [illegible] | ١٠ ″ |
| ٢٤ - [illegible] | — | [illegible] | ١٠ ″ |
| ٢٥ - هیوا | — | [illegible] | ١٠ / ١٠ ″ |
| ٢٦ - ئارارات | ″ | [illegible] | ١٠ ″ |
| ٢٧ - زرنگ | ″ | [illegible] | ١٠ ″ |
| ٢٨ - بێ باک | ″ | [illegible] | ١٠ ″ |

٢٦٥ دینار 265


[illegible]


١) دە تفەنگی برنۆی [illegible] (پیادە) — ٩٠٠ دینار
لە قەراری [illegible] ٩٠ دینار


٢) پازدە دەمانچەی [illegible] — ٤٧٣ دینار
هەریەکێ [illegible] ٢٢ دینار [illegible]

١٣٧٣ دینار 1373

# پاشبەندی ٧







# پاشبەندی ٨

بە ئیران بەسراو) دا دەڵێت: " کلپەو بلیسەی بزوتنەوەکانی گەلانی رۆژهەلات لەم چەند ساڵەی دواییدا تین‌و تاشی داوەتە جوڵانەوەی نەتەوەی کوردمان،و ناوی نەتەوەکەمان هاتۆتە کۆری سیاسەتی عالەمیەوە،وە باسی نەتەوەی کورد لە ناو رۆژنامەکان‌و شوینەکانی سیاسی عالەم دا جیگای تایبەتی‌و بەرچاوی خۆی بۆ کراوەتەوە.

نەتەوەکەمان لەکوردستانی داگیرکراوی بە ئیرانەوە بەستراوا باش هەستی بەوە کردوە کە هیندی لەو باس‌و تەقەلایانەی کەوا بۆ کورد هاتونە گوری لە سەرچاوەیەکی شلوی بڵاو دەکرێنەوە. ئیمپریالیستەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە دەست بزوتنەوەکانی نەتەوەکان‌وە بەتایبەتی دوارۆژی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لە دوو پارچەی لیك داپچراوی کوردستانی بە ئیران‌و تورکیا بەسراوداوەتەنگ هەلاتوون،وە بۆ فریودان‌و هەلخەلەتاندنی نەتەوەکەمان بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی رۆژانەیان دەستیان بە کورد لاوانەوە کردوە.وە سەفەرو هاتووچوی‌وەزیرو سەرەك‌وەزیرو کاربەدەستانی داگیرکەر بۆ کوردستان ئیستەش نەپساوەتەوە.

شۆرشی سەرکەوتوی -١٤-تەمووزی پیرۆز بە سەرکردەیی رۆلەی بەجەرگی گەلی عیراق کاك-عبدالکریم قاسم-وە دامەزراندنی رژیمی جمهوری،وەبە شەریك ناسینی کورد لە عیراق دا، خوین گەرمی‌و ئازایەتیەکی زیاتر لە پیشوی داوەتە خەباتی نەتەوەکەمان لە کوردستانی بە ئیران بەسراودا،و بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەکەمانی هینایە جوش‌و خرۆش. شۆرشی ١٤ ی تەموزی عیراق سەری لە دوژمنانی نەتەوەکەمان شیواندوە،وە بە دریژی تیپەربوونی جەمهوریەتی عراقی دەستەی کاربەدەستانی تاران هەمیشە لە سەر سنوروکانی جەمهوریەتی عیراق پیلانی گیرەشیوینی‌و پەشیوی گرتووە بەدەستەوە.

بەڵام نەتەوەی کورد لە کوردستانی بە ئێران بەسراودا، بەرابەری پیشرەوەکەی —حیزبی دیموکراتی کوردستان —بۆ پاراستنی جەمهوری دیموکراتی عیراق زۆر بەچالاکی و بەکردەوە بەرهەڵستی تەقەلاکانی تارانی کردوە.

دەوری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەربەستکردنی پیلانی هێرش و گیرەشیوینی کە تاران و ئەنکارا بەدەستیانەوە بو، زۆر بەرچاوە.

تاقی کردنەوەی خەباتی سەختی گەلی کورد بەگشتی و هی خەلکی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، بۆ گەلەکەمانی روون کردۆتەوە کە تاقە ریگای رزگاری و بەختیاری مان هەر ریگەی تیکۆشانی ریك و پیکی شۆرشگیرانەی خەلکی کوردستانە، بە سەرۆکایەتی حیزبی پیشڕەوی خۆیان، حیزبی دیموکراتی کوردستان کە سالەهای سالە رابەری خەباتی خەلکی کردوە، لە پیناو رزگاری و بەختیاری خەلکی کوردستان بە ئێران بەسراو، وە سەندنەوی ماف نەتەوایەتی مان.

خەڵکی کوردستانی بە ئێران بەسراو، چاوی برایانەی بڕیوەتە برا کوردەکانیان لە جەمهوریەتی عراق، وە لەبر تیشکی شۆڕشی چواردەی تەمووز، شۆرشی کوردو عەرەب درێژە دەدەن بە خەباتی سەختی خۆیان، تا ئەگەنە ئامانج.

جوتیاران و کریکاران و لاوان و ئافرەتانی کوردستانی ئیمەش وەك براو خوشکەکانیان لە کوردستانی عیراق، قوول و بازووی تیکۆشان و هیمەتیان لی هەلکردوە، وە لەژێر ئالای حیزبەکەیاندا، درێژە دەدەن بە خەباتی رزگاری نەتەوایەتی خۆیان.

نەتەوەکەمان ریگای خۆی لەمێژە هەل بژاردوە و باش دەزانێ کە ریگای ژیانی خۆش و بەختیاری و ئازادی وی، هەر ریگەی شەهیدەکانیەتی ریگای جەمهوریەتە دیموکراتیەکەیەتی، ریگەی رۆڵە نەبەزو بەجەرگەکانیەتی کە تا سەرەمەرگ لە ژێر سێدارەشدا سەریان بۆ داگیرکەران دانەنەواندوە.

خەڵکی کوردستانی ئێمە، لە ژیر ئالای حیزبی دیموکراتی کوردستانی پیشرەوی خۆی دا، خەباتی سەختی خۆی دریژە پی ئەدا، زیدی ئیمپریالیزمی ئەنگلو —ئەمەریکی و نوکەرانیان کە ئیرانیان کردۆتە بنکەی شەڕو هەلکوتانە سەر

دوستی دیرین مان –یکگرتنی جەمهوریەتەکانی سوسیالستی سوفیاتی –وە سەر جەمهوریەتی عیراقی پاڵەوان، جەمهوریەتی کوردو عەرەب،وە گەلانی دەوڵەتی ئیران یان دیلو ژێر ستەم کردوە،وە تا ئیمپریالستەکان وەدەردەنیت وە رژیمی بۆگەنی نۆکەرانیان دەروخینیو مافەکانی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان وەدەست دێنێت، هیچ ساتێ ناسرەوێو پشو ناداوە خەباتی خۆی زیاتر دێنێتە جۆش.

بەردەوام بێ جەمهوریەتی عیراق، جەمهوریەتی کوردو عەرەب، بۆ پێشەوە لە ژێر شعارەکانی تاقە رینوینی خەباتی نەتەوەکەمان لە کوردستانی بە ئیران بەسراوا"[٧٣].

# پاشبەندی ٩

بەیان نامەی حزبی دیموکراتی کوردستان بەبونەی

## ٢ی ری بەندان روژي دامەزراندنی

هەوەل جەمهوری دیموکراتی کوردستان

چوارده سال پیش ئەمرو هەوەل کونگرەی حزبی دیمکراتی کوردستان بەبەشدار بوونی نوینەرانی لادیەیی‌و شارەکانی کوردستان وەنوینەرایی سی پارچەی تری‌کوردستان لەشاری « مەهاباد » پیك هات .

لەو روژەدا شاری « مەهاباد » شاهیدی گەورەترین کوبونەوەیەك بوو کەرەت وریگاو چارەنوس وە حاکمیەتی نەتەوەکەمانی تیدا دیاری کرا .

تەواوی خەلکی کوردستان بەبی سەبری چاوەنوری گوررانیکی گرینگ‌و مەزن وە لەبار دەژیانی سیاسی خویان دا بوون .

کونگرە لەسەر پیشنیاری کومیتەی ناوەندی حزبی دیمکراتی کوردستان دەنگی دا بو دامەزراندنی هەوەل « جەمهوری میللی دیمکرانی کوردستان » بەو جورە گەش ترین ئەستیرەی دەسەلاتی نەتەوەی کورد تەمو تارمایی دیلی‌و کویلیتی لەئاسمانی بەشیك لە کوردستان دا رەواند وەئالای سی رەنگی کوردستان لەسەر لوتکەی چیاکان وە شارو لادیکان دەستی کرد بەلەربنەوە .

لەو روژەدا یەکیك لەگەورەترین وەعادلانە ترین ویست و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کەسالەهای سال لەپیناوی‌دا تیدەکوشی وە خوین دەریژی هاتەدی .

بەهوی بریاری کونگرەی حزب « قازی محمد » بەسەر کوماری جەمهوری کوردستان بەناوی پیشەوای نەتەوەی کورد هەلبژیردرا . بوهەوەل جار لەمیژوی نەتەوەکەماندا دەزگای جەمهوری دیموکراتی کوردستان دەستی کرد بەحوکمداری‌کوردو کوردستان .

« مەجلیسی میللی کوردستان » لەنوینەرانی هەموو ناو چەکانی ئازاد کراو پیك هات وە دەستی کرد بەدانانی قانون بو پەیرەوی رەت وریگای جەمهوریەت .

« کابیتەی حکومەت » لە ١١ نەفەر وەزیری : دەرەوە ناوخو جەنگ اقتصاد کار

کەئەو دوستایەتیە تا ئیستاش لەنیوانی دوو نەتەوەی دراوسیوە حزبی دیمکراتی کوردستان وەفرقەی ئازربایجان هەر بەدەوامە ٠

پەیمانی دوو قولی نیزامی ( کومیسیونی دفاعی موشتەرەکی ئازربایجانو کوردستان ) لە نیوان نوینەرانی ( هیزی کوردستان ) وە هوردووی ئازەربایجان )دا بەستراوە ژەنەرال مستەفا بارزانی سەرداری مەزنی بە ناوی فرماندەری ناوکویی ( موشتەرەکی ) هەلبژیردرا ، بو پتەوکردني تەواوی ریزەکانی خەباتی نەتەوەکانی ئیرانو کوردستان وە ئازەربایجان وە تیکشکاندنی هیزی کونەپەرستی پاشایەتی لەمانگی پووشپەرری ١٣٢٥ بەرەی یککگرتووی نیشتمانی لە نیوان حزبی دیموکراتی کوردستان وە (فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ) وە ( حزبی تودەی ئیران ) وە ( حزبی ئیران ) وە دوو حزبی نیشتمانی تردا بەسترا ، هەروەها پروگرامیکی لەبار بو بەختیاری وە خوشی ژیانی خەلکی کوردستانی ئازاد کراو بە دەستەوە بوو بەتایبەتی بو ئازادکردنی تەواوی کوردستانی داگیر کراوی ئیران وە پتەو بوونی حاکمیەت وە دەسەلاتی نەتەوەی کورد بەسەر وولات وە چارەنووسی خویدا وە هەر لەسەر ئەو ئامانجە گەورەیە لە ٥ تا ٦ جەبهە وە لە شەرری رزگاری وە ئازادی خوازانەدا بوو ٠ ( هیزی کوردستان ) بە فەرماندەر و پیشمەرگەکانیەوە ویرای زور کەمو کوری دیسان بە دایم وە لە تەواوی جەبەکانەوە هەر سەرکەوتوو وە دوژمن تیکشکین بوون . بیرەوەری یادی قارەمانەکانی ئەو شەررە رزگاریخوازانە باشترە کە لە لاپەررەی روژنامەکانی دوژمن وە کتیبەکانی سوپای تاراندا بخوینینەوە باشە بزانین کە هاوریيان (خەلیلخوشەوی محەمەدی نانوازادە وەستا برایمی بەنا ) وە زور پیشمەرگەی تر نمونەی قارەمانیەتی هیزی جەمهوری میللی کوردستان بوون .

ئیمپریالیزم بەو وەزعو حالە هاتبووە هاربوون . ئیستعمارچیەکانی تالان بەری پیتو بەرەکەتی روژهەلاتی ناوەراست دەیان دیت کەوا بەرەبەرە نەتەوەی کورد خاوەنی زنجیرە کیوەکانی (زاگروس) کە لە ئارارات وە جنوبی ئەرمەنستان وە قەفقاز را بەسەر سنورە دەستکردەکانی کوردستاندا خو دەکیشیتە سەر (پاشاوی فارس) بیجگە لە هەلکەوتی ئیستراتیژیکی بو روژی شەرر نەوتیکی زور وە کانی جوربەجوری دەناو

خوی‌دا جیگا کردوتەوە وا لەژیر ئالای جەمهوری کوردستان ریگای سەربەستی حاکمیەت وە چارەنووسی وولاتی خوی گرتوتە بەر وە چوو کە ببیتە بربرەی پشتی بزوتنەوەی نەتەوەکانی روژهەلاتی ناوەراست وە چرای رووناکی بزوتنەوەی نەتەوەی فارس لە ئیراندا .

جابویە ئیمپریاالیزم وە حکومەتی گەندەلی تاران بەهەموو هیزو توانایانەوە بو خاپور کردنی دەسکەوتو دەسەلاتی نەتەوەی کورد بەسەر بەمیشك لە کوردستان دا لەبەرەبەیانی ساردو سری ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٥ تەم وتارمایی ئاسمانی شاری قارەمانی مەهابادی داگرتبوو وەحالیکی خەمباری خوی بەسەر وردو درشتی خەلکی ناوچەی مەهاباد داکیشابوو وە لەناو غوبارو تاریکیەوە دیسان سەرو کەللەی سوپای داگیرکەر دەرکەوت هیەتی حاکمەی تاران جاریکی‌تر بەپشت‌ئەستوری ئیستعمارو ئیمپریالیزمی ئامریکاوئینگلیز وولاتی ئازاد بووی لی‌داگیر کردینەوە . سوپای داگیرکەری تاران خراپتر لەفاشیستەکان دەستیان کرد بە تولەئەستاندنەوە بەراو رووت حەپس‌و کوشتن‌و دوورخستنەوە . دەست بکار بوو بو هەلدانی سی‌دارە وە هەلواسینی رولەکانی ئازاو بەنرخی کورد وەك پیشەوا قازی محمد وە هاوریکانی . حکومەتی گەندەلی تاران بە پشتیوانی ئیمپریالیستەکان حاکمیەت وو دەسەلاتی نەتەوەکەمانی بە خوین وە گولله باران کردن دەژیر چوك‌نا . مەدرەسەکانی کوردی لی تیك‌داین وە نووسینی بە زمانی کوردی بە توندی یاساخ کرد کتیب گوڤار وە روژنامەکانی سوتاند چاپخانەو کوباین‌و تراکتورەکانی لە کوردستان نەهیشت وە بەتالانی برد .

بەقەت ١٤ سال بەسەر ئەو ئاکارە فاشیستیە وە هەلدانی سیدارەکان تیپەرر دەبیت . حکومەتی گەندەلی تاران پاش ئەو هەموو کوشت‌و کوشتارە وای دەزانی کە ئاوی بە ئاووردا کردوە وە خەبات‌و هەستی نیشتمان پەروەری وە تیکوشانی نەتەوەکەمانی‌خاپور کردوە . بەلام حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرینەری جەمهوری دیموکراتی کوردستان لەناو جەنگی کوشت‌و کوشتارو لیدان‌و دوورخستنەوە رازانەوەیەکی تایبەتی بو باری کاری نەهینی دا بە ریزەکانی حزب بو خەبات و تیکوشان . حزب کەبە لەسیدارەدانی دەها رولەی تیکوشەر وەحەپسی سەدەها ئەندامی لەلایەن

دیسان حکومەتی گەندەلی تاران باشە زیاتر لە ئاکاری گیزەشیوینی خوی بەهوی هەلخەلەتاندنی تاوان بارەکان لە ناو کوماری عیراقدا ورد بیتەوە هیزی بەرینی جوتیاری کورد وەك سوپایەکی پرر تاقەت دەگەل تەواوی خەلکی کوردستانی داگیرکراوی ئیران بە شارستانیو عەشیرەتەکانی نیشتمان پەروەر حازرو ئامادەی فەرمانی حزبی دیموکراتی کوردستان.

حزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە رەوتو ریگای دیموکراتی وە ئازادیخوازی جەمهوری عیراق وە دانی زروفو هەل لەو مافانەی کە نوریسەعیدو فەیسەلی خائین وەبن چوکیان دابوو. بەتەواوی توانا وە پشتگیریمانو بەردەوامی جەمهوری دیموکراتی عیراق بەسەروکایەتی کاك عەبدولکەریمقاسم دەکات. لەو کاتەدا کە ئیمە بە رەورەوەی وە دی هینانی سەر لەنوی ئەو ئاواتە پیروزە. دیارە پتەوبوونی بەرەی ئاشتیو دیموکراتی وە بزوتنەوەی زیدی ئیستعماری لەسەر تا سەری گیتی وە هەروەها کزیو نالەباری ژیانی ئابووری وە کومەلایەتی کەوا بەرەی ئیمپریالیزم و وولاتانی چەوساوەو داگیرکراو داگرتووە گوشەی ئەو هیواو هومیدە زیاتر دەخاتە ناو دلمانەوە وە ئەرکی میژوویی روژی بزوتنەوەی نەتەوەکەمان بە یەكگرتنی ریزەکانی بە ئیمان وە ئازەیەتی تەواوی خەلکی کوردستانی داگیر کراوی ئیران لەژیر رابەری تاقە حزبی پیشرەوی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران (حزبیدیموکراتیکوردستان) وە جەبهەی نیشتمانی نیوان حزبە تیکوشەرەکانی ئیرانو ئازربایجان وە کوردستان بو خاپوور کردنی نیزامی پاشایەتیو دەرەبەگی وەبرینی رەگو ریشەی ئیمپریالیزمی ئامریکاو ئینگلیز وا لە پیشمانە.

بژی یادی ۲ی ریبەندان روژی دامەزراندنی (جەمهوری دیموکراتی کوردستان)

سەرکەوتو و پتەوتربی ریزەکانی خەباتی (حزبی دیموکراتی کوردستان)

دامەزرینەری جەمهوری کوردستان.

یەكگرتوو بی ریزەکانی خەباتی تیکرایی نەتەوەکانی ئازەربایجانو فارسو کوردستان بو ئازادی ئیران.

خوازانەی ئیمە بگری ؟

سلاوی یادی ۲ی ری‌بەندان بو کوماری دیموکراتی عیراق جەمهوری عەرەب‌وکورد .

سلاوی روله‌کانی قازی محەمەد پیشەوای شەهیدی کوردستان بو سەر کوماری عیراق کاکە کەریم‌قاسم .

سلاوی کومیتەی سەرکردەیی تەواوي ئەندامانی حزب بو سەروکی خەباتی گەلی کورد قارەمانی کول نەدەر مســـتەفا بارزانی ☆

پتر سەرکەوی بەرەی ئاشتی‌و دیموکراتی بو پشتیوانی خەباتی نەتەوەکانی چەوساوەو وولات داگیر کراو .

برروخی دابو دەزگاي پاشایەتی وە حکومەتی گەندەلی تاران نوکەري بەکری‌گیراوي ئیمپریالیزمی ئامریکا وە ئینگلیز .

۲ي ري‌بەندان ی ۱۳۳۸ کومیتەي ســـەرکردەیی

حزبی دیمـــوکراتی کوردســـتان

# پاشبەندی ١٠

"بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی خاکەلیوەی سالی ١٣٢٦ سەربازو پۆلیس‌و ژاندارمی سوپای داگیرکەری تاران‌وەك مارو میرو بە کۆڵان‌و شەقام‌و سەربانەکانی شاری "مەهاباد"وەربوون. بەستینی چۆمی مەهاباد هەمو سەنگەربەندی کراوە. چەند تۆپ‌و گالیبری ١٠٥و ٧٥ ملم لەسەر تەپکی "تابانی" بەرەو مەهاباد دابەسراون. قوولەی سەرلوتکی کیوەکانی "خەزایی" "عەلیاوا" "کراوان"و "داشا مەجید" کەوا شاری مەهابادیان دەبەر خۆیان گرتووە لە سەربازانی داگیرکەری تاران ئاخندراون. تانك‌و عارەبەی جەنگیکی زۆر بەوینەی ئالقەیەکی ئاسن دەوری شاری مەهابادیان پی تەنیوە. سەرەرای‌وان تارمایی‌و بوخ‌و مژیکی گران ناو شاری داگرتووە. شاری قارەمانی "مەهاباد" بەم ساز و رازاوەیە دیسان لە گۆرران‌و بەسەرهاتیکی تازەو گرینگی تردایە.

واتە بەسەر ئاسۆی مژاوی سەرلوتکی کێوی خەزایی دروشمی سێ تەرمی پر سام‌و هەست راکێش لە حالیکدا بە سێدارو بە پەت خنکاون. دیارە تەرمی ناوەراستیان کە بە سامیکەوە لەنگەریکی کول هین‌وە قین هەلچوینی بۆ تۆڵە گرتبو هاورێ پیشەوا "قازی محمد" هەوەڵ رەئیس کۆماری جەمهوری دیموکراتی کوردستان بوو. ئەوانی تر هاورێ محمد حسین سیفی قازی‌وەزیری دیفاعی میللی جەمهوری کوردستان‌و صدرول اسلام بوون.

کەوابوو دەرکەوت ئەم هەمو سازو چەك‌و سوپا و لەشکرکیشی ناو شاری مەهاباد بۆچی بوو. بەڵام سەرەرای‌وانەش شاری مەهاباد هاتە جۆش‌و کولەوە، تەم‌و خەمباری تیکەڵاو بە قین‌و کلوکو دروشمی خەلك‌و شاری مەهابادی داگرتبو. مندالآن بە دەنگی بەرز دەگریان بە جۆریك نزیك بو سەریان بە هەنسکیانەوە هەلکەندری قوتابیکان بەبی‌وەی لە قولپی گریان دەن فرمسیك رایەڵەی لە چاویان دەبەست پیاوان پیشیان دەخواردەوە ئافرەتانی ئازاو رەشیدی"یەکیتی یایانی دیموکراتی کوردستان" لە حالیکدا چارشیویان لی قیلەوقاچ گری دەکرد بەرە بەرە بەناو ریزی تەنیوی سوپای داگیرکەری تاران‌و پۆلیس‌و ژاندارم خۆیان گەیاندە عاستی "چوارچرا" ئەو جیگایەی کە پیشەواو هاوریکانی لی شەهید کرابوو. بەبی‌وەی کە لە ناوەندیك را الهام‌وەیان دەستوریك بلاوبکریتەوە تەواوی مەکتەبەکانی سەرەتایی‌و دەبیرستانەکان‌و ئیدارەکانی مەهاباد لەخۆوە بەویستی خەلك بوو بە تەعتیلی عام دوکان‌و بازار داخران. تا سێ رۆژ پاشیش ئیدارەو بازار بەتایبەتی مەکتەبەکان‌و دەبیرستانەکان حلی عادیان پەیدا نەکردەوە.

دەستەی ئافرەتانی رەش پۆش لە پیشەوە لاوان‌و پیاوان بەدواوە تەرمی شەهیدانی کوردستانیان بە شعاردان‌و دەربرینی کلوکۆی تۆلە ئەستینانە کەژاوەی شەهیدانی ریگەی ئازادیان بردە سەر گۆرستان‌و بە خاکی کوردستانیان ئەسپارد. هەر بۆ حەوت رۆژ پاش (١٧-١-٢٦) دیسان کاربەدەستانی تاران دوژمنانی لە میژینەی نەتەوەکەمان چەنگورکی خۆیان بە خوینی چوار ئەفسەری رەشیدو ئازاو بەوەفای جەمهوری کوردستانهاوری یان: "محەمەدی نازمی" "رەسول نەغەدەیی" "عەبدوللای رەوشەنفکر" "حەمید مازوچی" رەنگاند هیئەتی حاکمەی تاران ئەوجار کوشتارو خنکاندنی کوسیتەوە بەری سەقزو بانەو بۆکان‌و لە شاری سەقز لە یەك شەودا "١١" سێدارەیان بۆ نیشتمان پەروەران‌و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ریزکردو هاوری‌یان: " احمد فاروقی" "علی جوانمەردی" "ئەمینی ئەسعەدی" سدیق اسعدی " "علی فاتحی" قەلەندەر " عبداله متین" "محمد دانشور" "احمد شجیعی" " حسین کانی نیاز" " رسول محمودی" و "محمد امین فیزاله بگی"و هەر لەو شەوەدا کە ئەو "١١" کەس ئەفسەرو نیشتمان پەروەی کورد لە سەقز بە دەستوری کاربەدەستانی تارانی خنکاندران لە شاری بۆکانیش هاوری "علی شیرزاد" رۆلەی شیردلی نەتەوەکەمانیشیان بە پەتی سێدارە خنکاند هەر لە سالی ٢٦ دا هاوپەیمانەکانی حکومەتی تاران نوری سعیدو فەیسل کاسەلیسانی ئیستعماری انگلو ساکسۆن ٤ ئەفسەری تری کول نەدەرو بەنرخی جەمهوری کوردستان هاوری یان: "مستەفا خۆشناو" "عزت عبدالعزیز" "محمد قدسی" "خیر اله عبدالکریم" یان شەهید کرد. لە نەغەدە لەژیر پردی قاسمی هاوری "احمدوەستا حسن" یان سەربرری‌و لەشیان پیش سەربررین بە کیردو قەمە ئەنجن ئەنجن کردبوو. هەروەها شەهیدانی تری ریگای ئازادی‌و جەمهوری دیموکراتی کوردستان هاوری یان "محمد نانوازادە" (ئەفسەر) "خلیل خۆشەوی" "وەستا برایمی بەننا" "عبداله مینە خالندی". "مارف پورە زەریفی" "هاشمی هەمزەوی"و بە کورتی دەها رۆلەی تری نەبەزی نەتەوەی کورد لە گرتوخانەکان

زەجر کوش کران یان بەئازارو ئەزیەتەوە لە گرتوخانەکان لەشیان لە تاقەتو کەوتو بوون بە قوربانی ریگای ئازادیو سەربەستی کوردوکوردستان.

ئەو رۆلە بەوەفاو تیکۆشەرانەی مەکتەبی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" کە سەبارەت بەدەسەلاتو حاکمیەتی نەتەوەی کورد (جەمهوری دیموکراتی کوردستان) پایە بەرزو پرلە لە شانازی شەهید ریگای ئازادی کوردو کوردستان یان بە نسیب بوو هەریەك لەوانەوەك بلیسەیەکی پر تین تەنانەت لە ژیر پەتی سێدارەش دا تینو هەستی پر جۆشی خۆیان بەرامبەر بەوەفاداریان بە نەتەوەی کوردو نیشتمانیان کوردستانو هاودەردی دەگەل نەتەوەکانی ترو هەروەها قینو کلو کوی تیکۆشەرانەی خۆیان بەرامبەر بە دابو دەزگای حکومەتی گەندەلی تارانیو خۆفرۆش دەربرریوە.

پیشەوا قازی محەمەد هەر کۀ لە نوێژی ئیعدام بووە بۆخۆی سەرچوار پایە کەوتو بە بانگی بەرزەوە کوتی: ئەی ئەفسەرانو سەربازانی سوپای داگیرکەری تاران برۆن بۆ شاو ئاغاکانی بگیرینەوە بە اعدامو کوشتنو برینو پیشتان بەرەوی تیکۆشانی کە ئیرادەی . کردووە سەربەخۆ بیت ناگیری ئەگەر ئیوە ئیستا قازی محمد پیش مەرگەیەگی ریگای رزگاری کوردستان دەخنکینن لە دوارۆژیکی نزیك دا بەسەدانو هەزاران پیشمەرگەی گورجوگولتر لە قازی محمد نەك هەر لەوبەشەی کوردستانەی کە ئیوە بۆ تالان داگیروکردوە بەڵکو لە هەموو پارچەکانی تریش لە داگیرکەران راست دەبنەوە ئەم تەقەلایانە سەر لەبەرد دانە کورد بۆ رزگاریولاتەکەی هەر سەردەکەوی. هەر بژین پیش مەرگەکانی ریگای رزگاری کوردستان. بژی کوردو کوردستان.

شەهیدانی تریش هەریەکە پاچەیەك گررو کلپە بوون کە لەژیر پەتی سیدارە روناکیو هەستی شۆرشگیریان بلاوکردۆتەوە هاووریان: محمد حسین سیفی قازی. قدسیو خۆشناو. علی شیرزاد. علی جوانمەردی. احمد فاروقی. سدیق اسعدی. رەوشەنفکرو نەغەدەیی. هەریەك بە نۆرەی خۆیان پارچەیەك

پۆلای دارژاوی داخ‌و سوور بوون کە پتەوی هەستی پر تینی میللەت پەروەریان لە دەست نەداوە.

زستانی پرر بەفرو ساردوسری سالی ١٣٢٥ مەهاباد شاهیدی رژانی خوینی سوورو گەشی ٢٣ کەس لە رۆلەکانی "ستار خان"و "باقر خان" ئەفسەرانی رەشیدی حکومەتی میللی دیموکراتی ئازەربایجان بوو کە خوینی سینگ‌و میشکی پرر لە هیواو هومیدی ئەو قارەمانانەبوو ژیانی خۆش‌و پر سەربەستی نەتەوی ئازەر بە شیست تیری دەستی ناپاکی سەربازانی دەستی داگیرکەری تاران رژایە سەر بەفرو بوو بو گوڵی سووری پەیوەندی لە پس نەهاتوو دو نەتەوەی ماف‌وولات داگیرکراوی کوردو ئازەر بۆ یەکیتی‌و خەباتی تیکرایی بۆ ئازادی‌و سەربەخۆیی.

با لاپەرەی میژو تەماشاکەین سەرتاسەری پررە لە دررندایەتی‌و کوشتن‌و بررین‌و سوتان‌و تالانی کوردو کوردستان بە دەستی داگیرکەرانی تارانەوە. جا بۆیە ئەو هیرش‌و کوشت‌و کوشتارەی چەند مانگ لەوەوپیشی هەیئەتی حاکمەی تاران بۆ سەر خەلکی کوردستان بەلای هیچ کوردیك‌و میژوزانیکەوە سەیر نیە.

هەروا پیش ٦ مانگ دیسان دەهاونەتەوەکانی نیشتمان پەروەمان رونەهاتن. دیسان بەسەدان رۆلەی کورد جوتیارو کریکار. مەلاو عەشیرەتی نیشـ ـان پەروەرو کاسب‌و دکتۆرو مەکتەبی‌و معلم‌و... تان بۆ گرتوخانەکان رەپیچەك نەدان بە نیوەشەو لە ناوجیگادا نەتان دزین ئەوەی جاسوسانی سازمانی ئەمنییەت‌و اطلاعات لە ژیر چاودیری پسپۆرەکانی ئەمریکای بەسەر ئاشتیخوازان‌و نیشتمانپەروەرانی کوردستان دا دینن تەنانەت هیتلیریکانیش ناگەنە پایەی "پیشەوەچوونی" !! جۆری ئەشکەنجەو ئازاری سازمانی ئەمنیەت کە لە سەر دروشم‌و تەعلیماتی ئەمریکا ئازاریان دەدەن. بەلام نە کوشت‌و کوشتارەکان نە تالان‌و دورخستنەوەکانی پیشوو نە ئەم رەشبگیری‌و گرتوخانەی "قزل قەلای" ی تاران‌و نە ئەم ئازارو ئەشکەنجەیەدەرمانی دەردی بی دەرمانی گەندەلی‌و رزیوی رژیمی بۆگەنی پاشایەتی‌و حکومەتی تاران ناکات. تاقە چارەی

هەر نابودیو مەرگە هەروەکی لە پەنامان لە عیراقی ئازادیش ئەم نەخۆشیە بەو دەرمانە رزگاربوو.

واسیزدەسال بەسەر بیرەوەری رۆژی خنکاندراوەکانو شەهیدانی دەستی حکومەتی گەندەڵی تاران تی دەپەرریووتەی پیشەوا قاچی محمدوەدیورووناك بۆتەوە کە رژانی خوێنی ئەم شەهیدانە بەسەر خاکی کوردستان دا زۆر نەمامی پاراو کردووەو بەرهەمی ئەم شەهیدانە بزوتنەوەی بەرینی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە خۆی کیشاوەتە هەموو کەلینو قوژبنو کویرە دی یەکی کوردستانوا بەسەدان تیکۆشەر لە گرتوخانەکاندان بەسەدانیان نەهینیو پەنابردوون. بەڵام تێکۆشانی میللەت نابریتەوە. هیئەتی حاکمەی تارانوادەزانێ تەنیا هەر لەوی قەوماوە تەنیا هەر زنجیرەکەیوی ژەنگاوی بوەوە هاتۆتە پسان جابۆیە کەوتۆتە هاریو ئەوپەرری درندایەتی بەڵام ئەوانە بیخودو بە خۆرایە هەر لە سەرچاوەوە لییان لیڵ بوو، نەمانی چەوسانەوەو ئیستیعمارو ئازادی گەلان لە دونیادا نەك هەر لە ئاسیاو ئەفریقا بەلکو لە قارەی ئەمریکاش بۆتە شیعارىوەختی رەورەوەی تیکۆشانو خەباتی نەتەوەکەمان.

نەتەوەی کورد بە پیشرەوی حزبی دیموکراتی کوردستان لەناو کۆری خەباتی رۆژانەی بۆ رزگاری ئیرانو کوردستان لە پشت ئەم دررندایەتی کوشتو کوشتارەو بە تایبەتی ئەم پەلەقاژانەی دوایی حکومەتی گەندەڵی تاران ئیمانی ئێمە تێکۆشەرانی کوردستانی بەوەدیهاتنی ئاواتی شەهیدەکانمان کە حاکمیەتو سەربەرستی نەتەوەی کوردە زۆر زیاتر لە پێشو کردوە. وە بەرەو ئاسۆی روناكو درەوشانی ئازادیو رزگاری نەتەوەی کورد تارمایی مەرگو لەناوچونی داگیرکەران دەبینن.

ئەندامانی "حزبی دیموکراتی کوردستان" لە رۆژی بیرەوەری ١٣ ساڵ تێپەربوون بە سەر یادی شەهیدانی جەمهوری دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر ئەرکی میژوىو نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی ئازادیخوازو دلسۆزی جیهان. لە بەرامبەر تیشکی درەوشانی رزگاری نەتەوەکانی جیهان کە شەبەقی داوەتە

حوینی گەشی شەهیدانی کورد بە سەر خاکی نیشتمانی خۆشەویستی کوردستان قەول و پەیمان و سوێندی خۆمان تازە دەکەینەوە کە تا:

وەدی هینانی ئاواتی جوان و ئینسانی شەهیدانی کوردستان کە حاکمیەت و سەربەستی نەتەوەی کوردو ئازادی خاکی کوردستان بێت لە تێکۆشان نەوەستین و هەروەك تا ئیستا بەکردەوە نیشانمان داوە نە بە لێدان و برین نە دورخستنەوەو گرتوخانە نە برسێتی و داماوی نە ئازارو ئەشکەنجەوو بە کورتی نە پەتی سێدارەو گوللەباران لە ریگای ئازادی و رزگاری کورد کە تۆڵەی شەهیدانی کوردستانەلامان نادات. سەرێکەو هیناومانە بۆ قوربانی دە ریگای ئازادی و سەربەستی دا. نەگەراوینەوەو ناش گەرینەوە هەر دەرۆین بۆ پیشەوە بۆوەدیهینانی ئاواتی شەهیدانی گەلی کوردی کۆڵ نەدەر

سلاو. سلاوی کوردی تیکۆشەر. سلاوی ئەندامانی "حزبی دیموکراتی کوردستان" سلاوی تیکۆشەرانی ریگای ئازادی و رزگاری نەتەوەکانی جیهان بۆ ئیوە ئەی شەهیدانی نەمری جەمهوری دیموکراتی کوردستان.

شادبی گیانی پاکی هەمووشەهیدانی کوردستان.

شادبێ گیانی پامی شەهیدانی ریگای ئازادی و سەربەستی گشت نەتەوەکانی جیهان.

مەرگ شای خائین بروخێ دابو دەزگای دەولەتی سەر بە ئیمپریایزمی تاران قاتلی شەهیدانی ئازەربایجان و کوردستان.

نەمان بۆ ئیستیعمارو ئیمپریالیزم دوژمنی چەنگورك خویناوی گەلان.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە ژیر رابەری "حزبی دیموکراتی کوردستان".

سەرکەوێ تیکۆشانی تیکرایی نەتەوەکانی فارس و ئازەربایجان و کوردستان بۆ ئازادی ئیران.

بەرقەرار بیتەوە بەرەی ییکگرتو لە نیوان "حیزبێ دیموکراتی کوردستان "و "حیزبی تودەی ئیران"و "فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان"و "حزبی ئیران"و حیزبەکانی تری پیشکەوتو بۆ ئازادی ئیران.

(۱۰ ی خاکەلیوەی ۱۳۳۹)

کۆمیتەی سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان"[77].

# پاشبەندی ١١



(ژین) ژمارە {١٥٣٨}

## بەیاننامەي حزبی دیموکراتی کوردستان

بەبونەی شەهیدبوونی پینج نەفەر لە ئەندامانی تیکوشەری (فرقەی دیموکراتی ئازربایجان) بەدەستي حکومەتی خائین و کونەپەرستی ئاران .

بەرە بەیانی روژی ١٤ ی بانەمەری سـالی ١٣٣٩ــ١٩٦٠ پینج نەفەر لە ئەندامانی (فرقەي دیموکراتي آزربایجان) بەگوللەی دوژمنانی نەتەوەکانی فارس و کورد و آزربایجان شەهید کران .

حکومەتی گەندەل و فاشیستي ایران لەپیناوی داگرتني تەختي دارزیوی پاشایەتی (حەمەرەزا شا) و رژیمی کونەپەرستی فئودال بورژوازي سەربەئیمپریالیزمي ئەمریکا دیسان دەستي بەخوینی رولەکانی بەوەفای آزربایجان رولەکاني (سەتارخان و باقرخان و شیخ محمدی خەیاباني) سوور کرد . رولەکاني ریگای خەباتي رزگاري و آزادي خوازی آزەر لە پیناوی تیکوشان و خزمەت بەچینی چەوساوەو زەحمەت کیشي نەتەوەي آزربایجان لە پال قارەمانان و شەهیداني تر سەریان نایەوە سەر خاکي خوشەویستی نیشتمانیان . آزربایجان . حکومەتي فاشیست و سەربەئیمپریالیزی ئەمریکا وە شەرایطیك دا پینج نەفەری تیکوشەری آزەری شەهیدکرد کە لە سەر تاسەری آسیاو ئەفریقا نەتەوەکاني زنجیرپچړاو و چەوساوە راپەریون و لە پیناوی دەست هیناني سەربەخویي و نەتەوایەتي و ژیانی پرو آسایش دا گیانیان بەخت ئەکەن .

راپەریني خەلکی (کوریای خواروو) بو تیکشکاندني تەوقي دیکتاتوری دیم) ی خائین هاتونەتە خروش و راپەرین بو رزگاری لە دەست ئیستعمارو ئیمپریالیزم . حکومەتی خوفروش و خائینی «شا ـ اقبال» کە خویان لە گیژاوی لەناوچوون وادەبینن بو پیشگیرەوی لە ئەسیری لافاوی شورش و بزوتنەوەی نەتەوەکانی (کوریای سوور ـ تورکیە ـ ویتنام) لە ایرانو بو ئەوەی کە ئاگری شورش و بزوتنەوەی ناو نەتەوەکانی ئیران دابمرکینن بەبی شەرمیەوە پینج نەفەری ئەندامی نەبەزو تیکوشەری «فرقەی دیموکراتی ئازربایجان» یان شەهید کرد .

نەتەوەي قارەمانی ئازەر بەدریژایی دەه ا سالە لەزدی حکومەتي گەندەلو کونەپەرستی پاشایەتي ایران راپەرین و شورشی بوە وسەدان رولەی خەباتکەرو بەوەفای قوربانی داوە : راپەرینی «سەتارخان و باقرخان بو سەرکەوتنی مشروطیت و شورشی شیخ محەمەدی خەیاباني و بەرین تروڵەباوترو لەهەموی ئەمو تیکوشانە پیك هینانی حکومەتي میللی و دیموکراتی ئازربایجان» بەرابەری پیشرەوي خەباتی نەتەوەی ئازەر (فرقەي دیموکراتي ئازربایجان) کلاوەرۆژي هەرە سوورو گەشی خەباتی رزگاری خوازانەي میللەتي ئازربایجانە .

حکومەتی پاشایەتي ایران بەپشتیواني راستەو خوی ئیمپریالیزی ئەمریکاو ئینگلیز وەسەرماوەزی سالي ١٣٢٥ دا هەروژمي هینایە سەر گەورەترین ئاوات و ئارەزوي میللەتي ئازەرو کورد کە وا دوو حکومەتی دیموکراتیك و شورشي بوون وبەسەدان وهەزاران رولەی تیکوشەرو ئازادیخوازیان لەوینەی (سەرهەنگ قولی صبحی و فریدون ابراهیمي ژنرال عظیمي و ئازاد وطن) بەگوللەی زورداري شەهید کرد و تائیستاش کەچواردە سال بەسەر ئەو رووداوە خویناویە تیپەري یادی کوشتن و کوشتاری سالي ١٣٢٥ لە شارەکاني (تەوریز و مراغە و میانەو زەنگانو ئاردەویل و سەراب) لە بیرکەس ناچیتەوەو دلی هەزاران دایكو خوشكو کاریان داغدار کرد . بەلام لەنەوەی رەشیدو قارەماني ئازربایجان . نەتەوەي گری ئاگری ئازادی نەتەوەي (بابەکي خورەم دین) تائیستاش لە خەبات رانەوەستاوە ورانا وەستی . نەتەوەی ئازربایجان ئیرادەی کردوە کە تا بەدەست هیناني ویست و ئامانجی کاملی کیەتي میللی و


بروانە ل ٦

کومیتەي سەرکردەیی
حزبی دیموکراتی کوردستان


پاشماوەی لاپەر ٣

## بەیاننامەي حزبي دیموکراتی

آشتی و ئازادیە لە خەبات و تیکوشان رانەوەستي ، نەتەوەی زولم لیکراوي آزەر دلنیایە کە رزانی خوینی سورو گەشي رولەکاني بەوەفای پەیوەندن قایمی تەواوی چینی زەحمەتکیش و دوستەکانی میللی ئازربایجان وهەروەها یاری کاري نەتەوەي کوردو فارس لەپیناوي سەرکەوتن . سەرکەوتنی حەقیقەت بەسەر زولم . سەرکەوتني ئازادی بەسەر چەوسانەوەدا پتەوتر چەسپاوتر ئەکا . ماویەتي



# پاشبەندی ١٢



رفقای عزیز

کمیته مرکزی حزب کمونیست اتحاد شوروی

بدینوسیله سلامهای رفیقانه خودرا تقدیم میداریم.

بدنبال نامه قبلی خود که بوسیله رفقای شما در اینجا (          ) درباره مسافرت هیئت نمایندگی حزب ما به اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی تقدیم گردید، توضیح چند نکته را لازم میدانیم:

الف - اعضاء هیئت نمایندگی عبارت از مشروحه بدین ترتیب است:

۱ - قاسم سلطانیان - (در عراق ملقب به کمال احمد)

۲ - سلیمان معینی

۳ - عبدالله اسحاقی (در عراق ملقب به احمد توفیق)

خواهشمندست در صورت ترتیب و صدور ویزا، بنامهای بالا باشند.

ب - خیلی بهتر و مناسب میدانیم ترتیب سفر هیئت حین استقرار بودن رفیق رهبر مصطفی بارزانی در اتحاد شوروی باشد.


ج - بعلت فقر بی حد مالی حزب محتاج به ترتیب رفع مخارج مالی برای این سفر و غیره هستیم.

با سلام و احترام، از طرف
کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان.

(زاگروس)

۵۹۲ / ۱۹۶۰/۱۱/۱

# پاشبەندی ١٣




رفقای عزیز
کمیته مرکزی «حزب کمونیست اتحاد شوروی»
ابتدا تقدیم سلامهای رفیقانه،
بهترین تبریکات کمیته مرکزی حزب دمکرات کوردستان را بمناسبت جشن کبیر انقلاب -
اکتبر بسر فصل تازه و نوین زندگی زحمتکشان جهان، پیروزی و مظهر قدرت و عظمت شوراها
بر دستگاه پوسیده تزاریسم و بورژوازی، بشما و بوسیله شما به همه ملل اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی
تقدیم میداریم.
ملت کورد که ملت ستمدیده و محرومی است خیلی خوب عظمت و اهمیت انقلاب کبیر
آزادی و نجات ملل قهرمان شوروی را درک میکند. و بهمین مناسبت لازم میدانیم که شعف
و سرور ملت کورد در کوردستان ایران و بویژه اعضاء «حزب دمکرات کوردستان» را
بمناسبت حلول جشن کبیر انقلاب اکتبر منعکس و تقدیم داریم.
شادیم از اینکه رهبر مبارزه ملت کورد رفیق مصطفی بارزانی بنام ملت کورد در
جشن کبیر ملل شوروی شرکت میکند.
فرخنده باد جشن انقلاب کبیر اکتبر.
پیروز باد اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی دژ مستحکم و خلل ناپذیر.
درود ملت کورد به ملل اتحاد شوروی دوست باوفای همه ملل.
زنده باد صلح پایدار.

با زهم تبریکات و احترام: از طرف
کمیته مرکزی «حزب دمکرات کوردستان»

«زاگروس»
ش ۹۱ / ۱۰/۱۱/۱۹۶۰

# پاشبەندی ١٤



نص الاتفاق الذى تم بين الحزبين الشقيقين فى ايران وسوريا ، وفى ذلك الوقت لم تكن اللجنة المركزية للحزب الديمقراطى الكردستانى ـ العراق يرى ان الظروف مناسبة للتوقيع على مثل هذا الاتفاق .

[illegible]

لەسەر بانگەوازی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ هەموو حزبە کوردستانییەکان لەبارەی پێشنیازی پێکهێنانی - لێژنەیەکی گشتیی کوردستان - کە نوێنەری هەموو حزبە کوردستانییەکانی تێدا بێ بۆ یەکخستنی تەقەلاکان و ڕیزکردنی نەخشەکان لە سەرانسەری کوردستاندا. لێژنەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی سووریا بە دەنگ ئەم بانگەوازەوە هات لە کۆبوونەوەی سەرەتای مایسی ١٩٦١دا و بڕیاری دا نوێنەرێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بنێرێ بۆ کوردستانی عێراق بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ نوێنەرانی دوو حزبە برایەکەدا بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی لێژنەی پێشنیازکراو.

لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا، هەردوولا زانیارییەکانی خۆیانیان لەمەڕ بارودۆخی سیاسیی کوردستان بە گشتی و کوردستانی ئێران و تورکیاوە بە تایبەتی، هەردوولا لە گیروگرفتی حزبەکەی تر گەیشتن لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە.

بیروڕای هەردوولا لەسەر خاڵە بایەخ پێدراوەکان یەکی گرت و بریتی بوو لە:

١- ئامانجی سەرەکی لە بزووتنەوەی ئازادیی کورد بریتییە لە ڕزگارکردن و یەکخستنی کوردستان و تێکۆشان بۆ ئەم مەبەستە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا پێویستە و هەر تاکتیکێک کە یەک لە حزبەکان بە تەنیا ڕەچاوی بکا پێویستە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بێ.

٢- هەردوولا پێیان وایە پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ گشت کوردستان ئەرکێکی

نیشتمانییە، چونکە ئەو سنوورە دەسکردانەی کوردستان لێک جیا دەکاتەوە، گەلی کورد ددانی پێدا نەهێناوە و خەبات لە کوردستاندا یەک پارچەیە و لێک نابێتەوە.

٣- هەردوولا بڕیاریان دا لێژنەیەک لە نێوان هەردووک حزبدا پێک بێ ببێتە یەکەم هەنگاو و ناوکی پێکهاتنی لێژنە گشتییەکە، هەردووک لا بە پێویستیان زانی، کە دەست پێکردنی ئەم هەنگاوە جارێ دوا بخرێ تا پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە ڕوون دەکاتەوە.

٤- هەردوولا لەسەر ئەوە یەک بیرن، کە نەکەوتنە کاری چالاکیی ڕێکخستن لە کوردستانی تورکیا بەو شێوەیەی بەرژەوەندیی گەلی کورد دەیەوێ، لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕیزنەکرانی تەقەلای حزبە کوردستانییەکان لەمەڕ کارکردنیان لە کوردستان بە گشتی و کوردستانی تورکیادا بە تایبەتی، بۆیە داوا لە هەموو دڵسۆزانی کێشەی کورد دەکەن پەلە بکەن لە یەکخستنی تەقەلاکانیاندا و لێژنەی پێشنیازکراو بهێننە دی، تا بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد باشتر بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەجێ بێنێ.

٥- هەردوولا خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕن بە سەرکردایەتیی تێکۆشەری ئازا مستەفا بارزانی بۆ هەر لێژنەیەک یا سەرکردایەتیی شوێنێک، کە کاروباری تێکۆشان لە سەرانسەری کوردستان یا لە پارچەیەکی کوردستانی ئێران و سووریادا بە دەستەوە بگرێ.

٦- بەڵام لەبارەی چۆنیەتیی پێکهێنانی لێژنە و مەڵبەندەکەی و چۆنیەتیی بڕیار و جۆری تێکۆشان لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستاندا، ئەمانە بابەتێکن باشتر نوێنەرانی حزبەکانی هاوبەش لە لێژنەدا بڕیاری لەسەر دەدەن.

٧- نوێنەری هەردوو حزب وێنەیەکی ئەم بڕیارانە دەدەن بە تێکۆشەر هاوڕێ مستەفا بارزانی تاکو ئەویش وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق هەوڵ بدا بۆ نەهێشتنی ئەو ساردییەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق پێشانی دەدا لە ئاستی پێکهاتنی لێژنەی پێشنیازکراو لە نێوان دیموکراتی کوردستانی ئێران و دیموکراتی کوردستانی سووریا، کە پێکهێنانی لێژنەکە لەناو خۆیاندا بە ماوەی سێ مانگ لەمڕۆوە جێبەجێ دەکەن.

تێبینی ١: سێ وێنە لەم بڕیارە وەرگیراوە، یەکی وێنەیەک بۆ هەردوو حزبەکە و یەکێک بۆ تێکۆشەر مستەفا بارزانی.

تێبینی ٢: ئەم بڕیارانە دەبوایە بە کوردی بنووسرێتەوە، بەڵام لەبەر باری ناچاری بەزمانی عەرەبی نووسرانەوە.

| | |
|---|---|
| نوێنەری دەستەی سکرتاریەتی | نوێنەری مەکتەبی سیاسیی |
| حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران | پارتی دیموکراتی سووریا |
| عەبدوڵلا ئیسحاقی | عەبدولحەمید سلێمان دەروێش |

١٩٦١/٦/٣٠

## پاشبەندی ١٥

دەنگی کورد ڕۆژنامەیەکی سیاسی سەربەخۆیە
ژمارە٢٣ ڕۆژی ٣١- ئاب- ١٩٦٠



دەنگی کو...

روژنامەیکی سیاسی سەربەخویە

کوردستان

# دیمەنت بەخیر روژنامەي کوردستان

(« کوردستان ») ...! لە ٢٥ي بەفرانباري سالی١٩٤٦ لە ئاسماني شـــاري مەهابادی خويناويەوە هەل هات ، ئـەو سەردەمە کوردستاني موکریان بنکەي بزوتنەوەي هيزي گەلی کوردبو ... لەپاش ماوەيەکی مامناوەندي تواني کە١٦٠جار تيشکي بيرو باوەري کوردايەتي بەناوچەي کوردەواريدا بلاو بکاتەوە...

بەلام نوکەرو داردەستەکاني ئيمپرياليزمی ئەنگلو ئـــەمريکي بە هاوکاری حکومەتە خوين ...

ناوزنجيری رەشی ئيمپرياليست سـلاو لە رولەکاني شيخ

محمودي نەمرەوە بو رولـەکاني قاضي محمد .

لە مەرر تأميمي نەوتي ئيران

## دکتور محمدی مصدق و نەو...


بزوتنەوەي دژي ئيستعمارو ئيمپرياليزم لەروژ هـەلاتي ناوەراستا کەوا ئيستا کەوتوەتەسەر دەورباوي لەباری لەروژ گاريك شاپولی سەرەتاني ئەم بزوتنەوەيە لە ئيران دا لەســالاني ١٩٥١ ـ ١٩٥٣ دەستي پی کرد ...

کوردو تازەرەوە ئاشکراورون اکە دکتور مصدق ويرای وەی کـەدراوي ســـەرەك وەزيري وەرنە دەگرت لە و کاتەداکە بو محکمەدا بويەبچيت بو (دادگای لاهـــە ) حازر نەبو بە دراوی حکومەت سەفەر بکات. بەلام ...

# پاشبەندی ١٦

مامۆستای خۆشەویست و بەڕێز
کاک [illegible]
زیاتر لە مانگێکە لە دیدارتان بێبەشم، جا بۆیە بە حەقی دەزانم
باشترین سڵاوی گەرمی دڵتان پێشکەش بکەم و لە بارەگای خوای تعالی سەلامەتی
[illegible] جەنابتان و ئێوە داوا بکەم. ئەگەر من [illegible]
ئاواتەخوازی سەلامەتی و بەرزیتانم هەمیشە [illegible]
[illegible]
چەند جار لە بەغدا بانگ کرایەوە لەگەڵ هاوڕێکانم بینیمە خزمەت
جەنابت زۆرم پێ خۆش بوو. یەکێک لە هاوڕێ ئاشناکانمان بە هۆی کاک
عبداللە و کاک سەید عزیز [illegible] هاتم دیتم زۆر [illegible]
لە دیداردا [illegible] [illegible] بە دوای [illegible]
وا [illegible] ٣٥٠ دینار [illegible] و [illegible]
[illegible] دیارە [illegible]
[illegible] بەڵام [illegible]
من وام [illegible] لەگەڵ برادەرانم [illegible]
[illegible]
من وام [illegible]
[illegible]
[illegible] زۆر [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
بەڵام [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
ئیتر دەستی بەڕێزی بەرزی جەنابت ماچ دەکەم و
سەلامەتی و سەربەرزی لە خوا داواکارم
[illegible]
احمد [illegible] کوێستانی
٩٦١ / ٥ / ٣١

# پاشبـەندی ١٧



# پاشبەندی ١٨

عیسمەت شەریف وانلی ـ لۆزان 2004/1/15



ئەحمەد تۆفیق لە کۆتایی بەهاری 1962، لە بێرووت تەلیفۆنی لێکردم من لە لۆزان بووم و پێی گوتم مەلا مستەفا بارزانی راپگەیاندووە کە دەکرێ سەفەرێکی بێرووت بکەم منیش ولامی ئاریم داوە و قەرار و مەدارمان دانا

لە سەرەتای مانگی حوزەیران 1962 لە رێگەی ئیتالیاوە بە کەشتی چوومە وێندەرێ. هەرێلەی فرۆکە زۆر بوو بۆیە بە دەریادا چووم. ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ تاقمێك لە کوردەکانی بێرووت چاوەڕوانم بوون. ئەوە ئەوەڵین دیداری من لەگەڵ شەهید عەبدوڵلای ئیسحاقی بوو. ئەوکات ئەنالەت ناوی راستەقینەشیم نەدەزانی. لە ئاپارتومانێکی گچکەدا کە ئیجارەی کردبوو. بوومە میوانی و بووینە دۆست و هاوڕێ. هەر لەو سەفەرەدا، لەگەڵ جەمیل مەحۆ کە یەکێك لە تێکۆشەرانی کوردی لوبنان بوو، سێقۆڵی وێنەیەکی یادگاریمان گرت. شەهید عەوڵای ئیسحاقی یەکێك لەو گەنج و لاوانە بوو کە رێزێکی تایبەتی بۆ کەسایەتی مستەفا بارزانی دادەنا و پاش جووڵانەوەی 1945ی کوردستانی عێراق و یارمەتی کۆماری مەهاباد 46 ـ 1945 و پاشەکشێ و چوونە سۆڤیەتی بە ئوستوورەی بەرخودانی کوردی دەزانی. لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە بەرخودانی کوردستان لە مانگی ئەیلولی 1961 دەستی پێکردوە و پرژاێ ناوچەکانی تری کوردستانیش دەبێ. هەر بەم بۆچوونەوە، بە هەموو هێز و توانی دە خزمەت جووڵانەوە و سەرکردایەتییەکەی بارزانیدا بوو

مرۆیەکی ئەبەز، و لایەنگری دۆستان و هەڤاڵانی بوو. ئەیدەزانی ترس و ماندوویی چی. جگە لە جاسووس و دوژمن، کەسی تری ناخۆش نەدەویست. پێی گوتم، بارزانی دەخوازێ لە دەرەوە بە سوود و قازانجی ئێمە و جووڵانەوە کار و خەبات بکەم. ئەو کات ئەمن سەرۆکی یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا K.S.S.E بووم. زۆربەی ئەندامانی یەکیەتییەکە کوردەیلی عێراقی و سووری بوون و لایەنگریان لە جووڵانەوە و سەرکردایەتی بارزانی دەکرد.

من هەر لە سەرەتای سالی 1962 بە سوود و قازانجی جووڵانەوە خەریکی کار و خەبات بووم. کۆمیتەیەکم بە نێوی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی میللەتی کورد چێ کردبوو، کە ئێستاش خەبات و تێکۆشانی هەروا بەردەوامە. کە لە وتاری ئەحمەد تۆفیقدا سازکرا. بارزانی باوەڕی بە زەرووەتی شی کردنەوەی دۆزی کوردی بۆ ئامریکا و بەتایبەتی دەنگدانەوەی لە چاپەمەنیدا بۆ بیرورای گشتی ئەمریکا هەبوو، هەر بەم هۆیەش ئەحمەد تۆفیقی ناردبووە بێرووت هەتا رۆژنامەنووسانی هەڵدەران بەرەو راپەڕین و بەرخودان راکێشێ

کاك ئەحمەد لە قسە کردن و ئاخەفتن بە زمانی فەرانسەیی، بەرەی خۆی لە ناوێ دەردەکێشا و لەم بارەوە پێویستیکی بە من نەبوو. هەر ئەم دیقەت و سەرنج و بیر و رایەشی بوون بە هۆی ئەوەی کە پێوەندایەتی لەگەڵ هەواڵنێرانی ئامریکایی و ئورووپایی چێ کا و بۆ لای خۆیان راکێشێ. ئەحمەد تۆفیق بە نێوی مراد لە هوتێل سان جۆرج لە قەراغ زریا پێوەندی لەگەڵ دەگرتن.

پێش کۆتایی هاتنی مانگی حوزەیرانی 1962 گەڕامەوە ئەورووپا. ئەحمەد تۆفیقیش چەند رۆژ پاشان، لە سەرەتای مانگی تەمووز گەڕاوە کوردستان و لای بارزانی. بەڵام هەواڵنێریکی ئەمریکایی بە ناوی دانا ئەدام شمیدت، کە بەرێوەبەری رۆژهەڵاتی ناوەندی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز و یەکێك لە ناودارترین رۆژنامەنووسان بوو، لەگەڵ خۆی بردبووە کوردستان. بەرهەمی ئەو سەفەرە پڕ رەنج و خەتەرە وتووێژی لەگەڵ مستەفا بارزانی سەبارەت بە دۆزی کورد و شۆرشی کوردستان بوو، کە پاشان وەك کتێبێك بە ناوی "سەفەرێك بۆ لای پیاوانی دلێر" لە سالی 1964دا بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن چاپەمەنی براونەوە وشاو خەڵاتی نووسەری سیاسی و رۆژنامەنووسی ئەوکاتی ئەمریکایی پێ درا و نووسەر زۆر باسی پیاوەتی و دلێری ئەحمەد تۆفیق دەکا. ئەو نووسەرە ئەمریکاییە جارێکی

ساڵی پێنجەم، ژمارە 53
6

# پاشبەندی ١٩

- احمد توفیق -

مدتها در دل داشتم که در فرصتی درباره دوست ناکامم عبدالله الحاقی - احمد توفیق - که چندسالی با هم زندگی کرده و در بسیاری از شادیها و ناکامیها شریک بوده‌ایم یادآوریهایی بنویسم.

بر حسب تصادف. ترجمه عربی کتاب (دانا آدم شمیت) خبرنگار مشهور و نامآور امریکائی بنام (سفری بسوی مردان شجاع) بدستم افتاد که آنرا با ترجمه فارسی آقای دکتر [illegible]، مقابله نمایم.

کتاب را تا آخر خواندم و در واقع لذت بردم. چیزی که در کتاب بسیار جلب نظر میکرد اهتمام نویسنده به شخصیت احمد توفیق بود. از شجاعت بی‌نظیرش، از چابکی و نشاطش، از وفاداری او نسبت به کرد و کردستان، از اخلاص نسبت به بارزانی، از پایداری بر مرام و مبدأ آزادیخواهی. چنان او را ستایید که از عهده بیان و قلم من و غیر من هرگز ساخته نیست.


هرکسی را که میخواهد از احمد توفیق - عبدالله الحاقی چیزی واقعی و راستین بداند توصیه میکنم که کتاب دانا آدم شمیت نامبرده را بخواند.


هژار

۱۰/۱۰/۶۲ - کرج

(نقل از متن)


# پاشبەندی ٢٠








# پاشبەندی ٢١


ژ ٢٧٦
ڕۆژ ١٢/١٤/ ٩٦٠


بۆ جنابی احمد توفیق

زۆر سەرمان سوڕما لەو مەوقیفەی وەرتانگرتوە بەرامبەر بە
داخوازی چاودێ کەوتنتان کە دەبوو بێوە خۆتان هەرتی ئەو چاودێرێ کەوتنتان
بدایە هەم بە پێی ئەو فەرمانەی کە مامۆستا بارزانی پێی کردوویت کە چاووت
بە هەڤاڵ عمر دابە بکەویت بۆ هاریکاریت لەو فرمانەدا کە پێت
سپێرراوە وە هەم بەو حسابەی کە وەکو لە نووسینەکانی پێشووت
دەرئەکەوێ بە تایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵ کۆمەڵی پارێزگاری مافی گەلی کورددا
دەرتان کردووە لەمانە وا دەرئەکەوێ کە لەم مەوقیفە ناڕاستی پێشووتان
بەرامبەر بە پارتیان پەشیمان بووبنەوە وە ئامادەبن بۆ نوێ
کردنەوە و چاککردنەوەی پەیوەندی نێوانمان، بەڵام وادیارە تۆ ورد
بە خوازیی ئەوە گوتوە "دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە" وە شەرەبێتی
بە ... هەو ئەچوو کە دەڵێت "لا الخائن خائف" ئەگینا ئەبوو تۆ
لەوە بزانیت وە پولیسیتیشە کە پێزانیت کە وا پارتیان هیچ دەخلی
دەستی دوژمنایەتی بۆیە کێ ... ناکات کە ناوی مامۆستا بارزانی
لە سەربێت وە یا پەنای بۆ ببەیت بەرگەو وە تۆ ... هاوڕێکانت
دەبوو لە تجرووبەی ڕابوردووتان ... بە تاقی کردنەوە ئاگادار ...
ڕاستیە ببزانایە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی ئەم وەختە ناسکەدا
کە هێناتی گەلەکەمانی پیادا تێئەپەرێ ماوە نەدەین بە دوژمنی
گەلو شۆڕشو پارتیەکەمان کەلێن بخاتە ریزەکانمانەوە ...
ئەوەش کە کردارەکانی تۆ لە ئاوەڕۆیدا هەر ڕاستە و ڕەوان



پێچەوانەی ئامۆژگاری و ئیرشاداتی کاک مستەفا بارزانی یە کە وا هەمیشە
داوای یەکێتی و تەبایی و برایەتی لە هەموو کوردێکی بەشەرەف دەکات،
لە بەر ئەم هۆیانە مانۆنییە ئەو دوو رۆژەی داوات کردووە لە ناوچەکەدا
بمێنیتەوە بەڵام هیوامان وایە کە دوای ئەو دوو رۆژە واتە لە
٢٦/١٠/٩٦٤ دا ئەم ناوچەیە بەجێ بهێڵن وە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان
بە تایبەتی ئیمتناع کردنتان لە چاوپێکەوتنی ئێمە وە هاوکاری نەکردنتان
لەگەڵ دەستەلاتدارانی پارتی و پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بە ئاشکرا
دەری دەخەن کە ئێوە نیازتان ئەوەیە کە فرمانی مامۆستا جێبەجێ نەکەن بە پاکی و
دۆستانە و ریکوپێکی بە پێچەوانەی ئەوە دەتانەوێ ناوی مامۆستا
ئیستغلال بکەن بۆ ئاژاوە نانەوە و دووبەرەکی دروست کردن لە
ناوچەیەکی پڕ ئارام وە ئاساییشدا کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دژ و منافی
یەکی راستەوخۆ وانە یە رابەری گەورەی کوردستان و مامۆستا بارزانی خۆشی [illegible]
هیوامان وایە کە هەمیشە هەر راستی و دڵسۆزی و جوامێری سەرکەوتوو بێت.

# پاشبەندی ٢٢



ویرای سلاو

کاوری کاک حسن رستگار،

لە سەر پەسەندی کومیتەی بەریوەبەری حزب پیم راگەیاندرا کە ئەو فەرمانانەی ژیرەوەت پێ رابگەیەنم.

١- پیویستە بە بێ تأخیر بودانی راپورتی کار و ئەشیای نبکەی زینوی و مخارجات و ... لیستە بیت بو لای نبکەی سونی.

٢- لە عبارەتی ئەو نوسراوە و ئەو بریارە تو نە مسئولی نبکەی زینوی و نە حەقی هیچ جورە پەیوەند و مکاتبەی حزبیت لەیە لە دیوی گەرمین و کوستان تا روون بونەوەت.

٣- نەهاتنت بو بەر دەم کوبونەوەی حزب لە پاش ئەو تەمەردو دەستەبازی کردنت بە هەلاتنی دوای تولە بەردەمی مەرکەزیت ولی پرسینەوەی حزب دەژمیردریت و جزای توندتری حزبیتان لە سەر دەبیندریت

لەلایەن کومیتەی بەریوەبەری
حزبی دیموکراتی کوردستان
فائق ئەمین

١٣ / ٦ / ٧
١٩٦٢

١٠/٨ ئەشەوی

لەتاوی

# پاشبەندی ٢٣

[illegible]

١٨/٢/١٩٦٤

**(( رابەری خوشەویست بارزانی مصطفی ))**

لەو کاتەدا رێک و راستەوخۆ دەرباری ئەو چەند جارکوبوونەوەمان بەپێویستمان زانی لەگەڵ پەیمان تازەکردنەوەی حزبمان لەگەڵ جەنابت بیروباوەری بەڕێوەبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان تان پێشکەش بکەین.

(١) واتە بەتی حزبی دیموکراتی کوردستان دەبێتە (١٩) ساڵ بەدرێژی ئەو ١٩ ساڵە حزبمان لە رێگەی خزمەت وتێکۆشانی راستەوخۆبوونەوەی کورد لای ئەدا وعوبەر دەوام حزبمان خوی کرد وتەبرد بود ەرباز بوونی لە هەموو تەنگوچەڵەمەی وبەردەوام شعاری خەباتی حزبایەتی لە خزمەتی رێگەی کوردایەتی لەسەروی هەموو کارو کردەوە کانمانداهبوو.

بۆئەو (٦) ساڵەی دوایی حزبمان هەمووتەوەی کورد وجەنابت پەیەدا هەد دەزانین کەچۆن لەهەموو کاتەوزەمانێکدا لەخوشی وناخوشیدا حزبمان بەهوی هێندی کاری بەدیەنی لەکوردستانی عیراقی باروولایەنی کورد وبیری بەحق ودلسوزانەی جەنابتی گرتوە وبەوەفاترین براوچووکی جەنابت بووین وهەلبووین.

ئەوەلە ودیوەی کوردستانی عیراق. بەسوفاگادا رێمان لەدیوی کوردستانی ئیراتیش حزبمان حیساب هەمووهەنگاوەکانی ورد ودرشتی خوی کردووەکە بەپێی سوودی کورد و بەتایبەتی شورش وتعلیماتەکانی جەنابت بێت. ولەوچوارچێوەدەرنەچووین وهیوادارین دەریش نەچین. ولەزور شوین وکردەوەدا تاکێك وهەڵەکەوتی حزبمان نەکرد وتەنوریا تسی سودی رێگەی کوردایەتی وشورش.

رەو وبیروورای ئەندامانولاپەنگرانی حزبیشمان بەهەمووتوانا وەلەسەرکسوردا بەتی وساخ ورێگەوربازەی بارزانیانە بوخزمەتی ئەوم ونیشتمان تبلیغ کرد وەوشعاری کاری تبلیغاتیمانە.


وەحزبمان هەرکاتێک دیوبەتی دەستی تاحەزانی ودژمنانی کورد وتەماح پەرستان پەی بان چەندها ورەی حزبی تیەی هەل خەلەتاند وەولاپەدا وەلەوریبازەی کەحزبمان گرتویەتەبەر. حزبمان تاسەرحەدی توانا تەتەلای اصلاح وگیرانەوەی ئەوها وریانەی داوەکاتی معلوم بووەکە بێسوود بەئەودەم بوسالم وساغمانی لەشورەو وریبازی حزبمان ئەم لادەرانەی لەخوی دورکردوتەوە. لەکوردستانی ئیرانیش وزور جار توشمان بەوجورە هەلویستانە بووە لەدیوی کوردستانی عیراقیشجەنابت ئەوەڵەشاهد بەلکو وەلەبابی دلسوز وخەم خوربەهەمووتوانا وەلەم نەخوشیوەدا رانەتان لەتیەد دوورکردوتەوە. لەولایشدیسان پێشانتەی وەفای تیەپەبەخاوین مانەوەی ریزی حزبمان لەگیرەشیوێن و دزو جاسووس ویاوی بیس.

جا بوبە تیەبەتاویکادروبەرێوەبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر داوای گشتی هەمووئەندامانوچەندکارانلەجبهەوبنکەکانولەسەرداوای مسئولان وکادرانی حزبی داوالەبەرێزتان ئەکەین بووحدەت وساغ مالی لەشی حزبمان لەوجوودی ئەفرەتە جیانە بەوانە کەبونان قاشکراولەروژ رووتاتەترە.

الف ــ لەوجەماعەتە هەنگیەکە کاتیان کەچەکی حزبی ولەشکری پەلی یان بەستێنەرێتەومچونکو بەئەد ١٠ برامانچەکن وەیانچەکی ئەماتەتی خەلکیان لایە.


ب ــ لەوانەی حیسابی بارەویولیانلەبی بەرلەسەری حیساب دانەوەبکرین (سعید ملا کریم خدرووستم. حسن رستگار. تادر شریف.)

ج ــ داوای گرتن وحەپس کردنی ئەم ٢ کەسانەدەکەین ــ سعید ملا کریم ــ بەتاوانی دزی



وشراکیین بازی ودەستی وەردان لە دیوی کوردستانی ئێران .
- قادر شریف - بەتاوانی رابەری فراکسیون ودەوری رەئیسی بوتحریک وترس لەدواروژی بنودیوی کوردستانی ئێران .
- سعید سقلی - بەتاوانی ئیهانەتی بەمقدساتی میللی نەتەوەی کورد وبیری پیسی .
(٢) لەوکاتەدا ئەوت و [illegible] وەزەتان لەگەڵ حکومەتی عبد السلام عارف دەستی پی کردوە چەند باوەری حزبمان دەخەینە بەرچاوی [illegible] :
x - سازان وتفاهم لەگەڵ عبد الناصر [illegible] بەزۆر بەشووم بۆ دواروژی کوردی دەزانین لەبەر ئەوەی کەگویا عبد الناصر دلسوزە بوکورد وەبیان [illegible] بەلکو رابەتی زاتیی میللەتی کورد دەزانین چونکە ولاتەکانمان کەوتوتە دەستی تورک وئێران ودەسەلاتی ئەوی هەرەبی کە تالاداری جمال عبد الناصرە خویکا تەجیرانی ئەم دوو حکومەتە (تورک وئێران) وابیردەکەینە وەبەلە بەتایبەتی بوونی ئەم ٣ دەسەلاتە (ئانقەرا - تاران - قاهرە) دەرەنگیان زور [illegible] لی دانی ئاخرەکەتەوا بەتیەلەگەل تاران وئانقەرا کەزورتر سەربەبیگانەن ود ژمنایەتی خوینی [illegible] بەتیەیان هەیەدەستی پی دەکات . چونکە [illegible] خلاف وگرێی مرا وەدەیان زورە .
x - هەستەبەبوونی سارد یەکی تەوا ولەنێوان جەنابت وبەریوەبەرانی پارتی دەکەین و بەداخەوە لەهێندی شوێن هێندی ئەندامی ئەوەدا ئەوەلەوکاتەدا دادوای ئیمەلە پابی دلسوزمانەوە پەیەی [illegible] وحکمەتان ریگای هێندی وسوودی ماپە بدوزنەوە بوچارەسەرکردنی ئەم تەنگوچەلەمەیە .
x - لەبەرووەی ئیمەدا وا مانە زیاترو زورترچاوی خوتان [illegible] کاری [illegible] ئیمە بەمەعنای حقیقی وراستە قینە جەنابت بەرابەرو سەروکی خوی دەزانێت کەوا بووحسەن وا بەزیاتروزورتر [illegible] خوتان بدەنە دارەوحالی ئیمە . (هەرچەند بەپی ی توانا وەختی جەنابت تاگرین چونکە دەزانین کەجەنابت دەبی بەزور شوین وزورکاری گسر [illegible]
x - لەبەریزتاندا وامانەکەبوخورەمەت وا [illegible] حزبمان بەپی ی ئیمکان ریگەبەبەیوەندی خەلکی دیوی ئێران بەسەرقوله وقاتید ەکاتیتا وجەیی کوردستانی عیراق نەدەن ویانما وەندری کەلە ود [illegible] هەرکەس [illegible] ئیمە پیشمەرگەد وای خوی بدات وبروات بود یسوی ئێران وەک عزیز سوری ویان بکر عبد الکریم لەبالەکایەتی ویان رحمانەروت وملا ابو بکرلسەلای مادەتە واتە زورزەرەروزیانی حزبی وکورد ایەتیان لەئیمەدا وەوئەوەی ئیمە ١٠ ساله دامانتاوەدەمین بەچەند روزدەی رووخینن .
(٣) لەوکاتەدا کەساڵ بەرەوتازە دەبوتەوە دەروات بەپیویستی دەزانین ئیمەپیروزبایی تان و وەفای خوامان تازەکەینەوە بەریگە وریبازی بارزانیانەی جەنابت بەتعلیمات وفەرمانەدەبی حکیمانەوکوردانەی جەنابت . بەیمان نەدەین کەحزبمان جەند اریکی بەپیروبا وەروتازا وفعلسو ری پشتی جەنابت بیتلەهەموکات ودەوروزەمانیکدا .
سەرکەوتنی دوایی بوشورشی پیروزی کورد .
شادبی گیانی پاکی شەهیدەکانی شورش .
سەربەرزی بوهیزی لەشکری شورشگیری کوردستان لەژیر رابەری راستەوخوی مصطفی بارزانی .
بژی کورد بژی کوردستان .
بژی حزبی دیموکراتی کوردستان .
کادر وبەریوەبەرانی [illegible]
حزبی دیموکراتی کورد [illegible]
١٨/[illegible]/٩٦٤

# پاشبەندی ٢٤



بۆ ئیدارەی بەڕێز مەلا مصطفى بارزانی

دوای سلام و احترام

ئەوا بوو بیست ڕۆژ ئەچی کە لە سەر ئەمری ئێوە لە قەلادزە
ماوینەوە بە تەمای چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکومەتین
بەلام داخمان ناچی کە نە رەئیس وزرا و نە وەزیر و نە متصرفیشمان
نەدی لەم ماوەیەدا، وە دیاریش نیە کە بەم زووانە بێنە بۆلامان.
لە ماوەیەکی کەشەوە وەکو بە سەرهاتی ئەم ماوەیە دەری خستووە
بوونی ئێمە لێرە تەنها هیچ کارێکی نەکردووە بەرامبەر باشکردنی
علاقەی ئێوە و پارتی. جگە لەمانەشی ماندوومان بەم پێشمەرگە
بێ ئیش و بێ کار و بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بووەتە هۆی
پڕوپاگاندە و قسەیەکی زۆر لە ناو خەلکدا کە هەر دوو ڕۆژ جارێکی لێ دەپرسن
بۆوە وا دیارە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە برادەرەکانمان
ئێمەی بە پەلە داوای گەڕانەوەمان بکەنەوە بۆ بەردەستکردنی ئەو
چەشنە پڕوپاگاندانە. ئێمەش لە بەر ئەمە لێی گەڕاین و ئەم
وەختی ئێوە و لە بەر ئەوەش وەختی خۆی تەنها بۆ چاوپێکەوتنی
کاربەدەستانی حکومەت داوای مانەوەتان لێکردبووین بۆیە
هیوامان هەیە لێمان ببوورن کە بەبێ چاوپێکەوتنەوەمان
ڕۆیشتینەوە

وە لە بەر ئەوەی کاک کوردی دوای لابردنی لە
فەرماندەی هێزی ئاوە هیچ ئیشێکی لەم ناوچەیە
نامێنی بۆیە ئەویش ئێستا لە گەڵ خۆمان بردەوە

ئیتر خوا لە گەڵتان

[illegible]

# پاشبەندی ٢٥

(کوردستان) [illegible] کومیتەی [illegible]

دەربارەی [illegible] حزب و [illegible] ئەحمەد تۆفیق

حیزبی دیموکراتی کوردستان [illegible] حیزبێکی میللی دیموکراتیە [illegible] لەسەر شانی زۆربەی خەلکی کوردستانە [illegible] و مێژووی [illegible] رزگاری و سەربەخۆیی [illegible] میللی و دیموکراتی کوردستانە کە [illegible] جیهانی [illegible] بەهەزاران [illegible] نیشتمانەکەیان :

[illegible] گوندەکانی کوردستان [illegible] بە پشتیوانی [illegible] ئیمپریالیزمی جیهانی [illegible] حیزب [illegible] حیزبی دیموکراتی کوردستان [illegible] کوردستاندا [illegible] ٣٥ – ٤٧ [illegible]

[illegible]

١– [illegible] زمانی [illegible] بزووتنەوەی رزگاری [illegible] حکومەتی تاران [illegible]

بە نیسبەتی گشتی ئێران

٢– [illegible] زاڵ بوونی [illegible] سەرتاسەری ئێراندا .

[illegible]

٣– مەسەلەی مێژوویی [illegible] کوردستان [illegible] رۆژهەلاتی [illegible] ئیمپریالیزم [illegible] بزووتنەوەی رزگاری خوازانەیان [illegible] جیهانی [illegible]

لەو سەر دەمەدا [illegible] (٣) مەسەلەی مێژوویی [illegible] :

– ماوێتی –

# پاشبەندی ٢٦

١٩٦٤-٥-٤

بۆ جەنابی کاک بارزانی مستەفای بەڕێز

دوای سلاو و ئیحترام

بە پێویستی سەرشانی خۆمانی ئەزانین کە ئەم داخوازیانەی خوارەوەتان بخەینە بەرچاو

بە نیازی ئەوەی کە لە چاکترین ڕێگەوە خزمەتی شۆڕش و گەلەکەمان بکەین!

١- مەکتەبی سیاسی شوێنی بۆ دابندرێتی لە بنکورد یان هەرکە یان قەلاتوکە

تا بکەوێتە سەر ڕێگەی خۆی لە پەناتانەوە.

٢- دەست بکرێ بە هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەکانی پارتیدا بۆ هەڵبژاردنی

نوێنەرانی کۆنگرەی و لێژنە ناوچەیی پێکهاتن.

٣- دەست بکرێ بە جێبەجێ کردنی ئەو نوسراوانەی جەنابتان لەگەڵ کاک فولاد

و برایانی تر باستان لێ کردووە و ڕازی بوون پێیان.

جا تکایە دەعوەتێکمان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی هەموومان چاومان پێتان بکەوێ

لە

ئیتر خوشتیا

علی عبدالله     مام جلال     سید عزیز     نوشیروان     نوری احمد طه

عمر عبدالله     جلال ...

# پاشبەندی ۲۷

## اعلامیه حزب دموکرات کردستان

### کنارگرفتن وسرگردانی چند تن از ناجوانمردان خود خواه بنام "کمیته ساخ گروه"

امسال در ۲۵ شهریورماه ۱۳۴۲ ملت کرد مخصوصاً مبارزین راه احیاء ناسیونالیست کرد واعضاء حزب دمکرات کردستان جشن تاریخی بزرگی را پشت سرگذاشتند ودر بعضی جاها این روز را جشن گرفتند. در چنین روزی حزب دمکرات کردستان وارد بیستمین سال عمر افتخارش گردید در این مدت منتهای کوشش خود را در راه مبارزه وفداکاری برای آزادی ملت کرد ونجات وطن عزیز کردستان بکار برده است.

حزب دمکرات کردستان با کمال افتخار در این مدت ۱۹ سال گذشته مداوم وبدون هیچگونه وقفه ای در کار اتحاد واتفاق مردم کردستان برای جنگ ومقاومت در برابر دشمنان کوشش زیادی بعمل آورده وبرای ازبین بردن موانعی که در راه ناسیونالیست کرد موجود بوده بمبارزه پرداخته است. ازکلیه فرصت وامکانات برای آراستن صف مبارزه ملت کرد استفاده نمود وبه بهترین وجه سطح معلومات سیاسی عموم را بالا برده است وخاطرات مبارزات ملت را پیوسته در دل مردم زنده ومحفوظ نگهداشته است. در نتیجه شجاعت وتهورکارهای حزبی است که پیوند ناگسستنی با توده ملت پیدا کرده است بویژه در چند سال اخیر کوشش خود را با قیام وشورش ملت کرد توام ساخت وبان ملحق گردید وباکمال افتخار در دل مردم جائی گرفت" این بار قسمت اعظم از کارهای سیاسی خارجی و پروپاگاند در میان مدیران روزنامه های جهان وانتشار اعلامیه ها را به بهترین وجهی انجام داد شهامت وتهور مرد نیرومند ما آقای عصمت شریف سکرتر (کمیته دفاع از حقوق ملت کرد) وسکرتر (حزب دمکرات کردستان) در بیروت در سال ۱۳۴۱ (۱۹۶۲) در خور تحسین است.

در نتیجه ازخودگذشتگی وفداکاری نماینده خوب ما آقای احمد توفیق (ع-۱) بود که برای اولین مرتبه برای خبرنگاران وروزنامه نگاران جهان راه بازشد ودر نتیجه همین ازخودگذشتگی های آقای احمد توفیق است که حزب دمکرات کردستان ایران دارای مقام ومنزلتی شده است. کوشش وتقلای اعضاء ومبارزین حزب دمکرات کردستان در این مدت ۱۹ سال با حمله وهجوم مداوم دشمن روبرو بوده وده ها بار برای دستگیری گروه غیور ومتحد حزب ما حمله آورده اند چه بسا جملات با دستگیری وآزار وشکنجه افراد ما تمام شده است.

در سال ۱۳۲۶ چهل ونه تن ازاعضاء ورزیده وهدایت کننده حزب ما را اعدام کردند" اما دشمن باین ترتیب هم ازجنگ با ملت ما دست نکشید این بار مبادرت بحزب سازی ودسته بندی نمود وهرروز بعناوین مختلف به تشکل ویگانگی حزب ما ضربه‌ای وارد ساخت.

برسنگ مزارگورستان دشمن آن قسمتی که در جنگ با حزب دمکرات کردستان تلف شده اند چنین خوانده میشود .

حزب پان ایرانیست . حزب سادات . سعادت ملی . کمیته تنورش . دسته بندی رحمن قاسملو (عباس انوری) خیانت وخود فروشی اسمعیل قاسملو . دسته بندی آن شکست خورده دنبالـــه‌رو یعنی هاشم حسین زاده (قادر حسن) آن آدم ناکام به ورات رسیده که دهنش هنوز بوی شیـــر میدهد یعنی صلاح الدین ایلخانی زاده مهتدی (مصطفی) (م.ب.س) و ملا ابوبکرشل فلسفی سنگ مزارتازه ومشخص ورنگ آمیز شده جدیدی بنام (کمیته ساخ که روه) که آخرین سرکش وخیانت کارآن هاشم اقل طلاب (قادر شریف) است نوشته سنگ مزاراین سه گوراخیرورنگ آمیزی آن کــار استاد ابراهیم احمد رانده شده است که خود دست پرورده (سنتو) وساواك است .

اینك قسمتی ازمتن اعلامیه رهبر پارت دمکرات کردستان وفرمانده لشگر شورش کردستان وکنگره ششم پارت دمکرات کردستان درتاریخ ۱۹٦٤/۷/۷ رابا طلاع میرسانیم: (( برای کنگره ششـــم پارت دموکرات کردستان واضح وآشکارشده است که (م.س) اخراج شده با عده زیادی ازکمیتـــه مرکزی که با اجنبی پیوستگی داشته ودارند هرماه مبلغ پنجاه هزاردینار (ده ملیون ریال) برای دشمنی با ملت کرد ازبیگانه دریافت میدارند )) این قسمتی از اعلامیه کنگره ششم پـــارت دموکرات کردستان ورهبر مبارزات ملت کرد است .

بلی بیگانه برای دنباله روی صف متشکل حزب ما این پولها وپاداش ها را به ابراهیم احمد زاسه مشده میداد نامبرده نیز این مبالغ را باسم "کمك" !! تحویل صلاح الدین وملا ابوبکرشل و قادر شریـــف وعده دیگری از فریب خوردگان وکناررفتگان میداد .

درمرحله نهائی جهته مصرف تحویل اعضاء پاکدامن !! کمیته ساخ که روه گردید اما آنها نتوانستند با این پول درشهر بزندگی زرق وبرق بخوشی بگذرانند بلکه این پول بمصرف خرید کفش های محکـم وپاگیری شده تا بوسیله آن توانستند از خشم وغضب ملت ولشگرانقلابی کردستان فرارکنند وجان سالم بدربرند آیا بکجا میروند مگر در کردستان سوراخی جهته پناه آنان وجود دارد " آنها ازطـــرف مردم خلع سلاح شدند " سرافکنده وشرمنده ول وسرگردانند . اینقدر بهرطرف بروند تا بالاخـره روزی گرفتار ملت واعضاء مبارزین این ملت میشوند .

کمیته ساخ که روه درسفرفراری خود بسوی مزار مرگ برگ سیاهی اززندگی خود باقی گذاشت" بویژه استاد دانا " دورانديش" وبرازنده " یعنی قادر شریف وشش تن ازهمکاران نظیر خودش که چند تن ازآنها گول خورده بودند بعد بانوشتن تنفرولعنت نامه ازاین کمیته وروسیاهی قادرکوره وسعید کـوره

ملاشله بسوی دادگاه دادگستروعدالت پرور هدایتکننده مبارزه ملت ما یعنی حزب دمکرات کردستان بازگشتند واینك قسمتی از عین نوشته یکی ازاعضاء کمیته ساخ که روه درزیر باطـــلاع هم میهنان عزیز مخصوصاً اعضاء حزب دمکرات کردستان میرسد .

اوچنین نوشته است. ((... ازمن سئوال فرمود ماید تاعقیده خود رادرباره عضویت اینجانب درکمیته ساخ که روه ود رابعرض برسانم ذیلاً بسئوال شما پاسخ داده میشود .

۱ـ بلی من درکمیته ساخ که ره وه عضویت داشتم... امااین کمیته گرفتارمرض اختلاف عقید ماست زیرا صداقت وپاکی کمتردرآن دیده شد بنابراین پس ازمدتی منحل گردید ( انالله وناالیه راجعون )

۲ـ امادرمورد اعلامیه ایکه ازطرف کمیته ساخ که روه وه نوشته شد ماست باید بگویم که مطالب آن رااز حق وحقیقت بد ورمیدانم وبهمین علت ازپخش آن خود داری کردم وآنرا سوزاندم زیرا اینگزارشها راشخصی نوشته بود (منظورش قادرشریف است) کماورایك آدم راستگو وپاك تشخیص نداد م وبجنابعالی وکلیه رفقای حزبی اطلاع میدهم که این اعلامیه راباید بحساب کینه وغرض نویسنده آن محسوب دارید .

(منظوری قادرشریف است) نهك اعلامیه حزبی ود لسوزانه مخصوصاً درمورد آقای احمد توفیق امضاء نویسنده ...)) ازبخت بد نویسنده اعلامیه عین نوشته اینبرادرنادم وپشیمان اکنون درحـــزب موجود است .

حزب اصولاً ضروری نمیداند تادرباره برگ سیاه آن روسیاهان یعنی قادرشریف وملاابوبکر شلــه چیزی بگوید زیرابی غرضگی دروغ وریا ازقیافه آنان بخوبی پیداست وبامختصر وقتی معلوم خواهــد شد که تمام گفتههای آنان ضد ونقیض است وباین ترتیب خود جواب دروغ خود شان راداد ماند جملــه بصف متحد حزب دمکرات کردستان دراین برگ سیاهد یده میشود مخصوصاً حمله ناجوانمردانه ایکــه به سکرترحزب دمکرات کردستان رفیق غیور وبی باك آقای احمد توفیق (عبد اله اسحاقی) شد ماست .

ملت کرد نه تنهادرکردستان شرقی بلکه درقسمت های دیگر کردستان باین مرد مبارز ودلیرکه باندازه طول عمر حزب فداکاری وازخود وگــذشتگی وپاکی وصداقت نشان داده وهمیشه درصف اول مبارزه با سایرمردان دلیرومبارز حزب گام برداشته افتخارمیکند وبموجب مباهات حزب ماست . نام اینرفیــق دلیر درردیف رهبران مبارز حزب قراردارد که عده ازآنها هنوز درزندان بسرمیبرند وبرگ زرینی ازتاریخ مبارزه حزب وملت کرد را آراسته اند .

آقای عصمت شریف وانلی که مایه افتخار ملت کرد است درنامه ایکه بعنوان رهبرمبارزه تمام کردها ارسال داشته چنین نوشته است((... دراجرای اوامرانجناب آقای احمد توفیق به بیروت آمدند ماهرد و پس ازرسیدن به بیروت درتاریخ ۱٤ خریران ( تیرماه ) ۱۹٦۲ گفتگو وکارهای مهمی انجام دادیم.

حقیقتاً آقای احمد توفیق درکمک کردن بمسئولین پارت سوریه وآزادی ملت کرد درسوریه ولبنان فعالیت موثر وجالبی رابعمل آورد . آقای احمد توفیق درسوریه کارهای خیلی مشهورانجام داد که یکی ازآنها چاپ کردن ندای انجناب است بسازمان بین‌المللی وهمچنین چاپ منشوراست گوناگون مثل (بازهمبارزانی وچاپ کردن مجدد شماره آخرروزنامه خبات"مبارز" ) وپخش آنها درمیان خبرنگاران وهمچنین تماس مدبرانه وبنفع شورش باخبرنگاران خارجی برای ندای انجلاب جهته سازمان بین الطلی ایشان بزبان عربی ندائی بچاپ‌رسانیده اند که حقیقتاً بسیارشیواو جالب بود که البته خود آقای احمد توفیق دربیروت بین‌مدیران جراید پخش کرد ویکی ازاین نسخه‌ها رابرای مابارپافرستاد وماهم درآنجا باتفاق آقای وریاروانددزی بزبان‌فرانسه وآلمانی ترجمه وپخش کردیم وباید عرض کنم کااین نداتاثیرخیلی خوبی داشت وظاهر بسیارآراسته ای درنظرجهانیان درخارج بوجودآورده است تاثیرات مثبت این‌نداتاآنجابود که عده‌ای زیادی ازایستگاههای رادیوئی جهان آنراپخش کرده اند ودرکلیه نقاط عالم ازآن مطلع گردیدند . )

آقای احمد بردام چون یك سربازنترس وبیباك دراین راه ازجوانی وزندگی خوش‌خود چشم پوشیده وبدون کوچکترین انحرافی بکارپرداخته است نامبرده ازاعضاء بسیارفعال وشجاع بوده که همیشه دوش بدوش‌رفیق احمد توفیق که حقیقتاً دراین‌راه رنج برده اند ووظیفه ناسیونالیستی رادر — چهارچوبه حزب دمکراتکردستان‌بانامبرده بجاآورده که همه اینها مایه مباهات ملت کرداست.

هربرادرکردی که بایك نظر دلسوزانه وملی بزندگی گذشته گردانندگان فعال وجانباز وشرافتمند حزب دمکرات کردستان بنگرد " برایش‌معلوم خواهد شد کااین افراد شرافتمند کسانی هستند که درضامن حزب دمکرات کردستان پرورده شده اند درکلیه‌اوقات ودرتمام جاهاباکمال افتخار وسربلندی باستقبال‌مرگ ونابودی خود رفته اند تااحساس‌ناسیونالیستی وآزادی خواهی رادربین ملت کرد زنده نگهدارد " قادرکوره وملاشلعدرد امن کثیف برگ سیاده خود به مردغیور ومبارزماآقای فائق امین (سلیمان معینی ) که درسرتاسرزندگی خود بادلسوزی کامل وپاکی وصداقت درحزب دمکرات کردستان جانبازی کرده است جمله کرده اند رفقای حزبی نامبرده رابخوبی میشناسند او یکی ازاعضاء فعال حزب ماست .

بنابراین ملت عزیزکرد مخصوصاً اعضاءمتحد حزب دمکرات کردستان لطفاً باطلاعیه زیرتوجه نمائید . اعضای کمیته ساخ که ره وه عبارتند از ١— قادرشریف —(هاشم اقل طلاب) ٢— ملاابوبکرفلسفی گرماوی (ملاشله) ٣— سعید ملاکریم (سعید کوره) ٤—سید حسین مدنی ٥— عبداله صدیق ٦ — ملااحمد شلماشی ( ملاآوره) کهبشمامعرفی میشوند .

۲ــ در تاریخ یک فروردین ماه ۱۳٤۳ بنا بتصمیم کمیته مرکزی حزب و رضایت رهبر مبارزه تمام کردها طی اعلامیه رسمی "قادر شریف وسعید کوره باز حزب اخراج شدند وجریان باطلاع همه رسیده است .

۳ــ ملا ابوبکر شله" چون عضو حزب مانبود تنها باد ادن عنوان خائن وخود فروشی ودنباله رو باو ــ اکتفا گردید .

٤ــ در پلونوی کمیته مرکزی با شرکت عده زیادی از اعضا" وگردانندگان حزب تصمیم براین گرفته شد که سید حسین مدنی وعبداله صدیق باتهام دسته بندی ودنباله روی وآلت دست بودن عده ای نابابا زصف خوب اخراج شوند .

۵ــ بدینوسیله باطلاع ملا احمد شلماشی میرسانیم ازتاریخ نشراین اعلامیه الی سه ماه دیگرچنانچه ازکرده خود کتبا" اظهار پشیمانی کند وبه بارگاه حزب دموکرات کردستان پناه بیاورد مجازات ــ اوتنها اخراج ازحزب است وبدین ترتیب بهمه معرفی میکنم "البته چنانچه مایل بهبازگشت باشد حزب مجازات کمتری برای او درنظر میگیرد .

٦ــ بقیه اعضا" کمیته (نام ساخ که روه که برگشته اند مقداری نامه نوشته اند اگرقادرند دررسیدن بهدف ناسیونالیستی کرد بااعضا" متحده حزب قدم بردارند ودراین راه وفادارباشند میتوانند دوباره به بارگاه بخشنده حزب برگردند .

بدینوسیله باطلاع میرساند که قادرشریف (هاشم اقل طلاب ) وسعید ملاکریم که هردوکرد نـــد ازخداوند عاصی وآن باباانسیم حیله گر یعنی ملا ابوبکر شله فراری مقدارزیادی پول واسلحه حزب رابسرقت برده اند بنابراین نامبردگان رابعموم هموطنان مخصوصا" اعضا" حزب معرفی وخواستاریم این سه نفر مقصر را هرکجا پیدا کردند بلافاصله دستگیر وبدرگاه عدالت پروری حزب دمکرات ــ کردستان تحویل بدهنـد .

مثلی است معروف (( هرشخص مرده اگرنامبرده وخبیث هم بوده باشد نباید لعنت فرستاد زیرا بر شخص مرده رحمت بهتراست ) اینجا نیزگرچه کمیته ساخ که روه درحقیقت مرده ولی درنتیجه اصرار زیادی عده ای ازاعضا" کمیته مرکزی که درتاریخ ۲٤ / ۵ / ۱۳٤۳ تشکیل گردید لازم دانستند تابدین وسیله آخرین تقلدی یکعده منحرف ازحزب ماکه ازواقعیت بدورهستند بمردم معرفی کنیم وبدانند که دنباله روی درحزب ماکه (ساواك ) بوسیله ابراهیم احمد فراری بوجود آورده طبعا ازآن آگـــاه سازیم شاید زندگی ننگین ونفرت انگیز این دنباله روها وسایردسته های مدفون شده قبلی بتوانـــد

درس خوبی بمخالفین ودشمنان بدهد که درتاریکی تیغ زنگ زده وپوشیده خود رابرای
مبارزه باحزب ماتیزمیکنند . x

بگذارهمیشه درحال عزاباشند آنهائیکه     باین قسمت خوانانشود
ذراهتراز باد پرچم مبارزه وکوشش صف متحد حزب دمکرات کردستان
شرف وافتخار ودلسوزی برای اعضاء وفاداری ودلسوز حزب دمکراتکردستان .

[redacted]

بمیرند وروسیاه گردند دشمنان ملتکرد ومخالفین صف متحد حزب دمکرات کردستان
موفق باد مبارزه انقلابی کرد .زنده باد کرد . زنده باد کردستان


حـــــزب دمکراتکردستان

# پاشبەندی ٢٨


## نامەی سولەیمانی موعینی بۆ کەریمی حیسامی :

[illegible]





# پاشبەندی ٢٩


یەکیەتی خەبات سەربەخۆیی دیموکراتی

کوردستان ئازاد و پێشکەوتوو و بەسەر هەموو بەرهەڵستێک دا زاڵ ئەبێت !!

گۆڤاری

ڕۆژ

"بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی" نێوان حزبەکانی شۆڕشی ونیشتمانی بەرامبەر بەئیمپریالیزم و دواکەوتووی ئاڵای خەباتمانە بۆئازادی ئێران وپێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی و دیموکرات و دیاری کردنی لانی کەمی مافی نەتەوایەتی و پەرەی ئاشتی وئاسایش لە جیهان.

برایەتی میللی و دیموکراتی ژیانی هەموو نەتەوەکانی ئێران ئامانجمانە. دۆستایەتی نێوان نەتەوە ئازادیخوازەکان پشتیوانی بۆ زەفەری ئێمە لەسەر ئیمپریالیستی لەسەرانسەری جیهانە.


| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕێبەندانی ١٣٤٥ هەتاوی | ساڵی یەکەم | ئۆرگانی لقی ٣ی | لە شاردانەی ٢ تمەن |
| واتە ١٩٦٧ میلادی | ژمارە ٣ | حزبی دیموکراتی کوردستان | لە لادی دانەی ١ تمەن |


# پاشبەندی ٣٠






# پاشبەندی ٣١





# پاشبەندی ٣٢



١٩٦٨/١١/٨

بۆ سەرۆک بارزانی زۆر محترم

بەحورمەتەوە،

لەسەر نامەمان بە بەرواری ١٢/٧/١٩٦٨ بۆ جەنابتان و وەعدو وەعیدێکی ساعد کە بەنیوی سەرۆکایەتی شۆرش لەولامدا بۆ بوو تا ئەوەمان وەرمان گرتەوە - ئەگەرچی تائێستە، هیچ بەندێک لە داواکانمان نەهاتوتەری - بۆ وەرگرتنەوەی اسناد و مدارکی حیزبی مان مراجعەی حسومیرخان فەرماندەی هێزی کاوەمان کرد کە دووساڵە ناوبراو دەستی بەسەردا گرتوە و بێ هیچ حەق و صلاحیەتێک لەلای خۆی راگیری کردووە.

پاش ماوەیەک خۆ بواردن لە تەسلیم کردنەوەیان بە نووسراو ئاگاداری کردینە کە گوایە دەیسوتێنن!

ئێمە لەگەڵ ئەوە و ئەترسین کە اسناد و اوراقی حیزبی مان معاملەی پێ کرابێ بە سەر سەرۆر مانەوە دەروانینە ئەو کردەوانە کە بە ناوی دەسەلاتی شۆرش لەگەڵمان کراوە و دەکرێ و لیمان رون نیە هەوەسبەی هاندەر بوئەم چەشنە معامەلانە لە چ پێناوێکی دایە.

ئێمە هەرچی کردمان نیومانکرد بۆ تاوانی دعوای کەوون کردنی اسناد و اوراق و مدارکی بیست و چەند ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بیست بونە دەزراوە و نازانین لەگەڵ کام اصل و مباد و قانونێکی کوردەیەتی دەگونجێ؟،

بۆ ئاگاداری بەپێویستمان زانی بەو هۆیەوە جەنابتانی ئاگەدار بکەینەوە.

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

کومیتەی ناوەندی
حزبی دیموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party - Iran
Central Committee

وێنە بۆ: مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

# پاشبەندی ٣٣

**" دەقی وەرگێڕاوەی بەیاننامەی دوو قۆڵی نێوان " نوێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئیران :**

" لە سەرەتای مانگی فیوریەی ١٨٦٨ کۆبوونەوەی راوێژی دەستەی نوینەرا ـ یەتی بیروّی سیاسی حیزبی تودەی ئیران و کومیتەی شورشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك هات ٠ چەند رۆژ درێژەی هەبوو ٠ پاش گۆڕینەوەی بیّرو راو وتووێژی بەردەوام لەبارەی گشت مەسەلەکانی بەرچاو ، کۆبوونەوە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە :

١ـ لەبارەی رێبازی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان٠

نوینەرانی کومیتەی شورشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە درێژی ریبازی سیاسی ئەو حیزبەو جولانەوەی چەکداری کە دەست پیکراوە ، روونیان کردەوە٠ پاش دەربرینی بیرو رای بەشداربوەکانی کۆبوونەوە ، دەرکەوت کە لە حەتی بنچینەیی ریبازی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئیراندا هیچ ناتەباییەك نیە ٠ ئەم حەتانە بەم جۆرەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە :

ئەلف ـ ح ٠ ت ٠ ا و ح ٠ د ك بزوتنەوەی خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران بە بەشیك لە بزوتنەوەی گشتی گەلانی ئیران دەزانن ٠ ح٠ د ٠ ك خەباتی تیکرایی گەلانی ئیران دژی ئیمپریالیست و ریژیمی دژی دیموکراتی و دژیگەلی شا بە ئامانجی بنەرەتی خۆی دەزانی ٠

ب ـ ح ٠ ت ٠ ا و ح ٠ د٠ ك بزوتنەوەی میللی گەلی کورد بە بەشیکی جیا نەبۆوەی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلانی ئیران دەزانن ٠ رماندنی ریژیمی کۆنە ـ پەرستی شاو دابین کردنی دیموکراسی و ئازادیە دیموکراتیەکان و مافی

ئینسانی بۆ هەموو حەلکی ئیران ئامانجی هاوبەشی هەر تك حیزبە٠
ج ـ هەر تك حیزب لە سەر ئەو باوەرەن کە گەلی کورد مافی خۆیەتی وەك هەموو گەلانی ئیران چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکا ٠ دروشمی میللی ح٠د٠ك بریتییە لە : دابین کردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران ، لە سنوری چوارچێوەی ولاتی ئیراندا ٠ ئەو ئامانجە بە شکلی ئیتحادی داخوازانەی گەلانی ئیران لە پێك هێنانی یەك دەولەت دا ( اتحاد فدراتیو ) خۆ دەنوێنێ٠
د ـ هەر تك حیزب لە سەر ئەو باوەرەن کە لە کوردستانی ئیراندا وەرزیران هیزی گرینگی شورشن ٠ هیچ جولانەوەیەك لە کوردستان بە بێ بەرزکردنەوەی دروشمی روون و ئاشکرا بە قازانجی وەرزیران ناتوانی سەربکەوی ٠ تەنیا بە راکیشانی وەرزیران و زەحمەتکیشانی دیکەی کوردستان بۆ لای شورش ، دەکرێ قولتری بکەی و جولانەوەی میللی بکەی بە بزوتنەوەیەکی بەرینی دیموکراتی کۆمەلایەتی٠
بۆ ئەو ئامانجە پێویستە دروشمی روون بۆ وەرزیران بە گوێرەی بارو دۆخی هەر ناوچەیەك ، لە دابەشکردنی زەوییەوە بگرە تا نەدانی قیستی زەوی و ئیجارە بەرز بکریتەوە ٠
۲ـ لە بارەی راپەرینی چەکدارانە :
هەر تك حیزب لەسەر ئەو باوەرەن کە بزوتنەوەی چەکداری ئێستا کە لە کوردستانی ئیران ساز بوە ، ئەنجامی فشاری کۆنە پەرستی ئیرانە بۆ سەر گەلی کورد و سەرکوت کردنی هەموو چەشنە خۆ نواندنیکە بۆ بەرگری لە مافی میللی و دیموکراتی گەلانی ئیران ٠ هەر تك حیزب ئەم راپەرینە چەکداری بە بە هەنگاویکی بەسەر دابراوی دەزانن و بە کاریکی لەباری دادەنین و دەستخۆشانە لەو هاورێیانە دەکەن کە توانیویانە هەلوێست و بزوتنەوەی چەکدارانە بپاریزن٠
بە لەبەر چاو گرتنی هەلو مەرجی ئێستا ، ئامانج بریتییە لە : پاراستنی ئەو جولانەوە چەکدارییە، بە هێز کردنی سیاسی و ریکخراوەیی ئەو٠پەروەردەکردنی کادرەکان و ئامادەکردنی زەمینەی فکری لە نێو خەلکی کوردستانی ئیران و سەرانسەری ئیراندا بۆ پەرە پێ دانی ئەو بۆ ناوچەکانی تری کوردستانی ئیران و

ئیران بە چەشنی گشتی . سەرە رای بارو دۆخی بابەتی و شۆرشگیری بۆ ئەو کارە پێویستە ریکخراوەکانی حیزبی لە کوردستان زیندو بکرێنەوەو بە هیز بکرین . لە شارەکانیش بنکەو ریکخراوی حیزبی پێك بێنن ، ئەو دەم دەکرێ وردە وردە و بە بێ شێواوی خەباتی چەکدارانە پەرە پێ بدرێ.

٣- لە بارەی شکلی ریك خستنی تیکۆشان لە کوردستان :

ئەلف - هەر تك لا رێك کەوتن کە لە کوردستان بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان خەبات بکرێ و ریکخراوەکانی ئەو حیزبە زیندو بکرینەوە .

ب - هەر تك حیزب لە سەر ئەو باوەرەن کە لە چوارچێوەی ولاتی ئیراندا هەموو ریکخراوە مارکسیستی یەکان لە حیزبی چینی کریکاری ئیران حیزبی تودەدا کۆ ببنەوە . حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە باری ریکخراوەیی و سیاسی وفکری دەبی بۆ ئەم یەکیتی یە خۆی ئامادە بکات . بە لەبەر چاو گرتنی هەل و مەرجی ئێستا لە کوردستان پێویستە لە پلەی یەکەم دا ریبەرایەتی مارکسیستی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دابین بکرێ. پاشان وردە وردە بکری بە حیزبیکی مارکسیستی بە بەرنامەیەکی مارکسیستی یەوە .

ج - دەستەی نوینەرایەتی ح . د . ك رای گەیاند کە مەسەلەی یەکیتی ریکخستنی حیزبی سەرانسەری ئیران لە هەوەلین کونفرانس و یا کۆنگرەی خۆیدا دێنیتە گۆری و تی دەکۆشی کە هاودەنگی کۆنفرانس یان کۆنگرە بۆ ئەنجامی ئەم یەکیتی یە وەدەست بینێ.

د - بریار درا رۆژنامەی کوردستان جاری هەر بە شیوەی پیشو لە ئوروپا بلاو بکرێتەوە.

ح - تا ئەو کاتەی کە یەکیتی ریکخراوەیی پیك نەهاتوە ، هەر تك لا رێك کەوتن لە بارەی هەموو هەنگاوە سیاسی یە گرینگەکان کە پێوەندیان بە بزوتنەوەی خەلکی کوردەوە هەبێ و هەر پێوەندی یەکی لەو بارەوە لەگەڵ هیزو ریکخراوە سیاسی‌یەکانی دەرەوە و ژورەوە دەگیێری پێکەوە راوێژ بکەن و بۆ هەنگاو نان و پێوەندی گرتنی ئاوا رێك بکەون .

و - هەر تك لا ریك کەوتن هەل و مەرجیك پێك بێنن کە پێوەندی بەردەوام و رێك و

پیك لە بەینیان دا بەرقەرار بێ ٠

٤ـ لە بارەی داخوازییەکانی ح ٠ د٠ ك :

١ـ دەستەی نوینەرایەتی ح ٠ د٠ ك داوا لە حیزبی تودە دەکا کە :

ئەلف ـ بۆ پەروەردەی کادر لە کوردستان یارمەتی پێویست بکا ٠ بۆ پـــەروەردەی کادرەکانی حیزبی و فێرکردنی رێ و شوێنی کاری ریلك خستن و پەروەردەی سیاسی کلاسی ماوە کورت ( یەك مانگەو دوو مانگە ) لە کوردستانی ئیران و یان عیراق ساز بکرێ٠

ب ـ هیندی لە هاورییانی کورد بەروەردەی نیزامی و فەننی بۆ ماوەی سێ تـــا چوارمانگ بۆ دەرەوە بنێردرین ٠

ج ـ داوا لە دوکتورەکانی ئەندامی حیزبی تودە بکرێ بە تایبەت لە جەرراحان کە بۆ یارمەتی دانی بزوتنەوەی چەکداری گەلی کورد بچنەوە کوردستان ٠

د ـ هەموو سالێ هیندی حویندکاری کورد ( نیزیکەی پینج کەس) بۆ حویـنـــــدن بنیردرینە ولاتانی سۆسیالیستی٠

اا ـ کتیب و بلاوکراوەی مارکسیستی بە زمانی فارسی و کوردی ئامادە بکرێن و بۆ کوردستان بنیردرینەوە ٠

ااا ـ دەزگایەکی ماشینی نووسین و پولیکوپی بۆ ح ٠ د ٠ ك ئامادە بکـــری٠

١٧ ـ بۆ ئامادە کردنی ئەو شتانەی کە بۆ هەل و مەرجی ئێستا پێویستن ، بـــۆ پاراستنی بزوتنەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئیران بۆ چەك و تەقەمەنی هەنگاو بەهاوێژدری ٠


٧ ـ رادیۆ پەیکی ئیران بە تایبەت سرنج بداتە جولانەوەی چەکداری گەلی کـــورد بە تایبەت لە بەرنامەی کوردی دا ئامانج و درۆشمەکانی ئەو جولانەوەیە بـــلاو بکاتەوەو گەلانی ئیران وریا بکاتەوەو تەبلیغاتی کۆنەپەرستی ئیران و ئیمپریا- لیزم پوچ کاتەوە٠

٧١ ـ یارمەتییەکی مالی بۆ ح ٠ د ٠ ك ٠ ١ بکرێ و بۆ داهاتوش یارمەتـــــی بەردەوام و رێك و پێك لە بەرچاو بگیرێ ٠ ویستی ح ٠ د ٠ ك ئەوەیە پێویستـــە ئەو پەری یارمەتی بکرێ بۆ ئەوەی لە پلەی یەکەمدا وەزعی کادرەکـــــان و

**خاو خیزانی گیراوەکان و پێشمەرگە ریک و پیک بکرێ. لەگەڵ پەرەگرتنی جولانەوە یارمەتی مادیش پەرەی پێ بدرێ.**

www.kerimhisami.com

# پاشبەندی ٣٤



٢١/١/١٩٦٨

سەرۆک بارزانی زۆر محترم

بە حورمەتەوە.

[illegible]



ـەبینی کە چیاڵە مەلاوەستەفای بەسوودی کە لە ژێر داردا بیستی شکاوە و مردووە چارەنووسیان بووئیمە، ریزان و سلام
ـمنیە.
ـهێرشی هاوبەشی ڕاماندنی دوایی حکومەتی ئێران کە پشتوونە پارەوپێك کە بەبێ ترس و خوف بە بێ هیچ داوپەسیون و
ـمەحکەمەیەك کورد دەکوژن وەکو بەرخ سەر دەبڕی، نموونەی ئاشکرای ئەو حاڵە جەنایەتی خوردەی گەورەکەی کە

بە ڕۆژی ڕووناك لە بەرچاوی سەتان کوردی مەهاباد کە بە زۆری لێ دەیان وگریا بوونە وی عیبرەت گرتنی بوو بەیەك
ڕەمی ڕاکێش کراون لە مەیدانی بازاڕی مەهابادی جیوان بە گوللە باران کرا.
شاڵاوی دوایی حکومەتی ئێران ترس و ئیرهابێکی ئەوتۆی خستووەتە کوردستانەوە هیچ کوردێکی ئاسوودە و هودیدی
ژیانە ئاسەوارەکانی پیشووی لێ نەماوە.
ئێمە کە بە ئەو چەتری بەرێژەوە دەکەت لە سەروەی ستی لێ دە سەرلاقی دەروانینە حاڵی پەرشێو و بەدبەختی ئازادانە وردی
گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران ئەو دیبلۆماتە دەرەندانەیە تەنیا هەر بە سیاسەتی کوشتنی ... وە زکر کردن هەم
ئەتە وایەتی و تواندنەوەی گەلی کورد بە مەبەستی بەرگری هەمیشەیی لە جوولانەوەی رزگاریخوازی میللی گەلی
دوا ڕۆژی کورد لە کوردستانی ئێران نازانین بە چ کوبەشێتیکی مەدەبی و تاکتیکی بەنفوری، دنا میری لە ئێراق
ئەو هەرادی ڕەبەستە وخۆ لە شۆڕشی پیرۆز و ماف خوازانەی گەلەکەمان وەسەرکردواین، دڵسۆزە کەبەیەقی کە هەرلە
... جیهوری بۆ خۆش کراوە و دەزگای دعایە و تەبلیغاتی حکومەتی ئێران بە هەرچی توانایەتی زۆرناوی بۆ
لێ دەدا.
ئەم وەك ... شیاوی ... شارەدراوە ... وەریەت ... لە هێزەبە وەتەرا ... ستاری
وەدەهێرلێ بوو دەکوشی کە گوایا: شۆڕشی هەوت ساڵەی گەلە قارەمانەکەمان لە کوردستانی عیراق ئەمکو ستیلەی
... دەزگای ... تاران و کۆمەڵی ... بوو هەر ... سەربازی ... ڕزگاریخوازی گەلی کورد
ئێران هەرکات وزەمان کە حکومەتی ئێران بە پێویست و لازمی بزانێ، ... ئاشکرایە بە وەسایەتە ...
دەیانەوێ دڵ ... لیبیاولیب لە هەست و باوەڕی بەتین و پڕ هێزی کورد لە کوردستانی ئێران بە ...
بە شۆڕشە پیرۆزەکەمان ساردکرنەوە و لە لای ترەوە، شۆڕشمان کە هەڵقوڵاو و گەشەی دەرونی گەلەکە بوو ...
و شۆڕشێکی حەق خوازانە و نەتەوایەتییە بە شتێکی سازکراو و بووریزە ... ... تایبەتی ...
نموونەی ئاشکرای ئەو دعایانەی کاربەدەستانی ئێران فەرمایشتی!! سەرتیپ حەیادیان رەئیسی سازمانی
امنیت رونانە یە کە بە سەرەتای هێرشەکەی دوایان جی بە پەردە بلاوی کردوەتەوە و ئەوە فەرمووی!! «ما آلان هیچ»
ـمانع اکنون دراختیار ماست انشاالله روزی میرسد که به بستانداری کرکوک منصوب شی کنیم»
ـیەلاماری دەسەندانەی دوایی کاربەدەستانی ئێران بۆ سەرلەبەری کوردە وارێ لە کاتێکدا دەستی ... کرد کە بە ...

لە باخەڵ و گیرفانیان دا هەبوو و دعایەتەوە هەراویانە بڵاویان کردبوو، وە بیانابرە هیرشە کردنی - بە بۆی خۆیانەوە - ڕێک و پێک کردبوو.

ئێمە لە گەڵ باوەڕی تەواو و قەناعەتمان بە شۆڕش و پارێزگاری لە مەصالحی ئەساسیە و باوەڕ بە ڕەوینە وەی بەڕێز حیساب و شارەزایی بڕەبەند [illegible] تایبەتی و خاصی هاتووە.

یەکەم - لیبیانی کورد لە کوردستانی ئێران و کۆتایی پێهێنانیان بەهەرچۆنێ بووبێتەوە و سەرزەنیشت بو ئەو حیسابە [illegible] کەم بوماوەیەکی درێژ و طولانی.

دووهەم - لیبیانی ضمنی شۆڕش بە شێوەی فعلی بارزانە کە پێشە وکردەوەی خاص دانەنیری دەزگای حاکمی ئێران.

حالی حازیرە لەکاتێکی وا ناسکدا کە ئەو شالاوە عەزیزە ئەساسیە لە بەناگوێی شۆڕش [illegible] سالە و جیاسیاوی کوردستانی عێراق هاتووە سەر ناوچەکانی کوردەواری لە کوردستانی ئێران قیادەی شۆڕش یا نیسبەتە بەو پەلامارە شالاوە [illegible] وەحەرەکەت دەبینیتەوە یا حالەتێکی اعتراضی و ڕووی گرژ دەنوێنێ.

لەبرە یاوکردنی شێوەی یەکەم سەرکەوتنی سیاسەتی دعایەی کاربەدەستانی ئێرانە لە دژی شۆڕشگێڕ و سەرکردایەتیە دلسۆزەکەی بەڕەچاوە وگرتنی شێوەی دووهەم لەدانی مصلحەتی شۆڕش.

سێهەم - پەیوەستە لەوالێکی هیچ بوی وا کورد لە کوردستانی ئێران هیچ چە و بەناگادارلە عەزیزی، شۆڕش و کوردستانی. بەرگکارگرا و [illegible] ئامادەیین داوای تەسلیم کردنەوەی ئەو وانە لە شەخصی سەروان دەست پێدەکا. لێرەشدا حالەتێکی نیە یا تەسلیم دەکرێنەوە کەلەو حالەدا ئاماغ [illegible] پیسوە حکومەتی ئێران کە لەدانی [illegible] کردنی شەخصیەتی شەخصی سەروان بارزانیە لە دەرەوە و لە ناو خۆدا [illegible] تەسلیم کردنەوە خۆی دەبڕێ کە لەو صورەتەدا بڕ بیانوو بو جۆلەی سالیمی شۆڕش ذخیرە دەدزێتەوە.

جا لەبەر ئەمەکی وا [illegible] دابڕیمن دا و لە حالەتێک دا کە گەلی [illegible] لە کوردستانی ئێرانەم ترسی ئەوە [illegible] بە شەرمانەیە هاتووە وە بە باندە، کە و تووەتە ژێردار و قەمچی زانداری کاربەدەستانی ئێران، وە لەبە [illegible] لە چارەنووسی گەلی کورد بەگشتی لە جەنابتان چارە دەخوازین و داوامانە بە ئەو [illegible] بو نەجات دانی هاوڵاتیەکانمان لە کوشت و بڕ و زیندان و ئەشکەنجەی دەزگای غدری حاکمی ئێرانی تکۆشن.

کومیتەی ئامادەیی [illegible] دیموکراتی کوردستان

# پاشبەندی ٣٥

١ر٩ر١٩٧٤

بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران


برایانی بەڕێز!

پاش سڵاو و ڕێزی بێگەردی برایانە!

بەداخەوە لەبەر هەندێ هۆی سیاسی و وەزعێکی ئەوتۆی تایبەتی وەک ناچارم ماوەیەک لە ئێوە دوور بم. لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم بیروڕای خۆم لەسەر هەندێ گیروگرفتی حیزبی بیتان ڕابگەیەنم.

١- دەزانی ئەساسی مەسەلەکە وتنی ئێوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەتی پاش کۆنفرانسی سێیەم کاری دەستەجەمعی و تەتبیقی ئوسوولی حیزبی بەتایبەتی سانترالیزمی دیموکراتی لە ناو هەموو حیزبدا بووە. بۆیە هیوادارم کە لە دوا ڕۆژیشدا پاراستنی ئوسوولی حیزبی بەتایبەتی ڕێبەریی ڕیزەکانی حیزب بە ئەرکی ئەساسی خۆتان دابنێن و بە هیچ جۆرێک ڕێگا نەدەن ئەو ڕێبەرییە کە پاش ساڵانی ساڵ لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا پێک هاتووە تێک بچێ.

www.kerimhisami.com


لە دەرەوەی ئەمانەشدا چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ دابەش کردنی کارەکان و [illegible] ئەندامانی

ک.ن. کە لە سەرکردن دەخەینەوە. دیارە ئەو پێشنیارانە هەتا ئەو وەختەی کە

ئەم سەرکردنە [illegible] لە جێگای خۆی دا دەبێتەوە.

الف - کاک [illegible] [illegible] [illegible] دیاری بکرێ. [illegible]

[illegible]

ب - کاک محەمەد ئەمین [illegible] کاروباری [illegible] [illegible]

[illegible]

ج - کاک دکتۆر [illegible] [illegible] ماڵی [illegible]

د - [illegible] کوردستان [illegible] ک.ن. [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

٣ - [illegible]

[illegible]

[illegible]

ئیتر سڵاو [illegible]

[illegible]

برایان

[signature]

www.kerimhisami.com

# وێنەكان



سەرۆک مستەفا بارزانی و ئەحمەد تۆفیق ، دهۆک ، گەلی زاویتە ، ١٩٦٢



ئـەحمـەد تـۆفـیق ، بـەیروت ، ۱۹٦۲



ئەحمەد تۆفیق سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، ناوچەی بادینان ، ١٩٦٢




لە ڕاستەوە بۆ چەپ: جەمیل مەردۆخی، ئەحمەد تۆفیق، سلیمان موعینی، عارف قەرەچەتانی، مەلا مستەفا بارزانی، نەناسراو، ئەسعەدی خۆشەوی، ڕەشەی قاچاخچی، ناوچەی بارزان، ۱۹٦۱



سەرۆک مستەفا بارزانی لە پێشەوە، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە دەستی چەپ و ئەحمەد تۆفیق لە دەستی ڕاستی، یاسین مەلا شاکر و سلێمان عارس بێدارونی لە پشت ئەحمەد تۆفیق
١٩٦٢




لە ڕاستەوە: ئەحمەد تۆفیق ، جەمیل مەحۆ و عیسمەت شەیف وانلی. بەیروت ١٩٦٢



ئەحمەد تۆفیق، نەمتوانی شوێن و کاتی ئەم وێنەیە بدۆزمەوە



لە ڕاستەوە: ئەحمەد تۆفیق، مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی و ئەمیر قازی. گوندی سونێ ١٩٦٤



سلێمان موعینی بەرپرسی لقی سێی حیزبی دیموکرات و جێگری ئەحمەد تۆفیق سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، سلێمانی، ١٩٦٠



دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٣وە




دۆڵەڕەقە: گوندی دێرێ، جێیەک کە من لەگەڵ پورە "هەمین"ی هاوسەری مام حەسەن و ئەو چەند منداڵانە لێ ڕاوەستاوم، ساڵی ١٩٦٤ماڵی سەرۆک مستەفا بارزانی بووە. لەو ساڵەدا ئیدریس و مەسعود بارزانی هاوسەرگیرییان کردوە و بوکیان بۆ هاتووەتە ئەو گوندە.
ساڵی ١٩٦٦ سلێمان موعینی ئەو شوێنەی کرد بە مقەڕی خۆی و لەوێوە چوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خانوبەرەکانی ئەو گوندە ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ڕوخێندران.



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: سالار هەورامی، حەسەن ڕەستگار، ئەمیر قازی، ئەحمەد تۆفیق، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی و مەلا عەبدوڵا مەلا عوسمان. کانی ماسی ئۆکتۆبەری ١٩٦٨.



گەشتی مامۆستایان و خوێندکارانی پەیمانگای زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزیی لە بەغداوە بۆ شاری بابل لە ١٩٧١. کەسی یەکەمی دەستی چەپ ئەحمەد تۆفیق مامۆستای زمانی فەرەنسیی و کەسی یەکەمی دەستی ڕاست حوسێن فەیزوڵا جاف مامۆستای زمانی ئینگلیزییە و ئەوانی تریش مامۆستا و خوێندکارن. وێنە: عەبدوڵا زەنگەنە



گەشتی ماموٚستایان و خوێندکارانی پەیمانگای زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزیی لە بەغداوە بۆ بابل، ١٩٧١. کەسی سێیەمی دەستی چەپ حوسێن فەیزوڵا جاف و کەسی چوارەم ئەحمەد توٚفیق و ئەوانی تر ماموٚستا و خوێندکارن. وێنە: عەبدوڵا زەنگەنە



گەشتی ماموٚستایان و خوێندکارانی پەیمانگای زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزیی لە بەغداوە بۆ بابل، ١٩٧١. لە ڕاستەوە ڕاوەستاو: کەسی چوارەم ئەحمەد توٚفیق کەسی حەوتەم حوسێن فەیزوڵا جاف و ئەوانی تر ماموٚستا و خوێندکارن. وێنە: عەبدوڵا زەنگەنە



مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.
٢- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.
٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.
٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.
٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.
٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زارەوەی کرمانجی سەروو
٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.
٩- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.
١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.
١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.
١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.
١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.
١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. کراوە بە فارسی.
١٥- ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.
١٦- ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.
١٧- کورد لە سوید- لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا.
١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. کراوە بە فارسی.
١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.
٢٠- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.
٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەلاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم
٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەلاتی ڕێزلێنان، بەرگی دووەم
٢٣- ئەحمەد تۆفیق- سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس. چاپی سێیەم
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کە کراون بە فارسی

١- جمهوری کردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧، حەسەن ماوەڕانی.
٢- سراب توطئەها بر ضد ملت کرد: حەسەن ماوەڕانی.